## پێشەکی

دوای کۆتایی هاتنی تەمەنی پلەی خزمەت ، کە دوا پلەی خزمەتم ئەندام پەرلەمانی بوو ، بۆیە بیرم لەوە کردەوە کەلە دووتوێی کتێبێکدا ئەو رووداو و بەسەرهاتانەی کە لە تەمەنی لاویەتیمەوە هەتاشۆرشی ئەیلول و دوور خستنەوەم بۆ خواروی عیراق و دواتر ژیانی فەرمانبەریم ودیسان ەرانەوەم بۆناو شۆرش وکیمیابارانی هەڵەبجەوراپەرین و زۆر کارەساتی تر کە بەسەر شۆرش و ەلی کوردا هاتوە لە ەڵ ژیانی پەرلەمانتاریم هەتا ئیستا تۆماری بکەم . بەلاّم لە ەڵ نوسینی باروودۆخی دوو رووداودا نەبووم ، لەوانە سالاّنی ٦٦ و شەڕی براکوژی، چونکە ئەو دوو رووداوە رەنگە بابەتی زۆر هەڵبگرێت و برینەکانیش بکولێنێتەوە بۆیە من لای خۆمەوە لەبیرم کردوون . زیاتریش بۆ مەبەستی ئا ادار بوونی نەوەکانم و کەسوکارم لە چۆنیەتی بەسەر بردنی ژیانم لەو تەمەنەی کە من تێدا ژیاوم ، هەروەها بۆ ئەوەی سود لە کارە باشەکان وەر رن و خۆیان لەو شتانەش بپارێزن کە من بە هەڵە یان لە ناشارەزایی توشی بووم ، بەو هیوایەی سودی هەبێت . هیوادارم خوێنەرانی ئازیزی کتێبەکەم لەکەم و کوریەکانی بمبورن .

داوای لێ بوردنیش لەو هەڤاڵ و کەسانە دەکەم کە لە زۆربەی رووداوەکان هاورێم بوون و لەم کتێبە ناوم نەهێناون یان لە بیرم کردون . هەرچەندە نەئەتوانرا زۆر ناو تومار بکەم تەنها ئەوانە نەبێت کە راستەوخۆ پەیوەندیان بە رووداوەکانەوە هەبوە . هەروەها داوای لێ بوردن لە خانەوادەمان و خزمانم ئەکەم کە بە هۆی منەوە توشی ئەزیەت ودەربەدەری و هیلاکی بوون ، بەو هیوایەی کە جارێکی تر ناخۆشی نەبینن .

**حەمە علی تۆفیق**

**مانگی/ ٣/٢٠٠٧**



PDF4Kurd



زۆر لە کۆنەوە بەتەمای ئەوە بووم کە ژیاننامەی خۆم بنوسمەوە ، بـەڵام دواکـەوت ، بۆیە ژیاننامەکەم گۆری بە ( **بیرەوەریـەکان و ژیـانی پەرلـەمانتاریم** ) . ئـەوەش بـۆ مەبەستی ئەوەیە کە نەوەکانم و هەر برایەکی تر چاوێك بە ژیانی من دا بخشێنێت بۆ ئایندەیان ، بە باشی یا بـە هەڵـە سـوود لـەو ژیانـەی مـن بـۆ خۆیـان وەربگـرن و هیوادارم سوود بەخش بێت ..

لەساڵانی چلەکاندا و لەکاتێکدا کە لە وولاتی عێراقدا گرانـی و سـەختی ژیـان بـووە ، بـە هـۆی شـەری جیهـانی دووەم و داگیرکردنـی وولاتمـان لەلایـەن بێگانـەوە لـە نێـو خێزانێکـی مـام ناوەنـدی لـە سـاڵی١٩٤٣ ، چـاوم بـە دوونیـادا هـەڵهێناوە لـە شـارە خنجیلانەکەی هەڵەبجە و لـە گـەرەکی پـیر محمـد. نـاونراوم بـە( حمـە علـی کـوری تۆفیق کوری مـیرزا فتـاح کـوری حـاجی رحمـن هـەتا دوایـی ... ) بـاوکم لـەو کاتـەدا خەریکی بەخێو کردنی ئێمە بووە بە هۆی کاسپی کردن لە دوکانێکدا لە ناوشـار . هەرچەندە باوکم لە پێش ئەوەی بێتە شاری هەڵەبجە لـە بیـارە بـووە لەسـاڵی ١٩٣٧ وە هاتوەتە ناوشار بۆ کاسپی کردن و ( بە تۆفیق هەورامی) ناسراوە .



( سالّی ١٩٥٩ )

له پاش تێپەربونی حەوت سالّ بەسەر تەمەنم دا خراومەتە قوتابخانە ، چونکە لەو سەردەمەدا پێویست بوو هەرمندالّێك تەمەنی لە حەوت سالّ کەمتر نەبێت بۆ وەرگرتنی لە قوتابخانە ، کەواتە لەسالّی ١٩٥٠ بۆ یەکەم جار چومە قوتابخانەی هەڵەبجەی سەرەتایی کوڕان کە ناسرا بو بە **(مەکتەبی پەرۆ)** لەگەڕەکی پیر محمد ، لەماوەی هەشت سالّدا توانیم ماوەی خوێندنی سەرەتایی تەواو بکەم چونکە لە پۆلەکانی چوارو شەشدا ماومەتەوە ، لەماوەی ئەو هەشت سالّەدا لەکاتی پشووی

قوتابخانە و لە نیوەی ساڵ و سەری ساڵدا من خەریکی کارکردن بووم ، ئەویش بۆ هاوکاری کردنی باوکم بوو .

رۆژی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ دەسەلأت لە عێراق گۆراو دارو دەستەی شاهنشاهی لە عێراقدا رووخا و دەسەلأت بوە کۆماری و دڵی هەمووجەماوەری عێراق بە کورد و عەرەب و هەموو نەتەوەکانی تر شاد بوو ،

لێرەدا ئەمەوێ باسی هەندێ لەو رووداوانە بکەم کەلە نێوان ژیانی من لە ساڵی ١٩٤٣هەتا ئێستا بە چەند بەشێك باس بکەم .

## بەشی یەکەم :- ساڵی ١٩٤٣ تا ١٩٥٨

١- لەساڵی ١٩٤٨ دا لەیادم دێت کەچەند رۆژێك دانیشتوانی هەڵەبجە سەرقاڵی ئەوەبون کە کەلوپەل لەماڵە جولەکەکان بکرن بەهۆی ئەوەی کەئەوان ئەگوێزرانەوە بۆ جێگای خۆیان لە ئیسرائیل ، بۆیە لەیادم دێت کە لەگەڵ خەڵکێکی زۆردا لەسەر رێگای گشتی و لە نزیك تەیارە خانەکە کە جێگایەك بوو لە خوار پیر محمد ، لەمبەرو ئەوبەری رێگاکە وەستابووین و جولەکەکانیش خواحافیزیان ئەکرد لە خەڵکی و بەسەیارە ئەرۆیشتن .

٢- بە بیرم دێ رۆژێك لە دوکانی باوکم بووم وا دەرکەوت کە هەندێ نائارامی هەیە لەشاردا پۆلیسی رژێمی سەردەم کەوتبونە ناو شار و هێزی پیادە کە تازە هێنابویان لەسەر بینایەك کە کەوتبوە سەر ئەوجادەی ئەچو بۆ مزگەوتی جامعە و ئەو کاتە کرابوو بە دائرەی غابات ، بۆیە کە باوکم بەمەی زانی پیێ ی ووتم کە زوو برۆمەوە بۆ ماڵەوە هەر لە ریگا بووم دەست کرا بە گولە باران لە هەموو لایەکەوە ، منیش بە پەلە گەیشتمەوە ماڵەوە پاشان ووتیان ئەوە لە ئەنجامی خۆپیشاندانیکی برادەرانی حزبی شیوعی بوو لە دژی رژێم ، جا بەتەواوی نازانم ئەو رووداوە لە هاوینی ساڵی ١٩٥٢ بوو یا ١٩٥٣ .

٣- قوتابی بووم بەشداری دانانی باغی گشتی هەڵەبجەم کرد کەئەو کاتە ( **عمر علی**)موتەصرفی سلیمانی بوو لە ئاهەنگی کردنەوەی ئەو باخەدا بەشداربووم بە ناوی جەژنی داروو درەخت .

٤- قوتابی بووم کە داوایان لێ کردین ببینە کەشافە و رۆژێك کۆیان کردینەوە و پێ یان ووتین کە ( مەلیك ) دێت بۆ هەڵەبجە و ئەبێ بە پیریەوە بچین و لەوێشدا من بەشداریم کرد لە بەپیرەوە چونی ( مەلیك فەیسەڵی دووەم ) هەتا سەر پردی یەکەم لە رێگای گشتی هەڵەبجە – سلێمانی . هەروەها پاش هاتنی مەلیك بە ماوەیەکی تر وەصی ( عبدولیلا ) ش هات بۆ هەڵەبجەو چوە بیارەو تەویڵە وەلە پێشوازی کردنی ئەویش بەشدار بووم .

٥- زۆر جار باسی ئەوەئەکرا کە کۆمەڵێك کەس لە دەسەلآتی رژێمی ئەو کاتە یاخی بوون و لێ پرسراویان ناسراوە بە ( خولە پیزە ) هەمیشە پیاوانی رژێمی ئەو کاتە بەدوایاندا ئەگەران و ئەوانیش بەرگریان لە خۆیان ئەکرد ، زۆر جار شەر لە نێوان ئەوان و پیاوانی رژێم رووی ئەدا ، لە یەکێ لەو حاڵەتانە ئاگاداربووم کە (حاکم فایق) لە هەڵەبجە وە لەگەڵ چەند کەسێکی تری خەڵکی بیارە ویستبویان بچن بۆ پێنجوێن ، لە رێگا لە نێوان ملەکەوەو ناڵپارێز تەقەیان لێ ئەکرێت و حاکمی ناوبراو ئەکوژرێت و حمەخان بەگ و حمە سالح سلێمان بەگ کەلەگەڵ حاکم بووبون بریندار بون ، جا نازانم ئەوان لێیان دابوون یان کەسانێکی تر .

٦- لەماوەی ئەو چەند ساڵە لە هەموو کاتێکی بەهاراندا خەڵکی هەڵەبجە لەرۆژانی چوارشەممە و هەینی کۆمەڵ بە کۆمەڵ لەشار دەرئەچون بۆ سەیران بۆ شوێنە سەیرانگاکانی دەوروبەری هەڵەبجە وەك ( گولآنی سەروو و باغی شێخ مۆمن و چاوگی باوەکۆچەك و کانی شێخ ی ریگای بامۆك و شەخسی عبابەیلێ و ملە قە وی لە نێوان عەنەب وبیاوێڵە و کانی توە ووشك ) و هەندێکیش بەرەو سەیرانگاکانی دووری شار ئەرۆیشتن وەك ( ئەحمەد ئاوا- ئاوی گەراوی خورماڵ - بیارەو تەوێڵە - سەراوی سوبحان ئاغا- پردی کۆن لەسەر ریگای هەڵەبجە- سلێمانی و ناوگردان و

حـاجی رەقـەو گـردی شـەریف – تووەقـوت – هـاوار – دەرەشیـشی سـەروو ) هـەر خێزانێك بە كۆمەڵ لەگەڵ چەند خێزانێكی تر كە خواردن و خواردنەوەیان لەگەڵ خۆیان ئەبرد و لەو شوێنانە ئەبوە هەڵپـەركێ و رەش بەڵـەك و گـۆرانی ووتـن هـەتا نـزیكی ئێوارە و پاشان ئەگەرانەوە شار . جگە لەمەش هەموو ئێوارەیەك گەنجـەكانی شار بەرەو باخەكانی ( مـیر و شـێخ جـلال و شـێخ سمایـل و خـری خەزێنـە وچـەمی كولەبۆز كە لەسەر ریگای بامۆك – هەلەبجە) كۆمەڵ كۆمـەڵ پیاسـەیان دەكـرد و لـە نـزیكی عەسر تا بانگی مەغریب بە گۆرانی و قسەی خۆش بەسەریان ئەبرد .

٧- هەرەكوو پێشتر باسم كرد لە ١٤ی تـەموزی سـاڵی ١٩٥٨ كـە حـوكمی پاشـایەتی لـە عێراق كۆتایی پێ هات و كۆماری عێراق بە سەركردایەتی ( عبدالكريم قاسم ) هاتە سەر حوكم من لە پۆلێ شەش دەرچوبووم بۆ پۆلی یەكەمی ناوەندی و ئـەو سـاڵەش بەهۆی ئەو سەركەوتنەوە هەر قوتابیـەك لـە هـەر پۆلێـك مـابوەوە بـەپێ ی بریـاری كۆمـاری گوێزرایـەوە بـۆ پـۆلی پێـشتر . بۆیـە لـەو كاتـەداپێ ی ئـەوترا ( زحـف ) و هەندێكی تر پێان ئەوت فلان قوتابی بەر لافاو كەوتوە .

ئـەو كاتـە هـەموو سـاڵێك یـادی ١٤ی تـەموز دەكرایـەوە ئـەو رۆژە دەبـوە ئاهـەنگ و سەیران و خۆشـی ، جـەماوەری هەڵەبجـەش لـەو خۆشـیە بـێ بـەش نـەبوون ، بـەڵكو زیاتر هەررۆژە لە سەیران و خۆشیدا بون بەهۆی دامەزراندنی رێكخراوە جـەماوەری و پیـشەیەكان و كردنـەوەی بارەگاكانیـان لـە هەڵەبجـە وەكـو سـەندیكا و یەكیەتیـە جەماوەریەكانی (كرێكاران و لاوان و قوتابیان و شۆفێران و جوتیاران وكاسبكاران و مامۆسـتایان ) و چـەندین ریكخـراوی تـر و هـەروەها بارەگـای پـارتی دیمـوكراتی كوردستان و بارەگای حزبی شیوعی كرابونەوە . بۆیە هەریەكە لەجـەماوەری شـاری هەڵەبجە بەشدار بوون لە هەریەك لەو ریكخستنانەدا و هـەتا خـەلكانی بەتـەمنیش لەناو ( كۆمەڵەی ئاشتی خواز ) ریكخرابوون.

## بەشی دووەم :- ساڵی ١٩٥٨ تا ١٩٦٣

ساڵی ١٩٥٨ — ١٩٥٩ پۆلی یەکەمی ناوەندی و ساڵی ١٩٥٩ — ١٩٦٠ پۆلی دووەم و ساڵی ١٩٦٠ - ١٩٦١ پۆلی سێهەمی ناوەندیم تەواو کرد لەبەر ئەوەی لە وانەکانی ( بیرکاری وئینگلیزی ) باش بووم بۆیە هەوڵم دا کە ساڵی خۆیندنی نوێم ١٩٦١-١٩٦٢ لەپۆلی ٤ی زانستی دەوام بکەم ، ئەوکاتە پۆلی چوارەم لە هەڵەبجە نەبوو ئەبوایە لە سلێمانی بمخوێندایە ، بۆیە لەسەرەتای دەست پێ کردنی خۆیندن چومە سلێمانی و لە قوتابخانەی دواناوەندی سلێمانی وەرگیرام وپاش هەفتەیەك دەوام کردن لەلایەن بەرێوەبەری قوتابخانەوە ئاگادار کرام کە ٤ی وێژەیی لە هەڵەبجە کراوەتەوە ئەبێ بگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجە ، چونکە قوتابیان کەمەو تۆش دانیشتووی ئەوێیت ، هەرچەندە من ئەم بریارەم پێ خۆش نەبوو بەلاّم لەلایەکی تریشەوە خوێندن بۆ من لە سلێمانی زۆر زەحمەت بوو ، چونکە کەسێك نەبوو لە برادەرە قوتابیەکانم لەوێ بمێنێتەوە هەتا پێکەوە ژورێك بگرین و ئەو هەفتەیەشم لەیەکێ لە ئوتێلەکان بردە سەر کە بەو شێوەیە نەم ئەتوانی ساڵ ببەمە سەر ، بۆیە ناچار بووم کە بگەرێمەوە بۆ هەڵەبجە ئەو ساڵە پۆلی چوارەمم تەواو کردو دەرچوم بۆ پۆلی پێنجەمی وێژەیی کە دوا پۆلی ئەوکاتە بوو ، بەلاّم نمرەکانم جگە لە وانەکانی بیرکاری و ئینگلیزی هەمووی لاواز بوون چونکە خویندنەکەم بەبێ رەغبەت تەواو کرد ، بەهەرحاڵ سالی دوایش پۆلی پێنجەمم تەواو کردوو بۆ تاقی کردنەوەی سەری ساڵ ( بەکەلۆریا) داخلْ بووم تاقی کردنەوەکەشمان لە سلێمانی بوو .

بەهۆی هاتنە سەرحوکمی دکتاتۆر عبدالسلام عارف و دژایەتی رژێم بۆ گەلی کورد و بەرپا بوونی شۆرشی کوردستان ، بارودۆخی ناوچەکەزۆر خراپ بوو ، لیوای ٢٠ بەسەرکردایەتی ( زەعیم صدیق ) نێردرابوە کوردستان بەتایبەتی بۆ پارێزگای سلێمانی بە توندترین شێوە دژی جەماوەری کوردستان دەجەنگی ، هەر لەو کاتەدا بوو گوندی ( سیارە ) لە نزیك دەربندیخان ، بۆ دواجار لەسەر نەخشەی کوردستانی سری یەوەو هەرچی خەڵکی تیابوو هەمووی کوشتن و سوتاندن بەگەورەو بچوکەوە

منیش لەو کاتەدا هەستی نەتەوایەتیم پەیدا کردبوو وخۆم بەیەکێك لەوجەماوەرە چەوسایەوە ئەزانی و هەمیشە حەزم لێ بوو کە دژایەتی رژێم بکەم و لە ریزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئیشم دەکرد ، بۆیە ئەو ساڵە بەتەواوەتی جگە لەوەی کە رەغبەتی خوێندنم نەبوو ئەو نائارامیەش رووی تێکردبووم وا هەستم ئەکرد کە نەتوانم بەشداری لە تاقی کردنەوەکە بکەم و خۆئامادەکرنیشم بۆ تاقی کردنەوەکە زۆر کەم بوو بەهۆی بارودۆخی تایبەتی هەڵەبجە کە شەوو رۆژ شەر لەناو شاروو دەورووبەری هەبوو ، منیش بەهۆی ئەوەوە ماوەیەك چوبومە بیارە بۆ ماڵی مامم .
ئاگادار کرامەوە کە ئەبێ بچینە سلێمانی بۆ تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ ، رۆژێك لەگەڵ چەند قوتابیەك لەگەڵ قافڵەیەکی سەربازی بەرێ کەوتین بەرەو سلێمانی و هەر ئەوەندەمان خۆش بوو تا گەیشتینە نزیك سەرای سوبحان ئاغا ، هەتا ئەوێ بەبێ ئەزیەت بووین ، تەنها ئەوەندە ترسمان هەبوو لە نێوان رێگادا تووشی شەرببین و کە گەیشتینە سەراو ، پۆلێك سەربازی رژێم لە سەرجادە وەستابوون لەگەڵ چەند تانکێك کە یەکێك لە تانکەکان لە جادە لای دابوو لە چاڵێکدا لەناو قور چەقی بوو ، قافڵەکە لە لایان وەستا و هەرئەوەندەمان زانی هەر سەربازبو بەقسەی ناشیرین و پاڵ نان پێمانەوەو هەرەشە کردن لێمان نزیك بوونەوە ، ئەیان ووت ئەگەر لێرە تەقەمان لێ بکرێت ئێوە رەمی ئەکەین ، بۆیە ئەو ماوەیەمان زۆر بە نارەحەتی بەسەر برد و هەر داوامان وابوو لە دڵی خۆماندا کە تەقەیان لێ نەکرێت بۆئەوەی ئێمە بە سەلامەتی دەرچین ، پاش دەرچونی تانکەکە قافڵەکەمان بەرێ کەوت هەتا گەیشتینە عەربەت و قافڵەکە لەوێ وەستا ، کاتیش بەرەو نیوەرۆ ئەروات پرسیارمان کرد بۆ قافڵەکە ناروات ووتیان ریگای عەربەت - سلیمانی تەقەی تیدایە ، پاش نیوەرۆ قافڵەکە گۆرا بە قافڵەی سلێمانی و بەرێ کەوت و زۆر لەسەر خۆیان ئەرۆیشتن هەتا گەیشتینە نزیك سلێمانی لە ئاستی گوندی قرگە قافڵەکە وەستاو چەند سەربازێك کەلە ئەمبەرو ئەوبەری جادەکە بوون هاتن ئێمەیان لەناو سەیارەکە بەقسەی ناشیرین و پاڵ پێوەنان دابەزاند و بردیانین بۆ لای ئەفسەرێك ، هەموومانی ریز کردوو ووتی ئێستا هەمووتان رەمی دەکەم چونکە ئێوە ( مخرب ) ن بەتایبەتی هەر

زۆر منیان بەگیر هێنا لەبەر ئەوەی دەستێ جلی کوردی خاکیم لەبەر بوو ئەیانوت ئەمە جلی (مخربە) پاش ئەزیەتێکی زۆر و کاتژمێرێك زیاتر لەمانەوە بەچەند شەق و زلەیەك نەجاتمان بوو . دووبارە سوار بووینەوە و گەیشتینە سلێمانی ، لە بازار دابەزین وەکو لە شارێکی چۆڵ و هۆڵدا بین ، سەرشەقامەکان جگە لە هەندێ منداڵ و ئافرەت و پیرەمێرد ، کەسمان بەدی نەئەکرد و ئەو شەوە هەرچۆن بوو لەیەکێ لە ئوتێلەکانی شار بەبێ خواردن و بەترس و لەرزەوە رۆژمان کردەوە ، رۆژی دوای مراجعەتی دائرەی معارفی ئەوسەردە مەمان کرد کە ئێمە هاتوین ، داوامان لێ کردن بۆ شوێنی خەوتنمان و شوێنی تاقیکردنەوەکەمان هەر لەوێ بینایەك لە ئەسحابەسپی یان بۆ دیاری کردین کە خۆی جێگای ناوخۆی قوتابیان بو بۆ خەوتنمان و قوتابخانەی ناوەندی لای نەخۆشخانەی فریا کەوتن یان بۆدیاری کردین کەلەوێ تاقیکردنەوەکە ئەبێت ، ئێمەش کە نزیکەی(١٨-١٩)قوتابی بوین چوینە بیناکەو نەمان ئەتوانی لەبەر گرتن بێینە بازارو لەبەر نەبونی بازار خواردنمان دەست نەئەکەوت ، لە دوکانێکی بچوك هەندێ بسکویتمان دەست کەوت و بەفرسەت لەنانەواخانەیەك لە ئەسحابەسپی نانمان کری ، شەویش هەتابەیانی لەبەر تەقە نەمان ئەتوانی مراجعەتی دەرسەکانمان بکەین بەڵکو خەویشمان نەبوو ، هەر لەو چەند رۆژانەدا بوو کە زەعیم صدیق کەوتوبووە ناو شارو هەرچی کەسێکی تیا بوو گرتبوی لەخەڵکی کاسبکارو کرێکارو فەرمانبەر و دکتۆرو پارێزەر و هەتا سەرۆکی دائیرەکانیش ، هەموویانیان لە جێگای وولاخەکانی سەربازگەی حامیەی سلێمانی زیندانی کردبوون ، هەر ناو بەناو جەماعەتێکیان لێ بردبوون بۆ لێکۆڵینەوە و هەندێکیان لە پشت سەربازگەکەوە بە زیندوی خستبونە چاڵ و بە شۆفڵ خۆڵیان کردبوو بەسەریاندا ، لەرۆژی دیاری کراوی تاقی کردنەوە چوینە قوتابخانە و لە پۆلدا دانیشتبوین لە پر قوتابخانەکە پر بوو لە سەربازو هەندێك لەو قوتابی یە گیراوانەیان هێنابووبۆ تاقی کردنەوە ، لە پۆلەکەدا لەسەر سەرمان وەستان ، هەر هەمان رۆژ بوو کە رژێم هێرشی کرد بۆ شاخی ئەزمەر بەتەیارەو تۆپ کە دەنگی تەقەی تۆپ و بۆردومانی تەیارە زۆر دڵگرانی کردبووین ئەو رۆژە یەکەم تاقی

کردنـەوەمان وانـەی عـەرەبی بـوو ، جـا بـە هـۆی ئـەم هـەموو بارەناهەموارانـەوە لـە راسـتیدا هـیچ رۆشـناییەك نـەبوو کـە ئێمـە لـەو تـاقی کردنەوەیـە سـەرکەوتوو بـین هەرچـۆن بـوو ئـەورۆژەو چـەند رۆژێکـی تـرمـان بەهـەمان شـێوە گوزەرانـد تـاقی کردنەوەکانیش رۆژی نا رۆژێ بوو ، چەند رۆژێك تێپەری ئاگاداریان کردین کە تاقی کردنەوەی عرەبی ئەبێ دووبارە بکەینەوە لەبەر ئـەوەی گوایـە پرسـیارەکان دزراون و ئەمەش بووە هۆی دواکەوتنی کاتی تاقی کردنەوەکە بەهەرحاڵ ماوەی یـەك مانگمـان پـێ چـوو هـەتا تـەواو بـوو ، جـا بـۆ گەرانـەوەمان بـۆ هەڵەبجـە کەوتینـە هەوڵـدان ، داوامان لە دائرەی معارف و متصرفیەت کرد کە ئاسان کاری گەرانـەوەمان بـۆ بکـەن ، لەوکاتەدا هیزی پیشمەرگە ، ریگای هەڵەبجە ــ سیدسـادق یـان گرتبـوو بەتایبـەتی لـە پردی زەڵم ، بۆیە رۆژێکیان بۆ دیـاری کـردین کـە لەگـەڵ قافڵەیـەك بـەرێ بکـەوین و ئـەو رۆژە خۆمـان ئامـادە کـردوو لەگـەڵ قافڵەکـە بـەرێ کـەوتین و ترسـێکی زۆرمـان هەبوو بەوەی کە لە رێگا توشـی تەقـە بـبین و سـەربازەکان بمـان کـوژن ، وادیـار بـوو قافڵەکە بۆ سیدسادق نێردرابوو بۆیە پاش نیوەرۆ گەیـشتینە ئـەوێ و ئـەو شـەوە لـە سیدسادقماینەوە بۆ بەیانی سەردانی مدیری ناحیەمان کرد داوامان لێ کردکە ئاسان کاریمـان بـۆ بکـات بـۆ گەرانـەوەمان بـۆ هەڵەبجـە ، پـاش هەوڵـدانیکی زۆر لەگـەل قائمقامی هەڵەبجە و لێ پرسراوانی سەربازی ، وایان ووتبوو گوایە لەسـەر مـسئولیەتی خۆمــان ئــەتوانین بــرۆین ، ئــیتر بــەبێ وەرەقــە یــان ســەیارە کەوتینــە رێ و لــە ناوشارسەیارەیەکمان توش بوو کە گەلأبە بوو ، چەند بەرمیلە گازوایلێکی بار کردبوو بۆ مەکینەکانی کارەبای هەڵەبجە و خاوەنەکەی ( حاجی علی مستەفا خانەلی ) بووکە بەرەو هەڵەبجە دەچوو دەستمان لێ راگرت و داوامان لی کرد کە لەگەڵ خـۆی سـوارمان بکات و سەری خـستین ، هێـشتا لەشـاری سـید سـادق دەرنەچوبوین رەبیـەکانی سـەر شاخی پشت قەبرسانەکە دەستیان کرد بەتەقەکردن لێمان و خوا رەحمـی پـێ کـردین کەسمان لێ نەکوژرا بۆیە بەپەلە گەراینەوە نـاو شـارو چـوینەوە لای مـدیری ناحیـە و پـاش ئاگـادار کردنــی رەبیـە کـە بـۆ جـارێکی تـر بـە تـرس و لـەرزەوە لەشـار دوور کەوتینەوە تا گەیشتینە پردی زەڵم ، بینیمان ئەمبەرو ئەو بـەری پردەکـە و جادەکـە

هەمووی پر بوە لە برایانی پێشمەرگە ، خەریکی سەنگەر لێ دان بوون بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ روبەروبونەوەی هیرشی رژێم ، بە چاوپێکەوتنیان بە ئێمە خۆشحاڵ بوون ، چونکە هەندێ دەنگوباسی ئێمە بەخراپ گەیشتبووە لای ئەوان و کەس و کارمان . بۆیە هەر بە پەلە گەلاّبە گازوایلەکەیان لادا ووتیان ئەمە بۆ مەکینەکانی کارەبای تەوێڵە باشە ، شارۆچکەی تەویلە بنکەی سەرەکی شۆرش بوو لە ناوچەی هەڵەبجە منیش هەر لەوێ لەسەر فەرمانی لێ پرسراوی ئەو پێشمەرگانە کە بەرێز کاکە حەمەی فەرج بوو لەگەڵ گەلاّبەکە نێردرام بۆ بیارە کە گاز وایلەکە تەسلیم بە لێ پرسراوی پێشمەرگە بکەم لە مەخفەری بیارە و لەوێشەوە بینێرن بۆ تەوێڵە ئیتر ئەو رۆژە بەتەواوی نازانم چ رۆژێك بوو بەلاّم دڵنیام کەلە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٦٣ بوو ئەو رۆژەم دیاری کردوە بە یەکەمین رۆژی پەیوەندیم بە شۆرش و پێشمەرگایەتی .



(ساڵی ١٩٦١ )

## بەشی سێ یەم :- ساڵی ١٩٦٣ تا ١٩٧٥

لە بیارە لەیەکێ لەرێکخستنەکانی حزب دەستم بە ئیش کردن کرد لە رێکخراوی بیارە ، پاش چەند رۆژێك زەعیم سدیق بە هێزێکی گەورەوە رووی کردە هەڵەبجەولە رێگا لە پردی زەڵم لەلایەن هیزی پێشمەرگەوە لییان درا ، دوای شەرێکی قورس و چەندرۆژە ئەنجا توانیبووی رێگاکە بکاتەوە کە زیانێکی زۆری لێ کەوتبوو و قوربانی شۆرشیش شەهیدبونی چەند پێشمەرگەیەکی قارەمان بون کەلەگەڵ دەبابەکانی رژێم بەجەنگ هاتبون هەتا گەیشتبونە ئەوەی کە شەهید حەمە گوڵپی پەلاماری یەکێ لەدەبابەکانی دابوو بە خەنجەرەوە و مام ئەمین دەرگا شێخانی پارچە پارچە لاشەی کۆکرایەوە لەژێر پێی دەبابەکانداو هەروەها شەهید صابر حمە حەسەن و علی ئەحمەد کەچەڵ و چەند قارەمانێکی تر بوون ، پاش هاتنی زەعیم صدیق بۆ هەڵەبجە و نزیك بوونەوەی هێزەکەی لە گوندی زەردەهاڵ و خەرپانی ، کەوتە بوردومان کردنی ناوچەکە بەتەیارەو تۆپ ، پاشان لێدانیان لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە ، ئەوکاتە من هەر لە بیارە بووم ماڵی باوکم لە هەڵەبجە بوون هەرچەند رۆژێك پێشتر لە ترسی زەعیم سدیق خەڵکی هەڵەبجە شاریان بەجێ هێشتبوو بەلاّم بەهۆی ئەوەی کەهەندێ لەخەڵکی عەشائیری ناوچەی هەڵەبجە کاتی خۆی هەڵەبجەیان بەجێ هێشتبوو چوبونە لای رژێم لە دەربەندیخان و چەکیان هەلگرتبوو لەگەڵ قوەتەکەی زەعیم صدیق گەرابونەوە بۆ هەڵەبجە ئەمەش بۆ ئەوەبووکە قوەتێکیان هەبێت بۆ پارێزگاری خۆیان و کەسوکاریان لە ناوچەی هەڵەبجە ، ئەم راستیەش کاتێك ئاشکرا بو لەساڵی ١٩٦٦دا ، چەند لیپرسراوێکی ئەو چەکدارانە راستەو خۆ پەیوەندیان لەگەڵ ئیمە کردو زۆر هاوکاریان ئەکردین لە ناوچەکەدا ، ئەمەش هەموو چەکدارەکان نەبوون ، بەڵکو هەندێکی زۆر خراپیان تییابوو ، هەندێ کاری توندو تیژیان ئەنجام دابوو ، بەلاّم ئەوەی رژێم لە سلێمانی کردبویان لە هەڵەبجە نەیانکرد ، چەکدارەکان ئەوەی

ویـستیان و نەخـشەیان بـۆ کێـشابوو سـەری گـرت بـەوەی کـە خـەڵکێکی زۆر چـەکی هەڵگرت و  رژێم کەوتە لێدانی خەڵك بەتایبەت ئەوانەی چـەکیان هەڵنـەگرتبو یـان شکیان لێ ی هـەبوو ، چـەند کەسـێکیان شـەهید کـرد ، یـەکێك لەوانـە کەتوشـی ئـەو لێدانە هات ماڵی باوکم بوو کە کۆمـەڵێك لـەو جاشـانە  بـەبیانووی نـەبوونی منـەوە چوبونە ماڵەوەو هەرچیمان هـەبوبو بـردبویـان و باوکمیـان گرتبووهەندێکیـشیان لێ دابوو گەیشتبوە ئەوەی کە سەری بشکێت  و چەند جارێـك بریـاری کوشـتنیان دابـوو لەوێشەوە دووکانەکەشیان تالاًن کردبوو ئیتر بەهـەرحاڵ رۆژێـك تـا ئێـوارە بەدەسـت ئەو جاشانەوە بووبوو ئێوارە ئیزنیان دابوو بەوەی کـە بـەیانی زوو بـچێتەوە لایـان ، بۆیـە هـەر دوای ئـازاد کردنـی ، شـەو لەگـەڵ دایکـم و خوشـکێکم بـەرەو تووەوشـك رووئەکەنە دەشت وهەڵەبجە و ماڵ و دوکان بەجێ دەهێڵن وبەیانی گەیشتنە بیـارە ، بەهۆی یارمەتی دانی خزمانمان لە بیارەو هانەگەرمڵە ، لـە بیـارە نیـشتەجێ بـووین و بـــەهۆی بۆردوومـــان کردنـــی بیـــارەو هێرشـــی دوژمـــن ناچـــار چـــوینە گونـــدی ( هانەگەرمڵە ).

جارێکیان فرۆکەکانی رژێم هێرشێکی گەورەیان کـردە سـەر شارۆچکەی بیـارە و زۆر بە خەستی و بە ناپاڵم وبەسـاروخی تـر نـاو شـاروو دەوروبـەریان بۆردوومـان کـرد . جێگـای خۆشـحاڵی هەمووڵایـەك بـوو  کەئـەو هـەموناپاڵم سـاروخانە  زیـانی مـاڵی وزیانی گیانیشی نەبوو کە بەعەقیدەی خەڵکی بیارە  و هەموو لایەك دەیانگێڕایـەوە بۆ بێ تاوانی ئەو خەڵکە و  بونی مـەزارە پیرۆزەکـانی شـێخەکانی نەقـشبەندی کەلـە خانەقای بیارە مەزاری پیرۆزیان هەبوو.

سـاڵی ۱۹٦۳ مـان بـەو شـێوەیە بەسـەربرد لـەژێر رەحمـی تـوپ و تـەیارەو ئـاوارەیی و دەربەدەری کە بۆمن سەرەتایەکی زۆر ناخۆش بـوو لـە لایەکـەوە ، ماڵمـان لەسـەرمن سەریان لێ شێواوە لە لایەکی تریشەوە هیوام بەرز بـوو بـەوەی کـە ئـیتر مـن بریـاری تـەواوم داوەو بـۆ ماڵـەوەشمان ئاشـکرا بـوو کـەمن ئـیتر نـاتوانم بگەرێمـەوەو ئـەبێت ژیانی پێشمەرگایەتی هەڵبژێرم و بەردەوام بم  بۆیە وەك ئەندامێکی حزب لە ریزی

هەڤالانی رێکخراوی بیارە کارم دەکرد و چالاکیشمان هەبوو بە تایبەتی لە یادەکاندا ، لەیادی نەورۆزی ساڵی ١٩٦٤ لە بیارە بۆ یەکەمین جار شانۆگەری ( کاوەی ئاسنگەر ) مان پێش کەش کرد کە من یەکێك بووم لەو ئەکتەرانە ، پاش پەیدا بوونی جیاوازی بیروڕای ئەو کاتەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی و جیابوونەوەی هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی هێشتا من نەچوبومە ریزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان هەتا پاش کۆتایی هێنان بەو شەرەی کە دروست بوو، جەماعەتی جیابوەوە لە مەکتەبی سیاسی بەرەو ئێران چون بۆ هەمەدان . تەشکیلاتی تازە لە هێزو بەتالیۆن و لقەکاندا کرا ، لەم تەشکیلاتە تازەیەدا لقێك بۆ یەکەمین جار لە ناوچەی نەورۆڵی کرایەوە و شەهیدی خوالێخۆشبوو هەڤاڵ قادر حمەساڵح ناسراو بە ( قالە سوور ) کرایە سەر لق . لە ناوەراستی ساڵی ١٩٦٤ بوو رۆژێك لیژنەی ناوچەی هەڵەبجە کە بارەگایان لە بیارە بوو ، ئەو کاتە خوالێخۆشبوو هەڤاڵ جمال سعودی لێ پرسراوی ناوچە بوو بانگیان کردم ، ووتیان پێویستە ببیتە پێشمەرگەو بچیتە ئەو لقە تازەیە لە نەورۆڵی و کاروباری ئیدارەو دارایی بگریتە ئەستۆ لەبەر ئەوەی لەو لقەدا کەسێکی خوێندەوار نەبوو. هەر بە بیستنی داواکاریەکە زۆر خۆشحاڵ بووم و نامەیەکی تایبەتیان بۆ کردم بۆ فەرماندەیی بەتالیۆنی( ٧ )ی هێزی خەبات ، کە ئەوکاتە خوالێخۆشبوو کاك مولازم جەمال نامق فەرماندەی بەتالیونەکە بوو ، کە چومە لای زۆر رێزی لێ گرتم و ئەویش نامەیەکی تایبەتی بۆ کردم بۆ لقەکە و لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاکە فەرج رحمن کە ناسراو بوو بە ( فەرەجی لەمە ) لێ پرسراوی ریکخراوی نەورۆڵی بوو ئەو کاتە ، کەوتینە رێ و چوینە گوندی ( گونە ) لە ناوچەی نەورۆڵی کە بارەگای لق لەوێ بوو بەراستی فەرماندەی لق و پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە خۆشحاڵ بوون بە چونم بۆ لایان ، دەست بەجێ دەستمان کرد بە کارکردن و رێك و پێك کردنی ئیدارەی لقەکەو دروست کردنی گیانی تەبایی و برایەتی لە نێوان برا پێشمەرگەکاندا ، کارمان دەکرد وەکو کەسێك کە بۆ چەندین ساڵ بوو بێت لە

ناویاندا بوو بم ، به گورجی پەیوەندی برایانەو کۆمەلآیەتیم لەگەڵ زۆربەی زۆری خەڵکی ناوچەکە دروست کردو بە دەم هەموو کێشەو گیرو گرفتەکانیانەوە دەچوم و هەوڵی چارەسەرم بۆ دەدان لە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانیاندا بەشداریم دەکرد ، بۆیە هەردەم ووتەکانم لەلایان پەسەندبوو جێگای رەزامەندیان بووم و رێزم لێ دەگیرا.

پاش چەند مانگێك هەڤاڵ قادر حمەصالح گوێزرایەوە بۆلقی سەرتەك لە بەمۆ ، ماوەیەك لەگەڵ هەڤاڵ ( حمەامین تریفەیی و کاك حمەرشید فتاح و کاك فرج حاجی محمود ) کارەکانی ئەو لقەمان بەرێوە ئەبرد هەتا هەڤاڵی خوالێخۆشبوو کاك ( محمد شمێرانی ) کرایە فەرماندەی لقەکەمان ، ناوبراویش خۆشحاڵ بوو بە بونی من لەو ناوچەیە ، ناوبراو نەخوێندەوار بوو لەگەڵ ئەوەش خزمی خۆی هەبوو کە کاروباری بۆ ئەنجام بدات ، بەلآم هەر کە هاتە ئەوێ زۆر گرنگی بەمن داو زیاد لە پێویست رێزی لێ دەگرتم و هەرچی ئیش و کاری حزبی و تایبەتی و شەخسی هەبوایە دەبوایە لە رێگای منەوە بیکردایەو پرس و رای منی وەرگرتایە ، بۆیە منیش بەرامبەر بەو رێز لێنانە کارەکانم بەبێ ئەندازەو بێ هیلاك بوون ، بەشەوو بە رۆژ ئەنجامم دەدا ، من لەگەڵ ئەو بەرێزە ماوەی زیاترلە ١٣ساڵ لە پێشمەرگایەتی و ئاوارەی و دوور خستنەوەمان بۆ خوارووی عێراق بردە سەر وەك دوو برای خۆشەویست بە بێ ئەوەی رۆژێك لە رۆژان لە یەکتر دڵ زویر بین ، ئەو ماوەیەش چەندین جار ناخۆشی و شکستی و نارەحەتیمان توش بوبو ، هەندێ جار لە کێشە شەخسیەکانیدا لەگەڵی بووم وەکو هاوەڵێك و هەوڵم داوە کە تووشی کێشە نەبێت و تەنها رۆژێك لەگەڵی نەبووم و بێ ئاگا بووم لە هەڵوێستی توشیی ئەو شەرە دڵ تەزێنە بوو لە گوندی (پریس) کە بە گیان لە دەست دانی چەند برایەکی بێ تاوان تەواو بوو ، ئاکامی ئەو شەرەش بوە هۆی گیان لەدەست دانی خۆی لەساڵی ١٩٧٨لەشاری هەڵەبجە.



( ساڵی ١٩٦٨ )

شایەنی باسە لە زستانی ساڵی١٩٦٦ دا بو ، شەوێکیان لەگەڵ برای بەرێزم کاك عوسمان محمد ناسراو بە عوسمانی حمەی هەژە ، ناوبراو برینپێچی لقەکەمان بوو بە میوانی لای برای خۆشەویستمان کاك فرج الله بووین لە گوندی هانەژاڵە ، کاك عوسمان دەمانچەیەکی تۆپلی پێ بوو ، خەریکی پاککردنەوەی بوو ، پاشان دەستی بە هەڵبەستنەوەی کرد ، وادیاربو فیشەکێکی لەگەڵ هەڵبەستن چوبوە سەر پێ ، هەرکە چرکەی لە زنادەکە هێنا دەنگێکی گەورە هات و چرای ژورەکەی کوژاندەوە و تەپوتۆزێکی زۆر ی دروست کرد ، زانیمان فیشەکێ دەرچوو لە دەمانچەکە ، نەمانزانی چیی کردوە ، هەر یەکەمان بەوی ترمان ئەوت لە تۆی نەداوە ؟ هەتا وەکو دەرزیەك بکەیت بە قاچی مندا ئەوەندە ئازارم بۆ پەیدا بوو ، کاتی سەیری

قاچـم کـرد ، خـۆینێکی زۆری لێ دەرۆشـت ، ئـەنجا زانیمـان لـە منـی داوە ، باشـتر سەیرمان کرد گولەکە دابووی لە قولەی پێم و لەژێرپێمەوە دەرچوبوو ، ئیتر بە پێی خۆم لەگەڵ ئەوان بە پەلە چوینەوە بۆ بارەگاکەمان و کاك عوسمان زۆر بە شەرمەوە دەستی کرد بەتەداوی کردنی برینەکە ، پێم ووت هیچ گوێ مەدەری و ئەوە موقەدەرە ، بەراستی ئەوەندە بە چاکی و بە باشی تەداوی کرد بە ماوەیەکی زۆر کەم چاك بومەوە .

مـاوەی پێـشمەرگایەتیم درێـژەی هـەبوو هـەتا نـسکۆی شـۆرش لـە سـاڵی ١٩٧٥ ، لـەو ماوەیەدا چەندین هەڵویست و سەرکەوتن و نوشستی مان بەسەردا هاتوە کە گرنگە کانیان بەم شێوەیەی لای خوارەوەن :-

١ـ بەنسبەت کاری من هیچ ناوێکی لێپرسراویم نەبوو بەپێچەوانەشەوە بەرپرسیار بـووم لـە هـەموو کـارێکی گـەورەو بـچوك ، لـە کـارە ئیداریـەکان ودارایـی و کارەکـانی رێکخستنی پێشمەرگە و کۆمەلأیەتی و ناو جەماوەر ، هەرچی کێشەو گیرو گرفتە کـانی ناوچـەکە هـەبو وەکـو دادوەرێـك چارەسـەرم دەکـردن ، کـە زۆرجـاری وا هـەبو لەلایـەن لێپرسـراوانی بـەتالیۆن و هێزودادوەرەکـانی شـۆڕش لـە ناوچـەی هـەورامان توشـی ڕەخنـە دەبـوم کـە بـەو کـارە هەڵدەسـتام ڕەخنەکـە لـەوەدابو کـەمن خـاوەنی بڕوانامەی یاسایی نیم. منیش بەهەستی کۆتـایی هێنـان بەکێشەو گیرو گرفتـەکانی خەڵکەکـەوە و خۆشـحاڵی ئـەوان بـەوە دەردەبـڕی کەزۆربـەی داواکـانم لـەڕێگای شەرعەوە و لەڕێگای مامۆستایانی ئاینی لەناوچەکە جێ بەجێ ئەکرد ، زۆر گوێم لەو ڕەخنانە نەدەبو . هەرچەندە لـە پێکهاتـەی سـەربازی لێپرسـراوی لق و جێگـری لێپرسراو و چەند سەرپەل و لێژنەی ڕێکخراوی حزبی هەبون بەلأم بونی مـن بـەبێ ناونیشان جێگای دیاری خۆی هەبو لای بـەر پرسـان و جـەماوەر، تائێـستاش شـانازیم بەو چەند ساڵەی خـەباتی خـۆم هەیـە کەلـەو ناوچـەیە بەسـەرم بـردوە و هەمیـشە خۆم بە نزیکترین کەسی ئەو ناوچەیە دەزانم . دووجار لەسەر فەرمانی فەرمانـدەی بەتالیۆن و هێز گۆیزراومەتەوە بۆ بارەگای بەتالیۆن لە بیارە ، پاش ماوەیـەکی کـەم

به فەرمانی شەهیدی سەرکردە کاکە ئیدریس بارزانی گەراومەتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە شەهیدکاکە حمەشمێرانی تێدا بەرپرس بوو ، چونکە بەراستی کاکە حەمە وای لێ هاتبوو کە بەبێ من کاری پێ نەدەکرا ، بۆیە هەمیشە دەبوایە پێکەوە بوینایە.

٢ ـ لەساڵی ١٩٦٥ دوژمن هێرشی کردە سەر ناوچەی پێنچوێن و سەربازو جاشێکی زۆری بەناوی ( خالد بن وەلید کە لە وولاتی سوریاوە هێنابویانن و صلاح الدین ئەیوبی لای خۆمان ) هێنابوو ناوچەی شانەدەری و لەوێ خەیمەیان هەڵ دابوو ، هێزی خەبات فەرمانی دابوە بەتالیۆنی ٧ و ٨ لەبیارە و چوارتا ، کە هاوکاری بەتالیۆنی ١٠ بکەن لە پێنچوێن . بەتالۆنی ٧ هێزێکی لقی نەورۆلی ئێمەو لقی بیارەیان دیاری کرد کە بەشداری بکەین و لقی بەرزنجە و هێزەکەی خوالێخۆش بووکاك ( حسێن بەگی جوانرۆش ) لەلای بەتالیۆنی ٨ وە بەشداری بکەن ، بەتالیۆنی (١٠) لقی شەهید کاك ( احمد جەڤژی ) یان لە پێشەوەی بەرەکە دانابوو لە پردی کەولۆس هەتا شاخی ولەسمت و نەوێ ، لقی ئێمەش چوینە شاخی (زوالقرنین ) لە پشت ولەسمت و خوالێ خۆش بوو کاك ( عبدالوهاب ئەتروشی ) فەرماندەی هێزو ، فەرماندەی گشتی هێزەکان بوو لەو شەرەدا . ئێوارەیەك تۆپێکیان هێنا ، کە بۆیەکم جار بوو شۆرش لە سنوری هێزی خەبات شتی وا ببینێ ناوی ( توپە هەتیو ) یان لێ نابوو ، وابزانم ( ٨١ ) ملم بوو لەگەڵ چەند گولە تۆپێك ، چەند کەسێکیان دیاری کرد بۆ هەلگرتن و شاردنەوەی پارچە تۆپەکە پاش تەقاندنی ، یەکێ لەوانە من بووم ، تۆپ دانراو کۆمەڵێك گولەیان پێ تەقاند بۆ ناو سەربازگەی شانەدەری ، زۆر بە چاکی دەگەیشت و هیچ کاتێ ئەو سەربازگەیە نەیدەزانی شتی وای بۆ دەروا ، بۆیە پێم وایە ئامادە باشی نەبوو بو بۆی ، بۆردومانەکە کاریگەریەکی باشی هەبوو ، لە ئاکامی ئەو بوردومانە زۆر چادریان سوتاو تۆزو دوکەڵێکی زۆری دروست کرد و دڵنیابووین لەوەی کە کوژراو بریندارێکی زۆریان هەبوو بەوەی کە لە پێش چاومان سەیارەی اسعاف و سەیارەی تریش بەپەلە هاتوچۆیان دەکرد . بۆبەیانی دوژمن هێرشێکی هێنایە سەر ئەو

شوێنەی کە تۆپەکەی لێ بوو ، بە فرۆکەو تۆپ باران و هێرشی زەمینی ، جاش و جەیش گوندی وڵەسمتیان گرت لەگەڵ هەندێ بەرزایی کە ویستبوویان زیاتر بەرز ببنەوە رووبەرووی بەرەنگاریەکی باش بونەوە کە پێشمەرگەکانی لقەکانی نەورۆڵی و بیارەو وڵەسمت و بارەگای هێز لێیان هاتنە دەست و بەراستی کارێکیان پێ کردن کە جیش و جاش نەیان دەزانی چۆن هەڵبێن . گرنگی ئەم باسەمان بۆ ئەم پاڵەوانیەی شەهید کاکە حمە شەمێرانی بوو کەلەهەڵمەتەکانی بۆ شکاندنی هێزەکانی رژێم ، رووبەرووی یەکێ لەو رەبیانەی دوژمن بوەوە کە دانرابوون بۆ پشتیوانی هێزەکانیان و رەشاشێکی برێنی ئینگلیزی تێدا بوو کە بە ئارەزووی خۆی تەقەی ئەکرد ، کاکەحەمە لەگەڵ ۳ پێشمەرگە خۆیان گەیاندە بەردەم لولەی رەشاشەکەو لەگەڵ شەهید عمر علی (پیشمەرگەیەکی قارەمانی خەڵکی عەبابەیلی بوو) لە لولەی رەشاشەکەنزیك بونەوە و بەدەستی راستی لولەی رەشاشەکەی گرت ، رەشاشەکە ئەوەندە تەقەی پێ کرابوو لولەکەی گەرم بوبو دەستی سوتاندبو هەربەرەلا ی نەکردبوو ، سەربازی سەر رەشاشەکەش وا دیار بوو بەهێز بوبوو کە زانیبوی لولەکەی گیراوە هەوڵی راکێشانی دابوو بۆ ناو رەبیەکە بە شەهید حمە شەمێرانیشەوە بۆیە کاکە حەمە هاوار دەکات لە شەهید عمر کە فریای بکەوێت لە خوارەوە قاچی رابکێشی بۆ ئەوەی سەربازەکە راینەکێشێ ، ئەویش بەزوویی قاچی دەگرێت ، ئیتر کاکە حەمە دڵنیا دەبێت بە دەستی چەپی دەمانجەکەی دەرئەهێنێت و بە دەمی دەیهێنێتە سەر پێ و هەر بە دەستی چەپی بەرزی دەکاتەوە بۆ ناو رەبیەکە و سەربازەکەی پێ دەکوژێت ، جونکە ئەو سەربازە دیاربوە هەر بۆ خۆی بە تەنها مابوەوە ، بەم شێوەیە ئەو رەبیەی کە دوا مۆڵگەیان بوو گیرا ، دوژمن شکا و تا چەند رۆژێك دەستی شەهید کاکە حەمە کە سوتابوو تەداوی دەکرا ، پاش چەند رۆژێکی تر دوژمن هێرشێکی زۆر بەربلاو توندی بە فرۆکەو تۆپ و سەربازو جاش کردە سەرناوچەکە ، لەو هێرشە توانی پردی کەوڵۆس و بەرزایەکانی پشتی بگرێت

ئێمەش ناچار کشاینەوە بۆ پشتی سیامێوە لە شەرێکی تردا لە نزیکی خرنوك شەهید کاکە حمە شەمێرانی بریندار بوو .

٣ ـ ئەو کاتەی عزیز عقیلی بوە وەزیری بەرگری عێراقی و بریاری دا لە ماوەیەکی کورتدا شۆرشی کورد کە ئەوان بە ( تمرد ) ناویان دەبردلە ناو بەرن . پاش بلاّو کردنەوەی بریارەکەی ، توندو تیژی و هەوالّ لە هەموو بەرەکانی شەر گەرم بوو ، هەوالّێکی زۆر دروست بۆ ئێمە لە نەورۆلّی هات کە سبەی وەزیر بۆ هێرش بردنە سەر ناوچەکانی شۆرش لە سنوری هەلّەبجە دێتە هەلّەبجە ، ئێمەش بەپەلە بریارماندا کە مەفرەزەیەکی ( ٦ ) نەفەری بچێتە سەر رِێگای هەلّەبجە ــ سیروان و تەقە لە کاروانەکەی وەزیر بکات ، هەلّساین بە نوسینی بروسکەیەکی جوان پێش ئەنجام دانی کارەکە و لای بێ تەل بە جێمان هێلاّ بۆ ئەوەی کە کارەکە جێ بەجێ کرا بروسکەکە بدەنە هەموو شوێنەکان و بلاّو بکرێتەوە ، شەش نەفەرەکە ئەمانە بوون ( شەهیدکاکە حمە شەمێرانی ، کاك حمەامین شەمێرانی برای شەهید وخوالیخوشبو شێخ نوری تالّە بانی و بەندە و کاك محمد حەسەن شەمێرانی ناسراو بە ( حمە شوتە) وشەهید سلێمان شەمیرانی برای شەهیدحمە شەمێرانی) زۆر بە نهێنی بەیانی چوینە گوندی حسن ئاوا کە زۆر نزیکە لە هەلّەبجەوە ، هەروەها نزیکی جادەی گشتی هەلّەبجە ـ سیروان بوو ، لەوێ ( ٢ و ٢ ) دوو دوو ، شوێنمان بۆ خۆمان دیاری کرد لە(٣) شوێن ، هەرکات قافلّەی عزیز عوقەیلی هات تەقەیان لێ بکەین ، رِەنگ بو تەقەکەمان کاریگەریەکی وای نەئەبو لە زیان کەوتن لە دوژمن ، بەلاّم تەنها بۆ ئەوەمان بو کە ناوبراو ناتوانی شۆرِش لەناو ببات بەلّکو کورِانی شۆرِش لەناو جەرگەی سوپاکەیاندا لێ یان دەدات هەم بۆ رِەتدانەوەی ئەو رِاگەیاندنانەی ئەوان بو ، لە گوندەکە ئاگاداری خەلّکمان کرد کە کەس نابێ هاتوچۆ بکات بەتایبەتی بۆ هەلّەبجە هەرکەس لەمالّی خۆی بێت ، ئێمە نازانین چۆن کەسێك کە خزمی یەکێك لە جاشەکان بو بوو ، خۆی گەیاندبوە هەلّەبجە ودوژمنی لە بوونی ئێمەی لەوی ئاگادار کردبوەوە . کاتێکمان زانی چەند دەبابەیەك لە

سەربازگەی هەڵەبجەوە بەرەو ناوشار هاتن و بە بڕوای ئێمەش ئەمانە بەرەو پیری قافڵەی وەزیر دەڕۆن ، لەشار یەکێکیان بەرەوخری خەزێنە هات ئاگامان لەوانی تر نەما هەتا کاتێکمان زانی لە ڕێگەی پریسەوە لە شێخ سمایلەوە بەرەو گوندی هەسەن ئاوا دوو تانکی تر هاتن هەتا ئێمە خۆمان کۆکردەوەو بوینەوە بەیەك هەر شەشمان ، یەك تانك لە سەرووی ئاوایی و یەکێکی تر لە خوارووی ئاوایی و ئەوی تریشیان لە تەنیشت گوندەوە وەستان ، ئێمە ئەوکاتە کەوتینە خۆمان بۆ چونیەتی رووبەرووبونەوە ، یان دەرباز بوون ، پیشتر ئێمە هێزێکمان ناردبوە گوندی چاوگی باوەکۆچەك بۆ ئەوەی لەوێوە ئەگەر ئێمە لە کاری خۆمان توشی نارەحەتی بوین وە یان کەوتینە شەرو تەقە ، ئەوانیش بێنە باوەکۆچەك و گولأن ، سەربازگە و هەڵەبجە بدەنە بەر تەقە وەك هاوکاریەك . پێشمەرگەیەکمان بە چەکێکی برنەوە وە لەسەر ملەی گۆرە جولەکەکە ی سەر ڕێگای پریس دانابوو بۆ چاودێری کردن و ئەگەر زانی هێز بۆ لای ئێمە هات تەقەیان لێ بکات هەتا ئێمە ئاگادار بین ، ئەو کە دەبابەکان هاتبوون شوێنەکەی بەجێ هێشتبوو ، هەقی بوو چونکە شەر لەگەڵ دەبابە ناکرێت ، هێزەکەش لە چاوگ خۆیان کردبوەوەو لەوێ لە ئیسراحەت دا بوون . ئێمە هیچ ئاگامان لە هێزی پیادە نەبوو تەنها لە سەروو وخوارووی ئاواییەکە دەبابە وەستا بوون ، بریارمان دا کە خەریکی خۆ دەرباز کردن بین لەوەی تەقە یان شەر بکەین ، چونکە هیچ نەئەکرا بەرامبەر بە دەبابە ، بۆ دەرباز بوون بوینە سێ رەئی ، یەکێ ئەیوت با لە چەمی گولأنەوە بەرەو گولأنی سەروو بڕۆین ، رایەکی تریش ئەیوت با بەچەمدا بەرەو پریسی خواروو بڕۆین ، رای منیش وا بوو کە هەردوو شوێن لە لایەن دەبابەکانەوە خراونەتە ژێر چاودێری ، کە بە تاکە ڕێگای دەرچونمانی دەزانن ، بۆیە پێم باش بوو کە بەرەوو بەرزاییەکەی بەرامبەر ئاوایی کە بە زوویی دەمانگەێنێتە دۆڵێك کەلە هەردوو دەبابەکە بە دیار نامێنین ، هەتا نزیکی ملەی گۆرە جولەکەکە لەوێش پشت بە یەزدان دەتوانین چارەیەك بکەین ، هەموو یان راکەیان پێ باش بوو ، هەرچی کاغەزو مستمسکاتمان پێ بوو درانـدمانن

تەنها چەکەکانمان پێ مابوو ، بەناوی خوا رووماـن لـەو گـردە بـچوکە کـرد لەوبـەری چەمەکە ، زۆر بەتوندی رامان کرد و گردەکەمان بری هیچ تەقـەمان لێ نـەکرا ، وا دیـار بـوو ئـەوان چـاودێری نـاو چـەمەکە لـە سـەروو خوارەوەیـان دەکـرد بـۆ پەیـدا بوونی ئێمە ، ئێمەش کەوتینە دۆلەکەوەو زۆر مانـدوو بوبـوین ، ووردە ووردە بـەرەو ژور دەرۆیشتین و لا پێچێکی ترمان لەرێ بوو کە لەو دۆڵەو لە ترس نـەجاتمان بێـت ، چونکە هەتا بەرز دەبوینەوە بە دیار دەکەوتین ، لە کۆتایی بەرزاییەکـە تەقـەمان لێ کرا بە دۆشکە و تۆپ ، بـەلاّم سـوپاس بـۆ خـوا کـەسمان پێـوە نـەبوین و چـوینە بەردەم گۆرە جولەکەکە و لەوێ بریارمان دا کە یەکە یەکە خۆمان دەرباز بکـەین ، منیش پێشەکی بەراکردن چومە ئەو دیو ، بەلاّم هەروەك چۆن هەڵم بگرن و فـرێم بـدەن ، بـەو شـێوەیە کـەوتم ، وا دیـار بـوو دەبابـەکان روویـان لـەو جادەیـە کردبـوو دەیانزانی لەویوە دەرباز ئەبین ، هەر بە دەرکەوتنی مـن تۆپێکیـان تەقانـدوو سـەری کرد ولە نزیك پریس کەوتە ئەرز ، کەوتنی من بەهۆی هەوای گوولە تۆپەکەوە بـوو ، منیش بە زوویی هەستامەوەو چـومە پـاڵ گـۆرە جولەکەکـە و بـە هەڤاڵـەکانم ووت من شوکر ساغم و وا تەقەش ئەکـەم بـەڵکو ئێـوەش رزگارتـان بێـت ، منـیش دەسـتم کرد بە تەقەکردن و لە هەمووو لایەکەوە بوو بە تەقـە ، هێزەکـەی سەرچـاوگ پـاش ئەو تەقانەی دەبابەکان ، هاتبوونە خـوارەوە بـەرەو گـولاّن ودەسـتیان کـرد بـە تەقـە کردن لە دوژمن بەرەو رووی دەبابەکانی هەسەن ئاوا بۆیـە دەبابـەکان روویـان لـەوان کـرد ولـەو فرسـەتەشـدا شـەهید کاکـە حەمـەو هـەڤالاّن بـەرەو لای مـن هـاتن ، پـاش پشوویەکی کەم ئێمەش دەستمان کرد بە تەقە کردن لـە دوژمـن جگـە لـە دەبابـەکان چی جاش و سەربازو پۆلیس هەبوون لە هەڵەبجە هاتبوونە ئەو شەرەوەو کە زانیـان لە باوەکۆچەك و گولاّنی سەروو و لای ئێمە شەوە دەست کرا بەتەقە کردن لێ یـان ، جاشەکان و هێزەکانی پیادە ، رایان ئەکردەوە بەرەو هەڵەبجە ، ئێمەش بـەدەم تەقـە کردنـەوە جـارێکی تـر هـەتا چـەمی گـولاّن و نـاو گونـدی هەسـەن ئـاوا گەراینـەوەو کۆتایی بەشەرەکە هات و هـاتنی وەزیـریش بـە درۆ دەرچـوو وئـەو بەزمـەش بەسـەر

ئێمـەدا هـات . لێـرەدا ئەمـەوێ وەکـوو ویـژدان هەنـدێ قـسە لەسـەر کەسـایەتی و قارەمانیـەتی کـاك حەمـە شـەمیرانی بکـەم ، وەکـوو لەسـەرەوە باسـم کـردوە ، ئـەم هەڵوێستەی ئەو بۆ دیاری کردنی ئـەو شـەش کەسـە کـە دووانیـان بـرای خـۆی بـوون ویەکێکی تر لە خزمە نزیکەکانی بوو لەگەڵ من کـە ئەوپـەری خۆشەویـستی هـەبوو بۆم دوا کەسیش کە شێخ نوری تاڵەبانی بـوو ، ئـەو بەسـەردان و خۆشەویـستی کاکـە حەمە وە هاتبوو بۆ لای ، چوینە ئەو شوێنە مەترسیدارە و کەوتینـە نـاو ئابلۆقـەی دوژمن کە زۆر بە زەحمـەت رزگارمـان بـوو ، ئـەوە مانـای خـۆ فیـدای کـردن بـوو بـۆ شۆرش . جگە لەمەش ئـەو پیـاوە بـە دەسـتی خـۆی و لەپێـشەوەی هـەموو شـەڕەکان ئەجەنگی ، هەمیشە ئاگای لە هەموو ڕووداوەکانی ئەو شەڕەو کۆتای هێنانی هەبوو ، شەڕی بێ پلان دانانی نەئەکرد ، جگە لەو شەڕانەی بـەبی ئاگـا تـووش ببوایـە ، ئـەم کردارانەی وای کردبوو کە لە شەڕەکاندا هەمیشە سەرکەوتوو ئەبوو ، وەفادار بوو بۆ دۆست و برادەرەکانی ، زۆر حەزی لە ناسینی خەڵکی ئەکرد بەتایبەتی خەڵکی ئازا ، زۆر لـە پێـشمەرگەی ئـەم لاو ئـەولا هـەوڵیان ئـەدا خۆیـان بگوازنـەوە بـۆ لای ، خۆشەویـستی زۆری لای لێپرسـراوان هـەبوو بەتایبـەتی لای سـەرکردایەتی شـۆرش و شەخسی هـەرگیز نـەمر جـەنابی بـارزانی ، پـاش سـەرکەوتن لـە شـەڕەکانیدا ، پـێش گشت جێگایەك بروسکەی پیرۆزبایی جەنابی سەرۆکی بـۆ دەهـات ، زۆر مـاوە لەسـەر ئەم کەڵە پیاوە بوترێ ، من لێرەدا داوا لە کەسوکاروو دۆسـت و ناسـراوی ئـەم جـورە پیاوانە ئەکەم کە خەبات و تێکوشان و ماندوبوونی ئەوانە لە یاد نەکەن و تۆماریـان بکەن بۆ مێژووی هەڵوێستی جوامێرانەیان ، لەم جۆرە پیاوانـە زۆرن و گەلەکـەشمان بۆ ئاینده پیویستی بە مێژوویان دەبێت .

٤ــ مۆتەکـەی شـەڕی نـاوخۆ کەلەسـاڵی١٩٦٣ وە لـە رووی سیاسـی و لەسـاڵی ١٩٦٤ ەوە لەرووی سەربازی سەری هەڵدا ، وەك ڤایرۆسێکی کوشندەو ترسناکی هەتا هەتایی لە ناو گەلی کوردا رەگی دا کوتا ، پاش گەڕانەوەی ئەوانەی لە شۆرش هەڵگەڕابوونەوە و چوبونە ئێران لە ساڵی ١٩٦٤ دا ، سەرۆکی کورد ( مـستەفا بـارزانی ) نـەمر لێبـوردنی

دانیٚ و له ساڵی ١٩٦٥ دا گەرانەوە بۆ ناو شۆرش ، هەموویان کاریان پیٚ درایەوە لە دەزگاکانی سەربازی و سیاسی دا ، لە هەندیٚ جیٚگای تایبەتیشدا ، لەناوجەرگەی هیٚزی قەرەداغ دا لەساڵی ١٩٦٦ شەرەکە دەستی پیٚ کردەوەو ئەمجارە بەسوودی رژیٚمی عیٚراق تەواو بوو . بەراستی من نامەویٚ لەسەر ئەو بابەتە هیچ بنوسم چونکە هەمیشە دژی بووم و زۆریشمان ئەزیەت لە پیٚناویدا خواردووەو وەبەمن بیٚت ئەو باسانە لەگۆر بنریٚت باشترە ، هەتا ئەو یادە ناخۆشانە بەبیری خۆت و خەڵکدا بهیٚنیتەوە ، هەزار شوکر بۆ یەزدان کە لە ریٚککەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ رژیٚمی فاشی عیٚراقی وای دانابوو کەبەو ریٚککەوتنە بتوانیٚت زیاتر برینەکانی ناوخۆی گەلی کورد قوڵتر بکات ، بەلاٚم حەکیمانەی سەرۆك بارزانی ئەو نیازە گلاٚوانەی ئەوانی پوچەڵ کردەوەو جاریٚکی تر لیٚ بووردن و پیٚکەوە ژیانی هیٚنایە کایەوە و هاتنەوە ناو ریزەکانی پارتی هەتا نسکۆی شۆرش پیٚکەوە خەباتمان کرد .

٥ ـ لەساڵی ١٩٦٧ ئیتر کاتی ئەوەم بوو کە خیٚزان پیٚکەوە بنیٚم بۆیە باشترین کەسیٚك کە بویە هاوسەرم کچە مامی خۆم بەناوی ( حمیدە عابد میرزا فتاح ) کە ماڵیان لە بیارە بوو دیاریم کردوو پاش رەزامەندی خۆم و ئەوان بوینە هاوسەرو لەهەمان ساڵ بە ئاهەنگیٚکی خنجیلانە لە خورماڵ خیٚزانمان پیٚك هیٚنا ، لەساڵی ١٩٧٠ یەزدان کوریٚکی پیٚ بەخشین و لە مانگی ئازار بەبۆنەی ریٚکەوتنی شۆرش لەگەڵ میری لە ئاهەنگیٚکی خنجیلانەی خیٚزانیدا ناومان لیٚ نا ( هەورامان ) ، وە لەساڵی ١٩٧١ کوریٚکی ترمان بوو ناومان لیٚ نا ( عمر ) بەلاٚم ئەمەیان خوا لیٚی سەندینەوە و لە ساڵی ١٩٧٢ کوریٚکی ترمان بوو ناوی لیٚ نرا ( مەریوان ) و لەساڵی ١٩٧٣ کوریٚکی تر بەناوی ( بیساران ) وە لە ساڵی ١٩٧٤ لە ئاوارەیی لە ئیٚران کچیٚکمان بوو ناو نرا ( لیلی ) ، ئەم منداڵانە لەسەردەمی شۆرش دا لە دایك بوون .

٦ ـ پاش پیٚنج مانگ لە گواستنەوەی هاوسەرم من لە لقی نەورۆڵی بووم کیٚشەیەك دروست بوو لە نیٚوان لقی زمناکۆی سەر بە بەتالیونی٦ ی بەمۆ و خەڵکی ناوچەی شەمیران ، کیٚشەکە گەیشتبوە ئەوەی شەر روو بدات ، شەهید کاکە حەمە شەمیٚرانی

کـه خـۆی خـەڵکی شـەمێران بـوو هـەوڵی زۆری دا ئـەو کێـشەیە چارەسـەر بکـات ، پەیوەندی لەگـەڵ بـەتالیۆن و هێـزەوە بـەردەوام بـوو بـۆ ئـەوەی شـەر روونـەدات لـە نێوان لقی زمناکۆ و خەڵکی شەمیران دا ، دیاربو بەتالیۆنی (٦)ی بـەمۆ بـەرگری لـە لقی زمناکۆ دەکرد ، شەهید کاکە حەمـە داوای لـە بـەتالیۆن و هێـز کـرد کـە بـچێتە ناوچەی شەمێران و دەست بەسەر وەزعەکەدا بگرێت و نەهێڵێت ئەو شـەڕە دروسـت ببێـت ، ئـەوانیش بـۆ ئـەم مەبەسـتە رازی بـون لەسـەر داواکـە و زۆربـەی زۆری لقەکەمان پەڕینەوە بۆ ناوچەی شەمێران ، بەپەڕینەوەی ئێمـە بـەتالیۆن (٦) و لقـی زمناکۆ زۆر نارەحەت بون و داوایان کرد کە لقی نەوروۆلی بە هیچ شێوەیەك نەیەتـە سنوری ئەوان چونکە ناوچـەی شـەمێران لەسنوری ئەوانـدا بـو ، (٢ تـا ٣) ڕۆژ لـەوێ ماینەوە جگە لە ڕێگای ئامێری لاسلکی هیچ پەیوەندیـەکی تـر نـەبو لـەنێوان ئێمـەو بـەتالیۆن (٦) و هێـزی خـەبات و سـەرکردایەتی شـۆڕش ، بروسـکەکانیش وردە وردە بـەرەو تونـدی دەڕۆشـتن ، کـاروای لـێ هـات بـەتالیۆنی (٦)هێـزی ئامـادە کـرد بـۆ هاتنەسەر هێزەکەی ئێمە و جەنابی فەرماندەی هێز پـشتگیری لێ دەکـردن ، ئێمـەش حـەزمان لـەو روو بـەروو بونەوەیـە نـەبوو هەوڵیـشمان چارەسـەری کێشەکەبوو لـەو کێشەی تازە کە درووست بوو لەنێوان ئێمەو بەتالیۆنی (٦) ، ئێمـە لای هێـز تاوانبـار دەرچـوین ، وەزعەکـەمان زۆر خـراپ بـوو ، یـان دەبوایـە شـەڕ هەڵبـژێرین لەگـەڵ بەتالیۆنی (٦)وەیان گەڕانەوە و ئامادەی سزادان بین لەلایەن هێزەوە کە هەردووکیان لامـان گـران بـوو، کاکـە حەمـە تـەنها لای مـن پێـشنیارێکی درکانـد و ووتـی هـیچ چـارەمان نیـە ئـەو دوو ئەگـەرە زۆر خـراپن و ئەگـەری سـێ هـەم کـە زۆر نادیـارە خۆبەدەستەوە دانمانە بە میری لەڕێگای دەربەندیخانەوە ، بـە ڕاسـتی منـیش ئـەوەی لە خەیاڵمدا نەبوو تەنها ئەو ئەگەرەبوو ، پێم ووت با بگەرێینەوە محاسەبەکە قبوڵ بکەین ، رازی نەبوو ، وا دیار بوو ڕێگەی سێ هەمی پێ پەسەند بوو ، بۆیە بەزوویی مـن پـێم ووت کـە مـن دەگەرێمـەوە بـۆ نـەورۆلی و لەگـەڵت نـابم ئـەویش ووتـی مـن نامەوێت بچمە لای رژێم یان هیچ کەسێکی تر ، دەمەوێت لەم کێشەیە خـۆم دەربـاز

بکەم و پێویستیشم زۆر بە تۆ هەیە ، منیش ووتم باشە بەشەرتێك هەر ئێستا ئەم نیازە بە جیهاز بە بروسکەی تایبەتی بۆ خۆم دەیدەمە سەرۆك بارزانی و ئەگەر پەسەندی کرد ئەوا لەگەڵت دەبم ئەگەر پەسەند نەکرا ئەوا دەگەڕێمەوە ، بۆیە منیش دەست بەجێ بروسکەیەکی راست و دروستم لەبارەی کێشەکەوە بۆ سەرۆك بارزانی کرد و بۆخۆشم بە جیهازەکە دامە جیهازی ئەوان ، کاکە حەمە زۆری پەلە کرد پاش بروسکەکە رانەوەستاین بۆ وەلآمەکەی بەرەو زمناکۆ چوین و لە نزیك سەدەکە کاك رووف عبیدی نارد بۆ دەربەندیخان و پاش چەند کاتژمێرێك هەواڵمان بۆ هات کە داغڵ ببین ، ئیتر ئێمە ٦٦ کەس بوین جگە لە هەندێ خێزان ، چوینە ناو دەربەندیخان ، میری وەکو ئامر قوەی دەربەندیخان بە باشی هاتن بەرەو پیریمان و رێزی باشیان لێ گرتین و ووتیان پاش یەك دوو رۆژ ئیسراحەت سەردانی بەغدا بکەن ، لەو یەك دوو رۆژەدا بە هەلم زانی نوسینی نامەیەك بۆ شەخصی بارزانی نەمر بە بیری کاکە حەمەدا بهێنمەوە و شەوێکیان هەتا بەیانی دووقۆڵی نەخەوتین و نامەیەکی دوورو درێژ ، هەرچی رووی دابوو بۆمان نوسی و دڵنیامان کرد کە ئێستا تەنها بۆ خۆ دوورخستنەوە ئەمەمان بریار داوە و ئامادەین بۆ هەموو فەرمانێك ، بەیانی کاك علی حمەامین وازۆڵی کەسایەتیەکی ناوداروو شیاو بوو، بانگمان کرد و داوامان لێ کرد کە نامەکەمان بباتە سەرەوە بۆ مەکتەبی سەرۆك ، ئێمەش شەش کەس لەگەڵ کاکە حەمە چوین بۆ بەغدا و چەند رۆژێك لەوێ ماینەوە ، بەنیسبەت منەوە زۆر ناخۆش بوو چونکە لەلایەك تازە خێزانم گواستبویەوە لەلایەکی تریش شۆرش تەنها لەگەڵ من ئیجرائاتی کردبوو باوکمی زیندانی کردبوو دەمزانی خەڵکیش قسەم پێ دەڵین کە من بۆ ئەم کارەم کردوە و چۆن کەوتومەتە شوێنی ئەو بیرە عەشائیریەوە ، راستیەکەی هیچ پەیوەندیەکی بە منەوە نەبوە تەنها دڵخۆشی خۆمم بەوە دەدایەوە کە دوا رۆژ دەرئەکەوێ کە من بۆچی هاتووم . ئەو چەند رۆژە کاکە حەمە دیار بوو لێپرسراوانی میری لە مخابرات و ئەمنی عامەی چاو پێ کەوتبوو ، هەروەها مام جلالیشی چاوپێ کەوتبوو

و سەیارەیەکی لاندرۆڤەری کورتی نوێ ی دابویە بە دیاری ، ئێمە کاتی خۆی بەڵێنمان لەگەڵ یەك وابوو کە خۆمان بۆ هیچ لایەك ساخ نەکەینەوە ، لای میری بڵێین بۆ لای ئێوە هاتووین ، لای مام جلال و جەماعەتەکەی بڵێین بۆ لای ئێوە هاتووین ، هەتا کارەکەمان تەواو دەبێت و دەگەڕێینەوە بۆ شوێنی خۆمان پاش گەڕانەوەمان بۆ دەربەندیخان و چاومان کەوت بە کاك علی حەمەامین وازۆڵی ، دڵنیایی کردین کە نامەکەی گەیاندوەتەدەستی شەخصی شەهیدی سەرکردە ئیدریس بارزانی ، بۆخۆشی چاوی پێ کەوتووە و بەدەمی پێ ی وتبوو کە پێمان بڵێ ئەوان هەر براکەی جارانی ئێمەن و کاریان بۆ دەکەین غەمیان نەبی و ئاگاداری خۆیان بن ، هەندێ دلگران بووین لە نەبوونی وەڵامی نامەکەمان ، چەند رۆژێك پاش گەڕانەوەی کاك علی ، رۆژێك لە بازار بووم یەکێك بانگی کردم ووتی کاکە پیاوێك هاتوە بۆ لای ئێوە و هەوالتان ئەپرسێ ووتم کێ یە ؟ ووتی وەرە لەم چایخانەیە دانیشتوە کە چوم و سلاوم لێ کرد ، دڵنیا بوو کە من ئەوم ، ووتی بابرۆین بۆ لای کاکە حەمە ، لەگەڵ خۆم بردمەوە بۆ ماڵەوەو داوای کرد کە هەردووکمان بمێنین و ژورەکەمان داخست ، سەیرمان کرد نامەیەکی شەهید ئیدریس بارزانی پێ یە بۆمان و نامەکەی زۆر دڵخۆش کەر بوو ، تیایدا دیاری کرابوو کە هەردوو هێزی خەبات و قەرەداغ یان ئاگادار کردوە لە وەزعی ئێمە و بەنهینی ئاگایان هەیە لێتان و خەریکی کاری تریشین ، ئێمە دیسان شەو بە نهێنی وەڵامی نامەکەمان دایەوە لەگەڵ ئەوشتانەی لەو ماوەیەدا کە روویان دابوو وەکوسەفەری بەغدا و جێگاو رێگامان ، بەراستی هاورێ یانی حزبی شیوعی هاوکارمان بوون لەوبارەیەوە ، لە دەربەندیخانیش زۆر هەبوون ، هەمیشە ئاگامان لەدەرەوە ی ناوچەکە هەبوو بەبۆنەی ئەوانەوە ، هەواڵی گواستنەوەی شەهید فازڵ تاڵەبانی مان پێ گەیشت پاش ماوەیەکی تر هەواڵی هاتنی شەهیدکاك فاخیر مێرگەسووریشمان پێ گەیشت بۆ ناوچەی بەمۆ ، رۆژێك بە هۆی برایانی حزبی شیوعی یەوە دوو نامەی کاك فاخر مان بۆ هات یەکێکیان بۆ من و ئەوی تریان بۆ

کاکه حەمه ، هەردوو نامەکه دەبێ هەر من بیخوێنمەوه ، چونکه کاکه حەمه نەخوێندەواربوو ، ویستم نامەکەی ئەو بیخوێنمەوه ووتی نامەکەی خۆت بخوێنەرەوه ، لەراستیدا نامەکەی من زۆر بەرێزو خۆشەویستی و نەرمی نوسرابوو لەگەڵ سوپاس کردنم لەو هەڵوێستەم ، زۆر خۆشحال بووم کە نیازی من لایان ئاشکرا بوه ، دوایی نامەکەی کاکه حەمەم خوێندەوه زۆر توند بوو ، زۆر بە گلەیی بوو ، نوسیبووی کە نەدەبوو ئەوه بکەن ببنەجاش ، لە پاشاندا داوای وەڵامی کردبوو لەگەڵ بەردەوام بوون لەسەر نامە گۆرینەوه ، کاکه حەمه توره بوو ، خەریك بوو بڵێ وەڵامی نادەمەوه ، بەرای خۆشم شکێکی لەمن پەیدا کردبوو ، بەڵام من دڵنیام کرد بەوەی حەقی خۆیانه ، تۆ لێپرسراوی شۆرش بووی نەك عەشیرەت نه ئەبوو ئەمه بکەی ، بەهەرحاڵ هاتنی کاك فاخیر بۆ ناوچەکه بۆ چارەسەری کێشەی ئێمه هاتوه ئەبێ وەڵامیش بدرێتەوه بە جوانی ، بەگوێ ی کردم و نامەیەکی جوانم لە وەڵامی نامە توندەکەی بۆ نوسیەوەو داواشمان کرد کە هاوکاریمان بکات و هەر فەرمانێکی هەبێ لێره جێ بەجێ ی بکەین ، منیش بە ناوی خۆم نامەیەکی سوپاس گوزاریم نوسی و دڵنیام کرد کە من یەك چرکه لە شۆرش نەپچراوم ، بەڵکو دەبێ خەباتی من بە چەند قات بنوسرێ ئەم سەفەرەی ئێمە پێنج مانگی تەواوی خایاند . رۆژێکیان چەند پێشمەرگەیەکی ئێمە لە کەلارەوه بەرەو دەربەندیخان دەگەرانەوه کە خوا لیخۆشبو (عبالرحیم لاورانی) لێ پرسراویان بوو لە رێگا مەفرەزەیەکی هێزی قەرەداغ هاتبوونه سەر رێگاو تەقەیان لێ کردبوون ، لە جەماعەتی ئێمە تەنها نجم الدین محموود بریندار بوو و دووپێشمەرگەشمان بە دیل گیرابوون ، لەوانیش دیاربوو لێپرسراوی مەفرەزەکەیان شەهید بوبوو ، هەرکە زانیبویان گیراوەکان لە جەماعەتی ئیمه بوون ئیتر وەکوو دیل سەیر نەکرابوون و بەرێزەوه رەوانەی تەوێڵەیان کردبونەوه و ناردبوونیانەوه بۆ ماڵی خۆیان ، جگە لەو رۆژه هیچ جاریکی تر توشی هیچ شەرو نارەحەتی نەبووین و هەوڵ درا لەگەڵمان کە توش بین ، بەڵام ئێمە بە بیانووی جۆراو جۆر خۆمان لێ رزگار دەکرد،

هـەتا رۆژێکیـان کـاك  فـاخر هـەواڵی نـاردبوو کـە سـەرۆك بـارزانی فـەرمانی داوە بگەڕێینەوە بۆ ناو شۆڕش ، ئێمە داوامان کرد کە شتێك بکەین ، وەڵامـی دایـەوە کـە سەرۆك فەرموویەتی گیانی خۆیان لای ئێمـە بەقـەد هـەموو دەسـتکەوتەکانی ئـەوان دەبێت ئەگەر هەر یەکێك دەبابەیـەکیش لەگـەڵ خۆیـان بهێنـێن بـا بەسـەلامەتی بـۆ خۆیان بگەڕێنەوە ، شەوێکیان  هاورێانی حزبی شیوعی هەموو ئامادەباشیەکیان کرد بۆ پەرینەوەمان لـە ئـاوی سـیروان ، بـۆ نـاو گونـدی ( ژاڵـە نـاو ) ، مـن یەکـەم کـەس پەریمەوە تەماشام کرد هێزیکی زۆر هاتوون بۆ هاوکاریمان ، زۆر دڵخۆش بـووین کـە هەنـدێکیان ناسـراوبوون ، بـە دوای منـدا برادەرانمـان دەپەرینـەوە ، منیـان بـرد بـۆ ماڵێك کە ئیسراحەت بکەم و هەندێ راکشام  کاتێکم زانـی یـەکێك لەسـەر سـەرمە و خەبەرم دەکاتەوە ، چاوم هەڵهێنا تەماشام کرد جامانـە سـورێکە ووتـی هەسـتە کـاك علـی یـاخوا بەخێربێنـەوە مـن ( فـاخر ) م  منـیش بـە گـورجی هەسـتام و ئـەملا و ئـەولای یـەکتریمان مـاچ کـرد و ووتـی تـۆ ئیـسراحەت بکـە هـەتا دەچـم بـەدەم کاکـە حەمەوە ، ئەوانیش هەموویان پەرینەوە ، لە گوندەکە کۆبوینەوە ، کاك فاخر ووتـی هەرچەنـدە ئێوە مانـدوون بـەڵام نـابێ رۆژ بکاتـەوە  ئێـوە لێـرە بـن دەبـێ هـەتا رۆژ نەبوەتەوە بەرێ بکەون بەرەو گوندەکانی ( کوێرەك و شمشێر کـول ) ، مـن دوو سـێ رۆژ لەوێ مامەوە و داوام لە کاك فاخر کرد کە بـچمەوە بـۆ بیـارە بـۆ ماڵـەوە ، جگـە لەوەی بروسکەیەکی جوانی کرد بـۆ بـەتالێون و هێـز ، دوو نامەشـی دامـێ  بـۆ کـاك جمال نامق و نامەکەی تر بۆ کاك عبـدالوهاب ئەتروشـی  دوو پێـشمەرگەشی لەگـەڵ ناردم هەتا نەورۆڵی لەوێشەوە ئەوان پەراندمیانەوە هەتا عەنەب ، چومەوە بۆ بیارە و لەوێ چومە لای کاك جمال ، زۆر رێـزی لێ گـرتم و بۆخۆشـی لەگـەڵم هـات بـۆ لای کاك عبـدالوهاب لـە تەوێڵـە ، بەراسـتی ئـەویش زۆر رێـزی لێ گـرتم هەنـدێکمان لـەو وەزعە گێرایـەوە ، کـاتێ ئیجرائـاتی لەگـەل بـاوکی رەحمـەتیم کردبـوو لەگـەڵ بەنـد کردنەکەشی ١٢٠ دیناریـان لێ سـەندبوو ، لـەوێ پارەکـەی بـۆ مـن گێرایـەوەو داوای لێ بوردنی کرد لەو ئیجرائاتە و کەهاوسەریشمیان دابوو بە کەفیل بە مامەم کە نەیەت

بۆ لام ، ئەو کاتە هەردوو فەرماندە بریاریان دا کە نابێ من جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ سنوری نەورۆڵی و بەمۆ بۆیە فەرمانیان دا کە لە بارەگای بەتالیۆنی٧ لێپرسراوی ئیدارەی بەتالیۆن بم لە بیارە ، تەنها دوو مانگ لە بیارە بووم ڕۆژێکیان کاك جمال بانگی کردم و ووتی وا بروسکەی کاك ئیدریس هاتوە داوامان لێ ئەکات کە بگەڕێیتەوە بۆ لای کاك حەمە شەمێرانی و تەشکیلاتی تازە کراوە ، بەراستی حەزم لەو هەواڵە نەبوو زۆریشم پێ ناخۆش بوو هەوڵم دا لەگەڵ کاك عبدالوهاب بێ فائیدە بوو ، چونکە مەکتەبی سەرۆك رازی نەدەبوون ، بۆیە بە ناچاری جارێکی تر چومەوە لقی زمناکۆ و لقەکەمان دروست کرد لە گوندی سەراو ، پاش چەند ڕۆژێك لەگەڵ کاکە حەمە وچەند پێشمەرگەیەك چوین بۆ سەردانی کاك جەوهەرمێرگە سووری برای کاك فاخر کە لە جێگەی ئەو بوو لە بیلولە ، کاك رئیس عرفا احمدیش جێگری فەرماندەی بەتالیۆن ٦ بوو ، کاکە حەمە لەگەڵ کاك جەوهەر قسەی کرد کە جەولەیەکی گەرمیان بۆ ناوچەی خانەقین بکەین ، ئەویش قبوڵی کرد ، کاکە حەمە بە منی ووت بەڵکو شتێ بکەین ، ئەوەی کەبەسەرمان هاتوە بیسرینەوە . خوا کردی لەو بەناو جەولەیە ، هەر سێ مەخفەری چوار کلاووسەرقزل و محموود قەجەر گیران ، کاك حاجی علی کە سەرۆکی فورسان بوو لەوێ هاوکاری کردین وهەرچی چەکیان هەبوو دایان بە ئێمە ، پاشان دوژمن هێرشی هێنا ، لەو هێرشەشدا بارەگای فەوجێك بە تەواوی دەستی بەسەردا گیرا ، لەم شەڕانەدا دەستکەوتێکی یەکجار زۆرمان هەبوو ، ژمارەیەکی زۆریش کوژراو بریندار هەبوو لە دوژمن ، سەرکەوتنێکی زۆر گەورەبوو بۆ ئێمە ، من لەگەڵ گرتنی یەکەمین مەخفەر بە جیهازی لاسلکی مەخفەرەکە پەیوەندیم کرد بە هەموو هێزو بەتالیۆن و سەرکردایەتی شۆڕشەوە و هەواڵی سەرکەوتنەکانمان پێ ڕاگەیاندن کە بەراستی ئەم سەرکەوتنە ئێمەی جارێکی تر دروست کردەوە . دەستکەوتەکان ئەوەندە زۆر بوون لە سەیارەو چەکی قورس و سوك و جیهازی لاسلکی و مولیداتی کارەبایی و فیشەك و دەیان چادر و شتی ترمان دەسکەوت کە نەمان دەزانی چی لێ

بکەین ، بەشی هەموو لایەکی دەکرد وهەتا سەیارە یەکیش بە دیاری بۆ هێزی خەبات نێردرا ، ئێمە لقی خۆمان لە زمناکۆ بەتەواوی ئاوەدان کردەوە . پاش ماوەیەك بە مۆڵەت گەرامەوە بۆ بیارە ئەمجارەش پێیان ووتم ئیتر بەسە وا کاکە حەمە گەرایەوە جێگای خۆی و تۆش لێرە بمێنەوە ، بەڵێ ئەمجارە بوو بەراستی هەرچەندە کاکە حەمە زۆر هەوڵی دا و هاتە بیارە بە شوێنمدا بەلاّم بەراستی من نەگەرامەوە و لە بیارە مامەوە .



( ساڵی ١٩٧٠ )

٧ ـ لەناوەراستی ساڵی ١٩٦٨ وە لە بارەگای بەتالیۆنی٧ هێزی خەبات لە بیارە بە لێپرسراویەتی ئیدارەو دارایی بەتالیۆن دەست بە کار بووم لەگەڵ ئەم کارە چەندین کاری ترم ئەنجام دەدا وەکو کاری تایبەت و کار کردن لەسەر جیهازی لاسلکی تایبەت ، لە هەمووی گرنگتریان کار کردن بوو لەگەڵ هەڤاڵی سەرکردە

شـەهید فـاخر میرگەسـوری کـەماوەی زیـاتر لەسـالێك پێکـەوە بـووین ، جگەلـەوەی کەوەکو برایەك هەڵسوکەوتمان دەکردلەکارەکاندا ، قوتابخانەیەکی زۆر گرنگ بوو بۆ من ئەو ماوەیەی کە لـە گـەڵ نـاوبراودا کـارم کـرد ، زۆر سـوودم لێ وەرگـرت لـەرووی رۆشـنبیری و شۆرشـگێری و کۆمەلأیەتیـەوە ، لـەو ماوەیـەدا هەرچـەندە گفتوگـۆی نهێنـی نێـوان شـۆرش و رژێـم هـەبوو بـەلأم شـەری بـەرەکانی جـەنگ لـە هـەموو کوردستان زۆر تونـد بـوو بەتایبـەتی لـە ناوچـەی هێـزی خـەبات و هەڵەبجـە ، رژێـم چەکدارێکی زۆری لەگەڵ سوپا هێنابوویە ناوچەکە وچەند جار پەلاماری بارەگاکانی پێشمەرگەکانیان دەدا لـە نـەورۆڵی و عەبابـەیلێ و خورمـاڵ و شـارەزوور و سـورێن و جارێکیان نزیکی بیارەش بونەوە ، ئەم هەوڵانەیان بێ سـوود بـوو هێـزی پێـشمەرگە ناچاریان دەکـردن بـە کـشانەوە بـۆ نـاو شـار ، وا دیـار بـوو بەهـەمان شـێوە لەگەشـت ناوچەکانی شۆرش لە کوردستان بەم شێوەیە بوون ، بۆیە رژێم زیاتر ناچـار بـوو بـە رێککەوتن لەگەل سەرکردایەتی شۆرش ، لەسالی ١٩٦٩دا ، بۆ دەورەیـەکی تایبـەت مـن نێردرام بۆ سەرکردایەتی لە چۆمان ، ئەورۆژەی ئێمە گەیشتینە ئەوێ صـدام حـسین بــە ســەرۆکایەتی وەفــدێك هاتــە ئــەوێ و ئێمــەش لــە مەراســیمی پێــشوازیکەدا بەشداریمان کرد ، پـاش ئـەم سـەردانە ئـەوە بـوو رێکەوتننامـەی ١١ ئـازاری سـالی١٩٧٠ راگەیەندرا ، ئەم رێککەوتنەش بەپێ ی بەرنامەیەکی فرتوفێڵ دارێژراو دانرابوو کە لـە مـاوەی دیـاری کراویـدا کـە چوارسـاڵ بـوو پوچـەڵی بکەنـەوە ، هـەروەك بـەو شێوەیەش بوو ، ئەوەندەی من بۆ خۆم لێ ی بە ئاگا بووم لـە چـەند پلانێـك بـۆ ئـەو مەبەستە ئەمانە بوون .

أ ـ پاش چەند رۆژێك لە خوێندنەوەی بەیاننامەکەو گەرماو گەرمی کەیف و خۆشی خـەڵکی کوردسـتان و نـارەزایی و نارەحـەتی ئـەو چـەکدارانەی لەگـەڵ رژێـم بـوون رۆژێـك فەرمانـدەی فـەوجی سـەربازی رژێـم لـە هەڵەبجـە لەگـەڵ لێپرسـراوی ئیـستخباراتی سـەربازی و قائمقـامی هەڵەبجە کـە کەسـێکی عـەرەب بـوو پـاش ئـەو قائمقامە کوردە هێنایان کە پێشتر لەوێ بوو ، لەگەڵ خوێندنـەوەی بەیاننامـەی ١١ ی

ئازار لایان داو ئەو کەسە عەرەبە بەعسیەیان دانا لە جێگای ، پیلانێکیان دانابوو کەلێپرسراونی شۆرش دەعوەت بکەن بۆ ناو سەربازگەکەو لەولاشەوە لێپرسراوی چەکدارانی مام جەلالیان دەعوەت کردبوو بەبێ ئەوەی هیچ لایەك ئاگاداری یەکتر بن بۆ مەبەستی بە گژا چونەوەیەك لەگەڵ یەکدا ، بەلاّم بەهۆی حەکیمی و هەڵوێستی لێپرسراوانی شۆرش لە بارەگای هێزی خەبات و فەرماندەی بەتالێۆنی ٧ و لێپرسراوی ناوچەی هەڵەبجە ، توانرا کارێك بکرێ ئەو بەگژا چونەوەیە روو نەدا ، من یەکێك بووم لەو کەسانەی لەگەڵ لێپرسراوەکاندا بووم ئێمە هیچ ئاگامان لەوە نی یە کە کەسی تر جگە لە ئێمە بێتە ئەودەعوەتە ، هەرچەندە شوینەکە ناو مەعسکەر بوو بەڵام بۆ دڵنیایی چەند پێشمەرگەیەکی باش و یەکە یەکیمان لەگەڵ بوو بە چەکەکانیانەوە لەکاتی پێشوازی کردن لە دەروازەی شار هیچیان نەوت و لە دەروازەی سەربازگەکە نیازیان بوو لە یەکێ لە شوێنەکانی سەربازگەکە پێشمەرگەکان بە جێ بهێڵین بەلاّم رازی نەبوین و لەگەڵ خۆمان و بۆ دەورووبەری شوێنی ئێمە بردمانن ، وادیاربوو پێش ئێمە ، ئەوانیشیان هێنابوو لە شوێنێکی تر دایان نابون ، پاش دانیشتن و بەخێرهاتن ئینجاباسی ئەوەیان کرد کە ئەوان بەنیازن بێنە لاتان هەر ئەم باسە کرا ، دەست بەجێ لێپرسراوانی شۆرش بە شێوەیەکی توند نارەزاییان پیشان داو بەبێ هیچ گفتو گۆیەك ووتیان هەستن بابرۆین ، ئێمە کە هەستاین لێپرسراونی رژێم زۆر ترسان و دەست بەجێ ووتیان راوەستن ئێستا ئەوان دەرئەکەین ئێمە رازی نەبوین و دیار بوو لەم دەنگە دەنگەمان پێشمەرگەکانیش بە ئاگا هاتن و دەرپەرینە دەرەوەو خۆیان ئامادە کرد ، زیاتر ترس کەوتە ناو سەربازگەکە ، یەکێ لە لێپرسراوانی رژێم کە وابزانم لێپرسراوی ئیستخبارات بوو بەپەلە رۆیشتوو ئەو جەماعەتەی لە سەربازگەکە دەرکرد ، ئینجا دڵنیابووین کە هەر خۆمانین ، ئەو کات و زۆر بە حەزەرەوە بەناو نان خواردنێکمان خواردوو بە پەلە گەراینەوە ، ئێمە لەوە دلگران نە بووین کە ئەوان مان بە واتا لێپرسراوانی چەکدارەکانمان ناوێت بیانبینین ، بەلاّم لە پلانەکە دەترساین کە سەربگرێ بۆیان

ب ــ لێپرســراوانی رژێــم  بەتایبــەتی جاسوســەکان وەك  ئــەمن و موخابــەرات و ئیستخبارات دەستیان کرد بە گرتنی خەڵکی ، هەر لە ناوچەی ئێمە مەلا علی بیارە کە مامۆستایەکی ئاینی بوو گیرا هەتا بـارزانی نـەمر تـەداخولی نـەکرد ئـازاد نـەبوو چەندین خەڵکی تریان گرت و چەندینی تر هەوڵی گرتنـی دەدراو لـەناو بارەگاکـانی شورش دەشاردرانەوە .

ج ـ هەوڵی تێکدانی نێوان هەردوو حزبـی شـیوعی عێراقـی و پـارتی درا لـەم هەوڵـە سەرکەوتنی بەدەست هێنا و کێشەیەکی بۆ شۆرش و خەڵکی کوردستان دروست کرد.

د ــ چـەندین ئاسـتەنگی بـۆ جـێ بـەجێکردنی بەیاننامەکـە دروسـت کـرد لەوانـەی کەدەیزانی شۆرش بەهیچ جۆرێ رازی نـابێ ، وەکـو کێـشەی کـەرکوك و باسـی کێـشە نەتەوەییەکەمان وەکو ( گەلی عێراق بەشێکە لە گەلی عەرەب و نەوتی عێراق نەوتی عەرەبە ) هەروەها دەیوست دروشمی ( امە عربیە واحدە زات رسالە خالدە ) بەسـەر ئێمەشدا بسەپێنی ، بۆیە ئەمانە هیچی قـابیلی رازی بـوون نـەبوو و زۆر بـە ئاشـکرا دژی ئــەو هەڵویــستانە بەرۆژنامــەی برایــەتی رۆژانــە دەدرایــەوەو هــەموو خــەڵکی کوردستان و عێراقی لێ ئاگاداردەکرایەوە .

ه ــ رۆڵـی حەکیمانـەی بـارزانی نـەمر بـۆ رووبەروبونـەوەی پیلانـەکانی رژێـم زۆر چالاکانە کـاری دەکـرد ، لەوانـە هەرکـە هەسـت بـەوەکرا کـە رژێـم ئەیـەوێت کینـەو دوژمنایەتی زیاتر لەنێوان کۆمەڵی چەکدارانی مـام جـەلال و شـورش زیـاتر بکـات و بەمەبەسـتە گلاوەکانیـان بگـەن ، بـارزانی نـەمر دەسـت بـەجێ لێ بـووردنی گـشتی راگەیاند کە رژێم ئەمەی پێ خۆش نەبوو ، پاش ئەمە لەهـەموو ناوچـەکان تێکـەڵاو بوونــەوە رووی داو گــەلی کوردجــارێکی تــر یــەکریزی بەخۆیــەوە بینیــەوە و زیــاتر خوشی و کامەرانی کەوتە ناو جەماوەر .

و ـ گرنگی نەدان ، رێگەگرتن لەجێ بەجێ کردنی کـاری ئـاوەدان کردنـەوە و دانـانی بوجە بۆ پارێزگاکانی کوردستان ، تەنها لە رێگای وەزارەتـی ئاوەدانکردنـەوە ( وەزارە اعمارالشمال ) چەند پرۆژەیەکی بچوك ئەنجام درا .

ز ـ ( ١٢ ) دوانزه فەوجی حرس حدود ( پاسەوانی سنوور ) دامەزرا و هەر فەوجی (٥٠٠ ) کەس بوو ، هیشتا فەوجەکان بە تەواوەتی دانەمەزرابوون کەوتنە گیانی فەرماندەکانیان و تومەتباریان دەکردن و لایان دەدان و نیازیان وابوو فەرماندەی عەرەبیان بۆ دیاری بکەن .

ح ـ کادرانی شورش وهەندێ لێپرسراوان پۆستی پارێزگارو قایمقام و بەرێوەبەری ناحیەو بەرێوەبەری شارەوانی و پۆلیس و چەند فەرمانگەیەکی تر لە پارێزگاکانی سلیمانی و هەولێر و دهۆك و هەندێکیش لەکەرکوك بە فەرمانی ئەنجومەنی فەرماندەی شۆرش لە عێراق دادەمەزران ، پاش دامەزراندن و دەست بەکاربونیان ، جاسوسەکانی رژێم کێشەیان بۆدروست دەکردن ، ئاکامەکەشی یان گرتن وەیان دەرکردن وەیان ڕاکردن بوو لەوکارە ، بۆنموونەش بەپێ ی پێشنیاری شورش بەرەسمی من بوومە بەرێوەبەری شارەوانی بیارە ، ڕۆژێکیان ویستبوویان فەردەیەك ئارد بەرەو گووندی هانەگەرمڵە بەرن کەئەم کارە شتیکی ئاسیای بوو ، چونکە هەردوو گووندی هانە گەرمڵەو بیارە جگە لەوەی سنووریان تەنها جۆگەیەکی ئاوە ، هەمووش کەسووکاری یەکترن و هیچ کاتێك نەتوانراوە کونترۆڵی رێگەگرتن بگیرێ لەنیوانیاندا ، جاسووسەکان ئەو فەردە ئاردەیان گەورە کردبوو ، تومەتەکەشیان دابووە پاڵ من کەبەرێوەبەری شارەوانیم ، بەهیچ یاسایەك من پەیوەندیم لەگەل ئەو کارە قاچاغیەدا نیە ، چونکە نەپۆلیسی گومرگم و نەپاسەوانی سنور ، بێ ئەوەی ئاگاداربم لەلایەن دادگای هەڵەبجەوە لەسەر داوای ئەمنی هەلەبجە فەرمانی گرتنم و ئامادەبوونم لەدادگا دەرچووبوو منیش پەیوەندیم کرد بەبەریوەبەری ناحیەی خورماڵ و قائمقامی هەڵەبجە و پارێزگاوە ، وادیاربوو قائمقام لەگەڵ ئەمنی هەڵەبجەو حاکم قسەی کردبوو ، بۆ جی بەجی کردنی بریاری دادگا تەنها لەبەردەم دادوەر ئامادەبووم و نکوڵیم کرد لە تاوانەکەو ئەویش فەرمانی ئازادکردنی دام ، دیارە سەدان کاری واکراوە بەرامبەر بە لێ پرسراوان ، بویە یان دەبو واز لە وەزیفەکە بێنی یان تووشی گیروگرفت دەبویت .

ت ــ خۆتەقاندنـەوەی كۆمـەڵێك جاسـوس بـە پۆشـاكی مامۆسـتایانی ئایینیـەوە لـە بارەگای بـارزانی و لەبـەر دەم شەخسی سـەرۆك دا كـە یـەزدانی مـەزن پارێزگـاری لی كرد و نەجاتی بوو ، هەروەها تەقە كردن لە وەفدی شۆرش لـە نـاو شـاری بغـداد كـە سـەرۆكایەتی وەفدەكـە سـەركردەی هەمیـشە زینـدو كـاك ئیـدریس بـارزانی بـوو ، نیشانەی ناپاكی سـەركردایەتی رژێـم و فرتوفێـڵ یـان بـوو لـە جێ بـەجێ نـەكردنی رێكەتننامەكە .

٨ـ هەروەكو لەسەرەوە باسم كردووە من بەپێ ی پێشنیاری شۆرش یەكێك بووم لـەو هەڤاڵانەی كەلە پۆستێكی میری دابمەزریم و بەپۆستی بەرێوەبـەری شـارەوانی بیـارە دامەزرام و لە ١٩٧١\١\٢٠ دا دەست بەكاربوم. بە هۆی ئەوەی كە خەڵكی ناوچەكە بـوم و پێشتر هەر لەوێ كارم كردبو ، سەرپەرشـتی هەنـدێ كـارو بـاری شـارەوانیم لەگـەڵ كارەكانی شۆڕش ئەنجام دەدا. كارەكەم لاگران نەبو لەگـەڵ ئـەوەش بەڕاسـتی خـەلكی ناوچەكە بەتایبەتی بیـارە زۆر هاوكاریـان دەكـردم ، جگـە لەبـەڕێوەبردنی كارەكـانی ئیداری كەجێگای ڕەزامەندی شارەوانیـەكانی پارێزگـا و وەزارەتـی شـارەوانیەكان بـو ، هەندێ كارم بۆڕەخسا كەجێ بەجێ كرا ئەویش كاری شـەو و ڕۆژم بـو ، چونكە زۆر بەگەرمی كارم تێدا دەكردو مەبەسـتم بـو كـە كارەكـان تـەواو بـبن و بەنیـەتی كـاری زیاتر لە ناوچەكە جێ بەجێ بكرێت و لە ئاكامی جێ بەجێ كردنـی كارەكـان وادیـار بو جەماوەری ناوچەكە زۆر پێخۆشـحاڵ بـون ، هـەروەها بـەهۆی چاكی و زوو تـەواو بون و بێ كەموكورتی و پاكو خاوێنی خەرج بـونی پارەكـانی پرۆژەكانـەوە چـەندین سـوپاس نامــەم لــە شەخــسی وەزیــری شــارەوانیەكان و پارێزگــاری ســلێمانی و شارەوانیەكانی سلێمانی و قائیمقـامی هەڵەبجـەوە بـۆ ئاراسـتە دەكـرا ، جگـە لەمـەش سەرپەرشـتی پرۆژەكـانی ئـەو سـنورە كـە پەیوەسـت بـوون بـە ئیـدارەی محـەلی سلێمانیەوە لەلایەن برای بەرێز مهندس كاك عمر فتاح وە ئـەكرا ، بـەم هۆیـەوە كـە جارو بار منیش لەگەڵی دەبوومە لیژنە بۆ وەرگرتنی كارەكان ، دۆستایەتیمان پەیـدا كردبوو ، ئەویش زۆر خۆشحاڵ ئەبوو بەكارەكانی ئێمە ، هەمیشە لە پاریزگادا باسی

ئەكردین ، ئـەویش بەراسـتی بـەو بۆنەیـەوە حـەزی لێ بـوو کـە کـاری زیـاتر بـۆ ئـەو سنورەی ئێمە بکرێت ، ئەم دۆستایەتیەمان هەر مایەوە ، لـە ئێـران چـاومان بەیـەك کەوت و یادەوەری کارەکانمان دەکردەوە ، ئیستاش هەمان خۆشەویستی هەر مـاوە لـە نێوانماندا ، لـە ڕۆژی دەسـت بـە کـاربونم لـە ١٩٧١\١\٢٠ تـا ١٩٧٤\٣\١١ کـەڕۆژی کۆتـایی هاتنی کارەکەم بو توشی هـیچ لێپرسـینەوەیەك نـەبوم جگـە لەدەسـت خۆشـی کـردن نەبێت و ئەم کارە گرنگانەشم ئەنجام داوە لەگەڵ کارە ئیداریەکاندا.



(ساڵی ١٩٧١)

بسم الله الرحمن الرحيم

يرجى اشارتنا ،

**وزارة**
**الشؤون البلديه والقروية**

مديرية الديوان العامـــة
قسم الادارة والذاتية
الرقم ٨٢
التاريخ ٢٢/١٢/١٩٧٠
١/٨/٧٢

الى :ـ محافظـــة السليمانية /البلديات

الموضوع / اشـغال وظائف مدرا* البلديـــات

١ـ الحاقا بكتابنا المرقم م ع / ٥٨٢ والمؤرخ في ٢٢/١٢/١٩٧٠ ·
اعلمنا مجلس قياد ة الثورة /مكتب امانة السر بكتابه المرقم ٢٢/٧١٢٤
في ٢٨/١٢/١٩٧٠ بحصول الموافقة على تعيين السيد حمه علـــي
توفيق موزا نتاج مديرا لبلد ية بياره والسيد انور محمد امين مديـــرا
لبلد ية خورمـال ·

٢ـ توافق على تعديل راتب وظيفة مدير بلد ية بياره من ( ١٨ـ٢٤ ) الى
( ١٥ـ٢٧ ) دينارا ·

فيرجـــى اتخاذ مايلزم بهذا الشأن واعلامنـــا ·

وزير الشؤون البلد ية والقروية

ناحية ... بياره
العدد ٢١٠٠٠/١٥
التاريخ ٢/١١/١٩٧١

صورة منه الى :
مجلس قياد ة الثورة /مكتب امانة السر /كتابكم اعلاه ـ للتفضل بالعلم ·
وزارة الماليـــــة
مديرية الخدمات البلد ية والقروية العامـــة
مديرية بلد ية بيـــاره
مديرية بلد ية خورمـــال } للعلم ·
الــ... ...
قسم الادارة ...

## (بریاری دامەزراندن)

بسم الله الرحمن الرحيم

**وزارة البلديات**

مديرية الديوان والبلديات العامة

قسم الادارة والذاتية

الرقم ٤٦٧٢١

التاريخ ٨/١٢/٧٢

يرجى اشارتنا الى الرقم كاملا

ختم الواردة

مديرية بلدية بيارة
الرقم ١٠٦
التاريخ ٢٠/١٢/١٩٧٢

الى :ـ

السيد حمه علي توفيق ميرزا نشات

مدير بلدية بيـــاره

الموضوع / شكر وتقدير

بالنظر لقيامكم بواجباتكم بصورة مرضية ولجهودكم المثمرة في تطوير اعمال البلدية فان هذه الوزارة تسجل لكم شكرها وتقديرها ..

وزير البلديـــات

نسخة الى ـ

محافظة السليمانية ـ البلديات

مديرية بلديـــة بيـــاره

قسم الادارة والذاتية / الموسسات / للتاشير

الكاتب
عنف
٢٠/١٢

عباس / ١٢/٦

(... سوپاس نامه)

أ  ـ چـەمی بیـارە بەناوەڕاسـتی گوندەکـەدا دەڕۆشـت جگـە لـەپردێکی گـەورە بـۆ پەڕینەوەی ئۆتۆمبیل لەسەر ڕێگای هەلەبجە ـ تەوێڵە کەبـەناو بیـارەدا تـێ دەپـەڕی هیچ دیوارێك و پردێك بۆ هاڵاتیان نـەبو ، بۆیـە پێـشنیاری دروسـت کردنـی دیـواری پاڵپشت بۆ هـەردو بـەری چـەمەکەو دروسـت کردنـی (٢) پـردی پەڕینـەوەی خـەڵکم کردو پارەی بۆ دیاری کرا و ئەوکارەمان کرد بەڕاستی زۆر سود بەخش بو .



بیارە/ لەراستەوە — خۆم -  شیخ رووف شیخ عوسمان - ئەسوەد محمد - فرج رحمان

ب ــ لـەناو بیـارە هـیچ ئـاوەڕۆ نـەبو هەنـدێ ئـاوەڕۆی سـەرەکیم بۆدروسـت کـرد و هەندێ پاکو خاوێنی لەناو کۆڵانەکان بەدیار کەوت.

ج ــ بـەهۆی بۆریـەکی (٢) ئینجی کـاتی خـۆی لـەزەمانی کـۆن لەسـەر سـنور لـەکانی ئاوێکەوە ئاو دەگوێزرایەوە تەنها بۆ یەك شوێن ولەوێ خەڵکی ئاویان دەگواستەوە بۆ ماڵەکانیان بەدەستی ، هەندێ گۆڕانکاریمان لەو پرۆژەیەدا کرد ، حـەوزێکمان لەسـەر کانیەکە دروست کرد و هەنـدی لەبۆریـەکانمان گـۆڕین ، جگە لەوشـوێنە تایبەتیانـە کەهـەبو بۆخـەڵکی چـەند بۆریـەکی ترمـان بـەو شـوێنانەدا ڕاکێـشا کەئاوەکـە

دەیگرێتەوەو ئەم کارە بوە هۆی ڕاکێشانی ئاو بۆچەندین خانو کە نزیکەی (٣٠ تا٣٥) خانو ئاوی بۆڕاکێشرا .

د ـ بەهۆی بونی بینایەکی خراپ بریتی بو لە خانێکی وولاغ و بازارێکی کۆن و چەند ئاودەستێکی کۆنی خانەقای بیارە ڕێگای چونە ناو گوندی لە ئۆتۆمبێلەکان گرتبو ، کەبەڕاستی ئەمە زۆر گرنگ بو کەئۆتۆمبیلەکان بچنە ناو گوند هەتا ساحەی بەردەم فوتابخانەی گوندو نزیك بونەوە لە نەخۆشخانەکەو نزیك بونەوە لەدوکانەکان ، من وەکو بەڕێوبەری شارەوانی سەردانی بەڕێوبەری ئەوقافی سلێمانیم کردو ئەوبابەتەم لەگەڵ باس کردن ، پێم ووتن ئێمە ئامادەین ئەوخانو و زەویەی کەهی خانەقایە بەیاسای ئیستملاك بیکڕین و بەمەرجێ پارەکەی تەنها بۆ خانەقا خەرج بکرێت و ڕیزە دوکانێك لەگەڵ دروستکردنی ئاودەستەکان بەشێوەیەکی ڕێکو پێك ، ئەوانیش پێخۆشحاڵ بون وبەڵێنیان دا کە ئەو کارە بکەن ، ئێمە ویستمان قسە لەگەڵ خوا لێخۆشبو کاك شێخ ڕۆوف شێخ عوسمان بکەین ، وادیار بو ئەوقاف نارازی بون و وتیان بەپێی یاسا خانەقا سەربە دائیرەی ئێمەیە و پێویستە لەگەڵ ئێمە ئەو کارەئەنجام بدەن ، بۆئەم کارە هەستام بەوەر گرتنی ڕای ڕیش سپیان و پیاو ماقوڵانی بیارەو بەرپرسانی شۆڕش لەناوچەکەو جێگای ڕەزامەندیان بو ، خوا لێخۆش بو کاك شێخ ڕۆوف کەزانی کارەکە لەدەست ئەو نابێ کەوتە نارەزایی دەربڕین ، ئێمە دەستمان بەکارکردن کرد بەشێوەیەکی یاسایی لەدادگای ئیستملاك و لەبوجە ی شارەوانی و بوجەی ئەوقاف پارەی پێویست دانرا چ بۆ ئیستملاك و چ بۆ دروستکردنی دوکانەکان و ئاودەستەکان ، نارەزایی یەکان لەچەند جێگایەك سەری هەڵدا ، یەکەمیان لە پارێزگای سلێمانیەوە کە ڕێزدار کاك علی عبدالله پاریزگاری بوو ، ناردی بەشوێنما و پێی ووتم چۆن خانەقا دەروخێنی ، بەلأم دەمزانی ئەوبانگ کردنە بۆ ئەوەیە ، بەڕێز کاك حسێن عبدالله بەرێوبەری گشتی شارەوانیەکان لە سلێمانی کەکارەکانمان لەرێگای ئەوەوە جێ بەجێ دەکرا لەگەڵ خۆم بردم بۆ لای ڕێزدار کاك علی و هەرچی موستەمسەکات هەبو پێمان بوو

، دیار بوو ئەو هەواڵەکانی لەدەرەوەی کاری پارێزگا پێ گەیشتبو گوایە ئێمە خانەقا دەروخێنین و دەیکەین بەجادە ، بەلاّم کاتێ تی گەیشت ووتی کاری خۆتان بکەن ، دووەهەمیان بەرێز مامۆستا ملاعلی عبدالعزیز کە ئەو کاتە لەیەکیەتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان کاری دەکرد لەناوچەکە ، سەردانی ئێمەی کرد لەشارەوانی بیارە ، پێ ی ووتم کاکە علی تۆ کوری کێت پێ ئەڵێن چۆن جورئەت ئەکەی شۆفل لەخانەقا بدەیت ؟ لەو کاتەدا چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی شارەوانی بیارە کەیەکێکیان خوالێخۆشبو مامۆستا ملا تاهر بو لەوێ ئامادەبوو ، ئەوان لەجیاتی من وەڵامیان دایەوە وو تێیان گەیاند کە کارەکە بەوشێوەیە نییە و بۆ ئەم مەبەستەیە ، بەراستی کەمامۆستا لەمەوزوعەکە گەیشت ووتی من کە کاك علی م ناسیوە بەم شێوەیەم ناسیوە نەك بەخراپە کاری ، بۆیە خۆشحاڵ بو، بەهەر حاڵ کارەکەمان لەگەڵ ئەو نا ڕازی بونەش تەواو کردو خەڵکی بیارە زۆر خۆشحاڵ بون و ڕێگای ئۆتۆمبێلیش کرایەوە بۆناو شارۆچکەی بیارە و ریزێك دوکانی تازەش لەگەڵ چەند سەرئاوێك بۆ خانەقاش دروست کران .




(ساڵی ١٩٧٣)

ﻫ ـ شارۆچکەی بیارە هەتا ساڵی ١٩٧٠ کارەبای نـەبو ، پـاش دەرچـونی ڕێکەوتننامـەی ١١/ ئازار و پێش ئەوەی من ببمە بەڕێوبەری شارەوانی لـە ڕێگـای بـەڕێز کـاك جمـال نامیق فەرماندەی بەتالیۆن و پاشان بوە فەرماندەی هێز، هەوڵماندا کە شـتێکیان بـۆ بکـەین یـان مۆلیـدەیان بـۆدابنێین یـان کارەبایـان بۆڕاکێـشین لـەڕێگای هەڵەبجـەوە ، ئەویش هەوڵی دابو (٢) مولیدەی بچوك کەهەر یەکەیان (٢٥) کـەی ڤـی دەبـون کـاتی خۆی بۆ چوارتا یان دانابون ، دەست کرابـو بەڕاکێـشانی کارەبـا بـۆ ئـەوان ، وای کـرد ئەو(٢) مولیدە گەیاندرانـە بیـارە و لـەژێرخانی بینـای شـارەوانی دانـران و دەسـتمان کرد بەکارکردنی دامەزراندنیان ، وەکو لەپێـشەوە باسـم کـرد لەگـەڵ کارەکـانی تـری شۆڕش کاری شارەوانیشم ئەکرد ، بۆیە هەر خۆم سەرپەرشتی ئەم کارەم دەکرد ، کار پێ کردنی مولیدەکان دەبوایە بەهەندل بوایەو مەکینەکان قورس بون و هێزی باشی ئەویست بۆیە هەمو ئێوارەیەك چەندین کوری گەنج ، خەڵکی بیارە کۆدەبونـەوە بـۆ هەنـدل لێـدان و مەکینەکـەیان بـەکار دەخـست و کارەبـا دەدرایـە خـەڵکی. ئەمـە

بەردەوام بو هەتا من بە بەڕێوبەری شارەوانی دامەزرام و بۆخۆم ئەرکی هەرە گەورەم دانا بۆ مەبەستی دابین کردنی کارەبا بەراکێشانی هێڵی تایبەتی لەکارەبای هەڵەبجەوە ، ئەم هەوڵەم سەری گرت و پرۆژەکەش لەناوچەی هەڵەبجە زۆر بو لەوانە کارەبا بۆ خورماڵ و چەند گوندێکی تر وەکو بیارە و گوڵپ و بەڵخەو تەوێڵە ، چەند لێژنەیەکیان دروست کرد یەکێکیان لێژنەی ئێمە بو کەپێك هاتبو لە ئەندازیارێك و من و یەکێکی کارەبایی کەبەناوی (کامل الیشاع) بو لە سەرچنار دائەنیشت هەردوکیان بەزەحمەت بوون بۆجێ بەجێ کردنی کارەکە ، من پێم ووتن ئێوە تەنها لە هەفتەیەك یان دووهەفتە یان مانگی جارێك سەردانم بکەن من بۆخۆم هەموو کارەکانتان بۆ ئەنجام دەدەم ، کارەکەش بەپێ ی نەخشەو کاری فەنی بوو بەلام من هەر بەلێنم دا کە جێ بەجێ ی ئەکەم ، هەرچۆن بوو ئەوانم رازی کرد بۆ یەك جار هاتن ومنیش بۆخۆم دەست بەکاربووم ، پێشەکی چوومە شارەوانی هەڵەبجەو داوام کرد کە کرێکاریکی کارەبام بۆچەند رۆژێك بدەنێ و داواشم کرد لەگەنجەکانی بیارە هاوکاریم بکەن با کرێکار لە شوێنیکی ترنەهێنین ، بەراستی زۆر مەردانە هاتنە ناو کارەکە هەروەکو بۆماڵی خۆیانی بکەن ، زۆر جار ئێواران دەموت بەسە بابرۆین ئەوان دەیان ووت نا ، بائەو عەمودەی تریش دابنین ، بۆخۆم بومە مهندس ، فەنی ، کرێکار ، شوفێری سەیارە ، کارمان کرد رۆژی دەست بەکاربوونی ئیشەکەمان بەبروسکە رەوانەی پارێزگاو وەزارەت کردبوو ، ماوەی تەواو بونی کاری دانانی عەمودەکان بەپێ پلانی خۆیان (٥)پێنج مانگ بوو ، راکێشانی تەل ودامەزراندنی هیلی کارەبای ناو شارۆچکە و دانانی محاویلە کان ئەویش (٢)دوو مانگ بو ، پارەیەکی زۆری بۆدیاری کرابوو ، پێش ئەوەی بدرێتە لیژنە لەبەغداد خرابویە مناقصە ، بەلێندەر داوای (١٥) پانزە دیناری کردبو بۆدانانی هەر عمودێك بەکاملی ، بەڵام ئەوان (١٤)دیناریان وەکو کەشف بۆ دانابوو ، بۆیەبریاریان دابو کە لە ریگای لیژنەوە جی بەجی بکرێت ، کاری دانانی عەمودەکانی رێگا لە هەڵەبجەوە هەتا بیارە و لە بیارە شەوە بەرەو تەوێڵە هەتا پاشی دەرگا شێخان هەر بەردەوام بوین و عەمودەکانی ناو شارۆچکەکەشمان دادەنان ، بروسکەیەکم کرد کە وا کاری عەمودەکانمان تەواوکردوە ، بەڵکو تەل و پێداویستەکانی ترمان بۆ بنێرن لەگەڵ موحاویلەکان ، هەر کەبروسکەکەم دەگاتە دەستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبا

لەدیوانی وەزارەت کە ئەو کاتە بەڕێز کاك حسن زێوەر کەخەڵکی سلێمانی بوو موهەندیسی کارەبا بوو لەوێ ئەویش بروسکەکە دەبات بۆ دیوانی وەزارەت و دەیداتە بەڕێوبەری گشتی و تەماشای رۆژی دەستبەکاربونمان دەکەن کەماوەیەکی زۆر کەمەو تەنها(٢١) بیست و یەك رۆژی پێ چووە ، دەڵێن بە عەرەبی (هدامخبل) باوەڕ ناکەن ، دەڵێن کاکە حسن لەگەڵ یەکێکی تر بڕۆن بزانن چی ی کراوە ، ئێمە خەریکی دانانی ئاخر دوو عمودی کە بۆ جێگای محاویلەی ساحەکەی بیارە بوین و خۆم بەجلی کوردییەوە هەر وەکو کرێکارەکان لەگەڵیان بوم ، سەیردەکەین سەیارەیەك هات و چەند ئەفەنیەك دابەزین و نزیك بونەوە لێمان و کاك حسن بەکوردی ووتی کاك حمە علی بەڕێوبەری شارەوانی لەکوێ دائەنیشێ ؟ بۆ خۆم وەڵامم دایەوە و پێم ووت فەرمون بەخێربێن من ئەوم ، زۆر خۆشحاڵ بوو ڕووی کردە ئەوی تر ووتی (هاماگلت) دیار بوو زوتر کەتەماشای کارەکەیان کرد بوو لە ڕێگا باسیان کردبوو ، چوینە شارەوانی و میوانداریمان کردن و ووتیان کەس باوەڕی نەدەکرد ئێوە بەم شێوەیە بەبێ مهندس ، بەبی فەنی و بەم شێوە جوان وو ڕێکوپێکە کارەکە تەواو بکەن ، ووتم کاکە هەندێکیشمان بۆ تەوێڵەش داناوە چونکە عەمودمان بۆیان گواستبوەوە و نەمان هێلاً لە ئەرز بمێنن ، ئەگەر عەمودی تر هەبوایە کارەکەمان ڕانەدەگرت هەتا تەوێڵەش ، بەراستی زۆر زۆر خۆشحاڵ بوون ، ووتیان ئێمەشی وەعدێکتان دەدەینێ بە گەڕانەوەمان دەبێ بەپەلە تەل و پێداویستیەکان ڕەوانە بکەین تەلێکیشتان بۆ دەنێرین کە تا ئێستا لە عێراق بەکار نەهاتووە تازە لەکوێتەوە هێنراوە ، کامل الیشاع لە کوێت دەورەی چۆنیەتی کار پێکردنی دیوە وا دەکەین بۆ چەند رۆژێك بێتە لاتان هەتا کارەکە تەواو ئەکەن و تەلەکەش فافۆنە ، ئەو کاتە تەلی مس بەکار ئەهات ، هەر کەگەڕانەوە بۆ بغداد زۆری نەبرد بە بروسکە سوپاسنامەی بەڕێوەبەری گشتی کارەبای وەزارەت و شەخسی وەزیر بەڕێز کاك ئیحسان شێرزاد و پارێزگاری سلێمانی و چەند شوێنێکی ترم بۆ هات،



بسم الله الرحمن الرحيم

مديرية بلدية بيارة
الرقم ١٠٩٧/ك
التاريخ ٢٧/ ١٢/ ١٩٧٢

وزارة البلديات
مديرية مشاريع الماء والكهرباء العامة
قسم الادارة والذاتية /الموظفين
العدد ٢٦٥٩٢
التاريخ ٩/ ١١/ ١٩٧٢م

السيد علي ميرزا فتاح
مدير بلدية بياره

الموضوع /– شكر وتقدير

بناء على الجهود التي بذلتها في تنفيذ اعمال الشبكات الكهربائية على خط خورمال طويلة والشبكة الداخلية في بياره وقرية كولب وتعاونكم الجدي مع مهندسينا المشرفين على اعمال الشبكات التابعة لبلديتكم ، وأننا لايسعنا بهذه المناسبة الا ان نسجل لكم شكرنا وتقديرنا على ذلك .


مدير مشاريع الماء والكهرباء العام

صورة منه الى /–
وزارة البلديات /مديرية الديوان والبلديات العامة /قسم الادارة والذاتية /للتفضل بالعلم .
محافظة السليمانية /مديرية البلديات " راجين العلم
مديرية بلدية بياره "
قسم الكهرباء /للعلم واشارة الى تقرير السيد حسن زيور .
[illegible]
قسم الادارة والذاتية /الموظفين
الاضبارة العامة
ملفة الكتب الصادرة

**(سوپاس نامه )**

له کۆبونەوەیەکی گشتی شارەوانیەکان لە سلێمانی ڕێزدار کاك علی عبدالله سوپاسی کردم و زۆری بە سەردا هەڵدام و دیاری وەزیری شارەوانیەکانی پێ بەخشیم کە سەعاتێکی دەستی نایاب بوو کە هەتا چەند ساڵێك هەرلام مابوو ، بەڕاستی منیش ئەمانە و بەڕێوە چونی کارەکە و گەرم و گوڕی گەنجانی بیارە و پێ خۆشحاڵی خەڵکی ناوچەکە نەك هەر بیارە بەڵکو خەڵکی تەوێڵەش زۆریان باس ئەکردم وای لێ کردبوم کە شەوو ڕۆژ خەریکی کارەکەم بم ، من پەلەم لە کارەکەم ئەوەبوو

کەبتوانین لە رۆژی ۳/۲۱ واتا رۆژی نەورۆز ئێوارە لەگەڵ داگیرساندنی ئاگری نەورۆز ئێمەش کارەباکە داگیرسێنین ، بەڕاستی وەزارەت بەزوویی تـەل و پێداویـستیەکانیان نـارد لەگـەڵ تێبینـەری تـەکنیکی دەسـتمان کـرد بـە بەسـتنی تـەل ، زۆر بەئاسـانی ئەوەیش تـەواو بـوو، ئاگاداری دانیـشتوانی بیارەمـان کـرد هـەمووی خـەریکی دانـانی کارەبای ناو ماڵەکانیان بن ، شتێکی باش بوو کەبەرنامەکەمان بـۆ رۆژی دیـاری کـراو کە شەوی نەورۆز بوو تەواو بوو ، لە کۆبونەوەیەکی جەماوەری لە بیـارەدا بەبۆنـەی جـەژنی نـەورۆز و لەگـەڵ کردنـەوەی ئـاگری نـەورۆز کارەباکـەم داگیرسـاند ، ئـەنجا هەموو بیارە رۆشن بوو ، دەستکرا بەهەڵپەڕکێ و خۆشی و تەقەکردن هـەتادرەنگانی شەو، پاش هەژمار کردنی خەرجی کارەکە وادەرکـەوت کـە خـەرجی هـەر عـەمودێك تەنها (٦) شەش دینار و شتێکی تێ چووبو لەو بڕە پارەیەیی کە وەکو کـشف بـە (١٤) چوارده دینـار بـۆی دانرابـوو ، ئەمـەش زیـاتر خۆشەویـستی ئێمـەی لای بەرپرسـان زیاتر کردبوو ، بۆیـە داوام کـرد کـە رەزامەنـدی لەسـەر راکێـشانی کارەبـا بـۆ گونـدی (گولـپ) بکـەن و ئـەوانیش رازی بـوون و بـەکاتێکی کـەم کارەباشمـان بـۆ ئـەو گونـدە راکێشا ، دیاربوو کاری راکێشانی کارەبا لە خورماڵ و گوندەکانی بەسـستی دەرۆشـت ، پاش ئەوەی من کارەکانم تـەواو بـوو کردمیانـە سـەرۆکی لیژنـەی راکێشانی کارەبـای هەردوو گوندی ( خێڵی حمه و گۆمەلار) سەر بەناحیەی خورماڵ و کارەبای ئەو دوو گوندەشمان تەواو کرد .


بســـم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقيـــة

محافظة السليمانية / البلديات /
الذاتيـــة
العدد / ٩٨٨١
التاريخ / ١٢ / ١٩٧٣
١٩

الى / السيد محمد علي توفيق ميرزا فتاح مدير بلدية بيارة
الموضوع / شكر وتقدير

بناءً على ماجاء بكتاب وزارة البلديات المرقم ٤٦٣٢١ في ٨/١٢/٩٧٣ المتضمن قيامكم بواجباتكم بصورة مرضية ولجهودكم المثمرة في تطوير أعمال البلدية فعليه نسجل لكم شكرنا وتقديرنا ليكون قدوة للآخرين .

عارف طه الحاج حامد
م . محافظ السليمانيـــة

صورة منه الى /
وزارة البلديات ـ مديرية الديوان والبلديات العامة ـ اشارة والذاتية ـ كتابكم اعلاه للتفضل بالاطلاع رجاءً .
مديرية بلدية بيارة ـ للعلم .
الذاتية ـ مع المرفقات

لطفيـــة ١٢/١٧

(سوپاس نامەی پاریزگای سلیمانی)

و ــ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی بیارە تازە کرایەوە و یەکەمین بەڕێوەبەری ناحیە خوالێخۆشبوو ( فازیل سعید عمر) خەڵکی هەولێر بوو ، پیاوێکی زۆر باش و ڕێکوپێك بوو ، پاش چەند مانگێك توشی نەخۆشی هات و چوو بۆ چارەسەرکردن بەهۆی نەخۆشییەکەی ئەمری خوای کرد و ناحیەکە بەبێ بەڕێوەبەر مایەوە و لێ پرسراوی پۆلیسی ناحیە کاك حەسەن ناوێك بوو کە موفەوەز بوو بەڵام نەخوێندەوار بوو ، باقی دائیرەکانی تر هەندێك هەبوون و هەندێك نەبوون ، کاتی چوونی بەڕێوبەری ناحیە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی ، خوالێخۆشبوو کاك جمال نامق قایمقامی هەڵەبجە بانگی کردم ووتی هەرچەندە بە رەسمی نابیت فەرمانبەری وەزارەتێکی تر بکرێتە وەکیلی فەرمانبەری وەزارەتێکی غەیری ئەو وەزارەتە ، بەڵام ئێمە ناچارین و لە تۆ باشترمان دەست ناکەوێت کە بیکەینە وەکیلی بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە و کارەکانیان بۆ ئەنجام بدات هەتا کاك فازیل دەگەڕێتەوە . من زیاتر لە (٣) مانگ وەکیل بووم و زۆر ئیشم جێ بەجێ دەکرد وادیار بوو لەسەر ئەم کارە هەندێ بەخالەت هەبوو بۆیە ڕاپۆرتی ژێر بەژێریان گەیاندبوە وەزارەتی ناوخۆی

عێراق و لەوێوە نارەزایی نیشاندرابو ، منیشیان لەو وەکالەتە لادا . کۆتایی هات بەو کارە و بەرێوبەری ناحیەی خورماڵ یان کردە وەکیل و کارەکانی ناحیە قورس بو چ بۆخەڵکی چ بۆفەرمانبەرەکان ، هەر لەو زەمانەدابو ( ٢ ) دوو کاری تر هەبون کەلای خەلکی ناوچەکە گرنگ بوون و زۆر جار خەڵکی دیار سودیان لێ وەردەگرتن و ئەوانەی کە حەقی خۆیان بوو سوودیان لێ وەرنەدەگرت ، ئەویش دابەش کردنی (دۆنم) بۆجوتیاران بۆکاری فەحص کردنی توتن و (بەیان) بۆناردنی (فستق و کشمیش و ناوکە کولەکە و قەیسی) . خوا لێخۆش بو کاك جمال نامق سالێکان هەردوو کارەکەی سپارد بەمن کە دابەشی بکەم لەسەر سنوری ناوچەی هەورامان ، بەراستی منیش ئەو ساڵە ئەو دو شتەم دابەش کرد بە شێوەیەکی وا کەشوێن و کەسایەتی واهەبوون بە هیچ جۆرێ و هیچ کاتێ ئەو شتەیان پێ نەدرابوو کە زۆر مستەحەقی بوون چونکە پێشتر و پاشتریش کەسانی دیار سودیان لێ وەردەگرت .

ز ـ لەگەڵ ئەوەش کەمن بەرێوەبەری شارەوانی بووم ، ئەندامی رێکخراوی بیارەش بووم و زۆر کاری حزبیشم ئەنجام دەدا پاش نیوەڕوان و ڕۆژانی مۆڵەت دەوری کاریگەریم هەبوو لەگەڵ هەڤالانی رێکخراو . رێکخراوەکەمان پێکهاتبوو لە هەڤالان ( خالیخۆش بوو کاك حەمەصالح سلێمان بگ لێپرسراو — کاك فایق واحد و من وکاك شەوکەت سلێمان و کاك حبیب محمود ) ئەندامانی رێکخراو بووین ، ئەم چەند کەسایەتیە پێکەوە وەکو یەك کارمان ئەکرد .

ح ـــ پاش رێکەوتننامەی ١١/ازاری ساڵی ١٩٧٠ وردە وردە لێ پرسراوانی شۆرش دامەزران لە فەرمانگەکانی حکومەت ، خوالێخۆشبوو کاك عبدلوهاب ئەتروشی فەرماندەی هێزی خەبات بوو هەر زوو کرایە پارێزگاری رومادی و خوالێخۆشبوو کاك جەمال نامق کرایە فەرماندەی هێز و بەرێز کاك شوکت حاجی علی کە جێگری کاك جەمال بوو کرایە فەرماندەی بەتالیۆن . لەماوەیەکی کەمدا هەردوو بەرێز کاك جمال کرایە قایمقامی هەڵەبجە و کاك شوکت کرایە جێگری بەرێوەبەری پەروەردەی سلیمانی و بەتالیۆن و هێز بێ کەس مانەوە و بۆ هێز لیژنەیەك دانرا بۆ

سەرپەرشتی کردن کەیەکێکیان من بووم و بۆخۆشم سەرپەرشتی بەتالیۆنم دەکرد .
لەو کاتانەشدا فەرمانی دروست کردنی فەوجەکانی حەرەس حدوود هاتبوو و سەرکردایەتی شۆڕش لە گشت هێزەکان سەر قاڵی دامەزراندنی ئەو فەوجانە بوون چونکە بەڕاستی بۆ ئەوکاتە دەستکەوتێکی زۆر گرنگ بوو کەبەڕەسمی پێشمەرگە وەکو حەرەس حدوود ناسراو و ١٢ فەوجیش کەم نەبوو ، هەموو تەشکیلاتیش بە فەرماندە و ئەفسەرو دەرەجەدارە وە هەمووی لە نێوان پێشمەرگەکاندا دیاری دەکران و وابزانم تەنها یەك نەفەری سەربە حکومەت هەبوو ئەویش بۆ پەیوەندی نێوان فەوجەکە و ئەو دەزگایانەی میری کە پەیوەست بوون پێیەوە ، ماوەیەکی زۆر بەو کارەشەوە سەرقال بوین وورده وورده هیزو بەتالیۆنەکان کەم دەبونەوە تا وای لێ هات هەندێ لە لێپرسراو و پێشمەرگەکان خۆیان حەزیان لە تەشکیلاتی فەوجەکان نەبوو وە یان ڕێگایان نەدەبووەوە ، چونکە هێزی پێشمەرگە لەو ژمارەی دیاری کراوو زیاتربوو ، سەرکردایەتی شۆڕش بۆ ئەوانیش بریاری مانەوەی بەتالیۆن و هێزەکانی دابوو کە کاری خۆیان بکەن ، جا لەو کاتانەدا زیاتر من بە کاری نوێنەرایەتی هێزو بەتالیۆن هەڵئەستام ، چ بۆ کۆبونەوەکانی ناوچەورەسمیەکان لە قائمقامیەت و هەندێ جاریش بۆ لقی ٤ لەو کارانەش کە دیاری بوون .
یەکەمین ئاهەنگی جەماوەری بۆ ناوچەی بەتالیۆنی ٧ کە لە خورماڵ ساز کرا بە سەرپەرشتی من بوو بۆ خۆشم ووتاری بەتالیۆنم خوێندەوە . کە ئاهەنگێکی زۆر قەرەباڵغ بوو . نوێنەری بارزانی نەمر ئەو کاتە حاکم حەسەنی خوالێخۆشبوو بوو کە لەگەڵ فەرماندەیی لیوای سەربازی عێراق بە هەلیکۆپتەر هاتن بۆ بەشداری کردنی ئاهەنگەکە .
دووهەمینیان نوێنەری هێز بووم کە چەند فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگەی سنوری بەتالیۆنی ٧ م لەگەڵ بوو بۆ بەشداری کردن لە گواستنەوەی تەرمی خوالێخۆشبوو ، شاعری نەمر ( ملا نجم الدینی ملا ) کە لە سلێمانی یەوە بۆ سەر

شاخی ئەزمەر گواستراپەوە لەوێ من ووتاری هێزم خوێندەوە و ئەم بۆنەیەش لە تەلەفزیۆنی کەرکوکەوە بلاّو کرایەوە .
سێ هەمین : هەڤاڵی خوالێخۆشبوو کاك فتاح حمەامین ئاغا کرایە فەرماندەیی هێزی خەبات و کە هاتە بیارە بە منی ووت پێیان ووتووم لەگەڵ تۆ پەیوەندی بکەم بۆ دەست بە کاربوونم و دەبێ بەراستی هاوکاریم بکەیت ، منیش خۆشحاڵ بووم بە هاتنی و دەست بە جێ و بە ئامادەبوونی هەڤاڵی خوالێخۆشبوو کاك رەسوڵ مەمەند کە ئەو کاتە لێپرسراوی ناوچەی هەڵەبجە بوو هەڵساین بە تەسلیم کردنی بارەگای هێز لە تەوێڵە بە بەرێزیان بە شێوەیەکی رێك و پێك و هەرچی هەبوو بەوانەشەوە کە ماوەیەك پێشتر هەرچی چەکی قورس هەبوون لەوێ بە شێوەیەکی رەسمی و لە سەر فەرمانی مەکتەبی عەسکری تەسلیم بە نوێنەریان کرابونەوە ، تەسلیم بە کاك فەتاح کرا ، هەروەها ئەو کاتە خوالیخۆشبوو بەرێز کاك سعید یەعقوبی قائیمقامی هەڵەبجە بوو ، پەیوەندی دۆستانەمان لەگەڵ یەکتر هەبوو و ئەویش ئاگاداری ئەو کارەمان بوو ، لە ساڵی ١٩٨٧ لە ئێران لە ئۆردوگای دزڵی خوالێخۆشبوو کاك رەسوڵ مامەند ئەوکاتە سکرتێری حزبی سۆشیالیستی کوردستان بوو ، بۆ سەردانی لقەکەیان هاتبوە ئەوێ ، حەزم کرد سەردانی بکەم و چومە لای زۆر زۆری پێ خۆش بوو کە چاوی پێم کەوت و لەبەر چاوی هەموو لێپرسراوانی خۆیان کە لەوێ بوون زۆر رێزی لێ گرتم و ووتی بەراستی من هەتا ماوم ئەو کارە جوان و هەست بە لێپرسراویەتیەی کاك علی م لە یاد ناچێ کە چۆن ئەو دەورو تەسلیمە جوانەی هێزی خەباتی لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاك فەتاح ئاغا کرد. هەروەها پاش راپەرین و لەساڵەکانی ٩٩٢ و ٩٩٣ کە لە سنوری رانیە بووم ، بارەگای سەرکردایەتی سوشیالیست لەو ناوچەیە بوو کە خوالیخۆشبو کاك رسول سەرۆکیان بوو ، من ئەو کاتە جاروبار سەردانیم ئەکرد و زۆر رێزی لێ ئەگرتم .
٩ ــ پێش ئەوەی شەر دروست بێتەوە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ رژێم کارێکی وای کردکە نێوانی شۆرش وحزبی شیوعی عێراقی زۆر توند بوو هەتا گەیشتە ئەوەی

شەر لە چەند شوێنێك ووردە ووردە دەستی پێ كرد لە قۆڵی سنوری هێزی خەبات و قەرەداغ لە گوندەكانی كانی ساردو سێوسێنان و بانیخێلاّن و كوێرەك و ژاڵەناو و دەوروبەری دەربەندیخان ، بە داخەوە ئەم پیلانە گلاّوەی رژێم و بەعسیەكان كە هەمیشە بۆكوردیان دادەرشت بوە هۆی شەهید بونی چەند كەسانێكی شۆرشگێرو بوە مایەی زیان بۆكورد .

١٠ـ لەمانگەكانی ١و٢ ی ساڵی١٩٧٤رۆژلە دوای رۆژ نێوانی شۆڕش ورژێم بەرەوخراپی دەرۆشت ، راگەیاندنەكان توندبوبونەوە بە هۆی شەڕی نێوان شۆڕش و حزبی شیوعی ، بەرەكانی جەنگ توند بون و هێزی پێشمەرگەش لە هەمو شوێنێك لە ئامادە باشیدابوون ، مەزەندە دەكرا كەهێزەكانی رژێم لەناوچەكانی تر پەلاماری هێزی پێشمەرگە بدات و لە قۆڵی گەرمیان هەندێ هاتبونە پێشەوەوچەند شوێنێكیان گرتبوو لە شاخی زمناكۆ ئەو شوێنەیان گرتبوەوە كە پێشتربەهۆی رێككەوتن لەگەڵ شۆرش بەرەلاّیان كردبوو ، وەكو(قوتەی مهندس) بەم شێوەیەلەگشت ناوچەكانی تردەستی كردبوە فەرمان دان دژی فەرماندەی فەوجەحەرەس حدودەكان چ بەگواستنەوەیان وەیان دەركردنی فەرماندەكان و فەرمانی گرتنیان درابوو، ئەم هەمووپیلانانە بۆكۆتایی هێنان بوو بە رێككەوتننامەی ١١/ ئازار كە ٤ ساڵی خۆی تەواو بكات ، رژێم لەلایەن خۆیەوە پرۆژەیەكی یاسای ئۆتۆنۆمی زۆر بێ سودی ئامادە كردبوو بۆ ئەوەی رۆژی ١١ / ئازاری ساڵی ١٩٧٤ لە راگەیاندنە كانەوە بلاّوی بكەنەوە بۆ خەڵكی كوردستان ، ئەم پرۆژەیە تەنها كاری لە هەر ٣ پارێزگای سلێمانی و هەولێرو دهۆك بوو ، بە هیچ شێوەیەك پارێزگای كەركوك و ناوچەكانی سنجاروخانەقین و شوێنە كوردیەكانی تری تێدا نەبوو ، ئەوان لەگەڵ نوێنەرانی شۆرش هەر لە سەرەتای راگەیاندنی بەیاننامەكە لە ئازاری ١٩٧٠ هەتا چەند رۆژێك پێش ئازاری ساڵی ١٩٧٤ لە گفتو گۆدا بوون ، بەلاّم داواكاریەكانی شۆرش ئەو كاتە پرۆژەیەكی یاسایی بۆ ئۆتۆنۆمیەكی راستەقینە كە گشت شوێن و جێگاكانی كورد نشین لە كوردستاندا بە كەركوكیشەوە

بگرێتــەوە وهــەروەهاش داواکــاری شــۆرش لــە رژێــم هێنانــە کایــەی پرۆســەیەکی دیموکراتیانــە لــە عێراقــدا و نــەهێلآنی دەســەلآتی تاکــە حزبــی ولەسەرئەساســی شەراکەتی برایانەی کوردو عـەرەب لـە عێراقدا دەسـەلآتەکان دیاری بکرێت و لـەم چوار چێوەیەشدا یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان رابگەیـەنرێ ، شۆڤینیەتی عـەرەبی ومل هوری بەعسیەکان ئەم داواکاریەیان پێ هەزم نـەکراو ئـەو جا پیلانـی شـەرێکی تازەیان نایەوە ، بەراستی خەڵکی کوردیش مەردانە لە گشت شوێنەکانەوە رژێـم یـان جـێ هـێلآ ، بەسـەربازوپۆلیس وفەرمانبـەروقوتابی ومامۆسـتایان و گـشت چـین و توێـژەکان ، روویـان لـە بارەگاکـانی شـۆرش کـرد ، هەرچـەندە ئـەم کـارە لـەرووی سیاسیەوە شتێکی گەورە بوو بەلأم لە روویەکی ترەوە ئەم زیانانەی هەبوو .

أ ــ قورسـاییەکی زۆر کەوتـە سـەر شـۆرش بـۆ جـێ کردنـەوەی ئـەو خەڵکانـە ، کـە شۆرش پێشتر هیچ ئامادەکاریەکی بۆ ئەم مەبەستە نەبوو .

ب ــ ناچـار کردنـی شـۆرش بـۆ هانـا بـردن بـۆ وولأتـی ئێـران ، کـە ئـەو خەڵکـە بـە تایبەتی ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە جێگای بکاتەوە لە ئۆردوگای تایبەتی .

ج ـ ناچار بوونی شۆرش بۆ وەرگرتنی هاوکاریەکانی شـەرلە رژێمـی ئێـران لـە گـشت روەکانەوە .

د ـ پێك هێنانی تەشکیلاتی تـازەی سـەربازی و ئیـداری بـە شـێوەیەکی بـەر فـراوان ودامەزرانـدنی چـەند دەزگایـەك لـە شـێوەی وەزارەت بـۆ مەبەسـتی رێکخـستنی ئەوشۆرشگێرانەی تازە پەیوەندیان بە شۆرشەوە کردو گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ قەلأدزە بەمەبەستی بەردەوام بوون لە خوێندن و گواسـتنەوەی نەخۆشـخانەکانی پێویست لە شارە گەورەکان بۆ شارو شارۆچکە کانی ژێر دەسەلأتی شۆرش.

١١ـ لە کاتی دیاری کراوی خۆی لـە شـەوی ١١/٣/١٩٧٤دا رژێـم یاسـای کـارتۆنی بـە نـاو ئۆتۆنـۆمی بـۆ کوردسـتان کـە بـە ویـستوو ئـارەزووی خـۆی و تاکـە لایـەن داینـابو ڕاگەیانـد ، سـەرکردایەتی شـۆرش دەسـت بـەجێ ئـەو یاسـایەی رەت کـردەوە ، ئـەم هەڵوێستە بوە هۆی دەست پێ کردنەوەی شەر لە نێوان رژێم و شۆرش . لەو رۆژەوە

هێزەکانی رژێم دەستیان بە هێرش کردن کرد بۆ سەر ناوچەکان لە گشت لایەك بە هێزی زەمینی و ئاسمانی و بە خراپترین شێوە دژی کورد شەریان کرد . ئەو رۆژانە من بە نوێنەرایەتی هێز ، کە( هێزی زمناکۆ) بوو ، چونکە هێزی خەبات وەکو لەسەرەوە باسم کرد لە تەشکیلاتی تازە بوە ٢ هێزوو بارەگای هێزی خەبات چوە پێنجوین و هێزی زمناکۆش لە ناوچەی هەورامان دامەزرا ، لە لیژنەی ئیستیعاب بووم بارەگامان لە بارەگای لیژنەی ناوچەی هەڵەبجە بوو لە ناو شار ، بەراستی خەڵکێکی زۆر روویان لە هەڵەبجە کرد هەر لە ناوچەی خانەقین و گەرمیان و هەندێ لە بغداد و کەرکوك و سلێمانی و شارو شارۆچکەو گوندەکانی تر. وای لێ هاتبوو زۆرئاستەم بوو کە جیگابکرێنەوە ، بە بەردەوام خێزانەکان رەوانەی ئەودیو سنور دەکران.ناو باغەکانی تەوێڵەو بیارەو گوندەکانی تری هەورامان پر بوبون لە خێزان و دەزگاکان و فەرمانگاکانی حکومی ، قوتابی و لاو گەنجێکی زۆر هاتبوون هەندێ لە قوتابیەکان کە هی زانکۆ بوون رەوانەی قەلادزێ کران ، ئەوانی تر لە قوتابخانەکان و هەندێ شوێنی تردانرابوون هەتا رێگایان بکرێتەوە و چەندینیان چونەریزی تەشکیلاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان . ئەم کارە زۆری سەر قاڵ کردبوین ، لە پاش ئەو بۆردومانە توند و وەحشیانەی ، کە بە هۆی فرۆکەکان کرایە سەر شاری قەلأدزە لە ١٩٧٤/٤/٢٤و بوە هۆی شەهید و برینداربوونی خەڵکیکی زۆری بێ بەرگری ، رۆژی ٤/٢٦ ریش واتا پاش دوو رۆژ هەمان هێرش کرایە سەر شاری هەڵەبجە ، ئەو کاتە من هەرچی کەل و پەل و ئەوراق و سجلاتی رەسمی شارەوانی هەبوو دابومە دەست خوالێخۆشبوو کاك ( احمد حمە ساڵح بگ ) کە محاسبی شارەوانی بوو بۆ خۆشم لەسەر فەرمانی شۆرش گەرامەوە بۆ ناو هێزی پێشمەرگە و لە بەتالیۆنی ٧ وەك هاوکاری فەرماندەی بەتالیۆن خوالێخۆشبوو کاکە حمە شەمێرانی کە ئەو کاتە فەرماندەی بەتالێۆنەکە بوو دەست بە کار بوومەوە ئەو رۆژە واتە٤/٢٦ لەگەڵ کاکە حەمە بەیانیەکەی چوینە ناو شاری هەڵەبجە بۆ ئامادەکاری چەند دۆشکەیەك و ٣٠ ملمێکی دژە هەوایی بۆ رووبەروو بونەوەی هێزی

ئاسمـانی ، کـە مەزەنـدەمان کردبـوو پـاش قـەلآدزە لـە هەڵەبجـەش بـدرێت ، ئێمـە سـەردانی بارەگـای لقـی پـشتیوانی مـان کـرد کـە تـازە دامـەزرابوون دۆشـکەو ٣٠ ملـم کـەمان لـە چـەند شـوێنێك دامەزرانـد ن و ئاگـاداری ئـەوانیش و ناوچـەو خـەڵکی تریشمان کرد کە مەترسی بۆردومـان هەیـە بـا خـەڵك بـە ڕۆژ زۆر لـە شـاردا نـەبن ، بەڵآم لە راستیدا ئەو قەرەباڵغیەی کە رووی لە شار کردبوو کەمکردنـەوەی زەحمـەت بوو ، بۆ هەر شوێنێك دەچوی خـەڵکی لێ بـوو . پـاش ئـەوەی کارەکـەمان تـەواو بـوو ئێمـە گەراینـەوە بـۆ بیـارە ، ئۆتـۆمبێلێکی شـۆفرلێت پیـك اب مـان پـێ بـوو ، مـن لێمدەخوری هەر کە گەیشتینە بیارە و هێشتا لـە ئۆتۆمبیلەکـە نەهاتبووینـە خـوارێ دەنگی تەیارەو بۆردومان مان بیست . خەڵکی بیـارە شـڵەژان و ئێمـە بـەبێ وەسـتان یەکسەر گەراینەوە بۆ هەڵەبجە ، هەرچەندە خـەڵك هاواریـان دەکـرد جارێ مـەرۆن تەیارە لە ئاسمانە ، بەڵآم ئێمە بێ گوێدانـە کـەس و زۆر بـە تونـدی کەوتینـە رێ بـۆ ناو شار و هەتا ئێمە گەیشتین بووردومان تـەواو بـو بـوو . تـۆزو دوکـەڵ و ئـاگر لـە زۆر شوێنی شار بـەرز دەبونـەوە کـە چوینە نزیکی شـوێنی بوردومانەکـە بەراسـتی چەندین دووکان و خانووبەرەی کاول کردبوو و چەندین خـەڵکی شـەهید و برینـدار کردبوو چەندین خێزانیش بە پێ شاریان بە جێ دەهێشت و روویان لـە دەوروبـەری شـار دەکـرد زۆربـەیان بـەرەو بیـارە و تەوێڵـە و احمـد ئاوادەچـون . ئـەو بوردومانـە کارەسـاتێکی زۆر دڵگـران بـوو بـۆ خـەڵکی هەڵەبجـە ، ئێمـە لەگـەڵ ئـەوەی هاوکـاری خـەڵکیمان دەکـرد بـۆ دەرهێنـانی تـەرمی کـوژراو برینـدار لـە ژێـر خـانوو دوکانـە رووخاوەکانـدا سـەردانی نەخۆشـخانەی هەڵەبجـەمان کـردو ئیـسعاف و ئوتـۆمبیلی ترمان ئامادە دەکرد بۆ گواستنەوەی بریندارەکان بۆ بیـارە و تەوێڵـە خەتـەرەکانیش بۆ ئێران ، هەروەها لەگەڵ ناوچەی هەڵەبجە خەریکی تەرتیباتی دانـانی پێـشمەرگە بووین بۆ پاراستنی کەل و پەلی هاووڵآتیان لەناو ماڵەکاندا کە بەجێ یان هـێڵآ بـوو ، جێگای شانازی و سەربەرزی بـوو ئەوکاتـە کـە چـەندین مـانگ خـەڵکی مـاڵ و حـاڵی خۆی بەجێ هێڵآ بوو جارو بـار یـەکێك لـە خێزانەکـەیان سـەردانی ماڵـەوەی دەکـرد

دەيبينى هيچ دەستكارى ناومالّى نەكراوە  و هيچ كەسێك لەو رووەوە زەرەرمەند نەبوو .

١٢ ـ لەپاش  بوردومانى هەڵەبجە ئيتر شەر لە گشت بەرەكاندا توند بوو ، دوژمن هێرشى دەهێناو رۆژ لە دواى رۆژ شوێنەكانى دەگرت  يەكێ لەو هێرشانەى كردبوى بۆ گرتنەوەى تەواوى شاخى زمناكۆ بو كە پێشتر هەندێكى بەجێ هێلاّ بوو. لەسنورى ناوچەى شەمێران و زمناكۆ و نەورۆڵى هێزێك هەبوو بەناوى ( قوەتى سيروان ) كە فەرماندەكەى بەرێز كاك ( نادر هەورامى ) بوو  ئەوان بەرەنگارى هێرشى دوژمن بووبونەوە لە شاخى زمناكۆ وزيانيان بە دوژمن گەياند بوو ، بەلاّم بەهۆى زۆرى و توندى هێرشەكەى دوژمن نەتوانرا بوو هێرشەكەيان راگرن و دوژمن دەيويست لەشاخى زمناكۆش بەرەو گوندەكانى شەمێران دابەزن ،  ئەم هەواڵە واى كرد  كە سەركردايەتى شۆرش بريار بدا هێزى بەتاليۆنى ٧ بەهاناى هێزى سيروان برۆن و هێزەكەش بە فەرماندەيى بەرێز كاك ( حمە شەمێرانى ) بوو منيش يەكێك بووم لەگەڵيان ، زۆر بە پەلە هێزەكەمان پەرينەوە بۆ ناوچەى شەمێران و بە گەيشتنمان بۆ لاى هێزى  سيروان و  بەرێز كاك نادر هەورامى كە فەرماندەى ئەو هێزە بوو ، ئاگادار بووين لە شوێن و جێگاى سەربازەكانى رژێم لە شاخى زمناكۆ ، دەست بەجێ هەردوو بەرێزان كاك حمە شەميرانى و كاك نادر هەورامى پلانێكى تۆكمە و جوانيان دانا كە هێرشى بەرامبەريان بكرێتە سەر  هەتا ئەوان خۆيان قايم نەكردوە لە شوێنەكانى داگيركراودا ، هێرش دەستى پێ كرد بە هاوكارى هێزێكى ترى بەتاليۆنى ٦ ى بەمۆ و لقى زمناكۆى سەر بەو بەتاليۆنە لە ئێوارە درەنگانێكدا ، دوژمن لەو باوەرەدا نەبوو  كە هێزى پێشمەرگە بەو شێوەيە هێرشيان بۆ بەرێت زۆر بە توندى لە چەند قۆلێكەوەو لێ يان دان هەر زوو دوژمن شكستى هێناو رەبيەو شوێن لە دواى شوێن لە هەموو شاخى زمناكۆ لە دوژمن دراو لەماوەيەكى كورت دا پاك كرايەوە ، زۆريان لێ كوژرا و هەندێ بە برينداری بەجێ مابوون و هەندێكى تر بە ديل گيران و باقى تر هەڵهاتن بۆ ناو دەربەنديخان . پێم

وایه تاکه شوێن کەلەسەر سەدەکەی دەربەندیخان بوو دوژمنی پێوە مابوو. وەکو باسیان دەکرد سەرباز لەناو شاری دەربەندیخانیش هەڵدەهاتن ، بەراستی شکستێکی گەورە بوو بۆ دوژمن هەتا درەنگانێکی شەو دوژمن هیچ دەنگی نەبوو تەقە لە هەموو شوێنێك وەستابوو جگە لە ناوچەکانی شۆرش کە بۆ خۆشی تەقە دەکرا ، زۆر بە ئیسراحەت لەسەر شاخ دەگەراین بە شوێن سەربازو دەستکەوتەکاندا و دەمانگواستنەوە بۆ خوارەوە و چەند هێزێك دانران لە شوێنە گرنگەکان بۆ رووبەرووبونەوەی دوژمن ئەگەر جارێکی تر هێرشیان هێنا ، سەرکەوتنێکی گەورەو ماندوبونێکی زۆرو سەرقاڵ بونمان لە گواستنەوەی دیل و دەستکەوت و پاش درەنگانێکی شەو کە دوژمن زانی ئیتر هیچ ئومێدێکی بەو شاخە نەما دەستی کرد بە تۆپ باران کردنی شاخەکە لە گشت سەربازگەکانی دەربەندیخان و مەیدان و شوێنەکانی تر هەتا بەیانی ، دەتوانم بڵێم شوێنی ئەو شاخە نەمابوو کە بەر ئەو بوردومانە توندە نەکەوتبێت و هەندێ لە گولە تۆپەکانیش سەریان دەکرد ، ئێمە لەو کاتەدا لە شاخ هاتبوینە خوارەوە خەریکی ناردنی هەواڵی شەرەکە بوین بە جیهاز بۆ سەرکردایەتی و گشت بارەگاکان ، هەر لە بەرەبەیانی رۆژی دوای فرۆکەکانی رژێم بە کۆمەڵ و تاك و بە هەموو جۆرەکانیان و بە هەموو جۆرە چەکێك بوردومانی شاخ و گوند و ئەو ناوچانەیان دەکرد ، بەراستی هێرشەکە چی بە تۆپ و بە تەیارە بە شێوەیەك بوو کە رێگای هاتوچۆی پێشمەرگەیان نەدەدا و نەدەتوانرا هیچ کارێکی سەربازی ئەنجام بدرێ و لەگەڵ ئەم هێرشە بۆردومانە توندەدا هێرشی زەمینی لەلایەن رژێمەوە دەستی پێ کردبوو ، بەهەرحاڵ پێشمەرگەکان توانای رووبەروو بونەوەیان نەبوو لەگەڵ ئەوەشدا شەری باشیان کردو چەند شەهیدێکیش تەرمەکانیان بە جێ مان ئەوانی تریش بەدەم شەرەوە دەکشانەوە هەتا دوژمن گەرایەوە شوێنی خۆی ، بەلاَم زیانێکی زۆر گەورەی لێ دراو چی تر توانای هاتنە خوارەوەی نەبوو لەو شاخە .

١٣ـ پاش ئەو سەرکەوتنە گەورەیە لەو شەرەی زمناكۆ سەركردایەتی شۆرش بریاری دا بە کردنەوەی بەتالیۆنێك بۆ سنوری پشت شاخی بەمۆ هەتا ئاوی سیروان بە واتا بۆ سنوری ناوچەی تاوگۆزی و شەمێران و زمناكۆ و ناوچەی پشتە و بەروێن . بەتالیۆنەکە بەناوی بەتالیۆنی (٥ ) هوە بوو ، تەشكیلاتەكەی بەم شێوەیە بوو .

شەهید حمە شەمێرانی فەرماندەی بەتالیۆن

نادر هەورامی جێگری فەرماندە

خوالێخۆشبوو عبدالرحیم لاورانی جێگری فەرماندە

علی تۆفێق لێ پرسراوی ئیدارەی بەتالیۆن

بەتالیۆنەکەمان زۆر بە هێزو چالاك بوو كۆمەڵێك كادری باش و ئازا و دیاری تێدا بوو . لە زۆر چالاكی سەربازی بەشداریان دەكرد هەرچەندە بەتالیۆنەكە ماوەی كەم بوو كەمتر لە سالێك بەردەوام بوو بە هۆی نسكۆی شۆرش لە ساڵی ١٩٧٥ ، بەلاّم زۆر چست و چالاك بوو ، یەكێ لەو چالاكیانەی كە دەنگۆی باشی هەبوو بەشداری كردن بوو لەو شەرەی شاخی سەرتیژ لە ناوچەی ( دیانا) كە منیش یەكێك بووم لەو هێزە.

هەروەكو لەسەرەوە باسم كرد دوژمن لە هەموو بەرەكانی شەر هەوڵی دەدا شوێنەكان لە هێزی پێشمەرگە بسێنێتەوە ، ئەگەر لە هەندێ شوێن شەرەكانی تەنها بەمەبەستی سەرقاڵ بوونی پێشمەرگەی ئەو سنورە بوبێت ، ئەوە نیازی گرتنەوەی ناوچەی ( دیانا) هەتا حاجی ئۆمەرانی هەبوو ، لەگەڵ داخستنی رێگای هاتوچۆی نێوان بادینان و سەركردایەتی شۆرش ، لەپاش دەست پێ كردنەوەی شەر لە مانگی ٣ ی ساڵی ١٩٧٤ وە هێزەكانی بە هەموو توانایەكی سەربازی لە محوەری رێگای سەرەكی هەولێر ـ حاجی ئۆمەرانەوە دەستی بەشەر كردن كرد و بە نیازی پاك كردنەوەی شوێنەكان . شەرێكی سەخت و سەرشێتانەی بەرامبەرهێزە پاڵەوانەكانی ئەو سنورە كرد ، زیانێكی زۆر لە دوژمن كەوت ، هەروەها هێزی پێشمەرگەش زیانی پێ كەوت لە شەهید بوونی قارەمانەكان و بریندار بوون و لە

دەست دانی شوێنەکان ، خەلکی ئـەو سنورە بـەر فراوانـەش هـەمووی ڕەوی کردبـوو بەرەو سەرکردایەتی و لەوێشەوە بۆ ناو وولاّتی ئێران ، لـە هـەموو شـەرەکاندا جگـە لە هێزی باڵەك و سەفین ، ئـەو هێزانـەی تـر کـە لـەو سنورەدا بـوون بەشـداریان لـە شەرەکاندا دەکردن ، ئـیتر لـە بادینانـەوە هـەتا خانـەقین و لـەم هێزانـەش چـەندین پێشمەرگە و سەرکردەی ئـازاو پاڵـەوان شـەهید دەبـوون لـە مـانگی ١٩٧٤/١٠ دا داوا لـە بەتالیۆنی ئێمە کرا بۆ هاوکاری کردنی هێزی باڵەك ، وادیار بـوو دوژمـن شـاخەکانی زۆزك و سەرتیژیان گرتبوو ، دەیانویست شاخی حەسـەن بـەگیش بگـرن بـۆ ئـەوەی ئەو ڕێگا سەرەکیەی پەیوەستە بـە ناوچـەی بـارزان و بادینـان بـۆ سـەرکردایەتی لـە ناوچـەی باڵەکایـەتی ، ڕێگاکـەش بـە بنـاری شـاخی حەسـەن بـەگ دا دەرۆیـشت و بەگەلی ( بێ شێ ) دا بۆ ڕێگای سەرەکی دیانا ـ حاجی ئۆمەران .

هێزەکەی ئێمە زیاتر لە ٧٠ پێشمەرگە بوین و لە ڕێگای ئێرانـەوە گەیـشتینە حـاجی ئۆمەران و پاش ڕۆژێك حەسانەوە بەرەو شوێنی دیاری کراو نێـردراین کەلـە کۆتـایی گەلی بێ شێ بوو لەسەر شاخێکی نزیك لە شـاخی سـەرتیز کـە دوژمنـی پێـوە بـوو ، بەرێز کاك عبدالله پشدەری فەرماندەی هێزی باڵـەك سەرپەرشـتی ئـەو ناوچـەیەی دەکـرد ، بـەتالیۆنی ٤ ی زۆزك کـە فەرماندەکـەی بـەرێز کـاك مـلازم یـونس ڕۆژ بەیانی بوو وە یاریدەدەرەکەشی کاك ملازم دڵشاد بوو ، ئەوانیش لەوشـوینەدا بـون ، چـەند پیـشمەرگەیەکی سـنوری هەڵەبجـە و هـەورامان کـاتی خـۆی سـەربازی ڕژێـم بوبوون و پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردبوو لـە بەتالیۆنەکـەی ئەوانـدا بـوون ، یـەکی لەوانە کاك نورالدین حاجی ئەبوبکری دەرگاشیخانی بوو ، مـن داوام لـە کـاك یـونس کـرد کـە نـاوبراوم بـۆ بگوازێتـەوە بـۆ لای خۆمـان ، ئـەویش ڕازی بـوو ، ناوبراومـان لەگـەڵ خۆمـان هێنایـەوە ، ئێمـە شـارەزای ناوچـەکە نـەبووین لـەنزیك بارەگـای فەرماندەی هێزی باڵەك لە شاخەکە شۆێنێکیان بۆ دیاری کردین کە دەبوو پاسەوانی تێدا بگرین ، نەوەکو دوژمن هێرشی بۆ بهێنێ لەگەڵ گرتنی سەری حەسـەن بـەگ ، چەند جارێك دوژمن هەوڵی بـۆ دابـوو سـەرکەوتوو نـەبوبوو ، شـوێنەکە زۆر نزیکـی

دوژمن بوو ، هەموو جۆرە بۆردومانێکی بەبەردەوامی و بەسەختی لەسەر بوو ، هاتوچۆ لەو رێگایە تەنها بەشەو بەبێ لایت ئۆتۆمبێلەکان هاتوچۆیان دەکرد ، ئێمە هەموومان ٢ و ٢ بە رۆژو بە شەو لەناو ئەو کونانەدا دەبووین کە پێشتر هەڵکەندرابوون بۆ خۆشاردنەوە ، ئیتر بۆ کارێکی تایبەتی ئەگەر یەکێ لەو کونانە بهاتایەتە دەرەوە ئەوا دەبوایە بەپەلەو لە کاتێکدا بوایە کە تەیارە لە ئاسماندا نەبوایە ، ئەم دەرفەتە زۆر کەم بوو تەیارە هەبوایە یان نەبوایە ئەوا بۆردومانی گولە تۆپەکان بە لێشاو بەردەوامیان هەبوو . مەبەست لە هێنانی هێزی ئێمە بۆ ئەو شوێنە ، بۆ هێرش کردن بوو بۆ سەر رەبیەکانی شاخی سەرتیزو دوورخستنەوەی دوژمن لە شاخی حەسەن بەگ و ئەو رێگایەی کە بارزان و بادینانی بە سەرکردایەتیەوە بەستبوەوە ، ئاگادار کراین کە خۆمان ئامادە بکەین بۆ هێرش کردنێك بۆ سەر رەبیەکانی سەرتیز ، شەهید کاك حمە شەمێرانی خاوەنی ئەزمونێکی گەورە بوو لە چۆنیەتی شەرکردن و سەرکەوتن ، هەمیشە هەوڵی دەدا کە شەرێك ئەگەر سەرکەوتنی تێدا بەدەست نەیێت زۆر تێکەڵی نەدەبوو ، ئەم شەرەش بوە حەتمی لەسەرمان ، شەوێکیان دوو قۆڵی قسەی زۆرمان لەسەرکرد لە ئاکامدا گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە بەیانی بچینە سەرەوەو لە نزیکەوە استتلاعێك بکەین و فکرەیەك لەسەر چۆنیەتی هێرشەکەمان هەبێت و تەقدیری هێز بۆ ئەم هێرشە بکەین ، هەرچەندە پێشتریش خۆی وفەرماندەکانی کەلەگەڵ مان بوون سەردانێکی جەبهەکەیان کردبوو ، هەندی فکرەیان لیی وەرگرتبوو ، بەڵام لەبەر سەختی شاخەکەو شوێنی شەرەکە ، بیری لە زۆر شت ئەکردەوە بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنی ، بریاری دا کە تەنها لە رێگەی مەکتەبی سەرۆك بارزانی یەوە راستەو خۆ سەرپەرشتی هێرشەکەو کارەکانی تر جی بەجی بکات ، چونکە بەپێ ی ووتەی ئەو پێ ی وابوو کە ئێمە لە دوورەوە دێین و شارەزای ناوچەکە نین و دەدرێینە دەست فەرماندەیەك لە محوەرەکە و بە ئارەزووی خۆی روویان لەشەر دەکات لە جیاتی ئەوەی سوودی لێ وەرگرن بەڵام

زیان بەخش دەبن و چەندین فەرماندەو پێشمەرگەی قارەمان بەم شێوەیە شەهید و بریندار بوون ، بۆیە ووتی من نامەوێت بەهەمان ئەو شێوەیە بچمە ناو ئەو شەرە ، ئێمە جیهازی خۆمان لەگەڵ بوو پەیوەندیمان لەگەڵ سەرکردایەتی و هێزەکانی تر هەبوو ، بەیانی پاش ئەوەی چوینە نزیك شوێنی هێرشەکەو جێگاکانمان دی و دیاریشی کرد کە چۆن و لەکۆیوە هێرش بکرێت ، بروسکەیەکی بۆ جەنابی بارزانی نەمر کرد و ئامادەی خۆی نیشان دا بۆ هێرشەکەو داوای لێ کرد کە ئەم هێرشە دەبێ لە ژێر چاودێری بەرێزیاندا بێت و داوای کرد کە نوێنەرێکی خۆی بنێرێ بۆ لامان ، بەرێز کاك علی خلیل لە مەکتەبی سەرۆکەوە هاتە لامان و ووتی چی ئەڵێن جەنابی سەرۆك ئەفەرموێ بۆتان جێ بەجێ ئەکەم ، ئەو بووە نوینەری سەرۆك بۆ سەرپەرشتی هێرشەکە ، کاکە حەمەش داوای وابوو لە کاك علی خلیل کە پێکەوە سەردانێکی فەرماندەی تۆپە دوور هاوێژەکان بکەن کە دانرابوون لە ناوچەکە بۆ ئەوەی تەنسیق بکرێت لەگەڵیان و کەسێکی خۆمان رەسەدیمان بۆ بکات نەك کەسی ئەوان و بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیان کرد لەگەڵ بەرێز کاك یونس رۆژ بەیانی و داوای کاك ملازم دڵشادیان کرد بۆ ئەم کارە و سەردانی فەرماندەی تۆپەکان کرا و هەموو پێداویستیەك ئامادە کراو تۆپەکان هەر لە سەعات ١١ی پێش نیوەرۆوە بە هۆی رەسەدی خۆمانەوە کەوتنە بۆردومان کردنی سەربازگەی سەرتیزو رەبیەکانی و هەروەها بووردومانی زۆزك و دیاناشیان دەکرد ، زۆر بە توندی لە سەرتیزیان دا ، دوژمن وەڵامێکی وای نەبوو ، هێزەکانمان لە ئامادەباشیدا بوون ، کاکە حەمە پێشتر هێزێکی لە شوێنێکی تر دانابوو بۆ لا چەپی شاخەکە هەتا لەوێوە و لە پشتەوە هێرش بەرن ، نزیکی ئێوارە هێرش دەستی پێ کرد ، سەربازەکانی ئەو سەر شاخە زیانیان لێ کەوتبوو هەموو خۆیان شاردبووەوە ، پێشمەرگە زۆر بە ئاسانی توانی جێگاکانیان بگرن ، هیچ بۆ ئەوان نەمابوو تەنها راکردن یان تەسلیم بوون نەبێ ، بو بە هەرایەکی گەورە لەو شاخە ، بیگرن و رای کرد ، تەقە وەستا هاتو چۆ و گەران بۆ دەستکەوت و دۆزینەوەی سەرباز ئاسان بوو ، (١٤) سەرباز یەکێکیان

دەرەجەدار بوو بە دیلی هینایانن بوو لای ئێمە لەگەڵ چەکێکی زۆر دەستکەوت بوو لە هەمووجۆرێك ، مایەوە سەر ئەوەی ئەو هێزەی دانرابوو بۆ پاش پاککردنەوە بچێتە شاخ ورەبیەکان ، پارێزگاری لە شاخەکە بکەن ، لێپرسراوێکیان هاتەئەوێ شوێنەکە زۆر تاریك بوو بە هۆی شقارتە شاخەکەمان تەسلیم کردن ، و هێزەکانی ئێمەش ووردە ووردە کشاینەوە بۆ جێگای خۆمان ، کەوتینە سەر ژمێر کردنی پێشمەرگەکانمان ٣ شەهیدمان هەبوو لەگەڵ چەند برینداریك و ٢ پێشمەرگەشمان دیار نەبوون بە تایبەتی ئەوانەی کە بۆلای چەپ و پشتەوە چوبون ، پاش گەرانێکی زۆر هەتا بۆ رۆژی دوایش مەفرەزەیەکی تایبەتیش چون ٢ شەهیدەکە هەر نەدۆزرانەوە ، ئەو هێزەی کە بۆ جێگای ئێمە دانرابوو ، لەیەکێ لەو دۆڵانەی ناو شاخی سەرتیز بە کۆمەڵ دانیشتبوون هەتا فەرمانیان پێ بدرێت کە برۆنە جێگای خۆیان ، کە دوژمن زانی بەتەواوی شکاوە لە سەرتیزو کەسیان لەوێ نەماوە دەستی بە تۆپ بارانێکی خەست کرد ، ئێمە هاتبوینەوە جێگای پێشوومان . یەکێ لەو گولە تۆپانە دەکەوێتە ناو ئەو کۆمەڵە پێشمەرگانە کە لەو دۆڵەدا چاوەروان بون بە راستی کارەساتی دروست کرد کە بوەهۆی شەهیدو بریندار بوونی زیاتر لە ٣٥پێشمەرگە ، بۆیە هێزەکە نەگەیشبوە جێگای خۆی ئەو زیانە گەورەیان لێ کەوت کە ناچار بەپەلە شەهیدو برینداەکانیان گواستەوە بۆ بەرەی دواوەو پێشمەرگەکانی ئێمەش ئەوەندە هیلاك و ماندوو بوون توانای گەرانەوەیان نەبوو لەگەڵ ئەوەش ئەرکی خۆیان کە هێرش بردن بوو بەجێ یان گەیاندبوو بە سەرکەوتووی ، بۆیە شاخەکە بەبێ حەراسەت مایەوەوبەیانی زوو لە ژێر چاودێری بووردومانی قورس و تەیارە هێزەکانی دوژمن بەبێ بەرگری گەرانەوە شوێنی خۆیان ، هەر ئەو شەوە هەواڵی سەرکەوتنەکەمان راگەیاندو بوە مایەی خۆشی لەسەرانسەری کوردستان وەدەستکەوتەکان ئەوەندە زۆر بوون نەمان دەزانی چییان لێ بکەین ، بروسکەی سەرۆك بارزانی نەمر هاتبوو کە هەمووی کردبوە خەلاتی خۆمان جگە لە چەکە

قورسەكان . پاشان گەراینەوە ، من لە چۆمان سەیارەیەكی جیبی ئەمریكی بچوكم بە ٥٠٠ دینار كری و لە ڕێگای ئێرانەوەگەیاندمەوەلای خۆمان .

١٤ــ پاش كۆبونەوە شومە سێ قۆلیەكەی صدام و شای ئێران و وەزیری دەرەوەی جەزائیر لەمانگی ٦ ساڵی ١٩٧٥ دا كە ڕێككەوتنە شومەكەی بەناو ٦ ی حوزەیرانی لێكەوتەوە ، شۆرش ئومێدی بەردەوام بوونی نەما چونكە بە شێوەیەك ڕێككەوتبوون ئەگەر بەردەوامی هەبێت پێویستە رژێمی ئێران هاوكاری عێراق بكات بۆ لێ دانی شۆرش لە پشتەوە ، جەماوەری كوردستان بەم ڕێككەوتنە زۆر نارەحەت بوون هەندێ لە فەرماندەو پێشمەرگە بە هەستی گەرمی شۆرشگێریان دەیانوت ئێمە بەردەوام دەبین ، بەلام هەرچی لیكۆڵینەوەی بۆ دەكرا هەر ئەو هەڵوێستە حەكیمانە ڕاست بوو كە سەرۆك بارزانی نەمر رایگەیاند ، ئەویش ئەوەبوو كە شۆرش لە چالاكی سەربازی رادەوەستێ و جەماوەری كورد ئازادە بۆ هەر كوێ بروات ، چەند جار ووتیان ئەم شێوەیە كاتی یە ، خەڵكی شۆرشگێری كوردستان زۆر دڵگران بوون ، هەندێكی زۆر گەرانەوە بۆ ناو حكومەت و لە جێگاو ڕێگای خۆیان دانرانەوە ، رژێم بریاری لێ بوردنی یەك لە دوای یەكی دەردەكرد ، ئێران داوای لە شۆرش كرد كەناوچەكانی چۆڵ بكات ، چونكە ڕێككەوتن هەیە كە هەردوو وولاتی عێراق و ئێران بگەرێنەوە سەر سنوری خۆیان ، لەولاشەوە خەڵكێكی زۆر لە ئێران مانەوە ، بەراستی سەر لێشێواوی بوو ، كەس داهاتووی خۆی نەدەزانی ، بریار دان زۆر قورس بوو ، من لەو كاتەدا توشی نەخۆشی گرانەتا بووبوم لە ماڵەوە لە ئۆردوگای ئەنزلی لای قەسری شیرین بووم ، هەواڵیان بۆ ناردم كە بچمەوە بۆ بارەگای بەتالیۆن لە گوندی ( بەرۆین) ی بناری بەمۆ ، سەیارەكەم لەوێ بوو هەواڵەكەمان بە رادیۆ بیستبوو بەلام ئاگاداری بریارو كارەكانی بەتالیۆن نەبووم ، ناچار بە نەخۆشی چومەوە بۆ بەتالیۆن ، وەزعێكی زۆر خراپ هەبوو پێشمەرگەكان چەكیان دائەناو هەندێك دەگریان نەیان دەزانی چ بریارێك بدەن ، هەرئەوەندە بوو كە هەركەس بۆ خۆی بریاری خۆی ئەدات ، ئێمەش ئەوەی پێویست بوو لە

کۆکردنەوەی بارەگای بەتالیۆن و تەسلیم کردنی بە شوێنی دیاری کراو ، سەیارەکەم لەگەڵ خۆم بردەوە بۆ ناو ئۆردوگا و کەوتینە ئەوەی چی بکەین هەندێ خزم و کەس و کار هەبوون لەگەڵمان پێمان ووتن ئێوە برۆنەوە باشترە ، ئێمەماینەوە و نەمان دەزانی چ بریارێك بدەین و چی بکەین دنیا زۆر گەرم بوو وردە ووردە بەرەو هاوین دەرۆیشتین شوێنەکەش زۆر گەرم بوو منداڵەکانمان وورد بوون توانای ئەو گەرمایەیان نەبوو ئێرانیەکانیش زووزوو هانی خەڵکیان دەدا کە بگەرێنەوە بۆ عێراق لەم هەڵوێستانە زۆر سەرسام مابوین ، رۆژێکیان لەگەڵ کاك حمەامین شەمێرانی برای شەهید کاکەحەمە شەمێرانی بریارمان دا سەردانی لێ پرسراوی بەشی پەناهندەکان لە کرماشان بکەین ، چونکە پێشتر هاتوچۆ هەبوو لە نێوان ئێمەو ئەوان بەتایبەتی بۆ کاری ئۆردوگاو جێ کردنەوەی خێزانی پێشمەرگەکانمان ، مەبەستی سەردانەکەمان بۆ ئەوەبوو بەڵکو رەزامەندی لێ وەربگرین بۆ گواستنەوەمان بۆ یەکێ لە ئۆردوگاکانی دەورووبەری کرماشان کە خانوو بون و خزمەتگوزاری باشیان هەبوو ، لێ پرسراوەکانیان بردبونە ئۆردوگای روانسەروباقی خەڵك لە خەیمە دانرابوون ، کە چوینە لای و کارەکەمان پێ ووت ، وەڵامی ئەو هاندانمان بوو بۆ گەرانەوەمان و دەیوت چەند رۆژێکی تر دوای تەواو بونی ماوەی لێ بوردنی عێراق ، لێپرسراوان بەرەو ئۆردوگایەك دەنێرین ، ئێوەش دابەش دەکرێن بەسەر شارەکانی ئێراندا ، جابۆیە چونەوەتان باشترە بۆ عێراق ، دیارە ئەم هەڵوێستە مەرکەزی بوو کە هانی خەڵکی بدەن بۆ گەرانەوە هەتا قورسایی لەسەریان کەمتر بێتەوە و نیاز پاکیان لە رێککەوتنامەکە دەرکەوێ ، ئێمە ووتمان ناگەرێینەوە ، ناچار داواکەمان دووبارە کردەوە کە بمانگوێزنەوە ، ئەویش رازی بوو نامەیەکی داینێ و خێزانەکانمان گواستەوە کە نزیکی ١٠ خێزان بوین بۆ ئۆردوگای (سەرابلە) لە نزیکی کرماشان و تاقەوسان بوو ، هەتا مانگی ١٩٧٥/١٠لەوێ ماینەوە ، رۆژێکیان خوالێخۆشبوو کاك شفێق ئاغا هاتە ئۆردوگاو ناردی بە شوێن مندا ، بەهۆی هاتوچۆی ناوبراو لەکاتی شۆرش بۆ ناوچەکانی ئێمە وەك نوێنەری سەرۆك

بارزانی ناسراویەتیمان هەبوو بۆیە ووتی بۆ شتێك هاتووم بۆ لاتان ، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە خەڵکێکی زۆر لە فەرماندەو پێشمەرگە بریاری گەرانەوەمان داوە بۆ عێراق ، چونکە ئێران ئەم ئۆردوگایانە ناهێڵێ و هەمووی دەگوازیتەوە بۆ شارەکانی خواروو ژوورو و رۆژهەلأت و ناوەراستی ئێران و کەس لەگەڵ کەسی تر ناهێڵن و بلأوە بە هەموی ئەکەن ، بەراستی ئەم قسەیە راست بوو چونکە من بۆ خۆم یەکێك بووم لەو کەسانەی کە چەند رۆژێك خۆم دەشاردەوە لە لیپرسراوانی ئۆردوگا ، چونکە ناوم دەرچووبو بۆ شاری شیرازو بەپێ ی ئەوەی کە من بەرێوەبەری شارەوانی بووم کرابومە لێ پرسراوی یەکێ لە پاسەوانەکانی جەنگەڵبانی لە سنوری ئەو شارەو ١٨ کەس لە لیستەکەدابوون کە کەسیانم نەدەناسی ، تەنها یەکێکیان نەبێت ئیتر ماڵی باوکم و صابری برام کە پێکەوە بووین لەگەڵ ئەو هەموو دۆست و برادەرانەی تر کە پێکەوە بریاری مانەوەمان دا بوو کەسم لەگەڵ نەبوو ، بۆیە هەر زوو ئەو کارەم رەت کردەوە و لێ پرسراوانی ئۆردوگا پێ یان ووتم کە تەنها سێ رۆژ موڵەتت هەیە کە بریاری خۆت بدەی یان دەبێ برۆیت ، یان دەبێ بگەرێیتەوە بۆ عێراق و فۆرمی تایبەتی هەیە بۆ ئەم مەبەستە ، پێشتر برادەرێکم هاتە لام و فۆرمی چونە دەرەوەی بۆ وولأتی هۆڵندە بۆ هێنام ووتی پری بکەرەوە ، بەلأم بەراستی من ئەو کاتە خۆم بە ماڵی باوکم و صابری برامەوە بەستەوە بۆیە ئەو کارە سەری نەگرت ، خۆشم لەگەڵ چەندهەڤاڵێك کەوا رێك کەوت خوالێخۆشبوو کاك حسێن بەگی جوانرۆش بوە هاورێ مان پێکەوە سەردانی بارەگای سەرکردایەتیمان کرد کە ئەو کاتە لە شاری نەغەدە بوو ، پێش چونمان بۆ نەغەدە شەوێك لە مەهابادماینەوە لەوێ چاوم بە خوالێخۆشبوو کاك سعید یەعقوبی کەوت کە پێشتر قائمقامی هەڵەبجە بوو ، باسی بارووردۆخەکەمان کرد ، ئەویش رای تەواوی نەبوو وەکو ئێمە ، داوای لێ کردم کە هەرکاتێ بریارتان دا چی بکەن بەڵکو ئاگادارم بکەن و منیش هەر بریارێکم دا ئاگادارتان دەکەم ، بەیانی چوینە بارەگای سەرکردایەتی و لەوێ چاومان بە شەهیدی سەرکردە کاك( ئیدریس بارزانی ) کەوت ، هەریەکەمان باسی بارووردۆخی

لای خۆی و وەزعی و شوێن و جێگاکەی کرد ، منیش ووتم نـاوم دەرچـوە بـۆ شـیرازو نەچووم و هۆیەکەشی جیاکردنەوەی منە لە باوکم و براو دۆست و برادەرانم و زۆر هەوڵم داوە کە ئەوان لەگەڵم بن بەلاّم بێ سوود بوو ئایـا چـی دەکرێـت ، وەکـو بـۆم دەرکەوت ئەو بریارانە لەسەر ئاستی مەرکەزی ئێران وا دانرابوو کە نـەدەکرا هیـچی لەسەر بووترێت ، منیش ئەم قسانەم بۆ بەرێز کاك شفێق ئاغا گێرایەوە ووتیشم لێ بوردنەکانی عێراق تەواو بوە و ئیستا لێ بوردن نییە ، چۆن دەتـوانین بگەرێینـەوە ؟ ئەویش ووتی راستە کەس هیچی پێ ناکرێ ، بریارەکـە لـە نێـوان هـەردوو رژێمـە و دەبێ جێ بەجێ بکرێت ، بۆ مەسەلەی لێ بوردنیش ئێمە لەگەڵ حسن علی وەزیـری تجـارەی عێراقـی کـە بەنوێنەرایـەتی عێـراق هاتوەتـە ئێـران و چـاوی بـە چـەند کەسایەتیەکی کورد کەوتوەو ووتویەتی ئەگەر خـەڵکی بگەرێتـەوە ئـەوا لێ بوردنمـان بە نهێنی هەیە ، بەلاّم ئەو خەڵکە ناچنەوە جێگای خۆیان لە کوردستان و ممکنە بۆ خوارووی عێراق بێت ، جارێکی تر ووتی ئێمـە خـەڵکێکی زۆریـن لـە فەرمانـدەکان و بریارە سەردانی سەفیری عێراقی بکەین ، بزانین چۆنە ئەگەر وابوو ئەوا ئاگادارتان دەکەمـەوە ، هـەتا چـەند رۆژێـك لـە بڵندگۆیـەکانی ئۆردوگـا هـەر نـاوی مـن یـان دەخوێندەوە ، بەلاّم خۆم نیشان نەدەدا ، چونکە هێشتا بریارم نەدابوو چی بکەم ، پاش سێ رۆژێك ، خوالێخۆشبوو کاکە حەمە شەمێرانی هاتـە لامـان ، دیـار بـوو ئـەو زیاتر هەواڵی پـێ بـوو داوای لێ کـردین کـە نـاوی خۆمـان بنوسـین و نـاوی خـەڵکێکی زۆری هێنـا لـە فەرمانـدەو کەسـایەتی ترکـە دەگەرێنـەوە ووتـی ئەگـەر خـوارووی عێراقیش بێت باشترە لە خـواروو یـان رۆژ هـەلاّتی ئێـران کـە کەسـی تیـا ناناسـین ، بۆیە ئێمەش بریارمانـدا بـە گەرانـەوە و خـەڵکێکی زۆر لـەوێ نـاونوس کـران و لـە رۆژی ۱۹۷۵/۱۰/۱۳ بەرێ کەوتین بۆ سـەر سـنوری عێـراق لـە رێگـای قەسـری شـیرین و خەسرەویەوە .

۱٥ – دەمەوێ وەکو ویژدان هەندێ باس لەسـەر کـارو کـرداری لیپرسـراوان و هەنـدێ کەسایەتی سنوری چـالاکی ئـەو دەڤـەرەی مـن کـارم تیـدا کـردوە لـە مـاوەی بـونم بـە

پیشمەرگە هەتا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ بکەم ، پێشەکی ئەوەش دەخەمە روو کە هیچ کەس بێ هەڵە نییە ، لەوانەیە لەم لاو ئەولا هەندێ کاری خراپ کرابێ یان هەندێ هەڵە کرابێ ، ئەمە ئەوە ناگەینێ کە شۆرش ئەو هەڵەیە یان ئەو خراپەی کردووە بەڵکو ئەوە بۆ کەسەکە دەگەرێتەوە ، زۆر جار سەرکردایەتی شۆرش بۆ بەرگری لەو جۆرە کارانە چەندین بار لێپرسینەوەی لەگەڵ لیپرسراوان کردوە و چەندانی ئاڵوگۆر لەم جیگا بۆ جیگای تر ناردوە ، هەندێ جار ئەوانەی داوەتە دادگای شۆرش و سزای خۆیان وەرگرتوە ، ئەم پێشەکیەم بۆ ئەوە بوو ، کەمن ئەمەوێ باس لەسەر هەندێ هەڵوێستی ئەوانە بکەم کە خۆم کارم لەگەڵیان کردوە ، یان بە شێوازێکی تر رەنگە بمەوێت بەراوردێك لە نێوان هەڵوێست و کاری ئەوان لەگەڵ ئیستادا بکەم .

من لە ماوەی خەباتم لە ساڵی ١٩٦٤ وە هەتا ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ چەندین لێپرسراوی شۆرش کارم کردوە ، یان لە نزیکەوە ناسیومن ، ئەو کاتە من وام لێك ئەدایەوە کە بۆخۆم و بە ئارەزووی خۆم ئەو رێگایەم هەڵبژاردوە و هەموو ساتێ چاوەرێی مەرگم ئەکرد لە پێناو نیشتیمان و شۆرشدا ، جگە لەمەش هیچ جۆرە کارێکی خراپ یان دژ بە جەماوەر و شۆرشم نەئەکرد و شەو و رۆژ خەریکی خەبات بووم ، بۆیە بەهیچ جۆریك سڵم لە هیچ لێپرسراوێك نەکردوەتەوە ، هەرچیم بوبێت بەبی منەت باسم کردوە ، کارێکی وام نەکردوە کە رێگام لێبگیریت سەردانیان نەکەم بەڵکو بە پێچەوانەوە دەمتوانی لە هەموو دانیشتنەکانیان جگە لە کۆبونەوە فەرمیەکان دانیشم و بە ئارەزووی خۆشم قسە بکەم ، ئەوانیش رێزیان لێگرتووم ، ئەوانەی کە زۆرتر پەیوەندی راستەوخۆم لەگەڵیان هەبوو ئەمانە بوون :

خوالیخۆشبوان : عبدوالوهاب ئەتروشی – جمال نامق – قادر حمە سالح – حەمە شەمیرانی – معاون کمال شێخ غریب – فتاح اغا – کاك شەوکەت حاجی علی – لەتیف سالح – بوون ، هەروەها ئەمانەش بە کاتی کارم لەگەڵ کردوون : فاخر مێرگەسوری – معاون شێخ محمد سید علی – فازیل سۆرانی – عزیز ئەتروشی – جلال لاورانی . فاضل تاڵەبانی – محمود خان شرف بەیانی.

جگە لەمانـەش پەیوەنـدی زۆر باشـم لەگـەڵ ئـەو لیپرسـراوانەی تـر کـە لەوانـەی سەرەوە پلەیان کەمتر بوو هەبوو لەوانە : نادر هەورامی – عریـف جـلال سـیاگوێزی رئیس عرفا شریف – احمد چەقژی – حسن محمود بەگ – کریم عبداللـه خاسـه – عبدالرحیم لاورانی – حەمە امین شەمیرانی – حمەرشید حاجی فتاح – حمـە فـرج حاجی محمود – حەمە عزیز حاجی – عوسمانی علی چەتون – نـسرالدین عبداللـه هـەورامی – نـوری حمـە علـی – علـی خـرە – احمـد شـەریف ئامـە – عمـر فـرج داراغەیی – عزیز حمە خورشید – ملازم ئەنوەر مجیـد سـوڵتان – قـادر کۆکـۆیی – حسین عارف – حمە امین تریفەیی ئەمانـە لـە ریـزی پێـشمەرگە و لـە نـاو حـزب : جمـال سـعودی – لـەتیف قـادر – شـێخ سـعید مـوفتی – احمـد حمـە امـین - رەسـوڵ مەمەند – ئەسوەد فقی اسماعیل – احمد رشید – نجیب حاجی ناجی – حەمەسـالح سڵیمان بەگ – مەلا لەتیف بامۆکی – حکمەت مـەلا علـی - رووف درویـش تۆفیـق – خالد حاجی فـرج زەرە - کۆیخـا رۆسـتەم – کـریم دەرویـش – محمـد حـاجی علـی – عوسمـان حـاجی علـی – علـی شـاوەیس – جـلال عزیـز – شـێخ عفـان نقـشبەندی – شەوکەت سڵیمان – فایق واحد – حبیب محمود – هیوا مەلا احمـد – لـە کەسـایەتی دیاری ئەو سنورە کە هەمیشە ماڵەکانیان وەکو بارەگایەکی شۆرش بـوو : شـێخ کمـال عەبابەیلێ – دیاری حامید بەگ – حەمە امین عباس بـەگی ئـاوای رۆسـتەم بـەگ – یار احمد افراسیاب بەگ لە بنجۆی درە – سەباح حمـە سـعید بـەگ لـە دەرەشـیش – شێخ رەؤوف شێخ عوسمان لە بیارە – شێخ جلال شێخ محمد لە گوڵپ – حاجی علی سور لە تەوێڵە – محمود بەگی پالأنیا – محمود بەگی بەڵخە – حـاجی حمـە وەیـس لە بیارە – حەمە سالح فتاح لە هانەژاڵە – عبدالمحمد حمـە امـین لـە پـریس - سـید نجیب هانە سورە – سید عبـالحمن تـاوگۆزی – سیدمحـسن تـاوگۆزی – حەمـەبۆر لـە باوەکۆچەك – مەلا کریم مۆردینی – مصتەفا ئەفەندی لە خورماڵ – شـێخ محمـود لە بیاوێڵە – میرزا حسن لە خێڵی حەمە – حەمە رشید عبدالمحمـد لـە گـردی گـۆ – شێخ خالیـد و حـاجی علـی لـە لامەرکـەزی – محمـود مایجـان لـە دەڵەمـەر – حـاجی

حامد له دەرەی مەر – شێخ جافر له سەرگەت – حاجی احمد وحاجی محمد له گەچینه – حاجی عوسمان له تەپی سەفا – حاجی حەمه امین له قاجر - و چەند بەرێزێکی تر که بەراستی ناوەکانیانم له بیر نییه به داوای لیبوردنەوه که هەمویان جێگای رێزمن .

ئەم بەرێزانەی سەرەوه چی لێپرسراوانی بەرز و ئەوانی تر له ریزەکانی پیشمەرگەدا وه یان ئەوانەی له ریزی حزبدا کاریان ئەکرد بەبێ پاداشت بوو ، بەڵکو خەباتێکی رێکو پێکیان ئەکرد ، چەندین جار توشی ناخۆشی و شکست ئەبوون بەهۆی بارودۆخەکان وه یان شەرەکانی داسەپاو له ناوچەکانیان ، هیچ تەئسیریکی لەسەر نەئەکردن و ئەوان زیاتر گەرم دەبوون لەسەر خەبات ، ئەمانه هیچ هەوڵێکیان بۆ خۆ دەوڵەمەندی نەئەدا ، هیچ قەسروقسورێکیان نەبوو ، هەندێکی زۆریان لەگەڵ پیشمەرگەکان نانیان ئەخوارد و ئەخەوتن ، له شەرەکاندا پێش پێشمەرگەکان ئەکەوتن وه یان شانبەشانی ئەوان شەریان ئەکرد ، دەستکەوتەکانیان بەباشی ئەپاراست و دەیاندایه دەست لێپرسراوی خۆیان ، هەوڵیان ئەدا کێشه لەناوچەکانیان دروست نەبیت ، هەمیشه وەکو برا وابوون لەگەڵ یەکتر ، له شەرەکاندا بەهانای یەکتر ئەچون ، وەکو لەسەرەوه باسم کردوه هەتا ساڵی ۱۹۷۰ پێشمەرگه تەنها جارێك یارمەتی فەرمی وەرگرت ، ئەویش کاك رەمەزان ئاکریی ئەندامی سەرکردایەتی بۆخۆی هاته ناوچەکەی ئیمه بۆ دابەش کردنی ، رۆژێکیان لەگەڵ کاك جمال نامق هاتنه لقی ئێمه له نەورۆڵی و یارمەتیەکەیان دابەش کردوو پاشان منیان راسپارد که له بریتی کاك رمەزان بچم بۆ بەتالیۆنی ٦ بەمۆ و یارمەتیەکه دابەش بکەم ، منیش خۆم ئامادە کرد لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك ، کاتێ ئامادەبووین وتیان ئەو فەردە پارەیه بخەنه سەر وولاغیك و برۆن ، پێم سەیر بوو بەبی ژماردنی پارەکەو بێ حساب وا ئەو فەردەیان دامی لەگەڵ هەندێ ئامۆژگاری له چۆنیەتی دابەشکردنەکه ، من بەو بێ حساب کردنه چومه بەتالیۆنی ٦ له شاخی بەمۆ ، لەوێ ٣ لق و بارەگای بەتالیۆن هەبوو ، یارمەتیەکەم بەپیی

لیست دابەش کرد و باقی پارە کە مابویەوە لەگەڵ لیستەکان لە گەرانەوەمان تەسلیم بە کاك رەمەزان کردەوە لە بیارە بێ ئەوەی هیچ حسابێکم لەگەڵ بکەن و سوپاسیان کردم ، ئەمە بەراستی هەڵویستی موتمانەیە کە سەرکردایەتی بە خوارووی خۆی هەیبو ، رەنگە زۆر شتی تر لەم بابەتانە رۆژانە هەبووبێت بەلاّم هەمووی نانوسرێن ، ئەوە تەنها بۆ نمونە لێرەدا نوسیم ، نمونەیەکی تری ئازایەتی و جوامێری هاوکاری کردنی یەکتر ، رۆژێکیان من لەگەڵ ٢ پێشمەرگە دەمانویست لە ناوچەی نەورۆلیەوە بەرەو سنوری خورماڵ برۆین ، تەنها رێگامان دەبوو لە گوندی حسن ئاواوە برۆینە سەر جادەی گشتی سیروان – هەڵەبجە ، ئوتوموبیلێکی جێب لاندرۆڤەرمان پێبوو ، هەر کە گەیشتینە سەر جادەکە کە دەبوایە ماوەیەك بەسەر جادەکەدا برۆین ئەنجا بپەرینەوە ، ووتم بە شۆفێرکە کە ناوی کریم علی بوو راوەستە لێرە با ئێمە دابەزین ، تۆ بەبەتاڵی برۆ هەتا دەگەیتە ئەو جیگایەی لا دەدەیتەوە ، برۆ لە گوندی زەمەقی خوارووی چاوەروانی ئیمە بکە وا ئیمەش بە پێ بەرەو زەمەقی سەروو ئەرۆین و پاشان یەکدەگرینەوە ، ئەم کارەشم لەبەر ئەوەکرد هێشتا ئیمە نەگەیشتبوینە سەرجادەی گشتی ، جادەکەمان بەچۆڵی چاوپێ کەوت چونکە هاتوچۆی ئوتومۆبیلەکان دیار نەبوو ، جگە لەمەش لە دورەوە لەو جێگایەی ئیمە دەمانویست لێی لابدەینەوە بۆ ئەوبەری جادە هەندێ جموجۆڵم بەرچاو کەوت بۆیە ووتم با ئێمە بە پێ برۆین ، حسابەکەی من راست بوو ، کۆمەڵێکی زۆری جاشەکان کەوتبونە ئەو جادەیە بە پێ و ئۆتۆموبیلیان پێبووە ، هەرکە جێبەکە دەگاتە لایان و بۆیان دیار ئەبی کە ئیمەی پێ بووە ، ئەوا دەست بەجێ سواری ئوتوموبیلی خۆیان ئەبن و بەرەو شوینی دابەزینی ئێمە هاتن و لەوی دابەزین ، شوێنی ئیمە هێشتا مابومان بگەینە گوندەکە و لە دەشتەکەدا بووین ئەوان دابەزین و دەستیان بە تەقەکردن کرد لێمان ، منیش بە برادەرەکانم ووت لەیەکتر دور بکەونەوە و خێرا با خۆمان بگەیننە گوند ، پێش گوندەکە جۆگەلەیەکی ئاو هەبوو ، من لەوێ دانیشتم و دەستم کرد بە تەقەکردن لەوان ، چەند فیشەکێکم

تەقاند و تەماشای برادەرانم کرد ئەوان خۆیان گەیاندبوە گوندەکە ، جاشەکان هەر لە جێگای خۆیانەوە تەقەیان ئەکرد ، منیش فرسەتێکم وەرگرت و چومەوە لای برادەرەکانم ، هەوڵماندا کە لەو گوندەش دوور بکەوینەوە نەوەکو لەملاوئەولاوە هێرشمان بۆ بهێنن ، هەر ئەوەندەمان زانی لە پشتمانەوە جێبیکی لاندرۆڤەر بەرەو رووی ئیمە دێت ، ئیمە لامان وابوو کە جاشن و خۆمان بۆشەر ئامادە کرد ، ئەوان دابەزین و سەنگەریان گرت ، یەکێکیان هاواری کرد ئیوە کێن ، هەرزوو دەنگیم ناسی کە کاك نەسرالدین عبداللە بوو ، هاوارم کرد کەمن فلاّن کەسم ، ئیتر هەردوولامان هەڵسابن و چوینەلای یەکتر ، هەتا ئەم کەینو بەینەکرا رۆژ بەرەو ئاوابوون ئەرۆشت ، بۆیە جاشەکان وازیان لە تەقەکردن هێنا و چونەوە بۆ ناوشاری هەڵەبجە ، ئەم بەهاناوە هاتنەی ئەو پێشمەرگانە لەو کاتەدا کە هیچ مەوقیفیکی دیاری نەبوو بۆ ناو ئەو شەرە بەراستی جوامێرانەبوو ، ئەوە بوو هەڵوێستی پێشمەرگەی شۆرش ئەیلول ، باسی ئەو جوامێرانەی پیاوماقولاّنی ناوچەکە ئەوانەی ناوم هێناون و ئەوانەی کە ناویان نەهاتووە ، هەمیشە لە ئامادەباشیدا بوون بۆ میوانداری کردنی پیشمەرگەو لێپرسراوەکانیان جگە لەوەش کەخۆیان و چەکەکانیان هەمیشە وەك هێزێکی پشتیوانی ئامادە بوون ، هێچ کاتێ بیزاری بە ناوچەوانیانەوە نەئەبینرا بەڵکو رۆژ لەدوای رۆژ گەرم تر دەبوون ، ئەمە بوو خەباتی خەڵکی کوردستان ، خۆ باقی جەماوەرەکەی تر هەمیشە لە خزمەتی شۆرشدا بوون ، خۆیان لە پێشمەرگەیەك بە کەمتر نەدەزانی ، ماڵەکانیان دەرگای کراوە بوو بۆ شۆرشگێرەکان ، بەم شێوەیە لێپرسراوان و جەماوەر شۆرشیان ئەکرد ، هەر بۆیە تەمەنی شۆرشی ئەیلول لە زیادبوندا دەبوو ئەگەر ئەو گەلەکۆمەکیە سێ قۆڵەیی جەزایر نەبوایە لە ساڵی ١٩٧٥ دا .

**بەشی چوارەم :- لە ١٩٧٥/١٠/١٣ بۆ ١٩٨٧/٥/١٣**

لـەرۆژی ١٩٧٥/١٠/١٣ لەگـەڵ کۆمـەڵێك خێزانـی تـر کەوتینـەرێ بـەرەوو سـنوری خەسـرەوی لـەوێ دیـار بـوو لـە شـوێنەکانی تـری ئۆردوگاکـانی ئێرانـەوە خـەڵکی تـر هاتبونەوە ، یەکێ لەوانە خوالێخۆشبوو کاك ( سعید یعقوبی )بوو هێشتا مەرحـەبای یـەکتریمان نـەکردبوو ووتـی دڵمـان پـاك بـوو پێکـەوە گەراینـەوە ، هەرئەوەنـدەمان خۆش بوو هەتا کەوتینـە ئـەم دیـو سـنور ، سـەیارەیەکی زۆری بارهـەڵگر لـە ترێلـە درێـــژەکان وەســـتابوون ، ناومـــان خوێندرایـــەوە و جـــارێکی تـــر نوســـرایەوەو کەلوپەلەکانمان لە لۆری ئێراندا گوێزرایەوە بۆ ناو ئەو ترێلە گەورانە کە سەربازی عێراقی باریـان دەکـردن و هـیچ حـسابێکیان بـۆ هـیچ کـەل و پـەلێك نەئـەکرد و بـە ئارەزووی خۆیان فرێ یان دەدانە نـاو ترێلەکانـەوە و تێکـەڵ و پێکـەڵ ، ئێمـەش لـە دوورەوە سەیرمان ئەکرد و نەمان دەتـوانی هـیچ بڵێن ، تـەنها بـیرم لـەوە دەکـردەوە ژمارەی ئەو ترێلەیە بنوسم کە بارەکەی ئێمەی تێدایە ، هـەتا کاتـژمێر ٤ ی ئێـوارە لەوێ ماینەوە دواتر ئاگاداریان کردین کە سواربین ، سواری چی ؟ سواری ئـەو ترێلـە درێژانە ، پیاو ژن و منـداڵ پێکـەوە سـوار کـراین و بـووە قافڵەیـەکی گـەورە و بـەرێ کەوتین ، شار بە شار هەتا گەیشتینە ناو بەغدا ، قافڵەکە بـەرەو رێگـای ابـو غرێـب دەچوو ، لە پر گەرایەوە بۆ رێگای حلـە و لەوێـشەوە بـەرەو دیوانیـە ، کاتـژمێر ٢ ی شەو گەیشتینە شوێنێکی چۆڵ ، چەند گولۆپێـك هـەبوون ، ئۆتۆمبیلـەکان راوەسـتان ووتیان دابەزن ، ئێمە نازانین ئەم شوێنە کوێ یـە ، ژن و منـداڵ هـەمووی هـیلاکن ، بەتایبەتی منـاڵ خـەوتبوون ، ئـەم قافڵەیـە هـەر لـە شـوێنی سـواربونمان لـە سـنوری خانــەقین هــەتا ئــەو شــوێنە نەوەســتان ، مــن دابــەزیم و هــەوڵم دا بــزانم ئــەو بارهەڵگرەی کەل و پەلەکانی ئێمەی تێدابوو هاتوەتە ئـەوێ ، زۆر دوور نەکەوتمـەوە ئۆتۆمبیلەکەم دۆزیەوە و ئاگاداری برادەرانی ترم کردو چوین هەندێ جێگامان هێنـا بۆ مناڵەکان ، شوێنەکە دەشتێکی لماوی بوو هەواش زۆر ساردبوو .

رۆژی ١٩٧٥/١٠/١٤ بـەیانی زوو تەماشـامان کـرد لـە پـشت ئـەو شـوێنەی کـە ئیمـەی لێبـووین سـریفەیەکی زۆر لـە حەسـیر دروسـت کـراون بـە واتـا خـانوو بـە حەسـیر ،

هەندێکی جێگای سوتاندنی پێوە دیار بوو ، چەند کەسێکی بێ خێزان لەوێ بوون ، ئەوانیش هەر خەڵکی کوردستان بوون و پێش ئێمە هاتبوونە ئەوێ ئەوان ووتیان ئێرە پێ ی دەڵێن سریفەکانی (دەغارە ) و ئەم جێگایە بۆ ئەو سەربازو پۆلیسە کوردانە دروست کرابوو کە گەرابونەوە هەندێکی ئاگری تێ بەر بوو بوو چەند کەسێکیش سوتابوون ، ئێمە نەماندەزانی چی بکەین تەنها چاوەرێ ی فەرمانی پیاوەکانی رژێممان دەکرد ، ئەوەندەمان زانی دوو کەس هاتن و هەندێ فۆرم و کاغەزیان پێ بوو ، روویان لە ئێمە کرد چونکە وارێکەوتبوو ئێمە لە نزیك دائیرەکەی ئەوانەوە دابەزیبووین ، برادەرانی تریش لە دەورووبەرمان بوون ، هاتنە لامان و سەلامیان لێ کردین ووتیان ئێمە هاتووین ناوتان بنوسین ، دەستی کرد بە ناونوس کردنمان ، من بە زمانی عەرەبی قسەم لەگەڵ دەکردن ، کە لای ئێمە تەواو بوون بە منیان ووت کاکە بەڵکو هاوکاریەکمان بکەیت لەگەڵمان بێت بۆ تەرجمە نەوەکو ئەوانی تر عەرەبی نەزانن ، بەراستی من ئەم داوایەم زۆر لا قورس بوو ، دەست بەجێ من ووتم ناتوانم ئەم کارە بکەم و شتێکی ئاسای یە خەلکەکە ئەوەندە دەزانن کەوەڵامتان بدەنەوە ، دیار بو وەڵامەکەی منیان پێ ناخۆش بوو، ئەوان ڕۆشتن بە لای کاری خۆیان و من و چەند برایەکی تر کە پێکەوە بوین دانیشتبوین و قسەمان دەکرد ئەوەندەمان زانی یەکێك لەوانە کە هاتبوون بۆ ناونوس کردنەکە هاتە لامان و بە منی ووت وەرە لەگەڵم بۆ دائیرە ، منیش لەگەڵی رۆیشتم بەڵام بە برادەرەکانم ووت کە ئاگاداری مناڵەکانم بن ، هەرچەندە ماڵی باوکم و سابیری برام لەگەڵم بوون ، هەر کە گەیشتمە دائیرەکە یەکێ بەمنی ووت کاکە لە دیوانیە بانگت ئەکەن ، فەرموو سواربە ، سەیارەیەکی فۆکسواگۆنی بچوك لەوێبوو ، لەگەڵ شۆفێرەکەی سوواربووم و گەیشتینە دیوانیە لە رێگە لە هۆی داواکردنم پرسی لە شۆفێرەکە ووتی نازانم ، چوینە بینایەك کە هیچ تابلۆ یان نوسینێکی لەسەر نەبوو تابزانم چ شوێنێکە منیان بۆ هێناوە ، بۆیە لە دڵی خۆم ووتم ئەمەدائرەی ئەمنە ، چوینە ژورەوەو سەرکەوتین بۆ قاتی دووهەم رووی لە دەرگای ژورێك کرد کە لە

سەر دەرگاکەی نوسرابوو ( مساعد ) کە چوینە ژوورەوە ٣ ئەفەندی لەوێ بوون یەکێ لەسەر مێزو ئەوانی تر دانیشتبوون ، منیش دەستێ جلی کوردیم لەبەردا بوو ، تۆزی ترێلەکان مابوو بەدەموچاومەوە ، لەبەر دەمیان وەستام و کابرای پشت مێز ووتی ناوت چی یە و موالید و خێزانداری یان نا لەم بابەتانە پرسیاری لێ کردم ، کاتێ جوابی ئەوانەم دایەوە پرسیاری لێ کردم لای تمرد چی بووی ، ئەویشم وەڵاّم دایەوە کە پێشمەرگە بووم و تەنانەت عینوانی کارەکەم و شوێنەکەشمیان پرسی ، پرسیان هیچ وەزیفەی حکومەتت هەبوە ، ئەویشم پێ ووتن کە بەرێوەبەری شارەوانی بووم ، خەریك بوو پرسیاری تر بکات یەکێ لەوانەی دانیشتبوو ووتی کاکە دانیشە و داوای چایان بۆ کردم و جگەرەیەکیان دامێ ، ئینجا ووتیان تۆ گەنجێك و فەرمانبەرو نان خۆری حکومەت و شۆرشی عێراق بویت بۆ شوێن ئەو موخەریبانە کەوتویت ، منیش کە زانیم مەجالی قسە کردن پەیدا بوو ، ووتم بەراستی من ئێستا پەشیمانم لە گەرانەوەم بۆ عێراق ، نەم دەزانی بەم شێوەیە ئێوە پێشوازیمان لێ دەکەن ، من و ماڵ و منالّم و ئەو خەڵکە ی کە پێکەوە گەراوینەتەوە بە ئارەزووی خۆمان هاتوینەتەوە ، ئێمە نە دیلین و نە لە ئێرانیش دەرکراوین ، بەڵکو بۆ خۆمان بە لێبوردنەکانی حکومەت گەراوینەتەوە ، کەچی ئەمە هەڵوێستی ئێوەیە ، کابرای دانیشتوو رووی لەوانی تر کرد ووتی کاکە راست ئەکات ، بۆ خۆیان گەراونەتەوە و هیوادارین کە هەموو ئەو خەڵکانەی تریش بگەرێنەوە ، ئینجا زیاتر هاتمە قسە کردن چونکە پشتێکم پەیدا کرد ، پێم ووتن کە ئەوانە هەموویان وەکو منن و هەمووی بە ئارەزووی خۆیان هاتوەنەتەوە شتێکی تریشم ووت کە وەڵاّم بو بۆ ئەو پرسیارەی تریان کە چۆن دوای مخرب کەوتووم ووتم ئێمە ئەو تەمەرودەی کە ئێوە باسی لێوە دەکەن ، بە شۆرشمان زانیوە و ئێوەش اعترافتان پێ کردوە و بەیاننامەی ١١ی ئازارتان لەگەڵی ئیمزا کردوە و نەگەیشتونەتە ئاکام و ئێستا ئێمەش بە پێ ی لێبوردنی گشتی گەراوینەتەوە و خۆمان بە گوناهبار نازانین و نەدەبوو بەم شێوەیە رەفتارمان لەگەڵ بکەن ، هێشتا ئێمە جێگامان دیار نی یە و

ئاوو چایەکی ئێوەمان نەخواردوە راپێچی لێکۆلینەوەتان کردووین ، کە ئـەم قسانەم کرد بەراستی ئەو یەکەیان زوو زوو سەری رادەوەشاندوو زۆری لاپەسـەند بـوو ووتـی راست ئەکەی کاکە ، دەستی کردبە پاساو هێنانەوە و ووتی ئێوە عێـراقین و ئێـستا و لەمــەو دوا لەگــەڵ بــرا عەرەبەکانتانــدا دەژیــن و باشــتان کــردوە ئــەم رێگەیــەتان هەڵبژاردوە ، ئێوەش دابەش دەبـن بەسـەر قـەزاو ناحیـەکان و بۆخۆتـان ئیـسراحەت دەکەن ، بانگی کابرایـان کـرد کـە منـی هێنـابوو پێیـان ووت کاکـە بیگەیەنـەرەوە بـۆ شوێنی خۆی هەر کە گەیـشتمەوە لای منـداڵ و بـرادەران زۆر دڵخۆشـبوون و ووتیـان بەراستی نارەحەت بوین ، منیش پـێم ووتـن بـەناوی هەمووتانـەوە قسەم کـردوە و هەموویم بۆ گێرانەوە ووتم ترستان نەبێ هەرکامێکتان بانگ کـرا لـەو قسانە بکـەن پاش من چەند کەسێکی تریان بردبـوو بەهـەمان شـێوە گەرانـەوە و هـەمان قسەیان لەگەڵ کرابوو ، پاش دوو رۆژ مانەوە لەو شوێنە ، رۆژێکیـان سـەیارەی لـۆری زۆریـان هێنـاو ووتیـان ئامـادەبن بـۆ گواسـتنەوە ، ئێمـە هـەوڵمان دەدا کـە چـەند برادەرێکـی ناسراو بەیەك لەگەڵ یـەك بـین ، جگـە لـەماڵی بـاوکم و سـابیری بـرام ماڵـەکان کـاك حمەرشـید حمەخورشـید و خوالێخۆشـبوو کـاك عزیـز حمـە خورشـید و کـاك نـوری حاجی بـاقی و کـاك وەسـتا احمـد و کـاك ناسـری حـاجی حمـە تەشـی و کـاك رەسـوڵ بەڵخـەیی و چـوار خێزانـی تـری عەشـیرەتی هـەرکی نێـردراین بـۆ کۆمەڵگەیـەکی جوتیـاری کـە سـەر بـە مەرکـەزی قـەزای حـەمزە بـوو لـە پارێزگـای دیوانیـە و کۆمەڵگەکە ناوی ( یەکی حوزەیران ) بوو ، لەناو چەند خانویەکی قورو سەری گیراو بە حەسیر دانراین ، کۆمەڵگاکە خەڵکی تری تیدا بوو نزیکەی ٥٠ ماڵێك بوون .

لەو رۆژەوە هەتا مانگی ٣ ساڵی ١٩٧٩ کە گەراینەوە بۆ کوردستان دەتوانم بەسـەرهات و شێوەکانی ژیان لەوی بەم چەند خاڵەی لای خۆارەوە باس بکەم .


١) لەسەرەتای جـێگیر بونمـان لـەو کۆمەڵگایـە ، چاودێریەکی تونـدمان لەسـەر بـوو ، ئێمـەش هـەوڵمان دەدا بـزانین شـوێنەکە کـوێ یـەو چـۆن پەیوەنـدی بـە کـەس و کارمانەوە بکەین لە کوردستان ، بۆئـەوەی ئاگـادار بـن کـە ئێمـە گەراوینەتـەوەو لـەو

شوێنەین ، دوای دوو رۆژ سەردانێکی شاری حەمزەمان کرد ، بەهیوای ئەوەی بەڵکو یەکێکمان بەرچاو بکەوێت و هەندێ کەل و پەل و خواردن بکرین ، لەناو شار چاومان بە چەند کەسێك کەوت کە هاتبوون بە شوێن کەس و کاریاندا و هەواڵیان نەدەزانی ، ئێمە هەواڵی خۆمانمان پێ دان لەگەڵ ئەوانەی کە لەگەڵمان بوون لە دەغارە ، ئەوان ووتیان دائرەی ئەمن زۆر توندن و رێگا نادەن بێینە لاتان ، باش بوو ئێمەش هەواڵی خۆمان بۆ کەس و کارمان نارد ئیتر وورده وورده چاومان دەکرایەوە ، ئاوی خواردنەوەی کۆمەڵگاکە جۆگەلەیەك بوو کە هەموو شتیکی لەسەر دەکرا و بۆ خواردنەوەش بەکار دەهێنرا ، رۆژێکیان من سەردانی شارەوانی حەمزەم کرد و خۆمم پێ ناساندن و داوام لێ کردن کە تانکەرێ ئاوی خواردنەوەمان بۆ رەوانە بکەن و چەند رۆژ جارێکیش بۆمان دووبارە بکەنەوە ، چەند فەرمانبەرێکی رێك و پێکی لێ بوو کە دڵیان بە ئێمە دەسووتا ، تەنکەرێکیان بۆ ئامادە کردم و لەگەڵ خۆم بردم و چەند جارێکی تریش بۆیان ناردینەوە ، رۆژێك قائمقامی حەمزە سەردانی کردین و ووتی هەرکەسێ فەرمانبەر بوە دەتوانێ بێت و بگەرێتەوە بۆ کاری خۆی و ئەوانی تریش یان دابمەزرێن یان دەتوانن بۆ خۆیان کاسبی بکەن ، من پێم ووت کە بەرێوەبەری شارەوانی بووم و مستمسەکاتم پێ یە پێی خۆش بوو ووتی بەیانی وەرە لامان با موعامەلاتی گەرانەوەت بۆ بکەم ، هەروەها هەریەکە لەو برایانەی لەوێ بوو باسی حاڵی خۆیان کرد ، رۆژێکیان لە لایەن بەرپرسی جوتیارانی قەزای حەمزە کە ماڵەکەی لەو کۆمەڵگایە بوو بۆخۆشی ئەندامێکی بەرزی حزبی بەعسی بوو داوای لێ کردین کە شەو سەردانی بکەین لە دیوەخانی خۆی ، ئێمەش هەموو برادەران کۆبوینەوەو سەردانمان کرد و زۆر رێزی لێ گرتین ، کابرایەکی عەشائیر بوو ، حەزی دەکرد هاوکاریمان بکات وەکو ووتی بۆخۆی هاتوە داوای ئەوەندە خێزانی کردوە بۆ کۆمەڵگاکەیان و ئامادەیی خۆشی نیشان دا کە هەر کارێك هەبێت جێ بەجێ ی بکات بۆمان ، پاش خواردنەوەی قاوە ووتی من پەیامێکی حزبیم هەیە بۆتان کە پێتانی رادەگەێنم ، ئەویش ئەوەیە کە ئێوە ئیتر بیر لەوە نەکەنەوە کە جارێکی تر بگەرێنەوە بۆ باکوری عێراق و لەمەودوا کاری نفوس و جنسیە و تەجنیدتان هەمووی دێتە ئێرە و دەبێ بۆ ئەم کارانە مراجعەتی دائیرەکانی ئێرە بکەن و هەوڵ بدەن بۆ گەنجەکانتان لە کور ، کچە عەرەبی بۆ بهێنن و ئێمەش داوای

کچتان لێ دەکەین بۆ کورەکانمان ، لەسەر ئەم بابەتە زۆری ووت  کە بەراستی ئێمەی زۆر دلگران کرد کە تەواو بوو ، من رووم تێ کردوو ووتم ( ابو علی )  خۆی ناوی کریم بوو ، پرسیارێکم لێت هەیە ، ئایا تۆ وەکو ئەندامێکی حزبی باوەرت بە گۆرانکاری هەیە لەم عێراقەدا ؟ ووتی بەڵێ ، منیش ئەو باوەرەم هەیەو  لە پرۆگرامی حزبەکەشمدا  هەیە ، ووتم دەباشە مادام وایە نەدەبوو ئەم پەیامە رابگەێنیت ، چونکە ئەم باروو دۆخەی ئێمە باروو دۆخێکی سیاسی و کاتی یە و قابیلی گۆرانە ، ئێمە بە نەژاد کوردین ، هیچ کاتێ نابینە  عەرەب و ئێوەش عەرەبن نابنە کورد ، ئەوانەی تر وەکو هێنانی نفوس و جنسیەو تەجنید ئێمە هیچ وەلاّمێکمان نی یە بۆی ، ئەوە بریاری خۆتانە و دەسەلاّتمان نی یە ، بەلاّم بۆ کاری ژن دان و ژن هێنان  بە ئارەزووی خۆمانە  و رێگا نادەین بەزۆر پێمان بکرێت ، بەلاّم شتێکی تر دەلێم ووتم ( کاکەابو علی وەللە  رۆژێك دیێت هەرخۆت دێت و بەم شێوەیە کۆمان دەکەیتەوەو پێمان دەڵێیت کاکە ئێوە دەگەرێنەوە بۆ شوێنی خۆتان ) ، دەستی بە پێکەنین کردو  ووتی من تەنها پەیامەکەم بۆتان راگەیاند . پاش زیاتر لە دوو ساڵ ، لە ساڵی ١٩٧٨ بوو من لە شارەوانی حمزە محاسب بووم ، رۆژێك ابو علی هاتە لام و ووتی بەراستی ئێوە سیاسین  و ئێمە هیچی لێ نازانین  ووتم فەرموو دانیشە ، چی یە چی بوە ، وەکو لەسەرەوە باسم کرد پیاوێکی زۆر باش بوو هەمیشە سەردانی دەکردین  ووتی فەرمان هاتوە  بە گەرانەوەی هەندێکتان بۆ شوێنی خۆتان ، بەلاّم تۆ ناگرێیتەوە ، ووتم باشە ئەم اعترافە دەکەن  و دەبێ وابێ ، شوکر بۆ خودا نە ژنمان دانێ و نە ژنمان لێ هێنان ، هەرچەندە وابزانم ٢ خێزان ئەم کارەیان کردبوو لەو دەوروبەرەی ئێمە ، بەراستی برادەرانیش  بەتایبەتی خوالێخۆشبوو کاك عزیز حمە خورشید و کاك حمە رشیدی برای و کاك نوری حاجی باقی زۆر نارەحەت بوون ، ووتیان ئەمە ناحەقی یە  هەر لەوێ بوین نفوس و جنسیە و تەجنید هاتە ئەوێ و کاك اکرم حمە رشید ناسراو بە اکرم دێکۆنی ، ئەو کاتە تازە موالیدی هاتبوەوە بۆ سەربازی ، بوە سەرباز، وابزانم ئیجازەیەك یان دووئیجازە هاتەوە بۆ ماڵەوە ئیتر لەوە بە دواوە دیار نەماو زانیمان پەیوەندی کردوە بە شۆرشەوە ، ئەو هەڵوێستەی رژێم  بەرامبەر بە خەڵکی کورد هەتا لەو دوورە وولاّتەشەوە وای کردبوو کە خەڵکی دەگەرا بۆ رێگا چارەیەك کە خۆی رزگار بکات ،

بیستمان كە كاك سلاّح چاو شین ئەو كاتە فەرمانبەرێك بوو لە دیوانیە ئەویش گەراوەتەوە ناو شۆرش ، هەروەها خوالێخۆشبوو كاك علی عسكری بەرێوەبەری شارەوانی بوو لە شەترە لای ناسریە ئەویش گەرابووەوە ناو شۆرش ، دەنگ و باسی دەست پێ كردنەوەی شۆرش لە ساڵی ١٩٧٦ لەوێ بلاّ و بوەوە ، بەرێوەبەری شارەوانی حەمزە بە فەرمانی حزب نێردرابوو بۆ جیشی شەعبی و ناردبویان بۆلای ناڵپارێز ، جارێكیان هاتەوە بە ئیجازە بانگی كردم و ووتی كاكە لای ئێوە ( تەق و تۆق ) هەیە شەوانە دێنە سەرمان ، ووتم بەڵێ بیستومانە ، ئەوە سیاسەتی خۆتانە وا دەكات ، وەكو لەسەرەوە باسم كرد لە ساڵی ١٩٧٨ بوورۆژێكیان داوای گشت كوردەكانیان كردبوو لە هۆڵێك كۆیان كردنەوە تەنها ئەوانەی كە كاتی خۆی ناویان نوسیبوو كە ئەوان هیچ نەبوون قسەیان بۆ كردبوون گوایە سەرۆك كۆمارو سەرۆكایەتی بەعس لێ بوردنی دەركردوە كە ئەوان بگەرێنەوە بۆ جێگای خۆیان لە هەر كوێ بوون لە باكوری عێراق ، گەراندنیانەوەو ئەوەی شمولی نەكردن ئەوانە بوون كە گوایە پێشمەرگەو لێپرسراوی شۆرش بوون ، لە لایەكی ترەوە ئاگاداری ئێمەشیان كرد ئەوانەی كە فەرمانبەرن دەتوانن لە رێگەی دائیرەكانیانەوە بگوازرێنەوە ، من بەش بەحاڵی خۆم ٣ جار داوای گواستنەوەم كرد یەكێ بۆ هەڵەبجە و یەكێكی تر بۆ سلێمانی هەردوو داواكاریەكەم دەگەیشتنە ئەمنی هەڵەبجە و سلێمانی قبوڵ نە ئەكران و رەت یان دەكردەوە كە پێیان پەسەند نەبوو بگەرێمەوە دواجار داواكاریم كرد بۆ شارەوانی چەمچەماڵ ماڵی مامم لەوێ بوون ووتم بەڵكو بۆ ئەوێ رازی بن باش بوو رەزامەندی وەرگیراو لە ١٩٧٩/٣/٧ گەرامەوە بۆ چەمچەماڵ .

٢) پاش ماوەیەك كە لە كۆمەڵگاكە ماینەوە من موعامەلاتی گێرانەوەم بۆ فەرمانبەری كرد بە عنوانی نوسەر لە بەرێوەبەرایەتی شارەوانی حەمزە لە ١٩٧٦/٢/٢ دەست بەكار بووم ،



بسم الله الرحمن الرحيم

وزارة البلديات
مديرية الديوان والبلديات العامة
قسم الادارة والذاتية
الرقم ى٥/ ٢٩٢٥
التاريخ ١/ ٢/ ١٩٧٦

يرجى اشارتنا الى الرقم كاملا

ختم الواردة

الى :-
مديرية بلديات محافظة القادسية / البلديات

الموضوع -/ احداث وظيفة

كتابكم المرقم ٩٢٧ والمؤرخ في ١٩٧٦/١/٣١ .

توافق هذه الوزارة على احداث درجة كاتب في ملاك بلدية الحمزة براتب ( ١٨ - ٢٥ ) دينار وذلك لاعادة تعيين السيد حمه على توفيق مدير بلدية بياره سابقا فيها .

وزير البلديات
سعاد حبيب الطالباني

صورة منه الى /-
قسم الادارة والذاتية - المؤسسات - الملاك - للتأشير
الاضبارة الشخصية

داود / ١/ ٢

(فەرمانی دامەزراندنەوەم بەکاتب لە حمزەی شرقی لە دیوانیە)

لەبەر ئەوەی شارەزایم لە کاروباری شارەوانیەکان باش پەیدا کردبوو زۆر شتم دەزانی هەر لەوێ کەوتمە کار کردن و زۆر لە فەرمانبەرەکانی خۆیان هەتا بە محاسبیشەوە شارەزا تربووم ، لە مانگی ١٩٧٦/٣ ەوە ئیشو کاری محاسبیم دەکرد لە میزانیەی ساڵی ١٩٧٧ دا لە میلاکدا ناونیشانم گۆڕا بە معاون مدقق ، شارەوانی کارگەیەکی خشتی سووری هەبوو زۆر بێ سەروو بەربوو بەرووبومی کەم بووو ، ماوەیەکی زۆر بوومە بەڕێوەبەری ئەو کارگەیەش لەگەڵ ئیشی خۆم کارگەکەم زیندو کردەوەو پێشم خست و کارگەی تازەم لە پێشانگای نێو دەوڵەتی بەغدا لە شەریکەیەکی ئیتاڵی کری و هەر خۆمیان کردە سەرۆکی لیژنەی کرین ،



بسم الله الرحمن الرحيم

محافظة القادسية
البلديات
الذاتية

العدد/ ١٦٧٨٢
التاريخ ٢ / ١١ / ٩٧٨

أمر اداري

بناء على انتهاء المهمة المكلف بها السيد عبد الجواد علي عبود معاون محاسب بلدية الحمزة ومباشرته وظيفته بتاريخ ١٦/١١/٩٧٨ ق ولما كان السيد حمه علي توفيق ميرزا معاون مدقق في البلدية المذكورة قد تم تنسيبه لامور مدير معمل طابوق ٧ نيسان • فقد قررنا ما يلي :-

١- يقوم السيد عبد الجواد علي عبود معاون محاسب البلدية المذكورة باعمال محاسب البلدية •

٢- يقوم السيد حمه علي توفيق ميرزا فتاح معاون مدقق البلدية المذكورة باعمال مدير معمل طابوق ٧ نيسان

منذر سلمان عزت
مدير البلديات
ع• محافظ القادسية

نسخة منه الى /-
مديرية بلدية الحمزة - لاجراء اللازم اطفا
الاضبارة
المومأ اليهما •

عبد العظيم/

(فەرمانی بونم بە بەڕیوەبەری کارگە خشتی شارەوانی حمزە)

لای فەرمانبەران و خەڵکی تریش زۆر ڕێزم لێ دەگیرا ڕۆژانە هەر خەڵکی کورد بوو عەرەبێکی دەهێنا داوای خشتیان دەکرد منیش بە فەرمانی شارەوانیەکانی پارێزگا ڕۆژانە دەمتوانی بری( ٥٠٠٠ ) پینج هەزارخشت بە دەسەڵاتی خۆم بفرۆشم ، بۆیە لەوە ئەو داواکاریانەم پێ جێ بەجێ دەکرد ، ٨ کەس لە برا بارزانی یەکانی ئۆردوگاکانی قوشتەپەو بەحرکە کە ڕاگوێز کرابوونە سنوری پارێزگای دیوانیە لە

شارەوانی حەمزە به کرێکار دامەزرابوون ، بەراستی ناوەکانیانم له بیر نەماوە من زۆر بەزەیم بەواندا دەهاتەوە چونکه لەو کاتەدا له هەمووو کەس زیاتر غەدریان لێ کرابوو ، رۆژێك بانگم کردن بۆ ژوورەکەی خۆم له شارەوانی پێم ووتن من کوردم ، ئیوە رۆژانە لە ماڵی خۆتان کە لە نزیکی دیوانیەن ، دێنە سەر ئیش و دەگەرێنەوە ، هەر کارێکتان هەیە به چاودێرەکانی شارەوانی مەڵێن وەرن بۆ لای خۆم ، ووتم یەکێکتان بکەنە برا گەورەی خۆتان ، ئەو دەکەمە چاودێرتان و بۆ خۆتان کاری خۆتان بکەن ، ئیترزۆر خۆشحاڵ بوون ، زۆر هاوکاریم دەکردن جاری وا هەبوو بە چەندین رۆژ موڵەتم دەدانێ هەتا لەوێ بووم بەو شێوەیە بوون .

٣) برادەرانی تریش هەریەکەیان بە کارێکەوە سەرقاڵ بوون بۆ نموونە کاك حەمەرشیدحەمە خورشید دوکانێکی دەلاکی دانابوو خوالێخۆشبوو کاك عزیزی برای سەیارەیەکی قەمەرەی تەکسی کری بوو کاری پێ دەکرد ، بەلأم بەداخەوە ئەم کارەی کاکە عزیز زۆری نەخایاند تووشی کارەسات هات و شەهید بوو ، کاك نوری حاجی باقیش چوە سەر چایخانەیەك کە خوالێخۆشبوو کاك حەمە شەمێرانی بە ئیجاری گرتبوو ، هەندێکیش دامەزران لەوانە سابیری برام دەورەی شۆفیری تەواو کردو له شارەوانی بە شۆفێر دامەزرا ، پاشان بوە فەرمانبەر لە کشتوکاڵی دیوانیە و باوکم دوکانێکی دانا ، رۆژێکیان کابرایەکی عەرەب دیار بوو پیاوێکی بە شەخسیەت بوو ، هاتە لام لە شارەوانی و منیش زۆر رێزم لێ گرت و خۆی ناساند کەناوی (محمد الشعلان ) ە و له گوندێکی زۆر نزیك له شار دەژی و خەڵکی ئێرەیە ، ووتی بۆیە هاتووم بۆ لات کە پێم بڵێ ی ئایا هیچ کەسێکی خەڵکی هەڵەبجە لە گەڵتاندایە لێرە ، هەر ئەمەی ووت بەراستی من یەکسەر ساڵی ١٩٦٢ م بە بیر هاتەوە کە ئەوکات یەکێکی وەکو ئەو لەگەڵ ( عبدالخالق سامرائی ) بە دوور خراوەیی له هەڵەبجە بوون ، لەو بینایەی کە پێ ی دەوترا بینای ئیستراحەت لە سەرووی باخچەی گشتی هەڵەبجەوە بوون ، رۆژێکیان فرۆکەکانی رژێم بوردومانی سەر شاخەکانی دەوروبەری عەنەب و جەلیلەیان دەکرد منیش بەرەو ماڵەوە دەگەرامەوە ، ماڵمان له پشت مەرکەزی سەراو قائمقامیەتەوە بوو ، هەر ئەو دوو کەسایەتیانەش هاتبوونە دەرەوە و لەسەر لێواری باخچەکە راوەستابوون سەیری فرۆکەکانیان دەکرد و منیش لێ یان نزیك بوومەوە دیار بوو قسەیان بە رژێم دەوت ، هەر کە ناوی هەڵەبجەی برد هەر زوو زانیم ئەو کەسە ئەو بوە ، لێم پرسی جەنابت بووی لەگەڵ عبدالخالق سامرائی لە هەڵەبجە دوور خرابوونەوە ، ووتی بەڵی تۆ چۆن ئەزانی ووتم من خەڵکی هەڵەبجەم ، ئێوەم لەوێ دیوە و

ناونیشانەکەم بۆ گێرایەوە ، هەڵسایە سەرپێ و جارێکی تـر تەوقـەی لەگـەڵ کـردم و ووتی خۆشحاڵبووم کە یەکەمین کەس  لە براکانی کوردی هەڵەبجەم چاو پـێ کـەوت و ووتی کاکە بێ منەت بە حەزم لێ یە ئەو پیاوەتیـەی خـەڵکی هەڵەبجەلەگـەڵ منـدا کردوویانە  ئێستا بیدەمەوە بە زیادەوە حەز ئەکەم ئەوانەی خەڵکی هەڵەبجەن پـێم بناسـێنیت . کـاك عمـر خـەزان خـۆی و کورەکـانی  ئـەوانیش دوای دابـەش بوونەکـە کەوتبونـە ناحیـەی  شـنافیە ، شـوێنێکی زۆر نـاخۆش بـوو  هـەولێکی زۆریـان دابـوو بێنە ناو قەزاکە خـۆی و کورەکـانی کـاری دارتاشـی باشـیان دەزانـی و بـە منیـان ووت بەڵکو  یەکێ بدۆزینەوە یان لەگەڵی ئیش بکەن  یان دوکانێك پەیـدا بکـەن ، منـیش ئەوەم بە فورسەت زانی  کە لە ڕێگای شـیخ محمـد شـعلانەوە ئـەو کـارە بکـەم ، پـاش ئەوەی کاك عمرو خوالێخۆشبوو کاکە حەمە شەمێرانی  و ئەوانی تر کە لەوێ بـوون پێ یانم ناساند ، ڕۆژێك پێم ووت  شێخ  ئێمە کاك عمر مان هەیـە  پێویـستی بـەوە هەیـە هاوکـاری بکـەین ، هـەتا دەکەوێتـە کـارو حـەز ئەکـەم لـە گوندەکـەی خۆتـان جێگای بکەیتـەوە و بفـەرمووی یـەکێ لـەو دارتاشـانە بـەڵکو کاریـان لەگەڵـدا بکـات ، زۆری پـێ بـاش بـوو  ووتـی مـن دەیانبەمـە لای خـۆم ، زەویـشمان هەیـە بابۆخۆیـان بیکەنەوە بە خانوو ، تۆش پارچە خشت لە مەعمـەل و  منـیش لای خـۆم هاوکاریـان دەکەم ، بەڵێ بەم جۆرە  کاك عمر بـوە خـاوەن خـانووی خـۆی ودوکانێکیـشی دانـابۆ خۆی و منداڵەکانی ، الحمدالله وەزعیان باش بوو .

٤) خوالێخۆشبوو کاك شێخ سەعید موفتی  کە پێشتر لێپرسـراوی ناوچـەی هەڵەبجـە بوو ئەویش لەگەڵ کاك ئەسوەدی فەقێ ئیسماعیل و چـەند کـادیری تـری پـارتی لـە گـشت سـنورەکان ڕاگـوێزی ئـەو ناوەیـان کردبـوون ، کـاك شـێخ سـەعید و چـەند برادەرێکـی تـر بـەیناو بـەین سـەردانیان دەکـردین و ئێمـەش سـەردانمان دەکـردن ، ڕۆژێك کاك شێخ هات و زۆر نارەزایی خۆیان لەفەرمانگەی کشتوکالی قەزای( رمیسە) دەربری و ووتی  ئێمەیان بە زۆر کردوە بە کریکاری غابات و من و کـاك ئەسـوەد لـە دائیرە دایان ناوین ، لێ پرسراوەکە داوامان لێ دەکات کـە کـاك ئەسـوەد کـاری فەراشـی بکات و منـیش کـاری ئـاودانی باغەکـە بکـەم ، وامـان لێ هـاتوە هـەڵبێین وەیـان داوای گواستنەوە بکەین ، منیش ووتم کاك شێخ بزانە لێ پرسراوەکەتان خەڵکی کـوێ یـە ، ڕەنگە بەعسیەکی خراپ بێ ، ئەو ڕۆژە جمعە بوو ، زۆر سەیر بوو  ڕۆژی شـەمەکاك

شیخ چوبو بۆ دەوام لێ پرسراوی دائرەکەی بانگی کردبوو پیّ ی ووتبوو کاکە تۆ ئەو کاکەیە دەناسی کەلە حمزەیەو مدیری معمل تابوقە ، ئەویش پێشەکی بەتەواوی نەیوتبوو بەڵێ دەیناسم تا بزانێت بۆچی هەواڵم دەپرسیّ و داوای کردبوو کە بێت بۆ لای من و بەڵکو رەزامەند بم لەسەر پێدانی ٤ هەزار خشت بۆی ، گوایە خانوو دروست ئەکات لە حمزە ، ووتوبوی من خەڵکی ( گوام ) م ، رۆژی شەممە کاك شێخ هاتەوە لام و قسەی بۆ کردم ووتم باشە لەبەر خاتری جەنابت و کاك ئەسوەد بەیانی بابێت ، بەبیّ سەرە با پارە تەسلیم بکات و لەماوەی ٢ هەفتەدا ٤ هەزار خشت ، کە ٦ مانگی دەویست هەتا وەریبگرتایە بیبات ، کاك شێخ رۆیشت و بۆ بەیانی کابرا هات ، رەشێکی ناشیرین و قاتێکی وەکو رەفیق حزبی لەبەر کردبوو ، کە هاتە لام و خۆی ناساند منیش رێزم لێ گرت و داوای چام بۆ کرد و پێم ووت تۆ ئەو دوو کەسایەتیەی کە لاتە بە چی یان دەزانی ؟ بامن راستیت پیّ بلێم ، ئەوانە کەسایەتی سیاسی بوون و هەریەکەیان کەسایەتێکی دیاری ناو کۆمەڵیان هەیە ، ئێوە لێرە چۆن شێخ و کەسایەتی خۆتان رێز لێ دەگرن ، ئەوانەش لای ئێمە وان ، حەیفە تۆ بەو شێوەیە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکەی ، یەکێکیان بە فەراش و یەکێکی تریان بە باغەوان دات ناون ، کابرا زۆر لە خۆی بووەوە ووتی کاکە وەعد بیّ خۆم ئەزانم لەمەو دوا هەڵوێستم چۆن ئەبیّ بەرامبەریان ، منیش بانگی خەزنەدارم کرد و نامەیەکم دایێ کە پارەی ٤ هەزار خشتی لێ وەربگرن و وەسڵی بۆ بکەن ، هەر زوو کارەکە ئەنجام دراو پێم ووت ئەم هەفتەیە ٢ هەزارخشت وەرگرە و هەفتەی داهاتووش ٢ هەزارەکەی تر ، کابرای عەرەب لە خۆشیاندا نەیدەزانی چی بکات ، دوای ئەوەی هەستایەوە ئەملاو ئەولای ماچ کردم و رۆی ، بۆ بەیانی ناوبراو گەرابووەوە دائرەکەی و هەردووکیانی بانگ کردبوو پیّ ی ووتبوون بەراستی ئێوە لەمەو دوا بۆخۆتان لای من ئازادن و هەرکاتیّ موڵەتتان ویست ئاگادارم بکەن و لەمەو دواش لە دائرە بن و بۆخۆتان هیچ کارێك مەکەن .

٥) خوالێخۆشبوو كاك سعيد يەعقوبی كاتی خۆی قائمقامی هەڵەبجە بوو بەراستی كەسايەتيەكی زۆر رێك و پێك و قسە خۆش و راست گۆ بوو ، بەهۆی ئەو كارەی لە هەڵەبجە بوينە دۆست و برادەرێكی باشی يەكتری ، وەكو لەسەرەوە باسم كرد لەسەر سنوری خەسرەوی پێكەوە گەراينەوە تەنانەت تا سريفەكانی دەغارە يش بەيەكەوە بوين لە دابەش كردنەكەمان ئەو بەر ناحيەی شنافيەی سەر بە قەزای حەمزە كەوت بوو ، بردبوويان بۆ شوێنێكی زۆر خراپ ، جارێكيان هاتە لام لە حەمزەو دوای هەواڵپرسينی يەكتر ووتی شوێنەكەم زۆر خراپە لەكاتی پركردنەوەی فۆرمەكان و ناونوس كردنمان لە ئەمن نەيووتبوو كە قائمقام بووم ، بەرێوەبەری ناحيەكەيان جاروبار دەبووە جێگری قائمقام لە حمزە ، هەروەها دەبوە بەرێوەبەری شارەوانيش بە وەكالەت ، چونكە بەرێوەبەرەكەمان زۆر كەم لەوێ دەبوو ، ناوبراو ناوی سيد محمد بوو خەڵكی نەجەف بوو لەسەيدەكانيش بوو پياوێكی باش بوو ، زياتر بە هۆی كاك سيروان فوزی كە ملاحييز تحريری قائمقاميەت بوو ، ئەويش يەكێك بوو لەو راگوێزراوانە ی كورد كاتی خۆی لە ناحيەی هێرۆی سەر بە قەزای قەلأدزە بەرێوەبەری ناحيە بو ، زۆر پياوێكی باش بوو ، لەگەڵ ئێمە تێكەڵ بووبوو بەبێ ئێمەی نەدەكرا و هەميشە بەيەكەوە بوين ، ئەويش كاك سعيدی رەحمەتی باش دەناسی هەردووكمان بريارماندا كە ئەگەر جارێكی تر كاك سيد محمد بوە وەكيلی قائمقام پێكەوە كاری كاك سعيد تەواو بكەين ، پاش ماوەيەك سيد محمد بوە وەكيلی قائمقام و كاك سيروان ووتی هاتوە ، من رۆژانە ئەوراقی شارەوانيم بۆ دەبرد بۆ ئيمزا كردن كە چومە لای بە كاك سيروانيشم ووت كە بێت ، پێكەوە پێمان ووت كە كارێكمان هەيە و دەمانەوێت بۆمان جێ بەجێ بكەيت و كارەكەش پەيوەندی بە گواستنەوەی كاك سعيد يەعقوبی يەوە هەيە بۆ ناو مەركەزی پاريزگا بۆ ديوانيە ، ئێمە لە سيد محمد نەدەترساين چونكە رەفيق حزبی نەبوو ، لای ئێمە زەمی حكومەت و بەعسی دەكرد ، بەراستی زۆر پياوانە كارەكەی بۆ ئێمە كردو لەسەر بەڵێنی خۆی كەگەرابوەوە

ناحیه ، بۆ خۆی چوبوه لای كاك سعید و گلەیی لێ كردبوو كه بۆچی بۆخۆی باسی نەكردوه ، بۆ چەند رۆژێك هەتا معامەلاتی گواستنەوەی بۆ دیوانیە بۆ كردبو هێنابویە ناحیە بۆلای خۆی و كارەكەی بۆ تەواو كردبوو ، كاك سەعید خۆی گواستەوە بۆ دیوانیەو پەیوەندی كرد بە سەندیكای پارێزەرانەوەو بوە پارێزەر و سید محمدیش دەركەوت كە لەگەڵ بەعس نەبوو بۆیە بیستمان كە گیراوەو لە سێدارەش دراوه .

٦) كاك رەئیس یوسف میران ئەویش راگوێز كرابوو بۆ قەزای حمزه بە خۆی و ماڵ و منداڵیەوه ، بەسیارەیەكی بچوك هەندێ كەل و پەل یان لەسەری دانا بوو ، بەیانیەك لەماڵەوه بۆ شارەوانی دەچووم ، ئەو سەیارەیەم لەبەردەمی ئەو ئوتێلە چاو پیكەوت كە كاك سیروان فەوزی و كاك حسن عوسمانی تیدا بوون ، هەر كە گەیشتمە شارەوانی كاك سیروان هاتە لام و ووتی كاك علی دوێنێ ئێوارە كاك رئیس یوسف بە خۆی و منالەكانیەوه هێناویانەتە ئێره و لە ئوتێلەكەی ئێمه دایان ناون ئوتێلەكەش خاوێن نییە ، ناچار كاك حسن جێگای خۆی بۆ چوڵ كردون ، بەڵكو ئەمرۆ كارێك بكەین جێگایەكیان بۆ پەیدا بكەین ، كاك حسن عوسمانیش یەكێك بو لە دورخراوەكان ، ماڵی باوكی لە بەغدا بوو ، ماموستای ناوەندی بوو كەسێكی زۆر رێكوپێك بوو ، حەزی لە هاوكاری كوردەكان بو ، لەگەڵ ئیمە تێكەلاوی پەیدا كردبوو ، هەتا پاش گەرانەوەشمان بۆ كوردستان ، هاتوچۆی یەكترمان ئەكرد ، برایەكی بوە پیشمەرگەی سوشیالیست و وابزانم لەلایەن هێزەكانی رژێمەوه گیرابوو ، لە سێدارە درا ، بۆخۆشی پاشان بویە پیشمەرگە ، لە ساڵانی ٩٩٢ و ٩٩٣ لە رانیە لە بارەگای حزبی سۆشیالیست بو ، زۆر جار یەكترمان دەدی ، پاش قسەكە من چوم ئاگاداری كاك حمه شەمێرانی و هەندێ برادری ترم كرد ، چوم بۆ ئوتێلەكە بۆلای كاك یوسف و بەراستی زۆر نارەحەت بوو ، ووتی منیان بەزۆر هێناوە بۆ ئێره و ئەمرێكی ئیداریان پێ داوم كە لە زراعەی ئێره دەوام بكەم ، ئەمرۆش دەبێ بچم بۆ دائیرەی ئەمنی ئێره ، نازانم بۆ چی یان داوا كردووم ئەمەش وەزعی ئێمەیەو

ئوتێلەکەش زۆر پیسە و سوپاسی کاك سیروان و کاك حەسەنی کرد کە هاوکاریان کردوە ، منیش زۆر دڵم دایەوە و پێم ووت کە هەمووومان لەو وەزعە خراپترمان بەسەر هاتوە و گوێ مەدەرێ و هەوڵ دەدەین شوێنێك پەیدا بکەین بۆتان و من بۆ خۆم دێم لەگەڵت بۆ دائرەی ئەمن ، بەهۆی وەزیفەکەوە کە هەموو کەس کاری بە شارەوانی هەبوو هەندێ لە ئەمنەکان ناسراو بوبوون ، پێم ووت هەموومان ئەو فۆرمانەمان پر کردۆتەوە هیچ نی یە تەنها زانیاری گشتی یە ، پێکەوە چوین و فۆرمەکەی پر کردەوە و گەراینەوە شارەوانی ، کورێکی فەرمانبەرمان هەبوو کوری شێخێکی عەرەب بوو باوکی جاروبار دەهاتە لامان زۆر پیاوی باش بوو ، کورەکەم بانگ کردوو ووتم دەزانی باوکت لە کوێ یە ؟ ووتی بەڵێ لە ماڵەوەیە ، لەگەڵ ئۆتۆمبیلێکی شارەوانیدا ناردم بە شوێنیاو هێنایان بۆ شارەوانی و کاکە حەمە شەمێرانیش هات بۆ لامان کە ( ابو کازم ) هات کاك یوسف مان پێ ناساند ، لەویش نەدەترساین چونکە ئەویش پیاوی رژێم و بەعسی نەبوو ، داوامان کرد لێی کە جێگایەکمان بۆ پەیدا بکات بۆ کاك یوسف ، زۆر مەردانە ووتی جارێ من بۆ خۆم دیوەخانەکەم دەدەم پێ یان هەتا شوێنێك دەست ئەخەین ، هەموومانی برد بۆ ماڵی خۆیان کە خانوەکەیان لە قەراغ شار بوو لە نزیك باغێك و چوین تەماشای دیوەخانەکەمان کرد کە پێ ی دەوت ( موزیف ) شوێنێکی باش بوو هەموومان سوپاسمان کرد بەراستی کاك یوسف زۆر خۆشحاڵ بوو بە ناسینی ئەو پیاوەو ماڵەوەی چونە لایان و بونە ناسراوو هاوکاری یەکتری و ماوەیەکی زۆری نەخایاند کاك یوسف یان گواستەوە بۆ دیوانیە و کردیانە بەرێوەبەری کارگەی چنین وخوری دیوانیە .

٧) هەورامانی کورم تەمەنی ٦ ساڵان بوو کە چوینە شاری حەمزە گوێچکەی ئازاری هەبوو ، بردم بۆ لای دکتۆر لە نەخۆشخانەکەی حەمزە پاش پشکنینی ، دەرزی یەکی بۆ نوسی ووتی لای ئەو برین پێچە دەرزی یەکەی بۆ بکەن ، کە بردمە لای کابرای برین پێچ یەکێکی رەش تاڵەی ناشیرین بوو هێشتا دەرزیەکەم نەدابویە

دەستی ، رووی تێ کردم و ووتی کاکە ئەگەر ئێوە لە جێگای ئێمەدا بونایە چیتان ئەکرد ، قسەکەی وا دەگەیانـد کـە ئـەوان رەحممـان پـێ دەکـەن ، منـیش دەسـتم گێرایەوەو دەرزیەکەم خستە گیرفانم و دەستی هەورامانم گرت و وەلاٌمـم دایـەوە ووتم ئێمە نەمانزانیوە لێ بوردنی میری رەزامەنـدی تۆشـی دەوێ ، مـادام وایـە مـن دڵنیا نیم لە پاکی تۆ کە ئەو دەرزیە بۆ ئـەو کـورە بکـەیت ، پاشـان هاتمـە دەرەوە ، کابرا زۆر هاواری کرد کە بگەرێمەوە ، بەلاٌم من نەگەرامـەوە پـاش ماوەیـەك هـەر ئەو کابرایە ئیشی کەوتە شارەوانی ، منیش محاسبی شارەوانی بووم و جێگاکەم پاش بەرێوەبەر بوو ، زۆر رێزم لێ دەگیرا و ژورێکی باشم هەبوو کاتێکم زانـی فەراشـەکە ووتی کابرایەك لە نەخۆشخانەوە هاتوە بـۆ لات فـەرمووم لێ کـرد تەماشـا ئەکـەم ئەوە ، ئەویش منی ناسیەوە زۆر ماتەمینی گرتی و دەست بەجێ پاش سلاٌو کـردن ووتی کاکە من داوای لێ بوردن دەکەم من مەبەستم وانەبوو کـە تـۆ زویـر بوویـت ، ووتم دانیشە باچاك تێتبگەینم ، ئێمە گەلێکین وەکو ئێوە حـەقی خۆمانـە مافمـان هەبێت ، شەرمان کردوە لەگەڵ حکومەت نـەك لەگـەڵ خـەڵکی عـەرەب ، چونکە حکومەت مافی ئێمەی پێشێل کردوە ، منیش نازانم تۆ لە کامیانی ، ئەگەر حکومەت بیت ئەوا لێ بوردنی دەرکردوە بۆمان و دوریشی خستوینەتەوە لـە وولاٌتـی خۆمـان ، ئەگەر عەرەبیشی ئەوا ئێمە شەرمان لەگەڵ ئێوە نـەبوە ، بەراسـتی زۆر زیـاتر لـە خۆی بویەوە من بەرێزەوە کارەکەم بۆ جێ بـەجێ کـرد بـۆ ئـەوەی زیـاتر لـە خـۆی ببێتەوە .

٨) لەساڵی ١٩٧٧دا بوو رۆژێکیان کاك حمە شەمێرانی بە شپرزەیی هاتە لام و ووتـی کابرایەك لە ئەمنی عامەوە لـە بەغـدادەوە هـاتوە بـە شـوێنمدا ، گوایـە لـەوێ بـانگم دەکـەن و لـە ئـەمنی حـەمزە دانیـشتوە هـەتا خـۆم ئامـادە بکـەم لەگـەڵی بـچم ، بەراستی هەواڵەکەی ناخۆش بوو ، پـێم ووت جـا تـۆ چـۆن ئـەرۆیت بـەبێ ئاگـاداری کـەس ، ووتـی نـازانم چـی بکـەم ، ووتم ئێـستا مـن ئاگـاداری قائمقـام ئەکـەم وتێـی ئەگەیێنم کە ئێمە لەژێر چاودێری ئەوداین ، بەبێ ئاگاداری ئەو نابێ برۆیت ، ووتـی باشە من خۆم دوا ئەخەم بەڵکو ئەو کارە بکەیت ، چومە لای کاك سیروان فـەوزی و


له کێشەکە ئاگادارم کرد ، ئەویش ووتی باشە بچۆ پێ ی بڵێ ، قائمقام پیاوێکی باش بوو چومە لای و پێم ووت شتێکی وا هەیە ، حەز ئەکەم بە ئاگاداری جەنابت ئەم کارە بکرێت ، نەوەکو کاکە حەمە بەرن و بێ سەرو شوێن بێت ، ووتی زۆر باشە تەلەفۆنی کرد بۆ دائرەی ئەمن و کابرای بانگ کرد و منیش لەوێ بووم پێ ی ووت ئێوە کێن ئەو کەسە گەراوەتان دەوێت ، ئێوە پێویستە لە رێگای ئێمەوە داوای هەر کەسێ بکەن ، هەتا نامەی فەرمی نەهێنی ، من ناهێڵم ئەو کەسە بەرن ، کارەکە کێشەی بۆ دروست بوو هەموو لایەکیان کەوتنە تەلەفۆن و تەلەفۆن کاری ، قائمقام دەست بەجێ تەلەفۆنی کرد بۆ پارێزگاری دیوانیە ، ئەویش خۆشبەختانە پشتگیری کردو ووتی مەهێڵە بروات ، وا دیار بوو کاکە حەمە دەبوایە هەر برۆشتایە بۆ ئەو جێگایەی داوایان کردبوو ، بۆیە بۆ رۆژی دوایی قائمقام داوای کرد کە کاکە حەمە با بروات لەگەڵی و پسوڵەیەکی لە کابرا وەرگرت ، کاکە حەمە رۆیشت و پاش دووروژ گەرایەوە ، ووتی لە یەکێ لە شعبەکانی ئەمنی عامە بانگ کرام و هەندێ قسەیان لەگەڵ کردم ، زۆر شتی بۆ ئێمە باس نەکرد چونکە رۆژی تریان بۆ دیاری کردبوو کە بگەرێتەوە بۆ لایان ، لەکاتی دیاری کراوی خۆی چوبوەوە بۆ لایان لە بغداد لە نزیکی وەزارەتی بەرگری لە کاتی پەرینەوەی لە جادەکە ئۆتۆمبێلێك لێ دەدات و ئازاری زۆری پێ گەیاندبوو قاچێك و قۆڵێکی شکا بوون ، زۆر ئازاری تری بوبوو ، هەواڵەکەمان زانی ئەوانەی پێکەوە بوین چوین بۆ سەردانی لە نەخۆشخانە لە بغداد ، پاش تەداوی و چاك بوونەوەی ، هەر وازیان لێ نەهێنابوو هێشتا بە تەواوی چاك نەبوبوەوە جارێکی تر ناردبویانەوە بە شوێنیا ، هاتوچۆ بەردەوام بوو، لەناو خەڵکی کوردی ئەو ناوە قسەو قسەڵۆك پەیدا بوو کە کاکە حەمە دەیەوێت بگەرێتەوە بۆ هەڵەبجە و چەك هەڵگرێ ، منیش هەتا چەند جارێك هەر وام دەزانی کە بۆ لێکۆڵینەوە بانگی دەکەن ، بۆ خۆی رۆژێکیان بە نهێنی بانگی کردم و پێم ووت کەوا خەڵکی باست ئەکەن ، ووتی بەڵێ وایە ، بەڵام سوێندی زۆری بۆ خواردم کە ئەم قسەیە نهێنیە و تەنها لای تۆ باسی ئەکەم ، ووتی منیش رازی بووم بەو نیەتەی ئەوەی کە گەرامەوە و چەکم وەرگرت پاشان پەیوەندی بە شۆرشەوە بکەمەوە ، داواشی لە من کرد کە لە گەڵی بم بۆ ئەو کارە ، زۆرمان گفتو گۆ کرد لەسەر ئەم مەسەلەیە ، من رام وابوو ئەگەر تەنها مەبەست گەرانەوەیە بۆ

ناو شۆرش  با بگەرێینەوە  با بێ چەك بین ، پێویست ناكات سومعەی خۆمان خراپ بكەین لە ناو خەڵكی ، ئەگەر تۆ وابزانی ئەم كاتە ئەو كاتەیە  كە چوینە دەربەندیخان و بە گورجی سەركردایەتی شۆرش هات بە دەممانەوە  ئێستا وانی یە ، بێ سوود بوو قسەكانمان ، بۆیە من پێم ووت بە هیچ جۆرێك لەگەڵت نیم و نابم بۆ خۆت چی ئەكەیت كەیفی خۆتە و سەركەوتووش نابیت ، ئەو بەڵێنی دابوو دەبوایە بیكات بۆ خۆی و چەند خێزانێك گەرانەوە بۆ هەڵەبجە ، لە ساڵی ١٩٧٨ بوو هەواڵی كۆچی دوایی ئامۆژنم كە دەكاتە دایكی خیزانم لە بیارە پێمان گەیشت منیش چووم بەرەسمی موڵەتم وەرگرت و لەگەڵ مناڵەكانم چوینەوە بۆ هەڵەبجەو  نەمهێڵا كەس پێمان بزانێ ، بەهۆی مختاری گەرەكێكی هەڵەبجەوە داوام كرد كە ئەمنی هەڵەبجە ئاگاداربن كە من دەچمەوە بۆ بیارە ، ممكنە شەوێك یان دوو شەو دەمێنمەوە با توشی شتێك نەبین لەوێ ئەو كاتە ناوچەی هەورامان خەڵكی خراپی تێ كەوتبوو ، زۆر ناحەزی كەوادری شۆرشی ئەیلول هەبوون بۆیە منیش ئەو كارەم كرد ، بەسەلامەتی چوین و گەراینەوە بۆ هەڵەبجە پاش ئێمە سابیری برام و خێزانی چوبونەوە بۆ هەمان مەبەست ، ئەوان ئەو كارەی ئێمەیان نەكردبوو  لە بیارە خۆی و خێزانی دەگرن و  ناهێڵن لەوێ بمێننەوە ، بە كەفیلی خزمێكیان  رەوانەی هەڵەبجەیان كردبونەوە ، من كە گەرامەوە بۆ هەڵەبجە ویستم دوو رۆژێك لەوێ بمێنمەوە ، لە كاتی چونم  برادەران هەردوو خوالێخۆشبوو كاك فرج رحمن و كاك امینی حاجی حمە وەیس م چاو پی كەوتبون ، ئەوانیش هەواڵیان دابوە كاك حەمە شەمێرانی  كاتێكم زانی هەرسێكیان  هاتنە ماڵی شەمسەی خوشكم و كاكە حەمە ووتی چی یە هاتویتەوەو خۆتمان لێ ئەشاریتەوە ، لەگەڵ خۆیان سواریان كردم ، ووتم كاكە بەناو شاردا من مەگێرن  با منیش ئارداوی نەبم ، چوینەوە ماڵی خۆیان و لەوێ دانیشتین  و كاك محمد حمە كریم كوردستانیش لەوێ بوو ، ناوبراو لە شۆرش لیپرسراوی گشت ئامێرەكانی بێتەل بوو ، كەسێكی زۆر باش بوو هەمیشە هاوكاری ئیمەی ئەكرد لە كارەكەی خۆیدا و لەگەڵ كاكە حەمە دۆستاییەكی زۆر باشیان هەبوو ، ئەویش بەخەمی دوارۆژی كاكە حەمەوە بو ، جارێكی تر كەوتینەوە قسە كردن  لەسەر مەوزوعی گەرانەوە بۆ هەڵەبجە ، تەماشا ئەكەم دەمانچەی پێ یە، پێم ووت جا كاكە وا تۆ منت بۆ قەناعەت پێ كرا كەمەبەستت چی یە ،  ئەی

بەو هەموو خەڵکە چی ئەڵێیت  کە دەتبینن چەکت پیٚ یە و هاتو چۆی سەراو ئەمن ئەکەیت ، ووتی دوای لیٚ ی ئاگادار ئەبن ، لە ناو هەموویان دەستی گرتم و بردمیە ژورێکی تر ، دوو سندووق چەکی کلاٚشینکۆفی نیشان دام ووتی ئەمانەیان بۆ ناردووم بەلاٚم من ووتوومە لە ١٠٠ پارچە چەك کەمتر بێت وەری ناگرم ، کە ١٠٠ پارچەکەم وەرگرت  ئەو کاتە خەڵکی خۆم ئاگادار کردوە  و دەگەرێمەوە بۆناو شۆرش ، منیش پێم ووت باشە تازە تۆ بریاری خۆتت داوە ، بەلاٚم زۆر پێویستە ئاگاداری خۆت بی ، بەم شێوەیە  خۆت و  یەکێکی تر  بەبیٚ چەك سواری ئۆتۆمبیل دەبی و بەبیٚ غەم دەگەریت  کارێکی خراپە ، تۆ لای خەڵکی تازە واناسراویت پەیوەندیت بە حکومەتەوە کردوە  نیازی چەك هەڵگرتنت هەیە ، بۆ پارێزگاری خۆت لەو چەکانە ٣ تا ٤ چەکیان هەڵگرە با لەگەڵت بن ، هەتا کارەکانت تەواو ئەبن ، خۆی لە راستیدا نیازەکەی درووست بوو ، بەلاٚم پێویستی بە خۆپاراستن هەبوو چونکە ناحەزی هەبوو ، من زیاتر نەمامەوەو هەر ئەوەندەش چاوم پیٚ ی کەوت ، بەیانی گەرامەوە بۆ حەمزە ، پاش ٢ -٣ مانگ  بەسەر ئەو کاتەدا تیٚ پەری هەواڵمان بۆ هات  کە کاکە حەمە کوژراوە  لە لایەن مەلا عبداللە ی کوری خوالیخۆشبو کاك احمد حمەامین  پریسی  کە کاتی خۆی باوکی لە شەرێکی ئەوان و ئەودا لە پریس کوژراوە  کە هەردووکیان لیٚ پرسراوی شۆرش بوون ، کاکە حەمە سەر لق و کاك احمد حمە امین  ئەندامی لقی ٤ لە بەشێکی ئەم نوسینەم  لەسەرەوە باسێکی کورتم کردوە  کە ئەو شەوە من لەویٚ نەبووم  ئەو کارەساتە خۆ بە خۆ روویدا و ئەو نارەحەتی و ناخۆشیەی لیٚ کەوتەوە کە بە نەمانی هەردووکیان کۆتایی هات ، کەسێك سوود مەند نەبوو تەنها دوژمنانی کورد نەبیٚ ، هەزار شوکر بۆ یەزدان  ئەم کێشەیەی  نێوان ئەم دوو خانەوادە کورد پەروەرانە لەسەر دەست و بە ئاگا بوونی پارتی دیموکراتی کوردستان  کۆتایی پیٚ هات و ئاشتەوایی کەوتە ناویانەوە  کە پێشتر وەك و دووبرای ئازیزو خۆشەویستی یەکتری بوون .

٩)  لە بەرواری ٩٧٩/٣/٢٧ من لە شارەوانی چەمچەمال بە هۆی نەبونی ملاکی م. مدقق بەناونیشانی کاتب دەستبە کار بووم بە خێزانەوە لەچەمچەمال ماوەیەك لەگەل مالی مامم و ماوەیەکیش لەخانوی کریٚ ماینەوە ، ئەو ماوەیە هەتا مانگی٩٧٩/٨ خایاند ، برادەرانی بەرێوبەرایەتی شارەوانیەکانی سلێمانی بەهۆی

ناسراوی و کارکردنمان پێکەوە لە ساڵەکانی ٩٧١ــ٩٧٤  زۆر هاوکاریان دەکردم و بە لێنیان دامێ کە بمگوازنەوە بۆسلێمانی ، بە تایبەتی هاوکاری برای بەرێز کاك محمد ملاعمر کە سەرۆکی تێبینەرەکانی ئەوبەرێوبەرایەتیەبوو لەبیرناکەم ، هەرلەمانگی ٨هەشتەوە فەرمانی تنسیب کردنی منیان دەرکرد بۆناو بەرێوبەرایەتیەکەیان بۆکاروباری تدقیق ، لە هەمان فەرمانیاندا داوایان لە وەزارەت کردبوو کە بە ناونیشانی مدقق بە یەکجاری بگوازرێمەوە بۆ لایان ،


الجمهورية العراقية

محافظة السليمانية / البلديــــــات
ذاتية الموظفيــــن
العدد / ١٤٢٢٢
التاريخ ٢٨ / ٨ / ٩٧١

اطلب العلم من المهد الى اللحد

امـــــر اداري
م / تنسيب موظــــف

بناء على مقتضيات المصلحة العامة ولحاجة شعبة التدقيق في مديرية بلديات محافظتنا تقرر تنسيب السيد حمه علي توفيق ميرزا فتاح الموظف في مديرية بلدية جم جمال بعنــوان (كاتب) لدى الشعبة المذكورة وبدون مخصصات الليالي اعتبارا من تاريخ صدور هــذا الامر ولحين نقله نهائيــــا .

ناصر عبد العزيز كاطع
محافــظ السليمانيــة

صورة منه الى /
ـ وزارة الحكم المحلي / مديرية البلديات العامة / الادارة والذاتية | للاسباب المبينة
ـ الامانة العامة لادارة البلديات والمصايف / = = | اعلاه ولحاجة
| المديرية الـى
خدماته نرجو التفضل بالموافقة علـى
نقله بصورة نهائية الى وظيفة (مدقق)
الشاغرة في ملاك الموظفين واعلامنــا
لطفا مع التقديــر .
ـ مديرية بلدية جم جمــال / للعلم وبيان تاريخ انفكاكه حالا .
ـ ذاتية الموظفيــن / مع المرفقات
ـ الموبا اليـــه /
ووريا / ٢٨ / آب

(فەرمانی گواستنەوەم لە چەمچەماڵ بۆ سلێمانی)

منیشماڵەکم گواستەوە بۆ سلێمانی و لە گەرەکی حاجی ئاوا خانویەکم بەکرێ گرت زۆر شارەزایی بارودۆخی سلێمانی نەبووم ، وا دیار بوو زۆر خراپ بوو ، بەیناو بەین هەر کادرانی پارتی و شۆرشی ئەیلول بوو تەقەی لێ دەکرا و هەندێ شەهید دەبوون هەندێکی تریش بریندار دەبوون ، لەماوەی تەنسیبم هەندێ کاروو باری تدقیق و تەفتیشم لە هەندێ شارەوانی یەکانی قەزاو ناحیەکان ئەنجام دا کە هەندێکیان کارووباری حسابیان خراپ بوو ، بۆم چاك کردن و بومە ئەندامی ئەو لیژنەیەی کە فەرمانگاکانی ئاوی لە شارەوانیەکانی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان جیا کردەوە ، بۆیە بریاری گواستنەوەی یەکجارەکیم لە شارەوانی چم چەمچەماڵەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی شارەوانی یەکانی پارێزگای سلێمانی بە ناو نیشانی (مدقق) دەرچوو لە ١٩٧٩/٩/١٦ وە بە ناونیشانی تازە دەست بەکار بووم ، بەهۆی شارەزایم لە کارەکانی دارایی و ئیداری ، پێشنیار کرا بۆ کردنەوەی بەشی تەفتیش و متابعە و من کرامە بەپرسی ئەو بەشە و چەند فەرمانبەرێکی رێك و پێك وەکو بەرێزان کاك( عزالدین محمد حسن و کاك محمد سعید جۆلاٚ و خوشکە پرشنگ محمد ) کە پێکەوە کارو باری ئەو بەشەمان جێ بەجێ ئەکرد ، ئەویش بریتی بوو لە رێنمایی کردنی ژمێریارەکانی گشت شارەوانیەکان لەسەر کاروباری خۆیان و خولێکی ژمێریاریمان بۆ کردنەوە ، کارمان وەکو کۆمەڵێك برای ئازیز ئەنجام دەدا چ لە ناو خۆمان و چ لە ناو گشت فەرمانبەرەکانی شارەوانی یەکاندا کە هەتا ئێستاش ئەو برادەریەتیمان ماوە لەگەڵ زۆربەی ئەو برایانەدا ، برایانی شارەوانی یەکان وەکو لەسەرەوە باسم کرد بەراستی زۆر هاوکاریان کردم کە هیچ کاتێ لە یادم ناچێ نەیانهێشت لە ٤ مانگ زیاتر لە خانووی کرێ بمێنمەوە ، چەند خانویەك لە گەرەکی چوار باخ استملاك کرابوون بۆ شارەوانی ، پرۆژەکە دوا خرابوو خانوەکان مابوونەوە لەو خانوانە یەکیکیان چۆڵ بوو ، هەوڵیان دا خانوەکەیان وەرگرت بۆ من و چومە ناوی ، موچەی ئەو کاتەم زۆر کەم بوو منیش بووبومە خێزان و لە ساڵی ١٩٧٧ لە قەزای حەمزە ، یەزدان کچێکی تری پێ بەخشین ناومان نا ( شهلا ) و

لەساڵی ١٩٧٨یش هەر لە هەمان شوێن كچێكی ترمان بوو ناومان لێ نا ( گۆنا ) كە هەردووكیان تا ئێستاش ناسنامەكەیان هی ئەو شارەیە ، بۆیە ژمارەمان لەو كاتەدا ( ٨ ) سەر خێزان بووین زۆری نەبرد كارە دۆستایەتی و پیاو چاكانەی برادەرانی شارەوانیەكان كە ئەم جارەش بەڕێز كاك ( بەختیار بابان ) بەشداری مەردانەی تیدا كردوو پارچەیەك زەوی یان بۆ دابین كردم لە سەرچنار ، تەنانەت پارەكەشیان بۆ كردم بە مانگانە ، بەهۆی قەرزی خانوو بەرە كە ئەو كاتە شەری ئێران ـ عێراق لە ساڵی ١٩٨٠ وە دەستی پێ كردبوو لەگەڵ قەرزی خانو و قەرزی ژێر خانیشیان دەدا ، بۆیە توانیم بە هەردوو قەرزەكە خانویەكی هەرچۆن باشە لەسەر زەویەكە كە هاوكاری هەندێ لە خزمانیشی تیابوو بكەینەوە و خانووی بەكرێ ی شارەوانی كە تیایدا بووم دامانە سابیری برام و كە ئەویش ئەو كاتە گوێزرابووەوە بۆ كشتوكاڵی سلێمانی و لەوێشەوە بە هۆی ئەو برادەرانەمەوەگواستمانەوە بۆ شارەوانیەكانی سلێمانی ، پاشان چوە دەورەی مەساحی و بو بە مەساح ، هیچ كاتێ هاوكاری برای بەڕێزم ئەندازیار كاكە عزیز بەكرم لە یاد ناچێ كە ماوەیەكی زۆر بەڕێوەبەری شارەوانییەكانی سلێمانی بوو ، هەروەها كاكە حسن حاجی و كاكە حاجی جبار حاجی قادر و ئەندازیار وەهاب صالح و كاكە یاسین فارس و كاكە علی قادرو خوالێخۆشبوو كاكە عبدالرحمن عبدالله رسوڵ كە لە سەربازی كوژرا و هەموو فەرمانبەرانی ناو ئەو بەڕێوەبەرایەتیە كە هەمووومان وەكو برا رەفتارمان لەگەڵ یەكتر دەكرد و تەنها دووكەس لە پیاوانی رژێم لە ناو فەرمانگەكەماندا بوون ئەوانیش كەس هیچ گرنگی پێ نەئەدان، زۆر بە ناشیرینی سەیریان دەكرا، ئێمە هەمیشە پاش نیوەڕوان چەند كەسێكمان پێكەوە دەچوینە سەیران،




( سەیرانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکانی سلێمانی)

ئەو ماوەیەم بەخۆشی بردە سەر  لەگەڵ ئەوەش نا ئارامی لەناو شاردا زۆر بوو ، شەوانە تەقەو چونە سەر خەڵك و خەڵك گرتن هەبوو لەناو فەرمانگاکاندا فەرمانبەرەکانیان  بە زۆر راپێچی جیشی شەعبی دەکردن ، هەر بمانزانیایە سەرەی فەرمانگای ئێمە هاتوە  هەر یەك بە بیانووی کارێکەوە  ئەو رۆژە لەوێ نەدەماین ، من بیانووی باشم هەبوو  کە دەچومە شارەوانیەکانی قەزاو ناحیەکان  ، جارێکیان برادەرانیان بە گیر هێنابوو لەسەر من  کە دەبێ ئاگادار بکرێم بچمە جیش شەعبی ، ئەوان پێ یان ووتووبون  ئەو لە رانیەیە کاری هەیە ، دەتوانن بۆ خۆتان پەیوەندی لەگەڵ  شارەوانی رانیە بکەن ، پاش نیوەرۆ  ئاگاداریان کردم کە بە شوێنمەوەن و رەنگە لە شارەوانی رانیە داوات بکەن ، منیش دەست بەجێ گەرامەوە بۆ سلێمانی  و لەوێ  فەرمانەکەم  گۆری بۆ شارەوانی کەلارو بەیانی چوم بۆ کەلار ، بەم شێوەیە خوم رزگار کرد لە دەستیان ، بەم بۆنەیەوە  لەگەڵ فەرمانبەرانی شارەوانی یەکانی قەزاو ناحیەکانی سنوری سلێمانی  هەر لە کەلارەوە هەتا قەلادزە یەکە یەکە بوینە هاورێ و دۆست و هاوکاری یەکتریمان دەکرد ، وەك بەرێزان کاك(محموود رەشید لە قەلادزەو کاك سەردار لە رانیەو کاك مەلا عبدالرحمن لە سەنگەسەرو کاك عمر عزیز لە چوار قورنەو کاك عمر سورداشی و کاك اختیار

صدیق لە هەڵەبجە و کاک محمد محموود لە پیباز و کاک بارزان تاڵەبانی لە دەربەندیخان و کاک علی عارف و کاک محموود شاسوار لە پێنجوێن و کاک شێخ لەتیف لە سید سادق و ) چەندانی تر لەو برادەرانە کە بەراستی رەنگە هەندێکیانم لە بیر نەمابێ ، رێزی زۆرم هەیە بۆیان لەگەڵ داوای لێ بووردن ، رێزی تایبەتیم بۆ کاک مهندیس عمر عنایەت هەیە ، بەراستی جگە لە ناسراوی و کارکردنمان پێکەوە هەمیشە لە یادی یەکتردا بوین ، هیچ کاتێ ئەو هاوکاریەم لە یاد ناچێ کە من لەساڵی ١٩٨٧ گەرامەوە بۆ ناو شۆرش و دەیزانی باری ژیانم باش نەبوو ، بە هاوکاری برایەکانی تر لە شارەوانیەکان مووچەی ئەو مانگەی بۆ وەرگرتبووم و بۆی ناردم بۆ شاخ ، لە هەڵەبجەش (خوالێخۆشبو/ کاک عارف فتاح و کاک نوری حمەسعید بەگ و حمەکریم بەڵخەیی و خوالێخۆشبوو تاهیر محمد مەلاك لە بیارە ) ئەمانە چی وەکو خزم و هاوەڵ هەمیشە ئاگاداری یەکتری بووین ، لەگەڵ سەرقاڵ بوونم بەو کارانەوە بە هۆی شەری ئێران و عێراق و نائارامی لە گشت شوێنەکان و راگوێز کردنی گوندەکان لەسەر سنور هەتا نزیکی شارەکان و دروست کردنی ئۆردوگا زۆرە ملیەکان لە زۆر شوێنی کوردستان و گرتن و لەسێدارەدانی گەنجەکان و شەری دوژمن لەگەڵ شۆرشەکانی کوردستان لە چەندین ناوچەوە ژیان لە کوردستان تەواو ناخۆش بوو ، بێزاریەکی زۆر هەبوو لە ناو جەماوەر لە چەند شوێنێك راپەرین ئەنجام دەدرا ، بەلاّم بە شێوەیەکی زۆر درەندانە بەرپەرچیان دەدرایەوە ، بۆ ئەوەی چاو ترسێن ببن ، زیانی گییانی و مادیی زۆردەدرا لە خەڵکی لە هەر شوێنێك و گەرەکێك کارێك دژ بەرژێم بکرایە ، رژێم سزای گشت ئەو شوێن و جێگەیەی ئەدا بە کۆمەڵ ، لەگەڵ ئەمەشدا خەڵکی کورد ی شۆرشگێرو چاونەترس ، هەر رۆژەو هەرجارەلە شوێنێك چالاکی خۆیان دەکردو زیانیان لە دوژمن ئەدا ، ئێمەش هەمیشە چاوەروانی کارەساتێك بووین و چاریش نەبوو بە هۆی کارەکەمانەوە دەبوایە سەردانی قەزاو ناحیەکان بکەین و چەندین جار لەو رێگاو بانانەدا تووشی کارەسات دەبووین ، جگە لەمانەش بە هۆی

برادەرێکی دۆستمەوە ئاگاداریان کردم کە منیش ناوم هەیە لە نێوان ئەو ناوانەی کە بریار دراوە تیرۆر بکرێن و داوایان لێ کردم کە خۆم بپارێزم ، منیش بەراستی زۆر کەم لە ماڵەوە دەبووم کە دەچومە قەزاو ناحیەکان زۆر جار شەوانە لەوێ دەمامەوە ، کەمتر لە ناو شار دەردەکەوتم ئەمانەی گشتی شارەوانیەکان لە هەولێر داوایان کردم کە بچمە لایان بۆ تەفتیش ، رازی نەبووم ، شێخ سعاد تاڵەبانی ئەمینی گشتی بوو بانگی کردم ووتی مادام رازی نابیت بێیتە لامان ، وەرە کاری تەفتیش و تدقیقی شارەوانیەکانی هەردوو پارێزگای دهۆك و هەولێرمان بۆ بکە ، ئەوان فەرمانبەری شارەزاییان لەو بۆارەدا نەبوو ، پێشتر مودەقیقێکی عەرەبیان لە موسڵ هێنابوو بۆ ئەو کارە ئەویش پیر بوو بوو تاقەتی نەمابوو منیش لە لایەك حەزم کرد کە هیچ نەبێ ماوەیەك لە سلێمانی دوور دەکەومەوەو لە لایەکی تریش شەرتێکم لەگەڵ کاك شێخ سعاد کرد کە خۆم ئازاد بکەن لەو کارە و من بە شێوەی لیژنەکانی تر کار ناکەم ، لە بریتی لێکۆلینەوەو خەڵك ترساندن ، من کاری فێر کردن و رێنمایی کردنی فەرمانبەرەکان دەکەم و هەڵەکانیان بۆ راست دەکەمەوەو تێیان دەگەێنم چۆن کارەکانیان ئەنجام بدەن و تەماشای کارەکانیان دەکەم و هەوڵ ئەدەم کە کاری سزا دان نەیەتە رێگام ، من تێکەڵ دەبم لەگەڵیان دوایی خەڵك نەیەت بڵێ فلانە لیژنە خاتری خەڵك دەگرن یان بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ فەرمانبەرەکان ، ئەگەر بەم شێوەیە پێتان باشە ئەوا ئەرۆم و دەبێ دوو فەرمانبەری رێك و پێکیش لەگەڵم بن هەمان هەڵوێستی منیان هەبێت ، بە راستی کاك شێخ سعاد قسەکانی زۆر بە دڵ بوو ، ووتی تۆ پێش من کەوتیت من بۆ خۆم زۆر جار کە لە بەغدادیش لە وەزارەتیش بووم زۆر نارازی بووین لە هەڵسوکەوتی ئەو لیژنە تەفتیشانە ، ویستم من ئامۆژگاریت بکەم لەو بارەیەوە کەواتە برۆ بۆ خۆت ئازاد بە فەرمانیان بۆ دەرکردم ، یەکجار بۆ پارێزگای دهۆك و هەردوو بەرێزان کاك( عبدالغەنی معرووف ژمێریاری شارەوانی هەولێرو کاك کاکول عبدالله فەرمانبەر لە

دیوانی ئەمانەی گشتی ) کرانە ئەندامی لیژنەکەو لە بەرواری ١٩٨٢/١/١٦ وە دەست بە کاری خۆمان کرد


الامانة العامة لادارة البلديات والمصايف — الجمهورية العراقية —
مديرية التفتيش — السيد اكرم مثنا جميعا —
العدد / ٦٨٢ — ( سري ) —
التاريخ / ١٦/ ١٩٨٢/٩ — ( امر تنفيذي / ٥ ) —

بناء على ما جاء بمذكرة مديرية التفتيش المؤرخة في ١٣/١/١٩٨٢ حول تدقيق حسابات مديرية بلديات محافظة دهوك ومؤسسات البلدية التابعة لها ...

قررنا تشكيل الهيئة التدقيقية والتفتيشية المؤلفة من السادة المذكورين ادناه وذلك للغرض المذكور على ان يتم التدقيق من آخر تدقيق جرى لبلديات المحافظة ولغاية سنة / ١٩٨١ .

ونخول الهيئة المذكورة القيام بالتحقيق الاولي مع المسؤولين ان دعت الحاجة الى ذلك .

سمان حبيب علي
الامين العام لادارة البلديات والمصايف

اسماء الهيئة

١) السيد حمه علي توفيق / مدقق في مديرية بلديات محافظة السليمانية رئيسا
٢) = عبدالغني معروف / محاسب في مديرية بلديات محافظة اربيل عضوا
٣) = كمال كاكول عبدالله / م. ملاحظ في ديوان هذه الامانة عضوا

صورة منه الى /

رئاسة المجلس التنفيذي لمنطقة كوردستان / للتفضل بالاطلاع مع التقدير .
محافظة السليمانية / البلديات / للاطلاع والايعاز الى السيد حمه علي توفيق للحضور في ديوان هذه الامانة بغية الالتحاق بالمهمة الموكولة اليه .
محافظة اربيل / البلديات / راجين الاطلاع ولنفس الغرض فيما يخص السيد عبدالغني معروف .
محافظة دهوك / البلديات / للاطلاع وابداء التسهيلات اللازمة الى الهيئة المذكورة بغية انجاز مهمتها حسب الاصول .
مديرية الشؤون الادارية والمالية / للاطلاع واتخاذ ما يلزم بقدر تعلق الامر بكم .
مديرية التفتيش مذكرتها المشار اليها اعلاه لاعلامنا النتائج التي ستتوصل اليها الهيئة .
السادة المهم / لاجراء اللازم .
فاز / ...

(فەرمانی پێکهێنانی لێژنەی تەدقیق و تەفتیش بۆ پارێزگای دهۆك)

ماوەی ٩ مانگ لە سنوری پارێزگای دهۆك بووین ، لێ پرسراوانی ئەو پارێزگایە هەر لە بەرێوەبەری شارەوانیەکان هەتا یەکە یەکەی گشت شارەوانیەکانی قەزاو ناحیەکان زۆر رێزیان لێ دەگرتین ، ئێمە وەك و برادەرێکی تازەی خۆیان چوینە ناو کارەکە هیچ کاتێ وا خۆمان نیشان نەئەدا کە ئێمە بۆ تەفتیش چوین ، تەماشای هەموو کارەکانی حسابی و ئیداری و هەتا ئەندازیاریشمان دەکرد لە ناو پرۆژەکانیاندا زۆر هەڵەو نارێك و پێکیمان چاو پێ دەکەوت کە هەولْمان ئەدا بە شێوەیەکی وا چارەی بکەین کە ئەوان سوود لە زانیاریەکانمان وەرگرن ، هەر خەرجیەکی نایاسایش بوبێ بە دڵێکی خۆشحاڵ و فراوانەوە پاش ئەوەی پێیان دە سەلمێندرا کە وایە ، دەهێنرایەوە بۆ جێگای خۆی ، رەنگە هەندێ پێشنیارمان بو بێت و گۆرانی هەندێك لەم جێگایە بۆ جێگایەکی تر لەمە زیاتر سزامان نەبوە ، تەنها کەسێك لە سنوری قەزای سمێلْ بۆ خۆی پێش چونی ئێمە بۆ لای هەڵهاتبوو بۆ خۆی زانیبووی چی کردوە ، ئەم حاڵەتە لە دەست ئێمە نەما بوە داواکاری شارەوانی لەسەری بۆیە پاش گەرانەوەی بۆ چەند ساڵێك بەند کرا ، لای فەرمانبەران لەو سنورە وا بلاْ و بوەوە و سوێندیان دەخوارد کەنەلەمەو پێش لیژنەی وامان بۆ هاتوە و نەلەمەودواش بۆمان دێت ، ئەو ماوەیە بوە هۆی ناساندنی چەندین کەسایەتی لەو دەڤەرە و ئەو ناسیاویەش هەتا ئێستا لای هەندێك هەر ماوە ، کارەکانیشمان جێگای رەزامەندی لێ پرسراوانی ئەمانەی گشتی بوون ، پاش کاك شێخ سعاد تاڵەبانی بەرێز کاك محمد محی الدین هات کە هەمان رێزی لێ دەگرتین ، پاش تەواو بوونی پارێزگای دهۆك چوینە پارێزگای هەولێرو لەوێش ٦ مانگ ماینەوە ، تەدقیقی تەنها شارەوانی هەولێر نزیکی ئەو ماوەیەی خایاند ، چونکە زۆر بوو لەوێ ، هەندێ توندیمان نواند بەرامبەر بە بەلێندەرێکی عەرەب کە بە تایبەتی پرۆژەیەکی پێ درابوو کارەکەشی خراپ بوو ، هەرچەندە پارێزگار دەیویست هاوکاری بکات بەڵام ئێمە رازی نەدەبووین پارەیەکی زۆرمان لێوەرگرتەوە بۆ شارەوانی ، بەهەمان شێوەی پارێزگای دهۆکیش مامەڵەمان لەگەڵ

فەرمانبەرەکانی شارەوانی هەولێر دەکرد ، زۆر خۆشحاڵ بوون ، ڕۆژێکیان کاك سعید یعقوبی ئێوارە خوانیکی بۆ لیژنەکەمان ئامادە کردبوو ، لەودانیشتنەدا ئاشنایمان لەگەڵ بەڕێز کاك حاکم توفیق عبدالکریم پەیدا کرد و زانیمان کاتی خۆی لە شورش بەڕێوەبەری ناحییەی گەلاڵە بووە و ئەوکاتە کرابووە فەرمانبەری بەشی یاسای لە شارەوانی هەولێر ، لەم دوایە لە ساڵی ٢٠٠٢ من لە لیژنەی شارەوانیەکان بووم لە پەرلەمانی کوردستان ، جارو بار سەردانی شارەوانیمان دەکرد ، ڕۆژێکیان محاسبی شارەوانیم دی ، زانی کەمن ئەو کەسەم سەرۆکی لیژنەی تەفتیش بووم لەو شارەوانیە ووتی بەراستی کاك حمە علی ئیستاش ئێمە پەیرەوی ئەو ڕاپۆرتە جوانەی تۆ دەکەین کە وەکو ڕێنمایی لەساڵی ١٩٨٣ وە ناردووتە بۆ ئێرە ، پاش تەدقیق کردنی حساباتی چەند ساڵەی شارەوانی و زۆر سوپاست ئەکەین ، منیش پێم ووت کاکە ئێستاش لێرەم و لە لیژنەی شارەوانیەکانم چ کارێکتان هەیە وەرن با بۆتان جێ بەجێ بکەم و هەر لەوێ داوای لێ کردم چوینە ژورەکەی خۆی و پرسیارێکی حسابی لێ کردم و ڕایەکی حسابی ڕێکوپێکم دایێ کەچی بکات ووتی بەراستی ئێمە قەد نەدە چووین بەلای ئەم ڕایەی تودا ، لەو ماوەی کە لە دهۆك و هەولێر بووم دوو هە فتە جارێك ڕۆژانی ٤شەممە دە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی و ڕۆژی شەممە دە چوینەوە بۆ سەر کاری خۆمان ، پاش تەواو بوونی ئەو کارانە گەراینەوە بۆ سلێمانی و لە وێش دەستمان کرد بەهەمان کار لە شارەوانیەکانی قە زا و ناحیەکانەوە و لەگەڵ ئیش و کاری ناو فەرمانگەکەش ، لە مانگی ٥ ساڵی ١٩٨٦شەوی ١٥/١٤ کات ژمێر حەوتی ئێوارە لەماڵەوە بوم لەسەرچنار کاتێکم زانی جەرەسی دەرگا لێدرا و یەکێ لەمناڵەکان چو بەدەم جەرەسەوە و بەپەلە گەڕایەوە و ووتی کابرایەکی چەکدارەو دەموچاوی داپۆشیوە ، دایکی مناڵەکان ووتی تۆ مەیە من ئە چم بزانم کێ یە هەموو مناڵەکان جگە لە کچێکی بچوك کە یەزدان لە ساڵی ١٩٨٣ پێی بەخشین و ناومان لێنا( لینا) لای من مابوەوە ، چوون لەگەڵ دایکیان بە دەم کابراوە ، ماوەی چەند خولەکێك دایکی مناڵەکان نەگەڕایەوە و دیار بو هەر قسەیان

ئەکرد و منیش لە دلی خۆم ووتم بزانە کێ بێت هەواڵی یەکێکی تر بپرسێت بابرۆم بزانم چی یە هەر کە گەیشتمە بەردەمی رووی تێ کردم و بە سوکی ووتی تۆ علی یت ؟ ووتم بەڵێ لە گەڵ بەڵێ من چاوم لێ بو ئەو بەدەستی چەکەکەی بەرز کردەوەو من یە کسەر لەبەردەمی هەلاّتم بۆ دواوە بە ڕاکردن بۆناومال ، لەوکاتەدا دایکی منالان قۆلی کابرای گرتوە ئەو تەنها فریای یەك سەلیە گولە کەوت بەشوینی مندا تەقاندی وتەنها یەك فیشەکم بەرکەوت لەرانی دام وکابراش دایکی منالأنی راتەکاندبو وە لەبەر هاواری منالەکان بەجێ ی هێلاّبون ، منیش لە پشت مالەکەمان مالێکی زۆر رێکوپیك هەبوو هەرچۆن بوو بەبرینداری خۆم فرێدایە حەوشەکەیانەوە دەرگایان لەپشتەوە لێ کردمەوە دەست بەجی برینەکەیان بۆبەستم وچەند خولەکێك وەستاین بزانین چی تردەبێت ، خزمێکی ئەومالە لەوێ بوو ئۆتۆمبێلی پی بوو یەکسەر سواری کردم بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی وتەداویان کردم و پۆلیس وتیان شکت لەکێ هەیە پێمان بلّی ، ووتم لەکەس چونکە دیارنەبوو کێ یە تەنها زانیم قەمسەلەیەکی سەربازی و پانتۆلێکی لەبەردا بوو، لەوپرسیارەش زیاتر قسەم لی نەبیستن ، پاش تەداوی نە چومەوە بۆ مالی خۆمان چومە مالی سابیری برام وپاش یەك رۆژ لەوێش چوم بۆ هەلەبجە بە برینداری بۆ مالی باوکم ، پاش ماوە یەك (مام برزۆ) یەکێك بوو لە دراوسێکانمان پیاوێکی زۆر باش بوو خەلکی خانقین بوون گوێزرابونەوە بۆ سلێمانی پاش ئەمە هاتەلام بۆ هەلەبجە پێ ی ووتم بە نهێنی کە دوو ڕۆژ پێش ئەوەی تەقەت لّی بکرێت دوو پیاو لە پیاوانی ئەمنی سەرچنار هاتنە گەرەك و لەویان پرسی بوو کە مالی علی تۆفیق کامەیە ئەویش گوایە لە پێشدا پێ ی نە وتبون وتبوی بۆ چیتانە هەتا خۆیان ئاشکرا کردوە ئنجا وتویەتی بەلّی ، بەم قسەیە زۆربەی قەناعەتمان چوو بۆ ئەو پیاوانەی ڕژێم چونکە ئەم کارانە لەوان دەوەشایەوە کە بەنەهێنی خەلکی تیرۆربکەن چونکە نەیان دەتوانی هیچ شتێك لەمن بدۆزنەوە هەتا بەند بکرێم من بەڕاستی پەیوەندیم بە شۆڕشی و پارتی و هیچ حزبێکی ترەوە پاش گەڕانەوەمان نەمابوو ، بەلاّم هەستی

شۆڕشگێڕی و کوردایەتی و نیشتمان پەروەریمان لەناو ئەوهەمموو زوڵم و زۆرداریە دا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەرمتر دەبوو هەواڵەکانی شۆڕشمان لەڕێگای ئیزگەکانەوە دەزانی کە هەمیشە دەمانکردەوە هەندێ جاریش بەهۆی فەرمانبەرەکانی نزیک سنورەکان بەتایبەتی هی ناحیەکان هەندێ هەواڵمان دەزانی ئێمە لەگەڵ زۆربەی فەرمانبەرەکان لەیەکتر شارەزا بوبوین و ترسی قسەکردنمان نەبوو زۆر جار بەئاشکرا قسەمان دەکرد بۆنمونە ڕۆژێکیان لە سلێمانی لەدائرە ئەفسەری ئەمن هەبوو منی بانگ کرد و ئاگاداری کردم کەپاش نیوەڕۆ کاتژمێر ٢ دەبێ لە بارەگای شعبەی پارتی بەعس ئامادەبیت ، ووتم بۆچی یە ووتی نازانم چومەلای کاك عزیز بکر کەبەرێوبەربوو ووتم ئاگاداریەکی وایان کردووم دەمەوێت نەچم ووتی هەرتۆنیت ٣ کەسن ئاگادارکراون تۆ دواجار ئاگادارکراویت ئەوانەی تر کاك حسن حاجی و کاك حاجی جبارە چومەلای هەردووکیان تەماشام کرد زۆر بێ تاقەتن رایان وابوو کەنەچین چوینەوە لای کاك عەزیز بۆ زیاتر قسەکردن لەسەری ولەوی من ووتم بەراستی باشیان دیاری کردوین وادیارە منیان بە پارتی حساب کردوە کاك حسن حاجی بەیەکیەتی و کاك حاجی جبار بە ئیسلامی ئەگینا بوو لەناو ٧٠/٦٠ فەرمانبەر تەنها ئەم سێ کەسەمان ، من ڕام وابوو کەبڕۆین بزانین چیە ، بڕیاری چونمان داو لەکاتی دیاری کراودا چوین و بەڕاستی ڕێزیان گرتین و بردینیانە هۆڵی کۆبونەوەکانیان و تەماشائەکەین هۆڵەکە خەڵکی زۆری لێ یە و هەموو ئەوانەش هەروەکوو ئێمە وابون بەواتا کەسی بەعسی خۆیان لەوێ نەبوون ، لێ پرسراوی حزبی کەوتە قسەکردن بۆمان قسەکانی هەمووی باسی شەڕی ئیران و عێراق و هاوکاری خەلك بوو بویان و هەندێکیش بە سەروپۆتکی شۆرشی کوردا هاتن کە ئەوانە هاوکاری ئێران دەکەن ولەم بابەتانە ، هیچ داوایەکیان نەبوو لەمە زیاتر بەلام بومان ئاشکرا بوو کە ئەوان بەرەوشکست دەچن لەوشەڕە ناهەموارەی سەپاندبویان بەسەر هەردوو گەلی عێراق و ئێراندا ، ڕۆژێکی تر من و خوالێخۆشبوو کاك عبدالرحمان عبدالله رسوڵ کە ئەویش مدقق بو بۆ کاری ڕەسمی چوبوینە

ناوچەی ڕانیەو لە گەڕانەوەماندا سەردانی شارەوانی دوکانمان کرد بۆهەندێ کاروبار، ئۆتۆمبیلێکی پیکابی دووقەمەرە کە هی شەخسی کاك عبدالرحمان بوو پێمان بوو بۆخۆی لێی دەخوڕی و پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ لەدوکانەوە دووقۆڵی بەرەو سلێمانی دەگەڕاینەوە ، ئەوکاتە ڕەبایەکانی کاتی کە ڕۆژانە لەو سەر ڕێگایە دادەنران ، هەڵگیرابوون ، تەماشادەکەین جادەکە وەکو چۆڵ بێت کەموکورت هاتوچۆ هەبو، ووتم عبدالرحمان بەئاگاداریەوە لێخورە ، بۆخۆی شۆفێریەکەی زۆرتەواو نەبوو ئێمە گەیشتینە راستی چەمی زێوە لەبەردەم شاخی پیرە مەگروون ، کۆمەڵێك پێشمەرگەبەچەکەکانیانەوە هاتنە سەرجادەو ئێمەیان ڕاگرت و بەبێ پرسیار لایان داینە خوار جادەکە بۆناو چاڵاییەك و هەر ئەوەندەمان زانی سەیارەیەکی تر کە هەردووبەریزان کاك حسن پەرخی و کاك هوشیار بابان و سەیارەیەکی تر چەند کەسێکی تری تیا بووڕایان گرتن و بەپەلە هەریەکە لەخۆیان چونە سەرسوکانی سەیارەکان و ئێمەیان سوار کردەوەو بەرەو شاخیان بردین ، نەمان زانی نیازیان چی یە ، گەیشتینە ئەو گوندەی نزیکی جادەکە وەستاین و دابەزین و من لە یەکێکیانم پرسی کێ لێ پرسراوتانە پێ ی نەووتم و ووتی پەلە مەکەن ئێستا تەماشای لیست ئەکەین بزانین ئێوە چین ، ووتم پێی بەخوا نێچیری باشتان گرتووە ، جگە لە خۆمان کاك حسن و کاك هوشیاریشمان دەناسین کە هیچ نین ئەوانی تریش دیاربو کاسب کاربون ، ئەوانیان ناردنەوە ، ئێمە ئەو چوار کەسە ماینەوە ، ڕێگای قسە کردنیان نەدەداین جارێکی تر سوار یان کردینەوە و بۆخۆیان سەیارەکانیان لێ دەخوڕی بەرەو شاخەکە بە ڕێگایەکی زۆر بەرداوی و سەخت هەتا گەیشتینە ناو شاخەکە و بە دۆڵێکدا بەرەو گوندی زێوێ یان بردین ، لەوێ بارەگایان هەبوو بردنیانە بارەگاکە لە ژورێك دایان ناین و داوای هەوییەکانیان لێ کردین و ووتیان بەراوردی دەکەین لەگەڵ ئەولیستانەی لامانە ، پاش کەمێك هەوییەکانیان هێنایەوە ووتیان فەرمون بۆلای کاك هەڵۆ ، ناوبراوکوری کاك ئەحمد ڕۆستەم بوو ، لێپرسراوی ئەو بارەگاییە بو ، فەرموی لێ کردین و ریزی زۆری لێ گرتین لەگەڵ

داوای لێبوردن ، ئێمە ئەومان نەئەناسی بەڵام دیار بو ئەو کاك حسن پەرخی نا سیبو و زووش ئاگاداری خوالێخۆشبوی باوکی کردبو کەماڵیان لەناو گوندەکەبو ، ئەویش ئاگاداری کردبو کە لەگەڵ خۆی بمانباتەوە ماڵەوە ، بە ڕاستی کە چوین و چاوی بە ئێمە کەوت زۆر ناڕەحەت بووهەندێ قسەی بەکاك هەڵۆ ووت ، ووتی تۆ چۆن دەهێڵی پێشمەرگە وا لەگەڵ دۆست و ناسراوەکانمان بکەن ، ئەمانە فەرمانبەرو خەڵکی لای خۆمانن وئەگەر شتێك بونایە چۆن بەوئێوارەیە دەهاتنە بەر دەستی ئێوە وەڵامی کاك هەڵۆ ئەوە بو ووتی من بێ ئاگابوم هەتا ئەومەفرەزە ئەمڕۆ بەیانی زوو تەرمی شەهیدێکیان پەڕاندووەتەوەو سەرلەئێوارەگەڕاونەتەوە ئەمانیان لەگەڵ خۆیان هێناون ، ئەو شەوە بەڕاستی خوالێخۆشبو کاك ئەحمد زۆر خزمەتی کردین و ئەمری کرد کە هەر شەو سەیارەکانمان پڕبکەن لە بەنزین و بەیانی زوو پێش خۆرهەڵاتن دەبێ چۆنتان هێناون هەرواش بیانبەنەوە سەر جادە هەتا ڕەبیەکان نەهاتون ، بەم شێوەیە گەڕاینەوە زۆر ترسمان هەبو کەڕژێم بەم شتە بزانێ ، باش بو هەروا بەبێ دەنگ تێ پەڕی ، تەنها ئاگاداری برادەرانی خۆمان کرد کە شتێکی وامان بەسەرهاتوە ، ماوەیەکی باش بەهۆی بریندارییمەوە مۆڵەتم وەرگرت و لە هەڵەبجە بووم ، کەوتمە خولیای ئەوەی چۆن خۆم لە سلێمانی ڕزگار بکەم هەتا کاتێکی شیاوم دەست کەوێت بە ماڵ و منداڵەوە پەیوەندی لەگەڵ شۆڕش بکەمەوە . لە هەولێرەوە دەیانویست خۆم بگوێزمەوە بۆ ئەوێ ڕازی نەبوم ، برادەرانی دائرەکەم هەر وەکو لە سەرەوە باسم کرد زۆربە تەنگمەوە بون و دەیانوت چی بەباش دەزانی باوابکەین ، زوو زوو سەردانیان دەکردم بە هەمومان کارێکمان دۆزیەوە کە لەگەڵ بەڕێز موهەندس کاك عمر عنایەت بچینە سەر کارگەی قیری عربت و لەوێشەوە سەرپەرشتی قیرتاوکردنی جادەو کۆڵانەکانی شارو شارۆچکەکانی ئەو ناوانە بکەین ، بە کاتی کارەکەم پەسەند کرد و لەلایەکی تریشەوە لە هەڵەبجە هەر خەریکی هەواڵ پرسین بوین بۆ چۆنیەتی دەربازبونمان ، هەندێ لەخزمان بەتایبەتی صابری براشم هەموو لەوەزیفەکانیان وازیان هێنابو بەهۆی نەچونیان

بۆ سەربازی و جیش شەعبی و ئەمانە هەموو لەدەوری یەکتر بوین ، من بە ڕۆژ لە هەڵەبجەوە لەگەڵ مهندس عمر دەچووین بۆسەر کار لەو کارەشدا خزمەتێکی باشی هەندێ شوێنمان کرد وەکو ناحیەی سیروان و سید صادق و کلار لە ڕۆژی ٩٨٧/٥/١٣ دا کە ئێمە لە کلار کارمان دەکرد و شەوانە دەگەڕاینەوە بۆ هەڵەبجە ، ڕاپەڕین لە خورماڵ هەتا سیروان دەستی پێ کردبو ، خەڵکی ئەو ناوچانە دەستیان بەسەر سەربازگەو هەتا چەند دەبابەیەکیشدا گرتبو ، کۆنترۆڵی ڕێگای خورماڵ ــ پردی زەڵم یان کردبو ، ئێمە کە لە کەلار گەڕاینەوە ئێوارە زۆر بە نارەحەت و بەڕێگای گوندەکانی شارەزورەوە لەبارودۆخێکی زۆر ناهەموار بەناو سەربازو جاشێکی زۆردا گەیشتینەوە هەڵەبجە و ڕۆژی دواتر نەچووین بۆسەر کار چونکە ناوشاری هەڵەبجەش ئالۆز بوو ، ئەو شەوە کاتێکمان زانی لە بڵند گۆکانی هەندێ لە مزگەوتەکان سرودی نیشتیمانی لێ دەدرێ و هۆنراوەی شۆڕشگێری و دژ بە ڕژێم دەوترێتەوە و پاش ئەمە بوە تەقەیەکی زۆر هەتا درەنگانی شەو ، بەیانی ڕژێم کەوتە گیانی گەڕەکی کانی عاشقان لە ناو شاری هەڵەبجەو دەستی بە گرتنی خەڵك و ڕووخاندنی خانوو بەرەکان کرد ، بیستمان خەڵکی زۆر بە خێزانەوە هەڵاتون لە ڕێگای نەوڕۆڵێ و بامۆکەوە و خەڵکی شارەزورو خورماڵ و سیدصادق و ئەو گوندانەش لە ڕێگای خورماڵ و ئەحمد ئاواوە بەرەو شاخ دەڕۆن ، بە ڕاستی ئێمەش ئەوەمان بە هەل زانی و لە شەوی ١٥– ٩٨٧/٥/١٦ لەگەڵ منداڵەکان و ئەو کەسانەی لەگەڵمان بون بڕیاری چونەدەرەوەمان داو هەروا کەلوپەلەکانمان لە ماڵەکاندا بەجێ هێلا

**بەشی پینجهەم:- لە١٩٨٧/٥/١٦ بۆ مانگی ١٩٩١/٤.**

لە رۆژی ١٩٨٧/٥/١٦ پیش هاتنی مغرب بە سیارەیەکی جیب لاندرۆڤەر چوینە گوندی خارگێلاّن و تەماشامان کرد چەند خێزانیکی تر لەوێن ، ئەوانیش بۆ هەمان مەبەست هاتبون ، لەوانە کاك احمد حمە صالح ومام علی حاجی رحمن و هەردووکوری کاك عوسمان و کاك شەریف و خێزانیان ، هەردوکیان خزم وناسراو بون بە ئێمە ، بە بینینی ئەوان زۆر خۆشحاڵ بووین ، ئێمەش دوو خێزان ، ئێمە و صابیری برام ، دوو زگوردی تر کە ( کاك مەنزەر فریدون و کاك بیگەرد محمد) بوین ، پیکەوە لەو گوندە کەسێکمان بە کرێ گرت کە لە پێشمانەوە بروات بۆ شارەزایی ولە رەبیئەکان ومین رزگارمان بکات ، منداڵان ورد بوون بەلاّم هیچمان پێ نەبۆ ، کەوتینە رێگا هەر لەو گوندەوە بە پێ و بە تاك ، تاك بە شوێن یەکتردا ، شەویش تاریك بو ، زۆر رۆشتین و زانیمان رێگای بیارە ــ خورماڵ مان بریوە و رووومان لە بەرزایەکانی سێ تەپانی بەرامبەر گوندی گوڵپ کردوە ، کە گەیشتینە ئەوی لەدۆڵێکدا توشی چەند خێزانێکی تر بوین کە لە خورماڵ وشارەزورەوە هاتبون ، زۆر بەنارەحەت ئەو شەوە هەتا بەیانی مەلا بانگی دا ئینجا لە سنوری دوژمن لە عێراق نەجاتمان بوو ، منداڵ ، گەورە ، وون ئەبون لە یەکتر بە نارەحەت دەدۆزرانەوە ، شوێنێك هەبو کە لەلایەن رەبیەکانی رژێمەوە هەمیشە دەدرایە بەر هاوەن و گولە دۆشکە ، دەبوایە بە پەلە و ئاگاداریەوە دەربازبویتایە . چەند کەسێك لەو شوێنە بریندار بو بون ، ئیمە بە سەلامەتی رزگارمان بو . چوینە لای کانی و ئاویك لەو شاخە ناوی ( هانە نەوە ) بو ، شوێنێکی ئازاد بوو ، کۆمەڵێك پیشمەرگەی پارتی هاتن بە دەممانەوە ، لێپرسراوەکەیان کاك محمد رەمەزان بو ، کەمپوتی ئیرانی و نان یان بۆ هێناین و رێزیان لی گرتین و ووتیان لێرە بحەسێنەوە هەتا بەیانی و ئەنجا سەرکەون بو سەر شاخ و دەبێ بچنە ئەو دیو ، لەوێ ئێرانیەکان ئۆتۆموبێل یان ئامادە کردوە ، دەتان گوێزنەوە بۆ مەریوان . پرسیاری

ئەوانـەی لـەو سـنورەن لـە کاکـە حەمـەم کـرد ، بـەپیّ ی ووەلاّمـی ئـەو وا دیـاربو زوربـەیان هـەر ئـەو کەسـانە بـون کـە پیّـشتر لـە شورشـی ئـەیلول پیّکـەوە بـوین و هەندیّکی تری لاویش تازە پـاش نـسکۆ پەیوەنـدیان بـە شورشـەوە کـردوە ، مـن هـەر وەکو لە سەرەوە باسم کردوە پیّشتر هیچ پەیوەندیەکم لەگەلّ شـۆرش نـەبو ، لەگـەلّ ئـەوەش هەمیـشە دلّـم لای شـۆرش بـوو ، زۆر جـاریش قـسەم ئـەکرد بەتایبـەتی لای ئەوانەی لیّیان نەئەترسـام ، هـەروەها بـەهۆی کارەکـانم لـە فەرمانگـەکانی رژیّـم زۆر خزمـەتی خـەلّکیم کـردوە ، بەتایبـەتی ئـەو پیّـشمەرگانەی شۆرشـی ئـەیلول کـە لـە دائرەکانـدا بـوون وەیـان مراجعـەتی دائیرەکـەیان دەکـرد ، هـیچ شـتیّکم نـەبو کـە خـۆمی پـیّ لاواز نیـشان بـدەم جگـە لـەوەی کەدواکـەوتوم لەپەیوەنـدی کردنـەوە کەئەوەش بەدەستی خۆم نەبو ، چونکە هیچ کـاتی نەمدەویـست بەتـەنها پەیوەنـدی بکـەم و مـالّ و منـالّ بـەجیّ بهـیلّم ، بویـە تائەوکاتـە کـە بـەو شـیّوەیە ریّکـەوت ، مابومەوە ، شەویك لەو شوینەماینەوە ، بەیانی بەپیّ سـەرکەوتینە سـەر شـاخ ، زۆر بەرز بو منالّەکان ماندو بوبون ، کە گەیـشتینە ئـەودیو چـەند پاسـیّك وەسـتا بـون و چەند کارمەندو سوپایی وەستا بون ، ناونوسیان کردین و سـواریان کـردین بـو شـاری مەریوان ، بردینیانە ناو قوتابخانەیەکی چۆل ، زوربەی مالّ و دائیرە و قوتابخانـەکان لـە ترسـی بوردومـانی فرۆکـەکانی عـیراق چۆل کرابـون و خەلکەکەشـی لـە ترسـاندا هەلّهاتبون بو گوندەکان ، ئیمە کە چوینە ئەویّ خەلّکی ناسـراو و خـزم و دۆسـت لـە برا پیّشمەرگەکان لەو سنورە هاتنە لامان و خواردن و پیّداویستی یان بو دەهیّنـاین ، هەروەها برایانی پەیوەندیەکانی لایەنەسیاسیەکانی کوردستانی دەهـاتن ، بەتایبـەتی کاك فـایق تۆفیـق کـە هەنـدیّ شتیـشی هینـا بۆمـان ، ماوەیـەك لـەویّ ماینـەوە هـەر چاوەری گواستنەوە بـوین بـۆ ئوردوگـا ، پـیّ یـان ووتـین وا ئۆردوگـا لـە دزلّـی ئامـادە دەکریت بۆتان ، ئەبیّ لیّرە بمیّنن هەتا تەواو دەبیـت ، ئـەوان لەسـەر خۆیـان کاریـان ئەکرد ، ئیّمەش خۆمان وەکو بەند حساب ئـەکرد ، کـەس نەیئـەتوانی هـاتو چـۆمان بکات و خۆشمان چونە دەرەوەمان لیّ قەدەغە بو ، تـەنها بـۆ خۆشـتن بـە ئوتۆمۆبیـل

دەیان بردین و دەیان هینواینەوە ، کۆی ئەوانـەی لـەو شـوێنەدا بـوین زیـاتر لـە (٤٠٠) کەس بوین ، لە چوار شوێنی تر خەڵکی وەکوو ئێمە هەبوون ، هەمو برادەران منیان دیاری کرد بە نوینەری خۆیان ، رۆژیك گوێمان لە رادیۆ بو هەواڵی بۆردومان کردنی شاری (بانە) ی راگەیاند ، ئەم هەواڵە بوە مایەی ترسی خەڵکەکە و هاتنە لام ووتیان با چارەیەك بدۆزینەوە ، هیـچ دور نیـە بـەیانیش ئـێرە بۆردومـان نـەکرێت ، بـا داوا بکەین ئەم شەو بمانگوێزنەوە ، منیش لەسەر بریاری ئەوان چومە لای لێپرسـراوانی ئۆردوگاکە و پێم ووتن ئەمرۆ شاری بانە بۆردوومان کراوە و مەترسیی بۆردوومـانی ئێرەش هەیە ، پێویستە ئەم شەو ئەم ماڵ و منداڵانە بگوازنەوە بۆ ئۆردوگای دزڵی ، ئەگەر نەیگوازنەوە ئەوا بەرەبـەیانی زوو ئێمـە بـۆ خۆمـان دەرۆیـن ، ئـەوان ووتیـان ئەم کارە بەدەستی ئێمە نیە ، ووتم ئاگاداری لێپرسراوەکانتان بکەن ، ئەمەمان وەکو هەرەشەیەك ووت هەتا بە دەنگمانەوە بێن ، زۆری پێ نە چو ، ناردیان بە شوێنمدا ، تەماشـام کـرد چـەند لێپرسـراویك هـاتوون و هێزیـان لەگەڵدایـە و سـەر دیوارەکـانی چواردەوری بیناییەکـەیان گرتـوە ، یـەکێکیان بـەمنی ووت بـرادەر ، ئیـوە چـۆن لـە خۆتانەوە بریاری وا دەدەن ، ئیمـە لێپرسـراوین لـە گیـانی ئێـوە و بریـار بـە دەسـتی ئێمەیـە ، منـیش ووتم بـرادەر ئێمـەش کـە هـاتوین بـو ئێـرە بـەهۆی کارەسـاتیکی سروشتی نەهاتوین ، بەلکو لە ئاکامی راپەرینێك لـە دژی رژێمـی صدام لـە ناوچـەی هەڵەبجە وە هاتوین و رژێم زەرەرمەند بوە و ئێمەش دەولەتی خۆمان باش ئەناسین و ئەزانین ئەوان ئەزانن ئێمە لەم شارەین ، بۆیە ترسمان هەیە تۆڵەی خـۆی بکاتـەوە و بۆردومانمان بکات ، ئیوە بۆخۆتان شارەکەتان چۆل کردوە و تەنها ئێمەی تێداین و مـاڵ و منـداڵ داوای گواسـتنەوەمان لـی ئەکـەن ، ئێـوە هەرچـۆنتان کـردوە هەنـدێ ئۆتۆمۆبیل بهینن با منداڵەکان بگوێزرینەوە بۆ هەر شـوێنیکی تـر ، ئێمـە پیاوەکـان دەمێنینـەوە ، هیچ سودی نەبو ، ئەوان هەر ئەیان ووت ئۆردوگا ئامادەنیـە و خۆمـان ئامادەنەکردوە ، چەند برادەریکـی تـری ئـاوارە هاتبونـە لامـان ، ئـەوانیش پـشتگیری ووتەکانی من یان کرد ، ووتیان ئەوە بریارێکەو داومانە ، ئەگـەر ئۆتۆموبێـل پـشمان

بۆ نەهێنن ئەوا ئێمە بە پـێ ئـەرۆین و ئـەم شـوێنە بـەجی ئـەهێلین ، ئەوشـەوە نـە ئێمـە و نـە ئـەوان نەخـەوتین هـەتا بـەیانی ، مـەلا بـانگی دا تەماشـا ئەکـەین چـەند پاسێك هاتن و ووتیان با ژن و منداڵ سوار بن ، دەست کرابە سوارکردنیان هەتا دنیا تۆزی رۆشن بوەوە ، چەند پاسێکمان بەرێ کرد ، هەرئەوەندەمان زانی دەنگی فرۆکە هات و بۆردومانیان دەست پێ کرد ، شار شلەژا و دەست کـرا بـە خـۆ شـاردنەوە ، نـە حەرەس نە پاسدار لە دەوروبەری ئێمـە نـەمان ، ئێمـەش ناشـارەزا بـوین لـە جێگـای خۆمان ماینەوە ، بۆردومانەکە لە هەندێ شوینی ناو شاری دابـو ، دەنگـی فرۆکـەکان نەما ، پاسدارو فەرمانبەرەکان گەرانەوە بۆ لامان ووتیان بەخوا ئێوە راسـتتان کـرد ، زوکەن ئێوەش وەرن سواربن برۆن هەتا فرۆکـەکان نەگەراونەتـەوە ، ئێمـە و ئـەوانی تریش لـە شـوێنەکانی تـر ئـەو رۆژە هـەموی گوازرانـەوە بـو ئۆردوگـای (دزڵـی) . لـە ئۆردوگـا چادریان بەسـەردا دابـەش کـردین و هـەڵمان دان ، ئـەوان بـەنیازی دروسـت کردنی هەندێ خانو بـون ، خانوەکـان تـەواو بـو بەشـی هـەموو خەڵکەکـەی نـەکرد ، کاتیش بوبوە پایز و سەرما دەستی پێ کرد ، دابەش کردنەکـە لەوکەسـانەوە دەسـتی پی کرد کە لەخۆیانەوە نزیك بون ، ئەوانەی بێ بەش مانـەوە ئەوانـە بـون سـەر بـە هەردو لایەنی پارتی و یەکیەتی بوون ، ئێمەش قسەیەکمان نـەبو ، چادرەکانمان بـە نایلۆن داپۆشین و لە ژێر باران و بەفردا چەندمانگێك ماینـەوە ، دیـار بـو کـاك نـادر هـەورامی چـوبویە لای لێپرسـراوانی ئێرانـی و گلـەی کردبـو لێیـان لەسـەر دابـەش کردنەکـە ، پاشـان داوای منیـان کـرد بـچم بـۆ دزڵـی ، چـووم بـۆ لای لێپرسـراوی قەرارگا، ئاغای محمدی لەوێ بو کە لێپرسراوی گشتی قەرارگا بو ، ووتـی کاکـە ئێمـە هەر ئەوەندە خانومان بۆ کراوە ، بەشی ئێوە و برادەرانی یەکیەتی نەکردوە ، ئێـستا دەمانەوی شتێ بکەین بوتان ، بـزانین رای ئێـوە چـیە ، منـیش پـێم ووت بـە راسـتی فـەرق و جیاوازیتـان کـرد لـە دابـەش کردنەکـە ، ئێمـە هیـچمان پـێ نیـە بیڵـێن وا چادرەکانی خۆمـان تونـد کـردوە و لـە ناویـا ئـەژین ، هـەمو شـتیکیش لای خۆتانـە ، ووتی راسـتە تـازە وای لێهـاتوە ، ئێمـە پێـشنیارێکمان هەیـە و حـەز ئەکـەین ئێـوەش

یارمـەتیمان بـدەن ، ووتـی دەمانـەوێت بلـۆکی گـەورە ، گـەورە بهێـنین و بـە پەلـە خانوتان بۆ دروست بکەین و خۆتـان سەرپەرشـتی دروسـت کردنەکە بکـەن ، منـیش کارەکەم پێ باش بو ، پێم ووت با بگەرێمەوە بۆ ئۆردوگا لەگەڵ برادەران قسە بکەم، پاشان ئاگادارتان دەکەمەوە ، کـە گەرامـەوە لەگـەڵ بـرادەران بـە گـشتی قـسەم کـرد ، ئەوانیش پێیان باش بـو ، بـە ئـارەزووی خۆمـان چـۆنمان ویـست دوو رییـز خانومـان دروست کرد و چوینە ناوی ، ژیانی ئاوارەیمان درێژەی هەبو هەتا راپەرینەکەی سالی ۱۹۹۱ ، لە ساڵی ۱۹۹۰ لـە ئۆردوگـای دزلّـی بـاوکم بـەهۆی نەخۆشـی شـێرپەنجە کـە لـە ئاکامی برینداربوونی بە چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە ، وەفاتی کرد و تەرمەکـەیمان هەر لەو ئۆردوگایە بە خاك سپارد و تا ئێستاش هەر لەوێـیە ، چـەند بابـەتێك کـە شیاوی باس بێت لەو ماوەیەی لە ئاوارەیدا بوین هەتا راپەرین ، بەم چـەند خاڵانـەی لای خوارەوە باسی لێوە دەکەین .

١ـ هەر بە گەیشتنم بۆ ئێران ، برادەرانـی خۆمـان زۆر خۆشـحاڵبون بـە گەرانـەوەم بۆ ناو شۆرش و سەردانیان کردین بۆ بەخێرهاتنەوەمان ، بەرێز کاك نادر هـەورامی یەکێك بو لەوانەی زۆری پێی خۆش بو ، لێپرسراوی لقی ٤ بو لەو بەشەی کە لەسەر سنوری ئێران ـ عێراق دابو ، بەرێز ماموستا حمید ئەفەندی لێپرسراوی یەکەمی لـق بو لە قرەداغ ، من بە شـیوەی رەسمـی پەیوەنـدیم کـردەوە و کرامـە نوێنـەری پـارتی لەو ئۆردوگایەو ئۆردوگای بارام ئاواش ، چەند برایـەك لـەو ئاوارەتازانـە کـە پێکـەوە بووین بونە پێشمەرگە ، جگە لـە ئێمـەش خـەڵکێکی تـری زۆری هەڵەبجـە لـە رێگـای نەورۆڵی و لاوران و سازان و سیمانەوە بەرەو ئێران هاتبون ، لە ئۆردوگـای سەریاسـی لای پـاوە دانرابـون ، چـەند جارێـك لەگـەڵ بـەرێز کـاك نـادر هـەورامی سـەردانی ئەوانیشمان کرد ،



(ساڵی ١٩٨٧ كۆمەڵێك لەهەڤاڵان لە دزلێ- ئێران)

چەندین كەسیش لەوی بونە پێشمەرگە . لە پەیوەندیەكانی لقی ٤ یش بۆ كاروباری سنوری مەریوان كارم ئەكرد ، لیژنەیەكی بەرەی كوردستانی دامەزرا بۆ سەرپەرشتی ئاوارەكان لە ئێران ، ئەم لیژنەیە یەكەمین لیژنەی هاوبەش بو پاش دروست بونی بەرەی كوردستانی ، لیژنەی باڵا چەند جارێك سەردانیان ئەكردین ، برای بەرێزم كاك مهندس عبدالرحمن علی كوردە نوێنەری پارتی بو لەو لیژنەیە ، پاش ماوەیەك ناوبراو گۆڕا بە كاك حاجی حاجی ابراهیم ، لەم ڕێگایەوە لەگەڵ ئەو دووبەرێزە بووینە دۆست و برادەر كە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە ، من ئەندامی ئەو لیژنەیەبوم لە سنوری ئۆستانی كوردستان ، كاركردن لەو لیژنەیە دا زۆر خۆش بو ، شتیكی تازەو ڕێكو پێك بوو ، من دەتوانم بڵێم لێژنەی ئێمە كە پێكهاتبو لە نوێنەرانی (پارتی و یەكێەتی و سۆشیالیست و پاسۆك وبزوتنەوەی ئیسلامی و پارتی گەل ) وەكو لەیەك حزب دابین كارمان ئەكرد ، پێشنیارو وبریارەكانمان هەمیشە لە بەرژەوەندی ئاوارەكانابو نەك حزبایەتی ،



(ساڵی ١٩٨٧/ لیژنەی بەرەی کوردستانی بۆ سەر پەرشتی ئاوارەکان / ئۆردوگای بارام ئاوا- ئێران.

زور جـار هەریەکـەمان دەمـانتوانی نوێنەرایـەتی ئـەوی تـر بکـەین ، کـاتێکی زۆر سـەرکەوتومان بەسـەر بـرد ، زۆر کاریـشمان ئەنجامـدا ، لەوانـە سـەرقالیمان بـۆ خەڵکەکـە دروسـت کـرد ، بـە دروسـت کردنـی یاریگایـەك بـۆ لاوەکـان و پـرۆژەی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردیمـان دانـا ، پـەیرەو پرۆگرامـمـان بـو دانـا و کۆمەڵەکـە دروست بو ، چەندین چالاکی هونەری وەکو ( شانۆ ـ گۆرانی ـ کردنەوەی پیشانگا ) و چەندین ئاهەنگی جۆراو جۆر لە یادو بۆنەکاندا ساز دەکرا.



(ساڵی ١٩٨٧- کۆبونەوەیەکی ئاوارەکان لە ئۆردوگای دزلێ- ئێران)

نمونەیەك بو لە یەكریزی لیژنەی بەرەیی مان ، رۆژێکیان لە ماڵەوە بوم ، برادەرێکی یەکیەتی هاتە لام ووتی کاك علی فریاکەوە وا ( هیرۆ خان ) خێزانی بەرێز مام جلال کە بۆسەردانی ماڵە شەهیدەکان بە گشتی هاتوەتە ئۆردوگا و لەلایەن دەفتەری سەرپەرستیەوە گیراوە و نوێنەرەکانمان لێرە نین ، منیش بەپەلە چومە دەفتەر و تەماشا ئەکەم خاتو هیرۆ خان لە هوڵەکەدایە ، چومە ژۆری لێپرسراو ، دەبینم بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ لێپرسراوانی ئوستانداری کوردستان ئەکات و باسی هاتنی نایاسای خاتو هێرو خان ئەکات و ئەلێ ئەو ئەندامی دەفتەری سیاسی یەکیەتیە و بەبێ ئاگاداری ئێمە هاتوە بۆ کاری سیا سی بۆ ناو ئۆردوگا ، منیش لەگەڵ تەلەفۆنەکەی راستەوخۆ دەستم بە قسە کردن کرد و ووتم ئاغا راوەستە من بۆ ئەو کارە هاتووم با هەندێ قسەی لەسەر بکەین ، ئەویش گورج بەوی ووت وا برادەری نمایندەی پارتی هاتوە بۆ ئەو مەسئەلەیە و پاشان تەلەفۆنت بۆ ئەکەمەوە ، بەخێر هاتنی کردم و رووی لە کاك حاکم قادر کرد کە لەوێ دانیشتبو ، ئەو لەگەڵ خاتو هیرۆدا بو ، پێی ووت بزانە ئەم برادەرە نمایندەی

حزبێكه و هەر كەسێك له لێپرسراوانی خۆیان بیەوێت بێته ئۆردوگا ئەوا پێشتر بـه ئێمـه ئـەڵێ ، بـەلاّم ئێـوه هـیچ ئاگاداریـەكی ئێمـەتان نـەكردوه ، كـاك قـادر وەلاّمـی دایەوه، ووتی ئێمەش ئاگاداری نایندەی خۆمان كردوه ممكنـه سـەرقاڵی كـارێكی تـر بوبن ، بەهەر حاڵ من به لێپرسراوی ئۆردوگام ووت ، ئەم كارەی ئێـوه لەگـەڵ خـاتو هیرۆ كارێكی باش نیه ، ئەو ئافرەته ، و خێزانی جەنابی مام جلاله و من له ترسـی ئەو هاتووم بەپەله بۆلای تۆ چونكه به راستی له تۆش و له ئێمەش دلگران ئەبێت ، تۆ لەلایـەك رۆژانـه لەگـەڵ نماینـده و لێپرسـراوانی ئـەوان هەڵسو كـەوت ئەكـەیت و هاتو چۆتان هەیه ، بۆ ئێستا لەم كارەدا وا توندی ، ئەبێ خـاتو هێـرۆ بنیرینـەوه بـۆ (كانی دینار ) بۆلای برادەرانی خۆیان ، وا كـاك قـادر لێرەیـه ئـەو پیـاوه چـی ئـەڵێن قەیدی نیه ، جارێكی تر تەلەفۆنەكەی هەڵگرت و ئـەو قسانەی كـرا بـه وانـی ووت ، دیـار بـو ئـەوانیش لەسـەر داواكـەی مـن رازی بـوون و خـاتو هیرۆمـان رەوانـەی لای برادەرانی خۆیان كرد و ئەویش سوپاسـی منـی كـرد . مـن پـاش پەیوەنـدی كـردنم و دامەزراندنمان له ئۆردوگا ، به یاوەری كاك نادر هەورامی و مامۆستا حمید ئەفەندی كـه تـازه لـه قەرەداغـەوه گـەرابووەوه سـەردانی بارەگـای سـەركردایەتی پارتیمـان لـه راژان كرد ، چاوم به ریزدار سەرۆكی پارتی كاك مـسعود بـارزانی و بـەریز كـاك علـی عبدالله و كاك نیچیرەوان بارزانی و برادەرانی تر كەوت ،



(ساڵی ١٩٨٧/ کاك نێچیرەوان وخۆم / راژان )

خۆشحاڵ بوون بە گەرانەوەم بو ناو شۆرش و باسێکمان لەسەر بارودۆخی خەڵکی هەڵەبجە و ئاوارەکان کرد و باسی هاتنی مامۆستای خوالێخۆشبو ماموستا ملا عوسمان عبدالعزیز و ماموستا ملا علی برای و چەند ماموستایەکی ترمان کرد کە هاتبونە ئێران لەو راپەرینەدا ، جەنابی کاك مسعود فەرموی بەناوی منەوە برۆ سەردانیان بکە و بەخێرهاتنیان لێ بکە و پێیان بڵی لەبەر هەندێ بارودۆخی تایبەتی لێرە ناتوانم سەردانیان بکەم ئەگینا بۆ خۆم ئەهاتمە لایان و بە ماموستا ملا عوسمان بلێ ، ئەو شوێن و جێگایەی کە بارزانی نەمر دابویە ئەو لە شۆرشی ئەیلولدا تا ئێستا هەر ماوە و حەزم لێیە جەنابی بفەرمویت بۆ هەمان شوێن ، کە ئەویش ( یەکیەتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانە ) با ئەو قورئانە کە هەڵگریت و منیش چەکەکە بۆ خزمەتی گەلەکەمان هەتا رزگاری دەبیت . من داوام لە سەرۆك کرد کە هەر چەندە خۆم کەسێکی ناسراوم لای ئەوان و رێزیشم ئەگرن ، بەلاّم حەز ئەکەم یەکێ لە مامۆستایانی ئاینی لەگەڵم بێت ، باشترە ، بەرێز کاك علی عبداللە مامۆستا ملا عبدالرحمن قازی دیاری کرد کە پێکەوە برۆین ، هەر

لەویٚ چاوم بە بەریٚز کاك حاکم توفیق عبدالکریم کەوت کە دیاربوو پێش من ئەو گەرابووەوە ناو شۆرش و خۆشحاڵبوین بە دیداری یەکتر ، ئەو کاروباری یاسای بۆ مەکتەبی سیاسی ئەکرد لەگەڵ بەریٚز کاك حاکم ئەسعەد ،



( ساڵی ١٩٨٨ لە راستەوە- ئازا دە سور- حاکم توفیق- خۆم- مهدی زاخۆیی- ملا تەها/ دانیشتوەکان/احمد حمە صالح- شفیق حمەخان- دیاری حسین/ ئۆردوگای دزلێ).

پاشان سەفەرەکەمان بۆ لای ماموستا مەلا عوسمان ئەنجام دا و ماموستا مەلا حسن شاخی یشمان لەگەڵدا هات کە لێپرسراوی پەیوەندیەکانی لقی٤ بوو ، زۆر کادرو کەسێکی بەتوانا وچالاك بوو لە کارەکەی خۆیدا ، هاوکاری زۆری ئاوارەکانی ئەکرد ، و چوینە ئۆردوگای سەریاس لە نزیك پاوە و پەیامەکەمان گەیاندە خزمەتی هەردوو مامۆستا و بەڵێنیان دا کە ئەوان سەردانی سەرکردایەتی دەکەن ، بەڵام بە داخەوە ئەوان داواکاریەکەی سەرۆك بارزانیان پەسەند نەکرد ، لەجیاتی ئەوە دامەزراندنی حزبێکی ئیسلامی یان راگەیاند بە ناوی ( بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق ) کە ئێمەی کورد لەو کاتەدا زۆرمان پێویست بەو جۆرە حزبانە نەبو ، هەر لە سەرەتای دروست بونی حزبەکە وە توشی نارەحەتی بوون و پاشان

ململانێ ی دەسەلاَت ، پارچە پارچەی کردن ، لە سەرەتای کارکردنیان شارەزایان لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ لایەنەکانی تری کوردستانی نەبو ، بەمەبەستی ئەوەی ئەوان تیکەڵ بە خەڵکی کوردستان و لایەنەسیاسیەکانی کوردستان ببنەوە ، لەسەر داوای خۆیان هەندێ رێنمایم کردن کە چۆن هەڵسوکەوتی خۆیان لەگەڵ لایەنەکان دروست بکەن . لەو سەردانانەماندا بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی لە راژان ، جارێکیان لەگەڵ شەهید نەسرەالدین عابد لەوێ بوین و شەهیدی نەمر کاك علی بابا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و لێپرسراوی لقی ٤ مان چاو پێکەوت ، ووتی ئەمشەو حەزئەکەم پێکەوە بین ، بەراستی ئێمەش پێمان خۆش بوو ، ووتمان ئێمە ئەمشەو لای بەرێز کاك مەلا حاجی دێلۆی لە ئیدارە میوانین ، ئەگەر ئێوەش بێنە ئەوێ وا لە خزمەت ئەبین ، زۆر خۆشحال بوو ، ووتی کەوابوو ناچینە ئۆرمیە و لێرە ئەبین ، هەروەها ووتی من برادەرێکم لەگەڵە خەڵکی تورکیایە ، خۆ هیچ مانعتان نییە ؟ ووتمان بە پێچەوانەوە مادام میوانی ئێوەیە خۆشحاڵین ، شەو هەمومان پێکەوە لە ژورێکی ئیدارە بووین ، لەنێوان قسەکردندا کاك د. علی بابا و ئەو برادەرەی بە زمانی ئەڵمانی قسەیان بۆ خۆیان ئەکرد ، من و کاك نەسرەالدین یش ناچار پێکەوە بە زمانی هەورامی قسەمان ئەکرد ، هەر ئەوەندەمان زانی ئەو برادەرەی کوردی تورکیا رووی لە ئیمە کرد و ووتی ئێوە چۆن زمانی من دەزانن و قسەی پێ ئەکەن ؟ ئێمەش ووتمان ئەوە زمانی ئێمەیە بۆچی هی تۆیە ؟ ووتی من زازام ، ئێمە ئێستا دوو ملیون کەسین ، ئێمەش باسێکمان لەسەر هەورامان و هەورامی لە ناوچەکانی ئێران و عێراق کرد ، ئەو زۆر سەری سورما ، ووتی ئەمەم نەبیستوە و خۆشحاڵ بوو بەو شێوەیە کە بۆوی ئاشکرا بو، داوای لێ کردین کە سەردانێکی ناوچەی هەورامان بکات ، ئیمە ئەو دەرفەتەمان نەبوو ، لەبەر ئەوەی زۆر بە ئیشوکاری خۆمانەوە سەرقاڵ بووین ، ئەمەوێ لێرەدا سوپاسی برای هێژامان کاك مەلا حاجی دێلۆی بکەم کە ناوبراو لەو پۆستە یدا ( لێپرسراوی ئیدارە ) هەمیشە لە خزمەت هەڤالاَنیدا بوو ، بەتایبەتی ئێمە کە دەچوینە لایان .

خەڵكێكی تری زۆر هەبون لە ئۆردوگاكان بێ كار بوون ، منیش پێشنیارێكم كرد بۆ دروست كردنی رێكخستنێك بۆیان ، پێشنیارەكەم پەسەند كرا و یەكەم جار لە سنوری مەریوان رێكخراویك بۆ ئاوارەكان دروست كرا ، ( شەهید كاك ئەكرەم حەمە علی و من و كاك حمە سعید حاجی عنایەت ) تیایا كارمان ئەكرد و پاشان لە ئاكامی بۆردومانی كیمیایی هەڵەبجە و ئاوارە بونی خەڵكەكەی بو ئێران ، رێكخراوەكە گەورە تر بوو ، كرایە لێژنەیەك كە سنوری هەردوو ئۆستانی كرماشان و كوردستانی دەگرتەوە ، هەر لەسولاسی باوەجانی هەتا گوندەكانی دەوروبەری بانەو سەقزی دەگرتەوە ، پەیوەندی راستەوخۆمان لەگەڵ مەكتەبی سیاسی دابو ، ئێمەش هەمیشە لەناو خەڵكەكەدا بوین ، سەرقاڵیەكی باش دروست بو بۆیان ، كێشەو داواكاریەكانیانمان دەبردە سەركردایەتی و وەڵامەكانیشمان بو دەهێنانەوە ، سەركردایەتی پارتی بەم كارە خۆشحاڵ بو ، كاتی راپەرینەكەی سالی ١٩٩١ توانیمان زیاتر لە (٢٠٠ ) كەس وەكو پێشمەرگە لەو ئاوارانە بەشداری لە راپەرینەكە بكەین، ئەو هەڤالانەی بەشداری راستەو خۆیان لەم كارەدابو ( شەهیدی خوالێخۆشبو كاكە نسرەالدین عابد و بەندە و كاكە علی شاوەیس و مامۆستا ملا علی زمناكۆی و كاكە صالح كۆیخا موستەفا و كاك رووف رەحیم و كاك محی الدین حەمە سعید و كاك عمر محمد رەحیم و كاكە شیخ عبدالله شیخ رۆوف و كاكە احمد حمە صالح و كاكە والی عزیز و كاكە قوربانی رەحمان ) بوون ،



(ساڵی ١٩٨٨/ لەراستەوە- بارام حمە ئەمین بەگ- مهدی زاخۆیی- خۆم- والی عزیز- احمد حمە صالح- قوربانی رەحمان/ راژان- ئێران.)

هەڤالانی تر زۆر بون لەم رووەوە هاوکاریان ئەکردین ، لەوانە خوالێخۆشبوان (کاکە حکمت ملا علی و ماموستا ملا عارف ) جگە لەم کارەش هەوڵی باشمان دا بۆ دروست کردنی یەکیەتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان بەهۆی چەند لاوێك لەوانە هەورامانی کورم و هەڵکەوت حکمت ملا علی وەکو بەرپرس و چەندین لاو و قوتابی تر، ئەمانەش بەشداری راپەرینیان کرد و توانیان رێکخستنەکانی خۆیان جارێکی تر بە سەر پەرشتی سکرتاریەت لە پارێزگای سلێمانی دروست بکەنەوە .

٢ ـ لەسالی ١٩٨٨ لە مانگی ٣ دا لەو کاتەدا شەری نیوان ئێران ـ عێراق زۆر توند بو بو هەر رۆژەی لە شوێنێکەوە هێرش دەکرا و جاری وا هەبو هێرشەکان سەرئەکەوتن و هەندێکیان شکستیان ئەهینا و ناوچەکانی کوردستانیش لەم هێرشانەدا هەمیشە بەشی گەورەی هەبو ، هەردوو لای شەرکەر حەزیان لێ بو کە شەرەکان لە کوردستان بکرێت ، بە هیوای ئەوەی لەم شەرانەدا کورد زەرەرمەند بێت ، لەو رۆژانەدا دەنگوباسی هێرش بردنە سەر ناوچەی هەڵەبجە پەیدا بو ، گوایە بەرزایەکانی دەوروبەری هەڵەبجە و خورماڵ و ناوچەی هەورامان ئازاد دەکرین ، سوپایەکی زۆر گەورە رووی لە سنوری دزلێ و مەریوان کرد ، ئەم سوپایە ئەوەندە زۆر بوو ، دەمانوت تۆ بلێ ی بۆ گرتنی هەمو پارێزگای سلێمانی نەبێت ، ئێمە بەراستی نەماندەزانی ئامانجی ئەوان چیە ،لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەم هێرشە ئاگادار بون ، ئەوانیش بەتەواوەتی لە ئامانجی هێرشەکە نەگەیشتبون ، هیزەکانی خۆیان ئامادە کرد ، هێزی لایەنەکان لەچاو هێزی ئەوان شتێکی وانەبو بەلاَم دەکرا سودی لی وەربگیرێ ، ئێمە داخلی شەرەکە بوین بەلاَم نە بەگوێمان کرا و نە رێگاشیان پێ داین بۆ خۆمان هەرچی بکەین ، ئاگامان لی نەبو شەریان دەست پێ کرد ، ئەوان نزیکی خورماڵ بوبونەوە ئەنجا هێزەکانی ئیمە بەشوێنیاندا دابەزین ، ناچار هێزەکانی ئێمە وەکو پارتی بریاری هاوکاری کردنی خەڵکی دا ، بەراستی جۆری

هێرشەکە ئالۆز بوو ، سوپای هێرش بەرلە چەندین جۆر پاسدارو گروهی عێراقی عەرەب و هێزی ئیسلامی شیعەو سوننە  بە تێکەلاوی پێکهاتبو ، لەشەوی ١٣-١٤ /٣ بو ، ئاگاداری ئێمەیان کرد گوایە سوپا دیواریان شکاند ، واتا هێرشیان دەست پێ کردو سەنگەرەکانی پێشەوەیان شکاند ، دەبابەکانیان چوبونە پێشەوە و دابەزیبونە ناو خاکی عێراق لەو رێگایەی لە شاخی ملەخوردەوە دروستیان کردبو ،  بەیانی کە رۆژ بوەوە هێزەکانی ئێمە بەنیازی چون بەدوایاندا بو ناو احمد ئاوا ، سوپا تەقەی لی کردن و ٢ پێشمەرگە بریندار بون ، مانای وابو ئەوان رازی نابن کەس پێشیان بکەوێت ، جگە لەمەش پاش چەند سەعاتێك لە جێگایەکی تر روبەرو بونەوەیك روی دابو لەگەڵیان چەند پێشمەرگەیەکمان شەهید بون ، ئەمەو چەندین جار رێگا گرتن و داوای پسوڵەی عبور و تقسیم بەندی ناوچەکە لەسەر هێزی لایەنەکاندا ، ئەگەر کاری هاوکاری کردنی خەڵکەکە نەبوایە بونی هێزەکان لەوێ تەنها بۆ دروست بونی کێشە بو ، هێزەکانی پارتی خورماڵ هەتا سیروانی بۆ دیاری کرابو ، هێزەکانی یەکیەتی و بزوتنەوەی ئیسلامی ناو شاری هەلەبجەیان بو دیاری کرابو هیزەکانی سۆشیالیست ، سورین و شارەزوریان بۆ دانابون ، هەڵەبجەش گیرا و ناوچەکە بەتەواوەتی لە سوپای عیراقی پاك کرایەوە ، دیلیکی زور لەگەل دەستکەوتێکی زۆر دەست سوپای ئێران کەوت ، هەندێکیش دەست لایەنەکان کەوت ، ئێمە بەهۆی جهازی لاسلکی پەیوەندیمان لەگەڵ برادەرانی یەکیەتی هەبو . خەڵکی خورماڵ و سیروان وگوندەکانیان وردە وردە بەرەو چەمی احمد ئاوا دەهاتن ، ئاگادار بوین لە هەڵەبجە خەڵکی دوکانی داناوە و کەمتر هەوڵی دەرچونیان هەیە لە شار . ئێمەش ترسی زۆرمان هەیە کە رژێمی عێراق تۆڵەی خۆی بستینی . لەلایەن خۆمانەوە هەر لە کەسی یەکەمەوە کە مامۆستا حمید ئەفەندی بۆ هەتا پێشمەرگەیەك هەوڵی دەدا کە خێزانەکان شوێنی خۆیان بەجێ بهێڵن لەبەر ئەوەی نەوەکو رژێم لێیان بدات ، لەسیروان ماڵ بە ماڵ دەگەران و ئاگاداریان دەکردن ، لە رۆژی ١٦/ ٣ پێش نیوەرۆ رژێمی عێراق دەستی کرد بە بۆردومان کردنی هەڵەبجە و سیروان و شارەزور بە

تۆپی دور هاوێژ و فرۆکە ، لە کاتژمێر ( ١١ ) فرۆکەکان بە خەستی دەستیان بە بۆردومانی ناو شاری هەڵەبجە کرد ، من لەو کاتەدا لەسەر شاخی پشت احمد ئاوا بوم ، دوکەڵو تەپوتۆزێکی چڕ لەناو شارو دەوروبەری هەڵسا ، گرمەو دەنگی بۆردومان هەتا ئێوارە ونزیکی تاریکی شەو بەردەوام بو ، لە کاتژمێر ١٢ ی نیوەڕۆ بەهۆی جهازی بێتەل پەیوەندیم لەگەڵ برادەرانی یەکیەتی کرد ، لەحاڵ و ئەحواڵی ئەوان و خەڵکەکە و زیانەکانم پرسی ، ووتی بۆردومانەکە زۆر توندە ، هیچ مەجالی هاتو چۆ نادات ، ووتم شار چۆڵ بوە یان خەڵکی تیایە ، ووتی خەڵکی تیایە و ئێمەش هەوڵ دەدەین خۆمان و ئەوانیش لە شار دەرچین و داوای لیبوردنی کرد کە ناتوانی چی تر جهازەکەی بکاتەوە ، فرۆکەکان ئەوەندە زۆر بون فریای بۆردومان کردنی سنورەکان و لە هەندێ شوێن ناو دیوی ئێرانیش بەتایبەتی دزلێ و ئۆردوگای دزلێ و دەوروبەری مەریوان دەکەوتن . پاش عەسر برادەرانی ئێمە لەگەڵ مامۆستا حمید دەیانەوێت بۆ هەواڵ زانین سەردانی هەڵەبجە بکەن ، لەرێگا پاسدارەکان رێگایان نەدابوون ، ئێمە پەیوەندی هەمیشەیمان لەگەڵ برادەرانمان لەشارەزور و لە قەرەداغ بەردەوام بو ، ئێوارە هەواڵێ بوردومانی کیمیاوی بلاّو بۆیەوە ، کاك محمد حمە سعید ئەو کاتە لێپرسراوی ناوچەی هەڵەبجە بو ، هەوڵێ زۆری دابو لەگەڵ پاسدارەکان ، رێگایان پێ درا بڕواتە ناو شار ، ئەویش جهازێکی پێ بو لەگەڵ من پەیوەندی هەبو ، هەر کە گەیشتە ناو شار پێ ووتم راستە کیمیایی وەشێنراوە ، وا خەڵك ئەبینم کەوتون ، ئەو کاتە ئەو لە نزیکی کارگەی پاککردنەوەی توتنەکە بو لە گەرەکی پیرمحمد ، من زیاتر لێم پرسی و حەزم کرد زۆرتر بزانم چی روویداوە ، ووتی ها خۆت لەگەڵ ئەو ژن منالانە قسە بکەن ، هەموویان ئەگریان و باسی نەمانی کەسوکاریان ئەکرد ، هێشتا نەدەتوانرا قسە لەسەر زیانەکان بکرێت ، بۆردومانی کیمیایی بوە شتێکی دروست ، هەوڵم دا لەگەڵ کاکە حمە ئامارێکی پێشەکی وەیان تەقدیرێك مان بداتی هەتا لەگەڵ راگەیاندنی هەواڵەکە باسێك لە زیانەکانی بکەین، لەبەر ئەوەی کاتەکە شەو بو بەراستی هەر تقدیرێك جیگای خۆی نەبو ، ئێمە

لەگەڵ کاکە حەمە تقدیریکمان دایە سەرکردایەتی بەهۆی بەڕێزان ( کاك عزالدین بەرواری و کاك ملا حاجی و خوالێخوشبو کاك سیداصالح ) کە لە قەرەداغ بوون ، پەیوەندی بەردەوامان لەگەڵ ئەوانیش هەبو ، سەرۆك بارزانی ئەو ئامارەی پی راست و دروست نەبوو هەر هەمان شەو فەرمانی دابو کە پێویستە بەیانی لێژنەیەك بچێتە هەڵەبجە و ئامارێك لەنزیکەوە بدەن ، بۆیە ئەو شەوە لێژنەکە دروست بو لە بەڕێزان ( کاك نادر هەورامی و بەندە و کاك عوسمان بەڵخەیی ). ئاگاداریان کردین کە پێویستە دەست بەکار بین ، بەیانی زوو هەرسێکمان لە ( کەرەجال ) یەکمان گرتەوە و کەوتینە ریێ بەرەو زەڵم و احمد ئاوا و چەند پێشمەرگەیەکیشمان لەگەڵدابون . لێرەدا هەندێ دەگەرێمەوە بۆ هەواڵی ماڵ و منداڵ لە ئۆردوگا ، ئێمە چەند شەو و رۆژێك بو بو کە نەگەرابوینەوە بولایان وکەمتر هەواڵیانمان دەزانی ، ئێوارەی رۆژی ٣/١٦ کاتێکم زانی بە جهاز لە دزلێیەوە ئاگاداریان کردم کە ئۆردوگاش بۆردومان کراوە و ماڵی ئێمەش رۆکیتی بەرکەوتوە و سوتاوە و هیچمان بۆ دەرنەچوە، مناڵەکان سەلامەت بون چونکە لەوێ نەبون و چوبونە ئەشکەوتەکانی دۆڵی ( مەرگاوان ) ، لەوێش بوردومان کرابون ، بەهۆی سەختی و قوڵی شوێنەکە سەلامەت بوبون ، زۆر نارەحەتیان توش بوبو ، خەڵکی تر ماڵو منداڵیان بۆ شوێنە دورەکان گواستبوەوە ، بەهۆی سەرقاڵی من لە شەرەکە ئەوان و چەند ماڵیکی تر لە مابەینی ئۆردوگاو مەرگاوان مابونەوە ، هیلال احمر هەندێ کەلوپەلی پیێ دابون ، ماموستا حمید ئەفەندی بە جهاز پیێ ووتم غەمت نەبێت ئێمە تدابیری پێداویستی منداڵەکان ئەکەین . لێژنەکەمان هەر کە گەیشتینە سەروی چەمەی زەڵم ، فرۆکەکانی رژێم دەنگیان دەهات و بۆردومانی احمد ئاواو چەمەکەیان دەکرد و چەکی کیمیایشیان بەکار ئەهێنا ، ئێمە بۆ جیێ بەجیێ کردنی فەرمانی سەرۆك ناچار بوین بەردەوام بین لەسەر رۆشتن و بەو هیوایەی کە روبەروی ناو باغ و ئاو دەرۆین ، لەرێگا توشی پۆلێك پێشمەرگەی برایانی سۆشیالیست بوین کە ئەوانیش بۆ خوارەوە دەرۆشتن و کاك ( تەها تەیفور ) ئەو کاتە لای ئەوان بو لەگەڵیاندا بو ،

کامیرەیەکی ڤیدیوی پێ بو ، وێنەی دەگرت بە تایبەتی هی ئەو خەڵکانەی کە لە خوارەوە بەرەو زۆر بۆ ئێران دەچون ، هەندێ لەوانە کیمیایەکە لێ ی دابون ، لەسەر رێگاکان کەوتبون بەلاّم نەمردبون ، هەوڵان دەدا لەگەڵیان کە خۆیان دوا نەخەن و برۆن باشترە ، چەند سەر مەرو مالاّت مردار بوبونەوە ، کاك تەها لەگەڵ کاری وێنە گرتنیش دەرزی دژە کیمیایی پێ بو دەیدا لەوانەی پێویستیان پێ هەبو . بەراستی ئێمەش لەبەر توندی بوردومانەکە نەماندەتوانی بە گورجی برۆین ، ئەو رۆژە هەتا ئێوارە هەر لەناو ئەو باغانەدا ماینەوە و ئێوارە چوینە احمد ئاوا ، تەماشا ئەکەین سەیارەیەکی زۆر لەوێن و یەکێ لە پێشمەرگەکان سەیارەی ماڵێ خۆیانی ناسیەوە و هەرچۆن بوو بەکاری خست و سوار بوین و کاتیش بەرەو تاریکی دەرۆشت و ئەو جێگایەی کە پێمان باش بو شەو لێ ی بمێنینەوە تەنها شارۆچکەی (بیارە ) بو ، چونکە هەواڵان زانی کە هەندێ خەڵکی تێدایە . چوینە ئەوێ و روومان لە ماڵێ کاك کۆێخا موستەفا کرد و شەو هەواڵێ باشمان دەست کەوت ، بەیانی کاك صالح کۆێخا موستەفا بە سەیارەکەی خۆیەوە لەگەڵان هات بۆ هەڵەبجە ، گەیشتینە گوندی بیاوێڵە و لەوێشەوە بو ملەقەوی و ئەنجا باغەکانی عەنەب ، بەراستی ئەوەی ئێمە لەو شوینانەدا چاومان پێ کەوت هیچ کاتێ لەبیرو عەقلی ئێمەدا نەبو ، ئۆتوموبیل بەپر لە سەرنشینەکانیەوە کەوتبوە لای جادەو هەرچی تێدا بوبو شەهید بوبوون ،



**(ساڵی ١٩٨٨/ کیمیا بارانی هەڵەبجە )**

**دایك و کۆرپەکەی باوشیان بەیەکدا کردبو لە قەراغ جادە شەهید بوبون ، زیاتر لە (١٣) کەس لە دەوروبەری ئەستێرکەکەی ملەقەوی راکشابون و دەمیان لەناو ئاوەکە نابو شەهید بوبون ، هەتا ملەقەوی سیارەکەمان توانی بروات لەوێ بەهۆی بونی تەرمێکی زور نەدەتوانرا زیاتر برۆین ،**



**(ساڵی ١٩٨٨/کیمیابارانی هەڵەبجە)**

به پێ هەندێك چوین بێ سود بو هەتا دەچویت تەرمەكان زیاتر دەبون ، كەلاكی هەندێ وولاغ و حەیوان بە مرداربوی تێكەڵی تەرمەكان بوبوون ، بۆ هەر كوێ تەماشات دەكرد لە دورو نزیك هەر تەرم بو ، لە جادەی پشت قوتابخانەكەی عەنەبەوە ویستمان بەرەو گوند برۆین لەوێش خراپتر ، كارەساتەكە بەشێوەیەك بو نەمان دەزانی چۆنی باس بكەین ، سەرمان سورمابو ، هەرچی بیردەكرایەوە هیچ مان پی نەئەكرا ، هەتا ئەوەی بوێ هاتبوین بەقەناعەتمان نەدەتوانرا بەشێوەیەكی دروست ئامارێكی تەواو رابگەینین ، چەند كەسێكمان چاو پێ كەوتن كە بەشوێن كەسوكاریاندا دەگەران ، یەكێ لەوانە خەڵكی بیارە بو ، تەرمی كورەكەی دۆزیەوە و هاواری لێ هەلسا ، چوینە لای ، ووتم ناوی چیە ، ناوەكەی پێ ووتم ، منیش بریارم دا لەو ناوەوە دەست بەنوسینی ناوی شەهیدەكان بكەم ، هەوڵان دا بچینە هەڵەبجە لەوێوە رێگامان نەبو ، لە ئاكامی ئەو پرسیارانەی دەمانكرد لەو هەندە خەڵكەی چاومان پێ دەكەوتن ، بۆمان دەركەوت كارەساتەكە گەورەیە و بەهیچ جۆرێ ناتوانرێ ئامارێك بە زیانەكانی بە تەواوەتی بزانرێ ، كۆلانەكان و ژێرخانەكان و دەشت و جادە هەموی تەرمن ، ئەوەی مایەوە كە ئیمە بیڵێن پاش گفتو گۆ وامان بە باش زانی كە تەقدیری زیانە گیانیەكان بكەین بە ( ٥ ) پێنج هەزار شەهید و ( ١٠ ) هەزار بریندار و كاریگەری كیمیایەكە لە پانتایی ( ٤ ) كیلۆمتر چوارگۆشەدا بووە ، بە بەرێز كاك نادرم ووت فەرمو ئامارەكە بدەنە بردەران ، ئەو دەستی بە گریان كرد و ووتی خۆت پێیان بلێ ، منیش ئامارەكەم دایە بەرێز كاك عزالدین بەرواری و ئەوانیش دابویانە سەركردایەتی ، ئەم ئامارە درایە گشت لایەك و بوە ئامارێكی فەرمی كەتا ئیستاش باسی دەكرێت ، ئێرانیەكان پاش بۆردومانەكە لەگەڵ ئەو لایەنانەی لەوێ بون كەوتبونە گواستنەوەی خەڵك بەتایبەتی برینداەكان ، خەڵكی بۆخۆشیان بە هەر چوار دەوری شاردا دەرچوبون ، ئەوەی مابو رووی لە سنوری ئێران كردبو ، ئەم دەرچونەش بەشێوەی ئاسای نەبوبو ، خێزانەكان لێك پچرابون ، هەندێكیان بەهۆی رێگای سەخت و دور توشی نارەحەتی بوبون ، پاش تەواو بونی

ئەو کارەی بۆی هاتبوین ، بریارمان دا بکەوینە شوێن زیندوەکان و بزانین بۆ کوێیان دەبەن ، چی ئەکەن ، ئاگاداری برادەرانمان کرد کە ئێمە بەو کارە هەڵدەستین و پاشان ئاگادارتان دەکەینەوە ، جگە لەمەش ئیمە کەسوکارمان لە هەڵەبجەدا بوون و هیچ هەواڵمان نەئەزانین ، من باوکم و دایکم وخوشکم خوشکەزام و ئامۆزا و پورزا و کەسوکاری ترم لەویٚ بوبون ، هەروەهاش بە نسبەت ئەو برادەرانەی تریش ، بەرەو سنوری ئێران بەریٚ کەوتین ، بەپەرینەوەمان بۆ ناو خاکی ئێران ، خەڵکی هەڵەبجەو دەوروبەریمان چاو پێی کەوتن بە پیٚ و هەندێك سواری ئوتومبیلی بارهەڵگری ئێرانی کرابون بۆ گواستنەوە ، بەرەو کرماشانیان دەبردن ، چەند پرسیارێکمان لە چەند کەسێك کرد ، تەنها هەواڵی خۆیان دەزانی ، ئێمە لە پاوە شەو ماینەوە چونکە کات درەنگ بو ، هەواڵێکی وامان دەست نەکەوت تەنها ئەوە نەبێت کە خەڵکەکە بەرەو کرماشان دەبرێن ، رۆژیٚ دوای ئێمەش بەرەو کرماشان بەریٚ کەوتین و لە رێگا لە شارۆچکەی رەوانسەر هەندیٚ برادەرانی ئاوارەی خۆمان مان چاو پیٚ کەوت و ئاگاداریان کردین کە خەڵکەکە بۆ شارەکانی ( هەرسین و سنقور و کنگاوەر ) ی سەر بە ئوستانی کرماشان دەبرێن و دابەش دەکرین بەسەر گوندەکانیشدا ، ئاوارەکان کە لە رێگای احمد ئاواوە هاتون دابەش کراون لەسەر شوێنەکانی ( کامیران و وەرمەهەنگ و شوێشە و هەزارخانی و بارام ئاوا ) دا ، لەگەڵ کاك نادر بریارمان دا کە سەردانی ئەو شوێنانە بکەین لە هەردوو ئوستان ، سەردانی گشت شوێن و ئەو جێگایانەمان کرد کە خەڵکەکەی لیٚ دانرابون لە سنوری ئوستانی کرماشان ، هەتا گوندەکانی نزیك هەمەدان یش چوین ،ئەم سەردانەمان بە شەوو بە رۆژ بو ، ( ٣ ) رۆژی خایاند ، بەراستی چاومان بە دیمەنیکی ناهەموارو ناخۆش کەوت ، ئەو خەڵکەی ئێمە پێشتر چۆنمان بینیبون و ئەو کاتە چۆنمان دەبینین ولەچی بارێکی سەرلێشیواوی دا بوون ، هەرچی هەبوە لەدەستی داوە ، هەندێکیان هەواڵیٚ ماڵو منداڵی نازانی ، نازانن برینندارەکانیان بۆکوٚی بردون و تەندروستیان چۆنە ، زۆر خێزان لیك دابرابون هەواڵی یەکتریان نەدەزانی ، لەناو بینایەی


قوتابخانەکان و دائیرەکان و مزگەوتەکان و خانوی بەتال دانرابون ، کەس هیچی پێ نەبو ، خەڵکی بەشەرەفی ئێرانی ئەو دەورو بەرە خواردن و جلو پۆشاکیان بۆ کۆدەکردنەوە ، ئێمە لەگەڵ لێپرسراوانی ئێرانی باسی ئەمەمان کرد ، ووتیان ئێمە هیچ ئامادەیی ئەم کارەمان نەبوە ، بۆ ئێمە کوتوپڕ بوو ، بە هەمو توانامان خەریکین چادر هەڵدەدەین بویان لە شێوەی ئۆردوگا و کەلو پەلیان بەسەردا دابەش دەکەین ، ئیستا ئەوەی لەبەر دەستایە وا خەریکی دابەش کردنین ، ڕوومان لە هەر شوێنیك دەکرد ، ئێمە و خەلکەکە جگە لە گریان هیچی ترمان پێ نەئەوترا ، بەناوی سەرکردایەتی پارتی و بەتایبەتی سەرۆك بارزانیەوە سەرەخۆشیمان لێ ئەکردن ، کاك نادر هەورامی دەورێکی زور باشی گێڕا لەم ڕووەوە ، لە یەکێ لە شوێنەکان برادەرێکی خەڵکی تەوێلە هاواری لێ کردین و ووتی من لە ماڵو مناڵم دابراوم و هەواڵیان نازانم ، بەڵکو همەتێ بکەن بۆم بدۆزرێنەوە ، کەچوینە شوێنیکی تر تەماشامان کرد خێزانەکەی لەوین ، داوامان کرد لە لێپرسراوانی شوێنەکە و خێزانەکەمان یەکخستنەوە . ئەمە نمونەیك بو لە هەزاران کارەساتی لەو جۆرە و ناخۆش تر ، تا ماوەیکی زۆر ئەنجا توانرا خێزانەکان یەکتر بەتەواوەتی بدۆزنەوە ، جگە لەوانەی بریندایان سەخت بوە و ڕەوانەی دەرەوەی ئێران کرابون، هەندێ لە برینداەکان کە نێردرابون بۆ نەخۆشخانەکانی ئێران لە تاران و شارەکانی تر لەبەر سەختی برینەکەیان شەهید بوبون و بەهۆی نەزانینی ناسنامەیان ئەوا لەوی بەخاك سپێردرا بوون ، ئەم کارەساتە ئەگەر یەکێك بۆخوی تیایا نەبوبێت وە یان بەچاوی خۆی نەیدیبێ ، نازانی چۆن و بەچ شێوەیەك بوە ، شارێك وویران بوە ،خەڵکەکەی بە کۆمەڵ لی شەهید بوە ، بە هەزارەهای لێ بریندار بوە ، کەلوپەلی و هەرچی لە سەروەت و سامانی هەبوە بەجێماوە ، تالآن کراوە ، لە کەسوکار دابراوە ، ڕەوانەی ئۆردوگا کراوە ، خەڵکی لە رێ ی خوا هاوکاری خواردن و پۆشاکی دەدات ، رێگای نیە بەدوای کەسوکارو شەهیدو برینداەکانیدا بگەرێ ، پارەی پێ نیە پێداویستیەکانی دوای کارەساتی پێ دابین بکات ، ئەمانە و چەندین

دەردی سەری تر ی ژیان و لێقەوماوی ، لێرەدا ئەبێ پیاوەتی خەڵکی ئێران لەیاد نەکەین تا بە دەوڵەتەکەیشیان دەگات کە پیاوانە هاوکاری جۆراو جۆریان کرد ، ئێمە لەو ماوەیەدا بە رۆژ بە سەر شوێنەکان و خەڵکەکەدا ئەگەراین و دوا بە دوای ئێمەش وەکو ئاگادار بوین سید باقر الحکیم سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی لە عێراق دەگەرا بە سەر خەڵکەکەدا و سەرەخۆشی لێ دەکردن ، پاش تەواو کردنی شوێنەکانی سەر بە ئوستانی کرماشان ، بەهەمان شێوە چوینە شوێنەکانی سەر بە ئوستانی کوردستانیش لە کامێران و وەرمەهەنگ و شوێشە و هەزارخانی و هەتا هەردوو ئوردوگای دزڵێ و بارام ئاواش کە خەڵکی تازەیان بۆ هاتبون ، لەو شوێنانەش بەهەمان شێوە هەواڵی خەڵکەکەمان دەپرسی ، کارەساتەکان لە نێوان ئەو خەڵکەی کە لە رێگای خورماڵ ـ ئەحمد ئاواوە هاتبون کەمتر بون ، چونکە ئەمانە زۆربەیان خەڵکی شارەزور و سیروان و خورماڵ بون و کەمتر بەر بۆردومانی کیمیایی کەوتبون و کەمتر هەبو تیایاندا کەسوکاریان وون بوبێت ، لەو روەوە باشتر بون ، بەلاّم بەهەمان شێوەی هەڵەبجە ئەمانیش هەرچی کەلوپەلیان هەبوبێت بەجێیان هێلاّبو ، ئێمە کە گەراینەوە بۆ دزڵێ منالّەکانم هێشتا لەناو دەربەندی دزڵێ و خانوەکانی گوندی ( مەرگاوان ) مابونەوە لەگەڵ چەند خێزانێکی تر ، بە رۆژ لە ترسی بوردومانی فرۆکەکان چوبونە ناو ئەشکەوتەکان و بە شەو هاتبونەوە ناو گوند ، چەند رۆژێکی سەخت و نارەحەت و پر لەمەترسیان بەسەر بردبو ، ئەو دەڤەرە تاکو ترا خیزانی تیا مابو ، منیش ناچار منالّەکانم گواستنەوە بۆ ئۆردوگای هەزارخانی کە تازە بۆ ئەوانەی هاتبون دروست کرابو ، لەوێ تەنها چادریان بۆیان هەڵدابون ، کاتیش بەرەو نەمانی سەرما دەرۆشت و بەپەلە منالّەکانم دامەزراند چونکە رێزدار کاك مسعود بارزانی ناردبوی بوشوێن ( ٤ ) کەسدا کە یەکێکیان من بوم بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە هەواڵی دروستی کارەساتەکەی هەڵەبجە بزانێ ، ئێمە ( ٣ ) کەسمان چوینە خزمەتیان ، بۆ من دەرفەتێکی باش بو کە قسە لەسەر کارەساتەکە بکەم و هەرچی زانیاری باش هەبو لای خۆم یاداشتم کردبون و

زۆر بـه چـاکی چـۆنیەتی کارەسـاتەکەم بـۆ بـەریزیان و بـەریز کـاك علـی عبداللـە گێرایەوە ، ئەوانەی لەسەرەوە باسم کردون لەگەل هەندێ شتی تـر ، هەسـتم دەکـرد سەرۆك زۆر نارەحـەت ئـەبو و زۆری پـێ نـاخۆش بـوو بەتایبـەتی لـەو ووتەیـەی کـە ووتم حەق نەبو ئێمە داخلی ئەو جۆرە شەرانە بـبین ، کارەسـاتێکی واگـەورە بەسـەر گەڵەکەماندا چۆن پاساوی بۆ بـدەین ، ئەمـە دوا کارەسـاتیش نـابێ و لـە شـوێنەکانی تریش روودەدا بەتایبەتی شاری قەلادزەش لەرێگادایە ، وەلأمی ئەم چـەند ووشـانەی دامەوە و ووتی کاکە باوەرت هەبێ ئەوانە درۆیـان لەگـەڵ ئێمـەش کـرد ، کـاتێ ئێـوە هەواڵ گرتنی هەڵەبجەتان راگەیاند من زۆر سەرسام بـوم ، چـونکە گرتنـی هەڵەبجـە لە ئارادا نەبو ، لای من تەنها گرتنی شاخەکانی هـەورامان و بیـارە و تەوێلـە بـوون ، پێمان کاریکی باش بو ، هیچ نەبێ جێگایەکی ئازاد بۆ ئێوە دەبـو ، بـەلأم کـە هـەواڵ گرتنی هەڵەبجەم بیست بەراستی زۆر نارەحەت بوم و منیش لەو بـاوەرەدا بـووم کـە دوژمن تۆڵەی خۆی دەکاتەوە ، ئێـستاش مـن ناردومـە بـە شـوێن ئـەو لێپرسـراوانەی کاتی خۆی هاتنەلامان و ووتیان هێرشەکە تەنها بۆ ناوچەی هەورامانـە ، بـزانین بـۆ وای لێهـاتوە ،ئـەنجا زانـیم کـە رەنگـە لایەنـەکانی کـوردی تـەنها ڵەگـەل یـەکێ لـە گروهـەکانی ئێرانـی ووتـو وێـژیان کردبێـت ، ئـەو شـەرە ئەوەنـدە گـەورە بـو رەنگـە چەندین گروهی جۆراو جۆر بەشداریان کردبێت ، وەکو لە سەرەوە ئامـاژەم پـێ داوە ئەوان رێگایان نەدەدا هێزی پێشمەرگە بەشداری بکەن و چەند جارێك توشـی شـەرو پێك دادان بون و شەهید و بریندارمان هـەبون ، هەنـدی لـەو گروهانـە ممکنـە هـەر ناوی پێشمەرگەشیان نەزانیبێ . دانیـشتنەکەمان شـەوی بەسـەرا هـات و بریاریـان دا بەیانیش جارێکی تر دانیشینەوە ، ئێمە چوین بۆ شوێنی ئیسراحەتمان و مـن وکـاك نادر هەورامی لە ژۆرێك بـوین ، درەنگـانێکی شـەو تەماشـامان کـرد هـەردو بـەرێزان شەهید کاکە فرنسۆ هەریری و کاکە یـونس رۆژبـەیانی هاتنـە لامـان و بـەخێرهاتنی منیـان کـرد و ووتیـان کـاك علـی چـیت لەگـەڵ سـەرۆك بـاس کـردوە چـونکە زور نارەحەتە ، ووتم بـە درێـژی باسـی شـەرو کارەسـاتەکەم بـۆ کـردون و ووتومـە حـەق

نەبو ئێمە بەشداری لەو شەڕەدا بکەین ، ئەویش وەلامی بەو شێوەیە داوەمەتەوە ، ووتیان دەستت خۆش بەراستی ئەمە حەقی لێپرسراوەکانی تر بو ئەو باسانەی لەگەڵ بکەن و تۆ کادرێکی راست و دروستی و لەگەڵ نارەحەت بونی سەرۆك بۆ کارەساتەکە ، زۆر تقدیری تۆی دەکرد کە بەو شێوەیە قسەکانت بۆ کردوە . رۆژی دوای جارێکی تر چوینەوە لای سەرۆك و چەند بابەتێکی تر هەر لەو بارەوە باس کرا و دواجار فەرموی حەز ئەکەم بە ناوی منەوە جارێکی تر بڕۆیتەوە بو ناو ئۆردوگاکان و سەرەخۆشیان لێ بکەن و پێیان بڵێن کە ئێمەش وەکو ئەوان نارەحەتین و انشاالله هەوڵ دەدەین چیمان پێ بکرێت بو وەزعی ئەوان جێ بەجێ ئەکەین ، بە ئێمەشی ووت کە ئەبێ پەیوەندی هەمیشەیتان لەگەڵیان هەبێت و بەیناو بەین لە بارودۆخ و هەواڵیان ئاگادارم بکەنەوە . هەر وەکو لەسەرەوە باسم کردوە من یەکێك بوم لەو لێژنەیەی کە سەرپەرشتی ئاوارەکانی ئەکرد و راستەوخۆش پەیوەست بوین بە مەکتەبی سیاسیەوە ، مانگانە لە هەواڵیان ئاگادارمان دەکردن . من جارێکی تر بەهاورێیەتی هەردوو بەریزان کاك ملا حسن شاخی و کاك ملا عباس کە ئەویش نوێنەری لق ٣ بو لە روانسەر بو ، بەراستی پیاویکی زۆر دلسوز بو و هاوکاری ئێمەشی ئەکرد و لەو سنورەش هاوکاری باشی ئاوارەکانی ئەکرد و ئەوانیش زۆر رێزیان لێ ئەگرت ، لەسەر فەرمانی سەرۆك سەردانی ئۆردوگاکانمان کردەوە و سەردانی چەندین کەسایەتی مان کردو و لەچەندین چاوپێکەوتنی بەکۆمەڵ لەگەڵ ئاوارەکان ، سەلام و سەرەخۆشی بەرێزیان مان پێ رائەگەیاندن کە جێگای خۆشحاڵی ئەوان بو ، لەم سەفەرەمدا بۆ ئۆردوگاکان کە جێگاو رێگایان هەندی باش بووبو ، لە شوێنە جیاجیاکاندا نەمابون ، لە چەند ئۆردوگایەك کۆکرابونەوە ، کەلوپەلیان لەلایەن مانگی سورەوە پێ درا بو ، بەفرسەتم زانی بەڵێنەکەی خۆم بەجێ بهێنم بۆ وەرگرتنی ناوی شەهیدەکان کە لەیەکەم رۆژ لەسەر تەرمەکان لە گوندی عەنەب دەستم پێ کرد ، تەواوی بکەم ، بۆیە داوام لە هەڤالان و خزمان و دۆستان کرد کە هەر یەکە لە لایەن خۆیەوە و

**لەوگەرەکەی خۆی و لەناو گوندی خۆی ، خێـزان بـە خێـزان نـاوی شـەهیدەکانم بـۆ بنوسـن و لای خۆیـان دای بنـێن هـەتا دەگەرێمـەوە لایـان وە یـان ئەگـەر کەسـێکیان دەست کەوت بۆمی بنێرن ، بەم شیوەیە زۆر کەسم راسپارد ، لەگەڵ ئـەوەش هەنـدێ ناوم دەست کەوتن ، حەزم ئەکرد هەنـدێ بەپەلـە ناوەکـانم دەسـت بکـەوێت چـونکە خەڵکی وردە وردە کەوتبونە ئەوەێ بە تاك و بـە خێزانـەوە بگەرێنـەوە بـۆ عێـراق ، من بۆ تەواو کردنی ئامارەکە زیاتر لە سالێکم پێ چو ، ناوەکان بـە لیـست و دەفتـەر بۆم هاتبون ، زۆر زۆر بون کە سەیرم ئەکردن ناوی دووبارە و سێ بارەی زۆرم ئـەدی ، کاتێکی زۆرم بەسەر برد هەتا بەحسابی خۆم لەو دووبارە و سێ بارە رزگـارم بـوە ، پاشان ناوەکانم لە دەفتـەرێکی تایبـەت دا تۆمـار کـردن ، هـەوڵم دا شـەهیدەکانی نـاو شار بە جیا و هی گوندەکانیش بـەجیا و هـەروەهاش خێـزان بـە خێـزان ، ئـەم کـارە زۆر گران بوو چونکە رژێمی فاشستی عێـراق گونـدەکانی نـەهێلابو ، خەڵکەکـەی لـە ناو ئوردوگاکانی دەوروبەری شار دانابون ، وەکو عەنەب و زەمـەقی کـە هـەردووکیان تێکەل بە هەڵەبجە بووبون ، هەندێ نـاوی شـەهیدەکانیان بـەناوی گونـدەوە نوسـیبو هەندێکی تریان بە ناوی شارەوە ، ئەمەش کێشەی بۆ دروست کردبـوم ، بـە هـەرحاڵ ئامارەکەم تەواو کرد کە تەواو نەبوە بەو شێوەیەی کە بـە تـەواوەتی دروسـت بێـت ، بەلاّم سـەرەتایەکی بـاش و ئامـارێکی بـێ ئامـانج و بـێ مـەرام بـو ، تـەنها بـۆ زانینـی ژمارەی شەهیدەکان بو ، پاش راپەرین چەندین جار باسم لەو ئامـارە کـرد زۆر گـوێ پێ نەدرا چونکە ئاماری مەرام دار پەیدا بـوون ، لەبـەر ئـەوەی ئامارەکـە نەفـەوتێت بەسوپاسەوە دەزگای ئاراس لە هەولێر لە دوتۆیی نامیلکەیەکدا بـەناوی (هەڵەبجـە ) کە سەر نوسەرەکەی ( هەورامان ) ی کورم بوو لەچاپ درا و دابەش کرا ،**




**(کتێبی کارەساتی هەڵەبجە /نوسینی هەورامان علی تۆفیق)**

**نازانم ئەو ئامارە تا ئێستا سودی لێ وەرگیراوە یان نە ، ئامارەکەی من کۆی گشتی نەئەگەیشتە(٣٠٠٠ ) سێی هەزار شەهید . وەکو لە نامیلکەکەدا باسم کردوە ئەو ژمارەیە دوایین ئامار نیە چونکە رەنگە هەندێکمان لەیادچوبێت وەیان ناویان مان دەست نەکەوتبێت ، لەگەڵ ئەو هەموو ماندو بونەش هەندێ دووبارەی تێداماوە ، رەنگە هەندێ ناویشی تیدا بێت کە شەهید نەبوبێت بەهۆی وونبونی لەو کاتەدا ناوی بە شەهید هاتبێ ، دەسەڵاتدارانی کوردی لە هەرێمی کوردستان دەیانتوانی وەکو بنەمایەك بۆ کاری شەهیدان سودیان لێ وەرگرتایە ، ئامارەکە دور بو لە تێروانینی حزبایەتی .لەو سەفەرەدا چاومان بە چەند کەسایەتیەکی رۆشنبیری هەڵەبجە کەوت وەکو بەرێزان ( مامۆستا ملا لەتیف بامۆکی و مهندس کاك عمر عنایت و کاك ئەنوەرحمەامین بەگ ) و چەند کەسێکی تر ، با سمان لە بارودۆخی خەڵکەکە کرد و هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد و دەولەتی ئێران و بارودۆخی**

عێراق و چەند بابەتیکی ترمان هەڵسەنگاند و دواجار ئەوان وایان پێ باش بو کە لێژنەیەك پێك بهێنن بە ناوی خەڵکی هەڵەبجەوە سەردانی سەرکردایەتی لایەنەسیاسیەکانی کوردستانی عێراق بکەن و لەگەڵیان باسی بارودۆخی ئاوارەکان بکەن و لە رێگای ئەوانیشەوە بتوانن پەیوەندی لەگەڵ لێپرسراوانی بالأی ئێرانی و خێرخوازانی جهانی بکەن ، ئیمە هەندێ رێوشوێنی پێویستمان پێ نیشاندان و کە چوینەوە جێگای خۆمان ئاگاداری سەرکردایەتی خۆمان کرد لەکاری ئەو لێژنەیە و سەردانیان بۆ لایان ، وەکو ئاگادار بوم لێژنەکە مەبەستی خویان بەجێ گەیاندبو و سەردانی سەرکردایەتی لایەنەسیاسیەکانیان کردبو ، ئەمەش بوە بنەمایەك بۆ دروست کردنی کۆمەڵەی ژیانەوەی هەڵەبجە .

٣ ـ پاش ئەوەی هەردوو رژێمی ئێران ـ عێراق لە ساڵی ١٩٨٨ دا و پاش هەشت ساڵ شەرو کاول کاری و قوربانی دان و زیان گەیاندان بە گەلانی هەردوو ووڵات ، شەرەکەیان راگرت و دەستیان بە ووتو ویژ کردن کرد لەگەڵ یەکتر و جارێکی تریش هاتنەوە سەر سەرووگوێ کورد و کوردستان ، بەندێك لە ریکەوتنەکەیان چۆڵ کردنی سنورەکانی هەردوو لایان بو ، بە تایبەتی لە کوردستانەوە و رێگا نەدان بە هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردی لە شاخەکاندا، ئەم کارە ئالۆزیەکی تری بو لایەنەکانی کوردستان دروست کرد ، ئەوانیش بریاری ناردنی هێزەکانی خۆیان بۆ ناوەوەی کوردستان دا ، بۆ ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداغ و دەشتی هەولێر و دۆڵی بالیسان و بادینان و چەندین شوێنی تر ، باقی ئەو کەسانەی توانای چونە ناوەوەی نەبو بەهۆی تەمەن و نەخۆشی ئەوا لە ئۆردوگاکان مانەوە ، رژێمی عێراق هەرلەشەری ئێران نەجاتی بو ، هەمووهێزەکانی خۆی کۆکردەوە و بە ناوی شەری (ئەنفال ) رووی لە کوردستان کرد و دروست لە گەرمیانەوە ، دەستی بە هێرشیکی زۆر گەورە و بەر بلأو بەگشت توانای سەربازی خۆیەوە کە پێشتر شەری دەولەتی ئێرانی پێ ئەکرد ، بەرگری هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بە گشت لایەنەکانەوە تەنها بە چەکی سوك بوو، بەهۆی پەلاماری فرۆکەکانەوە بە کۆپتەرو

جەنگاوەریەکانی ترەوە نەیان ئەتوانی چەکی قورس بەکار بهێنن ، هێزی پێشمەرگە ئـەوەی لـەتوانایابو پاڵەوانانـە بـەرەنگاریی خـۆی کـرد و شـوێن لـە دوای شـوێن بـە ناچـاری جێگاکانیـان پـێ چـۆل ئـەکرا ، باریـان بـەرەو خراپـی دەچـو ، لـە هێرشـی بەدناوی ئەنفالدا ، چەکی کیمیایش بەکار هات ، خەڵکی گوندەکان ، یان رایان ئەکرد وە یان بە کۆمەڵ هێزەکانی دوژمن دەیانگرتن ، بەم شـێوەیە ناوچـەکە بـەرەو چـۆڵی ئەرۆشـت ، هێزەکـانی پێـشمەرگەش پـەرتو بلاّوبوبونـەوە ، چـەند رۆژێـك بـو لـە هەواڵیان ئاگادار نـەمابوین ، مەکتـەبی سیاسـی بـەرێز ئێمـە یـان لـە دزلێ ئاگـادارکرد بەڵکو هەواڵێکیان بزانین ، من بە جهازێکەوە چومە سەر شـاخی سـورێن و لـە ملـەی شەرەفی کە شوێنێکی بەرز بو بەئومێدی ئەوەی پەیوەندیەکیان لەگەڵدا بکەم ، هەر کە جهازەکەم کردەوە و بـۆ چـەند جارێـك بـانگی جهازەکـانی ئـەویم کـرد ، جهازێـك وەلاّمی دامەوە و لێم پرسی کە کێ یە و داوام لێ کرد بە ئاشکرا پێم بڵێ ، ووتـی مـن ئەکبەر حەیدەرم لە لقی ٣ ، منیش خۆم پێ ناساند ، زۆر خوشحاڵ بو و ووتی ئێمـە وەزعمان زۆر خراپە و بـرادەران هەنـدێکیان پەریونەتـەوە بـەرەو ناوچـەی بازیـان و ئێمـەش لـە شـوێنێکی بـەرز دایـن لـە سـنوری سـەنگاو و ئـەم پەیوەندیـەشمان دوا پەیوەندی ئەبێ و بەرەو ئەوان دەرۆین ، ئێمە ئیتر لە شوێنێکی ترەوە دەگەرێینـەوە و پەیوەندیمان لەگەڵ ئێوە نامێنێ و هەوڵ دەدەیـن پەیوەنـدی بـە سـەرکردایەتیەوە بکەین ، ئەو هەواڵە کورتە دواین هەواڵیان بو ، منـیش گەرامـەوە و هەواڵەکـەم دایـە سـەرکردایەتی ، هێرشـی دوژمـن وەکـو باسـم کـرد زۆر تونـد و بـەرفراوان بـو ، هـەر کەس بەردەستیان بکەوتایـە بـە دیلـی ( ئـەنفال ) دادەنـرا ، جـا ئـەو ( ١٨٢ ) سـەدوو هەشتاو دوو هەزار کەسەی کورد کە پێ دەڵێن بە ئـەنفال لـەناو بـراون بـەم شـێوەیە بوە ، هێرشەکە لە ناوچەی سیدەکان و بارزانەوە بەنیازی گرتنی سێ گۆشەی سنوری ( ئێران ـ تورکیا ـ عێـراق ) بـوون لـە شـاخی ( خـوا کـورك ) ، هێزەکـانی پـارتی لـەو سنورە دا کۆبوبونەوە ، سەرکردایەتی بەتایبەتی سەرۆکی پارتی بریاریان دا کـە لـەو سنورە شەری مان و نەمان لەگەڵ دوژمن بکەن و بە هەموو دنیای بـسەلمێنن کەشـەر

له کوردستان ڕانەوەستاوە و شەڕی کورد پەیوەندی بە شەڕی ئێران ـ عێراقەوە نیە ، کێشەی کورد جیایە و هەتا بە مافەڕەواکانی نەگات شەڕی خۆی ڕاناگرێت ، داوا لە لقەکانی ( ٢ ـ ٣ ـ ٤ ) و گشت ڕێکخراوەکانی سنوری سەرکردایەتی کرا بەشداری بکەن ، هێزەکان پاڵەوانانە بەرەنگاری ئەو سوپا گەورەیە بە گشت چەکی پێشکەوتویەوە بونەوە و چەندین پەلاماریان شکاند و زیانی گەورەیان لێ دان و چەندین سەرباز و دەرەجەدار بە دیل گیران و دەستکەوتێکی زۆر لە چەك و تەقەمەنی هەبو ، گرنگ ئەوەبو کە نەهێڵرا دوژمن بە ئامانجەکانی خوی بگات ، ڕۆژنامەنوسان و ئاژانسەکانی هەواڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی جیهانی بەشداریان لە شەرەکەدا کرد و هەواڵەکانیان دەگواستەوە ، بەداخەوە لەم داستانەدا کۆمەڵێك قارەمان گیانی خۆیان بەخشی بەو ڕێگایە و خوینی خۆیان بە شاخ و بەردەکانی خواکوردا ڕژاند وچەند برینداریێکیش هەبو . لێرەدا مەبەستی من لە باس کردنی ئەم داستانە بۆ ئەوە بو کە هەڵوێستی شۆڕشگێڕی و بە ئەمەك و مەردانەی ئاوارەکانی ئۆردوگاکان بە تایبەتی ئاوارە لێقەوماو و زیان لێ کەوتوەکانی هەڵەبجە بە دیار بخەین ، گێڕانەوەی ئەو داستانە بۆ خۆی پەرتوکێك هەڵدەگری . مەکتەبی سیاسی وای پێ باش بو کە ئێمەی سەرپەرشتی ئاوارەکان بە هاوکاری لەگەڵ لێژنەی ناوچەی هەڵەبجە لە هەواڵی ئەو شەرە و مەبەستی بەرەنگاربونەوەی بە ئاوارە خۆڕاگرەکان بگەیەنین ، لە کوبونەوەیەکدا لەگەڵ لێژنەی ناوچەی هەڵەبجە کە ئەو کاتە برای بەرێزم کاك شێخ جعفەر شێخ موستەفا لێپرسراوی بوو ، بڕیاری پێکهینانی لێژنەیەکمان دا بۆ ئەو مەبەستە و بە پەلە سەردانی گشت ئاوارەکان بکات لە گشت شوێنەکانی نیشتەجێ یان لە سنوری هەردوو ئۆستانی کرماشان و کوردستان و کارێ بکرێت کە بتوانرێت کۆبونەوەی جەماوەری یان بۆ ساز بدریت و هەڤاڵان ( کاك شیخ جعفەر شیخ موستەفا و شەهید کاك ئەکرەم حەمە علی و بەندە و کاك جمال فتاح و کاك احمد حەمە صالح و کاك سالار صابر ) دیاری کران بۆ ئەو مەبەستە ، لێژنەکەمان بە هاوکاری بەرێز ماموستا ملا حسن شاخی توانی

ڕەزامەندی لێپرسراوانی ئۆردوگاکان وەرگرن بۆ ئەو کوبونەوانە و ماموستا بۆخۆشی تـا کۆتـای کارەکـە لەگـەڵ بـوو وە دەورێکـی زۆر ڕێکـوپێکی هـەبوو ، ئێمـە دەسـتمان بەکاری خۆمان کرد هەر لە ئۆردوگایەکی زووگوردی لە نزیکی سولاسی باوەجانی و ئۆردوگای سولاس و جوانرۆ و سەریاس و هەرسین و کنگاوەر و سونقور و ئـەو شـارو و شارۆچکە و گوندانـەی سـەر بـە ئوسـتانی کرماشـان کـە ئـاوارەی لێ بـو سـەردانمان کردن و لەگشت شوێنەکان ئاوارەکان مـان کۆئـەکردەوە و باسـێکی بارودۆخـەکان مـان بۆ ئەکردن لەگەڵ چۆنیەتی هەڵوێستی پارتی لەسەر ئەو دۆخانە و شەری خواکورك و خۆراگری شـۆرش لەسـەر ئـەو هـەمو پـیلان و ڕێکەوتنناماـنەی دژ بـە گەلەکـەمان ئـەکرا ، ئـەو کاتـە بارودۆخـەکان زۆر ئـالۆز بـوون و هەڵوێـستی پـارتیش لـە جێگـای خویدا بو ، بۆیە خەڵکە ئاوارەکە بـە گـشت بیروبۆچونەکانیانەوە پـشتگیری خۆیـان لەو هەڵوێستە ڕائەگەیاند ، جێگای ئامـاژە بـۆ کردنـە کـە هەڵوێـستی بـرا پێـشمەرگە زووگوردیەکانی ناو ئەو ئۆردوگایەی نزیك سولاسی باوەجانی کە زۆربەی زۆریـان لـە پێشمەرگەکانی یەکێەتی نیشتیمانی بوون لە یاد نەکەین کـە ئامادەباشـی خۆیـان بـە ڕاستی ڕاگەیاند بۆ بەشداری کردن لەو شەرە و داوایان کرد کە ئاسانکاریان بۆ بکەین ، لەگەل ئەوەش ئامادەیی بەخشینی هەندێ کۆمەکی مادییان دا بۆ پـشتیوانی کـردن لەو شەرە ، لەگەڵ سوپاسـێکی زورمـان بۆیـان ، کۆمەکەکـەمان لی قبـول کـردن ، ئـەم هەڵوێستە ئۆردوگاو شوێن لە دوای شوێن زیادی ئەکرد بەتایبەتی لـە نێـوان ئـاوارە و لێ قــەوماوانی کیمیابــارانی هەڵەبجــە و هەڵوێــستیان بەیــەکیك لــە جــۆری تۆڵــە سەندنەوەیان ئـەزانی بەرامبـەر بـە ڕژێمـی فاشـی عێـراق ، لەسـەر داواکاری هەنـدێ لاوی هەڵەبجەیی چەند کەسێکمان ڕەوانەی شەرەکە کرد لەوانـە شـەهیدیان بەخـشی بـە کوردسـتان ، جگـە لەمـەش لاوانـی کـور و کـچ ئامـادەی خـوێن بەخـشین بـون بـۆ هاوکاری برینداەکان ، لەسەرووی ئەمانەوە دەستیان بە کۆکردنەوەی کۆمەك کـرد ، پـاش تـەواو بـون لـە ئۆسـتانی کرماشـان ، بـەرەو ئۆسـتانی کوردسـتان چـوین و لـە ئۆردوگاکـانی کـامیران و وەرمەهـەنگ و شوێـشە وهـەزارخانی و دزلێ و بـارام ئـاوا و

سەراوی سەقز و شارو و شارۆچکە و گوندەکانی ئەو ئۆستانەش بە هەمان شێوەی ئۆستانی کرماشان کارەکەمان تەواو کرد هەتا شاری بانە ، لەوێ لە دوا قۆناغی کارەکەمان بە راپۆرتیکی تێرو تەسەل لەسەر هەلۆێستەکان وکۆی کۆمەکەکانیشمان بە دەستی هەڤاڵ بەرێز کاك درویش عبدالرحمن ناردە سەرکردایەتی ، کارەکە جێگای رەزامەندی و خۆشحاڵ ئەوان بو لەلایەن خۆیانەوە سوپاسی ئەو هەلۆێستەیان کرد .

٤ ـ لە پاش رێکەوتننامەی نێوان ئێران و عێراق و تەواو بونی شەری هەشت ساڵەی نێوانیان و پاشان هاتنەکایەی پرۆسەی پرۆستریکای بلۆکی رۆژهەلات و لیك نزیك بونەوەی بیرورایەکانی هەردوو بلوکی رۆژهەلآت و رۆژئاوا و ساردبونەوەی جەنگی سارد لە جهاندا ، ئێمەی کوردی بێ پشت و پەنا و ئاوارە لە ئێران کە وردە وردە خەڵکە شۆرشگێرەکان هەوڵیان دەدا ئێران بەجێ بهێڵن بەرەو ئەوروپا بڕۆن ، لەلایەکی تریشەوە رژێمی عێراق دەستی کرد بەدەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ کوردەکان. خەڵکی بێچارەی کوردیش کەهەمیشە بارودۆخەکان وای لێدەکات کەتوشی سەرئێشەو سەر لێشێواوی ببێتەوە و ترسی لە دوبارە بونەوەی مێژووەکان هەیە . بۆیە نازانێ چۆن بریار بۆ دوا ڕۆژی خۆی بدات ، لەلایەك دەنگوباسەکان وا بلاو دەبونەوە کەئێران ، ئاوارەکان دەگوازێتەوە بۆ (جەهروم) ، بەناو بانگترین شوێنی ناخۆشی ئێران چی لە دوری لە کوردستانەوە و گەرمای هاوێن ، من نەمدیبوو بەلأم وایان باس ئەکرد ،خەلکی لەترسی ئەم حاڵەتانە ناچار ئەبو خۆی بنوسی بۆگەرانەوە بو عێراق و رازی بێت بە لێبوردنە درۆیەکانی رژێم و خۆیو ماڵومناڵی تەسلیم بەو رژێمە خوین ریژە دەکردەوە ، ئەوەشی دانی بەخۆیدا گرت ، هەتا یەزدانی مەزن بەپیر دۆعاو نزای خەڵکی کوردەوە هات و دیکتاتۆر سەدام حسین هەڵسا بە هێرش بردنە سەر دەوڵەتی کوێتی دراوسێی ، ئەو وولأتەی کە لە شەری هەشت ساڵەی خۆیدا لەگەڵ ئێران هاوکاری ئەکرد ، رژێمی عێراق چۆن وەفای بۆ گەلەکەی خۆی نەبو ئاواش وەفای بۆ دراوسێکانی نەبو ، بەبیستنی ئەم هەواڵە ،

کوردی عیراقی چی ئەوانی لە ناوەوەی کوردستان بوون و چی ئەوانەی لە ئاوارەیدا بوون دڵخۆش بوون ، رژێمی فاشی بەغدا هەڵەیەکی زۆر گەورەیان کردوە و چەندین تاوانی گەورەیان لەو وولاتە ئەنجام داوە کە جێگای رازی بوونی وولاتانی جهانی نیە بە تایبەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی ، ئاکامەکەی بە زیانێکی گەورەی رژێمی عێراق کۆتای دێت ، وەکو لەسەرەوەش ئاماژەم پێ کردوە بارودۆخی ئاوارەکان لە ئیران لەو سەردەمەدا زۆر خراب بوو زۆر بیتاقەت بوون لە دوا رۆژی خۆیان ، ئەم هەواڵە گیانێکی تری بەبەردا کردین و ئومێدی گەورەمان بۆ دروست بوو ، ئێمە لە لێژنەی ئاوارەکان لە رۆژی ٩٩٠/٨/١٣ لە بارەگای سەرکردایەتی بوین ، رژێمی عیراق لە ٨/٢/ هێرشەکەی کردبوە سەر کوەیت ، هەمان رۆژ ئێمە رێزدار کاك مسعود بارزانی مان چاو پێ کەوت و لەو بارەیەوە هەندێ باسی بۆ کردین ، ووتی صدام حسێن دەستی راکێشراوە بۆ ئەم کارە نابەجێ یە کە هەمو کەس ئەزانی کات و ساتی داگیر کردنی وولاتان بەسەر چوە ، ئەو وولاتە ئەندامێکی فەرمی نەتەوە یەکگرتوەکانە ، صدام بۆخوی بریاری داوە کە نەخشەی ئەو وولاتە بسرێتەوە و بیکاتەوە بە ناوچەیەکی عێراق ، خەڵکی زۆری لەو وولاتە کوشتوە و بریندار کردوە و هەندێکی بەدیل گرتوە ، رێگای داوە تالآنی تەواو بکرێت ، ئەمانەی هیچی لێ قبول ناکرێت و رەنگە گەلەکۆمەیەکی نێودەولەتی دەرحەق بکرێت و سوپاکەی بە زۆر لەوێ دەربکەن ، ووتی من لە ٨/٨ دا یاداشتێکم داوەتێ بە ناوی سەرکردایەتی پارتی یەوە و داوام لێ کردوە کە سوپاکەی بکێشێتەوە چونکە بە زۆر دەری ئەکەن ، ماوەیەکی تری پێ چوو لەمانگی دوایی تر سەردانمان کردەوە و بەهەمان شێوە چاومان بە بەرێزیان کەوت و لەگەڵ باس کردنی بارودۆخەکانی عێراق ووتی من دەمەوێت لە ئێوەی کادر بپرسم ئایا ئێوە ئێستا ڕازی دەبن من بە فەردە دۆلار بهێنم و ماڵ بەماڵی ئاوارە دابەشی بکەم ، یان هەڵوێستێکی نیشتمان پەروەری و کوردینە وەرگرین ، ئێمەش لەوەڵامی ئەم پرسیارە ووتمان بەراستی بارودۆخەکە لەوە ئەکات کە لەبەرژەوەندی کورد و خەڵکی عێراقدا بێت ، مادام

بارەکە بەرەو ئەو ئاقارە ئەروات و ئێمەش وا چەند ساڵە خۆمان راگرتوە ، با ئەم چەند ماوەیەش خۆراگر بین و نیشتیمان پەروەریمان پی باشترە لە دۆلار و مل کەچ کردن بۆ خەڵکی تر ، پاشان ووتی با دوو هەڵوێست هەیە بۆتانی باس بکەم ، پێویستە ئێوە لێ ی ئاگاداربن ، یەکەم ، بەهۆی ئەم بارەتازەیەوە کە لە عێراق و ناوچەکە هاتوەتە ئاراوە سەردانێکی تارانم کرد و لە وەزارەتی دەرەوەی ئێرانی ، کاتێك کارم تەواو بوبو بەرەو دەرەوە ئەهاتین لە سالۆنی بینایەکە دووکەس بەرەو روومان هاتن یەکێکیان عەگال بەسەر بوئەوتر قاتی لەبەر بو ، زانیم عەگال بەسەرەکە سەفیری دەوولەتی کوێتە و سەلامیان لێ کردین و کابرای سەفیر یەکسەر ئەوی تریانی پی ناساندم کە وەزیری دەرەوەی کۆێتە و داوای لێ کردم کە لەگەڵیان دانیشم ، سەرۆك سوێندی خوارد بۆمان و ووتی هەر کە گوێم لە ناوی وەزیری دەرەوە بو تەماشای ناوچاوم کرد ووێنەی شەهیدانی کیمیابارانی هەلەبجەم لە ناو چاویا بینی و بە گورجی ووەڵامم دایەوە و پێم ووت با عێراق رزگار ببێت ئەو کاتە لە بەغداد یەکتر دەبینین ، ئەمەش لەبەر ئەوە بو کە وەزیری ناوبراو لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا رایگەیاندبو کە عێراق کیمیاوی نەرژاندوە لە هەڵەبجە ، دووهەم ، لەم رۆژانەدا مەلیکی سعودیە ( فهد ) ناردویەتی بۆلام کە من بەڵین بدەم بە هاوکاریان لە کوردستانەوە ، هەرچی چەك و تەقەمەنی هەیە جگە لە فرۆکە دەمانەدەنی و هەرچیش داوا بکەین لە هاوکاری ئامادەن جێ بەجێ بکەن ، ئەم ئامادەباشیەی ئەو وولاتانەیە کە دەڵێم ئێمە نیشتیمان پەروەر بین یا دۆلار وەرگر ، بۆیە سوپاسی هەڵوێستی ئێوەش ئەکەم و انشاالله پشت بەیەزدان رزگارمان ئەبێت و چی تر ملکەچی جەندرمەکانی تورك و پاسدارانی ئێرانی و سەربازانی عێراقی نابین ، بۆ خۆمان مافی خۆمان بەدەست ئەهێنین و ئێوەش خۆتان ئامادە بکەن و بچنە ناو ئاوارەکان و ئۆمێدی تەواویان پێ بدەن و ئێمەش بۆخۆمان وەکو بەرەی کوردستانی کاری خۆمان ئەنجام ئەدەین و ملکەچی کەس نابین .

٥ ـ پاش داگیر کردنی وولاّتی کوێت لەلایەن رژێمی عێراقەوە و هەلْوێستی ملهوری صدام ، رۆژ لەدوای رۆژ هەلْوێستە نێو نەتەوەیەکان دژی صدام زیادی ئەکرد و وولاّتانی جهان کەوتنە کۆکردنەوەی هێز بەناوی ( هاوپەیمانی ) کە دواجار بونە (٣٠ ) سیی وولاّت بە سەرۆکایەتی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و لە مانگی ٩٩١/٢ دا دەستیان بە هێرش دژ بە سوپای عێراق لە کوێت کرد ، پاش ئەوەی بە توندی بۆردومانی گشت سەربازگەو شوێنە دیارو کارگەو پردو جادە و ئەو شوێنانەی پێویست بو کرا ، لەم ماوەیەدا و پێشتریش چەندین کۆبونەوەی بەرەی کوردستانی لەسەر ئاستی سەرکردایەتی بەسترا بۆ مەبەستی خۆ ئامادە کردن ، پاش لێدانی رژێمی عێراق هێزەکانی کوردستانیش بەسەر پەرشتی بەرەی کوردستانی لەکوردستانەوە دەست بەکار بێت. لەدوا کۆبونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەدا بەرنامەیەکی کاری تایبەتی زۆر رێکو پێك داڕێژرابوو کە کاری لەسەربکرێت، من بەشبەحالّی خۆم زۆر خۆشحالْ بوم کە ئەو بەرنامەیەم خوێندەوە و ئومێدی زۆرم بەسەرکردایەتی کورد پەیداکرد کە انشاالله بەم شێوەیە کورد دەبێتە شتێك بۆخۆی و نەجاتی دەبێت لە دەردی سەری و دەربەدەری . بەپێی ئەو بەرنامەیە کە لێژنەکانی ناوچەیی و هەرێمی دروست بوبون ، لێژنەی سنوری ناوچەی هەلەبجە پێك هێنرا و منیش یەكێك بووم لە ئەندامەکانی و لیژنەی ئێمە لێپرسراویەتی شارۆچکەی هەلّەبجەی تازەی پێ سپێردرابوو ، ئەم شارۆچکەیە لە دەشتی شارەزور لە کوندی مالوان دروست کرابو ، هەر چەندە بەرنامەی کارەکە زۆر شتی باشی تیا بو بەلاّم پێویستی بە وردەکاری زیاتر بو بەتایبەتی سەرپەرشتی کردنی راستەو خۆی جەماوەر ، بۆیە لە کۆبونەوەی لێژنەکەمان کەهێشتا لە ئێران بوین من پێشنیاری هەندی خالّی تازەم بۆ سەر بەرنامەکە کرد و بە سوپاسەوە رەزامەندی گشتی لەسەر کرا و ، کاك حامدی حاجی خالد کە ئەندامی لێژنەی پارێزگا بو لە کۆبونەوەکەی ئێمە ئامادە بو ، ووتی کورینە هیچ غەمتان نەبێت مادام کاك علی لەگەلْ ئێوەیە لێژنەکەتان سەرکەوتو ئەبێت و بە قسەی بکەن ، من سوپاسی ئەو

هەڵوێستەی کاك حامدم کرد و هەمان هەڵوێستی بەرامبەر بە من لە زۆر شوێنی تـر دەربریوە کە جێگای رێز بون بۆ من و سوپاسی ئەکەم ، ئێمە وەکو ئاوارەکان مـاوەی نزیکی یـەك مـانگ زیـاتر لـە (٢٠٠ ) کـەس کـە لـە گـشت ئۆردوگاکانـەوە هـاتبون لـە دەوروبەری دزلێ چاوەروانی فەرمانی دابەزینمان ئەکرد ، لـەم ژمارەیـە زیـاتر ئامـادە ئەبون بەلاَم خۆمان لەوە زیاترمـان قـەبوڵ نـەکرد ، پـێش راپـەرین چـەندین هێـزی بـچوك بـچوکی گـشت لایەنـەکان دابەزیبونـە نـاو جـەماوەر بـە نهێنـی و پەیوەنـدیان لەگەڵ رێکخستنەکان و چەکدارەکانی کوردی لای رژێم و کەسایەتی دیاری ناوچـەکان کردبو ، بۆ خۆئامادە کـردن بـۆ ئەگـەری راپـەرین . شـەر لـە خـواروی عێـراق رۆژلـە دوای رۆژ تۆند ئەبو ، وولاَتی کوێت ئازاد کرا و هاوپەیمانان هێرشەکەیان هێنایە ناو خاکی عێراق و سوپای عێراق شکستی هێنا و وردە وردە لە شارەکانی خواروی عێراق راپـەرین دەسـتی پـێ کـرد ، ئـەوەبوو هـەواڵی ڕاپـەڕینی خـەڵکی قارەمـانی دەڤـەری ڕانیـەش ڕاگەیانـدرا ، کـە لـە رۆژی ٩٩١/٣/٥ وە دەسـتی پـێ کـرد ، ئـەم دەسـتپێکە پاڵەوانیەی خەڵکی ڕانیەو دەوروبەری بووە هاندەرێك بۆ گشت شار و شارۆچکەکانی تـری کوردسـتان کەیـەك لـەدوای یـەك خـەڵکی بـەهاوکاری هێزەکـانی پێـشمەرگەی بەرەی کوردستانی ڕادەپـەڕین و شـارەکان ئـازاد دەکـران. ئـەو شـارەی کەئێمـە لیژنـە بووین بۆسەرپەرشتی کردن لەڕۆژی ١٩٩١/٣/٩ ئازاد بـوو بـو ، کـەمن گەیـشتمە ئـەوێ ئازاد بوبو بەهۆی ڕێگاوە هەندێ دواکەوتین، من زۆر ناشارەزا بووم لەو شـارە تازەیـە چونکە نەم دیبوو شارێکی گـەورەی بـەربلاَو و جـادەی فـیری زۆری بـۆ کرابـوو وەکـو سـەربازگەیەکی کـراوە ، چـوینە نـاو شـار و هـەواڵی بارەگـای بـەرەی کوردسـتانیمان پرسی کەس نەیدەزانی ، هەر چۆن بوو چوینە بارەگای حزبی شـیۆعی و کـاك( نجـم الدین صۆفی ) ئەوسا شیوعی بوو لێپر سراوی بارەگاکـەبوو لـێم پرسـی و ووتم ئـەی بارەگای بەرە ووتی کاکە بەرەی چی ، کەهاتوینەتـە ئـەم شـارە بـەرەیان تێـك داوە و هەرکەس بۆخۆی بارەگای داناوە، تۆش بچۆ بۆخـۆت بارەگایـەك دابنـێ، منـیش زۆرم پێ ناخۆش بوو کاتەکەش شەو بوو بەبرادەرانی خۆمانم ووت تـازە ئەمـشەو بـرۆن و

هەریەکـە لەشـوێنێك بۆخۆتـان ئیـسراحەت بکـەن و بـەیانی وەرنــەوە بـۆلای ئـەم قوتابخانەیـە کەبـەناوی (ئەحمـەد مختـار ) وە بـوو . بـەیانی کۆبوینـەوە و چـوم بـۆ سـەردانی بارەگـای یەکیـەتی نیـشتمانی کوردسـتان و قەرەباڵغیـەکی زۆریـان هـەبو ، لێپرسراوانی بارەگاکە هەر ئەو کەسانە بـوون کـە پێکـەوە لـە ئێـران کۆبوبوینـەوە و رێکەوتننامەمان ئیمزا کردبو ، پێم ووتن کاکە بۆچی واتان کردوە ، ووتیان بەدەست ئێمـە نیـە و فـەرمان مـان بـۆ هـاتوە و تـۆش بـچو بـۆ خـوت بارەگـا دابنـی ، زۆرم لا ناخۆش بو ووتم بەراستی کـارێکی بـاش نـەبو بەهـەر حـاڵ ئێمـەش بارەگـا دائـەنێین بـەلاَم بـا تەنـسیق لـە نێوانمانـدا هـەبێت بـۆ کارەکـانی گـشتی کـە پێویـست ئـەکات هەمومانی لێ ئاگادار بین ، ووتیان باشە ، بەداخەوە هیچمان نـەکرد و هەرکـەس بـۆ خۆی بو ، هـەتا لـە کـاری سەربازیەکەشـدا وەکـو پێویـست نـەبوین هـەتا گەلەکـەمان توشی رەوە جەماوەریە سەرتاسەریەکە بوو کە بە گیان لە دەستدانی چەندین خەڵك و ئاوارە بونەوەیەکی تـرو و مـاڵ وێرانـی و تـالاَن کـردن و لـە دەسـت دانـی چـەندین شارو شارۆچکەو شوێنی کوردستان کۆتای هات .

٦ ـ پاش گرتنی شاری کەرکوك و هەوڵ دان بۆ توندو تۆل کردنی جێگاکانی پێویـست ، هێـشتا رێگـە بـە کـورد نـەدرابو کـە بـە ئاسـانی بـە شـاری بـاوەگورگور(کرکـوك) شادبێتەوە و لێ دڵنیا نەبون لەو شارەدا چی ئەکات بۆیە بەپێی ئاژانـسەکانی هـەواڵی جیهـانی ، هاوپـەیمانان بـە سـەرۆکایەتی ئـەمریکا چـرای سـەوزی بـۆ رژێمـی عێـراق داگیرسـاندبو کـە فرۆکـەکانی دژی ئـەو هێرشـە بـۆ سـەر کـەرکوك بـەکار بهێنـی و هێزەکان لەو شارە دور بخەنـەوە ، ئـەوەبو لـە رۆژانـی کۆتـای مـانگی ١٩٩١/٣ بـە دواوە سوپای عێـراق لـە گـشت ناوچـەکانەوە هێرشـی دەسـت پـێ کـرد هـەر لـە زاخـۆ هـەتا خانـەقین بـەو سـوپا شکـست خواردویەیـەوە ، ئەوەنـدەی پـێ مـابو کـە پـەلاماری کوردستانی پێ بدات و کەوتە وێزەی خـەڵکی بـێ تـاوان و بۆردومـان کردنـی شـارو و شارۆچـکەکان و خـەڵکی لـە ترسـی درەنـدەیی رژێمـی فاشـی صـدام ناچـار هـەڵهات و جارێکی تر رەوێکی سەرتاسەری روو بە رووی بووەوە و ئەو کاتە ناو دەبرا بـە رەوی

( چـوار مليـونى ) ، ئـەم ڕەوە بەكۆمەڵـە دونيـاى هەژانـد و لەبـەردەم كـامێرا و ڕاگەياندنەكانى جيهانيدا ڕۆژانە لە تەلەڤزێونەكاندا بلاّو دەكرايەوە ، خێرخـوازان و وولاّتانى خێرخواز كەوتنەئەوەى بە هانـاى ئـەم گەلـەوە بـێن و نـەهێڵن لـەوە زيـاتر توشـى ناهـەموارى ببێـت ، ڕەوە بەكۆمەڵەكـە شـتێكى نـەبينراو بـوو جگـە لـەوەش سەرتاسەرى بـوو لەكوردسـتاندا ، گـەورەو بـچوك ، لاو و پـير ، ژن و پيـاو ، بەلـەش ساغ و نەخۆشەوە ، ڕيگاى هات و نەهاتيان گرتبووە بەر ، بـەرەو سـنورەكانى توركيـا و ئێران ، بـاران و بـەفر ، سـەرماو زوقـم ، قـوڕو ليتـە ، ئۆتۆمـۆبێلى بـێ بـەنزين و شكاوى بێ وەستاو فيتەر ، بەجێ دەمان بەكەلوپەليانـەوە ، ولاّغ و حـەيوان ڕێگايـان گرتبـوە بـەر ، بـێ خـواردن و خواردنـەوە ، لێ يـان بـەجێ دەمـاو مـردار دەبوونـەوە ، كارەساتەكە زۆر گەورەبوو نە كورد بەخۆيەوە ديبوى نە جيهان ، ڕاستە كـورد فێـرى ئاوارەيى و ڕاكردن بو بـوو ، بـەلاّم ئـەو دياردەيـە پێـشتر ناوچـەيى بـوو ، يـان چـەند خێـزان ، وەيـان كۆمـەڵێك بـەيناو بـەين ئـاوەرە دەبـون ، نـەك بـەم شـێوەيە ، شـارو شارۆچكەكان هەموى نيمچە چۆڵ و هۆڵيەكى پێوە ديار بوو ، ڕژێمى صـەدام هـەوڵى دەدا كەزياتر ناوچەكانى كوردستان بخاتەوە ژێر دەستەلاّتى خـۆى لـە لايـەك ، هێـزى پێـشمەرگەى كوردسـتان جگـە لـەو كارەسـاتە ڕەوە بەكۆمەڵـە كـە هـەمووخێزانێكى گرتبوە وە سەرقاڵى ئـەوە بـوون لـە جێگايـەكى بـاش و تۆكمـە دا خۆيـان بگرنـەوە و بەرگرى بكەن ، ئەم ڕوداوە كتوپڕەش ڕووى داو خێزانەكانى پارێزگاكانى كـەركوك و هەولێر و سلێمانى ئـەوەى توانـاى هـەبوو بەسـەيارە ڕويـان دەكـردە سـنورى ئێـران ، خێزانـەكانى پارێزگـاى دهـۆك بـەرەو سـنورى توركيـا ، دەتـوانم بڵـێم كارەسـاتەكە ئەوەندە گەورەبوو هەتا سـەركردايەتى سياسـيش نەيـدەتوانى بڕيـارى تـەواوى خـۆى بدات ، ڕاديۆو جهازەكان لەگواستنەوە و جمو جۆڵدا بـوون ، يـەكێ دەيـوت بـەرەنگار دەبينەوە يەكێكى تر دەيوت هات ، هات هاتەكە دەنگى گەورەتر بـوو ، بۆيـە خـەڵكى زياتر ڕاى دەكرد ، ئێمە چەند كات ژمێرێك لەڕۆژانى كۆتايى سـەرى مـانگى ٩٩١/٣ دا ڕێگامان لە خەڵكى گرت كە نەرۆن ، بەلاّم ديار بو لێـشاوى جـەماوەر لـەو ڕێگاگرتنـە

گـەورەتر بـو کـە ملیـان بـۆ هـیچ فـەرمان و کەسـێك نەئـەگرت ، ئـەوەبو رەوەکـە پێشینەی خەڵکی گەیشتە سنورەکانی ئێران و تورکیا روبەرووی رێگـری بوونـەوە لـە چونە نـاو ئـەو سـنورانە ، هەنـدێ خـەڵك لـە گونـدە روخـاو و کاولـەکان لـە نزیکـی سـنورەکان مابونــەوە و چـاوەڕێ بارودوخـەکانیان ئـەکرد ، ئێمـەش ناچـار لەگـەڵ جەماوەری ئـەو سـنورە بـەرەو شـارە کۆن و وێـران و چۆڵوهۆڵەکەی بـە کیمیابـاران کەوتوەکـەی هەڵەبجـەی شـەهید رۆیـشتین و لـەوێ هەنـدێ لـە کەسـوکارو خزمـانی خۆمان مان دۆزینەوە ، پێمان ووتن یان لێرە بمێنن وە یان بچنە گوندی احمد ئاوا و چـەمی زەڵـم و لـەوە زیـاتر نـەرۆن ، شـەوێك لـە هەڵەبجـە ماینـەوە و خـەڵکی رانەدەوەسـتان و بـەرەو سـنور ئەرۆیـشتن ، بـەیانی چوینە احمـد ئـاوا و لـەوێ مـن بریـارم دا کـە بارەگایـەك لـەوێ دابنـێین و هـەڤاڵانی ئـاوارە کـە پێکـەوە هاتبوینـە خوارەوە لەوێ کۆببینەوە ، وردە وردە کۆبونەوە ، خێزانـەکان لـەوێش زۆر دەترسـان و هـەر کـە چـاویان بـە خـەڵکی تـر ئەکـەوت بـەرەو سـنور ئەچـون ئـەمانیش رانەئەوەستان ، هەواڵمان زانی خەڵکێکی زۆر لەسەر شاخی مڵەخوردی پشت احمد ئـاوا لەسـەر سـنور کۆبونەتـەوە و ئێـران رێگایـان پـێ نـادات بـچنە نـاوەوە ، منـیش سەردانێکم کردن و تەماشا ئەکەم نزیکی ( ١٥ ) پانزە هەزار کەس لەو شاخە لەناو ئەوبەردانەدا و لەژێر نایلۆن و بەتانی چاوەڕێ ئێران ئەکەن سنوریان بـۆ بکاتـەوە ، خەڵکی ناسراو لێم کۆبونەوە و داوایان لێ کردم کـە کـارێ بکـەین بـۆ ئـەوەی رێگایـان پێ بدرێت و بچنە ناو ئێران و لەو سەرماو نارەحەتیە نـەجاتیان بێـت ، ئێرانیـەکان جـار جـار بـە ئوتومۆبیلێـك هەنـدێ نـان و خـواردن و بـە تەنکـەرێکیش ئاویـان بـۆ ئەهێنان و بە زەحمەت دابەش ئەکرا بەسـەریاندا ، جـارو بـار بـاران ئـەباری چونکە هێشتا سەرما مابوی و شوێنەکەش کوێستان بو ، زۆرم بەزەیی بە خەڵکەکەدا هاتەوە ، بەحسابی خۆم من پێشتر لەو دیوی ئەو سنورەوە نوێنـەری پـارتی بـووم و زۆربـەی لێپرسراوەکانیان ئەناسم ، بەو شێوەیە چومە پێـشەوە بـۆلای پاسـدارەکان ، دیـار بـو ئەوان قەدەغەیان کردبو کەسیان لێوە نزیـك بێتـەوە ، مـن بـە فارسـی قسەم کـرد و

ووتم من نمایندەم و چومە لایان ، لەئاکامی قسە کردن لەگەڵیان و هەواڵ پرسینی لێپرسراوانی ئەو سنورە وا دەرکەوت ئەمانە زۆر ناشارەزابوون و هی سوپایەکی تازە بوون و هاتبونە ئەو سنورە و ئاگایان لە هیچ شتێك نیە ، تەنها ئەوە ئەزانن کە ناهێڵن کەس نزیکیان بێتەوە یان بچێتە ناو ئێران ، لەو کاتەدا کە من لایان بووم و قسەم لەگەڵ ئەکردن ئوتۆمبیلێکی سوپایی هات و یەکێك لە کارمەندانی ئۆردوگای دزڵی لەگەڵ لێپرسراوێکی ئەو سوپا تازەیە پێکەوە هاتن بۆ بازگەکە و ئەو برادەرەی ئۆردوگا هاتە لام و ئەملاو ئەولای ماچ کردم ووتی چی ئەکەن و منیش لە حاڵ ئەو خەڵکە هەندێ قسەم بۆ کرد ، ئەویش منی بەو لێپرسراوەی سوپا ناساند ، ووتیان زۆر باشە ، ئێمە هەواڵی هاتنی ئەم خەڵکەمان داوەتە مەرکەز و چاوەڕێ وەڵامیانین ، منیش پێم ووتن ئێوە کارێکی بەپەلە ئەنجام بدەن و بەفریای ئەمانە بکەون و هەندێ چادرو خواردەمەنی یان بۆ بهێنن هەتا فەرمانتان بۆ ئەگەڕێتەوە ، ووتیان باشە ئێمە ئێستا ئەگەڕێینەوە بۆ مەریوان و لەگەڵ لێپسراوان قسە ئەکەین و ئاگادارتان دەکەینەوە و منیشیان بە لێپرسراوی پاسدارەکانی ئەو سنورە ناساند کە نمایندەم و ڕێگام پێ بدەن هاتو چۆیان بکەم ، من گەڕامەوە بۆلای خەڵکەکە و زۆربەیان لێم کۆبونەوەو پێم ڕاگەیاندن کە خەریکی کارێکین بۆیان ، لەو کاتەدا بەڕێزکاك محمد حاجی محمود لە حزبی سوشیالیست کە ئەو کاتە لێپرسراوی لقی سلێمانیان بۆ هات ناردبوی بۆلای پاسدارەکان کە دەیویست بڕوات بۆ ئێران ڕێگایان نەدابوو ، بەمنیان ووت کارەکە وایە و ڕێگانادەن بە کاکە حمە ، ئەو ووتی بەڕاستی من زۆر خۆشحاڵم کە تۆ لێرە ئەبینم و ئەزانم کار بۆ ئەو خەڵکە دەکەیت و بەخەڵکەکەی ووت هیچ بێ تاقەت مەبن و ئەوە من لەجیاتی هەموو برادەرانی بەرەی کوردستانی کاك علی نوێنەری هەمومان دەبێت لێرە لەگەڵ ئێوە ، هەتا کارەکانتان بۆجێ بەجێ دەکات، منیش چومە لای لێپرسراوی پاسدارەکان و کاکە حەمەم پێ ناساندن و ڕێگایان داو سەفەری کرد، ئەو شەوە هەواڵە کانی جیهانی باسیان لە بڕیارەکانی نێو دەوڵەتی و هێزەکانی هاوپەیمانی کرد کەهاوکاری گەلی

کوردستان بکەن لەڕووی مرۆڤایەتی و پارێزگاری لەهێڵی (٣٦) هەوائی دژ بە فڕۆکە و جمو جۆڵی سوپای عێراقی بکەن و چی تر هێرش نەکرێتە سەر کوردەکان و بڕیاری (٦٨٨) دەرچو. لەلایەکی ترەوە هێزەکانی لایەنە سیاسیەکان لەچەند شوێنێکی باشدا بەرنگاری سوپای هێرشی بەری عێراقی بوونەتەوە و شەڕ دەستی پێ کردوە بەتایبەتی لە شاخی ئەزمەری پشت سلێمانی و گوندی کۆڕێ لەنێوان شەقلاوە و مەصیف صەلاحەدین و چەند شوێنێکی تر لە بادینان ، هێزە هێرش بەرەکان لەو بەرنگار بونەوەیە دا کە دژیان کرابوو شکا بوون هێزی پێشمەرگە سەرکەو تنیان بەدەست هێنابوو ، بەتایبەتی لە گوندی کۆڕێ و شاخی ئەزمەڕ و دوژمن چی تر نەیتوانی بوو هێرش بەرێت. وەکو لەسەرەوە با سمان کرد لەولاشەوە پاڵە پەستۆی جیهانی لەسەر ڕژێمی عێراقی زۆر توند بوو ، ڕژێم لەترسی مانەوەی لە سەر دەستەڵاتی خۆی و خۆ دورخستنەوە لەلێدانی تری و ڕووخاندنی ، ناچار داوای گفتو گۆی کرد لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کورد ، ئەوەبوو سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ڕازی بوون بە پرۆسەی گفتو گۆ ، بۆئەم مەبەستە شەڕ ڕاگیرا و شاندێك لەسەر ئاستی باڵای کورد سەردانی بەغدایان کرد و گفتو گۆ دەستی پێ کرد و خەڵکی ئاوارەش وردە وردە گەڕانەوە ، پاش ئەوەی دڵنیا بوون لەسەر پارێزگاری کردنیان لەلایەن هاوپەیمانانەوە ، هەندێ دەگەڕێمەوە بۆڕوژە تاڵ و ناخۆشەکانی چەند ڕۆژەی سەرشاخی ملەخورد کە ئەو خەڵکە بەماڵ و منداڵەوە لەچاوەڕوانی ڕەزامەندی ئێران دا بوون بۆ چونە ناوەوە ، کەهەواڵەکانی جیهانی بەتایبەتی پاراستنی کورد لەکوردستانی عێراق ڕاگەیاندرا ، من خەڵکەکەم کۆکردەوە و زۆر قسەم بۆکردن و پێم ووتن وا کۆمەکی نێو دەوڵەتی و هاوکاری و پاراستنیان لە گەلی کورد دەستی پێ کردوە و داواتان لێ دەکەم بگەڕێنەوە بۆ ئەحمەد ئاوا و ئێوەش خۆتان ئاوارە مەکەن و بەم زوانە دەگەڕێنەوە جێگای خۆتان ، بەلام بێ سود بوو ، ئەوان داواکاریان چونە ناوەوە بوو بۆئێران ، لێپرسراوان لەئیدارە و سوپا هاتنە ئەوێ پاش ٥ تا ٦ ڕۆژ ئەنجا ڕازی بوون کەخەڵکەکە بچێتە ناو ئێران و گوێزرانەوە

بۆ ئۆردوگا ، ئێمەش گەڕاینەوە ناو شاری هەڵەبجە و لەوێ لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان لەڕێگای لیژنەی ناوچەی هەڵەبجەوە کەئەو کاتە بەڕێز کاك شێخ جعفەر شێخ عەلی لێ پرسراوی بوو وە داوای لەمن کرد کەنوێنەرایەتیان بکەم لەو لیژنە بەرەیە کە دروست بوو بۆ کارکردن و سەرپەرشتی ئەو خەڵکە کەماوە لەوێ و ئەوانەی دێنەوە بۆناو شار ، لێژنەکەمان دەست بەکار بوو ، چەندین لێژنەو دەستگای دروست کرد وەکو کاری ئیداری و دادگاو لێژنەیەك بۆ سەر ژمێری ئەو خێزانانەی لەوێ نیشتە جێ بوون داواشمان لەخەڵکی کرد کە کارێکی هەرەوەزی بکەن بۆ پاککردنەوەی هەندێ لە جادەکان کە پێویست بوون بۆ هاتوچوی ئۆتومۆبیلەکان چونکە هەر لە کاتی کیمیابارانەکەیەوە لە ساڵی ١٩٨٨ هەموی تێکچوبون ، رێکخراوەکانی خێرخوازی لە مانگی مایس /١٩٩١ دا هاتنە لامان کە بریتی بوون لە رێکخراویك بۆ هاوکاری هەندێ کەلوپەلی خۆراکی و ئەوی تر بۆ مەبەستی گواستنەوەی ئاوارەکان لەسەر سنورەکانەوە بۆ هەر کوێ بیانەوێت بڕۆن ، هەر چەندە زۆر شارەزایی مان لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵیان نەبوو ، بەلاَم بەراستی زۆر باش پێشوازیمان لێ کردن و کار ئاسانیمان بۆ کردن و ئاماری ئەوانەی لەو ناوچەیەدا بوون بۆمان ئامادە کردن ، چەند لێژنەیەکی دابەش کردنی خۆراکمان بۆ دروست کردن و زۆر بە سەرکەوتویی یەکەمین جار کەلوپەل دابەش کرا .

## بەشی شەشەم : ـ لە ١٩٩١/٥/١ بۆ ٢٠٠١/١٢/٥

ماوەی دیاری کراوی سەرەوە ماوەی خەبات و تێکۆشان بو لە کوردستانی ئازاد و لە ناو جەماوەری خۆماندا و لەسایەی ئازادی و دیموکراتیەتدا ، کارەکانی حزبی خۆمان جێ بەجێ ئەکرد و درێژەمان بە خەبات ئەدا ، هەر چەندە لەم ماوەیەدا رۆژانی تاڵ و ناخۆش و هەڵهاتن و ئاوارە بونی تێدا بو بەهۆی کارەساتە دڵتەزین و ناهەموارەکەی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی شەری ناوو خۆوە ، بەلاَم من بەڵێنم داوە کە بەهیچ جۆرێ ناچمە درێژەی بابەت و باسەکانی ئەم رەوشە نالەبارەوە ، تەنها ئاماژە

بە گۆرانکاریەکانی خۆم ئەدەم لەم لایە بۆ ئەو لایە و بەس ، چونکە ئەگەر باسیی لێوە بکرێ وەکو باسیی خۆت بکەیت وایە و باسەکان ئەوەندە تاڵ و ناخۆشن هیچ کاتی نامەوێت خەڵکی کورد و خوێنەرانی ئەم نوسراوەی خۆمی پێوە غەم خوار بکەم ، بۆیە داوای لێبوردن لەوانە ئەکەم کە حەزیان لەو بابەتەیە با لەشوێنێکی ترەوە بیخۆێننەوە ، ئەم بەشەش دابەش ئەکەم لەسەر چەند برگەیەکی تایبەتی بە روداوەکان .

١ ـ هەروەکو لە کۆتایی بەشی پێنجهەم دا باسم کردوە کە من وەکو نوینەری پارتی لە لیژنەی بەرەی کوردستانی لە هەڵەبجە کارم ئەکرد ، لیژنەکە سەرپەرشتی ئەو خەڵکەی ئەکرد کە لە هەڵەبجە و دەوروبەری بوون ، لەولاشەوە لیژنەکەی خۆمان کە سەرپەرشتی ئاوارەکانی ئێران بو ، وردە وردە بەرەو نەمان ئەرۆشت ، هەڤاڵی تیکوشەرو خۆشەویستمان کاکە نصرالدین عابد کرابوە کارگێری لیژنەی ناوچەی دەربەندیخان و بەهۆی رەوەکەوە لە شاری دەربەندیخانەوە بەرەو شاخی بەمۆ چوبون و لەوێ بارەگایان بە شێوەی کاتی دانابو ، پێش ئەوەی شەهید بێت رۆژێکیان لە ئەحمەد ئاوا چاومان بەیەك کەوتەوە و هەندی باسی کارەکانی خۆمان و ئاوارەکانمان کرد و ئەو بەراستی لەو کارەی لە ناوچەی دربندیخان رازی نەبوو ، ئەی ووت خۆزگە کاتی خۆی نەرۆشتمایە و پێکەوە کارمان بکردایە ، بیستبومان بەڵینی لێپرسراویەتی ناوچەی سەرچناریان پێ دابوو بۆیە پێم ووت کە کاری تازەی پاشە و پاش گەرانەوەت لە ناوچەی دەربەندیخان برۆ بۆ ناوچەکەی خۆت ، زۆر بەداخەوە بە گەرانەوەی بۆ بارەگای ناوچەی دەربەندیخان و بە هۆی تەقینەوەی مینێکەوە لەگەڵ هەڤاڵی خوالیخۆشبو کاکە سۆران اسماعیل کارگێری هەمان ناوچە شەهید بوون ، پاش شەهید بوونی ، من سەردانێکی سەرکردایەتیم کرد لە شەقلاوە ، لەوێ چاومان بە رێزدار کاك نێچیرەوان کەوت ، بەرێزیان ووتی ئەبێ من سەرەخۆشی لە تۆ بکەم بە بۆنەی شەهید بوونی کاکە نسرالدین چونکە ئێوە هەمیشە پێکەوە بوون ، منیش سوپاسم کرد لەگەڵ داخی گران بۆی ، کاك علی

شاوەیس گەرابووە بۆ ئێران ، من بەتەنها مابومەوە و پەیوەندیم لەگەڵ مەکتەبی سیاسی هەبوو ، ئاوارەکان ئەوانەی لەگەڵ خۆماندا دابەزیبون و باقی ئەوانی تر کەمابون وردە وردە دادەبەزین و پەیوەندیان بەلق و ناوچەکانی سنوری خۆیان ئەکردەوە ، داوایان ئەکرد کە بەرەسمی بگۆیزرێنەوە بۆ ئەو شوینانە ، لە رێگای مەکتەبی سیاسیەوە بە لیست هەمووئاوارەکانمان گواستنەوە ، هەریەکە بۆ سنوری خۆی کە زیاتر بۆ لقەکانی ٣ و ٤ بوون ، لقی ٤ پێشنیاریان کرد کە من بچمە ناوچەی چوارتا و بەهۆی کۆمەڵێك هەڤاڵی خۆم لەو ناوچەیە بە تایبەتی کە برای خۆشەویستم کاك شێخ جعفەر شێخ موستەفا لێپرسراوی ناوچەکە بوو ، رازی بوم بەو پێشنیارە و لە ١٩٩١/٦/٢ پەیوەندیم بەو ناوچەیەوە کرد و لە ناو شاری چوارتا بارەگامان دانا ، ئەو ماوەیەی کە تا مانگی١٩٩٢/٩ لەو ناوچەیە بووم زۆر دڵخۆش و ئاسودە بووم چونکە لەگەڵ کۆمەڵێك کادری دڵسۆز و پێشمەرگەی شاخ و بەوەفا و وەکو برا و کەس خۆی بە لێپرسراوی ئەوی تر نەئەزانی کارمان ئەکرد کە هەڤالان ( کاك شێخ جعفەر شێخ مستەفا و شەهید کاك کمال صابر و خاڵە نەجم و کاك مولازم احمد و کاك عبدول تالیب و کاك شیخ نجم الدین شیخ موستەفا و کاك محمد شێخ علی و بەندە ) بووین ،



(ساڵی ١٩٩١ / هەڤاڵانی لێژنەی ناوچەی چوارتا- سلێمانی)

و کۆمەڵێك کەسایەتی و هەڤاڵانی پارتی بەوەفا و دڵسۆز و رێکوپێك تر هاتنە ناو ناوچەکە و تێکەڵ بە ئێمە بوون کە هەمیشە وا هەستمان ئەکرد کە هەموو ساڵانی شۆرش پێکەوە بووین و بە هەمان هەست و دڵسۆزیەوە کارەکانمان جێ بەجێ ئەکردن ئەوانەش بەرێزان ( کاك شێخ محمودی حەفید و کاك سلێمان ئاغا و کاك مولازم نیاز و کاك علی سعید بێتەل و مامۆستا ئالان ) و چەند کەسایەتیەکی تری دڵسۆز کە ناکرێت ناوی هەمویان بنوسین و داوای لێبوردنیان لێ ئەکەم ، کارەکانمان بەباشی بەرێوە ئەچو ، خەڵکی ناوچەکە ئەوەی گەرابوونەوە بۆ شارۆچکەی چوارتا و ناحیەکانی ماوەت و سیوەیل و بەرزنجە و گوندەکان زۆر کەم بوون ، رژێمی فاشی عێراق پێشتر هەموو ناوچەکەی بە شارو گوندەکانیشەوە راگوێز کردبوون بۆ ئۆردوگا زۆرەملیەکان ، زۆربەی خەڵکەکەی پێش راپەرین گەرابونەوە بۆ ناوشاری سلێمانی ، ئێمەش پێویستیمان بە خەڵکەکە هەبوو . لەبەر ئەوەی جەماوەری کوردستان ساڵانێکی زۆر بوو بەتایبەتی پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ لە شۆرش و پارتی

دابرابوون و پێویست بوو كە ئێمە جارێكی تر بچینەوە ناویان و لە بەرنامە و كارو و پرۆگرامی پارتی ئاشنایان بكەینەوە و دەست بە رێكخستنەوەیان بكەینەوە ، هانیان بدەین كە پێویستە بگەڕێنەوە سەر زەوی و ئاو و باغ و بێستانەكانیان لە گوندەكانی خۆیان ، بۆئەم مەبەستە ناچار بارەگای ناوچەمان گواستەوە بۆ ناوشاری سلێمانی لە ئاكامی راپەرینی دووهەمی شاری سلێمانی دژ بە دامودەزگا سەركوت كەرەكان و سەربازگەی ساردئاو لە دەرەوەی شار ، بەرێككەوت ئێمەش وەكو چەند هەڤاڵێكی ناوچە لەو كاتەدا لە بارەگای بەرەی كوردستانی دا بووین هێزێكی سەر بازی لەباخی بە ختیاری یەوە هێرشی بە دەبابەوە هێنا بۆ ناو شار، بارەگای بەرەی كوردستانیش لە بینایەی سەندیكای ئەندازیارانـدا بو لەسەر جادەی گشتی ، چار ناچار بوو دەبوایە بەرەنگاری ببینەوە ، هەرچەندە لەو كاتەدا وەفدی بەرەی كوردستانی بەسەرۆكایەتی بەڕێز كاك مەسعود بارزانی لەبەغدا بوون و داوایان دەكرد كە لە هیچ شوێنێك شەڕ نەكرێت ، بەلاّم ئەم شەڕە بەناچاری بوو چونكە ئەو هێرشی دەهێنا ، ئەم ڕاپەڕینە لەمانگی ١٩٩١\٧ دا بوو ، لە ئاكامی ئەو ڕوبەڕو بونەوەیە دا كە پێشمەرگەو جەماوەری شاری سلێمانی بەشداریان كرد هێزی دوژمن شكاو دەبابەیەكیان بە سوتاوی بەجێ هێلاّ و ئێمەش كەوتینە كۆكردنەوەی چەند سەربازیك و تەسلیم بەبەرەی كوردستانیمان كرد ، ئەو كاتە كاك شۆڕش ئیسماعیل لە برایانی یەكێتی نیشتمانی لێپرسراوی لێژنەی بەرە بوو ، پاش تەواو بونی شەڕ كاك كەمال حەسەن چاو مار ئەندامی كار گێڕی لقی ٤ بوو بەپەلە هاتە بارەگای بەرەو ئێمەش چاومان پێ كەوت و پاشان كاك قادر قادریش لێپرسراوی لق هات و لەوێوە پێكەوە لەگەڵ ئەوان چوین بۆ لای بارەگای سەربازگەی باغی بەختیاری و لەوێشەوە بۆ سەربازگەی تاسلۆجە ، لێپرسراوانی رژێم كە پێك هاتبون لە پارێزگارو و لێپرسراوی بەعسیەكانی سلێمانی و لێپرسراوی ئەمن لەوێ بوون ، ئێمە وامان زانی كە ئەمانە ویستبویان بێنەوە ناو شار و جارێكی تر دەست بەسەر شارەكەدا بگرنەوە ، لەولاشەوە سەربازگەی ساردئاو لەلایەن جەماوەرەوە گیرابو ،

سەربازەکانیان ناردبوەوە بۆ لای ئەوانی تر ، ئەم کارە وای کرد لێپرسراوانی رژێم داوایان کرد رێگایان پێ بدرێت لە شار هەرچی ئەمن و کەسانی سەر بە حزبی بەعس هەیە لەگەڵ سەربازەکانیان بکشێنەوە و دائرەکان بمێنن ، ئەم کارە ئەنجام درا و سەربازو ئەمن و و دەستەو دائیرەی بەعس لە سلێمانی و قەزاکان نەمان و بەرەو کەرکوك گەرانەوە و سەربازگەیەکیان لە پشت چەمچەماڵ لە بەرزایەکانی بانی مەقان دانا ، ئێمەش ئەمەمان بە فرسەت زانی وەکو ناوچە بریارمان دا کە بارەگای خۆمان لەناو بینایەیی سەرای کۆنی سلێمانی لە سەنتەری شار دابنێن ، بینایەکە لەکاتی راپەرینی یەکەم سوتا بو هەندێکمان پاك کردەوە ، شوێنەکە گرنگی خۆی هەبو و جەماوەری ناوچەکە لێمان کۆبوبونەوە ، ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە زۆر رێزمان لە خەڵکەکە ئە گرت ، دەستمان کرد بە دروست کردنەوەی رێکخراوەکان و رێکخراوە جەماوەری و پیشەیەکان وەکو قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و ئەوانی تر ، بەم هۆیەوە قەرەباڵغیەکی زۆر زۆر مان هەبو ، چەند ئێمە حەزمان ئەکرد خەڵکمان لێ کۆبێتەوە ئەوەندەش جەماوەر بە جۆش و خرۆشەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆی ئەزانی کە بێتە بارەگاکەمان ، جگە لە رێکخستنەکان هێزی پێشمەرگەشمان هەبو ، هەندێ جار بەهوی کرداری نەفامانەوە توشی هەندی ئاڵوزی دەبوین بەلاّم هیچ کاتێ رێگامان نە ئەدا ئەو ئاڵوزیانە گەورەببێت و لەگەڵ برایانی مەڵبەندی یەکیەتی چارە سەرمان ئەکرد ، جگە لە کارەکانی ناوشار ئێمە وازمان لە گوندەکان نەهێنابو ، بارەگای رێکخراوەکانمان لە سیوەیل و ماوەت و بەرزنجە کردبوەوە و بۆخۆشمان سەردانمان ئەکردن ،



(ساڵی ١٩٩٢/کۆبونەوەی جەماوەری ناوچەی چوارتا لەسەرسیر)

ئەو کاتە باری ئیداری تێکچوبو ، کارەبا کەم بو ، بەنزین و نەوت و غاز کەم بو زۆر گرانی بوو ، چوینە گوندێك لەسەر رێگای سیوەیل تەماشا ئەکەین لە چەمێکدا و لە شوێنێکی ئاشی ئاوی کۆندا چەند کەسێك خەریکی دروست کردنەوەی ئاشێکی ئاون، ئەم کارە زۆر خۆشحاڵی کردین کە خەڵکی وا خەریکی ئاوەدان کردنەوەی گوندەکانیانن ، ئەم هەواڵەمان گەیاندە سەرکردایەتی و ئەوان بەخۆشحاڵیەوە هەواڵەکەیان وەکو موژدە بۆ جەماوەری کوردستان و هاندانیان بلاّو کردەوە ، بەبروسکەش سوپاسی ئێمەیان کرد لەڕاگەیاندنی هەواڵکە و داوایان لی کردین جەماوەر هان بدەین بۆ ئەوەی گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە ، لەلایەکی ترەوە من پێش ئەوەی پەیوەندی بە ناوچەی چوارتاوە بکەم ئاگاداری ماڵ و منداڵم کردبو کە لە ئۆردوگای دزلی بوون کە من ناتوانم جارێکی تر بگەرێمەوە بۆ لایان و هەرچۆنیان کردوە بگەرێنەوە بۆ عیراق بۆ شاری هەڵەبجەی شەهید ، ئەوانیش

لەلایەن خۆیانەوە هەوڵی گەرانەوەیان دابو لە کوتایی مانگی ٦ بە ماڵ و مناڵەوە لە ڕێگای پێنجوێنەوە گەرانەوە بۆ هەڵەبجەی شەهید و لە حەوشەی خانوە روخاوەکەی شەمسەی خوشکم پێکەوە کەپرێکمان بۆ دروست کردن و پاش ڕاپەرینی دووهەمی شاری سلێمانی لە مانگی ٧ ماڵەکەمان گواستەوە بۆ سلێمانی بۆ خانوی خۆمان کە پێشتر لە ساڵی ١٩٨١ دروستمان کردبوو لە سەرچنار و پاش بەجێ هێلانی و پەیوەندیمان بە شۆرشەوە لە ساڵی ١٩٨٧ وە لەلایەن پیاوانی رژێمەوە داگیرکرابوو لەگەڵ حجز کردنی بە رەسمی ، خانوەکە زۆر تێکچوبو ، هەر وا لەناویاماینەوە .

٢ ـ سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لەسەر داواکاری سەرۆك بارزانی بریاری هەڵبژاردنێکی ئازادی لە کوردستان دا ، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێك هێنانی حکومەتی هەرێم بە مەبەستی پر کردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیدارییەی لە کوردستان هەبو کە بەهۆی کشانەوەی دامو دەزگاکانی رژێمەوە دروست بوبوو ، جگە لەمەش ململانێی لایەنەسیاسیەکان و نەتوانینی بەرێوەبردنی کارەکانی ئیداری لەلایەن لیژنەکانی بەرەی کوردستانیەوە و نەبونی میزانیەکی ئەوتۆی وا کە کارەکانی پێ جێ بەجێ بکرێت و رێگرتن لە کاری هەرکەس بۆ خۆی ، بریارەکە راگەیەندرا ، لێژنەکانی بالاو پارێزگاکان دامەزران بۆ سەرپەرشتی هەلبژاردن ، هەموولایەك سەرقاڵی ئەم کارە بوون ، ئەم بریارە جێگایی خۆشحاڵی وولاتانی خێرخواز و دۆستی کورد بوو ، نارەزایی و بێزاریشیی بۆ هەندێ وولاتی دەوروبەرمان دروست کردبوو ، هەوڵێکی زۆریان دا هەڵبژاردنەکە سەرکەوتوو نەبێت ، ئەم پرۆسەیە بە نسبەت گەلی کوردەوە نامۆ بو ، چونکە پرۆسەی بەو شێوە ئازادی و دیموکراسیە تا ئێستا لە کوردستان نە بینرابو ، رژێمی دیکتاتۆری عێراق پێشتر بە پێ ی پرۆسەیەکی تایبەتی خۆی ، چەند هەڵبژاردنێکی بۆ ئەنجومەنە تەشریعیە کارتۆنیەکەی کردبوو کە هەر کەسێ ویستبێتی دیاری بکات بەناو نوێنەری ناوچەکان ، ئەوا هەڵدەبژێردرا ، ئەوان لەناو یەك پارتدا هەڵبژاردنیان ئەکرد ، بەلاّم هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ ململانێ بو لە نێوان چەندین پارت و بیرو رایی جیاواز

. یاسای هەڵبژاردن یاسایەکی دیموکراسیانە بو کە لە لایەن سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی بریاری لەسەر درابو ، ئەگەر کەمو کوریەکیشی هەبوبێت ئەوە ئەگەرایەوە بۆ کەمی ئەزمونی دیموکراسی و ئازادی و ئەمەش لە سەرەتایی دا بو ، لەگەڵ ئەمەش بە هەنگاوێکی زۆر گرنگ حسابی بۆ کرا ، جگە لە لیژنەکانی بەرەیی تایبەت بە سەرپەرشتی کردن ، هەر لایەنەو بۆخۆی لیژنەی تایبەتی دروست کردبو ، ئێمەش وەکو لیژنەی ناوچە لیژنەیەکمان دروست کرد و دەستمان بە کار کرد ، سەردانی گشت گوندەکانمان کرد و لە بارەگای ناوچەش لە سلێمانی چەندین کۆرو کۆبەنەوەمان لە سەر ئەم بابەتە کرد و بە تەواوەتی رێکخستنەکان و جەماوەرمان فێری ئەوە کردن کە هەڵبژاردن بۆ چی یە و ئاکامی چۆنە و چی ئەکات و چۆن خەڵکی بەشداری ئەکات و چۆن فۆرمەکان پرئەکرێتەوە و رەنگەکانمان پی ناساندن ، لەگەڵ ئەمەش ژیاننامەیەك لە خەبات و تێکۆشانی پارتی لە سەرەتای دروست بونی هەتا ئەو کاتە بۆ باس ئەکردن و پێمان ئەوتن کە بۆخۆیان ئازادن دەنگ بۆ کێ بدەن و ئاگادار بن و فریوی دوژمنان نەخۆن و بەشداری تەواو لە هەڵبژاردنەکەدا بکەن ، ئێمە لە گەرانەکەماندا سودمان وەرگرت بەهۆی راستگۆیمان، جەماوەر زۆر بەباشی لیمان کۆئەبونەوە ، دووبابەت لەوسەفەرەدا دڵخۆشی کردین.

یەکەمیان : پاش تەواو بونی کاری ئێمە لە گوندەکان چەند کەسێکی تر لە لایەنەکانی تر چوبونە ئەوێ و کۆبونەوەیان لەگەڵدا کردبوون ، خەڵکێکی کەمتر لەوان کۆبوبونەوە ، چونکە ئەوانیش بۆ هەمان بابەت چوبوون ، قسەکانی ئەوان وەکو ئێمە نەبوبو ، باسەکانیان تەنها لەسەر خەبات و تێکۆشانی خۆیان بوبو ، داواشیان لی کردبون ئەبێ دەنگ بە وان بدرێت ، خەڵکەکە پاشان پێ یان ووتبون بابە ئێوە هاتوون و ئەتانەوێت بە زۆر دەنگ بە ئێوە بدەین ، ئێوە هیچتان بۆ ئێمە روون نەکردەوە ، ئایا هەڵبژاردن بۆچی یە و بۆچی دەنگتان پێ بدەین ، دوێنی لێژنەیەکی تر هاتوون وەکو بەرەی کوردستانی قسەیان بۆ کردوین و لە هەمو

قسەکان تێ گەیشتوین و ئەزانین هەڵبژاردن بۆچی یە و ئیمەش دەنگی خۆمان ئازادە بە هەر لایەکی ئەدەین ، بۆیە قسەکانی ئیوە بەم شێوەیە باش نی یە .

دووهەمیان : ڕۆژێکیان جەماوەری شارۆچکەی ماوەت لەلایەن ڕێکخراوی ماوەتەوە ئاگادار کرابوونەوە کە لێژنەکەی ئێمە دەچێتە لایان بۆ کۆبونەوە لەگەڵیان و ئامادە باشی چاك کرابوو بۆ ئەو مەبەستە ، ئێمە چوینە ماوەت و جەماوەر کۆبوبونەوە ، پێش دەست پێ کردنی کۆبونەوەکە لە پڕ برایانی سۆشیالست هاتن و بەمن یان ووت ئێستا کاك دکتۆر محمود عوسمان دێت بۆ ئەم کۆبونەوەیە و دەیەوێت قسە بۆ خەڵکی بکات ، منیش پێم ووتن ئێمە دووڕۆژە خەریکی ئامادە کردنی ئەم کۆبونەوەین ، چۆن دەبێ کۆڕەکە بکەینە کۆڕی حزبی سۆشیالست ، پێم ووتن بگەڕێنەوە لای برادەران و بەجەنابی کاك دکتۆر محمود بڵێ کە کارەکە وایە ، ئەوان گەڕانەوە و برادەرێکی لێ پرسراویان هات و ووتی کاك دکتۆر سلاّوی هەیە بۆتان و دە لێ ئێمەو ئەوان پێکەوە کۆرەکە دەگرین و ئێمەش ڕازی بوین و جەنابی کاك دکتۆر و کۆمەڵێك لە لێپرسراوانی حزبی سۆشیالیست کە کاکە حمەی حاجی محمودیش یان لەگەڵ بوو هاتن و ئێمە پێکەوە بۆ کوڕەکە دانیشتین ، جەماوەرەکەمان تێ گەیاند کە بەو شێوەیەی لی هاتووە و هیچ جیاوازیەك نیە و من کاك دکتۆرم بە جەماوەر ناساند ، کاك د . محمود کەوتە قسەکردن و باسی ژیانی دروست بونی پارتی و سەرکردایەتی بارزانی لەو ناوچەیە بەتایبەتی لە شارۆچکەی ماوەت کە بارەگای مەکتەبی سیاسی تێدا بوە و پاشان بارەگای لقی ٤ ، لە سەرەتای شۆرش ئەیلول هەتا ساڵی ١٩٧٥ و چەندین یادەوەری خۆیان و بارزانی باس کرد . وەکو ئەڵین هیچی بۆ من نەهێلاّیەوە قسەی لەسەر بکەم ، منیش پاشان سوپاسی کاك دوکتۆرم کرد و هەندی باسم لەسەر چۆنیەتی بەرێوە چونی هەڵبژاردنەکە کرد.

شەوێکیان لیژنەکەمان لە گوندی ( کونەماس ) بووین کاك مولازم نیاز لە سلیمانیەوە هاتە لامان و ئیمە سەر قالی کۆبونەوە بووین لەگەڵ خەڵکی گوندەکە ، پاش کۆبونەوەکە کاك نیاز بە منی ووت دەفتەرنفوس و جنسیەی عیراقی و دوو رەسمی خۆت و چەند دێرێك لەسەر ژیاننامە و ناوی سیانیم بۆ بنوسە با بیبەم بۆ لقی٤ ، وابەنیازن تۆ بپاڵیون بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان . منیش بەم هەواڵە زۆر

خۆشحاڵ بووم کە حزب بەو شێوەیە بەسەری کردومەتەوە و تا ئیستاش هەر ئەڵێم کە من هیچ ئاگام لی نەبوو و داواشم نەکردبو ، و کەسیشم رانەسپاردبو کە داوام بۆ بکات و هەمیشە بە ئەرکێکی حزبیم زانیوە ، ئەوەبو پاڵیوراویەکە پەسەند بوو ناوم لە لیستی ئەو سەد پاڵیوراوەی پارتی دەرچوو ،

**قائمه أسماء مرشحي الحزب الديمقراطي الكردستاني للمجلس الوطني لكردستان العراق**

لیستەی ناوی پالیوراوانی پارتی دیموکراتی کوردستان بو ئەنجومەنی نیشتمانی لە کوردستانی عیراق

| ت الأسم الثلاثي | المهنه | تاريخ و محل الولاده | الأنتماء الحزبي |
|---|---|---|---|
| ١. ابراهيم سعيد محمد | مهندس | ١٩٤٥ دهوك | مستقل |
| ٢. ابراهيم عبدالقادر دوغرمچي | محامي | ١٩٤٦ اربيل | مستقل |
| ٣. ادريس هادي صالح | محاضر جامعي | ١٩٥٢ اربيل | مستقل |
| ٤. ازاد عبدالقادر قەرەداغي | فلاح | ١٩٤٧ سليمانيه | پارتي/ عضو ل.م |
| ٥. ازاد فتاح رشيد ميران | عسكري متقاعد | ١٩٤٤ اربيل | مستقل |
| ٦. احمد سالار عبدالواحد | فنان | ١٩٤٧ سليمانيه | مستقل |
| ٧. احمد علي عمر | محامي | ١٩٥٧ دهوك | مستقل |
| ٨. اكبر حيدر موسى | عامل | ١٩٤١ خانقين | پارتي |
| ٩. اكرم احمد اومر منتك | محامي | ١٩٥١ اربيل | پارتي |
| ١٠. اكرم عزت نجيب | محامي | ١٩٣٠ سليمانيه | مستقل |
| ١١. اكرم محمد عمر | طبيب | ١٩٥٢ دهوك | مستقل |
| ١٢. انور شكور محمد | معلم | ١٩٥٧ كركوك | پارتي |
| ١٣. بابا رسول نوري برزنجي | فلاح | ١٩٣٣ سليمانيه | مستقل |
| ١٤. بارزان خالد عزيز | مذيع | ١٩٤٥ اربيل | پارتي |
| ١٥. بختيار حيدر عثمان | محامي | ١٩٤٥ اربيل | پارتي |
| ١٦. برهان علي محمد رشيد | محامي | ١٩٥٤ كركوك | مستقل |
| ١٧. د. ناڤگە حسن النقشبندي | طبيبه | ١٩٥٩ كركوك | مستقله |
| ١٨. د. جرجيس حسن عبدالله | دكتوراه تاريخ | ١٩٤٥ الموصل | پارتي/ عضوم.س |
| ١٩. جعفر شيخ علي عبدالعزيز | مهندس زراعي | ١٩٤٩ سليمانيه | مستقل |
| ٢٠. جلال سليم خوشناو | مهندس | ١٩٤٩ اربيل | مستقل |
| ٢١. جميل عبدي جميل السندي | اقتصادي | ١٩٥٢ دهوك | مستقل |
| ٢٢. جوهر احمد شاواز | محامي | ١٩٥٦ كركوك | مستقل |
| ٢٣. جوهر نامق سالم | اقتصادي | ١٩٤٦ كركوك | پارتي/ عضو م.س |
| ٢٤. نادر محمد قادر | عامل | ١٩٥٢ سليمانيه | پارتي |
| ٢٥. حسن حسين بفري | طبيب | ١٩٥٢ سليمانيه | مستقل |
| ٢٦. حسن صالح اغا روستم خان | عسكري متقاعد | ١٩٥٦ كركوك | مستقل |
| ٢٧. حسين علي احمدفهمي | محامي | ١٩٦٢ سليمانيه | مستقل |
| ٢٨. حمه نجم حمه فرج الجاف | طبيب | ١٩٤٦ اربيل | مستقل |
| ٢٩. حليمه حسين محمد بارزاني | محاميه | ١٩٥٨ اربيل | مستقله |
| ٣٠. حمه علي توفيق ميرزا فتاح | پيشمەرگە | ١٩٤٣ سليمانيه | پارتي |
| ٣١. حميد سليم ميران | مهندس | ١٩٣٩ سليمانيه | مستقل |
| ٣٢. خيري سعيد علي بگ يزيدي | زعيم روحي يزيدي | ١٩٣٩ الموصل | مستقل |
| ٣٣. رجب شعبان طيب | معلم | ١٩٤٦ الموصل | پارتي |

(لیستی ناوی پاڵێوراوانی پارتی بۆ پەرلەمان)

لیژنـەی بـالأی هەڵبژاردنـەکانی پـارتی و لیژنـەی پارێزگـای سـلیمانی پاڵیوراوەکـانی سنوری سلیمانیان کۆکردینەوە و بەریزان کاك هوشیار زیباری و کاك د. رۆژ و چەند لیپرسـراوێکی تـری سـەرکردایەتی ئامـادە بـوون ، باسـی چـۆنیەتی پاڵیوراویمـان و یەکەمین کۆبونەوەی پەرلەمان و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ماوەی دیاری کراوی راگەیانـدنی پروپاگانـدەی هەڵبـژاردن کـرا ، رێگـا بەئیمـەش درا هـەر کاممـان ووتەیەکمان هـەبیت ، هـەر زوو مـن داوام کـرد کـە پێـشنیارێکم هەیـە و ووتم مـادام پۆسـتەکان لەسـەر بنـەمای لیـستی لایەنەکانـە و نـاوی پـاڵیوراوان رائەگـەینرێت بـۆ جـەماوەر ، مـن پـێم باشـە ئیمـەی پـاڵیوراو بـچینە نـاو جـەماوەر و خۆمانیـان پـی بناسێنین ، ئەویش لەریگای کۆرو کۆبونەوەی جەماوەری ، وەیان سەردانی کەسایەتی و خەڵکانی ناسراو بکریت ، چونکە ئەمەش هەنگاوێکـە بـۆ بەدەسـت هینـانی دەنگـی زیاتر بەهوی کەسایەتی پاڵیوراوەکە ، پێشنیارەکەم بەگورجی پەسەند کـرا و لەسـەر رازی بونی پاڵیوراوان دابەش بـوین بەسـەر چـەند لیژنەیەکدا و منـیش لـە لیژنـەی کۆرو کۆبونـەوەکانی جـەماوەری لـە گـشت شـارو وشارۆچکە و ئۆردوگازۆرەملیـەکانی سنوری سلیمانی دیاری کرام کە هەردوو بەریزان کاك شیخ جعفـر شـیخ علـی و کـاك عابد سان احمد پێکەوە بوین ، ئیمەش بریارمان دا دە ست بەکارەکان مان بکـەین و ئـەو بابەتانـەمان دیـاری کـرد کـە قـسەی لەسـەر بکـەین بـۆ جـەماوەر و وەڵامـی پرسیارەکانیان بدرێتـەوە ، بابەتەکان باسێکی تێرو تەسەل لەسەر هەڵبژاردن و ئاکام و سودەکانی و پاشان ژیـانی خـەبات و تێکۆشـانی پـارتی بـۆ دابـین کردنـی مافـەکانی گەلەکـــەمان و بەتایبـــەتی بـــەدی هێنـــانی مـــافی ئۆتونـــومی لـــە چوارچـــێوەی رێکەوتننامـەی ١١/ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ ، ئـەو دروشـمـە تـا ئـەو کاتـەش لای پـارتی هـەر مابوو ، خەڵکی تر گاڵتەیان پێ ئەکرد و داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان یان ئـەکرد ، لە شارۆچکەی هەڵەبجەی تازەوە دەسـتمان بـە کارەکـە کـردو یەکـەمین کۆبونـەوەی جەماوەری مان دەست پێکرد و جەماوەرێکی زۆرمان لاکۆ بوبوەوە و سەرکەوتن مـان بە دەست هێنا ، پـاش ئـەوی لیژنەکـە ماینـەوە تـەنها مـن و کـاك عابـد سـان احمـد ،

شۆینەکانی تر لە هەڵەبجەی شەهید و خورماڵ و سیدسادق و شانەدەری و پێنجوین و چەندین شوینی تر کۆبونەوەکان مان بەجێ گەیاند ، لە گشت شوینەکان رووبەرووی پرسیاری هەمە جۆرە ئەبوینەوە کە هەندێکیان رەخنە ئامێز بوون جگە لەوەی تۆمەتبار ئەکراین بەوەی کە ئەمانەوێت ئەمن و سیخورەکانی رژێم بگەرێنینەوە بۆ کوردستان و ئۆتونۆمی باوی نەماوە و ئەبی فرێ بدرێتە زبڵدانی مێژووە ، توشی چەندین روو بە روو بونەوەی لیپرسراوانی لایەنەکانی تر ئەبوینەوە ، من لەسەر خۆ و بە هێمنی قسەکانی خۆمم ئەکرد بەبێ ئەوەی رەخنە یان تۆمەت کارم تێ بکات وە یان لەسەر خۆمیان حساب بکەم و بە پێچەوانەوە من هێچ رەخنەو تۆمەتم بۆ کەس نەبو و مێژویەکی پاکو خاوێنی پر لە خەبات و تێکوشانی گەلەکەمان بە رابەرایەتی پارتی و بارزانی بۆ باس ئەکردن و هەموو خەلکەکەم ئەکردە هاو خەبات و شەریکی ئەو تێکۆشانە و بە یادم ئەهێنانەوە کە هەموویان زیان لی کەوتوی شۆرشی ئەیلول بوون ، ئەمەش یەکێکە لە بەرهەمی ئەو خەباتە ، بەم شێوەیە کۆتایم بە رەخنەکان و تۆمەتەکان ئەهینا و خەڵکی ووتەکانی ئیمەیان زۆر لا پەسەند بوو و داواشم لی ئەکردن کە پێویستە ئەم کارە بە هێمنی و عاقلآنە بەڕیوە بچی بۆ ئەوەی ئاکامی باشی هەبێت و بتوانین پرۆسەکە سەر بخەین و ببینە خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ، تەنها ئەمەش بۆ ئیمە گرنگە ، پاشان بریاری خۆمان ئەدەین لەسەر چۆنیەتی کارکردن و شێوەی بەرێوەبردنی دەسەلآت ، با خۆمان فێری دیموکراسیەت بکەین ، ئەوکاتە ئەتوانین ئارەزوەکانی خۆمان بە دەست بهێنین و پێویستە خۆمان دور بگرین لە تۆمەتبارکردنی یەکتر و پرۆپاگاندەش هەر کەس بۆ خۆی کارێکی رەوایە و ئەتوانی لەم رێگایەوە رای خەڵکی بۆ خۆی موسەوگەر بکات ، ئەمانەو چەندین تێ بی نی و ئامۆژگاری و رونکردنەوەی تر مان هەبو بۆیان ، پاشان هەڵویستی خەڵکیمان ئەبیستەوە ، زۆر رازی بوون لە کۆبونەوەکانی ئیمە و باش لە بابەتەکان گەیشتون ،

لەگەڵ ئەمەش لەناو شاری سلیمانی سەردانی چەندین گەرەكمان كرد كە بنكەی راگەیاندنیان تیا بوو لەوێش كۆبونەوەمان لەگەڵ خەڵكەكە ئەنجام ئەدا ،




(ساڵی ١٩٩٢ لە یادی بارزانی نەمر- ئەوانەی دیارن-خۆم -شەهید محمود عبدالله پشدەری-
شیخ جعفر شیخ مستەفا- شەهید كمال عزیز- مامۆستا ئالان- ئەسوەد محمد)

رۆژی هەڵبـژاردن هـات و دەنگـدان كۆتـای هـات ، دەنگـی نـارەزایی لەسـەر چـەندین زیادەرەوی لەسەر بنكەكانی دەنگدان بەرز بووەوە ، هەندی توندو تیژی سـەری هەڵدا ، بەلآم شوكر بۆ یەزدان توندو و تیژیەكان گەورە نەبوون ، پاشان لەسەر راگەیاندنی ئاكامی هەڵبژاردن ناكۆكی دروست بو ، چـەند رۆژێـك دواكـەوت ، زۆری نـەمابو ئـەو ناكۆكیە بێتـەخوارەوە و شـەر دروسـت بێـت ، هـەموو لایـەك خـەریكی كۆكردنـەوەی هێــز بــوون ، هەســت بــە لیپرســراویەتی مێــژویی و وەلاوەنــانی بەرژەوەندیــە تایبەتیــەكان ، ســەركردایەتی كوردســتان پــاش رازی بــونی پــارتی ، پۆســتەكانی دامەزراندنی پەرلەمانی بە ( ٥٠ بە ٥٠ ) لە نێوان پارتی و یەكیەتی  بە شەرتی كۆی

دەنگـەکان وەکـو خـۆی کـە پـارتی ( ٥١./. ) و یەکیـەتی ( ٤٩ ./. ) ی هینـاوە رابگەینرێت ، بـەم شـێوەیە بـارە ئاڵوزەکـە گۆردرا بـە خۆشـی و شـادی و پەرلـەمانی کوردستان لە ٦/٤ /١٩٩٢ دەست بەکار بوو ، پەرلەمانێش لە مانگی ٩٩٢/٧ دا یەکەمین کابینەی حکومەتی هەریمی کوردستانی پێك هینا ، لـە ١٩٩٢/١٠/٤ جـاری فیدرالێـەتی دا .

سەرکردایەتی پارتی لە کۆبونەوەیەکی لەگەڵ ( ١٠٠ ) پالێوراوەکـەی خـۆی کـۆ بـوەوە بۆ دیاری کردنی ئەو ( ٥٠ ) ئەندامەی رێکەوتنی لەسەر کراوە بۆ دەست بەکار بـوون لە پەرلەماندا ، پاش ووتو وێـژێکی زۆر لەسـەر ئـەم بابەتـە ، مـن وام هەسـت ئـەکرد لەو کاتەدا گرنگ نەبو هەرکەس بێ بچێتە پەرلەمان و زیـاتر پێویـستی بـە کەسـانی شـارەزای یاسـا بـوو ، بۆیـە مـن داوام کـرد کـە سـەرکردایەتی بۆخـۆی ئـازاد بێـت لـە دیاری کردنی ئەندامەکان ،

٣ ـ پاش دامەزراندنی پەرلەمان ، هەندی ئاڵوگۆر لە نێوان کادیرەکانی سـنوری لقـی٤ دا کـرا ، منـیش یـەکێك بـوم لەوانـە ، پێـشنیارم بـۆ کـرا بـوو بکرێمـە لیپرسـراوی ناوچەی هەڵەبجە ، بۆ وەرگرتنـی رەزامەنـدی مەکتـەبی سیاسـی لەسـەر ئاڵوگۆرەکـان پێشنیارەکان چوبونە بەر دەستیان ، لەوێ شۆێنەکەی منیـان گۆریبـو لـە هەڵەبجەوە بۆ رانیە ، ئاگادار کرامەوە لەو گۆرانکاریە و منیش بەبێ هیچ قسەیەك فەرمانەکـەم جێ بەجێ کرد و لەگەڵ کاك عـرب محمـد امـین وەکـو کارگێرناوچـە پێکـەوە چـوینە ناوچەی رانیە بەبی هیچ مەراسیمێك ، کەس نەی زانی هەتا خۆمان کرد بەناوچـەدا ، فەرمانەکەم دایـە دەسـت کـاك مـەلا عمـر لێپرسـراوی ناوچـە ، ناوچـەم وەرگـرت و بەهۆی ناسراویم لەگەڵ بەرێز کاك ئەسوەد فقی اسماعیل کە کاتی خۆی لیپرسـراوی ناوچـەی هەڵەبجـە بـو لـە شـۆرش ئـەیلول و لـە خـواروی عـیراق یـش پێکـەوە لـە دورخراوەکان بوین و هەروەها بەهۆی کاری فەرمانبەریم لە شارەوانیەکانی سلیمانی و هاتوچۆی قەزاو ناحیەکان و زۆربەی فەرمانبەران و لیپرسراوانی قەزاو ناحیـەکان بوبونە دۆست و ناسراو و یەکێ لەوانـەش کـاك رشـید ئـەنوەر بـەگی بێتواتـە بـو کـە

کاتی خۆی قائمقامی دوکان بو ، بەراستی زۆر ریزی لێ ئەگرتین ، جگە لەمەش هاوکاریەکی زۆر باشی کردین لە هەوڵدانمان بۆ ئازاد کردنی پێشمەرگە کاك زوالفقار محمود مایجان کە لەلایەن رژێمی عیراقەوە بە دیل گیرابوو و فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوبوو ، ئەویش لەگەڵ برای بەڕێزم ئەندازیار کاك عمر حاجی عنایت چوینە لای و پێمان ووت کە هاوکاریمان بکات و لەرێگای باوکیەوە هەوڵی ئازاد کردنی بدرێت ، زۆر بە خۆشحاڵیەوە هاتە پێشەوە بۆ هاوکاریمان و ووتی بۆخۆشم دێم لەگەڵتان و رۆژێکی دیاری کرد کە برۆین ، لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی ناوچەی هەڵەبجە و خزمانی کاك زوالفقار چوین بۆ بێتواتە ، کاك سەردار کە لای رژێم ناوی رشید بو لەگەڵ باقی براکانی پێشوازی گەرمیان لی کردین و چوینە لای باوکی رەحمەتیان ، ئەویش زۆر خۆشحاڵ بو بەرۆشتنمان و پاش قسەکردن ، داواکەی ئیمەی بە خۆشحاڵی وەرگرت و لەبەر چاوی ئیمە داوای لە کاك نەوزادی کوری کرد کە بەو ئەرکە هەڵسێت و ئەویش لەگەڵ کاك داود برای کاك زوالفقار شوین و جێگایان لە بغداد دیاری کرد یەکتر ببینن ، ئاکامی ئەم سەردانەو چەندین هەوڵی تر کە ئەو بنەماڵەیە و خزمانیان بۆ نەجات دانی گیانی ناوبراو دابویان شوکر بۆ یەزدان سەری گرت و فەرمانی لە سیدارەدانی گوردرا بە گرتنی هەمیشەیی لە زیندان و پاشان بە لیبوردنی گشتی ئازاد بو ، ئەم دووبارە بەیەکگەیشتنەوە زیاتر دۆستایەتی و برایەتی نێوانمانی زیاد کرد ، بەتایبەتیش لەگەڵ براکانی تری کاك سرداردا و هەتا ئیستاش بەردەوامی هەیە .

بەهۆی ئەمانەوە ناسرام بە خەڵکەکە ، لەگەڵ ئەمەش چەندین کادر و کەسایەتی دڵسوز و رێکوپێکی تر هەبوون لەوی هەر زوو بوینە دۆست و هەڤاڵی باش و دەستی هاوکاری و کارکردنیان دامێ لەوانە هەردوو کارگێری ناوچە بەرێزان کاك محمد علی و خوالیخۆشبو کاك رسول زەوقە ، ناوی ئەوانە زۆرن ناکرێ لیرەدا هەموویان بنوسم بۆیە داوای لیبوردنیان لی ئەکەم ، لەگەڵ رێزی زۆرم بۆیان ، کاك نادر محمد قادر ناسراو بە نادر قەلادزەیی ئەوکاتە سەرلەشکری رانیە بوو زۆر خۆشحاڵ بو بە چونی

من بۆ ئەوی و ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هەموو هاوکاریەك ،. شایانی باسە کاتێ لیژنەی سەرپەرشتی ئاوارەکان لە دروست کردندا بوو کاتی لە ئێران بووین ، ناوی بەرێز کاك نادر قلاًدزەیی ئەهات کە ئەویش یەکێك بێت لەو لیژنەیە ، من لە ئێران کاك نادرم نەدیبوو بەهۆی دوریمان لە یەکتر ، کە بەیەکگەیشتین لە رانیە ئەو شتەمان بەبیر هاتەوە ، منیش ووتم هیچ فەرقی نییە وا ئیستا پێکەوە کار ئەکەین ، بەڵینی دامی کە هەموو هاوکاریەکم بکات ، هەروەها کاك سەفیر و کاك زرار کورانی کاك حاجی احمدی خالە هاوکاری زۆر باشیان کردین ، ئەوەی لای من زۆر گرنگ بوو هاوکاری و ماندوو بوونی برای بەرێزم کاك حمە علی مەلا سەفی بوو کە بە شەو و رۆژ بەبی وەستان لەکارەکانـدا هاوکارم بوو ، دەستمان بەکار کردن کرد لەگەڵ رێکخستەکانی خۆمان و هەڤالآنی لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی تر لە ناوچەکە ، پەیوەندی دۆستانە و برایانەمان لەگەڵ هەموولایەکیان دروست کرد .

بەهۆی گرنگی ناوچەکە سەرکردایەتی چەندین لایەنی کوردستانی عیراق و کوردستانی گەورە لەوێ بوون وەکو سەرکردایەتی ( بزوتنەوەی ئیسلامی ــ حزبی سۆشیالیست کوردستان ـ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە هەردووباڵەکەوە ــ یەکیەتی شۆرشگێرانی کوردستانی ئیران ـ حزبی کاوەی کوردستانی تورکیا ـ پەکەکە ـ بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان ) جگە لەمانە هەموو لایەنێکی تری کوردستانی عیراق لە ناوچە وە هەتا مەڵبەند و لقیان لەوێ هەبوو ، ئیمەش وەکو لیژنە ناوچەیەك لەویبووین ، کارکردن لەو دەڤەرە زۆر سەخت بوو بەهۆی پێکهاتەی دانیشتوانەکەی کە لە چەندین چین و توێژ دروست بوبوو ، بەتایبەتی ئاغا و جوتیار و رۆشنبیر و کاسبکار و هی تر ، ململانێ چینایەتی تێکەڵ بە ململانێ حزبایەتی بوبوو ، هەمیشە ناوچەکە نائاسای بوو ، چەکداری هەمو لایەك بە ئارەزوی خۆی هەڵسوکەوتی ئەکرد ، کاری قاچاغچیەتی و ئاودیو کردنی ئامێر و شتی تر زۆر زۆر بوو ، گومرگ و شیرینی وەرگرتن ناوبانگی هەبوو ، هەر رۆژەو کارێکی دڵتەزێن روی ئەدا ، تەقە لەیەکتر ئەکرا ، چەکدار کۆئەکرایەوە ، ئیمەش

هەوڵمان وابوو کە بە هیچ شێوەیەك نەچینە ناو ئەو بابەتانەوە و خۆشمانی لی دوور بگرین ، چەند جارێك هەوڵ درا کە ئیمەش توش بکەن بەلاّم بەهۆی بیرکردنەوە وزیرەکی و نەویستنی کارەکە دوورکەوتینەوە ، دوا جار پاش گەرانەوەی من لە رانیە بە گەورەیی رووی لە هەڤالانی پارتی کرد و تووشی شەرە گەورە و نەگریسەکەی کردنەوە کە ئەم جارەیان گەورە تر و زیان بەخش تر و مالۆیران تر بوو ، کە تا نوسینی ئەم بابەتەش هەر ئاسەواری ماوە و زۆریشی ئەوێت کە بە تەواوەتی لە یاد بچێت سەرەرای بەسەر چونی زیاتر لە هەشت ساڵە کە ئاشتی کەوتوەتە نێوان هەردوولایەنی ناکۆك .

لە ماوەی بونی من لە رانیە لە مانگی ۱۹۹۲/۹ وە هەتا کۆتایی مانگی ۱۹۹٤/۱ ئەو بابەت و روداوانەی کە جێگای باسن لەم چەند خالاّنەی خوارەوەدا ئەنوسم .

أ ـ بەهۆی چوونە ناو جەماوەر و سەردانیان لە گشت بۆنەکانی کۆمەلاّیەتی و خۆ دوور خستن لە گیانی خۆ بە زل زانین و خۆ دور خستنەوە لە جیاوازی کردنی چین و توێژەکان و بەیەك چاو تەماشا کردنیان و رێز گرتن لی یان ، تا ئەندازەیەك توانیمان رێزی خۆمان و حزبەکەمان لای ئەو جەماوەرە و هەتا لای لایەنەکانی کوردستانیش بەرز را بگرین و خۆشەویستی مان لە جیاتی کینە و ململانێ نا شەریفانە پەسەند کردو و پەیرەومان کرد ، هەستمان ئەکرد کە جەماوەر و خەڵك و لایەنەکانیش بەم هەڵوێستە رێزمان لی ئەگرن و خەڵکی لیمان کۆ ئەبنەوە ،



(ساڵی ١٩٩٢ له رانیه/کۆمەڵێك گەنجی رۆشنبیری شاری رانیه لەگەڵ منو هەردوو شەهیدان- احمد صالح بەگ و فەقی لاجانی )

ئەگــەر هەســتمان بــە ناکۆکیــەك بکردایــە لــە هــەر شــوینی بوایــە ئەچــووین و ئامۆژگاریمان ئەدانێ و هەوڵمان ئەدا کە ناکۆکیەکان پەرەنەسێنێ و کۆتای پێ بێت ، پشتگیری تـەواومان لـە دامـو دەزگاکـانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ئـەکرد هـەر چـەندە پۆسـتی ئیـدارەش هـی ئیمـە نـەبوو ، هەمیـشە داوامـان وابـو کـە یاسـاکانی پەرلەمانی خۆمان جێ بەجێ بکرێت ، رێگامان نەئەدا بە هەڤاڵانمان کاری نـا یاسـای بکەن ، هەوڵی تەواومان بۆ دامەزراندنی یەکیەتی و سەندیکاو ریکخراوە پیشەیەکان دا بۆ ئەوەی لەم رێگایەوە هەڤالان خۆیان رۆشنبیر بکەن و مافەکانی خۆیان بپارێزن ، دەزگایـەکی تەلـەفزیۆنی مـان بـۆ شـاری رانیـە دامەزرانـد بـە هاوکـاری هـەڤالان و دۆسـتان ، رۆژنامەیـەکی مانگانـە مـان بـەناوی ( ڕاپـەڕین ) دەر ئـەکرد ، هـەوڵێکی زۆرمـان دا دەزگایـەکی رادیـۆش دابمـەزرێنین ، ئەمانـە هـەمووی بـە هـۆی هـەوڵ و

کۆشـشی کۆمـەڵی لاو و گـەنجی خـوێن گـەرم و دڵسۆز و بـە ئەمـەکی شـاری رانیـە و دەوروبەری بوو کە لە کارەکانیاندا زۆر سەرکەوتو بوون .



(ساڵی ١٩٩٣ / سەری رەش- کۆبونەوەیەکی سەرۆك بارزانی لەگەل چەند کەسایەتیەکی عەشیرەتی شیلانەی)

لێرەدا بەباشی ئەزانم هەندیك لەسەر چۆنیەتی دامەزراندنی ئەو دەزگا تەلەفزیۆنـە و دەرکردنی ئەو رۆژنامە و هەوڵی دامەزراندنی رادێۆکە باس بکەم .

١ ـ تەلەفزێۆن : پاش ئەوەی چومە رانیە و دەست بەکار بووم ، بیرم لەوە کردەوە کە چـۆن داوای گەیانـدنی پەخـشی تەلـەفزێۆنی مەرکـەزی بـۆ ناوچـەکە وەیـان دانـانی دەزگایـەکی تایبـەتی بـۆ ناوچـەکە بکـەین ، هـەر کـە باسـی ئـەم بیرۆکەیـەم کـرد لای برادەرانی ناوچە و گەنجەکان ، ئیتر بوە داوایەکی بەردەواممان چی لـە لیپرسـراوانی لقـی٤ و چـی لـە سـەرکردایەتی پـارتی ، رۆژێکیـان سـەردانی لقـی٤ م کـرد ، کـاك عبدالوهاب علی لیپرسراوی راگەیاندن بوو پێ ووتم ، وا جهازی پەخشی تەلەفزێۆنی ئێوە ئامادەیە ، زۆر باش بوو هاتی لەگەڵ خۆت بیبە ، منیش زۆر خۆشحاڵ بـووم و

زۆر سوپاسم کرد و ووتم باشە هەرچەندە ئێوارە هاتومەتەوە بۆ ئیسراحەت بەڵام من ئامادەم هەر ئیستا بگەڕێمەوە ، برادەرێك لای بوو پێ ووت کاك (فلان) بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نەماوە بۆخۆی خەڵکی هەولێر بوو ، خۆت حازرکە لەگەڵ کاك علی برۆ بۆ رانیە و ئەو جیهازەیان بۆ دامەزرێنە ، ئەویش ووتی باشە و فەرموو کاك علی بابرۆین ، ووتم ئەی کەلووپەلی تەلەفزیۆنەکە ، ووتی تەنها ئەم جیهازەیە ، تەماشای جیهاز ئەکەم ، ئامێریکە وەکو ئامێرێکی ڤیدیۆ و هیچی تر ، منیش سەرم سورما ووتم ئەمە بەتەنها چی ئەکات ، ووتی پەخش ئەکات ، ووتم ئەی پێداویستی تری ، ووتی لای خۆتان هەیە ، منیش زۆر لەسەری نەرۆشتم نەوەکو لێم پەشیمان ببنەوە ، لەگەڵ خۆم سوارم کردو چووین بۆ رانیە ، لە رێگا پیداویستیەکانی بۆ باس کردم کە (٣ تا ٥) ئارێلی تەلەفزیۆنی بۆ بکرین و ئامێرێکی تەلەفزێن و ئامێرێکی ڤیدیۆ و کاسێتێکی تۆمار کراوی بۆ ئامادە بکەم ، ووتم ئەمانە هەمووی ئاسانە ئەتوانین لای برادەران پەیدایان بکەین ، هەرکە گەیشتینە رانیە دەستمان کرد بە پەیداکردنی کەلوپەلەکان و ئەویش دەستی کرد بە دامەزراندنی ، هەتا ئێوارە کارەکەی تەواو کرد و تەلەفزیۆنی خستە کار و زۆر بە جوانی لەناو شاری رانیە لە هەموو شۆینێکی وەری دەگرت ، ئەمە زۆر خۆشحاڵی کردین ، ئیتر بۆ خۆمان لەگەڵ لاوان و گەنجانی ئەو ناوچەیە کە زۆر مەردانە لەسەر حسابی خۆیان ئازایانە کەوتنە دروست کردنی ستۆدێو بە بەتانی و گونیە و ئەو شتە سەرەتاییانە ، کەمووکوری هەرچی هەبوو لای برادەران و هەڤالان ئەمانهێنا ، هیچمان بە پارە نەئەکری چونکە پارەمان نەبوو ، ماوەیەکی زۆر تەنها کاسێتی بەرنامەکانی مەرکەزیمان ئەهێناو پەخشمان ئەکرد ، هەر چۆن بوو کامێرەیەکی ڤیدێۆیی مان کری پاش ئەوەی لەسەرەوە پارەکەیان بۆ سەرف کردین ، کە ئەمەمان پەیدا کرد ، ئیتر بووینە خاوەن دەزگای سەربەخۆ و هەواڵەکان پەخش ئەکرا لەگەڵ چالاکیەکانی ناوچەکە ، بەم شێوەیە هەتا من لەوێ بووم پەخشی بەردەوامیمان هەبوو .




(ساڵی ۱۹۹۳ له رانیه / عبدالوهاب علی — خۆم - فاضل رووٴف)

۲ ـ من كه چومه رانیه ئەو كۆمەڵە گەنج و رۆشنبیرەی رانیە خەریك بوبوون بە دەركردنی رۆژنامەیەكی مانگانە بەناوی (راپەرین) ، باسیان بۆ من كرد و داوایان لێ كردم كە پەرەی پێ بدەین و باسیشیان كرد كە چۆنی دەرئەكەن و چی زەحمەتێك ئەكێشن هەتا دەردەچێ ، منیش بەڵێنی تەواوم دانێ كە ئەو پەری هاوكارییان بكەم ، دەزگای چاپ بۆ ئەو كارە تەنها لای لایەنێكی سیاسی كوردستانی ئێرانی دۆست هەبوو ، پارەش نەبوو ئەبوایە تەنها لەلای ئەوان چاپ بكرایە ، بەهۆی تازە چونم بۆ رانیە ، لایەنەكان بە مەبەستی بەخێرهاتن سەردانیان كردین و ئێمەش چوینەوە بۆ لایان ، لەو سەردانە بۆلای ئەو لایەنە دۆستەمان من بەباشم زانی سوپاسیان بكەم بۆ ئەو هاوكاریەیان ، ئەوانیش بەڵێنی بەردەوامیان دا ، ئیتر ئەم كارەش بەم شێوەیە بەردەوامی هەبوو كە بۆ ئەوكاتە كەم لایەن هەبوو بتوانێت ئەو كارە بكات جگە لە لایەنە بەتواناكان نەبێت .

٣ ـ هەڤاڵێکی خۆمان هەبوو شارەزایی لە چاککردنی ئامێری رادیۆ و ئەو شتانە هەبوو ، رۆژێك برادەران هێنایان بۆ لام ووتیان ئەم هەڤاڵە بەتەمایە دەزگایەکی رادیۆییمان بۆ دامەزرێنی و پەخشی پێ بکەین ، هەندی هاوکاری دەوێت بۆ پەیداکردنی پێداویستیەکانی ، منیش ووتم ئامادەم با دەست بەکار بێت بزانین چی ئەوێت هەتا بووی پەیدا بکەین ، ئەو بە کەلوپەلی سەرەتای خۆی رادیۆکەی لەبارەگای ناوچە دامەزراند و دەستی بە پەخش کردن کرد ، لە زۆر شوێنی ناو رانیە کەناڵەکە وەری دەگرت ، بەلأم لاواز بوو ، ئەو ووتی ئەگەر تەقوییەی بۆ دابنرێت ئەوا دەتوانین سودی زیاتری لێ وەربگرین ، منیش بروسکەیەکم بۆ جەنابی سەرۆك کرد و داوام لی کرد کە هاوکاریمان بکات و ئەمر بفەرموێت خەڵکی شارەزامان بۆ بنێری هەتا دەزگاکە دائەمەزرێنین ، بەراستی جەنابی زۆر گرنگی بە کارەکە داو چەند جارێك لەسەر فەرمانی بەرێزیان هەردوو بەرێزان مهندس کاك نەوزاد هادی و مهندس کاك احمد بریفکانی هاتنە لامان و هەوڵی زۆریان دا بۆ ئەو کارە ، بەلأم بەداخەوە بۆمان چارە نەکرا .

ب ـ پەیوەندی باشمان لە گەڵ گشت لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق هەبوو ، کۆبونەوەی بەرەی کوردستانیمان هەبوو هەتا حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا ، بە گیانێکی تەبایی و هەست بەلێپرسراویەتی لە ناو بەرەدا کارمان دەکرد ، هەوڵمان ئەدا کێشەکان بە ئاسانی و هێواشی جێ بەجێ بکرێت ، بۆیە هەمیشە رێز لە راکانمان ئەگیرا ، جگە لەمەش پەیوەندی زۆر باش مان هەبو لەگەڵ سەرکردایەتی ئەو لایەنانەی کوردستانی عیراق و کوردستانی گەورە کەلەوێی بوون ، سەردانی هەمووولایەکیان مان ئەکرد و چاومان بە لێپرسراوانیان ئەکەوت،



(ساڵی ١٩٩٣/جەنابی مامۆستای خوالێخۆشبوو ملاعوسمان عبدالعزیز- خۆم)

بابەتەکان و کێشەو گیروگرفتەکانی ناوچەکەمان لەگەڵ یان باس ئەکرد ، هەوڵی رەواندنەوەی ناکۆکیەکانیان مان لەگەڵ لایەنی تر ئەدا ، بۆ نمونە هەوڵی زۆر باشمان دا لە نزیك بونەوەی هەردوو باڵی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ، سوپاس بۆ هەردوو سەرکردایەتی ئەو کاتەیان کە رێگایان پێ داین هەندی وتو وێژلە نێوانیاندا بکەین ، ئەم وتووێژانە ئاکامی باشی هەبوو ، لە مەراسیمی پرسەی خوالیخۆشبو کاك سعید شەرەفکەندی داوامان لە باڵی دووهەمی حزب کرد بۆ بەشداریان لە پرسەکە کە لە شاری رانیە دا بوو ، بەشداریان کرد کە جێگای خۆشحاڵی هەموو لایەك بوو ،



(پرسەی ماتەمینی شەهید سعید شرفکەندی لەمزگەوتی گەورەی رانیە)

هەروەها دەوری بەر چاومان هەبوو لە هێور کردنەوەی ناکۆکی و شەری نێوان ( ئاغا و جوتیار ـ حزبی سۆشیالیست وحزبی یەکگرتن ـ بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکیەتی نیشتیمانی ) نەمان هێلاَ شەری نیوان ئاغا و جوتیار بێتە ناوچەی بتۆین و مەرگە و سەروچاوە سەرەرای هەوڵدان بۆ دروست بونی ، سوپاس بۆ ئەوانەی گویَ یان بۆ ئامۆژگاریەکان مان گرت .

ج ــ هەواڵمان زانی لە بازگەی پێشمەرگەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لە خورماڵ هەردوو کوری هەڤاڵ فارس گوڵپی بەناوەکانی ( محمد و جمال ) شەهید کراون ، باری نا ئاسایی لەو ناوچەیە رووی داوە ، لەبەر ئەوەی هەڤاڵ فارس و کورەکانی پارتی و نیشتیمان پەروەر بون و هەمیشە لەگەڵ شۆرش بون و پێشمەرگەی شاخ بوون و هەمو کەسوکاریان لە ئاوارەیدا بوون ، جێگای داخی گشت لایەك بون ، سەرکردایەتی پارتی داوای کردبو ئەوانەی بەو کردارە هەڵساون و تەقەیان کردوە بدرێنە دادگا ، لیپرسراوانی بزوتنەوە ئەم داواکاریەیان رەت کردبووەوە ، من ئەو

کاته له رانیه بوم ، بروسکەیەکی سەرۆك بارزانی مان بۆ هات که بچینه لای جەنابی ماموّستای خوالیخۆشبو مەلا عوسمان عبدالعزیز رابەری بزوتنەوه لە بێتواتە و بەناوی سەرۆکەوه ئاگاداری بکەین کە فەرمان بدات ئەوانەی تەقەکەیان کردوه بگیرێن و بدرێنە دادگا ، من و کاك نادر قەلادزەیی شەوانێکی درەنگ ، چوینه بێتواتە بۆ بارەگای سەرکردایەتی بزوتنەوه و چاومان بە بەرێز ماموّستا مەلا عوسمان کەوت و هەر بەو شەوه بروسکەیەکی کرد بۆ لیپرسراوانی هەڵەبجه یان کە ئەو کەسانە بگرن و بیاندەنە دادگا ، وا دیار بو ناوەرۆکی ئەم بروسکەیەش وەکو پێویست جێ بەجێ نەکرابوو ، بۆیە رۆژی دوای کاتێکمان زانی بەرێز کاك کەمال حسن چاومار کە ئەو کاتە جێگری پارێزگاری سلیمانی بو هاتە رانیە و هاتە لای ئیمە و ووتی پێویستە هەر ئیستا بە پەلە بچینە لای رێزدار ماموّستا مەلا عوسمان و ئاگاداری بکەین کە تا ئیستا ئەوانە نەدراونەتە دەست پۆلیس و دادگا ، هیزەکانی پۆلیس و پێشمەرگە کۆبونەتەوه و ماوەیەکیان دیاری کردوه بۆ بەدەستەوەدانیان ئەگەر نا ئەوا بە زۆر لییان وەرئەگرن بە واتا شەر رۆوئەدا ، جا بۆ ئەوەی ئەو شەرە رۆونەدات ئەبی ماموّستا کارێکی وابکات کە ئەوانە تەسلیم بکرێن ، سەردانەکەمان کرد و ماموّستا فەرمانی دا کە بەبێ هیچ بەهانەیەك ئەبێ بدرینە دادگا ، ئەو فەرمانە جێ بەجێ کراو شەرەکە رووی نەدا .

د ـ رۆژێك لە بارەگای ناوچە بوین لە رانیە ، کاتێکمان زانی لە ناو ئۆردوگای رانیە بو بە تەقە و ناردمان بۆ هەواڵ زانین و ووتیان قائمقامی رانیە چوەتە ئەوێ لەگەڵ خەڵك لەسەر زیادەرەوی لییان بوەتە شەر و پاسەوانەکانی تەقەیان کردوە و دوو کەسیان کوشتوە ، قائمقام کاك عبدالله مام علی بو لە برایانی یەکیەتی نیشتیمانی ، کاك خالد جوهەر ئاغا لەو کاتەدا لای ئیمە بو ، ماڵی باوکی لەو ئۆردوگایەدا بوو ، رۆشت بەدەم تەقەکانەوە ، زۆری پێ نەچو هەواڵی بۆ ناردین کە ئیمەش بەشداری بکەین بۆ هیورکردنەوەی خەڵکەکە چونکە کۆ بونەتەوه و ئەیانەوێت برۆنە سەر قائمقامیەت ، ئیمەش وەکو ناوچە بەپەلە چوینە ئۆردوگا و چوینە لای جەنابی

کاك جەوهەر ئاغا باوکی کاك خالد ، خۆی خەڵکی گوندی لێوژیی سنوری قەندیل بو و کاتی خۆی گوندەکانی ئەوسنورە راگویزی ئەو ئۆردوگایە کرابون ، تەماشا ئەکەین خەڵکەکە بە گەرمی سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنن بۆ چونەسەر قائمقام و ئیمەش لەگەڵ دەربرینی بێزاری خۆمان بەو کارەساتە ، داواشمان لە خەڵکەکە کرد کە بەهێمنی و لەسەر خۆ رێگا چارەی دروست بدۆزینەوە بۆ چارەسەری کێشەکە ، پێش هاتنمان من ئاگاداری سەرکردایەتیم لە کارەساتەکە کردبو و ئاگادارم کردبون کە لە هەوڵی هێورکردنەوەداین ، کەچوینە لای بەرێز کاك جەوهەر ئاغا و سلاّوی سەرۆك بارزانیم پێ گەیاند و پێم ووت داواتان لی ئەکات کە بە هێمنی کێشەکە چارە سەر بکەن ، خوا هەڵناگرێ وەلاّمی کاك جەوهەر ئاغا و کەسوکاری کوژراوەکان و بەتایبەتی کاك محمد برای شەهید عبدالله سور بە شێوەیەکی زۆر رێکوپێك بوو و ووتیان وا ئیمە لەسەر قسەی جەنابی سەرۆك و ئیوە هیچ ناکەین و چۆن ئەڵێن وا ئەکەین ، تەرمەکانیان شاردنەوە و پرسەیان بۆ دانان و ئیمە لەگەڵ برایانی یەکیەتی و قائمقام پەیوەندیمان هەبو ، برایانی یەکیەتی بەتایبەتی لیپرسراوانی رانیە هاتن وپێکەوە بەشداری پرسەکەمان کرد ، هەڵوێستی هەردوولا زۆر باش بوو ، هەر زوو سەرکردایەتی یەکیەتی بە تایبەتی جەنابی مام جلال دوو کەسی بە نوینەرایەتی خۆی ناردبو بۆ پرسەکەو چارەسەری کێشەکە ، ئەوانیش بەرێزان کاك حاجی حاجی أبراهیم و مامۆستا مەلا دەلگەیی بوون ، لەگەڵ ئەوانیش چوینەوە پرسەکە و هەندی قسەی باشیان کرد و بەم شێوەیە کێشەکە هێور بوەوە ، هەوڵمان دا کە کاك عبدالله مام علی یش لەو پرۆسەی هێور کردنەوە و ئاشتیە بەشداری بکەین ، ئاگاداری برادەرانی ئۆردوگامان کرد لەو بارەیەوە ، ئەوان نارازی نەبوون ، ئاگاداری برادەرانی یەکیەتیمان کرد بۆ ئەم مەبەستە زۆریان پێ باش بوو ، وا دیار بو لەسەر ئەوەی کاك عبدالله پێشەکی بچێتە ئۆردوگا یان خەڵکی ئۆردوگا بچنە بارەگای قائیمقامیەت هەندێ ناکۆکی لە نیوان خۆیاندا دروست بوبوو ، پەیوەندیان لەگەڵ من کرد ووتیان چی بکەین ، ووتم با پەیوەندیەك لەگەڵ برادەرانی ئۆردوگا

بکەم ، قسەمان لەگەڵیان کرد بۆ راگرتنی هەیبەتی حکومەت ، نەك بۆ خاتری عبدالله ئەوان رازی بوون کە لەگەڵ ئیمە بچنە بارەگای قائیمقامیەت و پاشان کێشە نیە عبداللە دێت یان نایت ، حکومەت هی هەموانە ، بەراستی هەڵویستێکی زۆر بەرز بوو ، جێگای تقدیر بوو ، ئەم هەڵۆیستەم گەیاندە سەرکردایەتی ، ئەوان بەتایبەتی سەرۆك بارزانی سوپاسی کردن ، ئیمە وەکو ناوچە و برادەرانی کۆمیتەی رانیەی یەکیەتی و هەردوو نوینەری بەڕێز مام جلال چوینە ئۆردوگا و لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی ئۆردوگا پێکەوە چوینە قائیمقامیەت و لەوێشەوە لەگەڵ قائیمقام هەموومان جارێکی تر چوینەوە بۆ ئۆردوگاو چوینە ماڵی هەردوو کوژراوەکە و بەم شێوەیە کێشەکە چارەسەر کرا .

هـ ـ بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ بەشداریمان لە کۆنگرەی ( ١١ ) ی پارتی کە لە ساڵی ١٩٩٣ دا بەسترا ، لەسەردەمی کونفرانسی ناوچەی رانیە من سەرقاڵی رێکخستنی کۆمەڵێك خەڵکی تازە هاتووی دۆڵی شاوریی و ناوچەی مەرگە و بتوێن بوم ، بەڕێز کاك عزالدین بەرواری هاتبوە لامان بۆ ئەو مەبەستە ، هەڤاڵانی ناوچە بە گشتی خۆیان سەرقاڵی کاری پرۆپاگاندە بۆخۆیان بوون و خەریکی کۆبونەوە بوون ، منیش بە پێچەوانەی ئەوان خەریکی کاری رێکخستن بووم ، کاك عزالدین پیی ووتم باشە تۆ بۆخەریکی هەندی کار نیت بۆ خۆت ، ئەوا هەڵبژاردن ٢ ــ ٣ رۆژی ماوە ، ووتم بەرێز ، یەکەم من خەڵکی ئەم ناوچەیە نیم و کەسوکارم لیرە نین ، دووهەم حەزم لە تەکەتولات و کۆمەڵ و کۆمەڵ کاری نیە ، سێهەم ئەگەر بای ئەوەندە کارم کردبێت لەم ناوچەیە ئەوا بۆ خۆیان دەنگم ئەدەنێ و منیش سوپاسیان ئەکەم و جارێکی تریش پێکەوە کار ئەکەینەوە و ئەگەر دەنگیشیان نەدامێ ئەوا بۆ من هیچ جیاوازی نیە ، من کادری حزبم چی لە رانیە یان هەر جێگایەکی تر ، بۆیە بەراستی مەبەستم نیە ئاکامی چۆن ئەبێت ، هەستم بە چرپە و کۆمەڵ و کۆبونەوەکانی هەڤاڵانی تر ئەکرد و ئەمبیست گوایە ئەیانەوێت من جارێکی تر دەرنەچمەوە لەبەر ئەوەی خەڵکی ناوچەکەیان نیم و خەریکی کار کردنن بوون بۆ ئەم مەبەستە

، رۆژی کۆنفرانس لە هۆڵێك گشت ئەنـدامان کۆبونـەوە و کۆمیـسیونی هەڵبـژاردن ووتەی خۆیان پێشکەش کرد و منیش داوام کرد رێگام پێ بدەن بۆ چەند ووتەیـەکی کورت ، رێگایان پێ دام و لەپاش سوپاس کردنی گشت لایەك بۆ هاوکاری کردنیان بۆ بەرەو پێش بردنی رێکخستنەکان ، پێشنیارێکم خستە بەردەم هەڤالان کە رێگام پـێ بدەن کە من خۆم هەڵنەبژێرمەوە و هەڤاڵێکی تری چالاك هەڵبژێرن بۆ لیپرسـراوی ناوچە و داوای لێبوردنم لێ کردن ، بەراستی هەرکە ئەمەم خـستە روو دەتـوانم بلـێم زۆربــەی هــەرە زۆری هــەڤالانی بەشــداربوو هەســتانە ســەرپێ و هاواریــان لێ بــەرز بوەوەکەرازی نین بەو پیشنیارە و ئەگەر تۆ خـۆت نـەپالێوی ئـەوا ئێمـەش بەشـداری ناکەین و دەنگ نادەین، هەڤالانی کومیسیون وەڵامیان دانەوەو ووتیـان ئێمـەش رازی نابین و خۆیان بـەبی ئـەوەی مـن داوای پـالاوتن بکـەم ناوەکـەمیان لـە سـەر تەختـە رەش نوسی ، لەگەل بونی هەندێ خروقاتی ئاشکرا دژبە هەڵبژاردنم لە ئاکامدا ناوی مـن یەکـەمین هـەڤاڵ بـو کەزۆرینـەی دەنگـی هێنابولـە هـەر دوو پۆسـت چـی بـۆ کونگرەچی بو ئەندامی ناوچەی تازە ، ئێمەش ٧ حەوت هەڤاڵی دەرچـوو ، پێویـستی بە هەڵبژاردنێکی تری بچوك هەبو لە ناو خۆماندا بـۆ دیـاری کردنـی پۆسـتەکانی لێ پرسراو و کارگێرەکان و ئەندامانی ناوچە ، برادەران کەوتنەگەڕ لـەم پروسـەیەدا کـە ئامـانجی خۆیـان بـەجێ بهێـنن و مـن ئـەو پۆسـتە وەرنەگرمـەوە ، دیـار بـوو کـەوا دەردەچیت ، چونکە من بە تەنها مابومەوە و ئەوانەی تر ڕێککەو تبـون لەسـەر ئـەو کـارە ، پـاش بەرێوەچـونی پروسـەکە مـن بـە ئەنـدام ناوچـە مامـەوە و ئـیتر هـیچ پاساویك نەما بۆمن کەلەو ناوچەیە کاربکەم چونکە بـۆم نەئـەکرا، هەرچـی حـسابم بو ئەکرد چۆن دەتوانم لەگەڵ ئەو هەڤالانە کاربکەم کە ئەوان نەیاری مـن بـن ، مـن گوێم لە لیپسراویەتی نەبو بەڵام قـەد نەئـەکرا لەگـەڵیان کاربکرێـت ، بۆیـە بڕیـاری گەڕانەوەم بومالّی خۆم لە سلێمانی دا و بروسکەیەکم بۆ مەکتـەبی سیاسـی بـەڕێز و مەکتەبی سەرۆك نـارد و ئاگـادارم کـردن لـە روداوەکـە و ئامـادەیی خـۆم نیـشاندا بـۆ کارێکی تری حزبی لە هەر کوێ بێت ، زۆر بە گورجی وەڵامی بروسکەکەم هاتـەوە و

داوایان لی کردبوم که ناوچەکە بەجێ نەهێڵم و چاوەریی نامەیەکی تایبەتی ئەوان بکەم کە بە نوینەری خۆیاندا بۆم ئەنێرن ، لەلایەکی ترەوە جەماوەری پارتی بە تایبەتی کەسایەتیەکانی ناوشار و هەڤاڵانی تر و کەسایەتیە رۆشنبیرو لاوان و قوتابیان زۆریان لێ ئەکردم کە لەوێ بمینمەوە ، لەلایەك تەماشای ئەو هەڵۆیستە و هەستە بەرزەی ئەوان و خۆشحاڵی خۆشم بە کارکردن لەگەڵیان و لەلایەکی تریشەوە هەڵوێستی هەڤاڵانی ناوچە کە نایانەوێت کاریان لەگەڵ بکەم ، چۆن بتوانم لە کارەکانـدا سەرکەوتن بەدەست بهینم ، هەر ئەو رۆژەی بروسکەکەم نارد بو ، نامەکەی مەکتەبی سەرۆکم پێ گەیشت و داوایان لی کردبوم کە لەو سنورە بمێنمەوە ، بەناو لەو ناوچەیە مامەوە و تەنها کارەکانی پێشووی خوم کە تەواو نەکرابوون ، تەواویان بکەم و چاوەریی ئاکامی بریارەکانی کۆنگرە بم ، کۆنگرە بەسترا وبریاری کردنەوەی لقێکی دا بۆ سنوری ( پشدەر ـ بتۆین ) بە ناوی لقی ١١ و لە یەکەمین کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دا هەڤاڵی خوالیخۆشبو کاك ئازاد قەرەداغی یان وەکو لیپرسراوی یەکەمی لق و منیش وەکو تاکە کارگێر دیاری کردبوو کە لقەکە پێك بهینین ، هەردووکمان چووینە رانیە و دەستمان بە پێکهینانی لقەکە کرد و بەهۆی یەکگرتنی پارتی و حزبی یەکگرتن ( ٢ ) دوو هەڤاڵی ئەوان هاتنە لق وەکو کارگێر و پاشان کارگێرو ئەندامانی لق دیاری کران و لقەکە پێکهینرا ، جێگای دڵخۆشی هەموو لایەك بوو ، بەگورجی چەند لیژنە ناوچەیەکی تر لەسەنگەسەر و چوارقورنە و سەرووچاوە دامەزران و دەست بەکار بوین و کارەکان مان زۆر بەباشی بەرێوە ئەچون ، زۆر بەداخەوە ململانێ و ناکۆکی نێوان یەکیەتی نیشتیمانی و بزوتنەوەی ئیسلامی رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو خراپی ئەرۆشت ، وای لیهات لە کلار بە چەك رووبەرووی یەکتر بوبونەوە و چەند کەسانێك لە نێوانیاندا کوژران ، بۆ بەمەبەستی بەخاك سپاردنی چەند پیشمەرگەیەکی بزوتنەوە کە خەڵکی ناوچەی پشدەر بوون ، تەرمەکانیان هێنابونە رانیە و سەرکردایەتی یان بریاری دابو کە بەشێوەی رێپێوانێك بەناو شاری رانیەدا تەرمەکان بگوازرێنەوە بۆ شوینی خۆیان ،

ئاگاداری گشت لایەنەکانی کوردستانیان کردبو کە بەشداری لەو ڕێپێوانەدا بکەن ، ئیمە وەکو پارتی زۆرمان هەوڵ دا کە ئەو کارە نەکەن و بەبێ ڕێپێوان تەرمەکان بگوازرێنەوە چونکە مەترسی ئەوەمان هەبو لەو کاتەدا شتێك ڕووبدات ، داواکاریەکەی ئیمەیان ڕەت کردەوە و بەڵێنیان دا کە هیچ شتێ ڕوونادات ، بەلاّم بە داخەوە لەو ڕێپێوانەدا هێرش کرایە سەر بارەگای کۆمیتەی یەکیەتی و لە ئاکامدا چەند هەڤاڵێك لەو کومیتەدا کوژران و بارەگاکەش سوتێنرا ، ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە زۆر نارەحەتی کردین و هەر بەمەشەوە نەوەستا و لە گشت ناوچەکانی پشدەر و بتۆین ، بارەگاکانی یەکیەتی گیران ، ڕوداوەکە زیاتر ئاڵۆز بوو ، چاوەری ئاکامی خراپتری لێ ئەکرا بەتایبەتی وەلاّمی سەرکردایەتی یەکیەتی بۆ ئەم هەڵویستە ، وەکو پارتی لەوی هەوڵەکانمان تەنها تکا کردن بوو ، کەسیش تکای لێ قبوڵ نە ئەکردین ، هەندێ هەوڵم دا کە شتێك بکەین بۆ زیاتر تەشەنە نەکردنی خوێن ڕشتنەکە ، بێ سوود بوو ، ئیتر من ناوچەکە و هەڵویستەکانم لێ بیزرا ، وا چاوەروان بووم کە شەر لە بریتی ئاشتی بێتە کایەوە ، برینەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قوڵ تر ئەبوون ، ئەوەبو سەرکردایەتی یەکیەتی بریاری تۆڵە سەندنەوەی خۆیان لە بزوتنەوە و دەرکردنیان لەو سنورە داو هێرشی گەورەیان هێنا ، ئەوانیش دیسان بە تکای ئیمە ڕانەوەستان و ئەوەی ویستیان جێ بەجێ یان کرد کە ئاکامی بە لەدەست دانی گیانی چەندین کەس تەواو بوو ، لەگەڵ بەجیهێلاّنی بێ متمانەیی هیچ لاینێك بە لایەنێکی تر و گۆرانی ناوچەکە لە بارێکی ئاسایی بۆ بارێکی شەرو ترسناك و پر چەك بونی گشت لایەك و کەم کردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان لایەنەکان و چاوەریی تەقینەوەیەکی تری لێ ئەکرا ، ئەم ڕووداوە ناهەموارە کە بە کورتی لەسەرەوە هەندێکم باس کرد مەبەست لەوەدا نەبوو کە من پێ شێلی بەڵێنەکەی خۆمم کردوە کە باسی شەری نەگریسی ناووخۆ نەکەم ، بەڵکو بۆ هەڵوێستێکم بوو کە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە و پاشتر باسی لیوە ئەکەم ، هەوڵەکانم بۆ ڕوونەدانی شەر لەو ناوچەیە بە فیرۆ چوو ، ئەوەش بۆ ئەوە ئەگەرایەوە کە من بریار بەدەستی

یەکـەم نـەبووم لـەوی و تـەنها پێـشنیارم ئـە کـرد و جـێ بـەجێ نەئـەکرا . لـە رۆژی١٩٩٤/١/٣١ دا لیژنەیەکی سەرپەرشتی بۆ هەڵبژاردنەوەی لقەکان کە لە کۆنگرە بریاری لەسەر درابوو هاتنە لق و دەستیان بە کاری هەڵبژاردن کرد بۆ دیاری کردنـی کـارگێر و ئەنـدامانی لـق ، مـن (٢ ) دوو هـۆی سـەرەکی هـانی دام کـە بەشـداری لـەو هەڵبژاردنەدا نەکـەم ، یەکـەمیان : هـەمان هەڵویـستی هەڵبـژاردنی پێـشوترم بـەدیی ئەکرد ، دووهەمیش : کارکردن بۆمن لەو ناوچەیە بێ سود بوو چونکە نەمـدەتوانی هەڵویـست و راو بۆچـونەکانم لەمـەر کارەکـان بـسەپێنم وە یـان هـیچ نـەبی هەنـدی گرنگی پێ بدرێت ، بۆیە بریاری تەواوم دا کە نەچـمە ئـەو هەڵبژاردنـەوە ، هـەڤالان زۆر هەوڵیان دا کە بەشداری بکەم و لیژنەکە بە زۆر ناویان بە پاڵیوراو نوسیم و لـە ئاکامدا بۆ ژمارەی پێویستی لق دەرچوبوم ، بێ سود بوو ، داوام لە لیژنەکە کـرد کـە هـەڤاڵێکی یـەدەك سـەربخەن بـۆ جێگـای مـن چـونکە مـن لـیرە نامێنمـەوە ، منـیش گەرامـەوە بـۆ سـلیمانی و ئاگـاداری مەکتـەبی سیاسـی وجـەنابی سـەرۆکم کـرد لـەو بارەیەوە .

و ـ من لەماڵەوە بووم پاش ئـەوەی لـە لقـی ١١ گەرامـەوە و چـەند جارێـك سـەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسیم کرد و هەڤالانی مەکتەبی سیاسی باسیان لـەوە ئـەکرد کـە لەگـەڵ جـەنابی سـەرۆك لـە راوێـژدان بـۆ دامەزرانـدنی لقـی ١٢ لـە سـنوری ناوچـەی هەڵەبجە ، ئەوەنەی بە منیـان ووت کـە بیرۆکەکـە دەسـتی پـێ کـردوە و نـاوی چـەند هەڤاڵێك دیاری کراون بۆ لقەکە لەوانـە هـەڤاڵ کـاك نـوری حەمـە علـی کـە جێگـری لیپرسـراوی لقـی٣ بـو هـەروەها نـاوی منـیش نوسـرابوو ، مابولەسـەر دیـاری کردنـی چەند هەڤاڵێکی تر و بریاری بـۆ دەدرێـت ، ئیمـە چـاوەریی فـەرمانی سـەرکردایەتی بووین ، لە ئاهەنگی یەکی مایس ساڵی ١٩٩٤ دا لە یاریگای سلیمانی هەندی ئاڵۆزی لـە نێوان پارتی و یەکیەتی دروست بوبو ، هەروەکو پێشتر باسـم کردبـوو بـێ متمانـەیی پەیدا بوبو لـە نێـوان لایەنەکانـدا و چـەند رۆژێـك پـێش ئەمـەش ئـاڵوزی لـە نێـوان پارتی و حزبی سۆشیالیست لە سلیمانی رووی دابـوو ، رۆژی ١٩٩٤/٥/٢ هـەواڵی شـەرو

پێکدادانمان لەسنوری ناوچەی پشدەر بەتایبەتی لە ناو شاری قەلآدزە بیست ، منیش پەیوەندیم بە تەلەفون لەگەڵ هەڤالآنی لقی١١ کرد و هەندێ هەواڵیان دامێ ، گوایە شەهید علی حەسومیرخان هاتوەتە ناوچەکە و بەهۆیەوە شەرەکە دروست بووە و هەتا دێت شەرەکە پەرە ئەسینێ و کەس هەڵویستی خێرخۆازی نیە بۆ راگرتنی ، شەرەکە بەم شێوەیە گەورەبوو کە هەموو کوردستانی گرتەوە ، لیرەدا ئەمەوێت باسی ئەو هەڵوێستە بکەم کە چەند رۆژیك پێش گەرانەوەم لە لقی١١ بۆماڵەوە ، بە هەمان شێوە هەڤاڵی شەهیدکاك علی حسۆ هاتە رانیە بۆ بارەگای لق و من لەوێ بووم و ئەو کیشەیەی بۆ باس کردم کە لە قەلآدزە هەیبوو ، داوای کرد هاوکاری بکەین بۆ چارەسەری کیشەکەی کە پارچە زوییەکیان هەیە لەوێ و لەلایەن چەند کەسانێکەوە زیادە رەوی لەسەر کراوە و دوکانیان لەسەر دروست کردوە ، منیش پێم ووت بەسەر چاو مادام ئیستا ئیمە حکومەتمان هەیە و پەرلەمان و یاسامان هەیە ئەوا لەرێگای ئەوانەوە دەتوانین کێشەکە چارەسەر بکەین و بەتایبەتی قائیمقامی قەلآدزەش کە بەرێز کاك نادر قەلآدزەی یە و لە پۆستی خۆمانە ، پیکەوە ئەچینەلای و بزانین چی ئەکەین ، چوینە قەلآدزە و بارەگای قائیمقامیەت و لەوی بەهوی کاك نادرەوە داوای لیپرسراوی کۆمیتەی یەکیەتی مان کردو هات و بابەتەکەمان لەگەڵیا باس کرد کە پێکەوە چارە سەری ئەو کێشەیە بکەین ، هەردوولامان ریککەوتین لەسەر ئەوەی بنێرین بەشوێن دوکاندارەکاندا و قسەیان لەگەڵ دا بکەین و ناردمان و چەند کەسێکیان هاتن و بابەتەکەمان باس کرد ، وادیاربوو ئەوان نکولیان نەبو لەوەی هەر بریارێك بدەین ، ئیمەش وامان خستە روو کە ئەبێ شتێك بکەین کە بە زەرەری هیچ لایەك نەبێت ، پێشنیارێکمان کرد کە لایەکیان یان کاك علی دووکانەکان لەوان بکرێتەوە یان دوکاندارەکان زەویەکە لە کاك علی بکرنەوە ، ئەم کارەش لیژنەیکی پسپۆر جێ بەجێ بکات پاش رەزامەندی هەردوولایان ، هەردوولایان بە پێشنیارەکە رازی بوون و دوکاندارەکان داوایان کرد کە چەند رۆژێکیان مولەت پێ بدرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دوکاندارەکانی تر کە

ئامـادەنین قـسە بکـەن و پاشـان وەڵامـی قائیمقـام بدەنـەوە ، کۆنوسـێکمان لەسـەر ڕێکەوتنەکە نوسی و هەموو لایەکمان ئیمزامان کرد ، منیش زۆر تکام لە لیپرسراوی کۆمیتەی قەلادزە کرد لەبەر ئەوەی ئەو لییانەوە نزیکە لەم بارەیەوە هاوکاری بکات ، زۆر لەسەر ئەم کاتە تێ نەپەری من لقی١١ م بەجێ هێشت و وادیاربو شـەهید علـی جارێکی تر گەرابوەوە بۆ تەواو کردنـی کێـشەکە و ئـەو ئاکامـەی لێ کەوتـەوە کـە بـە بروای من ئەمە هۆکار نەبو بۆ دروست بونی شەرەکە بەلاْم کرایە هۆکار .

٤ ــ وەکـو لەسـەرەوە باسـم کـرد کـە شـەری نـاوخۆی نێـوان پـارتی و یەکیـەتی لـە ١٩٩٤/٥/٢ دەستی پێ کرد ، ئەو کاتە من لەماڵەوە بووم هیچ کارێکی حزبیم نـەبوو ، شەرەکە ناو شاری سلیمانیشی گرتەوە و من ناچار بۆ خۆپاراستن لە کوشـتن و گـرتن و سـوکایەتی پـێ کـردن هـەوڵی خۆشـاردنەوە و دەربـاز بـوونم دا لـە نـاو شـار چومە چەند شوێنێك هـەتا لـە شـوێنێکیان پەیوەنـدیم کـرد بـە هاورێیـانی حزبـی شـیوعی کوردسـتان و ئـەوانیش مەردانـە مـن و هـەورامانی کـورم کـە ئـەو کاتـە ئـەویش لیپرسراوی لقی سلیمانی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بو ، گۆیزرایـنـەوە بـۆ مەسیف سەلاحەالدین بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسـی ، پـاش چـەند رۆژێـك لـەوی مـن لەگەڵ بـەرێز کـاك عـارف تـەیفور نێـردرام بـۆ دەڤـەری هەڵەبجـە و بـەهۆی شـەرو و چۆڵ کردنی ناوچەکانی سنوری پارێزگای سلیمانی هەڤالاْن بە پەراکەنـدەیی روویـان لــەو ســنورە کردبــو ، تەشــکیلاتی لقــەکانی ٣و٤ تێــك چــوبوون ، لیژنەیــەکی سەرکردایەتی کردنی گشت هەڤاڵ و هێزەکانی بۆ ئەو سنورە بە ناوی سـەرکردایەتی کرکوك ـ سلیمانی پێك هینرا و منیش یەکیك بووم لە ئەندامی ئەو لیژنەیە ، کاری ئیمە یەکخستنەوەی هەڤالاْن بوو و پاشان لقەکان بە لقی ١٢ شەوە دروست کرانەوە و مەکتـەبێك بـەناوی مەکتـەبی سیاسـی٣ کـە سەرپەرشـتی لقـەکان و سـوپای ئـەکرد پێکهینرا و من لەو یدا بە لیپرسراوی بەشی ریکخستن کارم ئـەکرد ، لـە ١٩٩٤/٦/٢ وە هەتا مانگی ١٩٩٦/٩ لەوێ بووین و پاشان هاتینـە سـلیمانی و لەویـشەوە بـۆ هـەولێر ، کارەکانی ئەو دەڤەرە بەناخۆشترین کاتدا بەرێوە چوو ، هەمیشە لە شـەرو پێکـدادان

و هات هات و بەرگریدا بووین ، لە هەمووی ناخۆش تر ئەوە بوو لەویٚ ماڵو منداڵمان لەگەڵا بوون ، لە ساڵی ١٩٩٣ دا یەزدانی مەزن کچێکی تری پیٚ بەخشین و ناومان لێنا ( کیژان ) . هەورامانی کورم بۆ سەردانیکی سەرکردایەتی لاوان چوە مەسیف و لەوێوە نیازی چونە دەرەوەی کوردستانی کرد و چووە وولاتی ئەڵمانیا و ماوەیەکی زۆرلە ڕێگای چوونی لیی بیٚ هەواڵ بووین ، هەتا هەواڵمان زانی کە لە ئەسینای یونانە ، دایکی و بێسارانی برای بۆ قسە کردن لەگەڵی لە ڕێگای گوندی هانەگەرمڵەی پشتی بیارە چونە شاری مەریوان و لەوێوە بە تەلەفون هەندیٚ قسەیان لەگەڵدا کردبوو ، ئەو کاتە لە بارەگای پەیوەندیەکانی پارتی لەویٚ کاری ئەکرد ، ناخۆشیەکان زۆر بوون و زۆریش بەسەر مناڵەکاندا هاتبوو لە گرتن و تالاٚن کردن و ڕاکردن ، بەلاٚم ناچمە درێژەیان چونکە هەر لە ئیمە رووی نەداوە بەڵکو زوربەی خیزانەکان بەسەریان هاتوە ، ئەبیٚ لە یەزدان بپاڕێنەوە کە جارێکی تر ئەو کارەساتە ناخۆشانە نەبینینەوە . ئەوەی لەو ماوەیەدا کە لە هەڵەبجەدا بووین دڵخۆشی کردم ، چەند کارێك بوون کە لە خوارەوە باسیان ئەکەم .

أ ـ هەوڵمان دا کە بتوانین خزمەتێك بە شاری هەڵەبجە بکەین ، لەگەڵ ڕێگری بەرێوەچونی کارەکان ، باش بوو هەندی ئیش کرا ، وەکو : کۆنکرێت کردنی جادەی گشتی ناوبازارەکە و گۆرینی هەندی محاویلەی کارەبا کە تێکچوبون ، دروست کردنی حەوزی سەرەکی پرۆژەی ئاوی ناو شار و بەستنەوەی ئەو حەوزە بە ئاوی سەرچاوەی زەڵمەوە ، نۆژەن کردنەوەی چەند قوتابخانەو مزگەوتیك ، جگە لە هەوڵو کوششی برایانی لێپرسراوی ناوچەکە ، برای بەرێز کاك عمر حاجی عینایەت وەکو ئەندازیارێکی پسپۆر و شارەزا و هەست بە خزمەت کردنی شارەکەی ، مەردانە سەرپەرشتی ئەو کارانەی ئەکرد .

ب ـ من لەویٚ لە زۆربەی ئیشوکارەکاندا بووم ، لەوانە لێپرسراویەتی مەکتەبی رۆشنبیریم لە ئەستۆ گرت و یەکی لەو کارانەی لەم مەکتەبەدا ئەنجامم دا ، دەرکردنەوەی گوڤاری ( ئەزمر ) بوو کە کاتی خۆی لقی چوار لە شاخ دەریان ئەکرد

، ئەم گۆڤارە پاش راپەرین و لەگەڵ بوونی پێداویستیەکانی دەرچونی لە بەشداری کردنی نوسەری باش و بوونی چاپخانە ، تا ئەو کاتەی ئیمە لەو شوێنە پر لە ئاڵوزی و ناخۆشی و نەبونی پێداویستیەکانی کارەکە توانرابوو تەنها یەك ژمارەی لێ دەربکەن ، ئیمە بەهاوکاری چەند کەسانێکی رۆشنبیرو دڵسۆز توانیمان (١٠) ژمارەی تازەی لیی دەربکەین کە جێگای خۆشحاڵی و رەزامەندی گشت لایەك بوو .

ج ـ لەگەڵ باری ئاڵۆزو ناهەمواری ناوچەکە ، توانیمان دەورەیەکی رۆشنبیری بۆ نزیکی (٥٠) کادری لقەکانی ٣و٤و١٢وسوپای رزگاری بکینەوە و سەرکوتوانە لە ئاهەنگێکی جواندا ئاکامی دەوروکە راگەیندرا .



**(ساڵی ١٩٩٦/ئاهەنگی کۆتای هاتنی خولی رۆشنبیری لەهەڵبجە)**



( ساڵی ١٩٩٦/کۆمەڵێ قوتابی بەشدار بووی خولی رۆشنبیری لەگەڵ لێپرسراوانی خولەکە- هەڵەبجە)

٥ ــ لە مانگی ١٩٩٦/١٠ وە هاتینە هەولیر و بەپیی پەیوەندی کاری من سەر بە مەکتەبی سیاسی بووم ، داوام کرد لێیان کەمن ئیتر حەقی خۆمە بچمە پەرلەمان و ئەندامێکی ئەو پەرلەمانە بم ، بۆ ئەو مەبەستە هەولێکم دا بەلاّم سەری نەگرت ، سەرکردایەتی پارتی هەندێ ئالۆگۆری کرد و منیش یان دیاری کردبوو بۆ بەرپرسیاریەتی مەکتەبی ئیدارەی گشتی مەکتەبی سیاسی ، ئاگاداریان کردم و پۆستەکەم  لە مانگی ١٩٩٦/١١ وە وەرگرت ،



(ساڵی ١٩٩٧/هەڤالانی ئیدارەی گشتی مەکتەبی سیاسی — لەراستەوە - شێخ هۆمەر- سلتان ابراهیم — خۆم - کاک حسین - ئەقدەر عمر- عسمان بارزانی - لطیف سعید)

نامەوێت باسی خۆم بکەم کە لەو پۆستەدا چیم کردوە و چۆن کارەکانم بەرێوە بردوون ، ئەوە ئەهێڵمەوە بۆ هەڤاڵەکانم لەو ئیدارەیە و هەڤالانی تری مەکتەبە

ناوەندیەکان و بەرێزانی هەڤالأنی سەرکردایتی و هاوولأتیان و ئەوانەی هاتوو چۆی ئەویی یان کردوە وە یان کاریان لامان هەبوە ، هەزار شوکر بۆ یەزدان بە سەربەرزی ئەو ماوەیەی لەوی بووم هەتا ٢٠٠١/١٢/٥ بەسەر برد و دۆستایەتی و برایەتی باش و بەتینم لەگەلٚ چەندین هەڤالٚ و براو دۆستدا بەجێ گەیاند کە تا ئیستاش من هەر خۆم بە برایەکی ئەو هەڤالأنە ئەزانم ، بۆ مێژوو ناوی ئەوانەی شەو ورۆژە پێکەوە بووین ئەنوسم کە بەرێزان ( کاك سولٚتان ، کاك لەتیف ، کاك عوسمان ، کاك نەوزاد ، کاك مەلا قادر ، کاك حسین ، کاك شێخ عمر) جگە لەمانەش ، ئەوانەی پەیوەندی راستەوخۆمان لەگەلٚیان هەبوو ، برایان لە مەکتەبی جەنابی سەرۆك وجێگری سەرۆك ، مەکتەبەکانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ، مەکتەبەکانی دارای ، رێکخستن ، راگەیاندن ، و باقی ئەوانی تریش ، چونکە کارەکانمان هی بەرپرسیاریەتی نەبوو بەلٚکو کارکردنی برا لەگەلٚ برا بوو ، لە هەمووی گرنگ تر لای من ئەوە بو کە بەبێ دەنگ و ناو و ناتۆرە لەوێوە گوازرامەوە بۆ پەرلەمان . من نامەوێت لەسەر هیچ کاریکی ئەو پۆستەم باس بکەم ، چونکە جێگایەکە وا نیە باسی لیوە بکرێت ، هەر ئەوەندە ئەلٚیم کە خۆشحالٚم لەو ماوەیەدا هەستم بە هیچ نیگەرانیەك لەلایەن هیچ لیپرسراویکەوە نەکردوە بەرامبەر بە خۆم و کارەکانم بەلٚکو هەمیشە رێزم لی گیراوە و راکانم و پێشنیارەکانم بە هەند وەرگیراون ، دەمەوێت لە رێگای ئەم نوسینەمەوە سوپاسی یەکە بەیەکەی لیپرسراوان و هەڤالأنی تر بکەم بۆ ئەو رێزگرتن و گەورەیەی خۆیان بەرامبەر بە ئیمە بویان ، کاتێکی خۆش و گرنگیش بو بۆ من کە توانیم لەو ئاستەدا کارەکانم ئەنجام بدەم بەبی هیچ گلەیی و گازندەیەك ، بەراستی منیش نەبار بووم لەسەریان و نە داواکاریشم هەبو هەتا نارەحەتیان بکەم ، گواستنەوەشم بۆ پەرلەمان لەسەر داواکاری خۆم بوو ، هەڤالأنیش زۆریان پێ ناخۆش بوو ، بەتایبەتی هەڤالأنی مەکتەبی دارای بەرێز بە لیپرسراویانەوە (کاك رەمزی شعبان ) و یەکە یەکەی ئەندامانی تری ئەو مەکتەبەوە .

ئەوەی زۆر دڵخۆشی کردم چەند کارێك بو لە دەرەوەی کارەکەی خۆم کە توانیم بە سەرکەوتویی خزمەتێك بە خەڵکی بکەم ، ئەوانەش ئەم کارانەی لای خوارەوەن .
أ ـــ پەرلەمانی کوردستان بریارێکی پەسەند کردبو کاتی خۆی کە ماوەی پیشمەرگایەتی بە خزمەت بۆ ئەوانەی لە دامودەزگاکانی حکومەت کار ئەکەن هەژمار بکرێت و بە خزمەت بۆیان حساب بکرێت ، ئەم خزمەت حساب کردنەش پێویست بوو مەکتەبی سیاسی دیاری بکات و پاشان بدرێتە حکومەت بۆ جێ بەجێ کردنی ، داواکاری تاکو و ترا لەم بارەیەوە هەبوو ، بەڵام چونیەتی کارکردن بۆ ئەنجام دانی هەژمار کردنەکە دیاری نەبوو ، پێشنیارێکم بۆ شەهیدی سەرکردە کاك سامی عبدالرحمن کە ئەو کاتە بەرپرسی کارگێری مەکتەبی سیاسی بو کرد کە ئیمە وەکو وەفایەك بۆ خەبات و تێکۆشانی پیشمەرگەکانی هەردوو شورش ( ئەیلول و گولان ) بەڵکو ئەو بریارە بخەینە کاری جێ بەجێ کردن و چەند برگەیەکم دیاری کردبو بۆ دروست کردنی لیژنەیەك و فۆرمێکی تایبەتی و پر کردنەوەی لە لایەن لقەکانەوە و هەندی شتی تری پێویست ، رەزامەندی لیژنەی کارگێر بۆ ئەم مەبەستە وەرگیرا و لیژنەکە دروست بوو لە بەرێزان ( کاك حاکم أسعد و مامۆستا فۆاد حمەلاو و کاك محمد ئامێدی و بەندە ) لیژنەکەمان کەوتە کار و دەتوانم بڵێم کە زۆربەی کارەکانمان ئەنجام دا کە جێگای خۆشحاڵی گشت ئەوانە بوو کە خزمەتی پیشمەرگایەتیان هەبو ، ئەمەش بۆ من کارێکی گەورەو گرنگ بوو .
ب ـ بۆ کۆنفرانسی ناوچەکان لە ساڵی ١٩٩٩ بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ کۆنگرە ی ١٢ پارتی دیموکراتی کوردستان و بەمەبەستی دیاری کردنی ئەندامانی کۆنگرە و هەڵبژاردنەوەی ناوچەکان ، چەند کۆمیسیۆنێك ( لیژنەی ئامادەکاری ) دامەزران ، منیش لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی تری خۆشەویست کە ژمارەمان ( ٥ ) کەس بوین کۆمیسیونیکمان بۆ پێك هێنرابوو ، ئەتووت بۆ خۆمان یەکترمان دەست نیشان کردوە ، ئەوەندە باش و رێکوپێك بوو ، ئەم هەڤاڵانە بووین ( کاك محمد کەمال ـ د. سەلام خۆشناو ـــ کاك عمر نورەدینی ـــ کاك ئاراس حەسۆ میرخان ـــ بەندە )

هەرچەندە هەمومان وەكو یەك بووین بەلاْم بۆ مەبەستی بەرێوە بردنی ئەركی كۆمیسیۆنەكە هەڤالاْن منیان دەست نیشان كرد بە برا گەورەیان كە من هەمیشە بە برایەكی بچوكی ئەوان خۆم حساب ئەكرد ،



(كۆمسیونی هەڵبژاردن بو كۆنگرەی پارتی لەگەڵ سەرۆك بارزانی – لەراستەوە- عمر نورالدینی - محمد كمال - ئاراز حسو میرخان - سەرۆك بارزانی – خۆم - د. سەلام خۆسناو)

لیژنەكەمان هەر لە یەكەم رۆژ و یەكەم كۆبونەوەی خۆی بریارمان دا كە بە یەكسانی و بێ جیاوازی و بە شێوەیەكی دیموكراتیانە كارەكانی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەكان جێ بەجێ بكەین ، ئیمە خۆمان زۆر ماندوو ئەكرد بۆ سەركەوتنی ئیشەكە ، بەخۆشحاڵیەوە لە هەر كۆی گرنگ بویایە وەیان پیویستی بە زیاتر گرنگی دان بوایە ئەوا لیژنەكەی ئیمە دەست نیشان ئەكرا و بە سەركەوتویی كارەكان ئەنجام ئەدرا ، سەركەوتنمان مایەیی خۆشحاڵی خۆمان و لیژنەی بالاْش بوو جگە لەوەی كە چەندین یادگاری و دۆستایەتی تازەمان بۆ دروست بوو.



(سەرۆك و ئەندامانی لێژنەی باڵای هەڵبژاردن و کۆمسیۆنی ئێمەو ٣ پێشمەرگە کە یەکێکیان بێسارانی کورمە)

لــە کۆتــایی باســەکانی ژیــانم هــەر لــە منداڵییــەوە هــەتا ژیــانی قوتابخانــە و پێـشمەرگایەتی و ئـاوارەیی چـەند جارە ودوور خراوەییمـان بـۆ خـوارووی وولات و ژیانی فەرمانبەری و تێکەلاویمان لەگەڵ زۆر کەسانی جۆراو جۆر و کاری سیاسـی لـە چەندین شوین و لەگەڵ چەندین لێپرسراوان و کەوادروو وروبەروو بونـەوە لەگـەڵ هاووڵاتیـان و ئەوانـەی کاریـان بـە مـن هـەبووە ، هـەمووی بـە شـانازییەوە تەماشای ئەکـەم ، ئامـادەم لەبـەر دەم هـەر کەسـیك ، یـان هـەر کۆمـەڵیك ، ئەگـەر رۆژێـك لـە رۆژان غـەدرێك یـان تـەجاوزیك یـان خوانەخواسـتە نـا شـەرعییەکم بەرامبـەر بـە کەسێك کردبێـت ، یـان کەسـێك کاری بـە مـن بووبێـت و توانـای جـێ بـەجێ کـردنم بووبێـت و جێ بەجێم نەکردبێت ، بە پێ توانای خۆم هەرچیم پێ کرابـی هاوکاری

خەڵکم کردوە لە ناسراو و نەناسراو و ئەگەر گلەیەکیش هەبێت کە من پێ نـەزانم ، ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەڵێم کە ئەو کارە پـێم جێ بـەجێ نـەکراوە ، ئەمـە لەلایـەك . لەلایـەکی تـرەوە بەراسـتی بەباشـی ئـەزانم چـەند شـتێك هەیـە لـیرە باسـی بکـەم ، ئەویش ئەوەیە کە من هـەر لەسـەرەتای چونە نـاو کـاری شۆرشـگێریم و کـاری تـری وەك فەرمانبـەری و پەرلـەمانتاریم ، هـەمووی بـۆ هـەوڵ و خـەبات و تێکۆشـانی خۆمی دەگێرمەوە ، جگە لەوەی لەو کارانەدا دۆست و بـرا و کەسـایەتی تـرم ناسـیوە لە لیپرسراوان و ئەوانەی وەکو خۆم ، ئیتر بەو مانایەی کە کەسێکی لیپرسـراو وەکـو خـزم یـان دۆسـتم وەیـان هـەر پەیوەندیـەکی تـر هـەوڵی بـۆدابم و لەیـەکێ لـەو لیپرسراویەتیەی کە من کارم تیا کردون دایان نابم ، نەبوە ، چونکە هـیچ خـزمێکم لەو شوینانە لیپرسراویەتی نەبوە ، تەنها کەسێك کە من پشتم پێ بەسـتبێت ، خـۆم بووم وبەس و کردەوەکانم ، لەم کارانەشدا بەتایبەتی لـەم سـاڵانەی دوایـدا بـۆ هـەمو کارێك دەبیت کەسێك بناسی وەیان سەر بەیەکێکی بە دەسەڵات بیت ئەنجا کارەکانت بەریوە دەچی ، زۆر جار ئیمە داماوین بۆ ئیشێك بـە کـێ بڵـین بۆمـان جـێ بـە جـێ بکات ، هەر ئەمەش بوە زۆر جار لە دواوەی خەڵکی تردا بـووین ، جـا ئەمـەش نـەك هـەر لـەخۆم رووی داوە بـەڵکو کورەکانیـشمی گرتوەتـەوە ، بـۆ نمونـە هـەورامان لـە سـاڵەکانی ١٩٨٧ هـەتا ١٩٩٥ کـاری لـە ریزەکـانی فوتابیـان و لاوانـدا دەکـرد ، پلـەی لیپرسراویەتی گەیـشتە ئەندامیـەتی سـەرکردایەتی ئـەو ریکخـراوە و لیپرسـراویەتی پارێزگای سلیمانی ، بە ئاگاداری سەرکردایەتی خۆیان و پارتیش چوە دەرەوە ، جگـە لـەوەی کـە بـە شـێوەیەکی زۆر نـاخۆش گەیـشتە ئـەڵمانیا ، لـەوی دەسـتی بـە کـار کردنەوە کردەوە ، لەبریتی هاوکاری کردنی ، بەپیچەوانەوە هیچ گرنگی پـێ نـەدرا ، ناچار ئەویش وازی هینا و کەوتـە کـارکردن بـۆ ژییـانی خـۆی و هـەتا ئیـستاش هـیچ کەسێك ناپرسیت لیی لەکویە و چی ئەکات ، کەچی خەڵکی تر هیچیـشی نـەکردوە و لە هەندەرانە و لیرەش دایان مەزراندوە و زۆر شتی بۆ کراوە ، زەوی پێ دراوە و هەر کاتێ دیتەوە جێگاو ریگای دیاریە ، هەورامانیش ئەوە بۆ (٥) ساڵ ئەچێت سـەردانی کوردستانی نەکردوەتەوە ، چونکە ئەوەندە ئیمکانیەتی خـەرجی سـەفەرەکەی نیـە ،

مەریوانیش وا بە حسابی خۆی کادرە لە لقی ١٢ و ئەندامی مەکتەبە ، ئەم پلەی مەریوان دریژترین ماوەی هەیە لە ژیانی حزبایەتی دا ، چونکە لە ساڵی ١٩٩٣ وە کە لقی ١١ دامەزرا وە بە ئەندام مەکتەب وەرگیراوە ، هەتا نوسینی ئەم بیرەوەریە هەر ئەندام مەکتەبە ، بیساران فەرمانبەرە لە گومرگی سلیمانی ، چون دامەزراوە لە ساڵی ١٩٩٧ وە هەتا ئیستا هەر لەو شوینەی خۆیەتی ، زۆر دەترسم پاش ئەم هەندە رونکردنەوەیە کە تەنها بۆ مەبەستی ئاگادار بون بو نەك گلەیی ، پیّم بڵین سود مەند بووە ، من ئەو سودەی کە بەدەستم هینابی و حسابی بکەن لەسەرم کە سودمەند بووم ، ئەوا نایگۆرمەوە بە شەویّکی مانەوەی خۆم و خیزانم لە ئاوارەی و لە ناو خەیمەدا بە شەوانی زستانی ناو ئۆروگا و وەیان ئەو هەموو ماندو بون و دەربەدەری و ناخۆشیانەی کە هاتوەتە ریمان ، بۆیە ئەو سودمەندیە کە وەکو هەرکەسیّکی تری هاوەڵم بە من گەیشتوە ، زۆر بەبی ریّزیش تەماشای ئەکەم ، چونکە ئیستا سود مەند ئەو کەسانەن کە ساتیّك نە شۆرشیان کردوە و نە هیچ ئازاریکیان کیّشاوە ، بۆیە حەزم کرد باسیّك لەسەر ژیانی ئابووری خۆشم بکەم نەوەکو ئەوانەی کە من لە نزیکەوە ناناسن ، بزانن چۆن من باری ئابووریم بەریّوە بردوە و ئەوەی هەمە چۆنم پەیدا کردوە ، هەرچەندە ئەوەی من شتیّکی ئاساییەو زۆربەی کەسانی وەکو من زیاتریشی هەیە ، بەڵام هەر حەزم لیّیە باسی بکەم .



(ئاهەنگی لێژنەی ناوچەی مصیف سەلاحەدین)

١ ـ هەر لە منداڵیمەوە هەتا ساڵی١٩٦٤ ژییانی من لەسەر باوکم بووە ، هەستم بە کەموکوری نەکردوە لە ناو هاوەڵەکانمدا و بگرە لە زۆربەیان باشتر بووم ،

٢ ـ لە کۆتای ساڵی ١٩٦٤ وە کە بوومەتە پێشمەرگە ، هەتا ساڵی ١٩٧٠ جگە لە یەك جار یارمەتی بەشێوەی گشتی دابەش کراوە ، یارمەتی نەبووە و هەموو ئەرکی خواردن و پۆشاك و پێڵاو لە بارەگاکاندا هەبوە لەسەر حزب ، لە جەولەکانیشدا ئەو ئەرکە لەسەر هاووڵاتیان بووە چی لە گوند بوبێت یان شارو و شارۆچکە ، لە ساڵی ٩٧٠ وە یارمەتی بەیناوبەین دەدرا ، من لە ساڵی ١٩٧١ وە بومەتە فەرمانبەر و موچەی یاسای خۆم هەبووە ،

٣ ـ من لە ژییانی فەرمانبەریم چ وە کوو بەرێوەبەری شارەوانی وەیان فەرمانبەرێکی ئاسایی ، هەمیشە خۆم لە پارەی میزانییەی شارەوانی کە هەر ئەمە هەبوە ، پاراستووە ، مەگەر کەسێك دەست نەکەوتبی لە دەورووبەرم کە متمانەی پێ بکەم ، ئەگینا هیچ کاتێ پارەی حکومەتم لە ئەستۆ نەگرتوە و پێم خۆش نەبووە لام بێت ، بە راستی ئەمەش من هەموو ئەو فەرمانبەرانەی کە پێکەوە بووین ئەکەمە شاهید

٤ ـ پێش ئەوەی ببمە بەڕێوەبەری شارەوانی لە بیارە ، پارچە زەوییەکم لە خوالیخۆشبوو کاك شێخ ڕووف شێخ عوسمان نقشبەندی کری بە ٣٠ دیناری ئەوکاتە ، ئەویش ئاڵتونی دایکی مناڵانمان فرۆشت بووی ، خانویەکمان بە هاوکاری باوکم و صابیری برام لەسەر دروست کرد ، کە ڕاگوێزی خوارویی عیراق کراین خانوەکەمان فرۆشت و دوکانێکمان بۆ باوکم لە خوارووی عیراق پێ دانا ،

٥ ـ هەروەکو لەسەرەوە باسم کردوە ، کە من هاتمەوە بۆ سلیمانی لە خوارووی عیراق ، بە هاووکاری برایانم لە شارەوانیەکانی سلیمانی ، پارچە زەویەکم لە سەرچنار وەرگرت هەر چەندە شوێنەکەش زۆر باش نەبوو ، بەلاّم بۆ من زۆر گرنگ بوو ، چونکە هیچ شوێنێکم نەبوو ، بەهۆی وەرگرتنی دوو سلفەی عقار یەکی بۆ بنایەکە و یەکێکی تر بۆ ژێرزەمینی ، لەگەڵ هاوکاری هەندی لە خزمان ، توانیمان خانویەکی تا ڕادەیەك باش بۆ خۆمان دروست بکەین ، مەسرووفاتی تەواو بوونی نزیکەی (١١٠٠٠) دیناری تێچوو ، من ( ٩٠٠٠) دینارم بە سلفە وەرگرتبوو ، پاش پەیوەندیمان بە شۆرشەوە داگیر کران هەتا ڕاپەرین ، ئەگەر بە پێ بریاری فەرمی عەفو نەکرابین ئەوا ئەو قەرزەشمان لەسەر ماوە .

٦ ـ پاش ڕاپەرین لیژنەی ناوچەی چوارتا سەیارەیەکی داتسۆنی پیکاب یان بۆ کریم ، بە سوپاسەوە کە گویزرامەوە بۆ ڕانیە ، سەیارەکەیان لێ وەرنەگرتمەوە ، لە ڕانیە ئاڵوگۆرم پێ کرد ، هەندی پارەم خستەسەر ئاڵوگۆرەکە بە هیوای ئەوەی مەکتەبی سیاسی بەرێز بۆمان بگێرێتەوە ، کە داوامان لی کردن وەلاّمییان وابوو کە مادام پێشتر ڕەزامەندی ئەوان وەرنەگیراوە ڕازی نین بە سەرف کردنی ئەو پارەیە ، بۆخۆم پارەکەم قەرز کرد ، ئەو سەیارەیەش کە سۆپەرێکی ٨٢ بوو ، وابریار بو کە لە هەڵەبجە بووین بۆم بگۆرن بەلاّم نەگۆردرا ، کە هاتینە هەولیر سەیارەکەمان گۆری بە باجەرۆیەك ، هەتا چووینە پەرلەمان و هەندی باری ئابووری باش بوو ئەو کاتە توانیمان سەیارەیەکی تۆزی باش بکرین . خەڵکی زۆریان لەو سەیارانە کری بەناو ( علوج ) بەهەرزان بەلاّم من پێ ڕازی نەبووم لەو جۆرانە بکرم .

٧ ـ ماڵمان له هاوینەهەواری سەلاحەدین بوو له ساڵی ١٩٩٦ و ١٩٩٧ ، خانومان به کرێ گرتبوو ، کریی ئەوێش گران بوو ، موچەکەشمان نیوەی ئەدرایە کری خانوو ، مناڵەکانیش بەتایبەتی کچەکان لە قوتابخانە بوون ، وەکو باس ئەکرا دواناوەندی باش لە هەولیر هەبوو ، هەموو رۆژی ئەبوایە منالأن یان بۆ شت کرین یان بۆ سەردانی خزمان هاتوچۆی هەولیریان بکردایە ، لە ساڵی ١٩٩٨ منالأن ووتیان بۆ نەچینە هەولیر ، ئەو کریی یەی لیرە ئەیدەین ممکنە بە کەمتریش خانومان دەست کەوێ ، بیسارانی کورم و دایکی بە نیازی گەران بە شوێن خانوودا ، لە یەکی لە نوسینگەکانی گەرەکی برایەتی پێیان ووترابوو کە خانویەکی حکومی هەیە و نرخەکەشی بۆ فرۆشتن زۆر باشە بۆ نایکرن ، ئەوانیش پاش تەماشاکردنی و لێکدانەوەی لەگەڵ ئەو کرییەی لە مەسیف دەیدەین زۆر هەرزان بوبوو لایان ، ووتبویان بەیانی دێنەوە بۆ لاتان ، ئیوارە هاتنەوە و باسەکەیان بۆ من کرد ، ووتیان داوای ( ٣٧٠٠٠ ) دینار ئەکەن ، هەرزانە با بیکرین ، منیش رازی بووم و بەیانی چووم بۆ نوسینگەکە و قسەم لەگەڵدا براننەوە و بەڵینی ئەوەشم لیی وەرگرتن کە هی کەسێکی تر نەبێت ، من تاقەتی محاکەمەو محاکەمەکاریم نییە ، ووتیان هەمو شتی عائیدی خۆمانە ، ئەم خانوانە هی کەس نیە هی حکومەتن ، خانوەکەمان کریی و سوکە دەستکاریەکمان کرد لە چاکردنەوەی کارەبای و بۆیاغێك ، چوینە ناوی زۆر باش بوو لە کریی دان رزگارمان بوو ، ساڵی ٢٠٠١ هەندێك دەستکاری ترم کرد و دووژوری ترم لەسەرەوە بۆ کردەوە ، ئەم دەستکاریەشم بە پارەی خانویەکی بچوکمان هەبوو لە هەڵبجە لەگەڵ خانویەکی تر لە خانوە حکومیەکانی سەر رێگای عەینکاوە کە ناسرابوون بە عسکەریەکان ، ئەویش مناڵەکان کریبویان بە ( ١٣٠٠٠ ) دینار و کاتێ فرۆشتمان قازانجی باشی کرد و هاوکاریەکی بچوکی مەکتەبی سیاسیش ، هەروەها هەتا دەمانچەی خۆم و هەرچی هەبوو هەمومان فرۆشت هێشتا لەسەری قەرزارماینەوە ، ئەم خانوە لەگەڵ گشت خانوەکانی حکومی تر لە سنوری دەسەلأتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بریاری

تـەمليك كردنـی بـۆ دەرچـوو ، بریارەکـەش وابـوو کـە بـۆ ئەوانـە ئـەبێت کـە تیایانیشتەجێن ، لـە دوو لاوە کێشەم بـۆ دروست بـوو یـەکیکیان بـەبی ئـەوەی هـەر بزانـی ئـەو خـانوە لـە کوییـە لـە دائـیرە فـەرمانێکی دەرکردبـو بـە هاوکـاری بەرێوەبەرەکەی گوایە دراوە بەو ، ئەوی تر ، لە کاتی راوراوێنی هەردوو لایەنی پارتی و یەکیەتی ، چەند جارێك ئەم و ئەو چونەتە ناوی و رۆشتوون ، یەکی لەوانە داوای ئەکرد کە هی ئەوە ، بریاریش دەرچو وە بەناوی ئەوانە تەملیك ئەکرێت کە لە ناویدان ، من ووتم هیچ نالێم ئەو کارە بۆ حکومەت بەجێ ئەهیلم و ماوەیەکی زۆر بەهۆی ئەو نزاعەوە مایەوە و دوا جار بریارەکە لە بەرژەوەندی من دەرچوو ، پاش خانەنشین بوونم لە پەرلەمان موچەی شەش مانگی مۆڵەتیم وەرگرت بە پیی یاسا وەکو هەموو خانەنشینێك ، ئەو پارەیم جارێکی تر کردەوە تەعمیری تەواوی خانوەکە و تیبا دانیشتوێن .

٨ ـ من وەکو لەسەرەوە باسم کردوە تەنها لە ساڵی ١٩٨٠ دا لە سلیمانی پارچە زەویەکم وەرگرتوە ، پاش دروست بوونی حکومەتی هەریمی کوردستان ، دەست کرا بە دابەش کردنی زەوی بە ناونیشانی جوراو جۆر ، لەوانە سێ جۆریان شمولی منی ئەکرد ( ئەیلول ـ گولآن ـ کادر ) ناوم نە لە ئەیلول نە لە گولآن نەبوو ، ئەیان ووت ناووت لە لیستی کادران هەیە ، بەلآم تائیستاش بۆم مەعلوم نەبو ، کەچوومە پەرلەمان ، پێش ئیمە داوایان بۆ بەخشینی زەوی بۆ پەرلەمانتاران کردبو ، ناوی ئیمەش نیردرا بۆ زیادکردنی لەسەر ناوەکانی تر ، بە هەر حاڵ و پاش ئەوەی نەجاتمان بوو لە موستەفیدی بە ناو خانووم بۆ تەملیك کراوە ، پارچە زەویەکی ٦٠٠ مەتری لە نزیکی پارکی هەولێرم وەرگرت ، ئەو زەویەشم لە هاوەڵەکانی خۆم بەکەم تر فرۆشت لەبەر خاتری مناڵەکان کە لای من وابوو هەموویان پێویستیانە و دابەشم کرد بە سەریاندا و ئەوانیش هەریەکەو پێداویستی خۆی پێ جێ بەجێ کرد . ئیتر جگە لەمە من لە هیچ شوێنێك زەویم وەرنەگرتوە و ئەو زەویەش کە لە هەڵەبجە لەم دواییەدا مەریوانی کورم کردی بە خانو ، کاتی خۆی لقی ١٢ لە خاوەن زەویەکانیان کریبوو دابەش کرابوو لەسەر کادر و کەسوکاری شەهیدان ، دەستیان


بەسەردا گیرابوو لەگەڵ هەندی هەوڵدان بۆ گەراندنەوەیان بەو شێوەیە هەندێکیان وەرگیرانەوە و ئەوانی تر ماونەتەوە ، مەریوانیش وەکو هەموو مرۆڤێکی تر خاوەنی ماڵو منالّی خۆیەتی .

ئەمەی سەرەوە هەموو ئەو ماڵومولکەی منە کە بەو شێوەیە پەیدام کردوە ، من نامەوێت باسی هیچ کەسێکی تر بکەم ، ممکنە لە چاو زۆر خەلکی تردا من زۆر مەغدوربم ، بەلاّم الحمدولله چاوم لە هیچ شتێك نییە و هەمیشەش حەزم کردوە کە دەستی هەژاران و نەبوان بگیری و هاوکاری یان بکرێت . ئیستا بەو موچەیەی وەریدەگرین لە موچەی خانەنشینی ژیانی خۆمانی پێ بەریوەدەبەین و چاومان لە هیچ شتێکی تر نیە.

٩ _ من بەهۆی ئەوەی کە خیزانم کچە مامی خۆم بوو ، توانیم لەو رووەوە و بەهاوکاری ئەو هەمیشە درێژە بە خەباتی شۆرشگیری بدەم ، زۆر جاری وا هەبوە کە بۆ چەند مانگی نەمتوانیوە بگەرێمەوە ماڵەوە ، بەهۆی خۆراگری ئەو گویم نەداوەتی ، لەوەش گرنگتر ئەوەبوە کە لەهەموکاتێك لەگەڵما بوە لە خۆشی و ناخۆشی ، زۆر ئەزیەتی کێشاوە ، لەوەش گرنگتر هەمیشە قەناعەتی بە بوون و نەبوون هەبووە ، ئیدارەیەکی زۆر باشی بەریوەبردوە لە ماڵەوە ، بەراستی دایکێکی دڵسۆز بوە بۆ منداڵەکان و هەزار شوکر بۆ یەزدان کە تا ئیستا ئیمە و منداڵەکان بە هەستی بەرز و سەربەرزیەوە ژیانمان بەرێ کردوە ، هیچ کاتی کارێکی وای نەکردوە کە دڵمان لەیەك زویر بێت ، بە هیوای ئەوە تا دوا هەناسەمان بەهەمان شێوە تەواوی بکەین .

هەر وەکو لەسەرەوە باسم کردوە من یەکیك بووم لەو ( ١٠٠ ) پالێوراوەی پارتی بۆ ئەندامەتی پەرلەمانی کوردستان و لە رۆژی دروست بوونی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٢ و هەتا ساڵی ٢٠٠١ من هێشتا بەشداریم لەو پەرلەمانەدا نەکردبوو ، چەند ئالوگور کرابوو ، ناوی من باسی لێ نەئەکرا چونکی من بە کاری حزبی سەرقاڵ بووم و خۆشم هەولم بۆ نەئەدا ، لە ساڵی ٢٠٠١ بابەتی گۆرانکاری لە پەرلەمان دەنگوباسی پەیدا بوو ، منیش ئەمەم بە فرسەت زانی و داوام کرد کە لەو گۆرانکاریە دا دامبنێن ، داواکاریەکەم پەسەند کرا و بە پێ نامەی مەکتەبی سیاسی ژمارە ( ١٠٦٦ ) لە ٢٠٠١/١١/٢٧ بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ، ناوی ( ٨ ) هەشت

**کەس دیاری کرابووین بۆ جێگای ( ٨ ) هەشت ئەندامی پەرلەمان کە ماوەیەکی زۆر بوو لەوێ بوون و خانەنشین کران.**



ناوی ئەو هەڤالانەی کە پالێوراون بۆ ئەندامێتی پەرلەمان:


١ـ فاضل رؤف.
٢ـ حمه علی تۆفیق میرزا فتاح.
٣ـ انور شوکر محمد.
٤ـ نادر محمد قادر.
٥ـ فاتح محمد امین.
٦ـ حلیمه حسین محمد بارزانی.
٧ـ نیاز جمیل میران.
٨ـ مامەند عباس مامەند ئاغا.

لەگەڵ رێزماندا

وێنەیەک بۆ/
ـ بەڕێز جەنابی سەرۆک/بۆ ئاگاداری جەنابتان تکایە.
ـ بەڕێز سەرۆکایەتی فراکسیونی پارتیمان لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان/ بۆ ئاگاداری و ئەوەی پێویست تکایە.
ـ هەڤالانی پالێوراو- تێکۆشەر/ بۆ ئاگاداری و ئەوەی پێویست تکایە.

**(ناوی ئەو (٨) کەسەی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠١ نێردران بۆ ئەندامی پەرلەمان )**

لێرەوە ژییانی تازە کە باڵاترین شوێنی دەسەڵاتە دەست پێ ئەکات ، ئەمەش بۆ ئیمە پاش ئەو هەمووو خەبات و ماندوبوونە هاتوەتە ئاراوە ، ئەزمونێکی ترە کە پێویستە لە سەرمان زۆر بە رێکوپێکی بە ئەنجامی بگەێنین و بۆلایەنەکەمان و جەماوەریشی دەربخەین کە لەو ئاستەشدا دەتوانین بەردەوام بین لە خزمەت کردنی گەلەکەمان ، ئیمە بریارمان وایە کەچۆن هەمیشە لە خزمەتی خەڵکیدا بووین ، ئەبی لەم کارە تازەیەشدا بە هەمان شێوە و بگرە زیاتر هەوڵەکانمان بەگەر بخەین ، ئەوەی دڵخۆشی کردین ئەوە بوو کە ژیانی تازەمان جیاوازی زۆری لەگەڵ ژیانەکانی تر هەیە ، چونکە لەگەڵ یاساکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا کار ئەکەین و بۆخۆشمان لە ژیانی خۆماندا بەو ئاقارانەدا تێپەربوین ، بۆیە زۆر گرنگە بتوانین گفتوگۆ لەسەر ئەو یاساو بریارانە بکەین کە ژیانی ئیمەی مرۆڤی کورد کە بۆخۆمان دەسەڵاتی خۆمان بەرێوە ئەبەین پێ چاك بکەین ، من پێش تەواو بوونی دەورەی یەکەمی پەرلەمان بەهۆی بریاری هەڵبژاردنی تازە ، هەتا پێش ئەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی تازەش دیاری بکرێت وەیان بزانرێت کێ لە ئەندامە کۆنەکان لە لیستی تازەدا دەمێننەوە ، داوایەکم پێشکەش بە مەکتەبی سیاسی پارتی کە خاوەنی لیستی زەرد بوو کرد ، کە ئاڵو گوریك بکات لە نێوان ئەندامەکاندا ، چونکە هەندی ئەندامی یەدەك مابوون لە لیستی پارتی کە هێشتا نەهاتبوونە پەرلەمان ، داوام کردبوو کە من ئامادەم جێگای خۆم بدەم بەیەکێ لەوانە ، (ئەم داواکاریە چەند ئەندامێکی تریش کردیان ، هەندێکی پەسەند کران و هەندێکی تر مایەوە کە من مامەوە و پێشم خۆش نەبوو بەو مانەوە ، چونکە دەمزانی کە کاتی ئیمە تەواو بووە ،



KURDISTAN NATIONAL ASSEMBLY
ERBIL, KURDISTAN – IRAQ
NO.
DATE:

ئەنجومەنی
نیشتمانیی کوردستان عیراق
کوردستان ـ هەولێر
لیژنەی :
ژمارە :
بەروار :

بۆ / م. س پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقی بەرێز -
بەهیوای سەرکەوتنی فراکسیۆنی بەرێزەوە.

وەکو ئاگادارین کە هەندێ لەو هەڤاڵانەی کە لە لیستی پارتیماندا پاڵێوراو بوون بۆ ئەندامێتی پەرلەمان تائێستا نەتوانراوە بەشداری لە پەرلەمان بکەن. بە مەبەستی ئەوەی کە ئەوانیش بەشداری لەم پەرلەمانە بکەن ئەگەر بۆ چەند مانگێکیش بووە. پێمان باشە و داواکاریشمان وایە کە ئاڵوگۆڕ بکرێت وەک بە شەخسی خۆم ئامادەم کە جێگای خۆم بۆ یەکێ لەو هەڤاڵانە چۆڵ بکەم چونکە حەقی خۆیانە.

لەگەڵ رێزماندا

١٠
پەرلەمانتار
١٤ / ١٠ / ٢٠٠٤

(نامەی تایبەتی خۆم بۆ مەکتەبی سیاسی بۆ ئاڵو گۆڕ کردنی چەند ئەندامێکی تر)

## بەشی ـ حەوتەم ـ ( ژیانی پەرلەمانتاری )

مەبەست لە نوسینی ئەم ژیاننامەی پەرلەمانتاریم بۆئەوەیە کە باسێك لەو ئەرکو چالاکیانە بکەم کە من لەو ماوەیەی ئەندامی پەرلەمان بووم بەجێم گەیاندوە ، ئەم ژیانە تازەیە قوتابخانەیەکی ترە کەئیمە فێری چۆنیەتی مامەڵە کردن ئەکات لەگەڵ ریکخستنی یاساکانی بەرێوەبردنی وولأت لە لایەن دەسەلأتەوە ، دوور لە دیکتاتۆریت و فاشیزمی خەلکی تر لەسەر گەلەکەمان ، هەر چەندە چالاکیەکان لە دووتۆیی پرو توکۆلەکانی پەرلەماندا تۆمار کراون ، بەلأم ئەوانە هەموو کەس دەستی ناکەوێت ، بۆیە من لێرەدا ئەو چالاکیانەی خۆم کە لە پروتوکۆکاندا تۆمار کراون ئەیاننوسمەوە لەگەڵ هەندی چالاکی تری دەرەوەی کۆبونەوە رەسمیەکان ، هیوا دارم سودی هەبێت ، جگە لەمەش ئەمەی دەینوسم نە بە تۆمەت وەیان هیچ شتێکی تر لەسەرم حساب نەکرێت ، پاش کۆتای هاتنی دەورەی یەکەم ، دەورەی دووەم هەڵبژیردران لە مانگی ٢٠٠٥/٥ دا دەست بەکار بوون ، هەندێکیان کەووتنە تانوت لیدان لە پەرلەمانتارانی دەورەی یەکەم ، گوایە هیچیان نەکردووە و ئەمەی تازە دەتوانن هەموو شتێ بکەن ، وەیان کۆمەڵەکەیان و دروست بوونیان لەوان باشترن و چەندەها ووتەی تر ، من جگە لەمەبەستی سەرەوەشم ، بۆ ئەم مەبەستەش دەمەوێ وەکو ویژدان و خۆ ئارام و ئاسودە کردن ، باسێکی کورت لەسەر کۆی ئەو چالاکی و کارانەی پەرلەمانی کوردستان کردویەتی بخەمە بەر دەست ، چونکە ئەوەی من بۆ خۆم لەپاش ئەو کورتە باسە دەینوسم تەنها ووتەکان و چالاکیەکانی خۆمە و بەس ، ئەگەر لە رووانگەی گشت کارەکانەوە تەماشا بکرێت ، ئەوا ئەوەی من تەنها قەترەیەکی بچوکە لە ناو دەریایەکی گەورەدا ، وەکو نمونە چەند کارێکی گرنگی پەرلەمان لە ١٩٩٢/٦/٤ تا ٢٠٠٢/٦/٤ کە دەکاتە (١٠) ساڵ لەگەڵ ئەو باروودۆخە ناهەموارەی کوردستان ، دەخەمە روو کە پاش ئەمەش چالاکیەکان زیاتر بوون ،

بەتايبەتی پاش يەكگرتنەوەی گشت فراكسيۆنەكان كە خولی گواستنەوەيان پێك هێنا لە ٢٠٠٢/١٠/٤ تا كۆتای هاتنی دەورەی يەكەمی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٠٥ دا .

١ ـ ياسای پەيرەوی ناوخۆی پەرلەمان ، ژمارە (١)ی ساڵ ١٩٩٢ .

٢ ـ دەرچواندنی ياسايەك بۆ دروست بوونی ئەنجومەنی وەزيران و ياسای تايبەتی بە گشت وەزارەتەكان .

٣ ـ دەرچـواندنی بڕيارێـك بـە جـاردانی يەكيـەتی فيـدراڵی لـە نێـوانی هـەرێمی كوردستان و عێراق .

٤ ـ دەرچواندنی ياسای دەسەڵاتی دادوەری .

٥ ـ دەرچواندنی ياسای بەڕێوەبردنی شارەوانيەكان و پرنسيپی هەڵبژاردنی سـەرۆكی شارەوانی و ئەنجومەنەكان .

٦ ـ دەرچواندنی ياسای گەرانەوەی ماڵە دەست بەسەرا گیراوەكانی پێشمەرگە لەلايـەن حكومەتی ناوەنديەوە .

٧ ـ دەرچواندنی ياسای چاپەمەنی .

٨ ـ دەرچواندنی ياسای حزبەكان .

٩ ـ دەرچواندنی ياسای هەلگرتن و هەبوونی چەك .

١٠ ـ دەرچواندنی ياسای كۆمەڵەكان .

١١ ـ دەرچواندنی ياسای رێزلێنانی شەهيدان و ياسای دەزگای شەهيد .

١٢ ـ دەرچواندنی ياسای خوێندنی باڵا و كردنەوەی زانكۆكانی سليمانی و دهۆك .

١٣ ـ دەرچواندنی ياسای سرينەوەی شەرەف ( غسل العار ) .

١٤ ـ متمانەی داوەتە (٤) چوار كابينەی حكومەتی هەرێمی كوردستان .

١٥ ـ پارێزگاری لە مانەوەی خۆی كرد لە ماوەی شەری ناوخۆدا و شەرعيەتی بۆخـۆی هێشتەوە و بە شێوازی فەرمی ماوەی خۆی درێژە پێ دا تا هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ .

١٦ ـ تەنها لە ماوەی ١٠ ساڵی دياری كـراوی سـەرەوەدا ، پەرلـەمان (٣٠) ياسـاو بريـاری حكومـەتی ناوەنـدی راگرتبـوو ، كاريـان پـێ نەئـەكرا و لـە جێگايـان ياسـاو بريـاری

گونجاو كه لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی كوردا بێت دانراوە . (١١٨) یاسا دەرچووە . (١٧٨) بریار دەرچووە .

١٧ ـ بەهۆی بەرپا بوونی شەری ناوخۆ ، پەرلەمان لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵ و تێكوشانەی بۆ رێگرتن لەو شەرە و چارەسەری لە رێگای شەرعیەتەوە ، لە رۆژی ١٩٩٤/١٢/٢٣ وە ( ٥٩) ئەندام پەرلەمان لە هەر (٣) فراكسیۆن بە سەرۆك و سكرتێرەوە ، بۆماوەی (١٠١) رۆژ لە باڵەخانەی پەرلەماندا پەناگیر بوون و سوربوون لەسەر راگرتنی شەروو چارەسەر كردنی كێشەكان بە گفتووگۆ و گەرانەوەی شەرعیەت .

١٨ ـ پاش دەست بەكار بوونی خوڵی گواستنەوە لە ٢٠٠٢/١٠/٤ ، چەندین یاساو بریاری گرنگی پەسەند كردوە كە هەندێكیان پەیوەندی راستەوخۆی بە كێشە و ئایندەی گەلەكەمانەوە بووە ، بەتایبەتی لە كاتی پێش و پاش لیدانی رژێمی عێراق و روخاندنی ، لەوانە لە رۆژانی ٥ و ٢٠٠٢/١١/٦ ، هەردوو پرۆژە یاسای دەستوری فیدرالی هەرێم و فیدرالی عێراق ، گفتووگۆیان لەسەر كراو پەسەند كران . هەروەها یاسای هەڵبژاردن هەموار كرا . لەرۆژی ٢٠٠٢/١١/٦ بریارێك پەسەند كرا كە پەرلەمان چۆن كاروباری خۆی لەگەڵ هەردوو ئیدارەی كوردستان لە ماوەی خولی گواستنەوە بەرێوە ببات هەتا هەڵبژاردن یان یەكگرتنەوەیان . ئەمانەی سەرەوە كاری پەرلەمانی دەورەی یەكەم بوو تا ٢٠٠٢ پاش ئەمەش تا دوارۆژەكانی نزیك هەڵبژاردنی دەورەی دووەم لە ٢٠٠٥/١/٣١ بە رێكوپێكی كۆبونەوەكانی خۆی بەبێ موڵەت ئەنجام داوە و چەندین یاسا و بریاری گونجاو لەگەڵ بارودۆخی تازەی پاش رژیمی لەناو چووی صدام بەجێ گەیاندووە . هەموو ئەم كۆبونەوانە تۆمار كراون لە دووتویی (٣٤) كتێب بە ناوی پرۆتۆكۆل كە گشت یاساو بریارەكانی تیدا تۆمار كراوە .

ئەمانەی خوارەوەش ئەو چالاكیانەی خۆمن لە ژیانی پەرلەمانتاریمدا .

١ ــ رۆژی چوارشـەمە ڕێکـەوتی ٢٠٠١/١٢/٥ کاتـژمێر ( ١٠ ) سـەرلەبەیانی ئەنجومـەنی نیشتیمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەرێز د. رۆژنوری شاوەیس سەرۆکی پەرلەمان و بە ئامادە بونی بەرێز فەرسـەت ئەحمـەد سـکرتێری ئەنجومـەن ، دانیـشتنی ژمـارە (٢٣) ی خولی دووەمی ساڵی ٢٠٠١ی خـۆی بەسـت . بەرنامـەی کـاری ئـەو کۆبونەوەیـە بریتی بوو لە .

أ ــ ئامـادەبوونی ڕێـزدار وەزیـری نـاوخۆ بـۆ وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکانی ئەنـدامانی پەرلەمان .

ب ـ خستنەڕووی دەسـت لـەکار کێـشانەوەی چـەند ئەنـدامێکی بـەرێزی ئەنجومـەنی نیشتیمانی کوردستان .

ج ـ خـستنەرووی داواکـاری مەکتـەبی سیاسـی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ، لیـستی زەردی هەڵبژاردن بۆ قەبوڵ کردنی چـەند بـەرێزێك و گۆڕینـەوەی چـەند بـەرێزێك لە جیاتی ئەوانەی دەست لەکار دەکێشنەوە .

بۆ جێ بەجێ کردنی خاڵێ یەکەم ئیمە لە شوینی میوان دانیشتین هەتا خاڵی دەست بەکاری ئیمە هاتە پێشەوە .

سـەرۆکی پەرلـەمان بـەناوی خـوای بەخـشندەو مهرەبـان ، بـەناوی گـەلی کوردسـتان دانیـشتنەکەی دەسـت پـێ کـرد ، بـەرێز کـەریم سـنجاری وەزیـری نـاوخۆ وەڵامـی پرسـیارەکانی ئەنـدامانی پەرلـەمانی دایـەوە کـە لـە کۆبونـەوەی پێـشوو ئاراسـتەی کرابوو ، وادیار بوو لەو رۆژانەدا پەرلەمان سەرقاڵی لیپرسینەوە بـوو لـە وەزیرەکـان و پێش چونی ئیمە بۆ پەرلەمان هەندێك بانگ کرابوون ، وەزیـر کـاری خـۆی تـەواو کردو بەمەبەستی ئامادەکاری بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی ئـەو دوو خاڵـەی تـر سـەرۆکی پەرلەمان (١٠) دەقیقە پشودانی راگەیاند .

پاش پشودان کۆبونەوە دەستی پێ کردەوە و سەرۆکی پەرلەمان دەستی بەقسە کردن کرد .

بەرێزان بەردەوام دەبینەوە لەسەر کاروباری دانیشتنەکەمان ، خۆی خاڵی دووەم و سییەم تۆزی تێکەڵن دەبێ لەبەر مەسەلەی ( نیساب ) تۆزی زەبتی بکەین ، بۆیە بە دوو سێ وەجبە دەکەین بۆ ئەوەی دائیم نیسابەکەش هەبێت ، لەبەر ئەوە پێشەکی ئیستیقالەی بەرێزان دەخوێنمەوە .

بۆ / سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان .

بابەت / دەست لە کار کێشانەوە .

ئیمەی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ، ناومان لە خوارەوە نوسراوە دەست لە کار کێشانەوەی خۆمان رادەگەیێنین لە ئەندامیەتی ئەنجومەن ، چونکە ماوەیەکی زۆر تیپەر بووە بەسەر ئەندامەیتیمان ، بۆ ئەوەی رێگا بدریت بە بەرێزان ئەندامانی یەدەك بۆ ئەوەی دەوری خۆیان ببینن ، تکامان وایە داواکاریەکەمان بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی بەرێز بۆ بریار دان لەسەری ، لەگەڵ رێزو سوپاس بێ پایانمان . ( ناوەکان )

أكرم عزت نجيب ـ د. قيس دێوالی دۆسکی ــ حسين علی کمال ــ نهاد نورالدين ــ رقيب حسين مەلا ـ مەلا تەڵحە سعيد قرنی ـ د. سليم علی ملو ـ مامند محمد أمين بابکر .

پێش ئەوەی دەنگیان لەسەر بدەین هەقە ئیشارەت بەوە بدەین کە بەرێزان تاکو ئیستا لە ماوەی ٩ساڵ دەوری خۆیانیان بەرێکوپێکی بۆ چالاکی لە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان بردوەتە سەر و گورانکاری لە راستیدا شتێکی ئاساییە بە تایبەتی ئەگەر سەیر بکەین زیاتر لە ٩ ساڵ تێپەر بووە بەسەر دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان کە ئەندامانی پەرلەمان هەر یەکە سەر بە لیستی پارتێکن و ئەو لیستەش لە حەقیقەتدا تەنیا ٥٠ ئەندام نیە یان ٢٠ ئەندام نیە بەڵکو ١٠٠ ئەندامە ، لەبەر ئەوە مافێکی رەوای ئەندامەکانی تریشە کە نەهاتونەتە ناو پەرلەمان و نەبوون بە ئەندامی پەرلەمان و هیچ ماف و حقوقێکیان نییە تاکو ئیستا کە ئەوانیش رێگایان پێ بدرێت هەر لە رێگای لیستەکەی خۆیانەوە ببن بە

ئەنـدامی پەرلـەمان بـۆ ئـەوەی دەور لـە پەرلـەمان ببیـنن ، چـونکە لـە راسـتیدا جیاوازیەك لە نیوان هیچ کەسێك لە ئەندامانی ئەو لیستەدا نییە ، چونکە هەمویان جێگای متمانە و سیقەی ئەو حزبەن لەبەر هوو هۆکاری تایبەتی کەوای لی کردوون ئـەو بەرێزانـە شایـستەی ئـەوە بـن داخڵـی ئـەو لیـستەیە بـن و بـبن بـە ئەنـدامی پەرلەمان بۆیە ناویان لەوی ناونوس کراوە ، ئەمـە نـە لەبـەر مەبەسـتێکی سیاسـییە ونەلەبەر مەبەستی لادانە ، بەڵکو بـە مەبەسـتی گۆرانکاریـەکی ئاسـاییە لـە ناوەکـان روودەدات ، ئــەم رونکردنەوەیــەم بــە پێویــست زانــی و ئیــستا وەکــو باســم کــرد بەشێوەیەکی وا ناوەکان دەدەینـە دەنگـدان کـە هەمیـشە مەسـەلەی نیـسابەکەمان لـە ئارادابێت و نیساب لە دەست نەدەین ، بۆیە بەم شێوەیە دەست پێ دەکەین سێ سێ.

( مەسەلەی نیساب کە سەرۆکی پەرلەمان ئیشارەتی بۆ ئەکرد ، لەبـەر ئـەوە بـوو کـە پەرلـەمان لـەو کاتـەدا تـەنها ٦٢ ئەنـدام بەبـەردەوامی دەوامـی خۆیـان ئـەکرد ، ئـەم ژمارەیە کە لە نیوەی ئەندامان بە زیادەی یەك بەواتا لـە ٥٣ زیـاترە ، دانیـشتنەکانی پەرلەمان شەرعیە ، گورینی ٨ ئەندام ، ئەگەر پێکەوە ئیستقالە بکەن و بێنە دەرەوە ئەوا نیساب نامێنی هەتا ئەندامان دەنگ بۆ ئەوانە بدەن کـە تـازە دێنـە پەرلـەمان ، ممکـن بـوو یـەك تـا دوو ئەنـدامیش مۆڵـەتی فـەرمیان هـەبوبێت ، بۆیـە هانـای بـۆ مانەوەی نیساب ئەبرد و سێ سێ ئیستقالە و دەنگدانی لەسەر تازەکان ئەدا ) .

تکا لەو بەرێزانە دەکەم کە دەست لەکار کێشانەوەی بەرێز أکرم عزت نجیب پەسەند دەکـەن دەسـتیان بـەرز بکەنـەوە ، زۆر سـوپاس ، ئـەو بەرێزانـەی کـە دەسـت لـەکار کیـشانەوەی أکـرم عـزت نجیـب پەسـەند ناکـەن دەسـتیان بـەرز بکەنـەوە ، بـە گـشتی دەنگ دەست لە کارکێشانەوەی بەرێز کاك أکرم عـزت نجیـب پەسـەند کـرا ، تکـا لـەو ئەندامە بەرێزانە دەکەم کە دەست لە کار کیشانەوەی بەرێز نهاد نورالـدین پەسـەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە ، زۆر سوپاس ، ئەو ئەندامە بەرێزانەی کە دەسـت لـە کار کیشانەوەی بەرێزکاك نورالدین پەسەند ناکەن دەسـتیان بـەرز بکەنـەوە ، دەسـت لە کار کیشانەوەی کـاك نورالـدین بـە گـشتی دەنـگ پەسـەند کـرا ، تکـا لـەو ئەندامـە

بەڕێزانەدەکەم کە دەست لە کار کیشانەوەی بەڕێز ماموستا مەلا تەڵحە سعید قرنی پەسەند دەکەن ، دەستیان بەرز بکەنەوە ، زۆر سوپاس ، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە دەست لە کار کیشانەوەی بەرێز مامۆستا مەلا تەڵحە سعید پەسەند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە ، دەست لە کار کیشانەوەی مامۆستا مەلا تەڵحە سعید پەسەند کرا ، لیرە سێ یان تەواو بوو بۆ ئەم مەبەستەش نوسراوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەخوێنمەوە ئەویش لە راستیدا دابەش دەکەین .

بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی بەرێز

سلاّوێکی گەرم

نیشانە بە ماددەی ٤٤ لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموار کراو و بە مەبەستی گۆرانی ئەم بەرێزانەی ناویان هاتووە بۆ پرکردنەوەی شوێنیان بەم بەرێزانەی کە ناویان لە خوارەوە هاتووە پاڵیوراوی ئیمەن بۆ ئەندامەتی پەرلەمانی کوردستان تکایە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەوەی پێویستە ، ناوەکان ئەو بەرێزانە بوون کە خوێنمەوە ، ناوی ئەو هەڤالأنەی کە پالیوراون بۆ ئەندامەتی پەرلەمان ئەو بەرێزانەن .

١ـ فازیل رؤوف ٢ ـ حمه علی تۆفیق میرزا فتاح ٣ ـ أنوەر شوکر محمد ٤ ـ نادرمحمد قادر ٥ ـ فاتح محمد أمین ٦ ـ حلیمه حسین محمد بارزانی ٧ ـ نیاز جمیل میران ٨ ــ مامند عباس مامند أغا .

ئیستا تکا لەو بەرێزانە دەکەم کە وەرگرتنی بەرێز کاك فازیل رؤوف بە ئەندامی پەرلەمان پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە ، زۆر سوپاس ، تکا لەو بەرێزانە دەکەم کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە ، بە گشتی دەنگ کاك فازیل رؤوف وەرگیرا بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عیراق ، تکا لەو ئەندامە بەرێزانە دەکەم کە بوونی بەرێز کاك حمە علی تۆفیق میرزا فتاح بە ئەندام پەرلەمان پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە ، زۆر سوپاس ، تکا لەو بەرێزانە دەکەم کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە ، بەرێز کاك حمە علی

تۆفیق میرزا فتاح بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عیراق بە گشتی دەنگ .

( بەو شێوەیەی سەرەوە یەکەیەکە ئالۆگۆرەکان کۆتای پێ هات و ئەندامانی تازەش یەکە یەکە سوێندی یاساییان خۆارد بەم شێوەیەی لای خوارەوە ) .



( کاتی سویند خواردنم لەپەرلەمان )

بەناوی خوای گەورە و میهربان

من ـ حمە علی تۆفیق میرزا فتاح ـ

ـ( سوێند بە یەزدانی مەزن ، پارێزگاری لە گەل و خاکی کوردستانی عیراق و بەرژەوەندییە بالآکانی دەکەم )ـ
( پاش تەواو بوونی مەراسیمی سوێند خواردن سەرۆکی پەرلەمان بەردەوام بوو لە سەر قسە کردن ) .
بەرێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عیراق رێگام پێ بدەن بە ناوی هەمووتانەوە بە ناوی کوتلەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانیشەوە پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی بەرێزان کاك فازیل رؤوف ـ کاك حمە علی تۆفیق میرزا فتاح ـ کاك أنوەر شوکر محمد ـ کاك نادر محمد قادر ـ خاتوو حلیمە حسین محمد بارزانی ـ کاك د. نیاز جمیل میران ـ کاك مامند عباس مامند أغا ، پێرۆزبای گەرمیان ئاراستە بکەم بەبۆنەی وەرگرتنیان بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ، هیوادارم ئەوانیش وەکو ئەندامەکانی پێشوو کە ئیستا جێگایان گرتونەتەوە چالاك بن و دەوری دیاریان هەبیت بۆ پیشخستنی کاروباری ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عیراق و ئالآ هەلگری مەشخەڵی دیموکراتیەت و یاسا بن لە ناو هۆڵی پەرلەمان و دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان ، مایەیی شانازیمە بە شێوەیەکی تایبەتی پیرۆزبایی لە بەرێز حلیمە حسین محمد بارزانی بکەم ئەویش بەتایبەتی چونکە لەوانەیە کەم کەس مولاحەزەی ئەوەی کردبێت ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عیراق هیچ کەسێکی بارزانی نەبووە تا ئیستا ، هەرچەندە کە دەبوایە جێگای ئەو ناوچەیە زۆر دیار و ئاشکرا بوایە لە ناو ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ، بە حەق جێگای کورد و ئاشوورییە کە ئەمرۆ کۆبونەتەوە لێرە بە هەمان حەق جێگای دانیشتوانی ناوچەی بارزانە کە پێش هەموو شتێك بە خەبات و تەزحییەیان بەردی بناغەی ئەو ئەزمونە دیموکراتیەیان داناوە ، جارێکی تر پیرۆزباییتان لێ ئەکەم ، بەناوی هەمووتانەوە هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم ، زۆر سوپاس .



(وینەی خۆم و سەرۆکی پەرلەمان)

٢ ـ رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٠١/١٢/١١ کاتژمێر (١٠) سەر لـە بـەیانی ئەنجومـەنی نیشتیمانی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٢٥)ی خولی دووەمـی سـاڵی دەیـەمی بەسـت و بەرنامەی کاری بریتی بوو لە .

أ ــ خـستنەرووی دەسـت لـە کـار کیـشانەوەی ( د. قـەیس دیـوالی ) و خـستنە رووی داواکـاری مەکتـەبی سیاسـی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ( خـۆدان لیـستی زەردی هەڵبژاردن ) بۆ قەبووڵ کردنی ( فاتح محمد أمین ) بە ئەندامی ئەنجومەن و سویند خواردنی یاسایی .

ب ــ ئامـادە بـوونی رێـزدار وەزیـری کـشتوکاڵ و ئـاودێری بـۆ بەرچاوخـستنی چـالاکیەکانی وەزارەتەکـەی و وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکانی ئەنـدامانی ئەنجومـەنی نیشتیمانیی کوردستانی عیراق .

ج ـ ئاماده بوونی ڕێزدار وەزیری پیشەسازی و وزه بۆ بەرچاوخستنی چالاکیەکانی وەزارەتەکەی و وەلآمدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستانی عیراق .

( خالّی یەکەم جێ بەجێ کرا و پاشان خالیخۆشبو بەرێز ماموستا سعد عبدالله وەزیری کشتوکالّ و ئاودێری راپۆرتێکی تێرو تەسەلی لەسەر گشت چالاکیەکانی وەزارەتەکەی خۆیندەوە و پاشان سەرۆکی پەرلەمان داوای لە ئەندامانی پەرلەمان کرد هەرکەسی پرسیاری هەیە با ناوی خوی بنوسی ، منیش بۆ یەکەمین جار بوو کە ناوی خۆم نووسی و کاتێ سەرە گەیشە من سەرۆکی پەرلەمان ووتی فەرموون کاك حمە علی ) .

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن ، پرسیارێك و دوو پیشنیارم لە جەنابی وەزیری کشتوکالّ هەبوو ، بەلآم پرسیارەکەم خوشکە حەلیمە کردی ، پیشنیاری یەکەمم ئەوەیە ئەگەر لەمەو دوا بکرێت ئەو شەتلّە کۆرپانەی کە دەچێندرێن لە مەشتەلەکاندا بمیننەوە تاکو گەورە دەبن چونکە ئەو شەتلآنە زوو دەفەوتێن ، رەنگە ئەمەش هۆی کەم کردنەوەی ڕێژەی سەرنەکەوتنی دارەکان بێت .

پێشنیاری دووەمم هەندی شوێن کە شەتلّیان تیدا دەچێندرێت پاش ماوەیەك ئەو جێگایە دەبیتە ڕێگا یان بینا ی لەسەر دروست دەکرێت بۆیە پێشنیار دەکەم پێش چاندن گفتو گۆ لەگەلّ وەزارەتە پەیوەند دارەکانی وەك وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و وەزارەتی ئەشغال و وەزارەتی شارەوانیدا بکرێت ، سوپاس .



(وینەیەکی کۆبونەوەکانی پەرلەمان)

( پاش تەواو بوونی پرسیارەکان ، وەزیر دەستی بە وەڵام دانەوەی پرسیارەکان کرد و بەم شێوەیەش وەڵامی پێشنیارەکانی من دایەوە ) .

کاك حمە علی تۆفیق ، دەربارەی پێشنیارەکانی ١٠٠./. راستە ، تەبعەن ئیختیساسەکان کاك عەباس قەرەنی لێرە ئیختیساسی بو ، رەنگە باشتر لیی بزانێ ، بەنسبەت مەوزوعی شەتل ئیختیساسیەکان پییان وا بوو بچووك بوایە تەمەنی درێژتر دەبێت ، ئیمەش ئەوانەی کە حەزمان لییە خێرا گەورە بێت دەمانەویت گەورە بێت ، تەبعەن هۆی فەشەل بوونەوەی بە گەورە و بچووکی نییە ، هۆیەکەی وشکایەتییە ، نەزانینە لە چاندن ، پاشان هەندێك هەر دەمری یەعنی خەڵك دەبێت نیسبەی ژیان و لە دایك بوونیان کە ئینسان دایك و باوکی خۆی ئیهتیمامی پێ دەدات هەندێکی هەر دەمرێت ، ئینجا شەتڵیکی وا بێ خاوەن ، بەس تێبینیەکان لە جێگای خۆیان باشن .

٣ ــــ رۆژی یــك شــەممە ڕێكــەوتی ٢٠٠١/١٢/٢٣ ، كاتــژمیر (١٠)ی ســەرلەبەیانی ، ئەنجومـەنی نیـشتیمانی كوردسـتانی عـێراق دانیـشتنی ژمـارە (٢٧) ی خـولی دووەمـی ساڵی دەیەمی خۆی بەست و بەرنامەی كاری پێك هاتبوو لە .

أ ـــ ئامــادە بــوونی بــەڕێز وەزیــری پــەروەردە بــۆ بەرچاوخــستنی چـالاكییەكانی وەزارەتەكـەی و وەڵامدانــەوەی پرســیارەكانی ئەنــدامانی ئەنجومــەنی نیــشتیمانیی كوردستانی عیراق .

ب ـــ ئامــادە بــونی بــەڕێز وەزیــری ڕۆشــنبیری بــۆ بەرچاوخــستنی چـالاكیەكانی وەزارەتەكەی و وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی ئەندامانی پەرلەمان .

( وەزیــری پــەروەردە ڕاپــۆرتی وەزارەتەكـەی خۆێنـدەوە و ئەنـدامانی پەرلـەمانیش دەستیان بە پرسیارەكانی خۆیان كرد و منیش دوو پرسیارم هەبوو كە بـەم شـێوەیە بوو ) .

ئایـا سـەرەتای خوێنـدنیان ئـەو قوتابیانـەی كـە ئاسـتی خۆێنـدنیان بـەرزە پێـشتر خۆیندوویانە یان ئەو قوتابیانەی كە سەركەوتنیان بەدەست هیناوە بۆ قۆناغێكی تر گواسـتراونەتەوە یـان لـە پۆلـەكانیان جیـا دەكرینـەوە و ماوەكەشـی چەنـدە ؟ مـاوەی پشووی هاوینیان چـەندە كـە دەخـۆینن ئـەوە پرسـیارێك ؟ پرسـیارێكی تـر زۆر جـار كێشەی ئەو مامۆستایانە هەیە كە بۆ گوندەكانی دوور لە پارێزگا و قەزا و ناحیەكان دادەنرێن ، هەمیشە پەیوەندی نابێت یان كێشەیان ئـەبێت ئـەوەش ڕەنگـە زیـاتر لـە بارەی نەبوونی جێگا و ڕێگا بێـت ، ئایا وەزارەتی پەروەردە هیچ هەنگاوێكی ناوە بـۆ ئەوەی چەند خانووێك لەو شوینانە بكات ، بۆ ئەوەی مامۆستا تیادا نیـشتەجێ بـن ، زۆر سوپاس .

( ئـەم پرسـیارەی مـن لەسـەر ڕوونكردنەوەیـەكی وەزیـر بـوو گوایـە وەكـو ئـەزموون قوتابخانەیەكی سەرەتایی لە وەرزی هاوینە بۆ قوتابیـانی سـەركەوتوو كراوەتـەوە و وەڵامی وەزیر بۆ پرسیارەكانی من بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو ) .

کاك حمه علی تۆفیق پرسیاری ئەوە دەکات کە دەوامی قوتابخانەی سەرەتایی لە وەرزی هاوین و مینهاج . مینهاجی ئیمە وەکو مینهاجەکانی تر نییە ، تەرکیزی بەس لەسەر قەزایای لاسەفی دەکەین نەك یەك مەنهەج ، بەراستی تەرکیزی ئیمە لەسەر لایەنی پەروەردەیی ، یەعنی منداڵان فێری بابەتی ئەدەبی بکەین ، واتە فێر بێت چیرۆك بێژێت ، فێر بێت دووسەد قوتابیی لە گۆرەپانی قوتابخانە سرودێك بڵێن یان چیرۆکێك بێژن ، ئەوە لایەنەکە ، دووکتێبمان داینێ ، کتێبێك ئەمساڵ چاپمان کرد ، کە (٤٣) چیرۆکی منداڵانی تێدا هەبوو و ئەوی تر لە (١٠٠) شیعر زیاتر بۆ منداڵانی تیدا هەبوو ، دابەشی سەر قەتابخانەکانمان کردووە کە مامۆستا فێری گوتنی چیرۆك و شیعریان بکات ، لایەنێکی تر کەل و پەلی وەرزشی و کەل و پەلی مێنەشمان دابەش کردوە ، لە زۆر قوتابخانەکان ئەگەر ماموستامان دەست کەوتبێ ماموستای مۆسیقامان بۆدابین کردوون ، کە بۆ ئاهەنگێکە بۆ چەند سەعاتێك ، ئینشاالله لە ساڵانی داهاتوو باشتر ئەو کارانە ئەنجام دەدەین ، بۆ دروست کردنی خانوو بۆ مامۆستایان پلانمان داناوە بەتایبەتی لە گوندەکان ، چونکە دەبێت لە هەر گوندێك ئەگەر قوتابخانەمان دروست کرد دەبێت چەند خانوویەك بۆ مامۆستایان دروست بکەین ، بەراستی هەوڵی ئەوەمان داوە و ئیشارەتمان پێ کردووە .

( لە ٢٠٠٢/١/١ وە وە هەتا ٢٠٠٢/٣/١ پشووی زستانەی پەرلەمان بوو ، بۆیە لەو ماوەیەدا کۆبونەوەی نە ئاسایی و نە نائاسایی گری نەدرا بەلأم ئەندامانی پەرلەمان بۆ کارکردن لە رێگای لیژنەکانی پەرلەمانەوە دەوامی ئاسای خۆیان ئەکرد ) .

٤ ـ رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/٣/٢٧ ، کاتژمێر (١٠) سەرلەبەیانی پەرلەمانی کوردستان کۆبونەوەی ئاسایی خۆی گرێ دا و بەرنامەی کاری بریتی بوو لە یەك خاڵ .

بەرچاو خستنی بارودۆخی هەرێمی کوردستانی عێراق و گفتوگۆ لەسەر کردنی لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەوە ، لەبەر رۆشنایی وتارەکەی رێزدار سەرۆك مسعود

بـارزانی کـه لـه دانیـشتنی کردنـەوەی خـولی یەکـەمی سـاڵی یـازدەمینی ئەنجومـەنی نیشتیمانیدا له رۆژی ٢٠٠٢/٣/٢٥ دا .

به مەبەستی گفتوگۆ کردن ئەندامان داوایـان کـرد ناویـان بنوسـرێت ، منـیش دووەم کەس ناوم نوسراو حەووتەم کەس ڕێگام پێ درا قسه بکەم ، بەم شیوەیە دەستم پێ کرد .

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ، بەراستی له جێگای خۆیدا بـوو کـه هێـژا کـاك ( مـسعود بارزانی ) له رۆژی ٢٠٠٢/٣/٢٥دا ، لـەم هۆڵـەدا هەڵویـست و بـیرو بۆچـونی خـۆی لـەم کاتەدا لەسەر بارودۆخی کوردستان و عێـراق و دەوروبـەری ، بـۆ جـەماوەری خـەڵکی کوردسـتان و گـەلانی هاوبـەش لـەناو عێـراق و گـەلانی دەوروبـەری کوردسـتان و دەوڵەتەکانیان و رای جیهانی روون و ئاشکرا دەربـڕی ، هـەر بۆیـه پێویـسته لەسـەر پەرلەمانی کوردستان ئـەو هەڵویـسته بـوێر و ئازایانـه تـاوتۆیی بکـات و لەگـەڵ بـیرو بۆچوونی خەڵکی کوردستان بـەراوردی بکـات ، وەکـو نوینـەری راسـتەقینەی خـەڵکی کوردستان و پشتگیری لێ بکاو ئەو خاڵـه گرنگانـەی کـه پەیوەنـدی بەداخوازییـەکانی گەلەکەمانەوە هەیە باسی لەسەر بکرێت ، رەنگه هەندێکیشی وەکـو یاداشـتنامەیەکی بەپێز بـەناوی پەرلەمانـەوە بدرێتـه ئـەو جێگایانـەی کـه پیویـستن ، سـەرۆکی هێـژا چەند جارێك ئاماژەی به بریاره مەزنەکەی پەرلەمان کرد که بۆ چارەسەری کێشەی مافی کورد له کوردستانی عێراقدا که ئـەویش بـه شـێوەی فیدراڵیـه لـه چوارچـێوەی حکومەتێکی عێراقی فیدراڵی فره حزبیدا ، ئەو خاڵانەی کـه گـرنگن و کـه پێویـست دەکات پەرلەمان باسی لەسەر بکات بەرای من ئەمانەی خوارەوەن :

أ ـــ هـەر وەك سـەرۆك فـەرمووی ناوچـەی کوردسـتان یەکێکـه لـەو ناوچـانەی کـه چـاوەروانی ئـەوە دەکـرێ روداوی گـەورەی لێ روویـدات ، باسـەکەش ئەوەیـه کـه لـه عێراق بدرێت یـان لیـێ نـەدرێت ، وەڵامـی راسـتیش لای خـاوەن بریـاره ، مـادام ئـەم رووداوه پەیوەندی راستەوخۆی به چارەنووسی ئێمەوە هەیە ، چی وەکو کورد و چی وەکـو عێـراقیش ، پێویـسته لەسـەر پەرلـەمان بـۆ هـەر یەکـه لـەو دوو ئەگـەره لیـی

توێژینەوەی لەسەر بکات و بەپێ واقعی ئەو ئەگەرانە چەندین پلان و بیرو بۆچونی گونجاو و بریاری باش ئامادە بکات ، بۆ ئـەوەی لـەکاتی رووداوەکـەدا بتوانرێت کـاری تێدا بکرێت .

ب ـــ پێویـستە لەسـەر لیژنــەی یاسـایی پەرلـەمانی کوردسـتان هـەر لـە ئێـستاوە بەرنامەی دانانیی یاساکانی پێویست بۆ رووبەروو بوونەوەی رووداوەکان ئامادە بکات ، ئیتر ئەم یاسایانە پەیوەست بن بە مافی گەلەکەمان و گەلانی هاوبەش لـە عـیراق و کوردسـتاندا ، جـۆری پەیوەنـدی گـەلانی عێـراق لـە دەسـتورێکی عیراقـی تـازەدا بـۆ ئەوەی لەکاتی خۆی پەسەند بکرێت و کاری پێ بکرێت .

ج ـ پێویستە پەرلەمانی کوردستان چالاکانە و بەشـێوەی بـەرفراوان یاسـای فیـدراڵی کوردستانی عێراق بۆ جەماوەری خـەڵکی کوردسـتان زیـاتر روون بکاتـەوە لـە رێگـای ئەندامە بەرێزەکانەوە ، چونکە لای هەندی لایەن و کەسان ئەم بریـارە لاواز بـووە و خۆیانی لێ لائەدەن .

د ـ داواکـارین پەرلـەمانی کوردسـتان و حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان هەریەکـە بـە جیـا ، یـان بـە هاوبـەش وەفـد بـۆ چـەندین وولاّتـی دەوروبـەر و ئـەو وولاّتانـەی کـە پێویست بکات رەوانە بکەن ، هەتا بە شێوەیەکی باش هەڵوێـستی خـەڵکی کوردسـتان بــە دەوڵەتــەکان و گــەلانیان رابگــەینین ، یــان لەلایــەن پەرلەمانــەوە داوەت نامــە ئاراستەی نوێنەرانی ئەو دەوڵەتانە بکرێن کە سەردانی پەرلەمانی کوردستان بکەن ، زۆر سوپاس .



( وینەی کۆبونەوەیەکی پەرلەمان)

٥ ـ رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/٤/٣ ، کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی پەرلەمانی کوردستان کۆبونەوەی ژمارە (٣) ی خۆی گرێ دا بەم شێوەیەی لای خوارەوە .

( بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بریتی بوو لە یەك خالّ )

أ- باس کردنی سەفەرەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستانی عێراق .

وەفدێکی پەرلەمان بە سەرۆکایەتی سەرۆکی پەرلەمان و چەند ئەندامێکی تر سەردانی بەریتانیا یان کردبوو کە لە لایەن پەرلەمانی ئەو وولاّتەوە داوەت کرابوون ، سەفەرەکەیان لە ٢٠٠٢/٢/٥ وە دەستی پێ کردبوو ، سەرۆکی پەرلەمان زۆر بە درێژی باسیی ئەو سەفەرەو چاو پێکەوتنەکانیان کرد ، کە بەراستی زۆر گرنگ بوو بۆ ئەو کاتە ، پاش تەواو بوونی باسەکەی داوای لە ئەندامان کرد ، هەر کەسی

پرسیاری هەیە ناوی خۆی بنوسی و پاشان وەڵامی ئەدەمەوە ، منیش ناوی خۆم نوسی و بەم شێوەیە دەستم بە قسەکردن کرد .
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان . یەکەم پیرۆزبایی لەو سەفەرە سەرکەوتووەتان دەکەم کە بەراستی ئاکامێکی باشی هەبوو ، بێجگە لەو شتانەی جەنابت باست کرد بەدەست هاتی شتی باش لە سەفەرەکە ، ئەمرۆ لە رۆژنامەی برایەتی دیمانەیەك لەگەڵ ( تۆم کلارك ) کراوە ، کە سەرۆکی ئەو کۆمیتەیە لە (٤٠) ئەندامی پەرلەمانتاری بەریتانی پێکهاتوە ، بەراستی ئەوە جێگای خۆشحاڵیە و من وای دەزانم کە بەرهەمی سەردانەکەی جەنابتانە بۆ ئەوێ ، باس لە یەك دوو شت دەکات کە برادەران بۆیان هەیە بیخویننەوە لە رۆژنامە زۆر گرنگن ، یەکێ لەوانە باسی سەردانەکەیان دەکات بۆ ئێرە ، جا من لێرەدا دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە پێویستە بەراستی ئێمە بەشێوەیەکی بەرفراوان پێشوازی لەو وەفدە بکەین کە دێنە کوردستان و بتوانین ئەوەی لەلای هەمووومان هەیە بۆیان باس بکەین و ئەو شوێنانەی کە پێویستن ئەوان بیان بینن ، وەکو ئەوەی جەنابت فەرمووت لە قسەکاندا کە ئێمە وەزعمان چۆنە و بە چ شێوەیەکە ، دیارە بۆخۆشیان بە پێ ئەو دیمانەیە حەزیان لەوەیە کە ئەو شوێنانە ببینن ، ئەو کەسانە ببینن کە پەیوەستن بە چارەسەری کێشەی ئێمە و زۆر سوپاس .
پاش تەواو بوونی پرسیارەکان سەرۆکی پەرلەمان بەم شێوەیەی لای خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە ، لە وەڵامی ووتەکانی من ووتی :
( زۆر سوپاس بۆ کاك حمە علی تۆفیق ، هەندێکیان پێشنیار بوو ، تێبینیەکان دیراسەت ئەکەین و پرسیارەکانیش وەڵام دەدەمەوە ) ، لە نێوان قسەو و وەڵامەکانی هەندێ لە وەڵامەکانی منیش هاتن ، لەوانە .
( ئەوانەی لەو لیژنەیەن ئەوانەن کە هاتوون سەیری ئێرەیان کردووە ئەوانەن کە لێرەوە ئیتیسالیان پێ کراوە ئەوانەن کە موتابەعەی قەزیەی کوردی دەکەن ئەمانە هەمووی عاملێ بوون کە ئەو ئامادەکارییەی کردووە تا ئەم لیژنەیە دروست بێت ،

له راستیدا لیژنەیەکی زۆر گرینگە و پێویستە ئێمەش لێرە پشتگیرییان لێ بکەین ئیهتیمامی زیاتریان پێ بدەین ، زانیاری تەواویان بدەینی چی هەیە لێرە چی نییە چی دەکری چی ناکرێت دەنگی خۆمانیان پێ بگەینین و بەرنامەیەکی باشیان بۆ دابنێین ، کاتی سەردانمان بۆ ئەوی ، سەرۆکی لیژنەکە خۆی ( تۆن کلارك )ە چەند جارێك هاتووە بۆ ئێرە تەبیعی ( تۆن کلارك ) یش یەکێکە لەو شەخسیەتانەی کە ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیە و ئەندامی حزبی کرێکارانە ، ئەندامی حزبی حاکمە ، دەنگی دەگات بە سەرۆك وەزیران و خۆی دکتۆرە بەلاّم موهتەمە بەلایەنی رۆشنبیری تەندروستی و شوێنەوار و چی دەکرێت بۆ خەلك ، مرۆڤێکە لەراستیدا لەوانەی ئەو سیاسەت مەدارانەی کە لە بەریتانیان بەراستی موحتەرەمە و مەرکەز و مەکانەتێکی دیاری هەیە ، باسی موقابەلەی هینبلایەتی کرا کە لەگەلّ یانیوهین کردوویەتی ، برادەری خۆی کە لەوێ شێرکۆ حەبیب موقابەلەیەکی لەگەلّ کردبوو لە برایەتی بلاّوکراوەتەوە ، باسی لیژنەکەی بەتەفسیلی دەکات بۆ زانیاریتان ئەگەر بیخۆیننەوە خراپ نییە ) .

٦ ـ رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/٤/٤ ، کاتژمێر (١٠) سەرلە بەیانی پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٤) خولی یەکەمی سالّی یازدەهەمی خۆی دەست پێ کرد و بەرنامەی کاری بریتی بوو لە سێ خالّ .

أ ـ پێش چاوخستن و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بریاری دەسەلاّتدان بە بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، کە لێبوردنی تایبەت بە حوکمدراوەکان دەر بکات .

ب ـ بەرچاو خستنی پێك هاتەی لیژنەهەمیشەییەکانی ئەنجومەن ، تا رەزامەندی ئەنجومەنی لەسەر وەربگیرێت .

ج ـ بەرچاو خستن و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسایەکی تایبەت بە حوکمەکانی یاسای سزاکان .

( خالّی یەکەم پاش گفتوگۆیەکی زۆر بریارەکە پەسەند کرا و ئەنجا خالّی دووەم دەست پێ کرا کە بەهۆی ئەو گورانکاریەیی کە ئیمەی پێ بووینە ئەندامی پەرلەمان

، لیژنـەكان كـەموكووری پەیـدا كردبـوو بۆیـە پێویـستی بـە ئـاڵوگۆڕ ئـەكرد ، ئـەوان بریاریان دا كە جارێكی تر گشت لیژنەكان پێك بهێننەوە و مـن لـەم ئـاڵو گۆڕەدا لـە دوو لیژنــە دانــرام ، یەكـەم بوومـە ئەنـدام لـە لیژنــەی كاروبـاری دارای و ئـابووری ، دووەم بە ئەندامی لیژنەی شـارەوانیەكان و گواسـتنەوە و گەیانـدن ، گـشت لیژنـەكان یەكەیەكە خرانە دەنگدانەوە و پەسـەند كـران ، بـۆ هەڵبـژاردنی سـەرۆك و جێگـر و بریاردەر ، هەر لیژنە بۆخۆی هەڵبژاردنی كرد و منیش لەلیژنەی دارایی و ئـابووری هەر بە ئەندم مامەوە و لە لیژنەی شـارەوانیەكان و گواسـتنەوە و گەیانـدن بـە هـۆی شارەزاییم لەو بوارەدا بە بریاردەری لیژنە هەڵبژیردرام ) .

٧ ـ رۆژی سـێ شـەممە رێكـەوتی ٢٠٠٢/٤/٩ ، كاتـژمێر (١٠) سـەرلەبەیانی پەرلـەمانی كوردستان دانیشتنی ژمارە (٥) خولی یەكەمی ساڵی یازدەهەمی خۆی دەست پێكـرد ، بەرنامەی كاری بریتی بۆن لە :

أ ـ خـستنە روو و گفتوگۆ كردنـی پـرۆژەی بریـاری تایبـەتی بـە غیـابی فەرمانبـەرو دابرانی لە وەزیفەكەی ، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار كراوە .

ب ـ خستنە روو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی بریاری دەركردنی دابەشـنامەی شـەرعی و وەفاتنامە بۆ كەس وكاری شەهیدان لە دەرەوەی هەرێم و لەناو حكومەتی مەركـەزی نیشتەجێن ، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار كراوە .

ج ـ خستنە روو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی بریـاری تایبـەتی بـە دابرانـدنی كتێبخانـە گشتییەكان لە وەزارەتی ناوخۆ / ئیدارەی محەلی و لكاندنیان بە وەزارەتی رۆشـنبیری ، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار كراوە .

د ـ خستنە روو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی هەموار كردنی یەكەمی یاسـای ژمـارە (١٨) ی ساڵی (١٩٩٩) یاسای خانەنشینی پارێزەرانی كوردستان ، كـە لـە لایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانەوە پێشنیار كراوە .

هـ ـ خـستنە روو و گفووگـۆ كردنـی پـرۆژەی یاسـای یەكیـەتی مامۆسـتایانی هـەرێمی كوردستانی عێراق ، كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار كراوە .

( بڕیاری تایبەت بە غیابی فەرمانبەران خوێندرایەوە کە بەم شێوەیە بوو : أزأ انقتع الموزف عن دائرته بدون عزر مشروع لمده سلاسين يوما خلال السنه التقويميه سوا كان الانقتاع بصوره مستمره أو متقتعه ، يعتبر مستقيلا : دەرگای گفتووگۆ کرایەوە و منیش داخلّی گفتووگۆ کە بووم بەم شێوەیە ) .

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان : بەنیسبەت ئەم خاڵەی ئیختار ، ئیختار شتێکی زۆر زەرورییە کە هەبێت لە هەردوو حالەتەکەدا چونکە بە تایبەتی حاڵەتی ئینقیتاعی موتەقەتیعەکە ، یەعنی من پێشنیار ئەکەم کەوا (١٥) ڕۆژ دابنرێت بۆ ئیختار ، جاران (٧) ڕۆژ بوو با ئیستە ببێتە (١٥) ڕۆژ بۆ ئەوەی ئەو فەرمانبەرە بەڵکو حاڵەتێکی ئیستیسنائی وای هەبێت کە نەتوانێت مەسەلەن یان ئاگای لە غیاباتەکانی خۆی نەبێت چونکە غیابات هەندی جار (٣) ڕۆژ ئەروات دوای ئەگەڕێتەوە ، ڕاستە غیابی بوو قەتعە ڕاتب دەکرێت بەلاّم چونکە مەحسوبە بۆ ئەوەی مانگەکە تەکمیل بکات و ئیعتیبار بکرێت بە موستەقیل حەق وایە ئینزارێکی پێ بدرێ لە (١٥) ڕۆژی یەکەم و پیێ بوترێت کە تۆ (١٥) ڕۆژت تەواو کرد ، (١٥) ڕۆژی نێوەی دوایی تۆ موستەقیلی ، زۆر سوپاس .

وەلاّمی ئەندامان لەلایەن سەرۆکی لیژنەی یاسایی درایەوە ، وەلاّم بۆ ووتەکانی من بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو ،

کاك علی فەرمووی (انزار) لەوێ بۆخۆی هاتۆتە ئیختار ئەوانە غایەیان ئەوەیە مەسەلەی ئیختار نەمێنێت مەسائیلی تەوبیخ گرانە ئەگینا ئیختار هەیە ئەگەر کابرایەك (٧) ڕۆژ غائب بێت ڕەئسەن سەرۆکی فەرمانگە حەقی هەیە ئیختاری بکات بەپێ یاسای کۆن پیویست نییە ئیمە لیرەدا دووبارە ناوی ئیختار بهێنینەوە خۆ یاساکەی پێ ناوێت ئەگەر مەسائیلی ئیختارە (٧) ڕۆژ حەقی هەیە و پاش (٧) ڕۆژ دێتەوە بەس یەك خاڵ هەیە لێرەدا ساڵی ڕۆژ ژمێری هاتووە لەسەر ئەو ئەساسە هاتووە مەسەلەن (٣) ڕۆژ غائیب بوو دوایی بێتەوە بۆ دەوام دوای (٣) ڕۆژی تر غائیب بێت دەکا فەرمانبەرێکی موستەهتیر بەرای من فەرمانبەرێك بەوشێوەیە

موستەهتر بێت (٣) رۆژ بێت و دوای نەیـەت دوای رۆژێکـیش بـە کـەیفی خـۆی بێـت ئـەوە حـەق نییـە فەرمانبـەر وابێـت پیویـستە فەرمانگـە بـەجێ نـەهێڵێت بـەبێ موافەقەتی سەرۆکی فەرمانگەی خۆی یان بـەبێ ئیجازە ، یـان عـوزرێکی مەشـروعی هەیە بـە تەلـەفۆن ئاگاداری دەکا ، وەسـائیلی پەیوەنـدی هەیـە و زۆرە تەلـەفۆن بـۆ برادەرێـك دەکـا جـا لەبـەر ئـەوە بـەرئی مـن یاسـاکە زۆر بـاش هـاتووە (٣٠) رۆژ فەرمانبەرێك بەبێ موڵەت غائیب بێت چ بە پچر پچری لە ماوەی ساڵێك بۆ خۆشـی حەقی ساڵێك موڵەتی هەیە بەرئی من ئیعتیبار بکرێت بە موستەقییل خراپ نییە.
( ئەم بریارە پاش گفتووگۆ یەکی زۆر وەکو خۆی خرایە دەنگدانەوە و من دەنگم بـۆ نەدا بەلاّم بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا . هەروەها باقی خاڵەکانی تریش گفتووگۆ یان لەسەر کراو پاش دەنگدان لەسەریان پەسەند کران ) .
٨ ـ رۆژی چوارشـەممە رێکـەوتی ٢٠٠٢/٤/١٠ پەرلـەمان دانیـشتنی ژمـارە (٦) ی خـۆی دەست پێ کرد ، بەرنامەی کاری بریتی بوو لەم خالآنە :
أ ـ خـستنە رووی زیـاد کردنـی ئەنـدامانی دیکـە بـۆ ئـەو لیژنـە پەرلەمانییانـەی کـە بەپیێ بریاری ژمـارە (٢) ی رۆژی ٢٠٠٢/٤/٦ پێـك هێنـراون و وەرگرتنـی رەزامەنـدی ئەنجومەن بۆ ئەو زیاد کردنە .
ب ـ خستنە روو و گفتووگۆ کردنی پـرۆژەی یاسـای یەکیـەتی مامۆسـتایانی هـەرێمی کوردستانی عێراق ، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە .
( خاڵی یەکەم زیاد کردنی ئەندامان بـۆ لیژنـەکان کـران و بریـاری لەسـەر وەرگـیرا . دەست کرا بە خوێندنەوەی یاسای یەکیـەتی مامۆسـتایان و گفتووگـۆ کـردن لـە سـەر مادەکـانی ، لـە مـادەی ( چـوار ـ یەکـەم ـ خـاڵی /٩ ) مـن مداخەلەیـەکم هـەبوو کـە نەصیی خاڵکە بەم جۆرە بوو : (التعاون و تتویر العلاقات مـع النقابـات و المنزمـات و الاتحادات و الجمعیات المهنیـە والجماهیریـە داخـل الاقلـیم و خارجـە ): مـن داوام کـرد خاڵەکە بەم  شێوەیەی لێ بێـت : (التعـاون و تتـویر العلاقـات مـع النقابـات والمنزمـات والاتحـادات والجمعیـات المهنیـە والجماهیریـە داخـل الاقلـیم ــ والعـراق ــ و خارجـە) .

سەرۆكی پەرلەمان لە وەلآمی داواكەم ئیشارەتی بە خاڵی (١٠) دا كە ئەڵی ( تمتین العلاقه مع المعلمین فی بقیه أنحأ العراق ) .

٩ ـ رۆژی یەك شەممە رێكەوتی ٢٠٠٢/٤/١٤ پەرلەمان دانیشتنی ژمارە (٧) ی دەست پێ كرد ، بەرنامەی كاری تەنها یەك خاڵ بوو .

أ ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنە روو و گفتووگۆ كردنی پرۆژەی یاسای یەكیەتی مامۆستایانی هەرێمی كوردستانی عێراق .

لە دانیشتنی ژمارە (٦) دا چوار مادەی یاساكە پەسەند كرابوون ، لە مادە پێنجەوە دەست بە گفتووگۆ لەسەر یان كرا ، لە مادەی هەشت دا من پێشنیارێكم بۆی هەبوو ، كە بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو .

مادەكە خۆی ئەڵی ( یشترت فیمن ینتخب رئیساً للاتحاد أن یكون من مواتنی ألاقلیم وله خدمه لا تقل عن خمس عشر سنه ) پێشنیاری من بەم شێوەیە بوو .

بەرێز سەرۆكی پەرلەمان ، من پێشنیار ئەكەم بۆ ئاخیری ئەو جوملەیە رابردوی پاك بێت ، ئیزافە بكرێت ، ئەو كەسەی كە خۆی هەڵدەبژێرێ بۆ سەرۆكایەتی یەكیەتی مامۆستایان رابردوی پاك بێت ، بۆی ئیزافە بكرێت ، زۆر سوپاس .

سەرۆكی پەرلەمان وەلآمی ئەندامانی سپارد بە لیژنەی یاسایی پەرلەمان و سەرۆكی لیژنە بەرێز كاكە رەش محمد نقشبندی وەلآمەكانی دایەوە و لە وەلآمی پێشنیارەكەی من ووتی .

( ئەوەی بەرێز كاك حمە علی تۆفیق فەرمووی رابردووی پاك بێت ، تەبعەن ئەو پیاوە مەندووبە دێتە ناو موئتەمەر (٤٠٠) یان (٥٠٠) مامۆستا ئەگەر نەیانتوانی تەقدیر بكەن كابرایەك خۆی تەرشیح دەكات رابردووی پاك نیە دەنگی دەدەنێ؟ وەللاهی حەقە رێزی ئەو دەنگدانە بگیرێ ، ئیمە رامان وابێت دەبێت رابردووی پاك بێت ( ٥٠٠) مامۆستا لەناو هۆڵ نەتوانێ تەقدیری ئەوە بكات ئەو مامۆستایە رابردووی پاكە و بە كەڵك نایێ ، یەعنی حەقە ئەو (٤٠٠) مامۆستایە یان ئەو (٥٠٠)

مەندوبەی کە تەمسیلی ( ٢٧٠٠٠) کەس دەکەن حەقە ڕێزی ئەو رایە بگرن ، مادام کابرایەکی ناپاکیان پێ باش بێت ، بەس دەبێت یەکیکی پاك هەڵبژێرن ) .



(وینەیەکی کۆبونەوی پەرلەمان)

١٠ ـ رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/٤/١٥ ، پەرلەمان دانیشتنی ژمارە (٨) خۆی دەست پێ کرد ، بەرنامەی کاری بریتی بوو لە .

أ ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای یەکیەتی ماموستایانی هەرێمی کوردستان .

ب ـ خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ ( یاسای خانەنشینی پارێزەرانی کوردستان ) کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە .

( لە نێوان گفتووگۆکانی باقی فەسڵ و مادەکانی یاسای یەکیەتی ماموستایانی هەرێمی کوردستان ، کە لەم دانیشتنەشدا بەردەوامی هەبوو ، گفتووگۆ لە سەر

فەسڵی چوارەم ( ماليه الاتحاد ) زۆر بوو چونكه هەندی برگەی تازەی بۆ دیاری كرابوو ، هەر چەندە ئەم یاسایە زیاتر پەیوەندی بە چیینی مامۆستایانەوە بوو ، بەلاّم هەندی جار هەندی لە ئەندامانی تریش داخلّی گفتووگۆ یەكە دەبوون ، منیش لەم فەسڵەشدا كە دوایین كەس بووم بۆ قسە كردن بەم شێوەیە داخڵ بووم ) .
بەرێز سەرۆكی پەرلەمان ، ئەو ئیرادە تازەیەی كە ئیستا هاتە كایەوە ، مینەح و ئەو شتانە ، بەراستی چۆنیەتی سەرفی دیار نیە ؟ چونكە تەنها ئەو سەرفانەیە كە ئیقراری بۆ ئەكا لە كۆنگرە ، بۆ ئەو ئیستیقتاعانەیە كە لە بەدەلی ئیشتیراك دەبێ ، مەفروزە ئەو ئیراداتە تازەیەی كە ئیستا دەرج كرا چارەسەری چۆنیەتی سەرفی بكرێت ، لەگەڵ رێزماندا .
سەرۆكی پەرلەمان بەم شێوەیە وەلاّمی دامەوە : خۆی عادەتەن ئەوە لە میزانیە دەكرێ لە میزانیەی سالاّنە كە دائەنری ، قازانجەكەی هەمووی دیاری دەكرێت ، كە چەندە و ئەبوابی چیە ، تەوەجوهی سەرفی چۆن دەبێ بۆ ساڵی داهاتوو ؟ ئەمانە هەمووی لە میزانیە دیاری دەكرێت .
١١ ـ رۆژی دووشەممە رێكەوتی ٢٠٠٢/٤/٢٢ ، پەرلەمان دانیشتنی ژمارە (١٠) ی خولی یەكەمی ساڵی ٢٠٠٢ ، دەست پێ كرد و بەرنامەی كاری بریتی بوو لە :
أ ـ خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی هەموار كردنی یەكەمی یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی ١٩٩٣ ، یاسای چاپەمەنی هەرێمی كوردستانی عێراق .
ب ـ خستنەرو و گفتووگۆ كردنی پرۆژەی هەموار كردنی یەكەمی یاسای ژمارە (١٨) ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای خانەنشینی پارێزەرانی هەرێمی كوردستان كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار كراوە .
ج ـ خستنەرو و گفتووگۆ كردنی پرۆژەی هەموار كردنی دووەمی یاسای ژمارە (١٧) ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای حزبەكانی كوردستان .
( خاڵی یەكەم تەنها خوێندنەوەی یاساكە بوو ، سەرۆكی پەرلەمان رەوانەی لیژنەكانی تایبەت بەو یاسایەی كرد ، هەروەها خاڵی دووەم كە تایبەت بو بە یاسای

چاپەمەنی هەرێمی کوردستان ، پاش خوێندنەوەی رەوانەی لیژنەکانی پەیوەست و تایبەت بەو یاسایە کرا ، خالّی سێ یەم کە پرۆژەی هەموار کردنی یاسای خانەنشینی پارێزەران بوو خرایە بەر گفتووگۆی ئەندامان ، هەموارەکەش تەنها یەك خالّ بوو ( یؤسس فی مقر النقابه صندوق لتقاعد المحامین تحدد موارد و نفقاته و تدار من قبل هیئه بموجب أحکام هزا القانون و تلحق بوزاره المالیه و الاقتصاد ) .

ئەم بابەتە زۆر قسە و باسی لەسەر کرا و وەزیری دارایش ئامادەی دانیشتنەکە بوو ، منیش بە شێوەی پرسیارێك چومە ناو بابەتەکەوە ، هەرچەنە ئەو مەوزوعە نەگەیشتە کۆتای و دواخرا ، پرسیارەکەی من بەم شێوەیە بوو :

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ، لە قانونی خدمەی مەدەنی ، من دەمەوێت پرسیارێ لە برادەرانی یاسا بکەم ، ئایا ئەو پارێزەرانەی پاش ماوەیەکی پارێزەرایەتی هەندێکیان وەزیفە وەردەگرن ، ئایا ئەو ماوەیەی کە پێشان لە پارێزەرایەتی بوویانە ، زیاد دەبێت بۆ وەزیفەی تازەیان یان نا ؟ ئەگەر ببێت ، بەراستی دەبێت ئیلحاق بکرێت بە وەزارەتی داراییەوە چونکە لەوێ پەیوەستیەك لە نێوان خدمە و تەقاعودا ئەبێت ، زۆر سوپاس .

سەرۆکی لیژنەی یاسای پەرلەمان بەم شێوەیە وەلاّمی دامەوە :

ئەوەی جەنابی کاك عەلی فەرمووی هەر پارێزەرێك ئەگەر تەعین بێت خزمەتەکەی دەچێتە سەری و ئەو پارەیەی کە لە صندوقی پارێزەران ئیستیقتاع کراوە دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی دارای بۆ دائیرەی تەقاعود کە لێ وەرگیراوە بە ئیعتیباری تەوزیف بووە پێچەوانەش راستە ئەگەر هاتە پارێزەرایەتی دەتوانێ ئەو فەرقەی تەقاعودیەکەی هەیە بێتەوە ئەوە کە ئیعتیباری ئەسلّەن ئیستفادە لە تەقاعودیەکەی دەکات ئەو عەمەلیەتە عەمەلیەی نەقلّی پارەی تەقاعودی بە هەردوو لایەن دادەروات .

١٢ ـ رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٤/٢٤ ، پەرلەمان کۆبویەوە و بەرنامە کاری بریتی بوو لە :

أ ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای یەکیەتی گشتی سەندیکاکانی کرێکاران لە هەرێمی کوردستانی عیراق .

ب ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٨) ی ساڵی ١٩٩٩ ( یاسای خانەنشینی پارێزەرانی کوردستان ).

ئەو رۆژە یادی بۆمبابارانکردنی شاری قەڵادزی بوو کە لە ١٩٧٤/٤/٢٤ دا بۆردوومان کرابوو ، پاش چرکریەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەو رۆژە ، سەرۆکی پەرلەمان رێگای دایە چەند ئەندامێك لە سەر ئەو یادە قسە بکەن ، بەرێزان کاك د.ناصح و کاك یونادەم یوسف کنا و کاك عبدالخالق زەنگەنە و کاك نادر محمد قادر و کاك د. رزگار ، ووتەی باشیان ووت ، پاشان سەرۆکی پەرلەمان ووتی : لە حەقیقەتدا لەوانەیە هەر یەکێك لە ئیوەی بەرێز بیەوێ لەم بارەیەوە بدوێ مەداخەلەیەك پیشکەش بکات هەقی خۆشیەتی بەس لە حەقیقەتدا لەبەر ئەوەی کاتەکەمان بۆ ئەو بابەتە بەدەرەجەی یەکەم تەرخان نەکردووە بەرنامەی کاری خۆمانمان هەیە ، ئەو بەرێزانەی کە قسەیان کرد لە جیاتی هەمووومان قسەیان کرد و ئەبێ بمان بوورن کە ناتوانین بوار بە هەموویان بدەین ، دوا ووتار بۆ فەوزیە خانە .

ئەویش ووتاری خۆی لەسەر هەمان بابەت خوێندەوە و پاشان چووینە سەر بەرنامەی کاری دانیشتنەکەو خاڵی یکەم : پێشنیاری پرۆژەی یاسایی یەکیەتی گشتی سەندیکاکانی کریکاران لە هەرێمی کوردستان ، لە لایەن (١٠) ئەندامی بەرێزی پەرلەمانەوە پێشکەش کابوو خوێندرایەوە و سەرۆکی پەرلەمان پرۆژەکەی ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لیژنەکانی یاسای و کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ کرد . خاڵی دووەم خرایەوە بەر گفتو گۆ .

مادەی دووی هەموار کردنەکە گفتوگۆی زۆری لەسەر کراو منـیش بـە رونکرنـەوەیك لەو بابەتە بەشداریم کرد بەم شێوەیە :

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ، بەراستی ئـەوەی پـارێزەر بێـت مەشمولـە بـە صـندووقی نەقابەی پارێزەران ، لەبەر ئەوە مادام هەر دەعوایەك ببینێت ئـەتعابی پـارێزەرایتی وەردەگرێت لە هەر شتێك بێت ، حەقە مەساهەمەی هەبێت ئەویش بۆ صندووقەکە ، چـونکە ئیـستا ئـەو فیکـرەی وەزارەتـی دارایـی نـەما بـۆ خۆیـان دەبێـت ، داهـات بۆخۆیان پەیدا بکەن ، داهاتەکەشیان ئەتعابەکەیانە ، لەبەر ئەوە من برگەی یەکـەم لە ئەسڵی یاساکە بە راستتر دەزانم کەوا مشوەرەی یاسایی تێدا بێت ، چونکە ئەویش بەشـداری صـندووقی دەبێـت هـەبێ ، بـۆ ئـەوەی داهاتیـان هـەبێت . دووهـەم : ئـەو برگەی (ب) پێویست ناکات بەو تەعدیلە ، چونکە ئەسڵیەکە هەموو شتێکی تێدایـە بە ڕێکوپێکی ، زۆر سوپاس .

سەرۆکی پەرلەمان داوای لە لیژنـەی یاسـایی کـرد ووەڵامـی قـسەکانی مـن بدەنـەوە ، بەڕێز کاکە رەش نەقشبەندی بەم شێوەیە ووەڵامی دامەوە :

بەنیسبەت ئەوەی کاك حمە علی فـەرمووی ، ئیـستا جـەنابی کـاك شـیروان تـەوزیحی کرد ، خۆی ئیمە دوو جهەتمان هەیە ، جهەتێك نەقابە ، جهەتێك صندووقی نەقابـە ، تەبعەن نەقابەش پێویستی بە واریداتێك هەیە بۆ ئیـشوکاری خـۆی ، صـندووقیش مەسەلەکەی تەقاعودە ، دەعاوی حکومی دەعاویەکانی سابیتە ، نیهائیەن هـیچ غـەل و غەشـی تێـدا ناکرێـت ، چـونکە دائیرەکـە موکەلەفـە ، ئـەو نیـسبە میئەویـەی کـە بریاردەدرێت لە کرێیەکەی دەبردرێت ، یەکسەر تەحویلی صندووق دەکات بە کتابی رەسمی ، ئیعتیادی دەچێتە وەزارەتی دارای ، ئەوەی نەقابە هی مشوەرەی یاسایی ئەو عەرزی کردین دوو جۆر مشوەرە هەیە ، هەندێکیان هەیـە پرسـیان پـێ دەکرێـت بـە نەقابـەی ، هـەنێك هەیـە مـشوەرەکە لـە نیـوان وەزارەتەکـە و ئـەوەی مومکینـە لـە موکافەئە سەرف دەکرێت بۆ پارێزەرەکەی ، پارێزەرەکـە هـەر موراجەعـەتی نەقابـە ناکات ئیشەکەیان هەیە ، بەس ئەوانەی سابیت لە کۆمپانیاکانن ، تەنیا کـاك شـیروان

ئیـشارەتی بـەوە دا کـە ئەوانـەی سـابتن ، کۆمپانیاکـە داوا لـە نەقابـە دەکـات کـە مشاورێکمان بدەنێ ، شەخسێك ئەگەر پرسیان پێ دەکات ، ئەوان تەعینیان دەکەن ، کە تەعینیان بکەن بەشێك لەو (١٠./.) یەی کە دێتن لە مشوەرەکە بێتە نەقابەی بۆ ئیدامـەی ئیـشوکاری خـۆی ، یـەعنی هـەر لیـی وەردەگـیرێ لـەکابرای ، بـەس لـەباتی بچێتە صندووق دێتە نەقابەی ، دوو جهەت هەیە نەقابـە و صـندووق ، دوو جهـەتی جیـاوازن هــەردووکیان پێویــستیان بــە مــاددە هەیــە (١٥./.) دەچــێتە صــندووق بەنیسبەت دەعاوی حکومی هیچ نابێ بۆ نەقابـە ، هـی مـشوەرەکە دێتـە نەقابـە بـۆ ئەوەی ئیشوکاری خۆی پێوە بەرێوە ببات ، زۆر سوپاس .

پاش گفتوگۆیەکی زۆر یاساکە بە گشتی پەسەند کرا .

١٣ ـــ لـە رۆژی دووشـەممە رێکـەوتی ٢٠٠٢/٤/٢٩ ، پەرلـەمانی کوردسـتان دانیـشتنی ژمـارە (١٢)ی خـۆی دەسـت پـێ کـرد و بەرنامـەی کـاری بریتـی بـوو لـەم برگانـەی خوارەوە .

أ ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بریاری دەسەلاَتدان بە وەزیری ئەوقاف .

ب ـ خوێندنـەوەی یەکـەمی پـرۆژەی بریـاری مـاف و ئـەرکی سەرشـانی ئەوانـەی بـە تەبەروع مزگەوت یان تەکیە دروست دەکەن .

ج ـ خویندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای سەندیکای پارێزەران .

د ـ خــستنەروو و گفتوگــۆ کــردن لەســەر بــارودۆخ و گورانکارییــە ئیقلیمــی و نیودەوڵەتییەکان کە تا چ رادەیەکیش کار لە ئایندەی کوردستان و عیراقیش دەکەن .

لیژنەی یاسایی پەرلەمان هەر سێ پـرۆژەی پێـشنیار کراویـان خویندەوە و سـەرۆکی پەرلەمان پرۆژەکانی ئاراستەی لیژنەکانی پەیوەست پێ یانەوە کـرد و پاشـان ، هاتـە سەر خاڵی کۆتای کە خستنەروو و گفتوگۆ کردن بوو لەسەر بارووددۆخ و گورانکارییە ئیقلیمی و نیودەوڵەتییەکان تا چ رادەیەکیش کار لە ئایندەی کوردسـتان و عیراقـیش دەکەن . تکای لەو ئەندامانە کرد کە دەیانەوێت لەسەر ئەم بابەتـە بـدوێن دەسـتیان

بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناویان بنوسرێت ، ئیمە کە ژمارەمان (١٧) ئەندام بوو ناوی خۆمان نووسی بۆ قسە کردن لەسەر بابەتەکە .

هەندی لە ئەندامان قسەی خۆیان کرد و سەرەش هاتە سەر من و سەرۆکی پەرلەمان فەرمووی لی کردم . ( بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن ، بەراستی دەنگوباسەکان زۆرن لەم رۆژانەدا چ لەرۆژنامەکان و رادیۆ وتەلەڤزیۆن و ئەنتەرنێت دا ، بەلأم ئەوەی بەلای ئیمەوە گرنگە ، دوو باسە ، یەکەم : ئەوەیە کە ئیمە ئەو ئاشتیەی کە هەیە لە نێوان ئیمەو یەکیەتی نیشتیمانی چۆنی بچەسپێنین ، بەتایبەتیش باس لەوە دەکرێت کەلەم دواییەدا لە کۆبونەوەی هەردوو بەرێزان کاك مەسعود و مام جلال تالەبانی لە ئەلمانیا دیسان ئەو رێکەوتنە خراوەتە بەر باس و لێکۆلینەوە ، بەلأم بەراستی پیویستە ئەو ئیتیفاقانە وەکو ئەوانی تر نەبێت کە پێشتر لە دەرەوە باسی لێ ئەکراو لەناوەوە بە ساردی جێ بەجێ دەبوون . دووهەم : ئەو گورانکاریانەی کە لە ئایندەی عیراق روو دەدەن و پێش بینی دەکرێت کە گۆرانکاری لە عیراق بکرێت ، پیویستە ئیمە هەر ئیستاوە بزانین کە مافی گەلەکەمان چییە لەو گورانکاریانە و بەتایبەتی پێویستە دەستورێکی عیراقی ئامادە بکرێت و پێش وەخت بخرێتە بەردەم ئەو کەسانەی کە خاوەنین یان ئەیانەوێ ئەو گۆرانکاریانە دەکەن ، وە مافی گەلی ئیمە لە چوارچێوەی عیراقێکی فیدرالی دیموکرات و فرە حیزبیا بە ئەنجام بگات ، ئیمەش حەقی خۆمانە لە کوردستان بە مافی فیدرالی خۆمان بگەین چونکە ئەوە بریارێکە لە پەرلەمان بریاری لەسەر دراوە ، هەروەها مافی کەمە نەتەوایەتیەکان لەژێر دروشمی ئەو دیموکراتیەت و فیدرالیەی کە ئەبێت مسەوگەر بکات ، زۆر سوپاس ) .

پاش تەواو بوونی گشت ئەندامان لە ووتەکانیان ، سەرۆکی پەرلەمانیش ووتەیەکی تێروو تەسەلی لەم بارەیەوە پێشکەش کرد ، باسەکان بەگشتی باش بوون و پێشنیاری باش کرا بۆ رووبەروو بونەوەی هەر ئەگەرێك .

١٤ ـ له رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/٥/٦ ، پەرلەمان دانیشتنی ژمارە (١٣) خۆی بەست و بەرنامەی کاری ئەمانەی لای خوارەوە بوون .

أ ـ خستنەروو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسایەکی تایبەت بە حوکمەکانی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ .

ب ـ خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی دووەمی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٣ ( یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستان ) .

لەم دانیشتنەدا بەرێزان وەزیرەکانی ( ناوخۆ ـ داد ـ دارای ـ هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ) ئامادە بوون ، بۆ گفتوگۆ لەسەر خاڵی یەکەم ، ئەو پرۆژەیەی کە پێشتر هاتبوە پەرلەمان و خوێندرابویەوە بە رەسمی لە یەکی لە دانیشتنەکانی پێشوودا ، لای لیژنەی دارای بە پەسەند نەزانرابوو ، بۆیە لەگەل ئەندامێکی لیژنەی تەدوینی قانونی و وەزیری هەریم بۆ کاروباری پەرلەمان ، ئاڵوگۆر لە پرۆژەکەدا کرابوو ، سەرۆکی پەرلەمان داوای کرد پرۆژە تازەکە بخوێننەوە ، پاش خوێندنەوەی داوای کرد لە ئەندامان کە رای خۆیان بدەن لەسەر ئەوەی ئەم پرۆژە تازەیە گفتوگۆی لەسەر بکرێت یان ئەوەی پێشتر کە خوێندراوەتەوە ، هەندی لە ئەندامان قسەیان کرد ، قسەکان بەو ئاقارەدا دەرۆشت کە پرۆژە تازەکە کاری لەسەر بکرێت ، جگە لەمەش یاسای (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ ، رژێمی عیراق بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی سزاکانی توند و دوور لە مافەکانی مرۆڤ دانابوو ، بۆیە پێویستی بە راگرتن و هەموار کردن هەبوو ، هەروەها بریارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش عیراق بە ژمارە (١٠٤) لە١٩٨٨/١/٢٧ دەرچووبو راگیرا . منیش ووتەیەکی کورت کە لای من وا باش بوو ، دەقی ماددەکانی ئەو یاسایە ئاشکرا بکرایە بویە بەم شێوەیە موداخەلەم کرد :

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن ، جەنابی لیژنەی یاسایی ئیشارەتیان بەو ماددەو ئەو خاڵانە بکردایە کە ئیلغایان کردووە لە ئەسڵی قانونەکەی حکومەت ، لەبەر ئەوە پێویستە بەراستی لێرە قانونی ژمارە (١١١) چی لێ ئیلغا کراوە ، بەدیلەکەشی بوترێ چونکە قانونەکە لە بەر دەستمان نییە رەنگە تۆزی زەحمەتیش بێ ، زۆر سوپاس .

ســـەرۆکی پەرلـــەمان وەڵامـــی دامـــەوە و ووتـــی : قانونەکـــە زەحمـــەت نییـــە ، ئەخوێندرێتەوە مادده لە دوای مادده موناقەشە ئەکرێ ، ئیمە موناقەشەمان لەسـەر ئەم مەوزوعە بۆیە کردەوە بۆ ئەوەی پیشانی بدەین کە ئیستا ئەبی تەسویت بکـەین لەسـەری ، ئیمـە بـە مەشـرووع ئـەو ئیتیفاقیـەی نێـوان لیژنـەی قـانونی و دیـوانی تەدوینی قانونی ، ئەوە بـە مەشـرووع ئیعتیبـار ئەکـەین ، ئەیخەمـە دەنـگ دانـەوە ، خرایە دەنگدان و پرۆژەی تازە دەنگی لەسەر درا بۆ گفتوگۆ کردن لە سەری . پاشـان گفتوگۆی تێرو تەسەلی لەسەر کراو یاساکە پەسـەند کـرا . ( پـێم بـاش بـوو ئـەم تـێ بینیەی لای سەرەوە بنوسم هەتا بۆ ئەو کەسانەی کە باوەریان بـە پەرلـەمان لاوازە ، بـزانن کـە پەرلـەمانتاران و لیژنـەکانی پەرلـەمان دەتـوانن دەسـتکاری پرۆژەکـان و بریارەکانی هاتوو لە هـەر شـوینێك بێـت بکەن ، هـەروەها ئـەتوانن بـە پـێ یاسـا لـە لایەن (١٠) ئەندام پەرلەمانەوە پرۆژە پێشکەش بکەن ) .

١٥ ـ رۆژی سێ شەممە رێکـەوتی ٢٠٠٢/٥/٧ ، پەرلـەمان دانیـشتنی ژمـارە (١٤)ی خـۆی بەست و بەرنامەی کاری بریتی بۆ لەتەنها خاڵیك کە ئەویش : بـەردەوام بـوون بـوو لەسـەر گفتوگـۆ کردنـی پـرۆژەی هـەموارکردنی دووهـەمی یاسـای ژمـارە(١٧)ی سـاڵی ١٩٩٣ی حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق .

سەرۆکی پەرلەمان داوای لە وەزیری ناوخۆ کرد ئەگـەر روونکردنەوەیـەکی هـەبێت ، ئـەویش هەنـدی قـسەی لەسـەر ئـەو هەموارکردنـە کـرد بـەم شـێوە : بـەرێزان وەك دەزانن یاسای ژمـارە (١٧) یاسـای حزبـەکانی کوردسـتانە و لـە بـارووردۆخێکی تایبـەت هاتـە ئـاراوە لـە سـاڵی ١٩٩٣ ، ئیـستاش دوای تێپـەربونی نزیکـەی ٩ سـاڵ بەسـەر دەرچوونی ئەو یاسایە هەست دەکـەین لەگـەڵ واقعـی حـاڵ بـۆ بـەرەو پـێش چـوونی زیاتری پرۆسەی دیموکراتیـەت پێویـستی بـە هـەموار کـردن و پێداچوونەوە هەیـە ، هەر بۆیە لەلایەن لیژنەیەکی ناوخۆ تاوتۆێ یاساکە کراوە ، دوای دیراسەت کردنێکی تێروتەسەل ، ئەم پرۆژە یاسایەمان ئامادە کردوە ، ئیستاش لەبەر دەستی بەرێزتانـە و مەبەستمان لەم هەموار کردنـەش زیـاتر بـۆ رێکخـستن و پاراسـتنی یاسـا و مـاف و

ئەركەكانە كە وەك مەبدەئێكی یاسایی پێویستە لەسەر هەموو كەس و چین و توێژ و لایەنی سیاسی ماف و ئەركیان دیاری بكرێت و سەروەری یاساش هەمیشە پارێزراو بێت . هەروەها چەند روونكردنەوەی تری كرد لەسەر چۆنیەتی باری كۆمەلأیەتی هەیئەی تەئسیسی .

پاشان وەزیری دادیش چەند رونكرنەوەیەكی تری لەسەر هەمان بابەت كرد ، سەرۆكی پەرلەمان پرۆژەكەی خستە بەر گفتوگۆ و هەندی لە ئەندامان ناوی خۆیان نوسی و منیش یەكێك بووم لەوانە ، من لە سەرەی خۆمدا چەند تێ بینیم هەبوو و ووتم : بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن ، بەراستی من رەئیم وایە ئەم پرۆژەیە بۆ دروست بوونی ئەو حزبانەیە كە لە كوردستاندا دروست دەبن ، بەلأم ئیستا لەم بارودۆخەی ئیمەدا تەقریبەن ٢٠ تا ٣٠ حزب لە كوردستاندا هەیە ، بەهەموو ئەو نەتەوانەش كە لەگەڵ ئیمەدا هەن و بە تێكرای ئاینەكانیشەوە ، بەراستی ئەو بۆشاییەی كە بووە ، بووەتەهۆی دروست بوونی ئەو حزبانە ، ئەمانەش پاش یاساكە بووە ، چونكە بۆشاییەك دروست بوو ، شەری ناوخۆ وای كرد كە ئەو حزبانە بەم شێوەیە دروست ببن ، رەنگە ئەوەش بوبێتە هۆی دروستبونیان كە مەكاسبی تایبەتی و شەخسی خۆیانی تێدا هەبووبێت ، ئەگەر مەجالیش بدرێت رەنگە لەمەو دوا زیاتر خەڵك پرۆژە پێشكەش بكات ، ئەگەر ١٠ كەس یان ٢٠ كەسیش بێت ، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەو پرۆژەیەم كە تەقدیم كراوە ، بەلأم لێرەدا چەند خاڵێك هەیە كە دەست نیشان بكرێت :

یەكەم ئەوە زۆر باشە كە (٥٠) كەس موئەسیس بن و (٥٠٠) كەسیش موئەزیر ، بەلأم مەفروز نییە كە موئازیرەكان هەمووی ئەو حوكمەیان لەسەر بێت ، ئیستا (٥٠)كەسەكە بۆ موئەسیس و بۆ موئازیر هاتووە ، لەبەر ئەوە بە رەئی من ( وان لایكون الاعزاء المؤسسین محكوماً علیهم بجنایە او جنحە ) لە فەقەرەی ٣ دیسان ( یجب ان یلاحز علی الهیئە المؤسسە والموئازرین ) لا بچێت ، هەروەها ( سمات الحزب السی من حیس المستوی السقافی و النشات الاجتماعی ) لێرە كۆتای پێ بێت (

والتوزيـع الجغرافـى والـسكن ..الخ ) ئـەوە حـەزف بكرێـت لـەو فەقەرەيـە ، لەگـەڵ ڕێزماندا .

١٦ ـ ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی ٢٠٠٢/٥/١٣ ، پەرلـەمان دانيـشتنی ژمـارە (١٥)ی خـولی يەكەمی ساڵی ٢٠٠٢ی خۆی بەست و بەرنامەی كاری بريتی بوو لە :

أ ـ يەكەم خوێندنەوەی پرۆژەی بڕياری تايبەت بە پێ لێراكێشان (التجاوزات) .

ب ـ خستنەروو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی هەموار كردنی يەكەمی ياسای ژمـارە(١٠)ی سـاڵی١٩٩٣ (ياسـای چـاپەمەنی هـەرێمی كوردسـتانی عـيراق) كـە لەلايـەن ئەنـدامانی ئەنجومەنی نيشتيمانی كوردستانی عيراق پێشنيار كراوە .

ج ـ خستنەروو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی بڕياری دەسـەلاَتدان بـە وەزيـری ئـەوقاف ، كە لە لايەن ئەنجومەنی وەزيرانەوە پێشنيار كراوە .

د ـ خستنەروو وگفتوگۆ كردنی پرۆژەی بڕياری ماف و ئەركی سەرشانی ئەوانەی بـە تەبەروع مزگەوت يان تەكيە دروسـت دەكـەن ، كـە لەلايـەن ئەنجومـەنی وەزيرانـەوە پێشنيار كراوە .

خاڵی يەكەم بڕياری تجاوزات خوێندرايەوە و ئاراستەی ليژنـەكانی پەيوەنديـدار كـرا كە يەكی لەو ليژنانە ليژنەی ئيمە بوو ، من جگە لـەوەی بڕيـاردەری ليژنەكـە بـووم لـەم بابەتـەش دا هەنـدی شـارەزايم هـەبوو ، خـاڵی دووهـەم بـەهۆی ئامادەنـەبونی وەزيری ڕۆشنبيری دواخرا ، خاڵەكان هەندی پـاش و پێـشی پـێ كـرا و دەنـگ لەسـەر ئەمەش وەرگيرا ، بۆيە خاڵی چوارهەم هاتە پێشەوە و خرايە بەر گفتوگۆ ، نوينەری ليژنەكانی پەيوەنديدار كەيەكێكيان ليژنەی ئيمە بـوو لەگـەڵ ليژنـەكانی تـر چـونە سەر سەكۆی گفتوگۆ ، نوينەری ليژنەی ئيمە مـن بـووم ، پـاش خويندنـەوەی نەسـی بڕيارەكە ، داوای ڕای ليژنەكان كرا ، ڕای ليژنـەی ئيمـە بـەم شـێوەيەی لای خـوارەوە بوو :



(وینەی کۆبونەوەیەکی پەرلەمان)

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن ، لیژنەمان بەو نامەیە کە بۆ بەرێزتانی ناردووە ، رای خۆی دەربریوە .

بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عیراقی بەرێز

ب / پرۆژەی بریار

نوسراوی بەرێزتان (ك/٢٨) لە ٢٠٠٢/٥/٤ دەربارەی پرۆژەی بریاری ماف و ئەرکی سەرشانی ئەوانەی بە تەبەروع مزگەوت یان تەکیە دروست دەکەن ، کە لە دانیشتنی ژمارە (١٢)ی رۆژی ٢٠٠٢/٤/٢٩ی ئەنجومەنی نیشتیمانی خویندنەوەی یەکەمی کراوە ، لیژنەکەمان لە رۆژی ٢٠٠٢/٥/٦ بۆ ئەم مەبەستە کۆبونەوەی خۆی گرێ دا ، پاش تاوتوێ کردنی برگەکانی پرۆژەکە ، هیچ تێبینیەکمان لەسەری نەبوو ، ئیمەش لەگەڵ پرۆژەکەداین .

لەگەڵ رێزماندا     لیژنەی شارەوانیەکان و گواستنەوە وگەیاندن

پاشان ئەندامانیش گفتوگۆ یان لە سەر کردو بە گشتی دەنگ بریارەکە پەسەند کرا.

خاڵی سێ هەم بوە خاڵی بریاری دەسەڵاتدان بە وەزیری ئەوقاف ، ئەم بریارە کاتی خۆی کە خویندراوەتەوە ، ئاراستەی لیژنەی ئیمە نەکرابوو ، بەڵام بەهۆی گفتوگۆی لیژنەمان لەگەڵ لیژنەی یاسا بۆ بریاری پرۆژەی ماف و ئەرکی سەرشانی ئەوانەی بە تەبەروع مزگەت یان تەکیە دروست دەکەن ، ئەو بریارەش تاوتوی کرا و لیژنەی یاسا بە پەسەندیان نەزانی و ئیمەش هەمان رامان هەبوو ، من وەکو نوینەری لیژنەی شارەوانیەکان هەر لەسەر سەکۆ مابومەوە و داوایان لێ نەکردبووم بچمەوە شوێنی خۆم و نوینەری ئەو لیژنەیەی تر کە پەیوەندی بەو بریارەوە هەیە بێتە جێگای من ، پاش خوێندنەوەی پرۆژەکەو دانی رای لیژنەکانی تر ، داواش لە لیژنەی ئیمەش کرا کە رای خۆمان بدەین . منیش ووتم : بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن ، ئیمە وەکو لیژنەی شارەوانی و گەیاندن پشتگیری لە رای لیژنەی یاسا دەکەین و داوای دواخستنی دەکەین ، لەگەڵ رێزماندا .

سەرۆکی پەرلەمان ووتی : هۆیەکی چیە ؟

ووەڵامی من : هۆیەکەی ئەوەیە ، ئەورۆژە لە فراکسیۆن بە تێرو تەسەلی لەم پرۆژەیە موناقەشە کرا و رای هەموو برادەران و لیژنەکان وابوو دوا بخرێت هەتا باش دیراسەی بەرز بونەوەی ئەو نیسبەیە بکرێ .

سەرۆکی پەرلەمان ووتی : خۆی مەفروزە لیژنەکە رای نەدات تەسبیبی بکات ، تەسبیبەکە پەیوەندی بە فراکسیۆنەوە نییە ، ئەو کارە باشە یان ئەو کارە کەم وکورتی هەیە ، لەبەر ئەوە ئەمەوێ دوای خەم ئەبێ هۆیەکان تەحدید بکرێ بۆ جارێکی تر ، ئەم جارە هەر ئەوەتا ئیمە تەئییدی رای فلان لیژنە ئەکەین ، ئەمە تەواو بوو ، فەرموو کاك حەمە علی :

بەراستی من نەمدەویست ئەم قسەیە بکەم ، بەڵام کە زانیم خەریکە گوناهبار بین ووتم :

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن ، ئەو پرۆژەیە بە رەسمی بۆ ئیمە نەهاتووە .

سەرۆکی ئەنجومەن ووتی : زۆر باشە ، ئەی پرۆژەی یەکەم بۆ ئیوە نەهاتووە ؟

ووەلاّمی من تەنها بە ، ( بەلّیَ ) بوو . سەرۆکی پەرلەمان ووتی : هەردووك بە یەك کتاب هاتووە ، بەلاّم مەبەستمان بە گشتی بۆ هەموو لیژنەکانی ئەنجومەنە کە رایەك ئەدەن نەخێر ئیمە تەئییدی فلاّن لیژنە ئەکەین ، بە رای خۆتان بلّین ، پرۆژەکە باشە پێویستی بە فلاّن گۆران هەیە ، ئەگەر ئاوابێت ئەو وەختە لە رووی ئوسولّیەوە رێك وپێك ئەبێت و کارەکەمان بەرەو پێش ئەخات ، مەبەست لەو لیژنە تایبەتە نییە ، تکا لەو بەرێزانە دەکەم کە تێبینییان هەیە لەم بارەیەوە دەستیان بەرز کەنەوە بۆ ئەوەی ناونوسیان بکەین ، با هەر ئەوانەش قسە نەکەن کە ئەیانەوی پرۆژەکە تەئجیل بکریَ ، چونکە دوو لیژنە داوای تەئجیلی کردووە ، با ئەوانە قسە بکەن کە نایانەویَ تەئجیل بکریَ زیاتر .

پاشان هەندی قسەی تر لەلایەن ئەندامان و وەزیری ئەوقاف و لیژنەی کاروباری ئیسلامی ، بریارەکە بە زۆربەی دەنگ دوا خرا . ئاخر برگە کە هەموار کردنی یاسای چاپەمەنی بوو ، خرایە بەر گفتوگۆ ، منیش دوو موداخەلەم هەبوو ، یەکەم: بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن ، ئەو ژمارانەی کە لە برگەکاندا هاتووە ، وەکوخۆی ماوەتەوە ، برگەیەکی تازەش لەم پرۆژەیەدا هاتووە بە موقابیلی ئەوە ، لەبەر ئەوە پێویست دەکات برگەی دوو ئیلغا بکرێت ، چونکە ئەو برگە تازەیە ئەلّی ( یحق للاحزاب السیاسیە والمنزمات الجماهیریە والمؤسسات العامە تغیر صاحب الامتیاز أو رئیس تحریر المتبوع الدوری ) لەگەلّ رێزمدا . دووهەم :

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن ، بە نیسبەت فەقەرەی یەك ، مادام وەزارەتەکە گۆرا لە وەزارەتی داد بۆ وەزارەتی رۆشنبیری ، بۆ ئەوی شکوك پەیدا نەبێت لە خوێندنەوەی ئەو برگەیەدا ، من وای بە باش دەزانم کە (من قبل وزارە السقافە )ی بۆ وەزارەتەکە زیاد بکرێت باشترە ، چونکە پێشتر وەزارەتی داد بووە ، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی بێت ، لەگەلّ رێزمدا .

ئەم هەموار کرنەش پاش گفتوگۆیەکی زۆر و باش دەنگی لەسەر وەرگیرا .

١٧ ـ پەرلەمان لەرۆژی ٢٠٠٢/٥/٢٢ دانیشتنی ژمارە (١٧)ی خۆی بەست ، بەرنامەی کاری بریتی بوو لە :

أ ـ خستنەروو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بریاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو موزایەدانەی لە رۆژی ١٩٩٦/٨/٣١ لە شاری هەولێر کراون .

ب ـ خستنەروو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە سێ ساڵی ١٩٩٣ی رەسمی پول .

ج ـ خستنەروو وگفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی یاسای لەکار خستنی مەبلەغ و رێژە و سنوری ئەو دەقانەی کە لە یاسای ١١٤ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٨١ی رەسمە عەدیەکاندا هاتووە .

لە گفتوگۆ کردنی هەڵوەشاندنەوەی موزایەدەی رۆژی ١٩٩٦/٨/٣١ دا ، من بەم شێوەیە داخڵی گفتوگۆکان بووم :

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن ، من ویستم پێش وەخت بپرسم کە ئایا ئەو موزایەداتانە کراون ، عایدی چ فەرمانگەیەك بوون ؟ چ فەرمانگەیەك پێ هەستاوە ؟ چونکە هەندێ ئەموالی دەوڵەت هەیە ئەفرۆشرێت بە موزایەدە ، بەرێز کاك مامەند دیار بوو بەشێکی باس کرد ، کە علاقەی بە ئەموالی شەخسیەوە هەیە ، رەنگە بتوانم بیخەمە خانەی تەزویر ، چونکە ئەو رۆژە هیچ فەرمانگەیەك نەبووە ، نە مەحکەمە هەبووە نە فەرمانگەی تر هەبووە ، لەبەر ئەوە چەندشتێك بۆ ئەوەی مەسڵەحەتی چەند کەسانێك بەرێوە بچێت ، بۆیە ئەمە زیاتر حەق وایە لیی بپرسرێت ، لەوانەی کە موقەسرن بەرامبەر بەو ئیشەی کە کردویانە ، بە شێوەیەکی عام رۆژی ٨/٣١ هیچ فەرمانگەیەك نەبووە ، هەر کارێك کرابێ و رەنگە شتی ترێش کرابێ وەك کاك مامەند فەرمووی رەنگە ئەموالی دەولەش ، هەندی مەشاریعی دەولەش فرۆشرابێت ، لەبەر ئەوە لە جێگای خۆیەتی کە ئەو موزایەدانە ئیلغا بکرێت لەو رۆژەدا ، زۆر سوپاس . ( سەرۆکی پەرلەمان بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە )



(وینەیەکی کۆبونەوەی پەرلەمان)

سوپاس ، با هینی تێی نەچێ ، مەوزوعەکە لێرە تەزویرو ئەوە نییە ، ئیمە ئەڵێین موزایەدە لەو رۆژەدا بەشێوەیەکی تەبیعی ناتوانرێ بکرێت ، زەرفێکی ئیستیسنائیە ، داواکەی حکومەت بەو شکڵەیە ، ئەگەر موزایەدەش کرابێ بە شێوەی تەبیعی نەبووە ، چونکە هەموو هاووڵاتیان نەیان توانیوە حازر بن ، ئەبوایە موزایەدات نەکرایە لەو رۆژەدا ، ئیمە بەنییەتێکی باشەوە سەیری مەوزوع ئەکەین و واجبی ئێمە نییە بڵێین ئەمە واکراوە و واکراوە ئەوە علاقەی بە مەحاکم و حکومەت خۆیەوە هەیە ، بەس وەکو حکومەت داوا ئەکەن کە ئەو موزایەداتانە لەو رۆژەدا ئیلغا بکرێتەوە و ئیمە موناقەشەی ماددەی (١) خاڵی یەکەم تەنها ئەکەین ، خاڵی یەکەم تەنها ئەوە ئەڵێت ئەو موزایەداتانەی لە شاری هەولێر لە ١٩٩٦/٨/٣١ کراون ئیعتیبار ئەکرێن بە مەلغی ، ئەوە خاڵی یەکەمە ، جا تکام وایە با موناقەشەکە تەرکیز بکاتە سەر ئەو مەوزوعە .

(بۆ خۆی قسەکانی سەرۆکی پەرلەمان راستن ، بەلاّم پێویستی بە زیاتر روونکردنەوە هەبوو ، چونکە کە بابەتێك دەخرێتە گفتووگۆ ، پێویستە ئەو بابەتە روون بێت ) . گفتووگۆکان و داواکاری بۆ زیاتر روونکرنەوەی ئەم بابەتە وای لێهات کە پرۆژەکە دوا بخرێت بۆ رۆژێکی تر .

خاڵی دووهەم پرۆژەی هەموار کردنی رەسمی پول ، گفتووگۆی لەسەر کراو پەسەندیش کرا .

هەروەها خاڵی سێ هەمیش بە هەمان شێوە پەسەند کرا .

١٨ ــ رۆژی ٢٠٠٢/٥/٢٧ ، پەلەمان دانیشتنی ژمارە (١٨)ی خۆی بەست و بەرنامەی کاری ئەمانەی خوارەوە بوون :

أ ـ خستنەرووگفتووگۆ کردنی پرۆژەی بریاری تایبەت بە پێ لێراکێشان (التجاوزات) ، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە .

ب ـ خستنەرووگفتوگۆ کردنی پرۆژەی بریاری هەڵوەشاندنەوەی هەر موزایەدەیەك لە رۆژی ١٩٩٦/٨/٣١ لە شاری هەولێر کرابێت ، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە .

لەم دانیشتنەدا وەزیری شارەوانیەکان ئامادە بوو ، داوا کرا نوینەرانی لیژنەکانی پەیوەست بە خاڵی یەکەم کە پەیوەندی بە تەجاوزاتەوە هەبوو ، بچنە سەر سەکۆی گفتووگۆ ، من بە نوینەرایەتی لیژنەی شارەوانیەکان چومە سەر سەکۆ ، نەسیی بریارەکە لەلایەن نوینەری لیژنەی یاسایی خوێندرایەوە ، پاشان سەرۆکی پەرلەمان داوای رای لیژنەکانی ( یاسا ـ دارای ـ شارەوانی ـ مافی مرۆڤ ) کرد ، لیژنەی ئێمە هەر لە کاتی بەدەست گەیشتنی بریارەکە بۆی ، دەستمان کرد بە کار کردن لەسەری ، سەردانی شارەوانی هەولێر و شارەوانیەکان و وەزارەتمان کرد و لەگەڵ کەسانی پەیوەندیدار بەو مەوزوعە کۆبوینەوە ، جگە لەمەش کۆبونەوەیەکی تایبەتیشمان لەگەڵ وەزیری شارەوانیەکان کرد ، ئەم بریارە هەندێکی پەیوەندی بە ناو شاری هەولێرەوە هەبوو ، چەند شوێنێك هەبوون زۆر لە کۆنەوە خانوو و دووکان یان

لەسەر دروست کرابوون ، دەگەرایەوە بۆ سالأنی چلەکان ، هێشتا تاپۆ نەکرابوون ، تاپۆیان بە شێوەی قتعەی گەورە بەناوی خەڵکێکەوە بوو کە چەندەها وەرەسەی هەبوو ، ئەم مەوزوعە بە شێوەی بریارێکی تایبەتی نەبوایە چارەسەر نەئەکرا ، ئەم بریارە زۆر لە جێگای خۆی بوو ، ئەگەر موشکلەی شوینی بازرگانیشی چارەسەر بکردایە ، چونکە ئەو حاڵتە بوبووە ئەمری واقع ، لیژنەی ئیمە بۆ ئەم مەبەستە کارمان بۆکرد ، لەگەڵ هەموو لایەك رێکەوتین کە ئەو موشکیلەیە چارەسەر بکەین ، ئەو رۆژە لیژنەکەمان وای پێ باش بوو کە رای لیژنەی ئیمە بەرێز کاك سعید هەروری جێگری سەرۆکی لیژنەکەمان بخوێنێتەوە و من موناقەشەکان بکەم ، ئەو رای لیژنەکەمانی خوێندەوە کە بەم شێوەی لای خوارەوە بوو :

پێش ئەوەی بچمە سەر خوێندنەوەی رای لیژنەکە ، ئەمەوێت ئیشارەت بەوە بدەم کە بەهۆی پەیوەنی راستەوخۆی لیژنەی ئیمە لەگەڵ ئەم جورە کارانەدایە و بە چالاکیەکی زۆر باشمان زانی ، کە بتوانین کێشەیەکی موزمن لە ساڵەکانی چلەکانەوە دروست بووە و چارە نەکراوە ، ئیمە چارەی بکەین ، لە جێگای خۆیدا بوو ئەو بریارە پێشکەش کرابوو ، لەگەڵ ماندوو بونێکی زۆر و هەوڵێکی زۆر کە لیژنەی یاساش لە پەرلەمان پشتگیرمان بوون ، بەلاّم بەداخەوە ، هۆیەکەمان نەزانی چی بوو کە راکەی ئیمە پەسەند نەکرا و ئەو کیشەیەش هەتا ئیستاش هەر ماوەتەوە ، بۆیە من لیرەدا چومەتە ناو هەندی دریژەی گفتووگۆیەکان ، بە داوای لیبوردنەوە ، ئەمەش رای لیژنەی ئیمە بوو .

لیژنەکەمان بە نوسراوی ژمارە ٧ لە ٢٠٠٢/٥/٢٥ رای خۆی لەسەر نوسراوی بەرێزتان (ك/٣٠ لە ٢٠٠٢/٥/١٥) بە کۆنوسی کۆبونەوەی رۆژی ٢٠٠٢/٥/١٩ کە دەقەکەی لە خوارەوە دەخوێنمەوە کە بۆ بەرێزتانمان ناردووە :

کۆنوسی کۆبونەوە

لیژنەکەمان لەرۆژی ٢٠٠٢/٥/١٩ کۆبونەوەی خۆی گرێ دا و نامەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ژمارە ك/٣٠ لە ٢٠٠٢/٥/١٥ کە بۆ لیژنەکەمان

هاتبوو خستيه بەردەم كۆبونەوەكە ، كە دەربارەی پرۆژەی بڕیاری بەناو كردنی زیادەرەویەكان لەسنوری شارەوانیەكان ، پاش خوێندنەوەی پرۆژەكە و گفتوگۆ كردن لەسەر یەكەیەكەی خاڵ و برگەكانی ، ئەمەی خوارەوە رای لیژنەكەمانە ، بەهیوای رەزامەندی بەڕێزتان و ئەندامانی بەڕێزی ئەنجومەن :

یەكەم :

١ ـ لەبەر ئەوەی هەندی لەو پارچە زەوی و شوێن و جێگایانەی كە لە لیستی هاوپێچی پرۆژەكەدا هاتووە بە تایبەتی ئەو پارچە زەویانەی كە لە پێش ساڵی (١٩٧٥)ەوە زیادەرەوی لەسەر كراوە بریتییە لە خانوو و دوكان ، نەك تەنها خانوو وەك لە پرۆژەكەدا هاتووە ، بۆیە پێویست دەكات لە خاڵی یەكەم برگەی/١ شوێنی بازرگانی بۆ زیاد بكرێت ، برگەكە بەم شێوەی خوارەوەی لیّ بێت :

أولا/١ـ تسجل كافه ألارازى الزراعيه المملوكه ملكاً صرفاً للاشخاص التبيعيين والارازى المملوكه للدوله وحق التصرف فيها للاشخاص زمن القتع المبينه فى الجداول المرفقه والتى أنشأ المواتنون عليها دوراً سكنيه أو محلات تجاريه بصوره غير قانونيه قبل عام ١٩٧٥ والواقعه داخل المناتق السكنيه حسب التصاميم الاساسيه بأسم البلديه .

٢ ـ لە برگەی (اولا/٢) ناوی محلات تجاری نەهاتوە كە پێویستە و هەروەها رای لیژنەمان لەسەر زیاد كردنی مەبلەغی ٥٠ فلس بۆ ١٠٠ فلس بۆ ئەوانەی حق التصرف یان هەیە كە بگاتە نیوەی ئەوانەی مولك صرفن ، بۆیە پێمان وایە ئەو برگەیەش بەم شێوەی لای خوارەوە بێت :

أولا/٢ ـ على البلديات افراز هزه الارازى حسب واقع حال الدور المشيده والمحلات التجاريه وتعويز مالكى تلك الارازى وأصحاب الحقوق التصرفيه فيها بمبلغ قدره (٢٠٠) مائتى فلس للمتر المربع الواحد للارازى المملوكه ملكاً صرفاً للاشخاص و(١٠٠) فلس مائه فلس للمتر المربع الواحد للارازى المملوكه للدولهوحق التصرف فيها للاشخاص .

٣ ـ لە برگەی ٣خاڵی یەکەم لە پرۆژەکە ناوی شوینەکانی بازرگانی نەهاتووە و هەروەها پێویستە نرخی بەناو کردنی ئەو شوێنەبازرگانیانە دیاری بکرێت ، داوا دەکەین ئەو برگەیەش بەم شێوەیە بێت :

أولا/٣ ـ یحق للمتجاوز الزی أنشأ داراً للسكن أو محلا تجاریاً علی هزه الارازی ، أن یتملكها ببدل قدره (٤) أربعه دنانیر للمتر المربع الواحد للدور السكنیه و ببدل قدره (٢٠) عشرون دیناراً للمتر المربع الواحد للمحلات التجاریه .

دووەم :

١ـ دوا كات بۆ دیاری كردنی بەناوكردنی زیادەرەویەكان لە پرۆژەكەدا كاتی پێش (٢٠٠٠/١/١) دانراوە ، بۆئەوەی كێشەی شارەوانیەكان كەمتر بێتەوە ، داواكارین ئەو كاتە بكرێتە (٢٠٠١/١/١) .

٢ ـ رستەی ( الارازی المملوكه للاقلیم ) هەڵگیری و تەنها ( الارازی المملوكه للدوله ) بمێنی چونكە ئەو رشتەیە تا ئیستا لە كارەكانی تسجیل عقاری و سەنەداتی تاپۆی رەسمی بەو ناوەوەیە .

٣ ـ لەبەر ئەوەی ئەم زیادەرەویانە تازەن و پێویست دەكات كە بە پیێ تەصامیمی تفصیلی كاریان لەگەڵ بكرێت ، چونكە ئەو شوێنانە پێویستیان بە جێگاكانی خزمەتگوزاری هەیە وەكو ( شەقام ، باغچە ، بینای قوتابخانە و شتی تر ) بۆیە پێش بەناو كردن ، تصمیمی تفصیلی دەبی هەبێت ، چونكە ئەمەش مەرجێكی ترە و باشترە بۆ هەلگرتنی زیادەرەویەكان .

٤ ـ لە دروست كردنی لیژنەی خەملاندن پێویست بە نوینەری وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری ناكات ، چونكە هیچ پەیوەندیەكی ئەو وەزارەتە لەگەڵ كاری شارەوانیەكان نییە ، بۆیە داواكارین ئەم خاڵە بەم شێوەی لای خوارەوە بێت .

سانیاً/ للبلدیات تملیك الاشخاص الزین أنشأوا دوراً للسكن قبل ٢٠٠١/١/١ علی الارازی المملوكه للدوله و حق التصرف فیها للاشخاص والواقعه زمن القتع المبینه فی الجداول المرفقه والتی تقع داخل المناتق السكنیه حسب التصامیم الاساسیه والتفصیلیه

وباسعار مناسبه تقدرها لجان التخمين التى تشكل من قبل وزاره البلديات والسياحه و يشترك فيها ممسلون من وزاره الماليه والاقتصاد و دوائر التسجيل العقارى .

سێیەم :

١ ـ له برگەی/١ له خاڵی /٣ بـه شـێوەی گـشتی نـاوی ( جميـع المـصاريف ) هـاتووه کـه ووشەی مصاريف له یاسای شارەوانیەکاندا نییـه ، بـەڵکو ووشـەی (رسـوم) هەیـه بـه تایبـەتی لـه کـاتی بـەناو کردنـی زیادەرەویـەکان پێویـسته لەگـەڵ وەرگرتنـی نرخـی پارچه زەویەکه رەسمی ئیجازەی بینای لێ وەربگیرێت ، ئەم رەسمه شەرعیەت دەداتـه ئەو خانووه بۆیه داوا دەکەین که برگەکه بەم شێوەیه بێت :

رەسم اجازەت البنا ءخرايه جێگای المصاريف .

٢ ـ جارێکی تر له برگەی/٢ لـه خـاڵی /٣ پێویـسته ووشـەی المـصاريف بگۆردرێـت بـه (الرسوم) .

٣ ـ مادام له یەك پارچه زەوی زیاتر بەناو ناکرێت بـۆ زیادەرەویـەکان پـاش ئەمـەش پێویـسته مـەرجێکی تـر هـەبێت کـه بـۆ ئـەوەی بـەناوی دەکرێـت کـه لـه نـاو ئـەو موڵکەدایه .

بـه پـێ ئامۆژگاریـەکانی ئەنجومـەنی وەزیـران بـۆ شـارەوانیەکان هەیـه کـه تـەنها رووبـەری (٢٠٠) مـەتر مورەبـەع لـەناو سـنوری پارێزگـا و (٢٥٠) مـەتر مورەبـەع لـه سـنوری قـەزاکان و (٣٠٠) مـەتر مورەبـەع لـه سـنوری ناحیـەکان دابـەش دەکـرێن بـۆ خانوو ، بۆیه پێویـست دەکـات ئـەو ژمارەیـەی بـۆ زیادەرەویـەکان دیـاری کـراوه وەك ئەوەی کاری پێ دەکرێت وایان لێ بکرێت .

سالساً/٤ ـ لايجوز تمليك أكسر من قتعه أرز واحده لتالب التمليك و أن يكون شاغلا لها على أن لاتزيد مساحتها على (٢٠٠)متر مربـع مـن مراكـز المحـافزه و (٢٥٠) مـتر مربـع من مركز القزا ء و (٣٠٠) متر مربع من مركز الناحيه و يتم تقدير المساحات الزائـده بالاسعار السائده على أن لا تتجاوز مساحه القتعه فى جميع الاحوال (٨٠٠) متر مربع.

لیژنەکەمان لەگەڵ باقی خاڵ و برگەکانی تری پرۆژەکەدایه .

لەگەڵ رێزماندا

پاش راپۆرتی لیژنەی ئیمە داوا لە وەزیر کرا بۆ تێبینی و رای لەسەر راپۆرتەکان . ئەویش بەم شێوەیە رای خۆی دەربری کە هەندێکی دەنوسم ، ئەوانەی پەیوەندیان بە لیژنەی ئیمەوە هەبوو :

تەبعەن لێرە تێبینی چوار پێنج لیژان پێکەوە هات ، من وامزانی قانونەکە برگە برگە دەخوێندرێتەوە ئەنجا تێبینی لەسەر بکەین ، بە نیسبەت ئەوەی کە محلاتی تیجاری تەملیك نەکرێن ، ئەو تێبینیەی کاك جەمیل تەبعەن ئەوە لە قانونی ئیمە نەهاتووە ، ئیمە کە دانیشتین لەگەڵ لیژنەی شارەوانی پەرلەمان ئەم بابەتە تەرح کرا تەنها بۆ ئەوانەی پێش ساڵی ١٩٧٥ عەلائەساس حاڵەتێکی کۆنن و موزمنن پێویستە ئەوە بێتە ناو قانونەکە هەتا بە نیهائی ئەو گرفتە نەمێنێت ، بەلاّم تەبعەن ئەوە لە یاسای عیراقی دا نەهاتووە ، محلاتی تیجاری تەنها ئەگەر تەجاوز هەبێت تەنها بۆ سەکەن هاتووە ، جا لێرە ئەگەر بێتە گفتووگۆ کردن و رای برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان وەربگرین ئایە کامە باشە ئەوە پەسەند دەکرێتن بەلاّم پاش ساڵی ١٩٧٥ باسی محەلاتی تیجاری نەهاتووە .

سەرۆکی پەرلەمان ماددەی یەکی خستەروو بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری ، پێشەکی رای لیژنەکانی وەرگرت ، لیژنەی یاسای رایان بەم شێوەیە بوو :

بەرێز کاکە رەش نەقشبەندی : رای لیژنەی یاسا زیاد کردنی ووشەی (المحل التجاری) پاش (دوراً سکنیە) لە برگەی یەك و دوو و سێ ، جگە لە برگەی سێش (یحق للمتجاوز أو ورسته الشرعیین ) نەوەك متجاوز خۆی نەمابێت ، مردبێت و وەرەسەکانی لەناو خانوەکە بن ئەوحەقەیان هەبێت داوای خانوەکە بکەن ، هەدەفیش لەوە ئەوەیە کە دەڵێن ( المحلات التجاریە ) هەروەکو بەرێز وەزیری شارەوانی فەرمووی تەبعەن ئەوە پێش ساڵی ١٩٧٥ ئەو زەویانەش زەوی حکومەت نییە زەوی ئەشخاص بووە بە هی دەوڵەت و حەقی تەصەروف کردنی هەیە ئەوانەی دوکانیان کردوە ، خانوویان کردوە بەم شێوەیە ئەگەر بەتەنها حەسری بکەین بە دوور سەکەنی مانای وایە ئەو جادانەی کە دوکانەکانی لێ دروست کراوە موشکلەی

دوكانەكان هەر قائيمە ماناى وايە دەبێت گرفتی ئەو دوكانانەش بە بريارێكی تر چارەسەر بكرێت چونكە دووبارە دەبێت ئەوانەش تەمليك بكرێنەوە چونكە ئيمە ئيستا زەويەكان هەموو تەمليكی شارەوانی دەكەين ، خانوەكان و دووكانەكان ماناى وايە دەبێت بە عەمەليەكی تر دووبارە ئەو دووكانانە تەمليك بكرێتەوە ......هتد ).

سەرۆكی پەرلەمان داواى راى ليژنەی ئيمەی كرد ، منيش بەم شێوەيە وەلأمم دايەوە :

بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن ، ئەم پرۆژەيە دوو حاڵەتی لە خۆی گرتووە ، حاڵەتی يەكەميان كە فەقەرەی يەكەمە بەراستی بۆ ئەو ئەرزانەيە كە لە ساڵی (١٩٤٠) تا پێش (١٩٧٥) خانوو و دوكان و هەموو شتێكی لەسەر كراوە و لەمەركەزی شاری هەولێرە ، لە جەدوەلەكەشدا هاتووە لەگەڵ پرۆژەكە ، هەتا ئەميان ئەو حاڵەتە ئەگرێتەوە ، ئەمە بەراستی كە واقع حاڵە ، لە تەصميمی ئەساسی حاڵەتی خۆی وەرگرتووە ، تەسبيت بووە ، ئەرزەكانيش ئەرزی موڵك صورف و حەقی تەصەروف بووە ، ئەرازی مەملوكە للدەولە نەبووە ، ئێستا بۆ خاتری خەڵكەكە ئەكری بەناوی شارەوانی و بۆيان تەمليك دەكرێت ، تا ئێستا ئەو خانوو و دوكانانە هيچيان تاپۆيان نييە ، لەبەر ئەوە پێويستە ئەو دوكان و محل تجاريانە لەگەڵ خانوەكاندا پێكرا تەمليك بكرێن و بخرێنە ناو ئەو پرۆژەيەوە ، بۆيە ئيمە پشتيوانی لەوە دەكەين ، لە خاڵی سێيەمدا دەبێت پارەی بەدەل تەمليكی دوكانەكان وەربگيرێت كە مەتری بە (٢٠) دينارمان داناوە ، ئەو حەقی موڵكانەش كە ئەدرێت بە خەڵكەكە جاری پێشوو لە پرۆژەكەدا (١٠٠ فلس) دانرا بوو ، مادام (١٠٠فلس)ەكە گۆراوە بە (٢٠٠فلس)، ئيمە پێمان باشە (٥٠) فلسەكەش بۆ ئەسحابی حەقی تەسەروف بكرێت بە (١٠٠) فلس ، لەگەڵ رێزماندا .

بەرێز سەرۆكی پەلەمان داواى لە ليژنەی ياسايی كرد راى خۆيان لەسەر راكەی ئيمە بدەن :

بـەرێز کاکـەرەش نقـشبەندی ووتـی ، مـن تەسـەورم وایـە تێکەلاَوییـەك هەیـە لـە بابەتەکە ، چونکە کە دەلێن بە هیچ شێوەیەك حکومەت ئەرازی بۆ محەلاتی تیجاری تەملیك نەکردوە ، ئەرازی خۆی بووە ، ئەرازی ئەو خەلکانـەی کـە تـەجاوزی لەسـەر ئەرازی حکومەت کردیە ، ئـەوە ئـەرازی حکومـەت نییـە ، ئـەوە ئـەرازی ئەشخاصـە ، یەعنی ئەگەر نـاوی لێ نـەنێین تـەجاوز دەتـوانیین بلێین بـە موخالەفـەی تەصـمیم ، ئەسلَەن هـەر تـەجاوز نییـە مـولکی خەلکە ، ئەگـەر وانەکـەین بـەو شـێوەیە ، ئـەبێ بەلەدیە ئیستیملاکی ئـەو ئەرزانـە بکـات و ئـەوە مـولکی خەلکـە ، خـۆ بـەناو ئیـستا ئەگەر ئەوانە تەملیك نەکەین دەگەرێتـەوە بـەناو خاوەنـەکانیان ، کـە گـەراوە بـەناو خاوەنەکانی دەبێت ئیستیملاك بکرێت ، لەبەر ئەوە زۆر زەروریە ئەو واقع حالەی کە مەوجودە ئەو موشکیلەیە لە کۆڵ بکینەوە ، لەبـەر چـی ئیمـە لـە حالـەتی دووەم داوامـان نـەکردووە ؟ چـونکە تـەجاوز لەسـەر ئـەرزی حکومەتـە ، بـەهیچ شـێوەیەك مەجال نادرێت لەسەر ئەرزی حکومەت تـەجاوز بـە محلاتـی تجاری بکرێـت ، بـەس ئەوە مولکی غەیرە مولکی ئەشخاسە ، مـولکی حکومـەت نییـە و هـیچ پەیوەندیـەکی بـە حکومەتـەوە نییـە ، خـەلکێك بـە سـەنەداتی خـارجی بـە ئـەوراقی خـارجی فرۆشتویەتی و زۆربەشیان برادەران تەئیـد دەکـەن هـەموو مولـەتی بینایـان هەیـە و مولَەتی مووەقەتیان وەرگرتووە کاتی خۆی کە دوکانەکانیان دروست کردوە یان شتی تریان دروست کردووە ، لەبەر ئەوە ئەو محەللە تیجارییـە ئـەو واقیـع حالـە لـە کـۆڵ ببێتەوە هەمووی تەملیکی شارەوانی بکرێت و ئەو ئیتیجاهەی کە لیژنـەی شـارەوانی بـۆی رۆیـشت زۆر باشــە (٤) دینــار بــە نیــسبەت دور ســەکەنی و (٢٠) دینــاریش واریداتەکە بۆ شارەوانی ئەوانەی کە محەلی تجاری ئیفـراز دەکـەن ، مـەتری تـەملیك بکرێت بە (٢٠) دینار و تەبعەن واریداتەکە زۆر شتەکی گونجاوە ، لەگەڵ رێزماندا .
موناقەشـەیەکی زۆر کـرا لەلایـەن ئەندامانـەوە کـە راکـەی ئیمـە سـەر بگـرێ بـەلاَم وەلاَمی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بەم شێوەیە بوو :

مەناتیقی تیجاری لەناو پرۆژەی حکومەت خۆی نییە ، تکا ئەکەم لە لیژنەی قانونی شوێنی تیجاری لەناو پرۆژەی حکومەتدا نییە ، حکومەت ئەو بریارەی وەرگرتووە بۆ ئەوەی چارەسەری سەکەنی هاوولاتی بکا نەوەك مەحەلاتی تیجاری ، ئەگەر بییەوێ مەحەلاتی تیجاری بکا حکومەت پرۆژە تەقدیم ئەکا ، ئەگەر حکومەت پرۆژە تەقدیم نەکا (١٠) ئەندامی پەرلەمان بۆیان هەیە پرۆژە تەقدیم بکەن ، ئیستا ئیمە تەرکیز دەکەینە سەر ئەو تەڵەبەی حکومەت ئەیکا ، حکومەت ئەیەوێ چارەسەری سەکەنی هاوولاتی بکا ، ئەیەوێ لە عەینی کاتیشدا چارەسەری ئەو موشکیلانە بکات کە رووی ئەو تەجاوزاتانە پەیدا بووە جا تکایە با مەوزوعەکە نەبەین بەلایەکی تر ، چونکە مەجبورم ئەو کاتە تەئجیلی موناقەشە بکەم ، موشکلەکە حەل نابێ .

من جارێکی تر داوام کرد رێگام پێ بدرێت کە قسە بکەم ، رێگایان پێ دام و ووتم : بەراستی ئەم حاڵەتەی فەقەرەی یەك تایبەتە ، یەعنی ئەتوانین بڵێین لەگەڵ وەزعی موتەجاوزین نییە ، چونکە موتەجاوزین بە هیچ شێوەیەك تەملیکی دوکان و ئەو شتانە ناکەن ، بەلام ئەوە واقیع حاڵێکەو دروست بووە هێناویشیانە لێرە دایانناوە ، ئیمە خەرائیتی مەسحی مەوقعیمان دیوە ، ئەو جادانەی کە ئیستا هەنە دووساید و یەك ساید لەناو شاری هەولێر بەتایبەتی لە تەیراوە وسەیداوە میحوەری تیجاری دروست بووە لە سەر جادەکان ، فتعە هەیە ئەکەوێتە ئەم بەروئەوبەری جادە بە خەریتە و بە تاپۆ یەك قەتعەیە جادە بەناویا رۆیشتوە ئەم بەرو ئەوبەریشی هەمووی بووەتە دوکان لە مەسحەکەشدا ئەو دوکانانە نوسراوە (دورسەکەنی)یە ، یەعنی ئەگەر بێ توو دوکانەکان تەسجیل بکرێن ئەو دوکانانە بە دوری سەکەنی تەسجیل ئەکرێن ، ئەبێ بەناوی خاوەنەکانیان ، لەبەر ئەوە شارەوانیش زەرەر ئەکات ، حکومەتیش زەرەر ئەکا و ئەم قانونەش ئەگەر ئەوەی تیا نەبێ ، بەراستی جێگای خۆی ناگرێ ، یان ئەوەیە ئیمە ئەو فەقەرەیە دوابخەین بۆئەوەی زیاتر دیراسەتی لەسەر بکرێ لەلایەن وەزارەتی شارەوانیەکان و ئەنجومەنی وەزیران ، وە

یا ئەوە بکری بەراستی ئەو محەلە تیجاریانە بووەتە واقیع حاڵ ، چونکە ئەو ئەرزە تۆ تاپۆی ئەکەی بەناوی شارەوانی ، کە بوو بەناوی شارەوانی ئەم بەرو ئەوبەری تیایە خانوشی تیایە محەلاتی تیجایشی تیایە ، یائەبێ ئەو نەخشانە مەحلاتە تیجاریەکانی لێ جیا بکەنەوە ، چونکە ئەرزەکەی ئەبی بەناوی شارەوانی ئەو کاتەبە حاڵەتێکی تریان لەگەڵ بکرێ ، لەگەڵ رێزم .

بەهەر حاڵ لەسەر ئەم مەوزوعە زۆر قسە کرا ، ئیمە وەکو لیژنەی شارەوانیەکان سوور بووین لەسەر رای خۆمان ، بەلاّم بێ سود بوو ، پرۆژەکە لەگەڵ هەندی گورانکاری بچوك ، وەکو خۆی خرایە دەنگدانەوە و پەسەند کرا .

١٩ ـ رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/٦/٤ ، پەرلەمان دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی خۆی بەست ، ئەم رۆژە (١٠) ساڵ بەسەر یەکەمیین دانیشتنی پەرلەماندا تێدەپەری و لەم یادەدا کۆبونەوەکە تەنها ووتار خوێندنەوە و راپۆرتی لیژنەکان بوو لەسەر چالاکیەکانیان لە ماوەی ئەو (١٠) ساڵەدا ، لەم کۆبونەوەیەدا بەرێزان کاك مسعود بارزاتی سەرۆکی پارتی و خوالیخۆشبوو کاك سامی عبدالرحمن و میوانێکی زۆر لە وەزیر و نوینەری لایەنەسیاسیەکانی کوردستان ئامادە بوون . بەم بۆنەیەوە ووتارەکان کە بەشێوەی لای خۆارەوە بوون خوێندرانەوە :

أ ـ ووتاری بەخێر هاتن لەلایەن بەرێز سەرۆکی پەرلەمانەوە .

ب ـ ووتاری رێزدار سەرۆك بارزانی .

ج ـ بەیاننامەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، لەلایەن بەرێزی خوالیخۆشبوو سامی عبدالحمن وە .

د ـ ووتاری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و فراکسیۆنی مۆر و ئەندامان .

هـ ـ خستنەرووی راپۆرتی لیژنە هەمیشەییەکانی ناو پەرلەمان .

ووتارەکان خوێندرانەوە ، پاشان پشویەك راگەیەندرا و جارێکی تر کۆبونەوە دەستی پێ کردەوە و لیژنەکان دەستیان کرد بە خویندنەوەی راپۆرتەکانیان ، ئەو رۆژە

هـەتا ئیوارەیـەکی درەنـگ ، هێـشتا هەنـدی لیژنـە مـابوون کـە راپۆرتـەکانیان بخوێنرێتەووە ، یەکی لـەو لیژنانـە لیژنـەی ئیمـە بـوو کـە کۆبونەوەکـە تـەواو بـوو ، بریار درا کە لە رۆژی چوارشەممە بە واتا سبەینێ ئەوانیش بیخوێننـەوە . بۆیـە لـە رۆژی ٢٠٠٢/٦/٥ ، پەرلەمان کۆبوەوە بۆ مەبەستی تەواو کردنی راپۆرتەکان . لیژنەی ئیمە راپۆرتێکی تێرو تەسەلان ئامـادە کردبـوو کـە مـن زۆری پێـوە مەشـغوڵ بـووم ، بریارمان دا کە سەرۆکی لیژنەکەمان بەرێز کاك مەلا هادی خدر بیخوێنێتەوە و بەم جۆرە بوو :

ئـەمرۆ ٢٠٠٢/٦/٤ (١٠) سـاڵ بەسـەر دەسـت بـەکاربوونی پەرلـەمانی کوردسـتان تـێ دەپەرێ کەلەم رۆژەدا و پاش ئەو هەڵبژاردنە ئازادو دیموکراسیەی لە کوردستاندا بە ئەنجام گەیشت ، پەرلەمان یەکەم کۆبونەوەی خۆی بەناوی گەلی کوردستانەوە بەست کە تاکە دەزگایەکی شەرعی یە بۆ رێکخستنی ژیانی مرۆڤی کورد کـە ساڵەهای ساڵە گەلەکـەمان خـەباتی شۆرشـگێری و رامیـاری بـۆ دەکـرد و چـەندین رۆڵـەی دڵسۆزو نیشتیمان پەروەری لەو رێگایەدا گیانیان بەخشی .

بـەرێزان پـاش دەسـت بـەکاربونی پەرلـەمانی کوردسـتان و پـاش بریـار دان لەسـەر پەیرەوی ناوخۆی ، لیژنەکانی پێویست و هەمیشەیی بۆ کارکردن لەنێوان ئەندامانی بەرێزی پەرلەماندا هەڵبـژێردران کـە یـەکێ لـەو لیژنانـە لیژنـەی ( شـارەوانیەکان و گواستنەوە و گەیاندن ) بوو ، لەسـەرەتای دروست بـوونی هـەتا ئیـستا بەبـەردەوامی کارەکانی خۆی بەپیێ ئەو پەیرەوە جێ بەجێ کردووە ، لیژنەمان بە پێویستی زانـی لەم رۆژەدا و لەم یادەوەریە مەزنەدا بەکورتیی چەندین چالاکی خـۆی پێـشکەش بـە بەرێزتان بکات ، هەر چەندە لە ساڵی ١٩٩٢ وە هەتا ساڵی ١٩٩٤ لیژنەکـەمان چـەندەها پـرۆژە و راپـۆرت و پێـشنیاری بـاش وبەسـودی ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان کردبوو ، بەلاّم بەداخەوە بـەهۆی ئـەو بارودۆخـە نالـەبارەی شـەری نـاوخۆ لـە سـاڵی ١٩٩٤ ئـەو راپـۆرت و پـرۆژە و چـالاکیانە لـەناو چـوون و فـەوتان . پـاش گەرانـەوەی

شەرعیەتی کۆبونەوەکانی پەرلەمان لەساڵی ١٩٩٦ وە تا ئیستا لیژنەکەمان جارێکی تر کەوتەوە نواندنی چالاکیەکانی ، بەو هیوایەی جێگای رەزامەندی بەرێزتان بێت .

١ ـ لیژنەکەمان هەر لە رۆژی دروست بونیەوە هەتا ئیستا دەوری چالاکانەی خۆی هەبووە لە هێنانە کایەی هەموو ئەو یاساو بریارانەی کە لە پەرلەماندا دراون بە تایبەتی ئەو بریارانەی کە پەیوەندیان بە لیژنەکەمانەوە هەبووە و هەمیشە هەوڵی بەتینمان داوە کە یاساو بریارەکان لە بەرژەوەندی گشتی دابن .

٢ ـ پاش دەست بەکار بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق هەر لە یەکەمین کابینەوە هەتا کابینەی چوارەم ، لیژنەمان پەیوەندی تەواوی لەگەڵ ئەو وەزارەتانەی کە پەیوەندیان هەبووە بە لیژنەکەمانەوە کردوە ، بۆ نمونە هەندێ لەو چالاکیانەی لیژنەمان لەگەڵ وەزارەتەکان دەخەینە بەرچاو لەکاری موتابەعەو بەدواداچونەوەدا .

أ ـ داواکردنی وەزیرە بەرێزەکانی شارەوانی و گەشتوگوزار و گواستنەوە و گەیاندن بۆ هۆڵی پەرلەمان و ئاراستە کردنی ئەو پرسیارانەی کە پەیوەست بوون بەکارو باری ئەو ٢ دوو وەزارەتەوە .

ب ـ ئامادەبوونی چەندین جارەی هەردوو وەزیری بەرێزلە هۆڵی پەرلەمان بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر کارو وچالاکییەکانی وەزارەت و هەر بابەتێك کە پەیوەندی هەبوبێت بە کێشەی هاووڵاتیان و هەر پرسیارێکی ئەندامانی بەرێزی پەرلەمانتاران بووبێت وەلأمیان داوەتەوە .

٣ ـ لیژنەمان لەسەر داوای بەرێز سەرۆکی پەرلەمان چەند جار هەڵساوە بەسەردانی گشت داموودەزگاکانی سەر بە هەردوو وەزارەت چ لە شارەکانی هەولێر و دهۆك و چ لە شارو و شارۆچکەکانی تری وەکو ( سۆران و ئاکرێ و سمیلْ و زاخۆ و شەقلاْوە ) و جێگای تر بە مەبەستی بەدواداچونی کاروو چالاکیەکانیان ، پاشان بە راپۆرت ئاکامی ئەو سەردانانە ئاراستەی بەرێز سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە .

٤ ـ ئەو پرۆژەو کارانەی کە تا ئیستا و بەتایبەتی لە هەردوو کابینەی ٣و٤ بە ئەنجام گەیشتوون و زۆر گرنگیان هەیە بۆ ژیانی هاوولاتیان ، و بە هەند وەردەگیرێن کەلەم رۆژەدا پێویستە ئاماژەیان پێ بدرێت بە کورتی و ئیمە لە نزیکەوە لییان بە ئاگاین و سەردانی هەندێکیانمان کردوە و موتابەعەی زۆربەیانمان کردوە لە رووی جێ بەجێ کردن .

**وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار .**

أ ـ دروست کردنی پرۆژەی ئاوی بێخاڵ بۆ شاری سۆران و پرۆژەی ئاوی حەسارۆك بۆ شاری هەولێر و هەروەها پرۆژەکانی ئاو لە شاری دهۆك و گشت شارو شارۆچکەکانی دەوروبەریان کە ئەمانە لەسەر بووجەی حکومەتی هەرێم جێ بەجێ کراون .

ب ـ دروست کردنی ئاوەرۆی صندووقی لەناو شاری هەولێر و دهۆك و شارەکانی تر لەو پلان دانانەی کە لەسەر بریاری ٩٨٦ بە ئەنجام گەیاندراون جگە لەمەش پلان دانراوە بۆ دروست کردنی پرۆژەکانی ئاوەرۆی ئاوی پیس لە داهاتودا بە ئەنجام دەگەینرێت .

ج ـ دروست کردنی پرۆژەکانی گەشت و گوزار وەکو چاك کردنی هاوینە هەوارەکانی کوردستان بەتایبەتی ( خانزاد و جوندیان و شیراتۆن ) جگە لەمەش پرۆژەی چاك کردنی هەردوو هاوینە هەواری ( سیپە لە ئاکرێ و بێخاڵ لە رەواندوز ) لەبەر دەستدایە بۆ جێ بەجێ کردن .

د ـ دروست کردن و قیرتاو کردنی چەندین شەقامی تازە لەناو شارو و شارۆچکەکاندا لەگەڵ جوانکاری ناو شارەکان و ریکخستنی باخچەکان و دروست کردنی پارکی هەولێر و دروست کردنی پردی پەرینەوەی سەیارە لە چوار رییانی شۆرش ( أوڤر باس ) لە هەولێر .

هـ ـ تصمیمی ئەساسی و تەفصیلی بۆ گشت شارو شارۆچکەکان کراوە و زۆربەیان کەوتونەتە حاڵتەی کار پێ کردن و لە هەولێر و دهوك و سوران و ئاکرێ و چەند

شارێکی تر هەزارەها پارچە زەوی ئامادە کراوە و دابەش کراون بەسەر هاوولاّتیان ئەوانەی کە پێویست بووە پێیان بدرێت .

### وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن

أ ـ گورین و بەرفراوان کردنی بەددالەکانی هەولێر و دهۆك و پیرمام .

ب ـ پەیوەست کردنی پەیوەندی تەلەفونی نێوان هەولێر و دهۆك لە رێگای مایکرۆیفەوە راستەو خۆ .

ج ـ بەددالەیەکی تازە بۆ ناو شاری ئامێدی دانراوە کە راستەوخۆ لەگەلّ دهۆك پەیوەندە هەیە .

د ـ دانانی بەددالەکانی تازە لە ( زاخۆ ، ئاکرێ ، مێرگەسور ، رەواندوز ، خەبات ، باتوفە ، خانکێ ، سیمێلّ ) و ئیستا کاردەکەن و بەددالەکانی ( چۆمان ، بارزان ، دێرەلوك ، بنەسلاّوە ) دامەزراون و کاری دروست کردنی تۆرەکانی بۆ دەکرێن ، هەروەها پرۆژەی دانانی دوو بەددالەی تازە لەناو شاری هەولێر لە هەردوو گەرەکی ( نەورۆز و برایەتی ) لەگەلّ دانانی تۆری کێبلاّت بۆیان ، ئەمانە هەمووی کارەکانیان لەسەر بوجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێ بەجێ کراون و دەکرێن .

هـ ـ شەریکەی کۆرەك تیلکۆم (مۆبایل) بەپێی گرێ بەستێك لەگەلّ وەزارەت ، تەلەفوناتی مۆبایلی خستوەتە ناو هەرێمی کوردستان و ئیستا لەکاردایە و رۆژبە رۆژ پەرە بە کارەکانی دەدات ، وەزارەت پرۆژەیەکی لەم جۆرەی داوەتە ( یوئێن ) لەسەر فێسی (٥) لەسەر بریاری ٩٨٦ کە جێ بەجێ بکرێت ، هەروەها موڵەتی دانانی سەنتەرو نوسینگەی فاکس و تەلەفوناتی جیهانی داوەتە داواکاران بەشێوەیەکی بەرفراوان ، ئەم کارە بۆەتە مایەی هەرزان بوونی نرخی تەلەفونات بۆ دەرەوەی وولاّت .

و ـ وەزارەت لەگەلّ پرۆژەی کوردستان نێت ( انترنێت ) گرێ بەستی هەیە کە هەموو هاوولاّتییەك دەتوانێ لە رێگای تەلەفونەکانیانەوە هاوبەشی بکەن ، جگە

لەمەش قاوەخانەیەکی ئەنتەرنێتی زۆر لەلایەن کەرتی تایبەتی بۆهەمان مەبەست مۆڵەتیان پێیدراوە .

ز - کاری گەیاندنی پۆستە کە ئیستا لەناو هەرێمدا بەدووشێوە بەرێوە دەچی ، یەکەمیان پۆستی ناوخۆیی کە بەرێکو پێکی نامەو کەلوپەلەکان بۆ گشت جێگایەك لە هەرێم دەگوازرێتەوە ، دووهەم پۆستەی دەرەوەی هەرێم کە ئەوەش بە ئاسانی بەرێوە دەچی و ئەم کارەش رۆژ لە دوای رۆژ لەزیادبون و پەرەسەندندایە .

ح - گواستنەوەی هاوولاتیان بەهۆی ئوتۆمۆبیلەوە ئیستا هیچ کاری پێ ناکرێ بەهۆی نەبوونی ئۆتۆمۆبیل ، بریارە لەسەر بریاری ٩٨٦ ژمارەی ( ٣٠٠) پاصیی جۆراو جۆر بۆ وەزارەت دابین بکرێت هەتا بتوانێت بەرێکو پێکی ئەم کەلێنەش پربکاتەوە .

لە کۆتاییدا ئومێدەوارین کە پەرلەمانی کوردستان زیاتر و زیاتر چالاکیەکانی خۆی ئەنجام بدات و بەو هیوایەش ئاشتی و ئارامی سەرتاسەری سەقام گیر بێت و ئەم یادەوەریەش هاندەرێك بێت بۆ برایانمان لە لیستی سەوز کە پەرلەمانە ئازیزو خۆشەویستەکەی خەڵکی کوردستان بەیاد بێننەوە ، بەپێێ ریکەوتننامەی ئاشتی واشنتۆن بگەرێنەوە بۆ ئەوەی هەموو لایەکمان بەیەك دەنگی و یەك ریزی پەرە بە ئەزمونەکەمان بدەین و هیچ کەلێنیك و درزێك بۆ ناحەزانی گەلەکەمان نەهێڵینەوە و بەرەو پێشەوەی بەرین و سوپاستان دەکەین .

لەگەڵ رێزماندا

٢٠ ــ لە دانیشتنی ژمارە (٢٥) رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/٦/٢٥ ، پەرلەمان کۆبونەوەی ئاسای خۆی بەست و بەرنامەی کاری بریتیی بوو لەم خالأنەی لای خوارەوە :

أ - خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموار کردنی بریاری ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠١ .

ب - خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٢ .

ج - خستنەرووگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای بالأی وەرزش لە هەرێمی کوردستانی عێراق ، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە .

خاڵەکانی یەکەم و دووەم ، تەنها خوێندنەوەی پرۆژەکان بوو ، ئاراستەی لیژنـەکانی پەیوەندیدار کران ، پاشان دەست کرا بە گفتوگۆ کردنـی یاسـای بـاڵای وەرزش ، ئـەم یاسایە تازە بوو ، قسەی زۆری لەسەر کرا و لەم دانیشتنەدا کۆتای بە پەسەند کردنی گشت ماددەکانی نەهات ، من موداخەلەیەکی حسابیم هەبوو لەم دانیشتنەدا کە بـەم شێوەیە بوو :

(حساباتی ختامی لە هەموو ساڵێك لە مانگی پێنج دەبێت لەبەر ئـەوەی سـەری ساڵ ئەو کۆبونەوە دەکرێ ناتوانی حساباتی ختامی پێشکەش بکەن ، بۆیـە پـشتگیری لـە رایەکـەی کـاك جمیـل دەکـەم کـە ئـەوە هـەڵگیرێ لـەوێ تـەقریری موحاسـب لەسـەر ئوموری حسابی ئەو ساڵە کیفایەتە ، سوپاس ) .

٢١ ــ پەرلـەمان دانیـشتنی ژمـارە (٢٦)ی خـۆی لـە رۆژی یـەك شـەممە رێکـەوتی ٢٠٠٢/٦/٣٠ ، کە ئەم کۆبونەوەیە دوایین کۆبونەوەی ئەو خولـە بـوو ، چـونکە لـە ٧/١ وە پشووی هاوینە دەست پێ ئەکات ، بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بریتی بوو لە :

أ ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەرووگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای ئەنجومـەنی بـاڵای وەرزش لە هەرێمی کوردستان .

ب ـ خستنەرووگفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموارکردنی بریاری ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠١.

ج ـ خستنەرووگفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٢ .

یاسای ئەنجومەنی باڵای وەرزش باقی ماددەکانی تری گفتووگۆی لەسەر کـراو دەنگـی بـۆ درا ، پاشـان هـەموار کردنـی بریـاری ژمـارە (٧)ی سـاڵی ٢٠٠١ کـە پەیوەنـدی بـە مـەوزوعی سجلاتی دەوائـیری تـاپۆی زاخـۆ وە هـەبوو کـە کـاتی خـۆی سـوتاوە ، ئـەم بریارە بەهۆی هەندێ کەموکوری و کارنەکردن لەسەری جێ بەجێ نەکرابوو ، بۆیـە هەندی ئاڵوگۆری تێدا کرا بۆ ئەوەی جێ بەجێ ببێت ، لیژنـەی ئیمـەش بریارەکـەی ئاراستە کرابوو ، من لە موداخەلەیەکدا ، رای لیژنەی خۆمانم لەسـەر بریارەکـە بـەم شێوەیە دا :

( ئـەو پرۆژەیـەش رەوانـەی لیژنـەی ئیمـەش کرابـوو ، ئیمـەش رای خۆمـان دابـوو لەسەری ، جا لەبەر ئەوە ئـەو لیژنەیـە کـە تەشـکیل نـەبووە هـۆی یەکـەمی تـەنفیز نەکردنی ئەو قەرارەیە ، چونکە لە راپۆرتی کاك سەعید هەر وا هـاتوە کـە تـا ئیـستا لیژنەکـە تەشـکیل نـەبووە ، لەبـەر ئـەوە زەروورییـە ئیـستا لـەو هەموارکردنـەدا دەسەلاتیك بدریت بە جیهەتیك کە ئەو لیژنەیە تەشکیل بکات ، لەگەل ریزماندا ) .
وەزیـری داد کـە لـە کۆبونەوەکـەدا بەشـدار بـوو ، وەلامـی منـی دایـەوە ( لیژنەکـە تەشکیل کراوە ، بەسەرۆکایەتی حاکمیك و چەند ئەندامیك ، بەلام هەر بەهۆی ئـەو کەموکورتیە بوو کە لە قەرارەکەدا بـوو ، وەسـتان تـا ئـەو تەعدیلـە دەکریـت و ئـەو کاتە هەلدەستین بە جی بەجی کردنـی ، سـوپاس ) . پـاش ئەمـە بریارەکـە پەسـەند کرا . هەمواری دووەمیش گفتووگۆی لەسەر کراو پەسەند کـرا ، پـیش کوتـای هـاتنی کۆبونەوەکە بەریز سەرۆکی پەرلەمان چەند ووتەیەکی پیشکەش کـرد ، کـە ئەمـەی خوارەوە ئەو ووتانەیە :
بـەریزان ئـەمرۆ ٢٠٠٢/٦/٣٠ کۆتـایی خـولی یەکـەمی سـالی یازدەهـەمی ئەنجومـەنی نیــشتیمانی کوردســتانی عیراقــە ، بــەم بۆنەیــەوە سوپاســی هەریــەك لــە ئیــوەی بەریزدەکەم بۆ ئەو کارانەی لەم ماوەیەدا ئەنجامتان داوە ، لەراستیدا کاریکی بـاش و ریکوپیکتان ئەنجام داوە ، جیگای سەربەرزی هەمووﻻیەکمانە ، لەلایەکی تـرەوە پـیم خۆشە ئەوە بخەمە روو کە سوپاسی هاوکاری و تەنـسیق لەگـەل حکومـەتی هەریمـدا بکــەم ئەنجومــەنی وەزیــران کــە ئــەویش بووەتــە هۆیــەکی پیــشکەوتن و زیــاتر سەرکەوتنی کارەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عیراق ، هیوادارم لـە خـولی دووەمدا دانیشتنەکانمان بە هەمان رۆحییەت و بە هەمان گیان ، دەست پـی بکاتـەوە ، بەرهەمی زیاتر پیشکەش بـە هاوولاتیـانی خۆشەویـستمان بکـەین ، تکام وایـە زۆر دوور نەرۆن ، ئەگەر دووریش رۆیشتن لەم ماوەیـە حـسابی ئـەوە بکـەن لەوانەیـە لـە هەر کاتیکدا بانگتان بکەینەوە ، دەبـی لـەو کاتـەدا لـە راسـتیدا هـەموو ئامـادەبن کـە کـاریکی گـرنگ ئەگـەر هاتـە پیشەوە پیویـستی بـە دانیـشتنیکی پەرلـەمان کـرد کـە

بــەزووترین کــات بێنــەوە ئــیرە ، لێتــانی ناشــارمەوە وەزعــی سیاســی و بــارودۆخی ئەمرۆی وولاْتەکەمان ، کوردستان و عێـراقیش بـە گشتی ، لەوانەیـە پێویـست بـەوە بکات چەند دانشتنێکی ئیستیسنائی بکەین ، جارێکی تـر سوپاسـی هـەموو لایـەکتان دەکەم بژین ، بەوە کۆتایی دێت بە دانیشتنەکانمان .

٢٢ ـ پەرلەمان بەهۆی هەندی کاری پێویست ، چەند دانیشتنێکی نائاسای بەست کـە لە رۆژی ٢٠٠٢/٨/١٣ دا کۆبونـەوەی ژمارە (٢)ی بەست و بەرنامـەی کـاری بریتـی بـوو لە :

أ ـ خۆیندنـەوەی یەکـەمی پێـشنیاری یاسـایەکی تایبـەت بـە تێـوەگلانی جەریمـەی کرینەوەی ناموس ( غسل العار ) کە لـە چوارچێوەی پۆزشـە یاسـایەکاندا ( الاعـزار القانونیـە ) یـان لـەو هەلومـەرجو دادگاییانـەدا ( الـزوف القزائیـە ) کـە سـزاکەی دادەشکێنی لە قەلّەم بدرێت .

ب ـ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری بریـاری ئیلغاکردنـەوەی بریـاری ژمـارە (٣١) لـە ١٩٩٧/١١/٦ی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق .

ج ـ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای حساب کردنـی مـاوەی خزمـەتی دادوەری بە کرداری ئەندامە حقوقیەکانی پەرلەمان بۆ دامەزراندنیان و تەرقیە و تەرفیع .

خـالّی یەکـەم لەبـەر گرنگی بابەتەکـە و ئامـادەبوونی سـەرۆکی حکومـەت و چـەند وەزیرێك ، پاش خوێندنەوەی لە لایەن ئەندامێکی لیژنەی یاسای ، وا دیـار بـوو ئـەو پرۆژەیەی لـە حکومـەتی هەرێمـەوە هـاتبوو ، مـاددەی (١٢٨) یاسـای سـزاکانی عێـراق ژمارە (١)ی سالّی ١٩٦٩ی لە هەرێمی کوردستان رائەگرت و لە جیاتی ئـەوە دوو مـاددە پێـشنیار کرابـوو ، لیژنـەی یاسـای پەرلـەمان پـێ وابـوو کـە دەسـتکاری ئـەو یاسـایە نەکرێت ، پەرلەمان بۆخۆی یاسـایەکی تایبـەتی بـۆ ئـەو مەبەسـتە پەسـەند بکـات و ئـەوان یاسـاکەیان دارشـتبوو کـە لـە لایـەن (١٠) ئەنـدام پەرلەمانـەوە پێـشکەش بـە پەرلەمان کرابـوو ، داوایـان کـرد ئـەو پرۆژەیـە بخوێندرێتـەوە ، پـاش خوێندنـەوەی هەردوو پرۆژەکە خرانە بە گفتووگۆ ، ئەم بابەتە زیاتر پەیوەندی بـە لیژنـەی یاسـا

و لیژنـەی ئـەوقاف و کاروبـاری ئیـسلامی و لیژنـەی مـافی مـرۆڤ و لیژنـەی مـافی ئـافرەت و لیژنـەی کاروبـاری تەندروسـتی و کۆمەلأیـەتی هـەبوو وەزیرەکـانی داد و ئەوقاف مافی مرۆڤ و کشتوکالٚ و پـەروەردە و وەزیـری هـەرێم و سـەرۆکی یەکیـەتی زانایانی ئایینی و نوینەرانی رێکخراوەکانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بەشـداری کۆبونەوەکەیان کرد ، گفتووگۆکان گەرم بوون و زۆر ، یاساکە بۆ هەرێمی کوردسـتان زۆر پێویست بوو ، لە نیوان ئەو قسانەدا منیش موداخەلەیەکم کرد بەم شێوەیە :
بەراستی پرۆژەی لیژنـەی یاسا لـە جێگـەی خۆیـەتی کـە بـە یاسایەکی تایبـەت ئـەو مەوزوعـەی هێنایـە ئـاراوە ، دووەمـیش مـادام ئـەم بابەتـە هـیچ خیلافێکـی لەگـەلٚ ئـەحکامی ئیـسلامی و بـاقی ئایینـەکانی تـر نییـە و هـەروەها مافـەکانی مـرۆڤیش دەپارێزرێن ، کاتی خۆی ئەم یاسایانەی لە لایـەن رژێمـی عێـراق دانـراوە هـیچ کـاتێ لەوێ مافی مرۆڤ نەبووە و ئیستاش نییە ، بەلأم ئێستا لـە کوردسـتاندا مـافی مـرۆڤ پـارێزراوە و ئیمـە تـەنها ئەوەندەیـە پاداشـتی مـوجریم لا ببـەین ، ئـەو پاداشـتە کـە تەخفیفی سزاکەیەتی ئێمە ئێستا ئەوەندە لائەبەین ، لەبەر ئەوە لە جێگە خۆیـەتی ، سوپاس .
پاشان ئەو پـرۆژەی ئەنـدامانی پەرلـەمان پێشکەشیان کردبـوو پەسـەند کـرا و بـووە چەپلە رێزان لەلایەن گشت ئامادەبووانەوە .
خـالٚی دووەم دواخـرا بـۆ کـاتێکی تـر ، چـونکە خالەکـە پەیوەنـدی بـە بریـارێکی سیاسیەوە هەبوو .
خالٚی سێیەم خرایە بەر گفتووگۆ ، من بە دوو پێشنیار بەشـداریم لـەو گفتووگۆیـەدا کرد کە بەم شێوەیە بوو :
ئەو یاسای ( السلته القزائیه ) کە پێشتر دەرچووە لـە یاسـای ژمـارە (١٤)ی سـالٚی ١٩٩٢ حەقی مومارەسەی فعلی دەدات بەو کەسانەی کە دەرچووی کۆلیژی یاسـان و هەنـدی زەوابتیشی داناوە کێن کەوا تەعین دەبن بە حاکم ، من پێم وایە لێرە ئەو فەقەرەیە هەموار بکەینەوە ، فەقەرەی حەوت (أ) باشترە لەوەی کە یاسایەکی تایبەتی دابنـێین

، هەروەها وەکو کاك فازیل یش روونی کردەوە ، حەز ئەکەین ئیزافەی ئەو برا حقوقیانەش بکرێت کە لە شۆرش بەشداریان کردووە تا راپەرین ، ئەوانیش با مەغدور نەبن وەکو حاکم ئەو مودەیەیان بە خزمەت بۆ حساب بکرێت ، لەگەڵ رێزماندا .

لیژنەی یاسای بەم شێوەیە وەڵامیان دامەوە :

(ئەوەی کاك علی فەرمووی تەعدیلی قانونی سولتەی قەزائی ، پێمان باش نەبوو دەستکاری قانونی سولتەی قەزائی بکەین ، چونکە زۆر مەبادیئی تێدایە و نەمان ویست دەستی لێ بدەین ، تەنها مەوزوع بریارێکە بۆئەوەی ئەو خزمەتە ئیعتیبار بکرێت ، ئەو برادەرانە مەغدوور نەبن ) هەروەهاش پێشتر لەسەر حساب کردنی خزمەتی برا حقوقیەکانی بەشدار لە شۆرش ، داوایان کرد کە بە بریارێکی تر ئەوەش جێ بەجێ بکرێت .

٢٣ ــ لەرۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠٠٢/١٠/٤ ، پەرلەمان کۆبونەوەی یەکەمی خولی گواستنەوەی بەست کە فراکسیۆنی سەوز لەگەڵ ئەوانی تر بە یەکگرتوویی ، دەستیان بە کۆبونەوەکانی خۆیان کردەوە ، ئەم خولە ناونرا (خولی گواستنەوە) لەم کۆبونەوەیەدا بەرێزان کاك مەسعود بارزانی و مام جلال تالەبانی و مەدام میتەران و سەرۆکی وەزیرانی هەردوو ئیدارە و وەزیرەکان و سەرکردەی لایەنەسیاسیەکانی کوردستان و چەندین میوانی تر ئامادە بوون ،



(پێشوازی کردن لە سەرۆك بارزانی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان)

بەم بۆنە مێژووییەوە ، چەندین ووتار پێشکەش کران ، لەوانە ووتاری سەرۆکایەتی پەرلەمان ، بروسکەی پیرۆزبایی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (کۆڵن پاوڵ) و ووتاری مەدام میتەران و پاشان پرکردنەوەی نیسابی پەرلەمان بە پێ ڕێکەوتننامەی واشنتۆن ، ووتاری بەڕێز کاك مەسعود بارزانی و ووتاری بەڕێز مام جلال تاڵەبانی ، هەروەها خوێندنەوەی چەندین بروسکەی پیرۆزبایی تر . لە رۆژی سیشەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/١٠/٨ دووەمین کۆبونەوەی خولی گواستنەوە لە شاری سلیمانی بەسترا و هەدوو بەرێزان مام جلال و کاك مەسعود ووتاریان خوێندەوە ، پاشان لیژنەی تنسیقی باڵای هەردوو لایەنی پارتی و یەکیەتی لە سەر کارەکانیان هەتا ئەو رۆژە باسیان لێوە کرد . لە رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/١٠/١٥ ، کۆبونەوەی سێیەمی خولی گواستنەوە لە تەلاری پەرلەمان بە شێوەی ئاسای خۆی دەستی پێ کرد ، بەرنامەی کاری بەم جۆرە بوو :

أ ـ تەواو كردنی ژمارەی ئەندامانی كتلەی یەكیەتی نیشتیمانی بە پێ ڕێكەوتننامەی واشنتۆن ، ( بۆ ٤٩ ئەندام ) .

ب ـ تەواو كردنی ژمارەی ئەندامانی كتلەی پارتی دیموكراتی كوردستان ، بە پێ ڕێكەوتننامەی واشنتۆن ، ( پێشتر هەتا ئەم ڕێكەوتنە كتلەی پارتی هەر ٥٠ ئەندامی دەوامی ئەكرد ، لەم ڕێكەوتنەدا ژمارەی بووە ٥١ ئەندام ) .

ج ـ بەرچاوخستنی پرۆژەی بریاری ناوزەد كردنی خولی گواستنەوە (ألانتقالی) و چەسپاندنی سەرۆكایەتی ئەنجومەن و جێگرایەتی سەرۆك .

د ـ خوێندنەوەی وەلامی ئەو بروسكەیەی كە ڕێزدار كۆلن پاولْ وەزیری دەرەوەی ئەمریكا ناردبووی بۆ پیرۆزبایی كۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستان بە گشت ئەندامانیەوە .

هـ ـ خوێندنەوەی ئەو پەیامەی كە بەناوی ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستانی عێراقەوە بۆ ڕێزدار (مەدام میتران) ئاراستە دەكرێ بۆ گرنگی دان بەو هەلوێستەی بەرامبەر ئەزموونی دیموكراتی كوردستانی عێراق نواندی و نرخاندنی ئەو ماندوبوونەی سەفەری كە لە ڕێی ئامادەبوونی لە دانیشتنەكەی ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/٤ ئەنجومەندا كێشابووی .

خالەكانی یەك و دوو ، تەواو بوون ، خالی سێیەم پرۆژە بریاری ناوزەد كردنی خولی گواستنەوە و چەسپاندنی سەرۆكایەتی ئەنجومەن و جێگرەكەی بوو ، خرایە بەر گفتووگۆ ، هەندی را و قسە لەسەر ئەمە كرا و هەندێك قسەكان تێكەلْ دەبوون لەگەلْ ڕێكەوتننامەی واشنتۆن ، منیش بەم چەند ووتانە بەشداریم كرد :

بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن ، بەراستی ئەو بەرنامەی لەبەردەستدایە بەرنامەی ڕێكخستنی كاروبارەكانی ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستانە لە فەترەی گواستنەوە ، ئەمە پەیوەندی بەوەوە نییە كە چوون و لەسەر چی ڕێك بكەوین ، مەبەستەكە ئەوەیە كە كاروباری خۆمان تەنزیم بكەین بۆ ئەو فەترەیەی تاكو هەلبژاردنی تازە دەكرێ ، ئەوەی تر كە پەیوەندی بە ئیتیفاقیەی واشنتۆن هەیە ئەوە بریارێكی ترە

لەبـەر دەسـتماندایە ، پـاش ئـەوە بریـاری لەسـەر دەدرێـت ، ئـیتر هـەر خاڵێـك لـە ئیتیفاقیەی واشنتۆن هەبیت لەوێ تەسبیت دەبێ ، لەبەر ئەوە ئەم بریـارە مـن پـێم وایە تەنها رێکخستنی کاروباری خۆمانە بۆ ئەو فەترەیـەی کـەوا گواسـتنەوەیە کـاری لەسەر دەکەین و بە تەئکید دەستنیشانی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی و جێگـری سەرۆك کراوە ، کە هەر لێرە ئیستا دەنگی بوو دەدەین ، سوپاس .

٢٤ ـ رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/١٠/٣١ پەرلەمان کۆبونەوەی ژمارە (٤)ی خـولی گواستنەوەی خۆی گرێدا و بەرنامەی کـاری بریتـی بـوو لـە ، یەکـەم ووتـاری دۆسـتی دێرینی کورد بەرێز د.برناردکوشنەر بـوو ، دووەم خوێندنـەوەی یەکـەمی پێـشنیاری پـرۆژەی دەسـتووری هـەرێمی کوردسـتان عێـراق ، سـێیەم خوێندنـەوەی یەکـەمی پێـشنیاری پـرۆژەی دەسـتووری کۆمـاری فیـدراڵی عێـراق . لـە رۆژی سـێ شـەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/١١/٥ ، دانیشتنی ژمارە (٥) بەسترا و بەرنامەی کاری برێتی بوو لە :

أ ـ خوێندنـەوەی یەکـەمی پێـشنیاری بریارێـك دەربـارەی چـۆنیەتی پەیوەنـدی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق لەگەڵ هەردوو ئیدارەی هەرێم لـە مـاوەی خولی گواستنەوەی ئەنجومەندا .

ب ـ بەرچاوخـستن و گفتووگـۆ لەسـەرکردنی پـرۆژەی پێـشنیارکراوی دەسـتووری هەرێمی کوردستانی عێراق .

ج ـ بەرچـاو خـستن و گفتووگـۆ لەسـەرکردنی پـرۆژەی پێـشنیار کـراوی دەسـتووری کۆماری فیدراڵی عێراق .

خاڵی یەکەم تەنها خوێندنـەوە بـوو و ئاراسـتەی لیژنـەکانی تایبـەتی پەیوەسـت بـەو کارەوە کرا و پاشان دەست کرا بە گفتووگۆ کردن لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردسـتان ، بـاب بـە بـاب دەخوێندرایـەوە و موناقەشـەی ئـەکرا ، بـابی یەکـەم خوێندرایەوە ، لەسەر ئەم بابە زۆر موناقەشە کرا چونکە مـادە سـەرەکیەکانی تێدا بوو ، منیش موداخەلەیەکم هەبوو بەم شێوەیە :

بەراستی زۆر گوترا لەسەر ئەم خاڵە ، بەلاّم ئەوەی لای من گرینگە پێویستە ئەوە رێك بخرێت ئەو پارێزگاو قەزاو ناحیەی ئەو سنورانەن ، من پێم وایە بەعەرەبکردن لە ساڵی ١٩٦٤ وە دەستی پێ کردووە ، بەلاّم لە ساڵی ١٩٦٨وە دەستکاری وەحەداتی ئیداری کراوە و ئیلحاق کراون بەو شوێنانەی کە ویستوویانە ، دەربارەی کرکووك من پێم وایە ئەمە مادام پرۆژەیە ، مادام شتێکە ئیمە ناتوانین بە تەواوەتی بیچەسپێنین ، لێرە وەك پرۆژەیەك دەچێتە چەند شوێنێکی تر و دانوستاندنی لەسەر دەکرێت بۆیە نابێ واز لە بوونی کەرکووك بە پایتەختی کوردستان نەهێنین ، هێچی تریشی بۆ زیاد نەکەین ، ئەگەر هاتوو لەوێ لەو شوێنانە کە مەبەستە و جێگا دەگرێت ، لەوێ لە دانوستاندندا ئەگەر وەکو کورد شتێك لەسەر ئەم بابەتە بکرێت باشترە لەوەی ئیستا ئیمە وازی لێ بێنین ، بە نیسبەت ماددەی حەوتەمیش (هێزی چەکدار) بەراستی ئەوە (زەمانە) ، پێویستە ببێت ، ئیمە ئەوەشمان لەیاد نەچێت لە رێکەوتننامەی (١١) ئازاری ساڵ ١٩٧٠ دا (١٢) فەوج حەرەس حدودمان هەبوو ، یەعنی پێشمەرگەکانی خۆمان هەموو رێکخران لەو (١٢) فەوجەدا ، ئێستاش دەبێت ئەو پێشمەرگانەی کە هەن لە کوردستان رێك بخرێن ، بەلاّم ئەگەر نزامیش بن وەك هێزی چەکدار باشترە ، زەمانێکە ، جگە لەمەش وەکو برادەران باسیان کرد لێرەش لەبەر دەستدایە لە دەستووری عێراقی فیدراڵی ئەوەش جێگیر بووە ، من پێم باشە وەکو خۆی بمێنێت ، لەگەڵ رێزماندا.



(کۆبونەوەیەکی پەرلەمان لە خولی گواستنەوە)

لە گفتووگۆی بابی دووەمیش موداخەلەیەکم هەبوو بەم جۆرە :

( لە ماددەی ١٥ شتێکی باشە کە سەفەر بۆ دەرەوە و ئەو خەڵکانە لەدەرەوە بگەڕێنەوە ، بەلاّم شتێك هەیە لێرەدا لەبەر بارودۆخی کوردستان کە لە بارودۆخێکی نائاسایی دا بووە ، ڕەنگە بە سەدان هەزار خەڵکمان لەدەرەوە بێت ، لێرە لەم پرۆژەدا هیچ مافێك بۆ ئەوان دیاری نەکراوە لە گەڕانەوەیان بۆ کوردستان ، چ حقەقێکیان هەبێت ، بۆنمونە و بەتایبەتی مەسەلەی هەڵبژاردنە و مەسەلەی تره ، جا حەق وابوو حەقێك بۆ ئەوانە دیاری بکرێت ، چونکە ئەوانە لە بارووددۆخێکی نائاسایی و لە بارودۆخێکی تایبەتیدا ئەو هیجرەیەیان کردووە لەوانەشە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان ، جا بەشێوەیەکی کاتی بێت یان بەشێوەیەکی یەکجارەکی بێت ، زۆر سوپاس .

٢٥ ــ ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/١١/٦ کۆبونەوەی ژمارە (٦)ی بەست و بەرنامەی کاری بریتی بوو لە :

أ ـ بەرچاو خستن و گفتوگۆ کردن لەسەر پێشنیاری بڕیاری چۆنیەتی پەیوەندی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق لەگەڵ هەردوو ئیدارەی هەرێم لە ماوەی خولی گواستنەوەی ئەنجومەندا .

ب ـ بەردەوام بوونی بەرچاوخستن و گفتووگۆ لەسەر کردنی پرۆژەی پێشنیار کراوی دەستوری هەرێمی کوردستانی عێراق .

ج ـ بەردەوام بوونی بەرچاو خستن و گفتووگۆ لەسەر کردنی پرۆژەی پێشنیارکراوی دەستووری کۆماری فیدراڵی عێراق .

خاڵی یەکەم ، بڕیاردان لەسەر چونیەتی پەیوەندی ئەنجومەنی نیشتیمانی لەگەڵ هەردوو ئیدارە ، پاش خوێندنەوەی و گفتووگۆیەکی کەم دەنگی بۆ درا ، خاڵی دووەم ، بەردەوام بوونی گفتووگۆ لەسەر پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بوو ، بابی پێنجەم ، منیش دوو تێبینیم هەبوو بەم جۆرە :

راستی هەرچەندە برادەران باسی ئەو مەوزوعەیان کرد ، ئیمە لە ماددەی (٧٠) فەقەرەی سێ (المنح) مینەح ئەوەیە کەلە مەرکەز دێت ، لەبەر ئەوە ئەوەی کە مەرکەزە مەسئەلەی نەوتەکەیە ، ئیستا ئیمە حصەمان بۆ دیاری کراوە بە رەسمی لە (٠/.١٣) ، یەعنی پێویستە لە دەستوور ئیمە ئەوە دیاری بکەین ، هەرچەندە بەپێ نفوسە ، بەڵام ئەوە لە مەرکەزدا هەیە ، لێرە لە دەستوور شتێکی وادیاری نەکراوە ، برادەرانی یاسایی بیرێك لەوە بکەنەوە کە شتێك دیاری بکەن بۆ مەسەلەی نەوتەکە ، زۆر سوپاس .

دووەم موداخەلەم لە سەر بابی یەکەم لە پرۆژەی دەستووری عێراقی فیدراڵی بوو : بەنیسبەت ماددەی دوو ، داوا لە لیژنەی یاسا دەکەین بە هەمان شێوەی ماددەی دووی پرۆژەی هەرێمی کوردستانی لێ بکرێت ، چونکە ئەوە تەقریبەن هەمان صیغە و هەمان شێوازی ئەوی هەیە ، سوپاس .

٢٦ ـ رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٠٠٢/١١/٧ ، دانیشتنی ژمارە (٧)ی خولی گواستنەوە دەستی بەکارەکانی خۆی کرد کە بریتی بوو لە سویند خواردنی یاسای سێ وەزیری

ئیدارەی سلیمانی ، جارێکی تر هەردوو پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ خرانەوە بەر گفتووگۆ ، لە دانیشتنەکانی پێشوودا ، تێبینیەکان بەگشتی وەرگیرابوون ، لیژنەی یاسا لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی هەردوو پرۆژەکەیان لەسەر ئەساسی ئەو گفتووگۆیانە گونجاندبوو ، بۆیە لەم کوبونەوەیە تەنها پرۆژەکان بە دەستکاری تازەوە خوێندرانەوە و خرانە دەنگ و لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند کران ، پاشان سەرۆکی پەرلەمان ئەم چەند تێبینیەی روونکردەوە :

هەر بۆ تەعقیب لەسەر مەوزوعەکە ، ئەو پرۆژەیەی وەرگیراوە وەکو پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتیدا ، ئەمە حاڵی حازر دەستوور نییە ، شتێك نییە کە جێ بەجێ بکرێت ، ئەم پرۆژەیە وەکو پرۆژە دەمێنێتەوە ، پرۆژەش کە ناوی پرۆژەی لەسەر بوو قابیلی گۆرانکاری زۆری هەیە مومکینە کەموکوری تیا هەبێت ، مومکینە لە ناحیەی صیاغەوە هەندی شتی تیا هەبێت ، مومکینە هەندی تێبینی گوترابێت دەستکاری نەکرابێت ، یان لەو ئیشەی کە کراوە نەخرابێتە سەری ، بۆیە ئەندامانی بەرێز بە بەردەوامی دەتوانن موراجەعەتی لیژنەی یاسایی بکەنەوە بۆ مەسەلەی صیاغە ، هەروەها ئەگەر تەعدیلاتیان هەبێت یان شتێکیان هەبێت بە نوسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بکەن ، زۆر سوپاس .

٢٧ ــ لە رۆژی سێ شەممە ریکەوتی ٢٠٠٢/١١/١٢ ، پەرلەمان دانیشتنی ژمارە (٨)ی خۆی بەست و بەرنامەی کاری بریتی بوو لە :

أ ـ بەرچاو خستنی پێکهاتەی لیژنە هەمیشەیەکانی ئەنجومەن .

ب ـ پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکاری هەڵبژاردن .

ج ـ گفتووگۆیەکی کراوە لەسەر بارودۆخی ئیستا .

خـاڵی یەکـەم ، لیژنــەکان پێکهێنــران ، مـن لـە لیژنــەی شـارەوانیەکان و گواسـتنەوە وگەیاندن دانرام ، پاشـان بـەپێ هەڵبـژاردنێکی نـاوخۆیی لیژنەکـە مـن بـە بریـاردەر هەڵبژێردرامەوە .

خاڵی دووەم ، لیژنەیەك بەپێ ڕێکەوتننامەی واشـنتۆن پێویـست بـوو دیـاری بکرێـت بۆ ئامادەکاری هەڵبژاردنەوەی پەرلەمان ، لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە لە ڕێکەوتنەکـەدا هاتبوو و پەرلەمانیش دەنگی بۆ ڕێکەوتننامەکە دابوو ، بۆیە پێویـست بـوو کـە ئـەم لیژنەیە دیاری بکرێت ، لیژنەکە دیاری کراو دەنگی بۆ درا . من بەش بـەحاڵی خـۆم هەر لە یەکەمین ڕۆژی دروست بوونی ئەم لیژنەیە ، وام ئەزانی کە شتێکی زیـادەو و کاری پێ ناکرێت ، بارودۆخەکان بەرەو گورانکاری گەورە دەرۆشت ، ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ بابەتەکانی ئەو گورانکاریانە گەرم تر دەبوو ، لیژنەکە هێشتا کۆبونەوەیەك یان دوو کۆبونەوەی نەکرد ، دەسـت کـرا بەلێـدانی عێـراق و گـوران بەسـەر وولاَت و عێراقـدا هات ، لە یەك دوو کۆبونەوەی نارەسمی باس لە کاری ئـەو لیژنەیـە دەکـرا بۆیـە مـن هەمیــشە رام وابــوو کــە کــاری پــێ ناکرێــت ، هــەرواش بــوو . کۆمیــسێونی بــالاَی هەڵبژاردن لە عێراق دروست بوو و سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی کرد .

خاڵی سێ یەم ، گفتووگۆ بوو لەسەر بارووردۆخـەکان ، مـن لـەم بارەیـەوە ئـەم چـەند ڕونکردنەوەیەم هەبوو :

بەراستی بەرێزان زۆریان بە دوورو درێژی باسیان لە بریاری ئەنجومـەنی ئاسـایش و ئەو ئەگەرانەی کەوا پاش ئەوە دێتە ئاراوە کرد ، بەلاَم من دەمەوێت شتێك بڵێم کە بەراستی پێویستە ئێمە لە کاتی لێدانی عێراق وەکو کورد ، بڵێین و نە ڵێین ئاژاوە و شت درووست دەبێت ، مانای شپرزەییەك لە کوردستان لـە ڕووی ئـابووری ، لـە ڕووی سەربازی ، لە ڕووی کۆمەلاَیەتی دروست دەبێت ، پێویستە ئێمە وەکو کورد ، هەر لە ئیستاوە خۆمـان ئامـادە بکـەین ، بـۆ ڕووبەڕووبونـەوەی ئـەو بـارە ئـاڵۆزەی کـە دێتـە کایەوە ، من پێشنیار ئەکەم کە پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەکی بالاَ بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو بارودۆخە کە دێتە ئاراوە پێك بێنێ هەتا جێگای خـۆی دەگرێـت و هـەتا

دەسەلآت شوێنی خۆی دەگرێت لە عێراق ، ئەو لیژنە بالآیە لە کوردستان و ئەو شوێنانەی تر کە پێویست دەکات کورد هەنگاوی بۆ بنێت ، ئیش و کارەکانی بەرێت بەرێوە . دووەم خالّم دەربارەی مەسەلەی کۆنگرەی موعارەزەیە ، بەراستی زۆر باس کرا لەسەر وەزعی موعارەزە و فیدرالّی کورد ، من پێم وایە چەند جارێك مەعارەزەی عێراقی دانیان بە فیدرالّیەتی گەلی کورد ناوە ، بەلآم ئەم کونگرەیە تا رادەیەك ئێمە ئاگادار نیین لە وانەی کە بەشداریی دەکەن و کێن ، حەق وایە نوێنەرانی گەلی کورد رێگە نەدەن بەو کەسانەی کە هەمیشە دژایەتی گەلی کوردییان کردووە ، ئێستاش لەم کۆنگرەیە بێن و رایەکی خراپیان بەرامبەر بە گەلی کورد هەبێت ، زۆر سوپاس .

٢٨ ـ رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٠٠٣/١/٩ ، پەرلەمان کۆبونەوەی ژمارە (١١)ی خولی گواستنەوەی خۆی بەست و بەرنامەی کاری بریتی بوو لە یەك خالّ ، ئەویش : خستنەرووگفتوگۆ کردن بوو لەسەر پرۆژەی بریاری پەیوەندی نێوان لیژنەی بالآی تەنسیق و دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان .

بۆ گفتووگۆ لەسەر ئەو پرۆژەیە ، من چەند سەرنجێکم هەبوو کە بەم شێوەیە بوو : لیژنەی تەنسیقی بالآ ماوەی چەند سالّێکە ئیش دەکات ، ئیشەکانیشی دیارن ، یەکێك لەو ئیشانەی کە توانیویانە بەهۆی ئەوانەوە ئێمە لێرە ئاوەها یەك بگرینەوە ، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم بۆ ئەوەی لەمەودووا وەکو لیژنە کە لە برگەی چوار هەیە ، لیژنە دائیمیەکان لەگەلّ ئەوان ، بەواتا لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان کار بکەن یان موتابەعە بکەن ، ئەو کارانەی کە کردوویانە پێش ئیستا ، پێش دەرچونی ئەم بریارە ، لیژنەی تەنسیقی بالآ بە راپۆرتێکی تێروتەسەل بیداتە پەرلەمان و تەوزیع بکرێن لەسەر لیژنە هەمیشەیەکان بۆ ئەوەی بزانن چی کراوە چی نەکراوە لەکارەکان ، لەگەلّ رێزماندا .

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان لێمی پرسی : رای جەنابتان لەسەر خالّی دوو چییە ؟ .

وەلاّمی من : خالّی دوو بەراستی ریّکوپیّکە من پشتگیری لیّ دەکەم ، لەبەر ئەوەی ئیشیّکی باشە ، بەلاّم ئەگەر ئەو پیّشنیارەش بکریّت شتیّکی زۆر باشە ، راپۆرتیّك لەسەر ئیش و کارەکانی پیّشویان بدریّتە پەرلەمان ، لەگەلّ ریّزماندا .

۲۹ ــ رۆژی چوارشەممە ریّکەوتی ۲۰۰۳/۱/۱۵ ، پەرلەمان کۆبوونەوەی ژمارە (۱۲)ی خۆی گری دا ، بەرنامەی کاری بریتی بوو لە :

أ ـ خستنەروو وگفتووگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بوجەی سالّی ۲۰۰۳ .

ب ـ خستنەروو وگفتووگۆ کردن لەسەر ئەرکی لیژنەکانی پەرلەمان و شیّوەی کارکردنیان .

ج ـ خستنەروو وگفتووگۆ کردن لەسەر دراوی هەریّم وهۆی ئەو گۆرانکارییە ناسروشتیەی بەسەری دادیّ .

خالّی یەکەم بریاریّك بوو کە لەلایەن هەردوو ئیدارەی هەریّمەوە پەسەند کرابوو ، ئەویش بریاردان بوو لەسەر پەسەند کردنی میزانیەی سالّی ۲۰۰۳ لەسەر ئەساسی میزانیەی سالیّ ۲۰۰۲ ، بریارەکە دەنگی بۆ درا .

خالّی دووەم تایبەت بوو بە کاری لیژنەکانی هەمیشەیی ناو پەرلەمان کە چۆن کارەکانیان لەگەلّ هەردوو ئیدارە جیّ بەجیّ بکەن ، رایەکان بەوشیّوەیە بوو کە هەر لایەو بۆ خۆی موتابەعەی کاری وەزارەتەکان بکات هەتا یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە ، منیش لەسەر ئەم خالّە چەند ووتەیەکم هەبوو بەم جۆرە :

من ویستم ئەم خالّە روون بکەمەوە ، بەریّز کاك د. رۆژ باسی کرد ، چونکە بە حەقیقەت لیژنەی تەنسیقی بالاّ چەند لیژنەیەکی هەیە ، تەنها لیژنەیەك نییە کە لیژنەیەکی پەرلەمانی موتابەعەی ئیش و کارەکانی بکات ، لەبەر ئەوە ئەوان چەند لیژنەیەکیان هەیە ، کیّشەکانیش موتەفەریقەن ، هەموو شیّوەکان دەگریّتەوە ، لەبەر ئەوە پیّویستە لیژنە هەمیشەیەکان بەتیّکرا بەشداری لەو کارانە بکەن وەکو لە دانیشتنی پیّشودا بریارمان لەسەردا . بەنیسبەت کۆبوونەوەی لیژنەکان بەراستی شتیّکی زۆر پیّویستە لە مانگیّك دووجار ، حەقە ئەوە بکریّت بە بریاریّك ،

بریارێكی نـاوخۆیی لەسـەرۆكایەتیەوە بدرێتـە لیژنـەكان وەكـو ئیجبـار ئـەم لیژنانـە كۆببنەوە بۆ ئەوەی ئەو ئیشانەی كە هەیانبێت لەو مانگەدا بتوانن لەم كۆبوونەوانە جێ بەجێ بكەن ، لەگەڵ رێزماندا .

خاڵی سێ یەم باسكردنی بارووDۆخی دراوی هەرێم بوو كـە ئـاڵۆزی پێـوە دیـار بـوو ، زۆر قسە لەسەر ئەم بابەتە كرا ، منیش بەم شێوەیە هەندی قسەم كرد :

قسەی زۆر كـرا لەسـەر ئـەم بابەتـە ، بـەڵام هۆكارەكـانی لـەو دواییـە كـاك شـەوكەت هەندێكی باس كرد ، راستە بازرگانی شەر زۆر ئیـستیفادەی لـەو وەزعـە كـردووە كـە بازرگانی بەو پارەوە دەكەن ، هەروەها كەمتەرخەمی هەردوو ئیدارەكە لە كارەكانـدا ، بەتایبەتی هەندێ جار بریار دەدرێ كە دڵمان خۆشە بـەوەی بریارەكـە لـە هـەردوو لا جێ بەجێ دەكرێ ، بەڵام دەبینی لەلایەك جێ بەجێ دەكرێ و لەلایـەكی تـر جـێ بەجێ ناكرێ ، ئەزمەیەكی تاك دیناری هەبوو ماوەیـەك لەمـەوپێش بەراسـتی ئەمـە شـتێكی بۆخـۆی دروسـت كـرد لـە بـازار ، كـە دوایـی بەناچـاری بـە خراپـی بەسـەردا شكایەوە ، بۆیە من پێم باشە زیاتر لەسەر ئەم بابەتە ئەوەندە نـەڵێین ، ئەوەندەیـە تـەنها لـەم وەزعـەی كـە نائاسـاییە و هیـچی ترمـان بـۆ نـاكرێ تـەنها ئـەوە نـەبێ كـە هەردوو ئیدارەكە و هەردوو وەزارەتی دارایی بـە هاوكـاری لیژنـەی دارایـی پەرلـەمان دانیشن رێگە چارەیەك بۆ ئەو وەزعە بدۆزنەوە كە چۆن بـەرەنگاری ئەمـە ببنـەوە ، چۆن ئەو پارەیە تەلەف دەبی ، ئەو پارەیە خـەڵكی بازرگـانی پێـوە دەكـات ، خـەڵكی ناحەزانی دەوروبەرمان ئەیكێشنەوە و كەمی دەكەنەوە بۆ ئەوەی رەصیدەكەی بـەو شـێوەیە بێـت بازارەكـە تووشـی ئـاڵۆزی بكـات ، هـەروەها مـن دەمـەوێت بپرسـم لـە دەسـتەی سـەرۆكایەتی و لـە لیژنـەی دارایـی ئەگـەر گۆییـان لـێم بێـت ، نـازانم سـەدا سیانزەی نەوت بۆ كوردستان ئەو بەشەی كـەوا تـەرخان كـراوە لەلایـەن ( یـۆئین) وە بەشێكی نابێتە رەصید بـۆ ئـەوەی خـەڵكی كوردسـتان لـەو ئەزمەیـە رزگـاری بێـت . سوپاس .

٣٠ ــ رۆژی چوارشـەممە رێكـەوتی ٢٠٠٣/١/٢٩ ، پەرلـەمان كۆبونـەوەی ژمـارە (١٣)ی بەست ، برنامەی كاری تەنها خاڵیك بوو لەسـەر وەزعـی بـازار و بـاری ئـاڵۆزی دراوی هـەرێمی كوردسـتان كـە دراوە سویـسریەكە بـوو ، لیژنـەی دارایـی پەرلـەمان بـۆ ئـەم مەبەسـتە راپـۆرتێكی ئامـادە كردبـوو ، را پۆرتەكـە خوێندرایـەوە و خرایـە بـەر گفتووگۆ و منیش چەند سـەرنجێكم لەسـەری هـەبوو كـە بـەم جۆرەی لای خـوارەوە بوو :

له راسـتیدا وەزعـی بـازار و دۆلار هەنـدێك ئـاڵۆزی تێكـەوتووە ، رەنگـە ئـەم ئاڵوزیـە ئیمـە وەكـو حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان هـەردوو لا ، ئەگـەر موشـارەكە بكـەین بەشێوەیەكی مەدروس و بە شێوەیەكی باش هەندێك كەمتر بكرێتەوە ، لـەو ئاڵۆزیـە زەرەرمەند خاوەن پارەكانن یا بڵیین خەزێنـەی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتانە ، وە ئیلا فەقیر و هەژار ئیـستفادەی لێ كـردووە و كەلوپـەل هـەرزان بـووە . بـەڵام ئـەوەی من رام هەیە لەسەری تەحدیدی دیناری عیراقی بـە دۆلار بكرێـت ، وەكـو ئـەوەی بـۆ نمونــە كــە كــراوە ، مــەعاش هــەر (١٠٠) دۆلار ، هــەزار دینــار ئــەدرێت ، بــە پــێ دیراسەیەك ، من ناڵیم لەسەر هەزار دینار ، لەسەر هەر شتێكی تر تەحدیـد بكرێـت باشترە ، بۆ ئەوەی حكومەتی هەریمی كوردستان لەسەر هەمان شێوە پارە له خـەڵكی وەربگرێت ، نەك دۆلار بدات بەڵام دینار وەربگرێت ، لەبـەر ئـەوە ئـەم ئاڵۆزیـە بـەم شێوەیە دەمێنێت ، بەڵام ئەگەر هاتوو حكومـەتیش موشـارەكەی كـرد و دۆلاری دابـە مەعاش و دۆلاریشی وەرگرت له بواری داهاتی زاتی خۆی ، پێم وایە ئەو شتە تەوازن دەكـات ، دووەم نـرخـی كاڵاكـان لـە بـازار پێویـستە تەحدیـد بكرێـت و وابكرێـت بـە دۆلاریـش تــەعاموڵی لەگەڵـدا بكرێـت ، چـونكە زۆربـەی كاڵاكـان لـە دەوروبـەری كوردستان دێـن و نـرخـەكانیان نـرخـی دۆلارە بـۆ بـە دینـار موعامەلـە بكرێـت ، ئـەو شتەی لە توركیا دێت لە ئێران دێت ، هەتا لە عیراق ئیستا تەعاموڵی ئەم پـارە تەبعـە لەگەڵ دۆلار ئیسیتیقراری وەرگرتوە و كەم و زیاد ناكات ، لە ئێران لەگەڵ تومەن بـە هەمان شێوە ، ئەگـەر بیـشیكات شـتێكی زۆر كەمـە ، حـەق وایـە لێـرەش لیژنەیـەكی

پسپۆر دیراسەی ئەم بابەتە بکات ، وابکات ئەو دینارەی کە ئیستا ئیمە تەعامولی پیّ دەکەین و پیّ دەڵین (سویسری) کە مەفعولی نیە لە هیچ شوێنێکی تر ، لێرە نەبێت ، ئەو لیژنەیە بتوانێت لەگەڵ ئەوە تەفاهومێك لە نێوان دینارو و دۆلاربکەن ، سعرێکی بۆ دابنێن ، بۆ ئەوەی ئەو پارەیەش ئیستیقرار بکات و خەڵك بتوانیّ لە بازار دیناری پیّ یە دینار سەرف بکات ، دۆلاری پیّ یە دۆلار سەرف بکات ، یان دۆلار بە زەریبە و بە رسومات بدات بە حکومەت و حکومەتیش بەهەمان شێوە دۆلار یان دینار یان هەر پارەیەك بێت لەو پارانە سەرف و ئیرادی لەسەر بکرێت و هەوڵیش بدرێت وردەیەکی باش لە دۆلار لە تاك دۆلاری و لە سەنت و ئەوانە بکەوێتە بازار بۆ ئەوەی خەڵك بتوانێت زیاتر بە ئیستیقرار ئیشی لەسەر بکات . لەگەڵ رێزماندا .

٣١ – رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٠٣/٢/٥ پەرلەمان کوبونەوەی ژمارە (١٦)ی خۆی بەست و بەرنامەی کاری بریتی بو لە دوو خاڵ .

١ـ ئامادەبونی بەرێز وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلیمانی .

٢ ـ خویندنەوەی یەکەمی پرۆژەی تایبەت بەخانوو بەرە کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە .

مەبەست لە ئامادە بوونی وەزیری ناوخۆی ئیدارەی سلیمانی بۆ ئەوە بو کە چی ئامادەکاری کراوە لە سنوری ئەوان بۆ کاتی پێویست و ئەگەری روودانی شەر لە عیراق ، کاك فریدون عبدالقادر وەزیری ناوخۆ راپۆرتێکی باشی لەو بارەیەوە پێشکەش کرد و پاشان ئەندامان کەوتنە پرسیار و لیکوڵینەوە لەسەر بابەتەکە و منیش موداخەلەیەکم هەبوو کە بەم شێوەیە بوو .

بەخیرهاتنی کاك فریدون دەکەم ، دەست خۆشی لیدەکەین دەربارەی ئەو راپۆرتەی کە پێشکەشی کرد ، بەلاّم من لەگەڵ ئەوەی چەند پرسیارێك و چەند پێشنیارێکم هەیە ، پێشەکی دەمەوێت شتێکیش بڵێم ، بە راستی برادەران زۆر باسیان لەسەر وەزعەکە کرد ، لای هەندێك وایە ئا لەم سات و کاتەدا رژێم هێرش بۆ سەر ئیمە بهێنێت ، بەلاّم خۆی لە ئەسڵدا وا نییە ، ئیستا گەلان هێرش بۆ سەر رژیم ئەبەن ،

ئەو موعادەلەیە راستە کە دەبێت هەندێك ئیحتییاتی وا بۆ خۆمان بکەین . ئەو مەترسیەش کە ئیستا وا باسی دەکەن ، بەراستی میلەتەکەمان لە ئیستاوە خەریکی (رەو) ئەبێت ، بەراستی نابێت نە بەم شێوەیە بروانینە وەزعەکە و نە بەم شێوە زەقەش باس لە هەندێ مەسائیل هەیە بکرێت ، ئیمە سالانی تر گیرۆدەی ئەم مەسئەلانە بووین ، لەبەر ئەوە پێویستە لەمەو دوا زۆر بە هوشیاری باس لەسەر ئەم مەسئەلانە بکەین . شتێك کە لە راپۆرتەکەی بەرێز کاك فریدون نەهاتووە ، چۆن بەرگری لە پرۆ پاگاندەی دوژمنانی کوردستان و گەلی کوردستان بکەین کە رۆژانە پرۆپاگاندەی خراپ لەم بارەیەوە لەم وەزعەوە ئەکەن ، بەرامبەر بە گەلەکەمان و بەرامبەربەم ئەزمونە ، چۆن ئیمە بتوانین بەرەنگاری ئەم پرۆپاگاندانە ببینەوە ؟ ئەوە یەك ، دوو ، مەسەلەی ئەو کەمپانەی کە دروست کراون ، بە رای من ئەگەر کەمپێکی تایبەت بۆ سەربازەکانی عیراقی دروست بکرێت ، باشە ، رەنگە پێش ئەوەی شەر دروست بێت ئەوانەی کە لەو حدودانەش لە سەنگەردان هەموویان خۆیان بگوێزنەوە ئەو کەمپانە ، واز لەو دەسەلاتە بهێنن کە هەموو رۆژێك بەشەر و شەرخوازی ئەیان هێنی و ئەیان بات . پێشنیاریکیشم هەیە ، خۆی هەقە لەسەر ئاستی هەرێم غورفەیەکی عەمەلیات هەبێت ، ئەم غورفەیە بۆ روو بە رووبونەوەی ئەو ئالۆزیانەی کە دروست ئەبیت ، بەلی ، لە گورانکاریدا ئەگەر بە سلمیش بێت ، یەعنی بە شێوەیەکی ئاشتیانەش ئالو گۆرلە عیراق ببێت ، هەندێ پشێوی هەر ئەبێت ، پێویستە هەر لە ئیستاوە بەرنامە بۆ ئەوانە هەبێت ، فعلەن بەرنامەشیان داناوە ، بەلام بەرنامەکان هەندێ کەموکوریان هەیە ، هەندێ وەزارەت هەیە کە بەراستی حەساسن ، وەکوو وەزارەتی ئەشغاڵ و گواستنەوەوگەیاندن و رۆشنبیری ، ئەمانە دەورێکی باش ئەبینن لە ئاسایی کردنەوەی بارووددۆخەکان ، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوانیش لیژنەیەکی بالایان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن رووبەرووی هەموو ئەو شتانە ببنەوە کە عیلاقەیان بە وەزارەتەکەی خۆیانەوە هەیە ، وەزیری ئەو وەزارەتانەش پەیوەندی بەو غورفە

عەمەلیاتەوە هەبێت ، کە لەسەر ئاستێکی بالاّ دروست ئـەبێت ، دەربـارەی مەسـەلەی هەڵگرتنی چەك ، پێویستە لە ئیستاوە هەردوو وەزارەتی ناوخۆ ئـەو بابەتـە زۆر بـە گەرمی چاودێری بکـەن ، جگـە لەوانـەی کـە بـە رەسمـی ئەناسـرێن ، سـەر بـە دام و دەزگاکـانی وەزارەتـەکانی حکومــەتی هـەرێمن ، رێگـا نـەدرێت خـەڵکی تـر چـەك هەڵگرێت ، رێگە نەدرێت نەوەکو خوانەخواستە لە فرسەتێکی وادا ئەوان ئاڵۆزیـەکی زیاتر دروست بکەن ، لە ئیستاوە قەدەغەی چەك هەڵگرتن بکری ، لەگەڵ رێزماندا .

٣٢ ـ رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٠٣/٢/٦ ، پەرلەمان کۆبونـەوەی ژمـارە (١٥) گـری دا و بەرنامەی کاری بریتی بوو لە .

أ ـ ئامادە بوونی بەرێز وەزیری ناوخۆی ئیدارەی هەولێر .

ب ـ خستنە روو وگفتوگۆ کردن لەسەر پـرۆژەی تایبـەت بـە خانووبـەرە کـە لەلایـەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە .

خـاڵی یەکـەم بـەردەوامی بـوو لەسـەر خـستنە رووی ئـەو ئامادەکاریانـەی حکومـەتی هـەریم ئیـدارەی هـەولێر بـوو ، بـۆ ئەگـەری لیـدانی عـیراق ، وەزیـر راپـۆرتی خـۆی خویندەوە و ئەندامان بیرورای خۆیان لەسەری خستە روو .

خـاڵی دووەم بـە هـۆی گرانـی کـرێ خـانو و بـاری ئـاڵۆزی ئـابوری خـەڵك ، هـەردوو ئیدارەی هەریم پرۆژە بریاریکیان ئامـادە کردبـوو ، پرۆژەکـە خرایـە بـەر گفتوگـۆی ئەندامان ، منیش بەم چەند ووتانەی خوارەوە بەشداریم کرد .

بە حەقیقەت قسەکانی منیش هەر پشتگیریە بۆ قسەی ئەو بەرێزانەی کـە کردیـان ، کـە کـەرتی هـەژار رەچـاو بگـیری ، زۆربـەی زۆری خـەڵکی هـەژارەو خـانووی نییـە و خانووی بەکرێ گرتـووە ، یـان دوکـانی نییـە و دوکـانی بـەکرێ گرتـووە کاسـبی تێـدا ئەکات ، لەبەر ئەوە پێم وانییە ئەم بریارەش لەکـەداری قـانون و یاسـا و ئـەو شـتانە بکات ، هیچ ئیـشارەتێکی بـۆ یاسـای کـرین و فرۆشـتنی خانووبـەرە نـەکردوە ، تـەنها ئەوەندەیە لەم باروو زروفەدا تەخویلی سەرۆکی وەزیران بکرێت ، ئەویش لە رێگـای وەزارەتی داراییەوە تەعلیمات و ئەو شتانە دەربکەن بۆ چۆنییەتی سازدانی سـەنەدی

ئیجار له بەینی موئەجیر و موستەئجیر ، لەبەر ئەوە پێم باشە لەم کاتەدا بکرێت و ئەمەش هەر خۆی بۆ خۆی دەبیتە شێوەیەکی کاتی ، چونکە لە ئایندەیەکی تردا ئەگەر گۆرانکاری هەبێت ، یاساکان دەبێت هەمووی پیاچونەوەی بەسەردا بکرێت ، لەبەر ئەوە من پشتگیری لەوە دەکەم وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێت ، لەگەڵ رێزمدا.

٣٣ ـ رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٠٣/٢/١٩ پەرلەمان کۆبونەوەی ژمارە (١٦) گرێ دا و بەرنامەی کاری بریتی بو لە .

أ ـ تاوانبار کردنی تیرۆر کردنی پەرلەمانتاری دێرین شەهید (شەوکەت حاجی مشیر).

ب ـ گفتوگۆکردن لەسەر باری نائاسایی لە هەندێ ناوچە سنورییەکان .

ج ـ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ئیستای کوردستان بۆ بریاردانی پیویست بەرامبەر ئەگەری هێرش بۆ سەر عیراق .

خاڵی یەکەم خرایە بەر گفتوگۆ و بەشێوەیەکی گشتی شەهید کردنی کاك شەوکەت بە توندی مەحکوم کرا ، هەندی راو سەرنج لەسەر بونی گروپی تیرۆریست لە کوردستان خرانە روو کە منیش بەم شێوەیە رای خۆم دەربری .

بەراستی جیی خۆیەتی ئەمرۆ باس لەو بارودۆخانە بکەین کە تایبەتن بە ناوەوەی کوردستان ، بەلاَم ئیمە ئەبی ئەوەشمان لەیاد نەچێ ئەم بارودۆخە نائاساییە کە ئیستا ماوە هەمووی تەرەسوباتی ئەو بارە ناخۆش و ئەو بارە بووە کە لە ئاکامی شەری براکوژی ، شەری کوردستان هاتونەتە کایەوە ، بە حەقیقەت پێشتر لەم پەرلەمانە بریارێك دەرچوو ، بریاری قەدەغە کردنی هەلگرتنی چەك ، یا دروست بوونی میلیشیات ، پاش شەهید بوونی شەهید فەرەنسۆ هەریری ئەو تیرۆرستانە لە سنوری ناوچەی ئەم هەرێمەی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکران ، راو نران ، ئەوانەی کە گیران ، گیران ، ئەوەشی دەرچوو رۆیشت ، بەلاَم بەراستی لە هەرێمەکەی تر لەوێ خۆیان گرتەوە ، خۆشیان درووست کرد ، توانیان تا ئیستا بەو ئاکامە بگەن کە بتوانن بەو شێوەیە دەست لە هەڤالاَنی سەرکردایەتی یا پێشمەرگە

دێرینەکانی شۆڕش بوەشێنن ، هەروەها ئیمە وەکو پەرلەمانتاران بەراستی پێویستە داوا لە سەرکردایەتی سیاسی هەردوو لایەنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان بکەین ، نەك ئیمە لێرەوە بریارێك بدەین ، ئەوان لەوێ بتوانن بارودۆخەکە زیاتر بە وردی هەڵسەنگێنن و رێگەچارەیەك بۆ ئاسای بوونەوەی هەموو بارودۆخی کوردستان و سەر سنورەکانیش کە بە حەقیقەت ئەمانە هەمووی دەستی بێگانەن و ئەیانەوێ ئەم ئەزمونەی ئیمە تێك بدەن و نایانەوێ ئیمە وەکو کورد بە ئاوات و ئامانجەکانی خۆمان بگەین ، لەلایەکی تریشەوە پێویستە ئیمە جارێکی تر بە هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵێین ، کە یاسای قەدەغەکردنی هەڵگرتنی چەك و ئەوانە زۆر بە جدیی لەم کاتەدا جێ بەجێ بکەن و میلیشیاتی جۆراوجۆر لە شوێنەکاندا نەهێڵن ، بە تایبەتی لەشارو لە شارۆچکەکاندا ، هەتا هیچ نەبێ ئینسان بتوانێ لەو مەنتیقانەدا هاوولاتیان و هەڤاڵانی خۆیان بپارێزن ، هەوڵیش بدرێ ئەو تیرۆریستانە بخرێنە ژێر چاودێریی توند ، بۆ ئەوەی نەتوانن جارێکی تر هەتا بە یەکجارەکی پاك دەکرێنەوە لە کوردستاندا بتوانن دەستێکی وا بوەشێنن کە زیان بە گەلەکەمان و بە هەڤاڵان بگەینن ، لەگەڵ رێزمدا .



( وینەی کۆبونەوەیەکی پەرلەمان)

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان کورتە وەلاَمێکی دامەوە ( سوپاس بۆ کاك حەمە علی تۆفیق ، بێگومان ئیمەش نیازمان لەو پێشنیازە هەر ئەوەیە کەوا لێرە بریارێکی لەسەر بدرێ لە پاشان جێ بەجێ بکەین ، هەر بەرەو رووی ئیدارەکانی حکومەتی کوردستان دەبێتەوە ) .

پاشان بەرێز کاك مەلا بەختیاریش لە دەربرینی رای خۆی لەسەر بابەتەکە هەندی ئیشارەتی بۆ ووتەکانی منی خستە روو کە بەم شێوەیە بوو .

من بەش بەحالَی خۆم ئەو قسەیەی برای بەرێزم کاك علی تۆفیق کردی سەرنجی راکێشام ، بێگومان ئەمە زایەدەی کۆمەلَێك هەلَەیە کە کراوە بە حەقیقەت ، هەلَەکە هەر لایەك کردبێتی بە یەکیەتی نیشتیمانیشەوە داپۆشینی کارێکی باش نییە ، من بەش بەحالَی خۆم لە کردنەوەی سەکۆی ئازادی ، پارکی ئازادی دوو هەفتە لەمەوبەر ئەو رەخنەیەم لە یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان لەبەر چاوی دووهەزار کەس گرت ، کە یەکیەتی نیشتیمانی نەدەبوو رێگە بە جوندی ئیسلام بدات لەوێ

بـن ، كـه ئـەو تاوانانـه بكـەن كـه ئيـستا ئـەنجامى دەدەن ، ئەمـه حەقيقەتێكـه هـەر لايـەنێك لـه لايەنـەكانى شـەرى نـاوخۆ سـەير بكـەن هەڵـەى بەرامبـەر هەڵـەى لـەو بارەيـەوە كردبـێ ، سـەرنجام باجەكـەى ئاوائەدرێتـەوە ، بـەلام پـێم وابـێ كـاك علـى ديقەتێكى تيا بەكار نەهێنا ، له حەقيقەتدا ، ئەويش مەسەلەى شەهيد كردنى كاك فرنـسۆ لـه كاتێكـدا بـوو كـه ئەوانـه لـەوێ كۆبوبونــەوە و خۆيـان راگەيانـدبوو و راگەياندنيشيان هەبوو ، ئەمه يەك ، دوو ، باوەر ناكـەم كـەس نكـولى لـەوە بكـات كـه (٤٨) سەعات تێنەپەرى ، ئێمه بكوژانى فەرەنـسۆ هـەريريمان تەسـليم بـه عەدالـەتى حكومەتى هەرێمى ئيره كـرد ، كـه ئـەوە يەكـەمين جـار بـوو لـه دواى شـەرى نـاوخۆ بكوژێك له ناوچەيەكەوە تەسليم به ناوچەيەكى تر بكرێت ، سێش ، هەر بۆ مێـژوو يانى ئەمه تۆمار دەكرى وە بيبلۆگرافيايەك رووداوەكان ئەنوسـرێن ، لـه حەقيقەتـدا يەكيەتى نيشتيمانى كوردستان له سالى ١٩٩٤ ، هەموو هێـزە چـەكدارەكانى ئيـسلامى تـەفرو وتونـا كـرد ، بـەلام بەداخـەوە ديـسان ئـەو نـاكۆكى و مەشـاكيلانە هـەبوون و دالـدە دران و دروسـت كرانـەوە و بـوون بـەو بەلايـە بـۆ هـەردوولامان ، يـانى ئەگـەر تـأريخ بـاس بكـەين ، ئەوراقـەكان بخەينـه سـەر مێـز لـه كۆنـەوە تـا ئيـستا بەراسـتى جيـاوازى هەيـە لەسـەر مەسـەلەكان بـەلام لەگـەلْ ئەوەشـدا هيـچمان نـابێ هەڵـەكان دايپۆشين بەراستى ، من بەش بەحالى خۆم تەئييدى هەموو قسەكان دەكەم ، ئەوەى كه پەيوەندى بەو هەڵەوە هەيە كه كراوە لـەو مەنتيقـەوە ، بـەلام رووداوەكـان لـەوە فراوانـترو پەل و پۆدارترن ، زۆر سوپاس .

٣٤ ـ رۆژى يـەك شـەممە رێكـەوتى ٢٠٠٣/٣/١٦ پەرلـەمان كۆبونـەوەى ژمـارە (١٩) ى بەست و بەرنامەى كارى بريتى بوو لە .

أ ـ تەسريحاتى بەرێز ( جۆرج بـۆش ) ى سـەرۆكى ولاتـە يـەكگرتوەكانى ئـەمريكا لـە رۆژى ٣/٦ سەبارەت به سيستەمى فيدراليەت بۆ عێراقى داهاتوو .

ب ـ بەبیر هێنانـەوە و گفتوگـۆ لـەبارەی تـاوانی کیمیابـارانی هەڵەبجە و ناوچـەکانی تری کوردستان ، لەلایەن رژێمی دیکتاتۆری عێراقەوە ، بەبۆنـەی تێپـەر بـوونی (١٥) ساڵ بەسەر ئەم تاوانەدا .

خۆشـحاڵی پەرلـەمانتاران بەگـشتی دەربـارەی ووتـەکانی جـۆرج بـۆش بەرامبـەر بـە فیدراڵیەتی عیراق و گەلانی هاوبەشی ، پاشان بۆ یادی هەڵبجـەش ئەنـدامان بـیروڕای خۆیان دەر بری و منیش بەم شێوەیەی لای خوارەوە ووتەی خۆم پێشکەش کرد .

ئەمرۆ٢٠٠٦/٣/١٦یادی رۆژیکی رەش و تاڵ و پر مەترسیی و کارەساتی شەهید بـوونی پینج هەزار کوردی شاری هەلەبجە ی شەهید پەروەر دەکەینەوە ، لەم رۆژەدا لەسالی ١٩٨٨ بەهوی رق و کینەی دوژمنانی گەلی کوردەوەو ئەنجام درا ،

بەرێزان هەر کـە ئـەم رۆژە ناهەموارانـە سالانەی  دێتـەوە ئـیتر ئێمـەی هەلەبجـەیی دەچینەوە ئەو سات و کاتانەی کە ئـەو تاوانـەی بەرامبـەر شارەکەمان و دانیـشتوانی هـەژاروو بـێ بەرگریەکـەی کـرا بەراسـتی نـازانم بلـێم ئەمـە نەویـژدان و نـە هـیچ ئادەمیزادێك لەسەر رووی ئـەم زەمینـە ناتوانێـت ئـەم کـارە ئـەنجام بـدات جگـە لـەو خـوێن مـژوو دڵ رەقانـە نـەبێت کـە بـەم کارانـە هەسـتان هـیچ کاتێـك نەبیـستراو و نەبینـراوە کە دەسەلات داری وولات بەم شێوازە بکەوێتە گیانی هاوولاتیانی خۆی کـە رەش و سـپی لـە یـەك جیـا نەکاتــەوەو بــە ژەهـری کیمیـاوی هـەولی کوشـتن و خنکاندنیان بدات ، شارێك نزیکەی ( ٧٥) هەزار هاوولاتی خۆی لەناو بەرێت .

بەرێزان ، من ناچمە ناو درێژەی چۆنیەتی ئـەو کـارە پـر لـە شـەرمەزارییەی رژێمـی عـیراق کـە چـۆن و چـۆنی ئەنجامـدا ، چـونکە زۆری لەسـەر گـوتراوە و زۆر لـە وردەکاریەکانی ئەو کارەساتە گێرراوەتەوە ، تەنها من ئەوەندە دەڵێم کـە لـەو کاتـەدا ویژدانی مرۆڤ دۆستان ، بەتایبەتی بەرامبەر گەلی کوردی هەژار و بێ دەسەلات و بێ پشت و پەنا کەم بوو ، تەنها کۆماری ئیسلامی ئیران توانی یارمەتی دانیـشتوانی ئـەو شارە بدات بە گواستنەوەیان و تیمار کردنی برینەکانیان و حەوانـەوەیان و هاوکـاری کردنـی لـە شـاردنەوەی تـەرمی شـەهیدەکان و ، گواسـتنەوەی ئـەو هاوولاتیانـەی کـە

نـــەجاتیان بوبـــوو لـــەو مەرگەســـاتە ، کـــە هەمیـــشە جێگـــای سوپاســـن ، پـــێش ئـــەم کارەساتەش رژێمی عیراق چەندین تاوانی دەرهەق ئـەم شـارە ئـەنجام داوە ، لەوانـە ، تـاقی کردنـەوەی چـەکی قەدەغـە کـراوی ناپـاڵم ، لەسـاڵی ١٩٧٤ دا ، بـەکاری هێنـا ، هـەروەها تـاوانی زینـدە بەچـاڵکردنی دەیـان کەسـی بـێ گونـاه ، ئەمانـەش هـەمووی لەبـەر ئـەوە بـوو کـە ئـەم شـارە شـارێکی نیـشتیمان پـەروەر و شـارێکی رۆشـنبیران و ووشیار و راپەرین بوو ، هەمیشە پشتیوانی لە شۆرشەکانی گەلی کورد کردوە .

بەرێزان ، ئەوەی پێویستە ئەمرۆ بوترێت ، خۆشبەختانە لە پاش چەند ساڵێك لـەو تاوانە گەورەیە لە هەڵەبجە و چەندین شوێنی تری کوردستان ، وەکو بالیسان و شێخ وەسـان و قـەرەداغ و بادینـان ، کۆمەڵگـەی نێونەتـەوەی هەسـتی پـێ کـرد ، کـە ئـەم چەکە کۆکوژیە لـەلای رژێمـی عێـراق هـەبووە و مەترسـیدارە ، بۆیـە رایـەکی گـشتی لەسـەر ئاسـتی جیهـان دروسـت بـوو بـۆ لـەناو بردنـی ئـەم چـەکە خەتەرناکـە ، ئەنجومـەنی ئاسایـشی نەتەوەیـەکگرتوەکان بـەتێکرای دەنـگ ، بـۆ لـەناوبردنی ئـەم جۆرە چەکانەی رژێمی عێراق ، بریاری ١٤٤١ی دەرکرد ، و دەست بەکاربوون ، تـا ئـەم رۆژەش ململانێی زۆر هەیە لەسەر پاك کردنەوەی یەکجارەکی چـەکەکان ، کـە ئیمـە دڵنیاین رژێمی عێراق ئەو چەکەی هەیە و ماویەتی ، پێویستە لەناو ببردرێت ، هـەر بۆیـە ئێمـەی خـەڵکی هەڵەبجـە و دەوروبـەری ، کـە پاشمـاوەی کارەسـاتی زیـانی ئـەم چەکەین ، هەمیشە داوامان لە هەموو دۆستانی کورد و خێرخوازان و دەسـەڵاتدارانی جیهان ، بە نەتەوەیەکگرتوەکانیشەوە کردووە ، کە هەوڵی لـەناو بردنـی بـدەن لـەناو عێراقدا ، ئیستاش ئۆمێدەوارین ئـەم بریـارە بـە شـێوەیەکی بـاش بێتـە جـێ بـەجێ کردن ، و رژێمی عیراق ناچار و مل کەچ بکەن بۆ لەناو بردنی و هیچ فرتوو فێڵێکـی لێ قەبوول نەکرێت ، کە ببێتە هۆی مانەوەی یان شاردنەوەی و پاشـانیش تاوانکـاران بدرێنـە دادگـای نێودەوڵـەتی ، بـۆ ئـەوەی ببنـە نموونـە بـۆ گـشت ئەوانـەی تـر کـە بەنیازی کۆکردنەوە و حەشاردان و بەکارهێنانی ئەم چەکە ترسناکەن .

بەرێزان ، بە پێویستی دەزانم بەناوی شاری هەڵبجەی شەهید پەروەرەوە سوپاسی ئەو هەموو کەسایەتی و لایەن و رێکخراو و مرۆڤ دۆستانە و ئەو وڵاتانە بکەم کە پشتگیریی و هەوڵ و کۆشش دەدەن ، بۆ لەناو بردنی ئەو چەکە کۆکوژە و گەلی کورد و گەلانی عیراق لە دەستی رزگار دەکەن .

بەرێزان ، لەسەر ئاستی ئاوردانەوەیەك لە خەڵکی هەڵەبجە و دەوروبەری ، دەمەوێت بڵێم لە پاش راپەرینەکەی ساڵی ١٩٩١ وە تا ئیستا بەو شێوەیە نەبووە ، کە جێگای رەزامەندی ئەو خەڵکە غەدر لێ کراوە بووبێت ، رەنگە هەندێ شتی بچوك بچوك کرابێت ، کە جێگای سوپاسە ، بەڵام ئەو شتانە چ لەرووی ئاوەدانکردنەوە و هاوکاری و قەرەبووی زەرەروو زیانەوە هیچ نەکراوە ، بۆیە ئەمرۆ لە هەموو کاتێکی تر شایستە ترە کە دەنگی زوڵاڵ و غەدر لێ کراوانی هەڵەبجە لەم مینبەرەدا بە ئیوەی بەرێز و گشت خاوەن ویژدان و دۆستانی گەلی کورد رابگەیێنم بەم چەند خاڵەی خوارەوە :

یەکەم : داوا لەو کەسایەتی و لایەن و وڵاتانە دەکەین ، کە ئیستا هەوڵی پشتگیریی کردن لەو رژیمە دەکەن ، با چاوێك بەو تاوانە گەورەیەدا بخشێننەوە و ویژدانی خۆیان بکەنە دادوەر و هەندێ بەزەییان بە گەلی کوردو گەلانی عێراقی بێتەوە و لەو مەترسیانە رزگاریان بێت .

دووەم : داوا لە دەسەڵاتدارانی جیهان و بەتایبەتی لە نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەین ، کە لایەك بە تەواوەتی لەشاری هەڵەبجە و دەوروبەری بکەنەوە و شارەکە ئاوەدان بکەنەوە ، زەرەروزیانی ئەو خەڵکە لێ قەوماوە قەرەبوو بکەنەوە ، کە تا ئیستا هیچیان بۆ نەکراوە .

سییەم : داوا لە ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین ، کە بە شێوەیەکی تایبەتی بەرنامەیەکی هەبێت بۆ حکومەتی ئایندەی عێراق ، بۆ تەرخان کردنی مەبلەغێك بۆ بژاردنی زەرەرو زیانی هاووڵاتیانی ئەو شارە ، کە بەراستی زەرەر مەند بوون ، هەموو سەروەت و سامانیان لەو کارەساتەدا لەدەست داوە ، هەروەها

داواكارين بەشێوەيەكى گشتى هاوكارى مانگانە بۆ گشت ئەو شەهيدانە ببردرێتەوە ، چونكە ئەوانە شەهيدێكى غەدر لێ كراون و كوسوكاريان هەژارن ، لە كۆتايدا هەزاران سلاّو بۆ گيانى ئەو شەهيدە سەربەرزانەو كەسوكاريان و گشت شەهيدانى رێگاى رزگارى كوردستان دەنێرين و ، سوپاستان دەكەين .

٣٥ – رۆژى چوارشەممە رێكەوتى ٢٠٠٣/٣/١٩ ، پەرلەمان كۆبونەوەى ژمارە (٢٠) ى بەست و بەرنامەى كارى بريتيى بوو لە تەنها يەك خالّ .

( بريياردانى بارى لە ناكاو ( حالە التوارئ ) ى هەرێمى كوردستان ، كاتى دەست پىّ كردنى شەرى عێراق ) .

ئەم بابەتە برياريك بوو بەهۆى نزيك بوونەوەى ليدانى عيراق بوو لە لايەن هێزى هاوپەيمانانەوە ، پێويستە لەكاتى شەرو بارى ئالۆز بۆ پاراستنى ئەمنى ناوچەكە ئەم جورە بريارانە بدرێت ، بۆ گفتوگۆ كردنى ئەم بريارە منيش بەشداريەكم تێدا كرد كە بەم شێوەى لاى خوارەوە بوو :

بەراستى ئەم پرۆژەيە لە جێگاى خۆيەتى ، بەلاّم من كەمو كورييەك بە خالّى يەكەمەوە دەبينم ، ناوى ئەو حالّەتى تەوارييە كە دەدرێت ، ناوى نەهێنراوە و سەبەبەكەى چييە ؟ باش بوو شتێك بگوترى چونكە ئەوە دەچێتە مێژووە ، كە ئەو رۆژەبۆ ئەو حالەتە تەوارييە ديارى كراوە ، جا من پێشنيارێكم هەيە كە برگەى يەك بەم شێوەيە بێت ( يعلن حالە التوارئ فى اقليم كوردستان العراق فى حالە نشوب الحرب وحتى اشعار اخر ) ئەگەر شتێكى وابێت ، زۆر سوپاس .

ليژنەى ياسا لە وەلاّمى پێشنيارو پرسيارەكانى ئەندامانـدا بەم شێوەيە وەلاّمى پێشنيارەكەى من يان دايەوە .

( كاك حمە على دەڵى دەبێت حالّەتى تەوارى ديار بكرێت ، حالّەتى تەوارى لە قەوانينى نافيز ديارى كراوە ، يەك لەو حالّەتانە شەرە ، جا شەرت نييە ئێمە لێرە دەست نيشانى بكەين ، ئيمە لێرە دەست نيشانى بدايەتى دەست پێكردن بە حالّەتى

تەواری دەکەین ، کەی کۆتای بە شەریش هات لەو حاڵەتە سوڵتاتی تەنفیزی یان ئیمە دەتوانین بەیانێك دەربکەین بە کۆتای هاتنی حاڵەتی تەواری ، زۆر سوپاس )

( لێرەوە پرۆسەی ئازادی عیراق دەستی پێ کرد و رژیمی دیکتاتۆری بەعس کۆتای پێ هات )

٣٦ – رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٠٠٣/٤/٢١ ، پەرلەمان کۆبونەوەی خۆی گریدا و بەرنامەی کاری بریتیی بوو لە (٣) خاڵ ، دوانییان خاڵی پەیوەند دار بوو بە گۆرینی ئەندامەتی دوو ئەندام لە لیژنەکانی هەمیشەیی پەرلەمان ، خاڵی سیەم ، بریتیی بوو لە : گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخی عیراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی ، لە هەلومەرجی ئیستادا ، منیش بۆ دوایین قسەکەر ناوم تۆمار کرا کە ( ٣٥ ) ئەندامی بەرێز لەسەر ئەم بابەتە قسەیان کرد و منیش بەم شێوەیە هاتمە قسە کردن :

بەراستی بەرێزان ، زۆربەیان لەسەر بابەتەکان قسەیان کرد و زۆر جێگای خۆشحاڵی بوو ، هەندێکی زۆر زۆر باش بوون ، بەس ئەوەی لای من گرنگە کە بیلێم بەراستی ئیمە دەبیت ئەوە بزانین ، یەعنی ئەوە لەبەر چاویی خۆمان دابنێین ، کە ئەم بارودۆخەی ئیستا هاتوەتە پێشەوە ، ئەو بارودۆخە نییە ، کە چەند ساڵێك لەوەو پێش کوردهەیبووە ، ئەمە شتیکی تازەیە ، فەرقی زۆرە ، هەتا لەگەڵ ئەو بارودۆخە نزیکانەی راپەرین و شاخ و پێشتریش کە لە زەمانی حوکمرانەکانی عیراق بوو بۆمان ، ئیستا بارودۆخێکی تازەیە ، سیاسەتێکی تازەیە ، بەراستی دەبێت لەگەڵ ئەو سیاسەتە زۆر بە نەرمی و بە شێوەیەکی وا برۆین کە بتوانین لەگەڵیدا بگونجێن ، و هەدەفی ئێمەش کە فیدراڵیە ، بتوانین لەو حکومەتە تازەیەی کە دێتە کایەوە بچەسپێنین ، من پێم باشە شتێکی تر ئیزافە بکەم ، کە بەراستی وەکو برادەرانیش ئیشارەیان بۆ کرد ، تاکە دەزگایەك ئەمرۆ لەچوارچێوەی سنووری عێراقدا کە شەرعیەتی هەبێت ، ئیستا تەنها ئەم پەرلەمانەی ئیمەیە ، دەبوو ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان پێشتریش ئەو کۆبوونەوانەمان کردبوایە و دەوریشمان

هەبوایە لەو گورانکاریانە ، بەتایبەتی لیژنەکانی هەمیشەیی پەرلەمان ، حەق وابوو دەوری خۆیان ببینن ، ئیستاش نەچووە ، داوا لە سەرکردایەتی پەرلەمان دەکەم ، کە ئیشوکار بۆ لیژنەکان دیاری بکات ، بۆ ئەو شوێنانەی ئازاد بوون و ئەو شوینانەی تر وەکو برادەرێك باسی کرد ، ئەو کەلوپەلانەی کە دەبردرێن بۆ کەرکوك ، یان بۆ بەغدا ، یان بۆ موصلْ ، یان بۆ هەرشارێك ، یان بۆ هەر شوێنێك ، پێویستە ئەو لیژنانە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەکە بکرێت باشترە ، دەبێت ببێتە یەك دەنگ و یەك سەرچاوە ، هەروەها من داوا دەکەم لە کۆنگرەی بەغدا ، کە لە داهاتوودا دەگیرێت ، هەر چەندە ئەو بەرێزانەی کە لەوێ بەشداری دەکەن ، تەعبیر لە هەموو مافی گەلەکەمان دەکەن ، بەلأم ئەگەر بکرابوایە وەفدێکی پەرلەمانی کوردستان بەشدار بوایە و داکۆکی لە پرۆژەی ئەو دەستورەی خۆی بکردابوایە ، کە فیدراڵیە ، شتێکی زۆر باش بوو ، هەروەها ئەوەی کەلەسەر مەسەلەی تەعریب و راگواستنە ، چەند بە هێمنانە و لەسەرخۆ و رێکوپێك بکرێت ، رەنگە ئێمە زیاتر قازانجی لێ بکەین ، هەوڵیش بدەین کە خەڵك هەتا ئەگەر بە زۆریش بێت بگەرێنینەوە سەر جێگاو شوێنی خۆی ، بۆ ئەوەی ئێمەش لەوێ مەرکەزیەت و وەزعی خۆمان لەو شوێنانە هەبێت ، لەگەڵ رێزماندا .

٣٧ – رۆژی سی شەممە رێکەوتی ٢٠٠٣/٥/٦ پەرلەمان کۆبویەوە و بەرنامەی کاری بریتی بوو لە (١٠) خاڵ .

بەداغەوە سەرەتای دەست پێ کردنی کۆبوونەوەکە لە هۆڵی پەرلەمان ، من توشی ناساغیەکی کوتوپری هاتم ، باری تەندروستیم زۆر خراپ بوو ، بۆیە هانام بردە بەر برای بەرێزم کاك حسن صالح ئاغا کە لە تەنیشتم دا بوو ، ئەویش مەردانە ووتی هەستە بابرۆین بۆ دەرەوە ، ئیتر بەبێ ئیزن لە هۆڵەکە چوینە دەرەوە و داواشی کرد لە برای بەرێزمان کاك حاجی شفیق ئەمین کە لەگەڵمان بێت ، ئەویش بەبێ ئیزن هاتە دەرەوە ، بە پەلە بە سەیارەی خۆیان گەیاندمیانە نەخۆشخانەی فریاکەوتن ، بە زووی بەرێز د. سامی ئاکریی یان هێنا بۆ لام ، ئەویش بە پەلە

داخڵی کردم و کەوتە پشکنینی ئەوەی پیویێست بوو ، پاشان دەرکەوت کە یەکی لە شادەمارەکانی دڵم گیراوە و شەش رۆژ لە نەخۆشخانە هێڵامیەوە ، پاشان پێ راگەیاندم کە دەبێت برۆم بۆ عیلاج لە دەرەوەی هەریم ، پاش ئەوەی ئیسراحەتی پێویست و عیلاجی پێویستی دامی ، لە رێگای پەرلەمانەوە داوام بۆ کرا کە بچمە ئیران ، خۆشم ئەویێم پێ باش بوو چونکە خزمانمان لەوێ هەبوون و هاوکاری و شارەزایی و هاتوچۆ یان بۆ ئاسان دەکردین ، چومە تاران لە رێگای مەکتەبی پەیوەندیەکانی پارتی لە تاران ، بەتایبەتی زۆر بەرێز کاك شێرزاد ، چوینە لای دکتۆری تایبەتی دڵ و بەپەلە داخڵی نەخوشخانەی ئەهلی کردم ، رۆژی دوایی نەشتەرگەری (قەستەرە) ی بۆ کردم ، شەوێك لەوێ مامەوە ، لە ئاکامی ئەو قەستەرەیە دەرکەوت کە دەمارەکە لە ١٠٠/١٠٠ گیرابوو ، پێ ووتم هەوڵم دا نەکرایەوە ، پێویستە بە پەلە بالۆن و شەبەکە دابنێت ، هەموو شتەکانی ئەو بە پارە بوو ، ئەو پارەیەش کە درابووپێم لە پەرلەمان و ئەوەی خۆشم پێم بوو تەنها بەشی ئەو قەستەرەو مەسروفاتەی کرد بۆ چونم و هاتنەوەم ، بۆیە بە دکتۆرم ووت من چەند رۆژی تر دێمەوە لات ، ئەویش ووتی من زامنت نابم چونکە شاهید ئیستا یان کاتێکی تر سەکتە بکەیت ، لە دڵی خۆم ووتم خوا گەورەیە ، بەراستی ناعیلاج بووم ، چونکە ئەو پارەیەم شك نەئەبرد بۆ ئەو کارە بەو پەلەیە پەیدای بکەم ، بۆیە بریاری گەرانەوەم دا بۆ کوردستان ، داوایەکم بۆ پەرلەمان بەرز کردەوە بێ وەلام بوو ، هەوڵێکی ترم دا ئەویش بێ ئاکام بوو ، هەڤالانی مەکتەبی دارای مەکتەبی سیاسی بەم کارەیان زانی ، ئەوان بەپێ دەسەلاتی خۆیان مەبلەغێکیان بۆ سەرف کردم ، لەو کاتەدا موچەکەمان زۆر کەم بوو ، بارودۆخەکەش وا نەبوو هەتا هانا بۆ فرۆشتنی خانوو بەرین ، لەگەڵ بوونی بارودۆخی ئالۆزی بەغدا ، ناچار بووم بۆ ئەو عیلاجە روو لە بەغدا بکەم ، لەرێگای برای زۆر بەرێزم کاك دکتۆر کامل نامیق وە کە ئەویش باسیی لە تاڵان کردنی ئەو نەخۆشخانەیەی کرد کە خۆی

ڵێ بوو ، بە نامەیەکی ڕێکوپێکەوە ناردمیە لای دکتۆرێکی برادەری خۆی بە ناوی (محمد غبان) ،



(وینەی من و دکتۆرمحمد غبان / بێخاڵ)

هەر کە چومە لای ناوبراو و سەیری ئاگامی پشکنینەکانی ئیرانی کرد ، ووتی ئەبی بەیانی زوو بێتە نەخۆشخانە و باڵۆن و شەبەکەت بۆ دابنێم ، زۆر خۆشحاڵ بووم و بەو شێوەیە ئەوەی پێویست بوو بۆم کرا بە سەرکەوتویی ، من لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی بەغدا ، پاش ئەو جارە سێ جاری تر بۆ مەبەستی عیلاج سەردانی ئەو دکتۆرەم کردەوە ، شوکر بۆ یەزدان توشی هیچ ناخۆشیەك نەبووین ، لە بەغدا کاکی بەرێز ( محمد حمە کریم ) ناسراو بە حمە قەتە زۆر خزمەتی کردین لە ئوتیلی خۆی و بە سەیارەی خۆی ، کە جێگای سوپاسمە ، ئەم چەند دێرەی سەرەوەم تەنها بۆ ئەوە نوسی ، کە خوێنەری ئەم یاداشتەم سەرنجێك بدات ، ئایا دەبوو من بەو شێوەیە ئەو عیلاجە ترسناکە جێ بەجێ بکەم ، ئایا خەڵکی تر بەم شێوەیە

نـيردراوه بـۆ عـيلاج ، تـەنها هـەر ئەوەنـدەی بـاس ئەكـەم . لـە رۆژی ٢٠٠٣/٨/٢٦ وە گەرامەوە بۆ پەرلەمان بوو كاری ئاسای خۆم .

٣٨ — رۆژی شـەممە ڕێكـەوتی ٢٠٠٣/١٠/١١ ، پەرلـەمان كۆبويـەوە و بەرنامـەی كـاری بريتی بوو لەم سێ خاڵەی لای خوارەوە ،

أ — گفتوگۆكردن و بڕياردان لەسەر پرۆژەی پێشكەش كراو لەلايـەن ژمـارەی ياسـايی ئەندامانی پەرلەمان ، تايبەت بە خەرجكردنی مووچە و دەرماڵە ، لەماوەی موڵـەتی دايكايەتی و منداڵبوون .

ب — خويندنەوەی يەكەمی پرۆژەی درێژكردنەوەی خولی دياريكراوی هـەر سـەنديكا و كۆمەڵەو ڕێكخراوێك بۆ ماوەی يەك ساڵ لە رۆژی كۆتايی هاتنی خولەكەيەوە .

ج — گفتوگۆيەكی كراوە لەسەر بارودۆخی ئيستای كوردستان و عێراق .

خـاڵی يەكـەم بـەهۆی ئامادەنـەبوونی رای وەزارەتـی دارايـی ، پـاش هەنـدی هەڵسەنگاندنی بڕيارەكە ، بڕياردان لەسـەری دواخـرا بـۆ كۆبونەوەيـەكی تـر . خـاڵی دووەم ، پرۆژەكە خويندرايەوە و هەواڵەی ليژنـەكانی پەيوەسـت بـە پرۆژەكـە كـرا . خاڵی سێ يەم ، دەست كرا بە گفتوگۆكردنی بارودۆخەكانی كوردستان و عێراق .

پێشەكی لەسەر ئەم بابەتە ، بەڕێز سەرۆكی پەرلـەمان داوای لـە ئەنـدامان كـرد كـە هەر كەسێ پرسيارێكی هەبێت ، يـان پێشنياريكيان هـەبێت كـە باسـی چـی بكـەين ، چونكە بۆ خۆمان وەكو دەستەی سەرۆكايەتی هەندی پێشنيارمان هەيە .

ئەنـدامان دەسـتمان بـەرز كـردەوە و هـەر يـەكی پێـشنيارێكی كـرد ، منـيش ئـەم پێشنيارەم كرد .

بەراسـتی زۆر بابـەت هەيـە ئـەمرۆ پيويـستی بـەوە هەيـە كـە ئيمـە لەسـەر ئاسـتی پەرلەمان قسەی لەسەر بكەين ، ئەوانەی باسيان كرد شتی باشن ، بەلاّم حـەز دەكـەم لەسەر مەسەلەی ريفراندۆميش موناقەشە بكەين وەكو پەرلەمان ، لەگـەڵ ڕێزمانـدا .

کۆی ئەو بابەتانەی کە بە باش زانرا قسەی لەسەر بکرێت ئەمانەی لای خوارەوە بوون :

١- هاتنی جەیشی تورکیا .
٢- چونیەتی فیدراڵیەت .
٣- هەڵبژاردن .
٤- ناوچە رزگار کراوەکان .
٥- یەك بوونی ئیدارە .
٦- مەجلیسی حوکم .
٧- لیژنەی ئامادەکاری دەستوری .
٨- فایل .
٩- ئالأی کوردستان .

لەسەر ئەم بابەتانە زیاتر لە (٣٠) ئەندام قسەیان کرد و منیش یەکێك بووم لەوانە کە بەم شێوەیە بوو :

بەراستی برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان زۆر بەرێك و پێکی ئەمرۆ باسیان لەو بابەتانە کرد کە بەرێزتان خستتانە بەردەستیان ، من تەنها لێرە ئەڵێم چەند پێشنیارێکم هەیە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و بۆ ئەندامانی بەرێز کە ئیمە چی بکەین پاش ئەم هەموو دەردەشەو روونکردنانەوەی کە کران لەسەر بابەتەکان ، لەسەر مەسەلەی سوپای تورکیا من پێشنیار دەکەم بەزووترین کات یاداشتێك ، نارازی نامەیەك بدرێتە تەحالوف و مەجلیسی حوکم و بلأویش بکرێتەوە بۆ رای گشتی و بەتایبەتیش بۆ خەڵکی کوردستان ، هەروەها داواش بکەین خۆپیشاندانێکی گەورە لەسەرانسەری کوردستان بکرێ ، هیچ نەبێ پشتیوانی لەو خۆپیشاندانەی خەڵکی کورد بکەین کە لە تورکیا ئەکرێ ئەمرۆ دژ بە هاتنی ئەو جەیشە بۆ عێراق ، بەتایبەتی کە ئەڵێن لە رێگەی کوردستانەوە داخڵ ببن ، ئەوە یەکەم ، دووەم ، بە نیسبەت ئالأ ، من پێشنیار دەکەم کە سەرۆکایەتی پەرلەمان نامەیەك ئاراستەی

هەردوو ئیدارە بکات کە تەنها ئەو ئالآیەی لەم پەرلەمانە بریاری لەسەر دراوە ، ئیستا ئەوە هەڵبکرێ و ئالآی تر بەلاوە بنرێ ، هەتا حکومەتی ئایندەی عێراق ، یا حکومەتی ئینتیقالی عێراقی ئالآیەکی تر کە رەمزی کوردی تیا بێت دەستنیشان بکەن ، بەنیسبەت مەسەلەی یەکگرتنەوەی حکومەتیش من رام وایە کە لێرەوە دیسان یاداشتێك یان نامەیەك ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بکرێ ، بەتایبەتی سەرکردایەتی پارتی و یەکیەتی بۆ ئەوەی پێیان بووترێ ئەوە رای پەرلەمانە ، ئەوە رای جەماوەرە ، ئەوە رای هەموو خەڵکێکی کوردستانە لە دەرەوە و ناوەوە ، کە هەوڵ بدرێت بە زووترین کات ئەمرۆ پێویستە ئەوەی نەکراوە ، ئەوەی ئیهمال کراوە ، ئەوەی پشت گوێ خراوە بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەتەکە ، بیهێننەوە بەردەست و بەزووترین کات وابکەن کە هەردوو حکومەتەکە یەك بگرنەوە ، بەلام ئێمە بەراستی ئەوەش ئەڵین رەنگە بیرۆکەی پەنجا بە پەنجا هەندێ تەئسیری لەسەر دواخستنی ئەم مەسەلەیە کردبێت ، ئەمەش وازی لێ بهێنرێ و بگەرێنەوە بۆ ئەو واقیعەی کە ئەمرۆ جارێکی تر لە پەرلەمان پێکەوە دانیشتین پەرلەمانمان یەك خستوەتەوە و حکومەتەکەش یەك بگرێتەوە ، بەنیسبەت مەسەلەی کۆمەڵێك دروست بوون و ناویان لە خۆ ناوە کۆمەڵەی بانگەشەی ریفراندۆم ، نازانم ئەوانە لە کوێ شەرعیەتیان وەرگرتوە ؟ حەق وابوو ئەوان بگەرێنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان ،چونکە تەنها دەزگایەك کە ئەمرۆ شەرعیەتی هەبێ لە کوردستاندا باسی ریفراندۆم بکات ، باسی دەستوور بکات ، باسی هەر بابەتێك کە بۆ کورد و بۆ ئایندەی کوردبێ ، ئەبێ پەرلەمان بێ ، لەبەر ئەوە ئەوانە حەق وایە ئیدارەی کوردستان بانگیان بکەن و پێیان بڵێن ، ئەوانە لە کوێن ؟ چونکە بەراستی خەریکن وائەکەن لەباتی ئەوەی بانگەشەی ختابی سیاسی کورد بکەن ، ئیستا ئەفکاری خەڵکی کورد بلآوە پێ ئەکەن ، هەریەکێك بەنەوعێك بانگەشەی شتێك ئەکات کە تێش ناگەین ، تا ئیستا روون نییە ئەوان ئەڵین چی ، چییان ئەوێ و خەڵکی کورد چی بکات ؟ بەنیسبەت مەسەلەی هەڵبژاردنیش بەرێز

کاکەرەش کە لیپرسراوی لیژنەکەیە روونی کردەوە و برادەرانیش زۆربەی زۆریان روونیان کردەوە ، بەراستی حەق نییە ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان لەمە زیاتر شتی وا بلێین کە دڵی خەڵکی ناخۆش بکەین ، کە لایەك لە لایەنەکان ئامادە نییە ئینتیخابات بکرێ ، بەراستی ئەمە تاوانە ، یانی ئەمە راست نییە ، لەبەر ئەوە داوا دەکەین کەوا برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان لە هەر مستەوایەکن کە ئەندامی پەرلەمانن ئیلتیزام بە قسەکان و وتووێژەکانی ناو پەرلەمان بکەن ، زیاتر ئەگەر بە ناوی خۆیانەوە شت بڵێن موشکلە نییە ، بەلاّم بەناوی پەرلەمانەوە شتێك بلاّونەکەنەوە ، کە جێگەی نیگەرانی خەڵك بێت ، زۆر سوپاس .

بەرێز کاك احمد شەریف بۆ جاری دووەم هەستا ، وا دیار بوو هەندی وەلاّمی بۆ قسەکانی من هەبوو ، لەوانە ووتی ( داوای لێ بوردن دەکەم دوو خاڵ هەبوون حەزم کرد ئەندامانی پەرلەمان لییان ئاگاداربن ، یەکێکیان ئەوەیە خۆش نییە ئەندامانی پەرلەمان بەرامبەر بە هەڵبژاردن و ریفراندۆم حەساسیەتیان هەبێ ، چونکە دەبێ خۆمان حەز بکەین هەڵبژاردن ببێ .....هەتا دوایی ) . پاش تەواو بوونی ووتەکانی ، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بەم شێوەیە وەلاّمی دایەوە .

( وام زانی شتی تازەت هەیە ، نەمزانی وەلاّمی خەڵك دەدەیتەوە ، ئەگینا نەمدەهیشت قسە بکەیت ، چونکە ئەو وەلاّمەی جەنابت هەندێ برادەری تر هەیە لەوانەیە بیەوێ ئەویش جواب بداتەوە ، بەلاّم قەیناکا مەجالمان داویتێ دیموکراتیەتە ، بەلاّم یەك مولاحەزە بۆ ریفراندۆم و هەڵبژاردن لە کاتی گونجاودا لە کاتێکدا زەرەرت لێ نەدا ، بکرێ کەس حەساسیەتی نییە بەرامبەری ، باوەر ناکەم هیچ ئەندامێکی پەرلەمان حەساسیەتی هەبێ ، هەڵبژاردن دەبوایە نەك ئیستا بکرێ ویان مانگێکی تر بکرێ ، هەڵبژاردن ئەبوایە پێنج ساڵ لەمەوپێش بکرابوایە و شەش ساڵ لەمەوپێش بکرابوایە ، چونکە تا تۆ هەڵبژاردن تکرار نەکەیتەوە ئەم وەزعە کە هەتە نابێ بە وەزعێکی چەسپاو و هەروا دەمێنێ ، مەسەلەی ریفراندۆم ، تۆ ریفراندۆم لەناو میللەتێك ئەکەیت ئەبێ دەزگایەکی رەسمی بیکات یان ئەبێ

حکومـەتی هـەرێم بیکـات ، یـان ئـەبێ پەرلـەمان بریـاری لەسـەر بـدات ، ریفرانـدۆم بکرێت ، جەماعەتێك لەخۆیانەوە هەستن ریفراندۆم بکەن ، حەقی ئـەوەیان نییـە ، هـیچ جەماعـەتێك حـەقی ئـەوەی نییـە بـەبێ دەزگایـەکی شـەرعی یـان دەزگایـەکی رەسمی کە دەسەلاّتی هەبێ رێگـەی پـێ بـدات ، هـیچ دەزگایـەك حـەقی ئـەوەی نییـە داوای ریفراندۆم بکات ، دوایی ریفراندۆم بۆچی بکـات ، ئـەوەش سـوئالێکە لەوانەیـە خەڵك بپرسێ ، ببورە ئەوە وای لیکردم کە جواب بدەمەوە ) .

پاشان بەرێز جێگری سـەرۆکی پەرلـەمان کـاك دکتـۆر کمـال فـۆادیش لەسـەر هـەمان بابەت چەند روونکردنەوەیەکی دا .

( لـەبارەی دوو مەسـەلەوە حـەزم کـرد هەنـدێ روونکردنـەوەتان بـۆ بـاس بکـەم ، مەسـەلەی ریفرانـدۆم وەکـو کـاك ئەحمـەد شـەریف گـوتی ئـەوە نییـە ئێمـە سـڵی لی بکەینەوە ، بەراستی ئەو کارەی کـەوا ئـەوان دەیکـەن هـیچ موعـارەزەی نییـە لەگـەڵ بۆچونەکانی پەرلەمان ، خۆی هەڵبژاردنی پەرلەمانیش هـەروەکو ریفرانـدۆم وایـە ، ئەو شتە مەنع نەکرێت باشە ، یەعنی خۆیان ئەو کەسانە کە ئەو ئیشانەیان کردووە ، بەتەسەوری خۆیان با کاری خۆیـان بکـەن ، چـونکە ئەگـەر ئیـستا ئێمـە رێگایـان لێ بگرین ، کە شتەکە سەرنەکەوت ، ئەوە بارەکەی دەخەنە ئەسـتۆی ئێمـە ، بـەلاّم مـن لەگەڵ هەندێکیان قسەم کردووە ، خۆشیان ئەڵێن ئەگەر ئەو دوو دەسەلاّتە یـان ئـەو دوو حزبە لەگەڵ ئەو مەسەلەدا نەبن سەر ناگرێت ، ئێمە ئاگادارمـان کردونەتـەوە ، گوتمان ئێمە ئەم شتەمان نەکردووە ، یـەعنی ئێمـە دەسـتمان پـێ نـەکردووە ، وەکـو دەسـەلاّتی ئیـدارە لـە سـلێمانی ، یـان وەکـو یەکیـەتی نیـشتیمانی کوردسـتان ، ئـەو رێگایەشمان لێ نەگرتوون ، با ئەوانیش بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە بزانن دەکەونـە کـۆی ، یـەعنی ئەوەنـدە مەسـەلەکە زل نـەکرێت باشـە ، یـەعنی ئەگـەر بێتـو ئێمـە رێگایان لێ بگـریین ، لەوانەیـە سـبەینێ ئەگـەر سـەری نـەگرت ، ئۆباڵەکـەی دەخەنـە ئەستۆی ئێمە ، ئێمە لە بارەی ئەم راپرسەوە کەوا ئیستا دەیکەن .......هەتا دوای ) .

ئاكامی ئەو هەموو گفتوگۆیانە ، سەرۆكایەتی پەرلەمان (٧) خاڵی ئامادە كرد كە كاری لەسەر بكرێت ، پاش خوێندنەوەی خاڵەكان ، بۆ پەسەند كردنی خرانە دەنگدانەوە و بە كۆی گشتی پەسەند كران ، كورتەی خاڵەكان بەم شێوەیە بوو :

١- یاداشتنامەیەك ئاراستەی پۆل بریمەر بكرێت ، دەربارەی هاتنی جەیشی توركی ، وێنەیەكی بدرێتە مەجلیسی حوكم .
٢- لیژنەیەك دروست كرا كە لە (٥) ئەندام پێك هات ، بۆ مەبەستی هاوكاری پەرلەمان وموئەسیر بێت بۆ یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارە .
٣- بریارێك ئامادە بكرێت بۆ ئالاّ ، بریارێكی پەرلەمان هەیە دەربارەی ئالاّ .
٤- پرۆژەی فیدرالّیەت كە لە پەرلەمان پەسەند كران وەك پرۆژە ، بە ژمارەیەكی زۆر لە دووتوێ نامیلكەیەك چاپ بكرێن و دابەش بكرێن بەسەر هاووڵاتیاندا ،
٥- لیژنەی هەڵبژاردن كارەكانیان ئەنجام بدەن و پەیوەندی بە لایەنەكانەوە بكەن ، بەتایبەتی بە حولەفاوە ، بۆ ئەوەی رەئی ئەوانیش بزانین ، دەبێت لیژنە بپرسێت ئێمە دەمانەوێت لە هەموو كوردستاندا بیكەین ، لە كركوك و سنجار و خانەقینیش بیكەین ، ئایا دەتوانین تەنها لە كوردستان هەڵبژاردن بكەین و لە عێراق نەكرێت ؟
٦- ئەم جۆرە یاداشتنامەیەش ئیقتیراحێكی زۆر بەجێیە ، زوو زوو بیكەین و بیخەینە جەدەلەوە ، دوو هەفتە یان سێ هەفتە جارێك كۆبونەوە بكرێت .
٧- بەنیسبەت مەلەفەكانەوە ، لیژنەی یاسایی دیراسەی ئەو مەوزوعە بكەن ، چۆن پەرلەمان كار بكات ، یان چی بكەین بۆ ئەوەی بریارێكی راست وەرگرین ، بۆ ئەوەی تەعامول لەگەڵ ئەو مەلەفانەدا بكەین ، با لیژنەی مافی مرۆڤیشیان لەگەڵدابێت .

٣٩- رۆژی شەممە رێكەوتی ٢٠٠٣/١٠/١٨ ، پەرلەمان كۆبویەوە و بەرنامەی كاری بریتی بوو لە :

١- گفتوگۆ كردن و بریاردان لەسەر پرۆژەی پێشكەش كراو لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ، تایبەت بە خەرجكردنی مووچە و دەرماڵە لە ماوەی موڵەتی دایكایەتی و منداڵ بوون .

٢- بەردەوام بوونی گفتوگۆكردن لەسەر بارودۆخی ئیستا .

لە گفتوگۆ كردنی پرۆژەی تایبەت بە خەرجكردنی مووچە و دەرماڵە لە ماوەی موڵەتی دایكایەتی و منداڵ بوون ، زۆری لەسەر ووترا و هەندی رای جیاواز هەبوو ، منیش بەم چەند ووتانە بەشداریم كرد :

( من رئیەكم هەیە لەسەر مولاحەزەی وەزارەتی دارای هەردوولا كە باس لەوە دەكەن كە موخصصات نەیانگرێتەوە ، من دەڵێم بە عكسی ئەوە ، بەراستی میزانیە كە تەخمین دەكرێت سالآنە هەموو میلاكێك بە ئافرەت و پیاو ، هەركەسێك تەعیین بووە ، میزانیەی هەیە و تەخمین كراوە ، موخصصاتی بۆ دیاری كراوە و هەموو شتێكی بۆ دیاری كراوە ، كە مادام ئێمە لێرە ئەو ئیمتیازە دەدەین بە ئافرەت حەقە موخصصاتەكەشی لەگەڵ دا بێت بە كاملی ، چونكە هیچ نوقسانییەك بۆ وەزارەتەكە نابێت و هیچ ئیزافەیەك بۆ ئەوان نابێت ، لەگەڵ رێزماندا ) .

بەرێز سەرۆكی پەرلەمانیش هەندی قسەی لەسەر ئەم بابەتە كرد بەم شێوەیە : ( بەرێزان منیش یەك دوو قسەم هەیە لەو مەوزوعە ، لە راستیدا من تەئیدی بیجگە لە قسەكانی كاك د. كمال فؤاد كە سەدا سەد تەئیدی دەكەم ، قسەكانی كاك عماد و كاك كاكەرەشم زۆر بەدڵ بوو بە حەقیقەت ، یەعنی شتێك بە دەستێك نەدەین و بە دەستێكی تر وەریبگرینەوە ، ئەو مەوزوعەی كە كاك حمە علی تۆفیق باسی كرد ، هەر مەوزوع پارەو میزانیە یە ، ئەو میزانییە ساڵی جارێك دادەنرێت ئەمە هەموو مەحسوبە ، حسابی هەموو مخصصات كراوە ، حسابی هەموو مەعاش كراوە ، تۆ ئەگەر نەیدەیتێ لە میزانییەكە هەیە ، پارەكەی هەموو بۆ حازر كراوە ، بەلآم تۆ نایدەیتێ ، ئەیگێریتەوە بۆ خەزێنە ، لەبەر ئەوە من تەصەور ناكەم بێتە هۆی ئەوەی تووشی عەجز بین لەمەوزوعەكە ، ............هەتا دوایی ) .

ئەو بریارە بەو شێوەیەی ئامادە کرابوو ، پەسەند کرا .

بۆ گفتوگۆ کـردن لەسـەر بارودۆخـەکان ، سـەرۆکی پەرلـەمان ئامـاژەی بـە ئاکـامی کۆبونەوەکەی پێشودا ، داوای لە لیژنەی پێکهێنراو بۆ ئەو مەبەستە کرد کـە چییان کـردووە باسـی بکـەن ، وادیـار بـوو لیژنەکـە کارەکـەیان تـەواو نـەکردبوو . بۆیـە گفتوگۆیەکە دواخرا بۆ کۆبونەوەیەکی تر ، لە کۆبونەوەی پێشو بریار درا کە هەموو شتەکان لە راگەیاندن باس بکرێت ، بەتایبەتی ئەو موزەکەرەیەی کە ئامادە کرابـوو تـەحالوف و مەجلیـسی حـوکم ، بـەلاّم ئەمـە جـێ بـەجێ نـەکرابوو بۆیـە مـن لـە داواکاریەکی تایبەتدا ووتم :

بـەرێز سـەرۆکی پەرلـەمان ، مـن داوادەکـەم ئـەو موزەکەرەیـە بدرێتـە ئـیعلام ، ئیعلامیش باسی بکات ، چونکە ناوەرۆکی ئەو موزەکەرەیـە لـە ئـیعلام هـیچ باسـێکی لەسەر نەکراوە ، سوپاس .

بەرێز سـەروك بـەم شـێوەیە وەلاّمـی دامـەوە : موزەکەرەکـە دراوەتـە ئـیعلام ، بـەلاّم تـەنها کوردسـتانی نـوێ بـلاّوی کردوەتـەوە بـە تـەواوەتی ، ئینجـا ئـەوە گلەیەکـە بـۆ وەسیلەی تری ئیعلام .

٤٠ – رۆژی شـەممە رێکـەوتی ٢٠٠٣/١٠/٢٥ ، پەرلـەمان کۆبویـەوە و بەرنامـەی کـاری بریتی بوون لە :

١- خویندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەستاندنی کار بـە مـاددە (٢)برگـەی (و) لـە یاسای هاتووچۆی ژمارە (٤٨) ی ساڵی ١٩٧١ی هـەموار کـراو ، کـە لەلایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانەوە پێشنیاز کرابوو .

٢- گفتوگۆ کردن و بریاردان لەسەر پـرۆژەی درێژکردنـەوەی خـولی دیـاریکراوی هـەر سـەندیکا و کۆمەڵـە و رێکخراوێـك بـۆ مـاوەی یـەك سـاڵ لـە رۆژی کۆتـایی هـاتنی خولەکەیانەوە .

٣ – بەردەوام بوونی گفتوگۆ کردن لەسەر بارودۆخی ئیستا .

خاڵی یەکەم ، یاساکە خویندرایەوە و درایە لیژنـەکانی پەیوەست ، خـاڵی دووەمـیش خرایـە بـەر گفتوگـۆ و پاشـان بریارەکـە پەسـەند کـرا ، خـاڵی سـی یـەم کـە لەسـەر بارودۆخەکان بـوو ، سـەرۆکی پەرلـەمان داوای لـە لیژنـەی تایبـەتی کـرد کـە ئاکامی کارەکانیان بخەنە روو ، لیژنەکـەش راپۆرتێکیـان ئامـادە کردبـو ، خویندیانـەوە ، بـۆ هـەر یەکـە لـەو خاڵانـەی کـە دیـاری کرابـوو و قـسەی لەسـەر کـرا بـوو ، چـەند راو بۆچونیان خستبوە روو .

سەرۆکی پەرلەمان جارێکی تر داوای کرد کە هەر کەسی دەیەوێت لەو بارەیەوە قسە بکات ، با بفـەرموێت ، ژمـارەی (٩) ئەنـدام نـاوی خۆیـان نوسـی و یـەکێ لەوانـە مـن بووم کە بەم شێوەیە باسم کرد :

( منیش هـەر لەسـەر مەسـەلەی یەکگرتنـەوەی ئیـدارە سـەرنجێکم هەیـە ، بەراسـتی لیژنەکە کاریان کردووە ، بەلاّم من بە نیسبەت ئەم خاڵەوە ، ئەڵیم ئەبوایە لیژنەکە زیاتر لەسەر ئەم خاڵە بووەستایە و کاری بکردایە ، دوو شوێن هەبوو کە ئـەیانتوانی پەیوەندیان لەگەلاّ بکەن و لەگەڵیان دانیشن ، بۆ ئـەوەی زیـاتر هۆیـەکانی بزانـرێ و بێتــە پەرلــەمان و بــاس بکرێـت ، یەکــەمیان ئەبووایــە لەگــەڵ لیژنــەی ئاشــتی هەردوومەکتەبی سیاسی پـارتی و یەکیـەتی دابنیـشتنایە ، چونکە ئـەوان ماوەیـەکی زۆر لەسەر ئەم مەوزوعە کاریـان کردبـوو ، ئـەتوانرا هۆکارەکـانی یەکنەگرتنـەوە بـە دیار بخرێت ، دووەم ، لە گەڵ سـەرۆکایەتی هـەردوو ئیدارەکـەش دابنیـشتنایە و رای ئەوانیشیان وەرگرتایە لەسەر بابەتەکە ، زیاتر ئیستا ئەتوانرا لەسەر ئـەو مەسـەلانە قسەی لەسەر بکرێ ، لەگەڵ رێزماندا ) .

پاش تەواو بوونی راکان ، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ووتی : ئیستا ئەو بەرێزانەی کـە ویستیان قسە بکەن لەو بارەیەوە بیرورای خۆیـان پێـشکەش کـرد ، بـە نیـسبەت ئـەو خالأنەوە حەز ئەکەین ئیمەش پوختەیەکی بیرورای خۆمانتان پێشکەش بکەین ، لـە پاشا دەنگی لەسەر بدەین بـزانین ئـەو هەنگاوانـە بـەلای ئێـوەوە پەسـەندە یـان نـا ؟ یەکەم لە بارەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە ، ئیمە وامان پیّ باشە کەوا وەفدێك

دروست بێت له هەر یەکێك له فراکسیۆنەکان ، زائیدەن لیستی ئاشوری ، سێ به سێ به یەك ، ئەو وەفدە یاداشتێك ببەن پێشکەش به هەردوولای بکەن ، یەعنی خۆیان بچن داوای دیدار بکەن و یاداشتەکە پێشکەش بکەن ، ئەو داخوازیانه بخەنه روو کە لەم کۆبونەوەدا باس کرا لەبەر رۆشنایی ئەو شتانەی کە نوسراوە، هەروەها ئەو سەرنج و تێبینیانەی لێرە پێشکەش کران ، .......بەم شێوەیە لەسەر گشت بابەتەکانی تر رای خۆیان دەربری و خاڵ بەخاڵ خرانه دەنگ دان و پەسەند کران .

٤١ – بەهۆی گورانکاری له دەسەڵاتدا له عیراق و سەرقاڵی زۆربەی سیاسەتمەدارانی کورد لەوکارانەدا ، کۆبونەوەکانی پەرلەمان کەمتر دەبەسترا ، جاروبار به مەبەستی گونجاندنی هەندی برگه له یاساکانی خۆمان لەگەڵ یاساکانی عیراق ، چەند هەموارکرنێك ئەکرا ، هەروەها چەند یاسایەکی تازه بۆ چەند وەزارەتێکی تازە ، لەگەڵ سوێند خۆاردنی یاسای بۆ هەندی ئاڵوگۆری وەزیرەکانی هەردوو حکومەتی هەرێم ، بۆیه بەشداری ئێمه لەم جۆرە کارانەدا کەمتر هەبوو ، ئەوەشی کە هەبووە ، لەبەر کەمی و پچر پچری موداخەلەکان به پێویستم نەزانی باسیان لێوە بکەم ، تەنها ئەم چەند بەشدارییەی لای خۆارەوەم به پەسەند زانی کە باسیان بکەم :

١ – له کۆبونەوەی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٠٠٤/٦/١٩، کە بەرنامەی کاری بریتی بوو له دانان و ئاڵوگۆرکردنی چەند ئەندامیك له کارەکان له لیژنەکاندا ، جگە لەمەش (١٤) یاساو بریار خرابونە روو بۆ هەموار کردن و پەسەند کردن ، من تەنها له یەکی لەهەموار کردنی پرۆژە یاسای تایبەت به بەگەنکردنی (اختبار) ئەوانەی داوای ئیجازەی شۆفێری دەکەن ، ئەم پرۆژەیە بۆ ئەوەبو کە رێگا بدات بەوانەی کە خۆیندەوارییان نییە بۆ وەرگرتنی ئیجازەی شۆفێری ، چەندین کەسی شۆرشگێر هەبوون به تایبەتی هەندێ له پێشمەرگەکانی شاخ کە بە هۆی بەشدارییان له شۆرشدا نەیانتوانیبوو بخوێنن ، بۆیە لەوەرگرتنی ئیجازەی شۆفێری بێ بەش بوون ، ئەم یاسایە له پەرلەمان گفتوگۆی زۆری لەسەر کرا ، ئەوەی موعاناتی ئەوانەمان

دەزانی زۆر داکۆکیمان لەسەر پەسەند کردنی یاساکە کرد ، من بەم شێوەیە باسم کرد :
( بەراستی ئەو پرۆژەیە لە جێگای خۆیەتی و مودەشی بۆ داناوە ، ئەو یاسای ژمارە (١٨)ی سالّی ١٩٧١ بۆ ماوەی ساڵێك راگرتووە ، واتە پاش ساڵێك ئیتر ئەتوانن موعامەلەی لەگەڵ بکەن بەوەی کە خوێندەواری نییە ، بەلاّم بەراستی ئێمە وەفاداریمان بۆ ئەو پێشمەرگە خۆراگرانە چییە کە لە دیباجەکەدا هاتووە کە نەیتوانیوە بخوێنێت و ئیستاش ناتوانێت بخوێنێت ، با ئەوانە جیا بکرێنەوە و ئیجازەیان پێ بدرێت ، بەلاّم ئیستا ئەوی تر کە هەیە ئیعتیبادییە و خوێندەواری هەییە و ئیجازەی ئەدرێتێ ، بەلاّم ئەوانەی تر کە تایبەت بوون و پێشمەرگە بوونەو نەخویندەوارن ، مەجموعەیەکی کەمن هەق وایە پرۆژەکە بروێنین و لە جێگای خۆیەتی ، سوپاس ) .
٢ – لە کۆبونەوەی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٠٤/٩/٢٨ ، لەناو چەند یاسایەك ، پرۆژە یاسای دەزگای گەشت و گوزار لە هەرێمی کوردستان ، گفتوگۆی لەسەر دەکرا ، ئەم پرۆژەیە پێشتر رەوانەی لیژنەی شارەوانیەکان کرابوو کە من بریاردەری ئەو لیژنەیە بووم ، دوو پرۆژە هاتبوو ، یەکی لە ئیدارەی هەولێر و ئەوی تر لە ئیدارەی سلێمانیەوە ، وەکو لیژنە بۆ خۆمان کوبونەوەمان لەسەر هەردوو پرۆژەکە کردبو ، تەنها لەسەر یەك خاڵ ناکۆکیمان هەبوو ، ئەویش لە پرۆژەی ئیدارەی سلیمانی وا هاتبوو کە شوینەوارەکان لەگەڵ دەزگای گەشت و گوزار پێکەوە بن ، ئیمەش رامان وابوو کە شوێنەوار پەیوەندی بە وەزارەتی رۆشنبیریەوە هەیە و ئەکری بۆ گەشت و گوزار سودی لی وەربگیرێ ، ئەم ناکۆیەمان هەلگرت بۆ دوا بریاری ئەندامانی پەرلەمان ، لەو کۆبونەوەیەدا من چومە سەر مەنەسەی لیژنەکان ، لیژنەی یاسای پرۆژەی ئیدارەی هەولێری خویندەوە چونکە پێشتر ئەوە خویندرابووە ، بەرێز کاك شێخ عبدالکریم محمد کە جێگری لیپرسراوی لیژنەکەمان بوو ، داوای قسەکردنی کرد پێش گفتوگۆکردنی مادەکانی پرۆژەکە ، ووتی کە دوو پرۆژە هاتوە و ئیمە

وەكو ليژنە موناقەشەی هەردووكيانمان كردوە ، هەندی ناكۆكی هەيە و بە مەحزەر كاك علی دەيخوێنێتەوە ، بۆ جەنابتان و ئەندامان . سەرۆك فەرمووی لە من كردوو منيش بەم شێوەيە هاتمە قسە كردن :

ئێمە وەكو ليژنەی شارەوانيەكان هەردوو پرۆژەی هاتوومان گفتوگۆ كردووە ، تەقريبەن هەردوو پرۆژەكە ناوەرۆكيان يەكە ، تەنها ئەوە نەبێت ئيدارەی سليمانی شوێنەواری دەمج كردووە لەگەڵ سياحە ، كە بەراستی بەرای شەخسی ئێمە ئەو شوێنەوارە شتێكی تايبەتمەنديە و عيلاقەی بە وەزارەتی رۆشنبيريەوە هەيە ، واتا شتی تأريخی و رۆشنبيری و سەقافيە ، يەعنی ئەوە لەگەڵ سياحيەوە ناكرێت ، بەلأم لە پرۆژەی ئيدارەی هەولێر ( لغرزالمشاهده ) تەنسيق دەكات لەگەڵ شوينەوار كە سيياح بی بينێ ، بۆ ئەوەی موشاهدەی ئەو شوێنانە بكات ، كەوا تأريخی بەسەرەوەيە ، هەتا ئيشوكاريشی بۆ نمونە بۆ دروست كردنی ميوانخانەكان و گازينويەكان و پارك و ئەو شتانە ، ئينجا ئيمە وەكو ليژنە بە چاكمان زانی ئەم بابەتە بخەينە بەر دەستی ئەندامانی ئەنجومەن بۆ گفتوگۆ كردن لەسەری ، ئايا ئەوە كاميان چاكە ؟ ببێ ، يان نەبێت ، باقی ئەوانی تر ، بەراستی تەقريبەن هەمووی وەكو يەكن ، هەموو فكرەكان يەكە ، هەموو يەك بابەتە ، لەبەر ئەوە هيچ كێشەيەك لە نێوانماندا نييە ، ئەوەش كێشە نييە ، برادەران با گفتوگۆی لەسەر بكەن ، لەگەڵ رێزماندا .

بەرێز سەرۆكی پەرلەمان ، سەرنجەكانی هەلادوو لامانی خستە بەر گفتوگۆی ئەندامان ، ئەوانيش زۆربەی زۆريان هەمان رای ئێمەيان هەبوو ، بۆيە سەرۆك خستيە دەنگدان و ئەو پرۆژەی ئيدارەی هەولێر خرايە بەر گفتوگۆ و پاش هەڵسەنگاندنی مادەكانی پرۆژەكە ، بە تيكرای دەنگ پەسەند كرا .

٣ – رۆژی سێ شەممە رێكەوتی ٢٠٠٤/١٠/٥ ، پەرلەمان كۆبوەوە و بەرنامەی كاری بريتی بوو لە (١٠) خاڵ كە تەنها يەكەميان بريتی بوو لە يادكردنەوەی راگەياندنی فيدراڵيەت و يەكگرتنەوەی ئەنجومەنی نيشتيمانی كوردستانی عێراق ، ئەوانی تر

هەمووی بریار و یاسای تازەو هەموارکردن بوو ، بۆخاڵی یەکەم ، سەرۆکی پەرلەمان لەو بارەیەوە و هەندی بابەتی تازەی بارودۆخەکان باس کرد و داوای کرد هەر کەسی بیەوێت لەو بارەوە قسە بکات بفەرموێت ، ئیمەی ژمارەی(١١) ئەندام قسەمان کرد و ئەمەی خوارەوە قسەکانی من بوو :

بەراستی هەڤالأن لەسەر بابەتەکە زۆر دوان و حەقی خۆشیان پێدا ، پاش پیرۆز بایی و سەرکەوتنی فیدراڵیەت لە پەرلەمانی کوردستان بۆ میللەتی کورد و چوونە ناو دەستوری کاتیی عێراقی کە یاسای بەرێوەبردنە لە خاڵی چوارەمی ، کارێکی زۆر پیرۆزو زۆر چاکە ، بەلاّم بەراستی من دەبینم ئیمەش و حکومەتی کاتی عێراقیش سستی لە بەرێوەبردنی ئەو خاڵە یان لە بەرێوەبردنی جێ بەجێ کردنی فیدراڵیەکەدا دەبینین ، ئیمەش وەکو کورد دەبێت بەراستی گەرم بین لەسەر ئەوەی کە چۆن جێبەجێ بکەین ، راستە جەنابت ئیستا فەرموت واناکرێ ، چەمچەماڵ و کفری و کەلار و فایدە و مەخمور ، ئەمانە بێنەوە سەر کوردستان ، کە هەندێکیان لەساڵێ ١٩٩١ لە دەستی ئیمە چوون ، کە ئەمە حەقێکی شەرعی خۆمان سەد لە سەدی کوردە ، هیچ پاساوێك نییە بۆ ئەوەی ئەم شوێنانە دابرێن لە کوردستان ، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئیمە ئەگەر داکۆکی بکەین و زیاتر هەوڵ بدەین ، بتوانین ئەو شوێنانە هەتا پێش ئینتیخابات بگەرێنینەوە سەر کوردستان ، ئەوان بۆ پێیان خۆش بوو پردێ لە ئێمە وەرگرن بچێتە سەر کرکوك ، بۆ پێیان ناخۆشە مەخمور بدرێتەوە هەولێر یان فایدە بدرێتەوە بە دهۆك یان خانەقین بچێتە سەر هەرێمی کوردستان ، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو فیدراڵیەتە جوگرافییە مێژوویە ، کەوا لە یاسای بەرێوەبردنی کاتی عێراق باسی دەکات ، ئەم شتانە دەگرێتەوە ، چ لە رووی جوگرافی و چ لەرووی مێژووییەوە ، ئێمە پێویستە داکۆکی لەسەر بکەین ، هەروەها من داواشم وایە پەرلەمانی کوردستان بپرسێ لە ئەنجومەنی کاتی عێراق ، چ پەیوەندییەك هەیە لە بەینی ئێمەو ئەوان ، تا ئیستا هەڵویستی ئەو ئەنجومەنە دەربارەی فیدراڵیەت دیار نییە ، ئایا ئەوان رئیان چییە ؟ ئێمە ئەم بابەتانە لەگەڵ

ئەواندا باس بکەین ، ئەوان چی ئەڵێن ؟ لەبەر ئەوە من حەز دەکەم ، پێشنیار دەکەم کە پەیوەندیەکی پتەو و دۆستانە لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نیشتیمانی کاتی عێراق دروست ببێت پێش هەڵبژاردن بۆ ئەوەی بتوانین هەندی مەکاسب بە دەست بهێنین ، ئیمە تەنها لە مەوقیفی بەرگریدا نەوەستین ، ئیستا ئەوەتا برا عەرەبەکان هەوڵ دەدەن عەرەب بگێرنەوە بۆ خانەقین ، جەلەولا وا لێ بکەن کە کوردی تێدا نەمێنێت ، ئەی ئێمە بە پێی یاساکەی خۆمان هەوڵ نەدەین ئەو شوێنانەی کە هی خۆمانە لە رووی جوگرافی ، لە رووی تأریخ ، لە رووی هەموو شتێکەوە بگەرێتەوە کوردستان ، ئاوات و ئامانج و داواکاری خەڵکی کوردستانیش هەر ئەمەیە ، بۆیان بە دەست بێنین ، لەگەڵ رێزو سوپاس .

پاشان بریار و یاساکان خرانە بەر گفتوگۆ و پەسەند کران .

٤ – چەند کۆبونەوەیەکی تر هەتا کۆتای ساڵی ٢٠٠٤ ئەنجام دران ، ئەوانەش هەندی یاسای تازەو هەموار کردن بوون ، لەسەرەتای ٢٠٠٥ هەتا رۆژی ٢٠٠٥/٤/٧ ، پەرلەمان ( دەورەی یەکەم ) بەردەوامی هەبوو ، هەرچەندە هەڵبژاردن لە ٢٠٠٥/١/٣١ ئەنجام درابوو ، بەلاّم تا ئەو کاتەش ئەندامانی تازە هەڵبژێردراو ( دەورەی دووەم ) دەست بەکار نەبوبوون ، لەرۆژی ٢٠٠٥/٤/٧ دوا کۆبوونەوەی پەرلەمان بەسترا بۆ کۆتای هێنان بە کاری دەورەی یەکەم ، و اعتیبار لە ٢٠٠٥/٥/١ وە ئەندامانی ئەو دەورەیە جگە لەوانەی جارێکی تر دانرانەوە ، فەرمانی خانەنشینیمان بۆ دەرچوو ، بەم شێوەیەش ژیانی پەرلەمانتارێم کۆتای هات .

لەگەڵ ئەوەی کە رۆژانە دەوامی فەرمی خۆمم ئەکرد ، ئەگەر کۆبونەوە ببوایە یان نەبوایە ، حەزم ئەکرد کە لە کاتەکانی بێکاریماندا ، وەکو لیژنەی شارەوانیەکان و گواستنەوە و گەیاندن ، هەندی کار لەو دوو وەزارەتەدا بکەین ، بەتایبەتی شارەوانیەکان ، چونکە من شارەزاییەکی باشم لە گشت کاروبارەکانیا هەبوو ، پێم وابوو هیچ نەبێت هەندی هاوکارییان بکەم لە راپەراندنی کارەکانیان ، لە لایەکی تر بۆ خۆم وا حساب ئەکرد کە من وەکو نوێنەری جەماوەری هەڵەبجە بوومەتە ئەندامی پەرلەمان ، بۆیە پێویستە لەسەرم هەندی کار بۆ ئەو ناوچەیەو جەماوەرەکەی بکەم ، منیش لەو بارەیەوە و بەپێ توانای خۆم ، بەم شێوەیە هەندی جموجۆڵم لەگەڵ برایانی تر لە لیژنەکەدا جێ بەجێ کرد :

١ – لە یەکەمین کۆبونەوەم لەگەڵ برایانی لیژنەکە ، کە ئەو کات تەنها هەردوو فراکسیۆنی زەرد و مۆر لە پەرلەمان بووین ، داوام لێ کردن کە پێویستە لە بواری خۆماندا جگە لە کارە فەرمیەکان ، هەندی کاری چاودێری کارەکانی ئەو وەزارەتانە بکەین کە لیژنەکەمانی بۆ پێکهێنراوە ، وادیار بوو ئەوانیش زۆریان پێ باش بو ، ئەوان پێشتر کاریان لەم بارەیەوە کردبوو ، هەندێ پێشینەیان هەبوو کە بۆ کارەکانی تازەمان سودی هەبوو ، بریارمان دا سەردانی هەردوو وەزارەتی شارەوانیەکان و گواستنەوە و گەیاندن بکەین ، لەگەڵ بەرێزان هەردوو وەزیر و جێگرەکان و بەرێوەبەرەکانی وەزارەتەکان و هەندی بەشی پێویست دانیشین ، هەندی پرسیارو پێشنیارمان ئامادە کردبوو لەسەر ئیشو کارەکانیان ، پرسیارەکانیش زیاتر ئەوانە بوون کە پرسیاری خەڵکی بوون ، ئەم کارەمان زۆر بە چاکی ئەنجام دا و توانیمان ئەوەی لاَمان جێگای پرسیار بوو لێمان کردن و وەلاَمی پێویستمان لی ی وەرگرتنەوە ، پێشنیارەکانمان دایە دەستیان و بەتایبەتی ئەوانەی تایبەت بوون بە پرۆژەی یاسا کانیان ، سەردانەکانمان زۆر بەسوود بوو ، ئێمە لە سەرجەم کارەکانی ئەوان گەیشتین ، ئەوانیش سوودیان لە ئامۆژگاریکانی ئێمە کرد ،

ئەم سەردانانەمان بە راپۆرتێکی تایبەتی لە بیرەوەری یەکەمین دانیشتنی پەرلـەمان خویندرانەوە ، ئەم کارە بەردەوامی هەبوو هەتا دەست پێکردنی خولی گواستنەوە کە برایانی لیستی سەوز هاتنەوە ناو پەرلەمان ، لیژنەکان جارێکی تر هەڵبژێردرانەوە ، من هەر لە هەمان لیژنە مامەوە ، بەلاّم بەهۆی یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیـدارەوە ، کـاری ئـەم لیژنەیـە وەکـو پێویـست نـەما ، چـونکە وا بریـار درا کـە ئەنـدامانی فراکسیۆنی زەرد تـەنها چـاودێری کارەکـانی ئیـدارەی هـەولێر بکـەن و ئەنـدامانی لیـستی سـەوز هـی سلیمانی ، بۆیـە وەکو پێویـست نەئـەکرا ، ئاکامی چاودیری یـان سەردانەکان ئەبوایە بهاتایەتە لیژنە و موناقەشەی بکرایە ، ئەمـەش نەئـەکرا ، هـەر چەندە هەندی کارمان هـەر ئـەنجام دا لەوانـە ، چـەند جار سـەردانی کـاری دروست کردنی فرۆکەخانەی نیودەوڵەتی هەولیرمان کـرد و راپـۆرتی تایبـەتی لـەو بارەیـەوە درایە سەرۆکایەتی پەرلەمان ، بە بەرواری ٢٠٠٤/٦/٣ ، لەوێشەوە راپۆرتەکە دابـەش کرا بەسەر گشت وەزارەتەکانی حکومەتی هەریمی کوردستاندا ، ئەوەی لەو راپۆرتەدا گـرنگ بـوو ، ئیمەلـە پێشەکییەکەیدیا بـەم چـەند ووشـانە دەسـتمان پـێ کردبـوو ، (پرۆژەی دروست کردنی فرۆکەخانـەی نێودەوڵـەتی هـەولێر لەسـەر پانتـای زەویـەك دەکرێـت کـە پێـشتر رژێمـی دیکتـاتۆری بـەعس کردبوویـە سـەربازگەیەکی سـەرەکی بـەناوی سـەربازگەی هـەولێر کـە چـەندین کەرەسـتەی روخێنـەرو و کاولکـاری و لەناوبردنی خەڵکی کوردی تێدا بووە ، لەگەڵ بونی رێرەوێکی تایبەتی بۆ نیـشتنەوە و هەڵساندنی فرۆکە جەنگیەکان بە مەبەستی بۆردومـان کـردن و کـاولکردنی شـار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان ، بەکار هێنـانی ئـەم شـوێنە پـر لـە شـەرمەزاری و تۆقێنەرە لە هەریمی کوردستان بە شوێنێکی تر کە دروست کردنـی پرۆژەیـەکی پـر لە ئاسودەیی و پیرۆزی و ئاوەدانی و پێشەوەچوون و گەیانـدنی ناوبـانگی کوردسـتان بە گشت جیهان ، کارێکە ناتوانرێت لە ئاستیدا هیچ بگوترێ ، تەنها ئەوە نـەبێت کـە ستایشی بیروبۆچون و هـەوڵی مەردانـەی سـەرکردایەتی کـورد و حکومـەتی هـەرێمی کوردستان – ئیدارەی هەولێر بکرێت بۆ ئەو کارە گرنگ و پێرۆزەیان ، پێویستە ئەم

هەنگاوە جوامێریە بچێتە ناو پەرەكانی مێژووی كوردەوە بۆ ئەوەی لە ئایندەی دوور و نزیكی خەڵكی كوردستان لە هەر جێگایەك بێت سوودی لێ وەرگرن ) ،




(ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ لێژنەی دروست كردنی فرۆكەخانەی نێو دەوڵەتی هەولێر)

جگە لەمەش پێشتر لیژنەكەمان لە كاتی دروست بوونی پاركی هەولێر كە دواتر بووە پاركی ( شەهید سامی عبدالرحمن ) سەردانی ئیشوكارەكانی دەكرد ، كارەكە جێگای رەزامەنیمان بوو چونكە بەراستی بە شێوەیەكی راستەو خۆ ، شەهید كاك سامی بە جوانی و بە بەردەوام سەرپەرشتی دروست كردنی ئەكرد ، بەراستی كارێكی جوان و رێكوپێك دەرچو كە ئیستا هاووڵاتیانی هەولێر و دەوروبەری سودی لێ وەرئەگرن ، حەقی خۆی بوو كە ئەو ناوەی لێ نرا ، چەند كارێكی تری لەم جۆرە رۆژانە پێوەی خەریك بووین كە هەندێكی دڵخۆشی ئەكردین ، هەندی جاریش ئەوەی ئێمە دەمانویست نەئەكرا ، ئەوەی لەدەستی ئێمەدا بوو تەنها راپۆرت بوو كە بەرزمان دەكردەوە .

٢ _ پاش لێدانی عیراق و موڵگاکانی تیرۆریستان له ناوچەی هەورامان کە ماوەیەك بوو بوبونە هوی ئاڵوزی ناوچەکەو تێکدانی ژیانی خەڵکی ئەو ناوچەیە ، ئێمەی نوینەرانی خەڵکی هەڵەبجەو هەورامان لە پەرلەمان ، پێشنیارێکمان کرد کە بتوانین بە ناوی پەرلەمانەوە سەردانی ئەو ناوچەیە بکەین ، بۆیە سەرکردایەتی پەرلەمان بریاری دا کە لیژنەیەك لەم بەرێزانە پێك بێت بۆ ئەو مەبەستە ، کە ئەم بەرێزانە بوون ( خوالێخۆشبو مام یار احمد بەگ – کاك بکر حاجی سەفەر - کاك شێخ عفان نەقشبەندی – کاك رۆوف حاجی فەرەج – کاك شێخ موحسن موفتی – کاك حسین عارف – کاك کمال شالی – خۆم ) ، سەردانەکەمان لە کۆتای مانگی ٢٠٠٣/٤ دەست پیێ کرد بە کۆبونەوەیەك لە بارەگای پەرلەمانتارانی سلیمانی کە بەرێز کاك دکتۆر کمال فؤاد جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەشداری لەگەڵمان کرد ، کۆبونەوەکەمان بۆ مەبەستی دانانی پلانێك بو بۆ سەردانەکەمان ، لەو کۆبوونەوەیەدا بریار درا کە ئاگاداری لێپرسراوانی ناوچەی هەڵەبجە بکەن بۆ ئاسانکاری گەشتەکەی ئێمە و هاوکاری کردن ، ئێمەش رێکەوتین لەسەر ئەوەی کە وەکو یەك گرۆپ و تەنها بۆ پشتیوانی کردنی هاووڵاتیانی ناوچەکە هەنگاوەکان بنێن و دۆر لە بیروبۆچونی حزبی ، رۆژی دوای سەردانەکەمان دەست پیێ کرد و لە سێ ریانی هەڵەبجە – خورماڵ – شارەزور ، لەلایەن لێپرسراوانی ناوچەکە لە حزبی و حکومی و کەسایەتی ئەو دەڤەرە پیشوازی مان لیکرا ، لەوێوە چوینە بارەگای نوینەرایەتی حکومەت (ئیدارەی سلیمانی) لەخورماڵ ، جەماوەری شارۆچکەی خورماڵ لەوی کۆبوبونەوە ، لەو کۆبونەوەدا لەلایەن چەند ئەندامێکی بەریزی پەرلەمانەوە چەند ووتەیەك پێشکەشی جەماوەرەکە کرا ،




(شاندی پەرلەمان بۆ سنوری هەورامانو هەڵەبجەو خورماڵ)

پاشان چوینە شارۆچكەی بیارە و پاش ئەوەی ئەو شوێنانەمان بەسەر كردەوە كە مۆڵگای تیرۆرستان بوو بو و بەر بۆردومانی هێزەكانی هاوپەیمانان كەوتبوون ، بەم هۆیەوە چەندین خانو و بەرەی خەڵكی بیارەش بەر كەوتبوو ، چەندباغ و باغاتیش زەرەریان پێ كەوتبو ، جەماوەری بیارەش لە ناو خانەقای بیارەداكۆبوبونەوە و ئێمەش چوینە لایان ، پاش ئەوەی ئەو دیمەنە نامرۆڤانەی ئەو تاقمە كە بەناوی ئیسلامی پیرۆزەوە ئەنجامیان دابوو لە هەڵتەكاندنەوەی مەرقەدی پیرۆزی شێخەكانی بیارە و گواستنەوەیان بۆ جێگای تر ، چاو پێ كەوت ، لەو كۆبونەوەیەدا نوینەری حكومەتی ئیدارەی سلیمانی هەندی قسەی كرد و پاشان من بەناوی سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە سەرەخۆشی ئەو كارەساتە دڵتەزینەم لیكردن ، دڵنیامان كردنەوە كە داواكاری و پێشنیارەكانیان دەگەیێنینە پەرلەمان ،




(کوبونەوەی شاندەکە لەگەڵ جەماوەری بیارە)

لەوێـشەوە بـەرەو  گونـدی بەڵخـە و شارۆچـکەی تەوێڵـە بەرێکـەوتین ، لـەو دوو شوێنەش جەماوەریکی زۆر کۆبوبونەوە ، بەهەمان شێوە قسە یان بۆ کـرا ، بـۆ رۆژی دوای لە شارۆچکەی سیروان و ناو شاری هەڵەبجەش هەمان کۆبونـەوەمان ئـەنجام دا ، کۆبونەوەلەگەڵ بەرپرس و پیاوماقوڵ و روشـنبیرانی هەلەبجە پاش ئـەوە هات کـە وەفدەکەمان چوە سـەر مـەزاری شـەهیدانی کیمیابـارانی هەڵەبجە ، لـەو کۆبونـەوەدا زۆر بابەت خرانە روو ، جێگای خۆشـحاڵی ئـەو جـەماوەرە بـوو کـە وەفدەکـەمان لـە هـەردوو لیـستی سـەرەکی پەرلـەمان پێـك هـاتبوو ، و بـە یـەکگرتوویی ووتـەکانمان پێشکەش دەکرد ،



(شاندی پەرلەمان لە کۆبونەوەیان لەگەڵ خەڵکی شاری هەڵەبجە )

هەر بۆیە لەویدا داوایان کرد لێمان کە نوسینگەیەکی پەرلەمان لە شاری هەڵەبجە بکریتەوە ، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە پەرلەمان ئاگاداری کاروبارەکانی ئەو شارە بێت ، بەگەرانەوەی وەفدەکەمان بۆ هەولێر ، هەرچی داواکاری جەماوەر و فەرمانگەکان و ریکخراوەکانی مەدەنی بوو ، هەموویمان گەیاندە سەرۆکایەتی پەرلەمان ، هەروەکو لەبەشێکی تری ئەم باسەدا لەسەرەوە باسم کردوە من لەرۆژی ٢٠٠٣/٥/٦ ، تووشی نەخۆشییەکی کتوپر هاتم ، ئەتوانم بڵێم کە هەندی لەو کارانەو لێپرسینەوەی بەو هۆیەوە دواکەوتن ، بەتایبەتی بابەتی کردنەوەی نوسینگەکەی پەرلەمان لە هەڵەبجە ، هەر بە گەرانەوەم بۆ کارەکانم لە پەرلەمان پاش عیلاج ، دەستمان کرد بە داواکردن لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ کردنەوەی نوسینگە لە هەڵەبجە ، نامە یەکی تایبەتی کە لەلایەن ئەو ئەندامانەی خەڵکی ئەو سنورە بووین دامانە سەرۆکی پەرلەمان ، ئەویش رەزامەندی لەسەر دا ،





**(داواکاری ئەندامانی پەرلەمان بۆ کردنەوەی نوسینگەی پەرلەمان لە هەڵەبجە)**

ئیمەش بەشێوەیەکی توند و تۆڵ ئـەو کارەمـان دەسـت پـێ کـرد و بـە ئامـادە بـوونی جـەماوەرێکی زۆری هەڵەبجـە لـە کەسـوکاری شـەهیدان و سـەرۆکی فەرمانگـەکان و لێپرسـراوانی لایەنـە سیاسیەکانی ئـەو ناوچـەیە و لـە ئاهـەنگێکی خنجیلانـەدا لـە رۆژی ٢٠٠٤/٣/١٦ دا لـــە یـــادەوەری رۆژی کیمیابـــارانی هەڵەبجـــەدا ، بارەگـــای نوسینگەکەمان کردەوە ، جێگای خۆشی و ئومێدی ئـەو جـەماوەرە بـوو ، ئیمـەی (٥) ئەندام پەرلەمانی سنوری ئەو ناوچەیە بەرنامەمان بـۆ خۆمـان دانـا کـە چـۆن دەوام لـەو نوسـینگەیەدا بکـەین و نـەهێڵین چـۆڵ بێـت ، ماوەیـەك هاتوچـۆ بـۆ لامـان بـە گەرمی هەبوو ، لەو ماوەیەدا توانیمان هەندی کاروبار کە پەیوەندی بە کاری ئێمەوە بو ئەنجامی بدەین ، لەوانە :

أ - پشتگیری كردن لە داواكاری كۆمەڵێك قوتابی و رۆشنبیری هەڵەبجە بوو بۆ كردنەوەی زانكۆیەك لە هەڵەبجە ، توانیمان (٤٠٠٠) چوار هەزار ئیمزای ئەو بەرێزانە بگەیەنینە پەرلەمان و سەرۆكایەتیش بە فەرمی داوای لە حكومەتی هەرێم ئیدارەی سلیمانی كرد كە داواكاریەكە دیراسەت بكەن و ئاگادار بكرێنەوە ،



KURDISTAN NATIONAL ASSEMBLY
ERBIL. KURDISTAN - IRAQ
Directorate-General of Parliament Affairs
No:
DATE:

ئەنجومەنی
نیشتمانی كوردستانی عیراق
كوردستان - هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گشتی
كاروباری ئەنجومەن
ژمارە: ٥٠٠/٥/٣
رۆژ: ٢٠٠٤/٤/١٧

بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عیراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا/ئیدارەی سلێمانی
بابەت/ داواكاری

بە هاوپێچ لە گەڵ نوسراوماندا وێنەیەک لە دەقی داواكاری كۆمەڵێک رۆشنبیرو زانست خوازو لاوانی شاری (هەڵەبجە)تان بۆ دەنێرین لە گەڵ هاوپێچەكانیدا، دوای دیراسەت كردنی ئەم بابەتە وەڵامان بدەنەوە.

لەگەڵ رێزدا

هاوپێچ/
١- وێنەیەک لە دەقی داواكاری ناوبراو.
٢- وێنەیەک لە نوسراوی پشتگیری نوسینگەی هەڵەبجەی شەهید، ژمارە (٩١) لە ٢٠٠٤/٣/٣١.
٣- وێنەیەک لە نوسراوی پشتگیری [illegible]
[illegible]

د. رۆژ نوری شاوەیس
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانی
كوردستانی - عیراق

وێنەیەكی بۆ/
* نوسینگەی بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.
* نوسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆكی ئەنجومەن.
* نوسینگەی بەڕێز سكرتێری سەرۆكی ئەنجومەن.

(نامەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران- ئیدارەی سلێمانی)

جگە لەمەش بۆ خۆمان داواشمان لە ئەنجومەنی فێركردنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی لە ئیدارەی هەولێر بۆ هەمان مەبەست كردبوو كە هاوكاریمان بكرێت ، ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە بە سوپاسەوە ئەوەی لەدەستیان هات بریاری خۆیان دا بۆ هاوكاری كردنی قوتابیانی ئەو دەڤەرە ، وەكو :

١ - تەرخان كردنی ١./. لە كورسیەكانی خوێندن لە زانكۆی سەلاحەدین / هەولێر و زانكۆی دهۆك و دەستە پەیمانگاكان بۆ قوتابیانی سنووری قەزای هەڵەبجە بۆ ماوەی (٥) ساڵ لە دەرەوەی پلانی وەرگرتنی قوتابیان .

٢ - قوتابیانی سنووری قەزای هەڵەبجە بەپێی كۆی نمرەكانیان لە نیوخۆیاندا بەربەرەكانی دەكەن لەسەر ئەم كورسییانە .

٣ - ئەم دەسكەوتە تەنیا بۆ قوتابیانی سنووری قەزای هەڵەبجە دەبێت كە خوێندنی پۆلی پێنجەم و شەشەمی ئامادەییان لە قوتابخانەكانی سنووری قەزای هەڵەبجە تەواوكردوە .



بەرێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆكی ئەنجومەنی فێركردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سڵاوو رێز.

ئاماژە بەگفتوگۆكانی دانیشتنی (٣٦)ی ئەنجومەنی فێركردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە رێكەوتی ٢٠٠٤/٧/١٤ دەربارەی نوسراوی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عیراق ژمارە ٥٠٠/٥/٣ رێكەوتی ٢٠٠٤/٤/١٧ وەتایبەت بە داواكاری كۆمەڵێك روشنبیر و زانستخواز و لاوانی شاری هەڵەبجە و وەك ئاوردانەوەیەك لە دانیشتوانی سنووری قەزای هەڵەبجە ئەم پێشنیارە دەخەینە بەردەستتان بەمەبەستی بریارلێدان .

پێشنیار:

١- تەرخان كردنی ١٪ لە كورسیەكانی خوێندن لە زانكۆی سەلاحەدین /هەولێر و زانكۆی دهۆك و دەستەپەیمانگاكان بۆ قوتابیانی سنووری قەزای هەڵەبجە بۆ ماوەی ( ٥ ) ساڵ لە دەرەوەی پلانی وەرگرتنی قوتابیان .

٢- قوتابیانی سنووری قەزای هەڵەبجە بە پێی كۆی نمرەكانیان لەنێوخۆیاندا بەربەرەكانی دەكەن لەسەر ئەم كورسیانە.

٣- ئەم دەسكەوتە تەنیا بۆ قوتابیانی سنووری قەزای هەڵەبجە دەبێت كە خوێندنی پۆل پێنجەم و شەشەمی ئامادەییان لە قوتابخانەكانی سنووری قەزای هەڵەبجە تەواوكردوە.

لەگەڵ رێزدا.....

پ.د.ئازاد نەقشبەندی

ئەندامی ئەنجومەنی فێركردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وێنەیەك بۆ:-

١- ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستانی عیراق/نووسینگەی بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن لەگەڵ رێزدا.

٢- سەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەدین /هەولێر نووسینگەی بەرێز سەرۆكی زانكۆ لەگەڵ رێزدا.

٣- سەرۆكایەتی زانكۆی دهۆك نووسینگەی بەرێز سەرۆكی زانكۆ لەگەڵ رێزدا.

٤- ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان . نووسینگەی بەرێز بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان لەگەڵ رێزدا

( نامەی ئەنجومەنی فێركردنی باڵا/ ئیدارەی هەولێر)

ب - كاتێ لە رۆژی ٢٠٠٤/٧/١ لە شاشەی تەلەڤزیۆنەكانی ناوخۆ و جیهانی وێنەی دیكتاتۆر صدام حسین بە گیراوی لە لایەن هێزەكانی هاوپەیمانان و عیراقیەوە نیشان

درا ، هەروەها لەبەر دەم دادوەرێکی عیراقی بە چەند تاوانێك تاوانبار کرا ، بۆ ئەوەی بدرێتە دادگای تایبەتی بەرەسمی بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنی لەسەر ئەو تاوانانەی کە بە درێژایی دەسەلاتی لە ١٩٦٨/٧/١٧ وە تا ٢٠٠٣/٥/١ دەرحەق بە خەلکی عێراق و وولاتانی دراوسێ کردویەتی ، ئێمەی نوینەرانی سنووری هەلبجە لە پەرلەمانی کوردستان ، لە هەمان کات و ساتدا ئەوەمان بەپەسەند زانی کە ئیتر کات کاتیی روبەروو بونەوەی تاوانبارانە بەرامبەر بە یاسا ، راستە هەر لە رۆژی کارەساتەکانەوە و بە تایبەتی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ١٩٨٨/٣/١٦ دا کاری سیاسی و مرۆیی بۆ ئەنجام دراوە و لەم بارەیەوە هیچ درێغی نەکراوە بۆ دەرخستن و نیشاندانی تاوانەکان بە هەموو جیهان و کۆکردنەوەی پشتگیری زیاتر بۆ تاوانبار کردنی ئەو تاوانانە ، ئەمە لایەکی گرنگ بووە بۆ ئاشکرا کردن و تاوانبارکردن ، بەلام تاکی خەلکی زیان لێ کەوتوو کێشەکەی لای خۆی ماوەتەوە چی لە رووی لەدەست دانی چەند ئەندامێکی خێزانەکەی جا بە شەهید بوون بێت یان برینداری ، وەیان کاول بوونی هەرچی مالّ و مولّکی بوبێت و هەر کارەساتێکی تری دژی مرۆڤایەتی کە دەرحەقی کرابێت ، بۆیە دەست بەجێ بیرۆکەی داواکاری تاکی خەلکی هەڵەبجە و دەوروبەری مان نیشان بە جەماوەری هەڵەبجە دا بەم شێوەی لای خوارەوە :

١ - لە رۆژی ٢٠٠٤/٧/٣ کۆبونەوەیەکی تایبەتیمان لە بارەگای نوسینگەی هەڵەبجە لەگەلّ لیژنەی هاوبەشی ریکخراوەکانی هەڵەبجەی شەهید ساز دا ، ئەم لیژنەیە نوێنەرایەتی (٢٢) رێکخراوی جەماوەری هەڵەبجەیان دەکرد ، لە گشت چین و توێژەکانی ئەو سنورە پێك هاتبوون ، لەو کۆبونەوەیەدا باسمان لەو بابەتە کرد کە پێویستە داواکاری دژی صدام و دارودەستەکەی بدرێتە ئەو دادگایە ، ئەوەشمان بە پەسەند زانی کە داواکاریەکان بە پێ فۆرمێکی تایبەتی بێت ، بۆئەوەی لە کۆتای تەواو بوونی فۆرمەکان بتوانین ئامارێکی باش لەسەر گشت زیانەکان بەدەست

بهێنین ، لیژنەکە زۆر بە گەرمی پێشوازییان لە داواکاریەکەی ئیمە کرد و ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ جێ بە جێ کردنی هەر پێویستیەك .

٢ - پاش وتووێژ لەگەڵ بەرێز قائیمقامی هەڵەبجە لەسەر ئەم بابەتە ، وارێکەوت بریاری خۆپیشاندان و رێپێوانێکی گەورە درابوو لەلایەن کەسوکاری شەهیدانی کیمیابارانەوە ، داواکاریەکیان ئامادە کردبوو کە لەسەر مەزاری شەهیدان لە رێگاری ئێمەوە بیدەنە پەرلەمان ، لە رۆژی ٢٠٠٤/٧/٥ ئەم کارە ئەنجام درا و داواکاریەکە بریتی بوو لە (٣) خاڵ ، ئیمەش لەگەڵ راپۆرتێکی خۆمان گەیاندمانە سەرۆکایەتی پەرلەمان .


کۆمەڵەی بەگژاچوونی چەکی کیمیایی
جمعية محاربة الاسلحة الكيميائية
Anti Chemical Weapon Society
ژمارە / ٢٥٢
بەروار / ٥ / ٧ / ٢٠٠٤

بۆ / دادگای تایبەت بەدادگایکردنی سەرانی رژێمی بەعس

بە / داواکاری

( ١٦ / ٣ / ١٩٨٨ ) ئەم رۆژە بۆ خەڵکی عێراق و کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەت بۆ خەڵکی هەڵەبجە و دەوروبەرەکەی ئاسایی نەبوو ، بگرە بۆ سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئاسایی نییە .
( ١٦ / ٣ / ١٩٨٨ ) رۆژێکە کە لە سەر دەستی ئاوانباری گەورە( سەدام حسێن ) لە رێگای چەکی حەرام کراوی نێو دەوڵەتی و بە چەکی کیمیایی لە چەند چرکەیەکدا ( ٥٠٠٠ ) هەزار کەس لە ئازیز و کەسوکاری ئێمەی تێدا کرایە قوربانی و ( ٧٠٠٠٠ ) هەزار کەسیش بریندار و ئاوارە کران ، پاشانیش شارەکەی لەگەڵ زەویدا تەختکرد .
لە رێگای تاوانێکی لەمجۆرەوە کە ئێمەی تێدا کرایە قوربانی ( سەدام حسێن ) ی تاوانبار ، سەرجەم مرۆڤایەتی تێدا لەکەدارکرد .
بۆیە رەوای حەقە سەرجەم خەڵکی عیراق و کوردستان هاوڕێ لەگەڵ هەموو مرۆڤ دۆستێکی ئەم جیهانە لە هەر شوێنێك هەیە پشتگیری لەم داواکاریانەمان بکەن ، کەئەم خاڵانەدا دەیخەینە روو .
١. دادگای ( سەدام ) و دارو دەستەکەی و گەشتنیان بە سزای لە سێدارەدان .
٢. قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی هەڵەبجە .
٣. فەرامۆش نەکردنی خوێنی ( ٥٠٠٠ ) هەزار شەهیدی ئەم شارە .
بۆ ئەو مەبەستەش داواکارین یەکێك لە دانیشتنەکانی دادگایکردنەکەیان لە هەڵەبجە بەرێوە بچێت ...
ئەمری بۆ شەهیدانی هەڵەبجە ...
لەگەڵ رێزمان بۆ هەمووآیەك .

وێنەیەك بۆ :
١. بەرێز : ( غازی عجیل الیاور ) سەرۆکی کۆماری عیراق .
٢. سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق .
٣. ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان .

کۆمەڵەی بەگژاچوونی چەکی کیمیایی
٥/٧/٢٠٠٤

(داواکاری کۆمەڵەی بەگژا چونی چەکی کیمیایی )

٣ - لە رۆژی ٢٠٠٤/٧/٨ لە هۆڵی پارێزەرانی هەولێر ، کۆرێك بۆ پارێزەر (عبدالرحمن زێباری) بەسترا کە تایبەت بوو بە قسەکردن لەسەر دەستپێکی دادگایی کردنی صدام ، ئیمەش لەو کۆرەدا ئامادە بووین ، لەنێوان ئەوانەی بەشداری گفتوگۆیان لەسەر

بابەتەکە کرد ، منیش باسم لەو بیرۆکەیە کرد و داواشمان لێ کردن کە هاوکاریمان بکەن ، هەروەها داوامان لە دادوەرەکانی ئامادەبووی کۆڕەکە کرد کە فۆرمێکی یاسایی مان بۆ دروست بکەن هەتا بتوانین بۆ یەکەیەکەی جەماوەری زیان لێکەوتووی هەڵەبجەی پر بکەینەوە ، هەر لەوی ئەتوانم بڵێم کە گشت پارێزەران ئامادەی خۆبەخشیان نیشان دا ، هەروەها چەند دادوەرێك داوایان کرد کە سەردانیان بکەین بۆ دروست کردنی فۆرمەکە ، ئەمانە هەمووی جێ بە جێ کرا ، جگە لەمەش فۆرمێکی تری تایبەتی کە لەلایەن سەندیکای پارێزەرانەوە ئامادە کرابوو ، لە رێگای سەرۆکی سەندیکا رێزدار کاك شێخ کاکە رەشەوە پێمان درا ،



سەندیکای پارێزەرانی کوردستان

چەند لیژنەیەك پێکدێنێت بۆ چاودێریکردنی دادگاییکردنی سەدام

*حاکمێك: تەنیا بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لەدادگاییکردنی سەدام خەلەلێکی زۆر گەورەیە

*پەرلەمانتارێك: پێویستە فۆرمێکی تایبەت و یاسایی ئامادەبکرێت

ئەو ئەوەیەی کە دەسەڵاتی حوکمی سەدامی ئەبینی چۆن لەدادگاییکردنی سەدام دەروانێت؟

(راپۆرتی رۆژنامەوانی لەسەر کۆڕی پارێزەران)

بەئامادە بوونی فۆرمەکان و لە کۆبونەوەیەکی تری نوسینگەی پەرلەمان لەگەڵ نوێنەرانی لیژنەی هاوبەشی رێکخراوەکان ، باس لە چۆنیەتی پرکردنەوە و دروست کردنی چەند لیژنەیەك بۆ ناو شار و ناحیەکان و هەندی وردەکاری تر باسی لێوەکرا و توانیمان مەبلەغێك ئامادەبکەین بۆیان کە لە رێگای بەرێز سەرۆکی پەرلەمانەوە بۆمان وەرگرتبوون ، ئەوەش تەنها بۆ کاری کوپی و هەندێ مەسروفاتی هاتوچۆی لیژنەکان بوو ، کارەکە بە فەرمی لە رۆژی ٢٠٠٤/٨/١١ وە بە کردار دەستی

پێ کرد ، ئەم کارە زۆر ئاسان نەبوو ، چونکە پێویست بوو لیژنـەکان مـاڵ بـە مـاڵ و خێـزان بـە خێـزان ببیـنن ، لـە خـەڵکی هەڵەبجـەو دەوروبـەری ، هەنـدی خێـزان لـە شوێنی خۆیان نەمابوون ، پێویست بوو پەیوەندی لەگەڵ ئەوانەش بکرێت ، بۆ ئـەم مەبەستە رێوشوێنی تایبەتی دانرا بو کە چۆن پەیوەندیان لەگەڵ بکەن ، بـە راسـتی ئـەو بەرێزانـەی لـەو کـارەدا کاریـان کـرد ، زۆر بـە دڵسۆزی و مانـدوبونێکی زۆرەوە کاریـان کـرد ، کاتێـك گەرمـەی ئـەوە هـات کـە پێویـستە داواکاریـەکان بگاتـە دادگـای تایبەت لە رێگای دادگای ناوچەییەکانەوە ، لیژنـەکان تـا ئـەو کاتـە نزیکـەی ( ٤٥٠٠ ) چوار هەزارو پێنجسەد فۆرمیان تەواو کردبوو ، هەندێ کـاری تـری پێویـستی یاسـای لـە رێگـای سـەندیکای پارێزەرانـەوە جـێ بـە جـێ کرابـوون ، بۆیـە ئـەو فورمانـە بـە دەسـتی بـەرێزی ئەنـدامێکی پەرلـەمان ( مامۆسـتا عبـدالتیف بـامۆکی ) و چـەند ئەندامێکی لیژنەکە برابوونە دادگای هەڵەبجە بۆ مەبەستی کـارکردن لەسـەری ، زۆر بەداخەوە دادگـا داواکاریـەکانی لێ وەرنـەگرتبوون ، گوایـە بۆخۆیـان لێکۆڵینـەوە لـەو بارەیـــەوە ئەکـــەن ، ئـــەم کـــارە زۆر زویـــری کـــردین و ئاگـــاداری ســـەرۆکایەتی پەرلەمانیشمان کرد ، ئێمە هیچ وەلامێکمان لە هیچ لایـەك پـێ نەگەیـشتەوە ، بۆیـە بەناچاری وازمان لە کارەکە هێنا ، ئیتر نازانین دواتر چیی کرا ،



IRAQI KURDISTAN REGION
*KURDISTAN BAR ASSOCIATION*
*ERBIL – Tel. : 2230717 – 2225546*
*No.*
*Date: / /2004*

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەندیکای پارێزەرانی کوردستان
هەولێر ت ٢٢٣٠٧١٧ / ٢٢٢٥٥٤٦
ژمارە : ١٥٤٣
مێژوو : ٢٠٠٤/١٠/٣١

KURDISTAN LAWYER'S SYNDICATE

**بۆ / لقی سلێمانی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان**

**ب / دانانی پارێزەر**

شاراوەنیە خەڵکی زۆر زەرەرمەند بووە لە ئەنفال و کیمیاباران وکوشتنی بەکۆمەڵ وەکوشتنی بارزانیەکان ئەمانە پێویستیان بەپارێزەرە بۆیە داوادەکەین کەوا چەند پارێزەرێك دەست نیشان بکەن بۆ ئەم مەبەستە کەشارەزایی تەواویان هەبێت لەزمانی عەرەبی خۆریان هەبێت بۆ دروست کردنی بریکارنامە هاولاتیان وئاگاداری نوسینگەی پەرلەمان لەهەلبجەبکەن.

لەگەڵ ڕێزماندا

**کاکەرەش نەقشبەندی**
**نەقیبی پارێزەرانی کوردستان**

وێنەیەك بۆ :
- نوسینگەی پەرلەمان لەهەلبجە لەگەڵ ڕێزماندا .
- ڕێکخراوی ئەنفال.
- سەنتەری ئەنفال.
- لقی هەولێر / بۆ هەمان مەبەست / ( ناوەکانمان بۆ ڕەوانەبکەن لەگەڵ ڕێزماندا ).
- لقی کەرکوك / بۆ هەمان مەبەست / ( ناوەکانمان بۆ ڕەوانەبکەن لەگەڵ ڕێزماندا ).
- لقی هۆکنا / بۆ هەمان مەبەست / ( ناوەکانمان بۆ ڕەوانەبکەن لەگەڵ ڕێزماندا ).

**(نامەی سەندیکای پارێزەران بۆ لقی سلێمانی)**

**٣ – لە کۆتای ساڵی ٢٠٠٤ بە هۆی سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد ، ئاگادار کرام کە وەفدێکی پەرلەمان داوەت کراوە بۆ وولاتی (هۆڵندە) ، داوەتەکە لەلایەن پارتی سۆشیالیستی ئەو وولاتەوەیە ، گوایە منیش یەکێکم لەو شاندە ، لەرۆژی ٢٠٠٥/١/١٢ شاندەکە کە بریتی بوو لە ( کاك سیروان کاکەی و من لە فاکسیۆنی زەرد و کاك نعمەت عبدالله و کاك بکر حاجی سەفەر و کاك شێخ مەزهەر هیرانی لە فراکسیۆنی سەوز و کاك شومائیل بنیامین لە فراکسیۆنی مۆر ) بەرەو تورکیا بەرێکەوتین ، هەتا رۆژی ١/١٧ لە تورکیا ماینەوە بۆ مەبەستی وەرگرتنی ڤیزای هوڵندە و لەو رۆژەدا چوینە هوڵندە و لە فرۆکەخانەی ئەمستردام ، لەلایەن چەند کەساییەتیەکی کورد و عیراقی و ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی سوشیالیستی هولندەوە پیشوازی کراین ،**




(فرۆكەخانەی ئەمستردام- هولندە)

بردينيانە بينايەيی شارەوانی ئەمستردام ، لـەوێش لەلايـەن چـەند ئەنـدامێكی بـاڵای ئەو حزبەوە و چەند كەسايەتيەكی تری عيراقی و كورد پێشوازی كراين ،



(كوبونەوەی شاندی پەرلەمان لەشارەوانی ئەمستردام / هولندە)

کۆبونەوەیەکی کورت بۆ مەبەستی خۆناساندن وئاشنا بوونمان لە بەرنامەی کارووسەردانەکانی وەفدەکەمان ساز درا ، هەندیکیش قسە لەسەر کاری ئەو شارەوانیەمان بۆ کرا ، وادیاربوو سەرۆکی شارەوانیەکە لەو پارتە بوو ، پاشان بردینیان بۆ شاری ( لاهای ) ، بۆ شوێنی حەوانەوەمان ، زۆربەی ئیشو کارەکانمان لەو شارەدا بە ئەنجام دەگەینرا ، شەو ی ١٨/١٧ ی٢٠٠٥/١/ کۆبونەوەیەك ئەنجام درا لە نێوان ئیمەو ئەوان کە ئەم کەسایەتیانە ئامادەی بوون :

١- تینی کۆکس — سیناتۆر لە ئەنجومەنی پیرانی هوڵندە .

٢- هاری ڤان — ئەندامی پەرلەمانی هوڵندە .

٣- هانس ڤان هینێڤن — ئەندامی سەرکردایەتی پارتی سۆشیالیستی هوڵندە .

٤- خدێو ڤان لیمبۆت — ئەندامی سەرکردایەتی پارتی ناوبراو .

٥- سەردار دۆسکی — ئەنامی سەرکردایەتی پارتی ناوبراو .

٦- کریستاڤان — ئەندامی پارتی ناوبراو .

لەو کۆبونەوەیەدا چەند بابەتێك لەسەر بارودۆخی کوردستان و عیراق باسکرا ، هەروەها لەسەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەش هەندی باسکرا ، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە زانیان من خەڵکی هەڵەبجەم ، و ئەو خدێو ناوەش لێپرسراوی مەلەفی کارەساتی هەڵەبجە بوو ، ئەوان ووتیان کە کابرایەکی بازرگانی هوڵندی مان داوە بە گرتن کە ناوی ( فرانس فان برانت ) و کاتی خۆی چەکی کیمیاوی فرۆشتوە بە صدام حسین سەرۆکی عیراق ، لەسەر دانپیانانی خۆی لەسەر ئەم بابەتە ئیمەش شکاتمان لێ کردوە لە دادگا و ئیستا بەندە ، داوایان لە ئێمە کرد کە هاوکاریان بکەین لە پەیدا کردنی هەندێ مستمسەکات ، من پرسیارم کرد لە چۆنیەتی ئاگادار بونیان لەو کارە ، ووتیان ئیمە سەردانی هەڵەبجەمان کردووە و کاك ( ابراهیم هەورامی ) لێپرسراوی مینیمۆنتی هەڵەبجە ئەم مەعلوماتەی داوە پێمان و کە گەراینەوە راست بوو بۆ خۆی دانی بەو کردارەیدا ئەنێ ، بەڵام ئیمە هەندی بەڵگەی تری زیاترمان ئەوێت بۆ تاوانبار کردنی لە دادگا ، ئەترسین ئەو دان پیانانەی خۆی بەس نەبێت و

بەرەلاّی بکەن ، منیش بەلّینم دانیّ کە گەرامەوە چی لەگەلّ کاك ابراهیم و چی لە شویّنانی تر هەولّ بدەم و هەرچیم دەست کەوت بۆیان بنیّرم ، بۆ خۆم هەندی زانیاریم دایی لەسەر جۆری کارەساتەکە ، لە رۆژی ١/١٨ شاندەکەمانیان بردە بارەگای پەرلەمانی هولّندە و لەیەکی لە هۆلەکانی پەرلەمان کە تایبەت بوو بە فراکسیۆنی پارتی سۆشیالیست کۆبونەوەیەك لەگەلّ ئەم کەسایەتیانە ساز درا : تینی کۆکس — سیناتۆر ، هاری ڤان یۆمل — ئەندامی پەرلەمان ، رۆنالّد ڤان راك — سیناتۆر ، هانس ڤان هینیڤن – ئەندامی سەرکردایەتی پارت ، سەردار دۆسکی — ئەندامی سەرکردایەتی پارت ، فیصلّ ناصر — سەرۆکی ئیتیحادی جمعیاتی عیراقی ، ئاریان فلیحر — عالم لە جامیعەی ئەمستردام ، لەو کۆبونەوەیەدا ئەم بابەتانە باس کران :

أ — هاری ڤان ، باسێکی لەسەر کاری پەرلەمانی هۆلّندە کرد و چۆنیەتی هەلّبژاردن و درووست بوونی حکومەت لەویّ

ب — رۆنالّد ڤان ، باسی باری دیموکراتیەتی لە هولّندە کرد و چونیەتی درووست بوونی هەردوو پەرلەمانی یەکەم و دووەم بە واتا پەرلەمان و ئەنجومەنی پیران کرد.

ج — ئاریان فلیحر ، باسێکی لەسەر مەکانەتی هۆلندە لە یەکیەتی ئەوروپادا کرد .

د — هانس ڤان ، باسێکی لەسەر حزبەکەی خۆیان کرد کە چۆن درووست بوون و کار بۆ چی دەکەن لەگەلّ جۆری تەشکیلاتیان .



( کۆبونەوەیەی شاند لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی هۆلندە - بارەگای پەرلەمان)

پاش نیوەڕۆش وەفدەکەمان لە شوێنی تایبەتی لە هۆڵی پەرلەمان ، ئامادە بوون بۆ تەماشاکردن و ئاگادار بوون لەکاری پەرلەمانی هوڵندە لە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی خۆیاندا ، ئەو کۆبوونەوەیە تایبەت بوو بە داواکردنی (٣) وەزیر بۆ پەرلەمان ، ئەوانەش وەزیرەکانی ( بەرگری ، ناوخۆ ، کاری کۆمەڵایەتی ) بوون ، لەلایەن پارتی سۆشیالیستەوە بانگیشت کرابوون بۆ لێپرسینەوە .

لە ئێوارەی هەمان رۆژ وەفدەکە سەردانی ئەنجومەنی پیرانی هوڵندەی کرد ، لە لایەن سیناتۆرەکانی سەر بە پارتی سۆشیالیستەوە ( تینی کۆکس ، ئانیا مۆلۆن بیلت ، تینکە سلافری ) وە پێشوازی کرایین ، لە یەکی لە هۆلەکانی ئەو ئەنجومەنە ، کۆبونەوەیەکی گرنگ ئەنجام درا ، جگە لەو سیناتۆرانەش ، پرۆفیسۆر ( ئیرك یۆرگنس ) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پیران لەسەر لیستی پارتی سۆسیال دیموکرات ، وە ئەندامی کۆمسیۆنی سیاسی بەناو ( دیموکراتی بەحەق ) لە

پەرلەمانی ئەوروپا و مامۆستای قانونی دەولیش بوو ، ئامادە بوو لەو کۆبونەوەیەدا ، ناوبراو باسی لەسەر ئەوە کرد کە ئەوان لە ماوەی (١٠٠) ساڵ خەبات ئەنجا توانیویانە ئەو دیموکراتیە بەدەست بهێنن ، خۆشحاڵ بوو بە دەست بەکار بوونی کورد و عیراق بۆ دیموکراتیەت ، ئێمەی ئامۆژگاری کرد کە زوڵم نەکەین ، چونکە سەرکەوتوو نابین و هەوڵی پێکهاتن بدەین لە ناو خۆمان باشە ، نمونەی دیموکراتی هوڵندەی بە زۆر باش نیشان دا و ووتی ئیمە هەموومان پێکەوە کاردەکەین ، لەسەر پەرلەمانی ئەوروپی قسەی کرد کە چۆن دامەزراوە و لە چەند وولات پێکهاتووە و ئەو کۆمیسیۆنەی ئەو ئەندامە تیایدا کاری چییە ، ئەمە ئیرشادات دەداتە یەکیەتی ئەوروپا ، ئەوان ئەساسی دیموکراتیەت دائەنێن ، خیبرەیان هەیە ، تەقییمی دیموکراتی دەکەن و دەستورو یاساکان دادەنێن ، داوای لە ئێمە کرد کە چیتان بۆ بکەین ، ئیمەش وەلأمان وا بوو کە بە نامە داواکاریەکانی خۆمان پێشکەش دەکەین ، سیناتۆر ( تینی کۆکس ) یش لەو کۆبونەوەیەدا باسێکی لەسەر پەیوەندیەکانی ئەوان و هەرێمی کوردستان کرد ، ووتی لە هەوڵی ئەوەداین کە پەیوەندی دروست بکەین لە نێوان زانکۆیەکانی کوردستان و زانکۆیەکانی هوڵندە دا ، هەروەها باسی ئەوەی کرد کە ئومێدیان بە حکومەتی هەڵبـژێردراوی تازەی عێراق هەیە بۆ پەیوەندی باش لەگەڵیا و ووتی ئێمە پێمان باشە کە بتوانین لە ڕێگای حکومەتی تازەی عێراقەوە وا بکەین پەیوەندی هوڵندە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێت . پاش ئەو کۆبونەوەیە ئامادەی یەکێ لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی پیرانی هوڵندەش بووین کە بریتی بوو لە بانگ کردنی (٢) وەزیر و ئاراستە کردنی پرسیاری چەند سیناتۆرێك .




( کۆبونەوەی شاند لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانی هولەندا - بارەگای ئەنجومەن)

لە رۆژی ٢٠٠٥/١/١٩ لە بارەگای ئەنجومەنی پیران کۆبونەوەیەکمان لەگەڵ چەند سیناتۆرو ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی سۆشیالیست ئەنجام دا ، لەو کۆبونەوەیدا کە ( مارخاڤان برۆکهوفن ) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی سۆشیالیست باسێکی لەسەر حزبی خۆیان کرد و ووتی ئیستا ئیمە حزبی سێهەمین لەم وولاتە ، بە نزیکی (٤٤٠٠٠) ئەندامەمان هەیە ، لە وەڵامی پرسیاریکی ئیمە بۆ کەمی ئەم رێژەیە ، ووتی خەڵکی لێرە زۆر کەم دەبنە حزبی و سەرجەم ٢،٥./. ی خەڵك بوونەتە ئەندامی پارتەکان ، کاری ئەندامان لەسەر ئاستی ناوخۆی حزب و کاری دەوڵەتی و یەکیەتی ئەوروپایە و چالاکیەکانیان لەو شوینانەدا گرنگی پێ دەدەن ، زۆر گرنگی بە راگەیاندن دەدەین ، گەورە بوون و خۆدەرخستن و خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن لەو رێگایەوە کاری بۆ دەکەین ، ئەندامانی حزب لە نیوەی زیاتری داهاتی خۆیان دەدەنە حزب بۆ ئەو کارە ، هەروەها ( اینا مولون بیلت ) ی سیناتۆر بابەتێکی

لەسەر چۆنیەتی پەیوەندی لەگەڵ کەمە نەتەوەکان و مەزاهبی ئاینی لە دەوڵەتی دیموکراتی دا باس کرد و ووتی کە هوڵندە پەناهیندەیەکی زۆری جۆراوجۆری تیدایە و هەمیشە نیزاع دروست دەبێت ، حکومەت هەوڵ دەدات کە ئەمانە واز لە کەلتوری خۆیان بهێنن و بە کەلتوری هوڵندی کار بکەن ، ئیمە وەکو پارتی سۆشیالیست تا ئیستا حەلێکمان نییە لەم بارەیەوە و رامان وایە کە ئەم کارە نەکرێت و هەرکەسە کەلتوری خۆی بەکار بینێ و رێز لە یاساکان بگرێت و ئەوان پێویستە تێکەڵ بن لەگەڵمان و بەشداری لایەنەکانی ژیانمان بن ، ( هانس ڤان ) بابەتێکی لەسەر تەشکیلاتی خۆیان باس کرد کە کاریان لەسەر ئەساسی لیژنەیە و لیژنەکانیش سەربەخۆن و حەقی هەڵبژاردنی نوینەری خۆیان هەیە ، بەلاّم پیویستە بە پێ تەعلیمات کار بکەن .



( کۆبونەوەی شاند لەگەل ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی سۆشیالستی هولندە)

کاتژمێر ۳۰، ۱۲ دەقیقەی هەمان ڕۆژ شانددەکەمان سەردانی بارەگای دادگای عەدلی نێو دەوڵەتی کرد لە شاری ( لاهای ) کە ناسراوە بە دادگای لاهای ، سکرتێری یەکەمی دادگا ( ارتوهیر ) پێشوازی لیکردین ، داوای لێبوردنی کرد لە جیاتی سەرۆکی دادگا کە بە کارێکی یاسای مەشغوڵ بوو بۆیە ئامادە نەبوو ، لەو هوڵەدا لەگەڵی کۆبوینەوە کە سەرۆکی دادگا پێشوازی لە میوانەکانی دەکات ، ئەو باسێکی تێروو تەسەلی لەسەر ئەو دادگایە و کارەکانی کرد و ووتی لیژنەیەکی دادوەری هەیە کە لە (۱۵) دادوەر پێك هاتووە و بە هەڵبژاردن لە بارەگای (U N ) هەڵدەبژێرێن ، ئەم دادگایە ئەو کێشانە چارەسەر ئەکات کە لە نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر روو دەدات ، یاساکانی دەولی لێرە تەتبیق دەکرێت ، هەروەها ئەم دادگایە کاری ئیستیشاری دەکەن بۆ بریارەکانی ( u n ) ، پرسیارێکی وەفدەکە لەسەر ئەوە بوو کە رێکەوتنی نێوان حکومەتی عێراقی بوو لەکاتی دامەزراندنی لە سالآنی بیستەکاندا لەگەڵ ( عەسبەت الامم )ی ئەو کات ، کە مافی کورد لە عێراقدا پارێزراو بێت ، ئەم رێکەوتنەوەش گوازراوەتەوە بۆ ئیرە بۆچی کاری پێ ناکرێت ، لە ووەلآمدا ئەو ووتی ئەم پرسیارە کاری سیاسیە من ناتوانم وەلآمی بدەمەوە ، ئێوەش حەقی خۆتانە ، پاشان گەشتێکمان بەناو تەلاری دادگادا کرد ،




( سەردانی شاند بۆ بارەگای دادگای نێو دەوڵەتی لەلاهای)

هەمان رۆژ شاندەكە سەردانی بارەگای مەكتەبی یەكیەتی ئەورووپای لە هوڵندە كرد ، لەلایەن ( یان فرلانك ) جێگری لێپرسراوی مەكتەبەكەوە پێشوازی لێكرا ، لە كۆبونەوەیەكدا چەند زانیاریەكی بە سودمان وەرگرت ، وەكوو كاری ئەو مەكتەبانە كەلە (٢٥) وولاتی ئەورووپی هەیانە ، هەروەها چۆنیەتی پێكهاتەی پەرلەمانی ئەورووپی و ژمارەیان ، چەند پرسیارێكی تر ئاراستەی كراو ، لەوانە چۆنیەتی داواكاری بۆ هاوكاری كردن لە یەكیەتی ئەورووپا ، ئەو چەند رێگایەكی ئاماژە پێ كرد كە دەتوانرێت داواكاری لییان بكرێت .



**( سەردانی شاند بۆ بارەگای نوێنەرایەتی یەکیەتی ئەوروپا لە هولندە)**

**پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٥/١/١٩، وەفدەکە بەرەو وولاّتی ( بەلجیکا ) بەڕێ کەوت و ئێوارە گەیشتینە شاری ( برۆکسل )ی پایتەخت ، لەوی لە لایەن ( ئاریك میر ) ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا و ( یاسپەر ڤان ) ئەندامی پارتی سۆشیالیستەوە پێشوازی کراین ، لە ڕۆژی ٢٠٠٥/١/٢٠ ، وەفدەکەمان بە یاوەری ( ئاریك میر ) سەردانی تەلاری پەرلەمانی ئەورووپای کرد و لەوێش لەلایەن ئەم پەرلەمانتارانەی لای خوارەوە پێشوازی لێکرا :**

**میلۆسلف را – ئەندامی پەرلەمان لە پارتی کۆمۆنیستی چەپ**

**ئاریك میر – ئەندامی پەرلەمان لە پارتی سۆشیالیستی هولّندە**

**فەلەك ناز – ئەندامی پەرلەمان ، کوردی تورکیا ، لە پارتی سۆسیال دیموکرات لە ئەلّمانیا**

**کارین کارتیکا – ئەندامی پەرلەمان لە پارتی سۆسیال دیموکرات لە ئەلّمانیا**

جارۆمەر کولیچیك – ئەندامی پەرلەمان لە پارتی کۆمەنیستی چیکی

ریك – ئەندامی پەرلەمان



(بارەگای پەرلەمانی ئەوروپا لە بروکسل)

لەگەڵ ئەمانە کۆبوینەوە و فەرمانبەرێك لە فراکسیۆنی چەپەکان و ( یاسپەر ڤان ) و سەردار دۆسکی ، ئامادەی کۆبونەوەکە بوون ، ئەمانە زۆربەیان لەسەر چەند بابەتێك قسەیان کرد ، هەروەها ئێمەش چەند پرسیاروو روونکردنەوەمان هەبوو لەسەر بابەتەکان ، گرنگترین ئەو بابەتانە ئەمانە بوون :

ئاریك میێر – بابەتێکی لەسەر چۆنیەتی دروست بوونی یەکیەتی ئەوروپا کرد و ئامانجەکانی ئەم یەکیەتیە ، ووتی ئیستا ئەم یەکیەتیە کار بۆ ئەوە دەکات کە ببێتە گەورە ترین ووڵات لە جیهاندا ، چونکە ئابوریەکی باشی هەیە و کار بۆ دروست کردنی سوپایەکی یەکگرتوو دەکەین ، یەك وەزیری بەرگری ، دەستورێك دادەنێن ، هەر دوو ساڵ جارێك سەرۆکێك هەڵدەبژێرین .

فەلەك ناز – خۆشحاڵی خۆی لەو دیدارە دەربڕی و ووتی من زۆر حەزم کرد کە کورد لە باشور لە هەڵبژاردنەکان بە یەك لیست دابەزین چونکە گرنگە سەرکەوتن ، ئەو کاتە دەنگێکی ئیمەی کورد لەم پەرلەمانە و لە پەرلەمانی عیراق و پەرلەمانی کوردستان زۆر دەبێت ، بەهۆی کاری بەپەلەی نەیتوانی لەوە زیاتر لەگەڵمان بدوێت.

میلوسلڤ را – پرسیاری کرد لە ئایندەی هەڵبژاردنی عیراق ، کاك شمایل ئەندامی وەفدەکەمان وەڵامی دایەوە ، پاشان منیش پرسیارێکم ئاراستەی هەموویان کرد ، ووتم هەڵوێستی یەکیەتی ئەوروپا بەرامبەر بەو کاولکاری و ئەنفال و کیمیاباران و پێشێل کردنی مافی مرۆڤەی لە کوردستان دەرحەق بە گەلی کورد کرا چی بوو ؟

ئاریك – وەڵامی دامەوە و ووتی ئیمە لە پەرلەمانی ئەوروپا نەمانتوانیوە هیچ هەڵوێستێکمان هەبێت ، چونکە ئەو کاتە ئەوروپا لەگەڵ صدام بوون و ئەمریکاش دۆستی صدام بوو ، ئەو دژی ئیران بوو ، تاجرێکی هوڵندی کیمیاوی داوەتە صدام ، ئیستا لە سجن دایە ، ئەگەر موستەمسەکات هەبێت ئیمە دژی ئەو کابرایە دەوەستین ، ئەوروپا تاوانی نییە لەو کارەساتە ، یەکیەتی ئەوروپا بەشێك پارەی حازر کردوە بۆ ئاوەدانی عیراق کە (٥٠٠) ملێون یۆرۆیە ، ئیمە ناتوانین ئیستا بڵێین هەندێ لەو پارەیە سەرف بکەن بۆ هەڵەبجە ، بەلاَم شتێك هەیە دوای دادگایی کردنی ئەو تاوانبارە ئەوە دەتوانین شت بڵێین ، پێویستە ئێوەش هاریکاریمان بکەن بە موستەمسەکات بۆ دادگایی ئەو کابرایە .

میلوسلڤ – هەر لەسەر ئەم بابەتە قسەی کرد و ووتی بەس ئەو بازرگانە هولندیە نەبووە کە کیمیاوی بداتە صدام ، بەڵکو چەندین معامل و شەریکاتی ئەڵمانیا هاوکاری صدام یان کردووە و ئەمریکاش هەروەها ، پاشان پرسیاری کرد لەسەر بارودۆخی موسڵ و کرکوك .

کاك شمایل لەسەر بارودۆخی موسڵ و کاك سیروان کاکەیی لەسەر بارودۆخی کەرکوك وەڵامیان دایەوە ، هەروە کاك نعمەت هەندی زیاتر لەو بابەتەی باس کرد ،

جارێکی تر بابەتی هاوکاری هەڵەبجە هاتەوە باس کردن ، ئەوان وایان ووت گوایە ئیستا ئەوروپا کوردستان لە ڕێگای عیراقەوە دەناسی ، من بۆم ڕوونکردنەوە کە ئیمە تایبەتمەندیەکی خۆمان هەیە ، ئیستا ( UN ) لە ١٣./. داهاتی عیراق لە نەوت بەرامبەر بە خۆراکی تەرخان کردوە بە بریارێکی تایبەتی ، ئێوەش دەتوانن لەسەر هەمان شێوە ئەو هاوکاریەیی کوردستان بکەن بە تایبەتی خەڵکی هەڵەبجە .
جارومەر – ووتی ئێمە وەکو حزبی کۆمۆنیستی چیکی ئامادەین بۆ هاوکاریتان و داواتان لێ دەکەین لیستی داواکاریەکانی خۆتان مان بدەنێ .



(هۆلی کۆبونەوەکانی پەرلەمانی ئەوروپا)

پاش راگۆرینەوە و گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی هاوکاری کردنیان ، داوای دیکۆمێنتی ئەم دوو بابەتەیان کرد :

١) بریاری ئەو ڕێژەیەی کە حصەی کوردستان لە میزانیەی عیراق هەیەتی بۆ ئەوەی داوای ئەو حصەیە بکەن لەو پارەیەی تەرخان کراوە بۆ عیراق .

٢) ليستێك به ناوی ئەو كارەئاوەدان كردنەوەیانەی پێویستن له كوردستان .

شایانی باسه من پێش گەیشتنمان بۆ برۆكسل ، داوام كرد كه رێگام بدەن به جلوبەرگی كوردییەوه بچمه ناو پەرلەمانی ئەوروپا ، زۆریان پێ خۆش بوو ، خۆازیاری ئەوەبوون كه هەمومان بەو شێوەیه ببین ، بەداخەوه تەنها من ئەو جلوبەرگەم لەگەڵ خۆم بردبوو ، بۆیه بەو شێوەیه چومه ئەوی و بەشداری كۆبونەوەكان بووم .



(هۆڵی پەرلەمان ئەوروپا له برۆكسل)

كاتژمێر سێ ئێواره وەفدەكه سەردانی بارەگای نوینەرایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان له یەكیەتی ئەوروپای كرد و له لایەن بەرێز كاك ( بورهان جاف ) ەوه به گەرمی پێشوازی كراین و باسێكی كاری خۆیانی كرد كه له ساڵی ١٩٩٨ ەوه وەكو قنصلێه یەك كه نوێنەرایەتی كورد دەكات كار دەكەن و ئاماژەی به هاوكاری كردنی

هەنـدێ لـە كتلـەكانی نـاو پەرلـەمانی ئـەوروپا دا كـە بریتـی بـوون لـە چـەپەكان و سەوزەكان و ووتی كتلەی لیبرالّیەكانیش خەریكە باش دەبن .



(بارەگای نوێنەرایەتی حكومەتی هەرێم لە یەكیەتی ئەوروپا- برۆكسل)

كاتژمێر پینجی ئیوارە شاندەكە سـەردانی بارەگـای ئەنـستیتۆی كـوردی لـە بـەلجیكا كـرد ، لەوێ لەلایەن (دەرویش فەرحۆ) سەرۆكی ئەنـستیتۆ و ئەنـدامێكی پەرلـەمانی بەلجیكا و سیناتۆرێكی پێـشوی ئەنجومـەنی پیرانـی بـەلجیكا و چـەند كەسـێكی تـری كوردی توركیا ، پێـشوازی كـراین و چـەند ووتـو وێـژیك لەسـەر وەزعـی كوردسـتان و كارەساتی هەڵەبجە كرا و خۆشحالّی خۆیان بۆ ئەو سەردانە دەربری .

لـە رۆژی ٢٠٠٥/١/٢١ لـە بـەلجیكاوە گەراینـەوە بـۆ هولّنـدە و سـەردانی بارەگـای مەلّبەنـدی ( ی . ن . ك ) مـان كـردو لـەوێ لـە لایـەن ( جمـال محمـد ) و چـەندین كارگێر و ئەنـدامانی مەلّبەنـد پێـشوازی كـراین ، بـۆ ئێـوارەی هـەمان رۆژ سـەفارەتی كۆماری عیراق لە هولّندە بە ئامادە بوونی سەفیری بـەرێز ( سـیامەند بـەنا ) ئیـوارە

خوانێکی لەسەر شەرەفی شاندەکەمان ئامادە کرد کە چەندین کەسایەتی دیاری لایەنە سیاسیەکانی عیراق و کوردستان ئامادە بوون ، چەندین ووتە لەلایەن نوینەرەکانیان پێشکەش کرا ، بەناوی شاندەکەمانیش کاك شمائیل سوپاسی گشت لایەکی کردن .



(ئێوارە خوانی سەفیری عیراق لە هولندە)

لە رۆژی ٢٠٠٥/١/٢٢ لە هۆتێلی هێلتوون لە شاری ( رۆتردام ) لە هوڵندە کۆبونەوەیەکی فراوان لەگەڵ جالیەی کوردی سازکرا ، لەو کۆبونەوەیەدا باسێك لەسەر سەفەرەکە و ئەو شوێنانەی کە سەردانمان کردبوون کرا ، دەرگای پرسیار کرایەوە ، چەندین پرسیارمان لێ کرا و وەڵامیان درانەوە ، لەوانە :

١- بۆچی میدیایی کوردی گرنگی بەو سەردانە نەدا ؟

٢- دوای ١٢ ساڵ ئەنجا ئەندامانی پەرلەمان رووبەرووی خەڵكی دەبنەوە ، لە ساڵی ١٩٩٢ جارێك هاتوون ، ئەمەش دووهەمین جارە ، كەناڵێكی راستەو خۆ لە نێوان جالیەی كوردی و پەرلەمان نییە .

٣- بە داخەوە هاتنەكەتان بە كپی بوو و بەكپیش دەڕۆنەوە ، دەبوایە یەكێك لە پەیامنێرانی كوردستان تی ڤی تان لەگەڵ بوایە بۆ گواستنەوەی هەواڵەكانی سەفەرەكەتان .

٤- چۆن دەتوانن ئەو چالاكیانە بۆ خەڵكی كوردستان روون بكەنەوە ؟

٥- لەسەر هەڵبژاردن و مادەی ٥٨ و كركوك زۆر پرسیار كرا .


شەش پەرلەمانتارەكەی پەرلەمانی كوردستان چیان لەهۆڵەنداوە بردەوە بۆ كوردستان؟

ڤینوس فایەق
هۆڵەندا

(راپۆرتێكی رۆژنامەوانی لەسەر كۆبونەوەی شاندەكە لەگەڵ جالیەی كوردی- روتردام - هۆڵندە)

پاش ئەم كۆبونەوەیە كۆتای بەسەفەرەكەمان هات ، ئەندامانی شاندەكە كەوتنە هەوڵی پەیداكردنی فیزە بۆ گەرانەوە ، فیزەكان تا رۆژی ١/٢٧ لە سەفارەتی توركیا تەواو بوون ، لەبەر داخستنی سنورەكانی عیراق بە هۆی پرۆسەی هەڵبژاردن ناچار هەریەكەمان لای خزم و دۆستێكی خۆی لەوێ مایەوە ، هەتا

رۆژی ٢٠٠٥/٢/٢ ، گەراینەوە بۆ كوردستان ، من ئەو چەند رۆژانە چومە وولاّتـی ئـەڵمانیا بـۆ لای هـەورامانی كـورم كـە لـە شـاری ( كریفلیـت ) لـە نزیـك شـاری (كۆڵن) بوو ،



(خۆمو هەورامانی كورم/ كولن- ئەلمانیا)


ئەو ماوەیە لای ئەوان مامەوە و چەند شارێكی ئـەو دەورو بەرانـە مـان دییـت و چەندین كەسایەتی دۆست و خزمـمان چاو پێكـەوت كـە جێگـای خۆشـحاڵی یـان بـوو ، ئـەو چـەند رۆژانـە لـە بـارودۆخی ئـەو خەڵكـەی ئـەوی گەیـشتم كـە هەندێكیان زۆر بەنارەحەت ژیان بەسەر ئەبـەن ، مـن پـێم وابـوو كـە ئـەوان بـە كورەكەی خۆشمەوە بینەوە كوردسـتان زۆر باشـترە لـەو دۆخـەی كـە ئـەوانی تیـا ئەژین ، بۆ من فرسەتێكی باش بـوو كـە ئـەو شـوینانەم چـاوپێكەوت ، هـەروەها سـەردانی دكتـۆرێكم كـرد بـە هاوكـاری هـەردوو بـرای بـەرێزم كـاك نەوشـیروان حـسین بـگ و كـاك هـەورامان محمـد رشـید ، بـە مەبەسـتی پـشكنینی ئـەو

نەخۆشیەی کە توشی بووبوم ، شوکر بۆ یەزدان ئاکامی پشکنینەکان زۆر باش بوو ، ئەمەش بۆ دڵنیا بوون بوو .

بەگەرانەوەمان بۆ کوردستان ، لەگەڵ برای بەرێزم کاك سیروان کاکەیی راپۆرتێکی جوان و تێرو تەسەلمان لەسەر سەفەرەکە ئامادە کرد بەو نیازەی کە ئەگەر بانگیان کردین بەو بۆنەیەوە ئەوا پێشکەشیان بکەین ، ئیمە چاوەروان و ئەوان لێنەپرسینەوە ، نە لە پەرلەمان و نەلە حزبەوە ، بۆیە ئیمەش بەبێ دەنگ هەروا ماینەوە ، بەو شێوەیە نە ئیمە ئەو سەفەرەمان کردوە و نە سەر بە هیچ لایەکین ، ئیتر ئەوەی وەرمان گرت و قسەمان لەسەر کرد هەروا لای خۆمان مایەوە ، هەندێکیم لە سەرەوە باس کردوە ، پرسیاری جالیەی کوردی لە هوڵندە کە لێمان کرا وەکو خۆی دەرچوو ، چۆن بە کپی چووین و کەس لەو سەفەرەمان ئاگادار نەبوو هەرواش لە گەرانەوەمان بێ ئاگا بوون ، ئەمە بۆ لایەنی پەیوەندار بەجێ دەهێڵم .

من بەڵێنم دابوو بەو برایانە کە بگەرێم بە شوین موستەمسەکات ئەگەر دەستم بکەوێت لەسەر کابرای هوڵندی بە نیسبەت چەکی کیمیاوی ، پاش چەند رۆژیکی کەم سەردانی هەڵەبجەم کرد و چومەلای بەرێز کاك ابراهیم هەورامی بەرێوەبەری مینۆمینتی هەڵەبجە ، ئەو باسەم لەگەڵ کرد ، ئەو ووتی بەڵی ئەوان سەردانی لای ئیمەیان کرد و منیش ئەو مەعلوماتانەم دانی و پێشم ووتن کە لەمە زیاتر لای ئیمە نییە ، ئەوان کە چونەتەوە کابرایان بەگرت داوە و داوای بەلگەی تر ئەکەن ، منیش ووتم هەرچۆن بووە ریگا چارەیەکی تر بدۆزینەوە ، بەهەردووکمان وامان بەباش زانی کە یاداشتێکی شکایەت ئامێز بە ناوی کەسوکاری شەهیدانی کیمیابارانی هەڵبجەوە بدەینە دادگای لاهای ، ئەگەربکرێت بە حدودی چەند هەزار ئیمزایك کۆبکینەوە بۆ ئەو یاداشتنامەیە و بینێرین بۆ پارتی سۆشیالیستی هوڵندە ، ئەم کارەمان زۆر بەباش زانی و ئەو ووتی من بەم کارە هەڵدەستم و ئیمزاکان ئەنێرم بۆ تۆ بۆئەوەی بۆیان رەوانە

بکەیت ، کاك ابراهیم لە ماوەیکی کورتدا زیاتر لـە ( ١٥٠٠ ) ئیمـزای بـۆ نـاردم و منیش لەگەڵ یاداشتنامەکە ڕەوانەی شوێنی دیاری کراوم کرد ،


بۆ / بەڕێز کاك حمە علی ئەندام پەرلەمانی کوردستان
پاش سلاو
هاوپێچ لەگەڵ نوسراوماندا بڕی (٤٩) نوسخە کەنزیکی (١٥٠٠) ئیمزا پێك دەهێنێت بۆ تان دەنێرین بەمەبەستی سود لێوەرگرتن وە سکان کردنی و پاشان گەڕانەوەی نوسخەکان بۆ بەڕێوەبەرێتی یادگاری هەڵەبجە .
لەگەڵ ڕێز و سوپاسماندا .

ئیبراهیم فرج الله
بەڕێوەبەری یادگاری هەڵەبجە

(سکالانامەی خەڵکی هەڵەبجە بۆ دادگای لاهای)

جگە لەم ئیشە کە ئەویش شەخسی بوو ئیتر هیچی ترمان بۆ جێ بـەجێ نـەکرا ، بەراسـتی ئـەم هەڵوێـستە زۆری نیگـەران کـردین و هیچیـشمان پـێ نـەکرا ، نەشمان زانی هۆی چیی بوو هەتا ئیستاش .

٤ — پـاش ئـەوەی لـە ڕۆژی ٧/ ٢٠٠٥/٤وە کۆتـای بـەکاری ئەنـدامانی دەورەی یەکەمین هات و لە ٢٠٠٥/٥/١ وە وەکو خانەنشێنیك لە ماڵی خۆمـان دانیـشتین ، لەم بەرواره بەدواوە ئیمە هیچ پەیوەندیەکمان نـەما بـە هـیچ لایەکـەوە ، وەکو ئەوەی قەت نە شۆڕشمان کردبێت و نـە پارتایـەتی ، بـۆ کـاریکی ئاسـایی ژیـانی ئیداری یان هەر بابەتێکی تر نەمان ئەزانی ڕوو لە کوی بکەین ، کەس خۆی بـە

خاوەنمان نە ئەزانی ، ئەم حاڵەتە زۆر دلگرانی کردبووین ، هەر خەڵك و دۆست و خزم بوو ئەیپرسی ، ئیستا لە کوێن ؟ وەڵامان ئەوەندە بوو کە لە ماڵەوەین ، ئاخر چۆن ئەبی ؟ وابووە ، ماوەیەك بەم شێوەیە ماینەوە ، ئەم دلگرانیە تەنها هەر لای من و ئەو چەند کەسایەتیەی ترکە لەیەکتر نزیك بووین نەبوو ، بەڵکو لای زۆربەی ئەوانی تریش هەبوو ، من و بەرێز کاك نادر قەلادزەیی پێکەوە ووتمان رەنگە ئەم هەڵویستە سەرۆك بارزانی لیی ئاگادار نەبێت ، بۆچی نامەیەکی بۆ نەنوسین و ئاگاداری بکەین چونکە برادەران دلْ گرانن لەوەی کە چۆن رەوانەی ماڵەوە کران ، نامەیەکی زۆر جوان و بە تێروتەسەل مان نوسی ، لە بەرواری ٢٠٠٥/١١/٢٦ ، هەردووکمان کە ئەو حەقەمان دا بەخۆمان نامەکەمان برد بۆ بەرێز مەکتەبی سەرۆك و دامانە دەست بەرێز کاك ووریا ناجی بەگ و زۆر تەکلیفمان لێ کرد کە نامەکەمان بگەیەنێ ، ژمارە تەلەفونی خۆمانمان لا دانا کە ئەگەر وەڵامی هەبوو ئاگادارمان بکاتەوە ، ئیستا کە ئەم ووتانە ئەنوسم رۆژی ٥/ ٢٠٠٧/٣ کە هیچ وەڵامێکمان دەست نەکەوتوەتەوە ، بەرای ئیمە ئەو برادەرانە کاریان بە کەسانی وەکو ئیمە مانان نەماوە ، یان کەسانی تازە هاتوون و کۆنەکان بە کەڵك نەماون ، هەر جۆرە بۆچینیك هەیە لەم بارەیەوە ، ئەوە بۆخۆیان ئەگەرێتەوە و ئیمە لی بەرپرسیار نین ، هەتا توانامان هەبووە دریغیمان نەکردوە ، ئیمەش بریاری هەر کەس بۆ ماڵی خۆمان داوە .

٥ – وەرنەگرتنەوەی وەڵامی نوسراوی سەرەوەمان ئەوەندەی تر بێتاقەتی کردین ، ناچار بیرمان لەوە کردەوە کە لەگەڵ کاك نادر و چەند برادەرێکی تری ئەندام پەرلەمانی خانەنشین باس لەسەر دروست کردنی رێکخراوێکی وا بکەین کە لەگەڵ بارودۆخی ئیمە بگونجی و خۆمانی پێوە مەشغوڵ بکەین ، ئەم بابەتەمان زۆر هێناو برد هەتا رۆژێك ئەندامێکی کۆنی پەرلەمانی عیراق سەردانی سەندیکای پارێزەران دەکات بۆ مەبەستی تازەکردنەوەی ناسنامەی

پارێزەری خۆی و لەوێ بـرادەران لێ ئەپرسـن ، ئایـا کـاتی خـۆی لـە عـیراق هـیچ شـتێك بـۆ ئیـوەی ئەنـدامانی پەرلـەمان نـەبووە ؟ ئـەویش وتبـووی بـەڵێ ئیمـە یاسایەکمان هەبوو بە ناوی یاسای ( کۆمەڵەی پەرلەمانتارانی عیراقی ) ، داوایـان لێ کردبوو چۆن ئەو یاسایەیان دەست کەوێت ، هەر زوو ووتبوی وێنەیەکم لایـە و ئیـستا لـە ئۆتومۆبیلەکـەم دایـە ، بـرادەران یاسـاکەیان هێنـا بـوو ، هـەر زوو ئاگاداری من و کاك نادر کرا لە لایـەن بـەریز کـاك نعمـەت عبداللـە وە ، نـاوبراو جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز بوو لە پەرلەمان ، ئەویش وەکو ئیمـە وابـوو ، چوینە لای و تەماشای یاسا کـەمان کـرد ، زۆرمـان پـێ بـاش بـوو ، هـەر لـەوێ هەندێ ئاڵوگورمان تێداکرد و بریارمان دا کە بیدەینە دەست رێـزدار کـاك شـێخ کاکـە رەش نەقـشبەندی سـەرۆکی سـەندیکای پـارێزەران بـۆ زیـاتر دەسـتکاری کردنـی بـەپیێ ئـەو شـارەزاییەی کـە هەیـەتی و بکرێتـە پرۆژەیـەك و بدرێتـە پەرلەمان بۆ بریار دان لەسەری ، ئەم کـارە بەراسـتی هـەمومانی دڵخـۆش کـرد ، پرۆژەکە لەلایـەن ئـەو برایانـەوە تـەواو کـرا و بۆخۆشـیان چـوبونە پەرلـەمان و لەگەڵ بەرێز سەرۆك و جێگر و سکرتێری پەرلەمان باسیان کردبـوو ، هـەروەها لەگەڵ لیژنەی یاسـایش ، هەمووڵایـەك پێیـان بـاش بوبـوو ، پرۆژەکـە لـە لایـەن لیژنەی یاسایەوە هەندێ دەستکاری کرابوو بـە مەبەسـتی زیـاتر رێکـوپێککردنی یاسـاکە و ناوەکـەش گـۆردرا بـە (یاسـای یەکیـەتی پەرلـەمانتارانی کوردسـتان) ، یاساکە لە مانگی ٢٠٠٦/١٢ لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند کرا ، ئیمـەش بـەهیوای گرد بوونەوە لەو یەکیەتیەدا و بەپێ ئەو یاسایە بتوانین جارێکی تر خزمەتێك بە گەلەکەمان بکەین .

لـە کۆتایـدا سـوپاس بـۆ ئـەو کەسـانەی هاوکاریـان کـردم لـە تـەواو کردنـی ئـەم نوسـینە ، هەرچـەندە زۆربـەی نوسـینی بـە کۆمپیوتـەر بۆخـۆم نوسـیومە ، بـەلاّم مەریوان و بیساران و لانە خـان و کیـژان خـانیش هەنـدی جار هاوکاریـان کـردووم .

هـەروەها زۆر سوپاسـی كـاك عبدالمجیـد كەسـاس ئەكـەم بـۆ ئـەو هاوكـاری یـەی بـۆ ڕێكخستنی كتیبەكە كردی . لەگەڵ ڕێزم .